حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زمان

# ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٢٠ – ١٩٧٠)

نامەیەکە

ئاسۆ عومەر مستەفا

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت:

پرۆفیسۆر: د. دڵشاد عەلی محەمەد

٢٠١٩ی زاینی ٢٧١٩ ی کوردیی

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی و چاودێریی من بە ناونیشانی: **ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٢٠ - ١٩٧٠)**، لەلایەن خوێندکار (**ئاسۆ عومەر مستەفا**) لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو: پ.د. دڵشاد عەلی محەمەد

ڕۆژ: ١٢/ ١١ / ٢٠١٩

بەپێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.ی.د. کاروان عومەر قادر

سەرۆکی بەشی کوردیی

ڕۆژ: / / ٢٠١٩

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی: ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٢٠ - ١٩٧٠) خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکار ( ئاسۆ عومەر مستەفا )دا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (                    ) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردییدا پێبدرێت.

ناو: پ.د.فازیل مەجید مەحمود
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: ٢٤/١٢/٢٠١٩

ناو: پ.ی.د. قومری سەعید عەزیز
ئەندام
ڕۆژ: ٢٤/١٢/٢٠١٩

ناو: پ.ی.د. حەمەنوری عومەر کاکی
ئەندام
ڕۆژ: ٢٤/١٢/٢٠١٩

ناو: پ.ی.د. سامان عیزەدین سەعدون
ئەندام
ڕۆژ: ٢٤/١٢/٢٠١٩

ناو: پ.ی.د. سەرکەوت عومەر ئیبراهیم
ئەندام
ڕۆژ: ٢٤/١٢/٢٠١٩

ناو:پ.د. دڵشاد عەلی محەمەد
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: ٢٤/١٢/٢٠١٩

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو: پ.د.عەبدلقادر حەمەئەمین محەمەد
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕۆژ:   /   /

پێشکەشە:

به دوو ئەستێرەی گەشی ئاسمانی ئەدەبی کوردیی:

پ.د. مارف خەزنەدار

و

پ.د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ

# سوپاسنامە

## سوپاس و پێزانینم بۆ:

- مامۆستای ئازیز و خۆشەویستم (پ.د. دڵشاد عەلی محەمەد)، کە سەرپەرشتیی نامەکەی کردم و بە سەرنج و تێبینییەکانی نامەکەیان دەوڵەمەند کرد.
- سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی، بەتایبەتی بەڕێز (پ.ی.د. کاروان عومەر قادر)
- مامۆستا (ڕەفیق ساڵح) و سەرجەم کارمەندانی بنکەی ژین.
- فەرمانبەرانی یەکەی خوێندنی باڵای کۆلێژی زمان/ زانکۆی سلێمانی
- بەڕێزان (د. نەوشیروان محەمەد ئەحمەد) و ( م. کاروان جومعە ڕەحیم)
- فەرمانبەرانی کتێبخانەی گشتی سلێمانی، کتێبخانەی گشتی چەمچەماڵ، کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی چەرموو و کتێبخانەی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی.

# ناوەرۆک


| لاپەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| ١ | **پێشەکی** |
| ٥ | **بەشی یەکەم: ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی جیهانیدا** |
| ٦ | تەوەری یەکەم: ڕێچکەی گوتاری ڕەخنەی ئیستاتیکی |
| ٦ | ١-١-١/ ئیستاتیکا |
| ١٤ | ١-١-٢/ چەمکی جوانی |
| ٢١ | ١-١-٣/ مێژووی ئیستاتیکا |
| ٣٣ | ١-١-٤/ مێژووی ئیستاتیکای ئەدەبی عەرەبی ئیسلامی |
| ٤٥ | تەوەری دووەم: ڕێچکەی گوتاری ڕەخنەی واقعی |
| ٤٥ | ١-٢-١/ چەمکی واقعی |
| ٤٩ | ١-٢-٢/ ڕێبازی ڕیالیزم |
| ٥٧ | ١-٢-٢-١/ ڕیالیزمی فۆتۆگرافی |
| ٥٨ | ١-٢-٢-٢/ ڕیالیزمی ڕەخنەیی |
| ٦٠ | ١-٢-٢-٣/ ڕیالیزمی سۆشیالیستی |
| ٦٤ | ١-٢-٣/ مێژووی واقعی |
| ٧٣ | **بەشی دووەم: گوتاری ڕەخنەی ئیستاتیکی لە ئەدەبی کوردیدا** |
| ٧٤ | تەوەری یەکەم: ڕەهەندی زمانی شیعریی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا |
| ١١٩ | تەوەری دووەم: ڕەهەندی ئاوازی شیعریی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا |
| ١٦٥ | تەوەری سێیەم: هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا |
| ١٨٧ | **بەشی سێیەم: گوتاری ڕەخنەی واقعی لە ئەدەبی کوردیدا** |
| ١٨٨ | تەوەری یەکەم: ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا |
| ٢١٥ | تەوەری دووەم: ڕەهەندی نێونەتەوەیی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا |
| ٢٣٢ | تەوەری سێیەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا |
| ٢٧٦ | ئەنجامەکان |
| ٢٧٩ | سەرچاوەکان |
| ٢٨٩ | الملخص |
| ٢٩١ | Abstract |

## پێشەکی

ڕەخنەی ئەدەبی یەکێکە لە لایەنە سەرەکییەکانی ئەدەب و شاڕێگەی بەرەو پێشچوونی ئەدەبە، لە ئەدەبی کوردیدا ڕەخنەی ئەدەبی گرنگی و ڕۆڵی خۆی هەبووە لە بەرەو پێش بردنی ئەدەبی کوردی و بەگشتی هۆیەک بووە بۆ هۆشیارکردنەوەی شاعیران و نووسەران بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی دەقەکانیان، لەبەرئەوەی شیعر کاریگەرترین هونەری ئەدەبی بووە بەدرێژایی مێژوو، هەربۆیە زۆرترین گوتارە ڕەخنەییەکانی سەرەتای دەسپێکردنی ڕەخنەی کوردیش دەربارەی شیعر و بنەما و تایبەتمەندیی و ڕۆڵ و ئامانجی شیعر بووە.

<u>ناونیشانی توێژینەوەکە:</u>

ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٢٠ - ١٩٧٠)یە، هەوڵدەدات گوتارە ڕەخنەییەکانی ئەو ماوەیە بەپێی ناوەرۆکیان جیابکاتەوە و پاشان بەوردی ڕاڤەیان بکات و تیشکیان بخاتەسەر و لێیان بکۆڵێتەوە.

<u>گرنگی توێژینەوەکە:</u>

توێژینەوەکەمان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە ، چونکە گوتارە ڕەخنەییەکانی سەرەتای دەستپێکردنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، هەروەها یەکەمین توێژینەوەیە بەوردی و بەپێی دوو ڕێبازی گرنگی ڕەخنەیی کە بریتین لە (ڕێبازی ئیستاتیکی و ڕێبازی واقعی) گوتارە ڕەخنەییەکانی شیعر لە ماوەی دیاریکراو هەڵبسەنگێنێ و شیبکاتەوە. هەروەها گرنگی ئەو گوتارە ڕەخنەییانە و ڕۆڵیان لە بەرەو پێشچوونی شیعر و ڕەخنەی شیعریی دەخاتەڕوو. هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ توێژەرانی دوای خۆی دەربارەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، بەتایبەتی ڕەخنەی شیعر.

<u>هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:</u>

هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە گرنگی و هەستیاری گوتارە ڕەخنەییەکانی قۆناغەکەیە، چونکە قۆناغی یەکەمی ڕەخنەی ئەدەبی پراکتیکی بناغەی ڕەخنەی ئەدەبیمانە و بەبێ تێگەیشتن و توێژینەوە لێی، مەحاڵە بتوانین لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی ڕەخنەی شیعر تێبگەین.

ئەو گیروگرفتانەی توێژینەوەکە چارەسەری دەکات:

توێژینەوەکە کەلێنێکی گەورەی لەبواری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا پڕ کردووەتەوە و دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەو توێژینەوانەی کە لە دوای خۆی لەبواری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا دەنووسرێن، چونکە ئەم قۆناغەی ئێمە توێژینەوەمان لەبارەوە کردووە دەستپێک و بناغەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییە و بەبێ تێگەیشتن لەم قۆناغە مەحاڵە بتوانرێت لە قۆناغەکانی دواتری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی تێبگەین.

سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە:

بەشێکی زۆری ئەو گوتار و بۆچوونە ڕەخنەییانە دەگرێتەوە کە لەنێوان ساڵانی (١٩٢٠ – ١٩٧٠) لە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبە ئەدەبییەکاندا نووسراون، بەتایبەتی ئەو گوتارە ڕەخنەییانەی کە دەچنە خانەی ڕەخنەی پراکتیکییەوە، واتە ئەو گوتارە ڕەخنەییانەی باسی شیعریان کردووە، یاخود دەقێکی شیعرییان شیکردووەتەوە و گفتوگۆی بنەماکانیان کردووە.

ڕێبازی توێژینەوەکە:

میتۆدی وەسفی شیکارییە، بەپێی ئەم میتۆدە سەرەتا گوتارە ڕەخنەییەکانمان خستووەتەڕوو، پاشان شیکردنەوەمان بۆ کردوون و بیروڕای خۆمان دەربارەیان دەربڕیوە.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمان لە (٣) بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: (ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی جیهانیدا) لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەمیان (ڕێچکەی گوتاری ڕەخنەی ئیستاتیکی) کەتێیدا باسی (ئیستاتیکا) کراوە و پێناسە و بنەما و تایبەتمەندییەکانی خراوەتەڕوو. (چەمکی جوانی) پێناسەی کراوە، ئەو بیروبۆچوونانە خراونەتەڕوو، کە دەربارەی جوانی گوتراون، هەروەها جوانی ئەدەبی و پێوەرەکانی جوانی لە دەقی ئەدەبیدا تیشکی خراوەتەسەر. (مێژووی ئیستاتیکا) مێژووی ئیستاتیکا هەر لە ئەفلاتوونەوە تا دەگاتە

سەردەمی نوێ خراونەتەڕوو (مێژووی ئیستاتیکای ئەدەبی عەرەبی ئیسلامی) باس لەو مێژووە کراوە، تیشک خراوەتەسەر بیروبۆچوونی نووسەرانی عەرەب دەربارەی جوانی و بنەماکانی جوانی لە شیعردا، لە تەوەری دووەمیشدا (ڕێچکەی گوتاری ڕەخنەی واقعی) باسی (چەمکی واقعی) کراوە و ئەم چەمکە خراوەتەڕوو، کە مەبەست لێی چییە و لە ئەدەبدا چۆن بەرجەستە دەکرێت. (ڕێبازی ڕیالیزم) باسی ڕێبازی ڕیالیزم و چۆنیەتی سەرهەڵدانی و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی و تایبەتمەندییەکانی کراوە، هەروەها باسی ڕێچکەکانی ڕیالیزمی ڕەخنەیی و ڕیالیزمی سۆسیالیستی و ڕیالیزمی فۆتۆگرافی کراوە. (مێژووی واقعی) باسی ئەو نووسەرانە کراوە کە باسی گرنگی بەرجەستەکردنی واقعیان کردووە لە ئەدەبدا و ڕۆڵیان هەبووە لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕێبازی ڕیالیزمدا.

بەشی دووەم: (ڕێچکەی گوتاری ڕەخنەی ئیستاتیکی لە ئەدەبی کوردیدا) لەم بەشەدا بەپێی بنەماکانی ڕەخنەی ئیستاتیکی باس لە گوتارە ڕەخنەییەکان کراوە و لە سێ تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم (ڕەهەندی زمانی شیعریی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا) توێژینەوەی گوتاری ڕەخنەی شیعری کوردی لە ڕەهەندی زمانییەوە کراوە، چونکە لایەنی زمان لەو ماوەیەی ئێمە توێژینەوەکەمان تێیدا ئەنجام داوە یەکێکە لە بابەتە گەرم و گرنگەکانی ڕەخنەی شیعر، چونکە پاککردنەوەی زمانی شیعر لە وشەی بێگانە و بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی و گرنگیدان بە وشە و زاراوەی ڕەسەنی کوردی لەو بابەتانەن کە ڕەخنەگرانی کورد لەو ماوەیەدا جەختیان لەسەر کردووەتەوە و کردوویانەتە پێوەرێک بۆ ئیستاتیکای شیعری کوردی. تەوەری دووەم (ڕەهەندی ئاوازی شیعریی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا) مۆسیقا بەتایبەتی کێش و سەروا وەک بنەمایەکی سەرەکی لە گوتاری ڕەخنەی شیعری کوردیدا باسکراوە، نووسەران زۆر بەوردی قسەیان لەسەر کێش و سەروا وەک بنەمای سەرەکی پێکهێنەری مۆسیقای و شیعر و بەرجەستەکردنی ئیستاتیکا کردووە، چۆنیەتی بەکارهێنانی کێش و سەروا، پابەندبوون یان پابەندنەبوون یاخود چۆنیەتی بەکارهێنانی کێش و سەروا گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کراوە و لەم تەوەرەدا بەوردی خراوەتە بەر باس و توێژینەوە. تەوەری سێیەم (هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا) لەم تەوەرەشدا گفتوگۆی ئەو گوتارانەی ڕەخنەی شیعریی کراوە، کە لە ڕوانگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە لە دەقی شیعرییان توێژیوەتەوە، ئەگەرچی نووسەران کەمتر قسەیان لەم

بارەیەوە کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک بنەمایەکی پێکهێنەری وێنەی شیعری و ئیستاتیکا باس کراوە و لەم تەوەرەدا خراونەتە بەر باس و توێژینەوە.

بەشی سێیەم (ڕێچکەی گوتاری ڕەخنەی واقعی لە ئەدەبی کوردیدا) لە سێ تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەمیان (ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا) باس لەو گوتارە ڕەخنەییانە دەکات، کە لە گۆشەنیگای واقعیی نەتەوەییەوە گفتوگۆی شیعرییان کردووە، چونکە لەو ماوەیەدا زاڵترین دەنگ لە گوتارە ڕەخنەییەکاندا دەنگی (نەتەوەیی)یە. نووسەران ئەرک و پەیامی نەتەوەییان وەک بنەمای سەرەکی سەرکەوتنی دەق دادەنا و ستایشی ئەو نووسەرانەیان کردووە کە گرنگیان بەم لایەنە داوە و بە گوتارە ڕەخنەییەکانیان هانی نووسەرانیان دەدا بۆ بەرجەستەکردنی گیانی نەتەوەیی لە بەرهەمەکانیاندا. تەوەری دووەم (ڕەهەندی نێونەتەوەیی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا) توێژینەوەی ئەو گوتارە ڕەخنەییانە دەکات کە لە گۆشەنیگای واقعیی نێونەتەوەییەوە گفتوگۆی شیعرییان کردووە. نووسەرانی کورد هەوڵیان داوە خەباتی دژی داگیرکەر، گرنگیدان بەکێشەی گەلانی دنیا بەیەکەوە ببەستنەوە و گوتارەکانیان تەرخانکردووە بەو شیعرانەی ئەم ئاراستە جیهانییەی تێدایە. لە تەوەری سێیەمیشدا (ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا) ئەو گوتارانەی ڕەخنەی شیعریی شیدەکاتەوە، کە لە گۆشەنیگای واقعیی کۆمەڵایەتییەوە لە شیعرییان ڕوانیوە. نووسەرانی کورد لەو ماوەیەدا هەوڵیان داوە لە گوتارەکانیاندا ئاوڕ لە لایەنی کۆمەڵایەتی بدەنەوە و لەم گۆشەنیگایەوە لە شیعری شاعیران بکۆڵنەوە، بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی خەڵک و هاندانی شاعیران بۆ گرنگیدانی زیاتر بەم لایەنە.

<u>ئەنجامی توێژینەوەکە</u>: لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجامی توێژینەوەکە بە چەند خاڵێک خراوەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

# ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی جیهانیدا

## تەوەری یەکەم: ڕێچکەی گوتاری ڕەخنەی ئیستاتیکی

١-١-١/ ئیستاتیکا

١-١-٢/ چەمکی جوانی

١-١-٣/ مێژووی ئیستاتیکا

١-١-٤/ مێژووی ئیستاتیکای ئەدەبی عەرەبی ئیسلامی

## تەوەری دووەم: ڕێچکەی گوتاری ڕەخنەی واقعی

١-٢-١/ چەمکی واقعی

١-٢-٢/ ڕێبازی ڕیالیزم

١-٢-٣/ مێژووی واقعی

## تەوەری یەکەم: ڕێچکەی گوتاری ڕەخنەی ئیستاتیکی

### ١-١-١/ ئیستاتیکا

ئیستاتیکا وەکو ڕێچکەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لە ئەوروپا سەری هەڵداوە، ئەمەش پاش ئەوەی ئەوروپا بەچەند قۆناغێکی گرنگی گۆڕانکاری و پێشکەوتندا گوزەری کرد و دوو قۆناغی شارستانی و ژیاری گەورەی بەڕێ کرد، کە بریتین لە قۆناغەکانی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری. ئەم دوو قۆناغە بوونە هۆی ئەوەی زانست و شارستانییەت لە ئەوروپا گەشەیەکی بەرچاو بکەن و چەندین ڕێبازی فەلسەفی و زانستی و دەیان ڕێچکەی هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی سەرهەڵبدەن و ئیستاتیکاش وەکو ڕێبازێکی فەلسەفی زادەی ئەم پێشکەوتنە زانستی و ڕۆشنبیرییە بوو. وشەی ئیستاتیکا ((بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٧٥٠ ی زایینییدا وەکو وتەزایەکی فەلسەفی لە کتێبێکی بەم ناوەوە لەسەر دەستی ئەلکساندەر بومگارتن بەکارهێنرا: لەم کتێبەدا بومگارتن هەوڵی داوە پەیوەندی نێوان هەڵسەنگاندنی جوانی لە لایەکەوە و تیۆری هونەر لە لایەکی دیکەوە دەسنیشان بکات. مەبەستی بومگارتن لەم کتێبەدا ئەوەیە کە ڕاڤەیەک لە هونەر بکات کە تیایدا هونەر وەک جۆرێک لە داهێنانی مرۆیی نوێندراوە کە مەبەست و دوائاکامی هەمان ئاراستەکردنی جوانییە))[1] و ((ڕێژەیەکی لەنێوان وشیاریی جوانیناسانەی مرۆیی و درک پێکردنی هەستەکی ئەو لە جوانی دانا))[2] بومگارتن بەم کارەی بۆ یەکەمجار بەردی بناغەی زانستی ئیستاتیکای وەکو لقێکی فەلسەفە دانا، کە کاریگەری گەورەی لەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیان و فکر و هونەردا دانا و لەو کاتەوە ئیستاتیکا وەکو ڕێبازێکی فەلسەفی و میتۆدێکی بنچینەیی ڕەخنەی جوانی لە ئەدەب و هونەردا خۆی چەسپاند. ئەمەش بەو واتایە نییە کە پێش بومگارتن کەس قسەی لەسەر جوانی و بنەماکانی و پێوەرەکانی لە هونەرو ئەدەبدا نەکردبێت، بەڵکو هەر لە سەردەمی یۆنانەوە؛ بەتایبەتی ئەفلاتۆن قسەکردن لەسەر جوانی و بنەماکانی و پێوەرەکانی هەبووە و ڕەخنەی ئیستاتیکی وەکو پراکتیک لە بەرهەمەکانی نووسەرانی یۆنان و ڕۆمان و ئەوروپا و میللەتانی تریشدا هەبووە، بەڵام تێڕامان و گفتوگۆ و لێکدانەوەی جوانی لەچوارچێوەی زانستەکانی تردا بووە و

[1] – بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، ب١، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٦١

[2] – بابەک ئەحمەدی، هەقیقەت و جوانی، و: مەسعوود بابایی، چ١، چاپخانەی خانی،دهۆک، ٢٠٠٨، ل٢٩

بەشێوەیەکی سەربەخۆ و لەچوارچێوەی زانستێک یاخود ڕێبازێکی سەربەخۆدا نەبووە. کارەکانی (بومگارتن) لە بواری ئیستاتیکادا بووە سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی زانستێکی تایبەت بە جوانی، کە زانایان و ڕەخنەگرانی دوای خۆی گرنگییەکی زۆریان پێدا و کاری گەورەیان لەم بوارەدا کرد و گەشەیان پێدا و بەرەوپێشیان برد و کردیانە زانستێکی گرنگ لەسەرجەم بوارەکانی ژیان و بەتایبەتیش لە بواری هونەر و ئەدەبدا.

ئیستاتیکا لە بواری هونەر بەگشتی و بواری ئەدەب بەتایبەتی، جێگایەکی تایبەتی هەیە. گفتوگۆی جوانی و بنەماکانی و پێوەر و پێکهاتەکانی و تایبەتمەندییەکانی و چۆنێتی دروستکردن و بەرجەستەکردنی لە کاری ئەدەبیدا پشکی گەورەی لە بەرهەمی نووسەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبدا بەردەکەوێ؛ بەجۆرێک سەرجەم ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بیروڕاو پێوەری تایبەتی خۆیان هەیە بۆ جوانی هونەری و پێیان وایە، کە دەبێت شاعیران و نووسەران جوانییەکان بۆ پەیامومەرگران بەرجەستە بکات، تەنانەت بەشێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەب بڕوایان وایە ئامانجی ئەدەب تەنها و تەنها جوانییە و کاری شاعیران و نووسەران تەنها خوڵقاندنی جوانییە، کە لێکدانەوە و شیکردنەوە و دەرخستنی ئەم جوانییە و بنەماکانی و پێوەرەکانی و ڕوونکردنەوەی بۆ پەیامومەرگران کاری سەرەکی ڕەخنەگری ئەدەبە، ئیستاتیکاش یەکێکە لەو ڕێبازانەی لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییە نوێ و هاوچەرخەکاندا هەوڵی دەرخستنی بنەما جوانییەکانی دەقی ئەدەبی دەدات و (( لە مەرجەکانی جوانی، پێوانەکانی، تیۆرەکانی، لە چێژی هونەریدا، لە بڕیارەکانی بەها پەیوەستەکان بەشوێنەوارە هونەرییەکانەوە دەکۆڵێتەوە))[1] .

ئیستاتیکا بەشێوەکی بنەڕەتی جەخت لەسەر جوانی بەگشتی و جوانی هونەری بەتایبەتی و ئەو تایبەتمەندیانەی دەبنە بنەمای جیاکردنەوەی جوانی و ناشیرینی و ئەو چێژەی جوانی دەیبەخشێت دەکاتەوە، چونکە (( ئەو زانستەیە لێکۆڵینەوە لە جوانی و چێژ و هونەرە جوانەکان دەکاتەوە و تایبەتمەندە بە ڕوونکردنەوەی بیرۆکەی جوانی وەکو نیشانەیەکی جیاکەرەوەی کارە هونەرییەکان، هەروەها ئەو بنەما ڕاست و دروستانە دادەنێ کە لە پشت بڕیارە جوانییەکانەوەن ))[2]

---

[1] – جميل صليبا ، المعجم الفلسفي، ج١، دار الكتب اللبناني،بيروت، ١٩٧٨، ص ٤٠٨

[2] – محمد سعد حسان و خلود بدر غيث و معتصم عزمي الكرابلية، مقدمة في علم الجمال، ط١، مكتبة المجتمع العربي للنشر،عمان، ٢٠٠٥، ص١٥

له فەرهەنگی فەلسەفی( لالاند)ی فەڕەنسیدا ئیستاتیکا بە دوو جۆر پێناسە کراوە ((هەرشتێک بە جوانییەوە گرێدرابێ و هەرشتێک جوانی پێناسە بکا. زانستێک کە بابەتەکەی داوەری و هێنانەگۆڕی بڕیارێک بێ لەبارەی جیاوازی نێوان جوان و دزێو))[1] لەم دوو پێناسەیەدا دیسان جەخت لەسەر لێکۆڵینەوەی جوانی و هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بە جوانییەوە کراوەتەوە، کە هەر بڕیارێک بتوانێت جوانی ڕوونبکاتەوە و دەریبخات و جیای بکاتەوە لە ناشیرینی ئەوە ئیستاتیکایە.

ئیستاتیکییەکان بڕوایان وایە ئامانجی سەرەکی هونەرمەند ئەفراندنی جوانییە و ((لەنێو دنیای هونەر و ئەدەبدا ئیستاتیکا – جوانناسی - ئامانجێکی گەورە و پیرۆزە. هەموو نووسەرێک بەدوای جوانیدا دەگەڕێ و دەیدۆزێتەوە و لێی ورد دەبێتەوە. جوانی جیهانی دەرەوە یان بە واتایەکی دیکە بەدوای جوانی و پیرۆزی وشە عەوداڵە و لە ڕێکخستنی وشەکانداجوانییەکی پتر و مەزنتر وەدی دەکا، پەیوەندی نێوان دەنگەکان و کاری دەنگێک بەسەر دەنگێکی ترەوە، هەروەها چنینی وشەکان لە پەخشانێکی جواندا، یان ئەوەتا ئیقاعێکی بە خوڕەم و جوانی چیرۆکێکی دانسقە و سەرکەوتوو؛ ئەوانە هەموو دەبنە هۆی ئەوەی نووسەر بگەڕێ بەدوای ئەو تام و چێژەی لەم پەیوەندییە دەخولقێ))[2] کاری سەرەکی ئیستاتیکاش گەڕانە بەدوای ئەم جوانییەدا، کە لە هونەر و ئەدەبدا هەیە و دەرخستنی ڕەگەزەکانی و تایبەتمەندییەکانی و بنەماکانییەتی، چونکە (( ڕەگەزە ئیستاتیکییەکانی کاری هونەری جوان مەبەستی ئامانجێکی دەرەکی نییە، بەڵکو ئامانجەکە لەناو خودی خۆیدا شاردراوەتەوە و دۆزینەوەی ئەم ڕەگەزانە بەهەر ڕێگایەک بێت چێژێک دروست دەکات، کە ئەوە چێژی ئیستاتیکی پوختە))[3] بەم پێیە دۆزینەوەی ڕەگەزە ئیستاتیکییەکانی بەرهەمی ئەدەبی کاری ڕەخنەگرە و ئەمەش لەپێناو دۆزینەوەی جوانی و بەرجەستەکردنی چێژی هونەرییە بۆ پەیامووەرگران، بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر چێژ لە بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان وەربگرن، ئەوەش کارێکی ئاسان نییە؛ بەتایبەتی، کە ئێمە ناتوانین پێوەرێکی یەکانگیر و پێوانەیەکی کۆنکرێتی بۆ جوانی دابنێین؛ بەتایبەتی لە ئەدەبدا، چونکە جوانی ئەدەبی جوانییەکی داهێنراوە و دەشێت پێشتر نموونەی نەبووبێت، هەربۆیە ((ئیستاتیکا نرخێکی زانستی نابێت ئەگەر لە تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراودا ئامادە نەکرێت، چونکە جوانی بەپێی هیچ پێوانە و

[1] – بابەک ئەحمەدی، هەقیقەت و جوانی، ل٣٥

[2] – شێرزاد خەسەن(و)، لەستایشی ئەدەبدا،چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر، ٢٠٠١، ل١٢٥

[3] – عزالدين اسماعيل، الاسس الجمالية فى النقد العربى، ط٣، دار الفكر العربى،١٩٧٤، ص١١٨

دەستوورێک ناناسرێت، وە هیچ خاسیەت و ڕێوڕەسمێک نین کە کاری هونەری بەگوێرەی ئەوان دابهێنرێت، بەڵکو ئەو دەستوور و یاسایانە خۆیان لە تاقیکردنەوەکە، واتا لە کارە هونەرییەکەدا بەدی هێنراون وەردەگیرێن))[١]

ئیستاتیکا بەشێوەیەکی سەرەکی ((گرنگی بەلێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی چەمکی جوانی دەدات وەکو ڕوخسارێکی جیاکەرەوەی کارە هونەرییەکان، ئەو سەرەتا دروست و ساغانە پێشنیاز دەکات کە حوکم دانە ئیستاتیکییەکان پشتیان پێ دەبەستن. ئیستاتیکا خەریکی شیکردنەوەی ئەو چەمک و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەیە کە لەکاتی لێخوردبوونەوەی بابەتە ئیستاتیکییەکاندا پەیدا دەبن و لەلایەن خۆیانەوە هەموو ئەو بابەتانە دەگرنە خۆیان کە تاقیکردنەوەیەکی ئیستاتیکی دەدەن بە دەستەوە))[٢] هەر ئەمەش وایکردووە هەندێک لێکۆڵەری بواری ئیستاتیکا تەنها جەخت لەسەر جوانی بکەنەوە؛ ((بەجۆرێک پێیان وایە ئەگەر جوانییەکی تۆمارکراو هەبێت ئەوا تەنها لە هونەر و ئەدەبدایە و جوانی لە هونەردا کورتدەکەنەوە و جوانی شتەکانیش سەربەخۆ نین لە تێگەیشتنی مرۆڤایەتی و ئەم تێگەیشتنە مرۆڤایەتییە لە واقعدا بابەتی ئیستاتیکایە و سروشتیشە بەدرێژایی ڕۆژگار ئەم تێگەیشتنە گۆڕاوە و کاری ئیستاتیکاش شوێنکەوتنی ئەم تێگەیشتنە و شیکردنەوەیەتی ... بەمجۆرەش ئیستاتیکا دەبێتە زانستێکی تیۆری کە لە کێشەکانی جوانی دەکۆڵێتەوە))[٣]

ئیستاتیکا گرنگییەکی زۆر بە تەکنیکی هونەری دەقی ئەدەبی دەدات و ئەم لایەنە یەکێکە لەو بنەمایانەی کە لە لێکۆڵینەوەی ئیستاتیکیدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە و بە ڕێگایەکی سەرەکی دادەنێت بۆ ئەوەی شاعیران و نووسەران داهێنانێکی بەرزمان پێشکەش بکەن، چونکە ((تەکنیک دەبێتە هۆی ئەوەی نووسەر بتوانێ خودی خۆی لە بابەتەکەی جیابکاتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەش هەستەکان لە قاڵبێکی خودییەوە بۆ قاڵبێکی بابەتی بگوازێتەوە و ئەدەب بکاتە داهێنانێکی هونەری نەک گوزارشتکردن لە خود))[٤] و بەرجەستەکردنی خودی ئەدیب. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لێکۆڵینەوەی تەکنیک و بنەما هونەری و ئیستاتیکییەکانی دەقی ئەدەبی و ((ئاشکراکردنی

---

[١] – ئازاد عەبدولواحید کەریم ، تیۆری ئەدەب، چ١، چاپخانەی ئاراپخا، کەرکوک، ٢٠٠٧، ل٥٥-٥٦

[٢] – کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، چ٢، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٢

[٣] – عزالدين اسماعيل، الاسس الجمالية فى النقد العربى، ص٢٨-٢٩

[٤] – مجله الفكر المعاصر، ص ٢٥

تایبەتمەندییە جۆرییەکانی هونەری جوان و دیاریکردنی پەیوەندی نێوان هونەر و دیاردە شارستانییەکانی وەک زانست و پیشەسازی و ڕەوشت و فەلسەفە و ئاینە؛ و ئیستاتیکا بەم تێگەیشتنە بە تەواوی لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی هونەر جیادەبێتەوە، کە گرنگی بە گەوهەری ئەدەب نادات و بەڵکو گرنگی بە بەشوێن یەکداهاتنی قوتابخانەکان و شێوەی گەشەکردنیان دەدات))[1] ئەمەش ئیستاتیکا دەکاتە یەکێک لە سەرەکیترین و گرنگترین میتۆدە ڕەخنەییە هاوچەرخەکان لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقی ئەدەبیدا، چونکە دەرخستن و لێکدانەوە و شیکردنەوەی تەکنیک و بینای هونەری و بنەما جوانییەکانی دەقی ئەدەبی کاری هەموو ڕەخنەگرێکی هاوچەرخە.

ئیستاتیکییەکان بڕوایان وایە کاری ئەدەبی بەرهەمێکی تەواو سەربەخۆیە لە هۆکار و کاریگەرییە دەرەکییەکان و بەرهەمی ئەدەبی تەنها گوزارشت لە خودی خۆی دەکات و ئەمەش وادەکات کاری ئەدەبی بەها و گرنگی و قورسایی خۆی لەدەست نەدات، چونکە ((کاری ئەدەبی جگە لەوەی کە تەنیا وێنەیەکی خودی خۆیەتی هیچی تر نییە و ئەرکی ئەوەش نییە لە دەرەوەی توانای خۆی شتێکمان پێ ببەخشێت ئەویش ناتوانێت ئەوە بکات، هەروەها بەهای کاری ئەدەبی بەو زانیاری یان ئەزموونانە دیاری ناکرێت کە پێمان دەبەخشێت، بەڵکو بەو کاریگەرییە دیاری دەکرێت کە لە ناخماندا دروستی دەکات))[2] ئەمەش بەو واتایە نییە ئیستاتیکییەکان بڕوایان بەوە نەبێت، کە ژیان و سروشت و کارەسات و ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکان کاریگەرییان بەسەر ئەدەبەوە نەبێت؛ بەپێچەوانەوە ((گومانیان لەوە نییە کە ژیان ئەو بناغەیەیە کە کاری ئەدەبی گەشەی لێوە دەکات، بەڵام توخمەکانی ژیان وەکو خۆیان نامێننەوە و پاش پرۆسەی ئەفراندنی هونەری دەگۆڕێن بۆ شتگەلێک کە لە سروشتی خۆیدا جیاوازە لەوەی کە لە ژیاندا پێی ئاشناین و ئەو ئەزموونانەی دەبنە هۆی ئەفراندنی کاری هونەری لە ناوخۆی خۆیدا جیاوازە لەوەی کە لە دەرەوەیدا هەیە))[3] ئەو دیمەن و دیاردە و ڕووداوانەی لەناو دەقی ئەدەبیدا دەیانبینین جیاوازن لە هەمان ئەو دیمەن و دیاردە و ڕووداوانە کە لە ژیاندا دەیانبینین و هەستێکی جیاوازیشمان پێ دەبەخشن کە جیاوازە لەو هەستەی لە ژیانی واقعیدا پێمانی دەبەخشن و کاریگەرییەکی زیاتریشیان لەسەر

---

[1] – عزالدين اسماعيل، الاسس الجمالية فى النقد العربى، ص١٠٩

[2] – عصام محمد الشنطى، الجمالية و الواقعية فى نقدنا الأدبى الحديث، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر،بيروت، ١٩٧٩، ص٢٩

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩-٣٠

دڵ و دەروونی پەیامەرگر هەیە؛ وەک لەوەی لە واقعی ژیاندا هەیە و ئەمەش لەبەر ئەوەی ((شیعر ژیان و ڕوحی گشتی خۆی هەیە و لە دەرەوەی خۆیەوە بۆی نەهاتووە و نموونەی شیعر وەکو ڕووەک وایە، خۆراکی شتگەلێکە، بەڵام تایبەتمەندی ڕووەک ناکرێت بدرێتە پاڵ بارودۆخی ئەو زەوییەی تێیدا ژیاوە))[1] ئەدەبیش ئەگەرچی لە بارودۆخ و سەردەمێکدا سەرهەڵدەدات و کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی دەبنە هۆی درووست بوونی، بەڵام ئیستاتیکییەکان بڕوایان وایە ئەم ئەدەبە نابێتە ڕەنگدانەوە و ئاوێنەی ڕاستەوخۆی ئەو بارودۆخە، بەڵکو بەرهەمێکە کە دەشێ گوزارشتکردن بێت لەو واقیعە، بەڵام لە گۆشەنیگا و جیهانبینی خۆیەوە، بەجۆرێک دەبێتە جیهانێکی سەربەخۆ و بەگشتی گوزارشت لەخۆی دەکات و ((کاری ئەدەبی بونێکی دیاریکراوی خۆی هەیە و ژیانی تایبەتی خۆی هەیە... بەبێ ئەوەی پەیوەندی بەهیچ شتێکی دەوروبەر و دەرەوەی خۆیەوە هەبێت. کاری ئەدەبی لەسەر بیر یان واتا یان چەند وێنە و زاراوەیەک، ئەزموونێک یان کۆمەڵە ئەزموونێک نەوەستاوە، بەڵکو کاری ئەدەبی وروژاندنی هەستگەلێکی دیاریکراوە لەڕێگای شێوەیەکی دیاریکراوەوە دێت کە سەرجەم توخمەکانی تێدا ڕێکخراوە ))[2] تەنانەت دەقی ئەدەبی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوزارشت لە خودی نووسەر و بیروبۆچوونەکانیشی ناکات و ناتوانین لەناو دەقی باڵادا شاعیران و نووسەران یان سێبەریان بەدی بکەین، چونکە دەقی ئەدەبی باڵا نموونەی خۆیەتی و گوزارشت لە خودی خۆی دەکات و ((ئێمە کاتێک شیعرێک یان چیرۆکێک دەخوێنینەوە هەموو شتێکی دەرەوەی دەقەکە لەبیر دەکەین، تەنانەت ئەو شاعیر یان نووسەرەی کە دەقەکەیشی نووسیوە، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە ئێمە کاتێک کارە ئەدەبییە گەورەکان دەخوێنینەوە هەموو هۆشمان داگیر دەکات و دەبێتە بوونەوەرێکی تاقانەی ڕاستەقینە و هاوشانی ئەمەش هەموو ڕاستییەکانی تر لەناویدا دەپوکێتەوە تەنانەت ڕاستی دانەرەکەیشی))[3] لێرەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە دەقی ئەدەبیدا تەنها ئەو بنەما هونەری و تەکنیکە جوان و ئەو چێژ و بەها و هەستە ئیستاتیکییەی بە خوێنەری دەبەخشێت گرنگە.

ئیستاتیکییەکان بڕوایان وایە قسەکردن لەسەر بارودۆخ و ژینگە و ئەو سەردەمەی دەقەکەی تێدا هاتووەتە بەرهەم یاخود توێژینەوە لە بارودۆخی ژیان و

[1] – د. مصطفى ناصف، دراسة الآدب العربى، دار القومية للطباعة و النشر، القاهرة، ص ١٨٨

[2] – عصام محمد الشنطى، الجمالية و الواقعية فى نقدنا الأدبى الحديث، ص٣٠

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢١

دەروون و کەسێتی ئەدیب، خۆدزینەوەیە لە کارە سەرەکییەکەمان، کە توێژینەوەی دەقەکەیە و لە کۆتایشدا شتێکی ئەوتۆمان پێنابەخشێت کە لە خزمەتی لێکۆڵینەوەکەماندا بێت، چونکە ئەدەب گوزارشت نییە لە بارودۆخ و کەسێتی ئەدیب و ئەو واقعەی تێیدا ژیاوە، بەڵکو دەقی ئەدەبی داهێنانێکی هونەرییە و دەربڕی هەستی مرۆڤایەتییە کە ئەدیب لە دەقەکەیدا بەرجەستەی دەکات، لەبەرئەوەی ((ئەدەب هەستە و داهێنانی ئەدەبی دەبێت ئەم هەستە لە خودییەتەوە بگوازێتەوە بۆ بابەتیبوون، چونکە شیعر وەکو وێنە وایە پێویست ناکات شێوەی وێنەکێش و لێکدانەو دەروونییەکانی ببینین، بەڵکو هەستێکی دیاریکراو؛ کاریگەری لە دەروون دەکات کە هونەرمەند دەیەوێت بیوروژێنێت))[1] هەموو ئەمانەش گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن، کە هەندێک دەقی ئەدەبی خاوەن بونیادێکی سەربەخۆن و بونەوەرێکی تایبەتن و شوێنکەوتووی کۆمەڵگا و بارودۆخ و ژینگە و تەنانەت شوێنکەوتووی خودی نووسەرەکانیشیان نین.

ئیستاتیکییەکان تەنها جەخت لەسەر جوانی کاری ئەدەبی دەکەنەوە و بڕوایان وایە دەبێت چەقی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی ئیستاتیکی تەنها کاری ئەدەبی بێت و هەر بەمجۆرەش دەتوانین لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و ڕەخنەیەکی ئیستاتیکی دروست و کاریگەر پێشکەش بکەین، چونکە ئەو جوانییەی هونەرمەند دەیخوڵقێنێت پێویستی بە کەسانی شارەزا و خوێندەوار و ڕەخنەگری بە ئەزموون و بە توانا هەیە بۆ ئەوەی بە تەواوی ئەم جوانییە هونەرییە بۆ پەیامەرگران ئاشکرا بکات بۆ ئەوەی چێژی لێ وەربگرێت، ناسینەوەی جوانی هونەری پێویستی بە ئەزموون و شارەزایی هەیە و مرۆڤ تا ئاستی ڕۆشنبیری زیاتر بێت باشتر هەست بە ئیستاتیکای دەقی ئەدەبی دەکات و باشتر دەتوانێت لێی تێبگات و چێژی لێ وەربگرێت، ((لەبەرئەوەی خوێنەر کاتێک دەقێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە، بەپێی ئەزموون و ڕۆشنبیرییەکەی خۆی سەرلەنوێ دایدەرێژێتەوە، هەربۆیە خوێنەر دەتوانێت سیمبۆڵ و هێمای جوانی لە ئەزموونێکی ئەدەبیدا بدۆزێتەوە، ئەوەی وادەکات کارێکی ئەدەبی سەرکەوتوو بێت ئەوەیە بتوانێت کاریگەری بخاتە سەر خوێنەر کە ئەمەش بە ئیستێتیکاوە پەیوەست دەبێتەوە بە کاردانەوەیەکی ئێستێتیکی ناوی دەبرێت، کە ئەویش لە ئەفراندنی خوێنەرە،

[1] - عصام محمد الشنطی، الجمالیة و الواقعیة فی نقدنا الأدبی الحدیث، ص٢٣-٢٤

ڕەنگدانەوەی ئەزموونی تایبەتی خوێنەریشە لەگەڵ دەق و تێکستێکدا نەک بەزۆر و سەپاندن))[1]

خوێنەری ئاسایی زۆرجار پێویستی بە شارەزایی و کارامەیی ڕەخنەگر هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت لە دەقە ئەدەبییەکان تێبگات و چێژیان لێ وەربگرێت و درک بە لایەنە ئیستاتیکییەکانی ناو دەقە ئەدەبییەکان بکات، چونکە ئەرکی ڕەخنەگر شیکردنەوە و ((خستنەڕووی بنەما هونەرییەکانی دەقە ئەدەبییەکانە، کەوا بەپێی ڕەگەزەکانی ئەدەب جیاوازی دەکەوێتە نێوانیانەوە. لێرەدا ئەرکی ڕەخنەگر زیاتر شیکردنەوەی بینای هونەری دەقە ئەدەبییەکانە لە ڕووی ناوەرۆک و شێوەوە و لەم بوارەدا سوودی ڕەخنە دوو لایەنە، چونکە نووسەری دەق بە ئەرکی پێکەوەنانی بنەما هونەرییەکانی دەقەکەی وەک دەقساز هەڵدەستێ، هەروەها سوودی بۆ خوێنەری ئاسایی دەقیشە کەوا بەدوای خۆشی دەق دەگەڕێت و لەڕێی شیکردنەوەی ڕەخنەییەوە ئەو چێژەی دەست دەکەوێ))[2]

ڕەخنەگری ئیستاتیکیش بۆ ئەوەی بتوانێت باشتر خزمەت بە خوێنەری ئاسایی دەق بکات، پێویستە لە کاری ڕەخنەیی و گەڕان بەدوای بنەما ئیستاتیکییەکانی دەقی ئەدەبیدا پشت بە میتۆدێکی ڕەخنەیی ببەستێت کە لەگەڵ بنەماکانی بەرهەمە ئەدەبییەکەدا بگونجێت، چونکە ((پێکهاتەی بونیادی زمانەوانی و فێڵە ئیستاتیکییەکانی هەندێ دەق، بەئاسانی خۆیان نادەن بەدەست زەین و زەوقی پەیامگرەوە... ئەم جۆرە تێکستانە دوای توێژینەوەیەکی وردی بابەتیانە و بە کەڵک وەرگرتن لە میکانیزمای میتۆدێک، یان چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی، دەشێ هەندێ ئەدگاری هونەرییانەی دەربکەوێت و لێرەشەوە پەیامەوەرگر بورووژێنێت. هەڵبەت میتۆدێک تەباو گونجاو بێت لەگەڵ ئەزموونی ئەدەبی دەقەکە، چ لە ڕووی ئیستاتیکی و چ لە ڕووی بنەمای بابەتییەوە))[3]

بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئیستاتیکا زانستێکە لە جوانی بەگشتی و جوانی هونەری بەتایبەتی دەکۆڵێتەوە. ئیستاتیکا بەدوای جوانیدا دەگەڕێت لە سروشت و هونەر و

[1] – تەها ئەحمەد ڕەسوڵ، ئیستاتیکا و فەلسەفەی هونەر، گ. ڕامان، ژ ١٧٩، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٩٣

[2] – عادل گەرمیانی، چەند واتایەکی ڕەخنەیی، گ. کاروان، ژ٢٢٦، ل٨-٩

[3] – فوئاد ڕەشید، چێژ و بەهای دەقی شیعری لەنێوان پەیامگر و خوێندنەوەدا، گ. ڕامان، ژ١١٣، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٧١

ئەدەبدا و هەوڵی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دەدات و ئەو هۆکارانە ڕووندەکاتەوە و ئەو ڕەگەز و بنەما و تایبەتمەندییانە شیدەکاتەوە، کە جوانییەکەیان بەرجەستەکردووە. ئەم زانستە جوانی لە ناشیرینی جیا دەکاتەوە، چێژی جوانی و هەستی جوانیناسانەی مرۆڤ لە سەردەمەکان و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا و گەشەکردنیان دەخاتەڕوو. ئیستاتیکا خزمەتێکی زۆری هونەر و ئەدەبی کردووە و ڕۆڵی لە گەشەکردن و بەرەو پێشبردنیاندا هەبووە و بەردەوام ڕەخنەی بەپێی بنەماجوانییەکان لە دەقە ئەدەبی و هونەرییەکان گرتووە و ئەو دەقانەی خاوەن تایبەتمەندی جوانیی و بەرزیی و نەمریین، لە دەقە ئاست نزمەکان جیاکردووەتەوە و ئەمەش هانی نووسەران و ئەدیبانی داوە بەرهەمەکانیان بەرەو ئاستی باڵا ببەن و پەیامەوەرگرانیش باشتر جوانی دەقەکان ببینن و زیاتر چێژیان لێ وەربگرن.

## ١-١-٢/ چەمکی جوانی

جوانی چەمکێکی باڵایە، مرۆڤ هەر لەبەرایییەکانی ژیارییەوە هەستی بە جوانی کردووە و گرنگی پێداوە و هەوڵی داوە لە خودی خۆی و ژیان و دەوروبەریدا بەرجەستەی بکات، هەستی جوانیناسیش لای مرۆڤ وایکردووە، کە هەردەم بەدوای جوانیدا بگەڕێت و چێژی لێوەربگرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی ((جوانی بە شێوەیەکی گشتی یەکەمین شتە کە ئەقڵی ڕەها درکی پێدەکات، بەپێی پرەنسیپەکان شەکڵێکی ڕاستەوخۆیە، مادامێکی ناوەرۆکی هەموو شەکڵەکان کە ڕەهایان تێدا درک پێدەکرێت یەک بێ، کەواتە مانای ئەوەیە کە هەرخۆیان ڕەهان، ئەم ڕاستەوخۆییە دەبێ بە هەمان ئەو وێنەیە بلکێنرێ کە ڕەهای تێدا درک پێ دەکەین، هەر بۆیەش ڕەهایی دەبێ یەکەمجار لەژێر ماسکێکی ڕاستەوخۆدا جیلوە بدات _ مەبەست ماسکی بابەتە دەرەکییەکانە _ جا بریقەدانەوەی ڕەهایی تیشکەکانی لە ڕێگای ماسکی جیهانی هەستیدا هەر خۆی جوانییە))[١]

جوانی سیفەتێکی بەرزە و بدرێتە پاڵ هەر شتێک بەهاکەی زیاتر دەبێت و لەلای مرۆڤ زیاتر ویستراو دەبێت، هەر ئەمەش وایکردووە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی جوانی هەر لە کۆنەوە تا دەگاتە ئێستا ببێتە جێی باسوخواسی فەلسەفە. فەیلەسوفان و زانایان

[١] – کەریم دەشتی، ئەدەب و فەلسەفە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٤٨

و ڕەخنــەگران بەشــێکی بەرهەمــەکانیان بــۆ گفتوگــۆکردنی جــوانی، ڕوونکردنــەوەی بنەماکانی، کاریگەرییەکانی تەرخان بکەن. هەندێک فەیلەسوف و لێکۆڵەر بڕوایان وایە چەمکی جوانی چەمکێکی ڕێژەییە و بەپێی مرۆڤ و بارودۆخ و ژینگە و کوولتور و سەردەمەکان دەگۆڕێت، دەشێت ئەو شتەی لای یەکێک جوانە لای یەکێکی تر ناشیرین بێت، یاخود ئەو شتەی لە یەکێک لە سەردەمەکاندا جوان بووە مەرج نییە لە سەردەمێکی تریشدا بەهەمان شێوە جوان بێت، هەمیشە کوولتوورە جیاوازەکان کاریگەرییان لەسەر جوانیبینی هەبووە و هەر کوولتورێک کۆمەڵە پێوەرێکی بۆ جوانی هەیە و جیاوازە لە کوولتورەکانی تر، بارودۆخی دەروونی مرۆڤیش کاریگەری لەسەر بە جوانی بینینی شتەکان هەیە، چونکە ((جوانی دیاردەیەکە چەمک و واتایەکی دیار و سنووورداری نییە و ناتوانین نموونەیەکی تایبەتی، یان وێنەیەکی سەربەخۆی بۆ دەستنیشان بکەین و بڵێین: هەر شتێک، یان کردارێک، یان خورەوشتێک جێی لەناو قاڵب و چوارچێوەی ئەو نموونەیەدا ببێتەوە پێی بڵێین جوان و ئەگەر جێشی نەبووەوە ئەوە بە ناشرین و ئافرەجای بدەیتە قەڵەم، بەڵکو جوانی زادەی جۆرە هەست و سۆزێکی تایبەتی ئادەمیزادە و ئەو سۆزەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ))[1]. هەر ئەمەش وایکردووە فەیلەسوفان و ڕەخنەگران و نووسەران هەریەکەیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە هەوڵبدات پێناسەی جوانی و گفتوگۆی جوانی بکات و بنەماو تایبەتمەندی و هۆکارەکانی دروست بوونی و جۆر و شێوەکانی ڕوونبکاتەوە، چونکە جوانی ((بوونێکی ڕەهای هەیە و مرۆڤەکان بەپێی پێشکەوتنیان هەستی پێ دەکەن، تا ئاستی مەعریفییان بەرزتر بێتەوە؛ زیاتر هەست بەو جوانییە دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا هەرگیز ناتوانین گرنگی تایبەتییەتی دەروونی و فیکری هەر مرۆڤێک لە هەستکردنی بە جوانی فەرامۆش بکەین، چونکە ئەگەر تەنیا بارودۆخ و ژینگەی مرۆڤەکان لەبەرچاو بگرین، ئەوا _ بۆ نموونە_ ئەگەر دوو مرۆڤ لە یەک ئاستی مەعریفیدا بن دەبوایە پێوەرەکانیشیان بۆ جوانی وەک یەک بوونایە، بەڵام هەرچەندە نزیکییەکی زۆریش لە نێوانیاندا هەبێت، ناتوانین بڵێین تەواو وەک یەکن))[2]

هەندێک فەیلەسوف و بیرمەندی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە جوانی سیفەتێکە لە پێکهاتەی ئەو شتانەی؛ کە بە جوانیان دەبینین و هەر ئەمەش وادەکات

[1] – کەریم شارەزا، جوانی لە هونەر و ئەدەبدا، گۆڤاری ڕامان، ژ١٣٢، ٢٠٠٨، ل ١٤٨

[2] – جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق(١٩٥٠ – ١٩٧٠)، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٣٣

شتەکان بە جوان دابنێین و بڕوایان وایە جوانی ((خۆشی و ڕازیبوون لە دەرووندا دروست دەکات، جوانی لەو سیفەتانەیە کە پەیوەستە بە ڕازیبوون و میهرەبانییەوە و یەکێکە لەو سێ چەمکەی کە بڕیارەکانی بەهایان دەدرێتە پاڵ، کە مەبەست جوانی و هەق و خێرە))[1]. جۆرج سانتیانا پێی وایە جوانی بەشێکە یاخود سیفەتێکە لە خودی شتەکەدا و لە پێناسەی جوانیدا جەخت لەسەر لایەنی ئیجابی و ئەو چێژە دەکاتەوە، کە جوانی بە مرۆڤی دەبەخشێت و دەڵێ: ((جوانی بەهایەکی ئیجابییە، لەخودی شتەکەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بوونێکی بابەتیمان بەبەریدا کردووە، یاخود جوانی ئەو چێژەیە وای دادەنێین، کە سیفەتێکە لە خودی شتەکەدا))[2] بەم پێیە جوانی بەشێکی دانەبڕاوە لەو شتەی؛ کە بە جوانی دادەنێین، مرۆڤەکان هەرچەندە جیاوازبن لە بڕیاردانی جوانی ئەوا هەر ئەو جوانییە دەبینن، کە لە شتەکەدا هەیە و بەڕێژەی جیاواز پێیان جوان دەبێت.

لێرەدا دەتوانین بڵێین جوانی دەشێت هەم سیفەتێک بێت لە خودی شتەکە و لەهەمان کاتدا چەمکێکی ڕێژەیش بێت، کە مرۆڤ ڕۆڵی هەبێت لە بەجوان بینینی شتەکاندا، چونکە (( جوانی چەمکێکی بابەتی نییە و دابڕابێت لە خودی مرۆڤ، چونکە ئەگەر وابوایە ئەو کاتە بە درێژایی مێژوو شتە جوانەکان بە جوانی دەمانەوە و شتە دزێوەکانیش بە دزێوی دەمانەوە و گۆڕانیان بەسەردا نەدەهات، هەروەها بەشێوەیەکی گشتیش خودی نییە، چونکە ئەگەر وابوایە هەموو کەسێک ئەمەی دەکرد بە بەڵگە بۆ جوان یاخود بە دزێو دانانی شتەکان و ئەو کاتە هیچ واتایەک بۆ ئەو چێژە پەروەردەکراوە نەدەمایەوە کە وامان لێدەکات جوانی ببینین))[3]

هونەرمەندان و ئەدیبان بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بەردەوام هەوڵیان داوە لە کارەکانیاندا گرنگییەکی زۆر بە جوانی بدەن و هەوڵی بەرجەستەکردن و ئەفراندنی جوانی بدەن و بەرهەمەکانیانی پێ بڕازێننەوە و لەم ڕێگەیەوە بەرهەمەکانیان بە نەمری بهێڵنەوە. جوانی بەدرێژایی مێژوو ڕەگەزێکی سەرەکی و بنەمایەکی هەمیشەیی هونەر و ئەدەبە و هەرگیز لێی دانەبڕاوە، سروشت بە گشتی و جوانییەکانی سروشت بەتایبەتی دەبنە سەرچاوەی جوانی هونەری و ئەدیب هەوڵدەدات سروشت و دیاردەکانی و جوانییەکانی سروشت لە بەرهەمەکەیدا بەرجەستە بکات و دووبارە

[1] – جمیل صلیبا، المعجم الفلسفی، ص ٤٠٧

[2] – جورج سانتیانا، الأحساس بالجمال، ت: د.محمد مصطفی بدوی، مکتبة الأسره، ٢٠٠١، ص ٩٢

[3] – ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چ١، چاپخانەی خانی،دهۆک، ٢٠٠٩، ل٢٨

دایانبڕێژێتـەوە و داهێنـانی بـەرز و جـوانی نـەمریان لـێ دروسـت بکـات، چونکـە ((لـە ڕواڵەتدا بنچینەی هونەر لاساییکردنەوەیەکی هەڵسەنگێنراوە لەو ڕەنگانەی کە سروشـت لـە کـاتی جـووت بـوونی پەلـەوەرەکان و گیانلەبـەران بەرهـەمی دێنـێ تـا لەبـەر دڵـی جووتەکەیـدا شـیرین بنـوێنێ،وەک دیتمـان باڵـدارەکان هێلانـەکانیان بەشـتی جـوان دەڕازاندەوە، مرۆڤە کۆنەکانیش جەستەی خۆیان بە هەندێ ڕەنگی وەها کـە بزوێنـەری سێکسییە دەڕازاندەوە، دوای پەیدابوونی جلوبەرگ ئەو ڕەنگانە لاچوون و جێی خۆیـان دا بـەو جلوبەرگانـە، بـەڵام ئامـانجی سـەرەکی هـەروەک خۆیـەتی، ڕەنگـی سـوور بۆیـە زۆرتر وە بەر دڵ دەکەوێت، چونکە زیـاتر خـوێن وەهـۆش دێنـێ، بـەم شـێوەیە سـەما و گۆرانی، شیعر و مۆسیقا و زۆربەی ئیشەکانی دەست لە خۆشەویستییەوە دەپشکوێ))[1]

جوانی لە هونەر و ئەدەبدا ئەو جوانییە نییە، کەلە سرووشتدا پێی ئاشنیاین، ئەدیب خۆی جوانییەکان دەخوڵقێنێت، کە مەرج نییە خۆیان لە بنەڕەتدا جوان بن، دەشێ ئەدیب سوود لەهەموو ئەو شتانە وەربگرێت کە لە چواردەوری و لە ژینگەکەی دان یان بە بیر و خەیاڵیدا دێت و بیانکاتە بابەتی دەقەکەی و جوانییان لێ بخوڵقێنێت، با خۆیان لە بنەڕەتدا جوان نەبن، تەنانەت ناشیرینیش بن.

کانت بڕوای وایە ((جوانی لە سروشتدا شتێکی جوانە، بەڵام جوانی هونەر مانای وێنانـدنی شـتەکانە بەشـێوەیەکی جـوان))[2] هەربۆیـە جـوانی هونـەری، کەلـە بەرهەمـە هونەری و ئەدەبییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە لەسەرووی ئەو جوانییەوەیە، کە لـە سروشـت دایە، ئەگەر چی جوانی هونەری سوودیشی لەو جوانییەی سروشت وەرگرتبێت، چونکە وادەکات دەقی ئەدەبی جوان بێت ئەو جوانییە سروشتییە نییە، کە لـە سروشـتدا هەیـە ، جـوانی هونـەری ئـەو جوانییەیـە، کـە هونەرمەنـد بـە شـارەزایی و لێهـاتوویی خـۆی دەیخوڵقێنێت لە هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەر و لە هـزر و خـەیاڵی خۆیـدا هەسـتیان پێ دەکات و ئەمـەش دەبێتـە هـۆی سەرسـامی و چێژوەرگرتنـی زیـاتری پـەیاموەرگران، چونکە ((جوانی هونەری دەرخستنی بیاڤی ئیستێتیکیانەی شتێکە، مـەرج نییـە لـە خـودی خۆیـدا جـوان بێـت، کەواتـە ئەمـە تێـڕوانین و دنیـابینی هونەرمەنـدە بـۆ ڕەگـەز و کەرەسـتەکانی سروشـت بـە خستنەسـەری شـتێکی دیکـە بـۆی، لێرەوەش هونەرمەنـد پرۆسەی ئیستێتیکییانەو داهێنانێکی هونەری و فانتازیا و جۆرێک لە هێماکاری لـەکار و

---

[1] – ویل دیورانت، جوانی چییە، و: ئازاد ڕەحمانی، گۆڤاری ڕامان، ژ٤٢،هەولێر، ١٩٩٩، ل٢٣٨

[2] – کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل ٦٥

بەرهەمەکەیدا بەرجەستە دەکات، کە تێیدا خۆی لەنێوان هەردوو ئاستی هەست و نەستدا هاموشۆ دەکات))[1].

گونجان و هاوئاهەنگی یەکێکە لە بنەماکانی جوانی سروشتی و زۆربەی ئەو جوانیانەی کە لە سروشتدا هەیە بە هۆی ئەو گونجانەوەیە، کە لە نێوان بەش و پێکهاتەکانیدا هەیە، یان لانی کەم یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گونجان و هاوئاهەنگییەکەیەتی. ئەدیبیش ئەم بنەمای جوانی و هاوئاهەنگییەی لە جوانی سروشتییەوە وەرگرتووە و لە دەقەکەیدا بەرجەستەی دەکات؛ بەمەبەستی بەدیهێنانی جوانی هونەری، چونکە ((چامەی شیعری کاتێک جوان دەبێت ئەندامەکانی گونجاو و پەیوەست بن لەنێوان خۆیاندا، هەر بەشێک شوێنی خۆی بگرێت لە زەمینی چامەکەدا و هەریەکێکیان یەک بەش لە چاودێری شاعیر وەربگرێت، بەڵام ئەگەر بەشێک زاڵبوو بەسەر بەشەکانی تردا، وەک زاڵبوونی بیر کەلەسەر حسابی بەشەکانی تر گرنگی پێدەدرێت، ئەوا جوانی لەو چامەیەدا نامێنێت، لەبەرئەوەی لێکدوورکەوتنەوە جێگەی گونجان دەگرێتەوە لەنێوان ئەندامانی چامەکەدا))[2]

ڕەخنەگران و لێکۆڵەران زۆر قسەیان لە ڕووخسار و ناوەرۆکی دەقی ئەدەبی و ئەو گونجان و هاوئاهەنگییە کردووە، کە پێویستە لە دەقی ئەدەبیدا هەبێت، ئەگەرچی هەندێکیان فەزڵی ڕووخسار ئەدەن بەسەر ناوەرۆکدا و هەندێکیشیان بەپێچەوانەوە فەزڵی ناوەرۆک دەدەن بەسەر ڕووخساردا، بەڵام لە کۆتاییدا زۆربەیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە دەبێت گونجانێکی تەواو لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزە سەرەکییەی دەقی ئەدەبیدا هەبێت. بڕوایان وایە ڕووخسار و ناوەرۆک بەیەکەوە ئیستاتیکای دەقەکە تەواو دەکەن، بەتایبەتی ئیستاتیکییەکان زۆر بەتوندی جەخت لەسەر یەکێتی دەقی ئەدەبی و گونجان و بەیەکداچوونی تەواوی ڕووخسار و ناوەرۆک دەکەنەوە و بڕوایان وایە بەرهەمی ئەدەبی ((بوونەوەرێکی زیندووە، ناکرێت بەشی بکەین بۆ دوو بەش، بەمجۆرە ناکرێت ڕووخسار و ناوەرۆک لە یەکتری جیابکەینەوە، ئەوان لە یەک یەکەدان و ناکرێت جیا بکرێنەوە، یان هەڵبوەشێنرێنەوە و ئەوان یەک شتن کە کاری هونەرییە. هەروەها گەڕان بەدوای ناوەرۆکی کاری هونەریدا یان واتاکەی و

---

[1] - کامەران تاهیر، ڕەگەزە ئیستێتیکییەکان لە هونەری تەلارسازیدا، گ. ڕامان، ژ ١٥٠، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٨٨

[2] - فائق مصطفى و عبد عبدالرضا على، فى النقد الادبى، ط١، دار الکتب للطباعة و النشر، موصل، ١٩٨٩، ص٢٢-٢٣

جیاکردنەوەیەتی لە ڕووخسارەکەی و لەهەمان کاتدا لەناوبردنییەتی، ئەو نووسەرەشی بیر لە ناوەرۆک بکاتەوە بە دابڕاوی لە ڕووخسار، یاخود بیر لە ڕووخسار بکاتەوە بە دابڕاوی لە ناوەرۆک، ئەوا لەڕووی هونەرییەوە ناتوانێ سەرکەوتووبێت، ئەگەرچی سەرکەوتووش بێت لە گەیاندنی ئەو بیرەی کە مەبەستییەتی بیگەیەنێت))[1]

هەندێک لێکۆڵەر و نووسەر بڕوایان وایە جوانی لە ڕازو نهێنی و تەمومژەوە دروست دەبێت و ئەو دەقانەی خاوەن ڕازن و نهێنییەکیان لەناو خۆیاندا حەشارداوە جوانییەکەیان زیاتر دەبێت و زۆرتر چێژیان لێ وەردەگیرێت، ئەم ڕاز و نهێنییە وادەکات پەیاموەرگر شەیدای ئاشکراکردنی بێت و بەدوایدا بگەڕێت و هەوڵی دۆزینەوەی بدات. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ((دەقی ئەدەبی جوان نییە مەگەر تەمومژاوی بێت، کە درکی پێناکرێت تەنها پاش هەوڵدانێکی زۆری بیر و کردارە بەردەوامەکانی بیر نەبێت بۆ شیکردنەوەی نادیارییەکانی))[2] ئەم نهێنی و ڕازەش بە بنەمای فرەڕەهەندی دەق دادەنێن، کە دەبێتە هۆی جوانی و نەمری دەقەکە و بڕوایان وایە ((ئەدەب جوانی خۆی لەوێدا دەپارێزێت کە هەموو شتێ نەڵێت و نهێنی خۆی ئاشکرا نەکات. جوانی ئەدەب لەوەدایە کەفرە ڕەهەندبێت، کاتێ ئەدەب نهێنی خۆی ئاشکرا کرد، ئەوە لە تاک ڕەهەندیدا نغرۆ دەبێت ... ئەو ئەدەبەی هەڵگری نهێنی خۆی بێت، بەیەکجار و چەندین جار خوێندنەوە لە مانا بەتاڵ نابێتەوە، تەنانەت دوای تێپەڕینی سەدە و ساڵەکانیش. ئەدەبی ستایشکراو، ئەدەبێکە پڕ لەنهێنی و ڕاز کە هێزی ئەوەی دەداتێ لەگەڵ تێپەڕینی سەدە و ساڵەکاندا تازە ببێتەوە))[3]

ئەدیبان و شاعیران هەوڵدەدەن بە خەیاڵی داهێنەرانەیان وێنەی هونەریی پڕ لە جوانی و ئیستاتیکا لە دەقەکانیاندا بەرجەستە بکەن. هەمیشە وێنەی هونەری لایەنێکی ڕازاوەی دەقی ئەدەبی بووە و هەندێ جاریش وێنەی هونەری سەرتاپای دەقی ئەدەبی دەگرێتەوە و دەبێتە شاڕێگەی داهێنان و خوڵقاندنی جوانی و بەخشینی چێژ، هەربۆیە لەلایەن نووسەران و ڕەخنەگرانەوە گرنگییەکی زۆری پێ دراوە و قسەی زۆری لەسەر کراوە و سیمۆندز (٥٥٦–_ ٤٦٨ پ.ز) چەمکی شیعر لە وێنەی هونەریدا کورت دەکاتەوە و بڕوای وایە دەقی شیعری بریتییە لە وێنەی هونەری و دەڵێ: ((وێنە

---

[1] – عصام محمد الشنطی، الجمالیة و الواقعیة فی نقدنا الأدبی الحدیث، ص٣٤-٣٥

[2] – فائق مصطفی و عبد عبدالرضا علی، فی النقد الادبی، ص٢٣

[3] – ڕێبوار سیوەیلی، نەتەوە و حەکایەت، ب١، چ٢، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨، ل٤٢٥

شیعرێکی بێ دەنگە و شیعریش وێنەیەکە بە دەنگ دەردەبڕدرێت))[1] (درایدن)یش پێی وایە وێنەی هونەری شکۆمەندی دەقی شیعرییە و لەم بارەیەوە دەڵێ: ( وێنەکان لە خودی خۆیاندا شکۆمەندی و ژیانی چامە "قەسیدە"ن ))[2] هەربۆیە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەدیبی داهێنەر ئەوەیە بە خەیاڵی داهێنەرانە دەقە ئەدەبییەکەی بە وێنەی هونەری دەوڵەمەند بکات، زۆرجاریش بەتوانایی و لێهاتوویی ئەدیب بەو وێنە هونەرییانە دەرکەوێت، کە لە دەقەکەیدا بەرجەستەی کردووە، چونکە وێنەی هونەری بنەمایەکی ئیستاتیکی و ڕەگەزێکی گرنگی نەمری دەق و هۆکارێکی سەرەکی چێژ وەرگرتنە لە دەق و وا دەکات دەق بە نەمری بمێنێتەوە،

شاعیر وێنەکێشە، بەڵام نەک بە فڵچە و کەرەستەکانی وێنەکێشان، بەڵکو بە وشە، شاعیر بە وشە (( ئەوەی لە دەروونیدا پەنگی خواردۆتەوە بە هەست و سۆز و ئەندێشە و بیر و هەڵچوون و کەفوکوڵی ناخی خۆیەوە ئاوێتەی وێنە و دیمەنەکانی دەرەوە دەکات و لەگەڵ سروشت و کۆمەڵ و گەردوون و هەموو ئەو شتانەی هەستیان پێ دەکات و بە بیریا دێن و بەرچاوی دەکەوێ دەگونجێنێ و چەندین تابلۆ و وێنەی ڕەنگین و قەشەنگ و سەرنج ڕاکێش بەرهەم دێنێت و پێشکەشی خوێندەواری دەکات))[3]

دەتوانین بڵێین جوانی لایەنێکی سەرەکی ژیانی مرۆڤایەتی پێکهێناوە و یەکێکیشە لە بنەما سەرەکییەکانی دەقی ئەدەبی هونەری. بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی دەقی ئەدەبی هەوڵی بەرجەستەکردن و ئەفراندنی جوانی داوە و ئەدیب ئەو بنەمایانەی لە دەقەکەیدا بەرجەستە کردووە، کە جوانی هونەریی دەقی ئەدەبی پێکدەهێنن. ڕەخنەی ئەدەبی بەگشتی و ڕەخنەی ئیستاتیکیش بەتایبەتی هەوڵی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی جوانی هونەری و بنەماکانی و تایبەتمەندییەکانی و ڕاڤەکردنیان دەدات بەمەبەستی دەرخستنی جوانی دەقە ئەدەبییەکان.

---

[1] – فرانكلين د. روجرز، الشعر و الرسم، ت: مي مظفر، ط١، دار المأمون للترجمة و النشر، بغداد، ١٩٩٠، ص ٤٦

[2] – سيسل دى لويس، الصورة الشعرية، ت: احمد نصيف النابى و مالك ميرى و سلمان حسن ابراهيم، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٢، ص ٢٠

[3] – فازیل مەجید مەحمود، سروشت لە شیعری گۆراندا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٥٦

## ١-١-٣/ مێژووی ئیستاتیکا

مێژووی جوانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی مرۆڤ؛ مرۆڤ هەر لەو ڕۆژەی پێی ناوەتە سەر زەوی بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و عەقڵی خۆی خاوەنی هەستی جوانی و ڕامانی جوانی بووە و چێژی لە جوانیی بینیوە. مرۆڤ لە سەرەتادا وێنەی ساکاری بۆ شتەکانی دەورەووبەری کێشاوە، پاشان لە ئەنجامی پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونی ئاستی ڕۆشنبیری و شارستانی وردە وردە ئەم وێنانەش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و ڕەنگی تێدا بەکارهاتووە وەک ((وێنەکانی ئەشکەوتی "لاسکۆ _Lascaux" لە فەرەنسا و "ئاڵتامیرا _ Altamira" لە ئیسپانیا کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ "١٠" دە هەزار پێش زاین))[١] لە کوردستانیش (٧٠٠٠پ.ز) حەوت هەزار ساڵ پێش زاین مرۆڤ هەستی جوانیناسی هەبووە و گرنگی بە جوانی داوە و گوڵی بۆ مەبەستی جوانکاری و ڕازاندنەوە بەکارهێناوە (د. ڕاڵف سۆلسکی _ Ralph Solecki) لە ئەشکەوتی شانەدەر پاشماوەی (٩) مرۆڤی نیاندەرتاڵی دۆزییەوە کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ (٧٠٠٠پ.ز) و ((ئەو جۆرە مرۆڤانە هەشت جۆر گوڵیان بەکارهێناوە بۆ لە گۆڕنانی مردووەکانیان و ئەو مرۆڤانە ڕاخەری گوڵینیان بۆ مردووەکانیان ڕاخستووە و بە گوڵیش دایان پۆشیون))[٢] پاشانیش لە یەکەمین دەقی ئەدەبییەوە، کە دەقەکەی (دانجیری دامۆ)ی شاعیری سۆمەرییە لە (٢٩٠٠) ساڵ پێش زاین بۆ (ئینتیهاب خواژنی لیگش)ی نووسیوە؛ جوانی هونەری لە دەقی ئەدەبیدا بەرجەستەکراوە، بەڵام یەکەمین لێکۆڵینەوەکان و ڕاڤەکردنی جوانی بۆ یۆنانییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە.

یۆنانییەکان پێشەنگی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی جوانین. **هیراقلیتس** (٥٣٠_٤٧٠پ.ز) یەکەمین فەیلەسوفی یۆنانییە باسی جوانی کردبێت، بڕوای وایە جوانی ڕێژەییە و سیفەتێکی بابەتیی جیهانی هەستپێکراوە و پەیوەستە بە تیۆری جۆرەکانەوە. هەموو گیانلەبەرێکی سەر زەوی ڕەگەزەکەی خۆی لەلا جوانە و ڕەگەزی گیاندارێکی تری لەلا ناشرینە، بۆ ئەمەش نموونە بە مەیمون دێنێتەوە، کە جوانترین مەیمون بەلای مرۆڤەوە ناشرینە، هەروەها بڕوای وایە گونجان و هاوئاهەنگی بنەمای جوانییە، کە ئەمەش لە

[١] – محمود عبدالله الخوالدة و محمد عوض الترتوري، التربية الجمالية علم النفس الجمال، ط ١ ، دار الشروق للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٦، ص٨٠

[٢] – عومەر ڕەسوڵ، مرۆڤی نیاندەرتاڵ و گوڵ، گ. هەزارمێرد، ژ٢٣، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٦

گەردوون و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و هەروەها لە بەرهەمی هونەریشدا دەبینین.[1]
**دیموکریتس** (٤٦٠_٣٧٠پ.ز) بەهەمان شێوەی هیراقلیتس جەخت لەسەر گونجان دەکاتەوە و بڕوای وایە جوانی پێویستە لە سیستمێکی پتەودا بێت و ڕێکبوون و گونجان لەهەموو ڕوویەکەوە لەنێوان بەشەکانیدا هەبێت.[2]

**سوکرات** (٤٧٠_ ٣٩٩ پ.ز) فەیلەسوفێکی ئایدیاییە و مامۆستای ئەفلاتۆن بووە. سوکرات بڕوای بە جوانی باڵا "خودی جوانی" هەیە و بە بنەمای سەرەکی هەموو جوانییەکانی سەرزەمینی دادەنێت و لەم بارەیەوە دەڵێ: ((پێموایە کاتێک شتێک جوانە، تاقانە هۆی جوانییەکەی ئەوەیە کە لە "خودی جوانی"یەوە شتێکی بەرکەوتووە، بە دەربڕینێکی باشتر؛ لە خودی جوانییەوە پشکێکی وەرگرتووە))[3] سوکرات جەختی لە پەیوەندی نێوان جوانی و ڕەوشت و سوودخوازیدا کردووەتەوە و بڕوای وابووە (( ئیستاتیکا بریتییە لە جێبەجێکردنی هەموو سوودێک بۆ مرۆڤ، لێرەدا سوکرات هیچ جیاوازییەکی لەنێوان هونەرە جوانەکان و هونەرە زانستییەکان نەکردووە، چونکە جێبەجێ کردنی سوود بۆ مرۆڤ؛ بووە بە مەرجێک بۆ هەموو هونەرەکان))[4] هەروەها سوکرات بڕوای بە جوانی باڵا (جوانی یەزدانی هەیە) و لەسەروو هەموو جوانییەکی زەمینی دای دەنێت و لەم بارەیەوە دەڵێ: (( جوانی خاسییەتێک نییە بە هەزاران شتەوە بەسترابێتەوە: خەڵک .. ئەسپ، جلوبەرگ، کچ، گوڵدان. . هتد، هەموویان جوانن، بەڵام لەسەروو هەموو ئەوانەوە جوانی خۆی هەیە))[5]

سوکرات بڕوای وایە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان جوانی و ڕەوشتدا هەیە و هەموو ڕەوشتە بەرزەکان جوانن و بەپێچەوانەشەوە هەموو ڕەوشتە نزمەکانیش ناشرینن، ((بەلای ئەوەوە چەمکەکانی شەرەف و داوێنپاکیی و جوانی وەکو یەکن، هەروەها پێی وایە ئەوەی سوودی نەبێت ناتوانێت جوان بێت، بەم شێوەیە چەمکی جوان و چەمکی سوودمەندی پێکەوە دەبەستەوە، لەبەر ئەوە جوان بەلایەوە کارێکی نیسبییە و ئەو شتەی کەسێک سوودی لێ وەردەگرێت ڕەنگە بەلای کەسێکی ترەوە بێ

[1] – م.اوفسيانيكوف و ز.سميرنوفا، موجز تاريخ النظريات الجمالية،ت: باسم السقا، ط٢،دار الفارابي، بيروت، ١٩٧٩، ص١٤

[2] – محمود عبدالله الخوالدة و محمد عوض الترتوري، التربية الجمالية علم النفس الجمال ص٩٤

[3] – بابەک ئەحمەدی ، هەقیقەت و جوانی، ل٧٤

[4] – ئازاد عەبدولواحید کەریم ، تیۆری ئەدەب، ل٥٧ .

[5] – کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، چ٢، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢١

کەڵک بێت، بەپێوەری سوکرات بەلای کەسی یەکەمیانەوە جوانە و بەلای دووەمیانەوە ناشرینە))[1]

**ئەفلاتون** (٤٢٧_٣٤٧ پ.ز) فەیلەسوفی ناودارو گەورەی یۆنانە، قوتابی سوکرات بووە. لەپاش خۆی چەند بەرهەمێکی فەلسەفی و تیۆری بۆ بەجێ هێشتووین، ئەفلاتون لە بەرهەمەکانیدا لێکۆڵینەوە و ڕامانی جوانی هەیە و کاریگەری سوکراتی بەسەرەوەیە، لەبەرئەوەی ئەفلاتون فەیلەسوفێکی ئایدیاییە و بڕوای بە میتافیزیک هەیە، بۆیە لای ئەم جوانی ڕاستەقینە ئایدیاییە و لە جیهانی باڵادایە، سەرجەم جوانییە بەرهەستەکان ڕەنگدانەوە و لاساییکەرەوەی ئەو جوانییە باڵایەن و بۆ تێگەیشتن لە جوانیش پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەم جوانییە باڵایە، لەم بارەیەوە دەڵێت:((ئەگەر لە شتە هەستییە بینراوەکاندا بە دوای جوانیدا گەڕاین ئەوا نایدۆزینەوە، لەبەرئەوەی جوانی شۆخی سەرگەردان نییە... ئەو جوانییەی پێویستە فەیلەسوف لێی بکۆڵێتەوە جوانی ڕەها "ماقوولە"، کە هیچ ناشرینییەکی تێکەڵ نابێت، ئەویش خودی جوانیی یان ئایدیای جوانییە. لێرەوە وای دادەنێت وێناکردنی ئەم جوانییە ئایدیاییە ئامانجی فەیلەسوفی لێکۆڵەری حەقیقەتە))[2]

ئەفلاتۆن بڕوای بە پلەبەندی جوانی هەیە و پێی وایە چەند جۆرێکی جوانیمان هەیە، کە لە جوانی ئاساییەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە جوانی باڵا، کە لە جوانی باڵادا جوانی و خێر دەبن بەیەک. لای ئەفلاتۆن جوانی سێ قۆناغی هەیە کە بریتین لە: جوانی شێوەیی: واتە جوانی شێوەکان (جوانی هەستی). جوانی ڕەوشتی و عەقڵی، واتە جوانی بیرەکان کە (جوانی زانیاری) یە. جوانی ڕەها: واتە جوانی هەمیشەیی (جوانی ئایدیایی)[3]

ئەفلاتۆن بڕوای وایە جوانی هونەری جوانییەکی هەڵخەڵەتێنەر و ناڕاستەقینە و لاساییکەرەوەیە، خودی هونەر لاساییکردنەوەیە، هونەرمەند کاتێک لە هونەرەکەیدا لاسایی شتێکی جیهانی هەستپێکراو دەکاتەوە؛ ئەوا لاسایی لاساییکراوەی کردووەتەوە و بەمەش دوو هەنگاو لە ڕاستی دوور دەکەوێتەوە، بەم کارەشی ((هونەرمەند نەک

[1] – جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق(١٩٥٠ – ١٩٧٠)، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٣٨-٣٩

[2] – أميرة حلمي مطر، فلسفة الجمال، دار القلم، القاهرة، ١٩٦٢، ص ٨٧

[3] – محمود عبدالله الخوالدة و محمد عوض الترتوري، التربية الجمالية علم النفس الجمال ص٩٦-٩٧

تـەنها لـە واقـع دوور دەکەوێتـەوە، بـەڵکو دەبێتـە کۆسـپێکیش لەڕێگـەی تێگەیشـتنی حەقیقەتی بوون، چونکە زۆرجار هونەرمەند شتی وا دەردەبڕێت کە دزێو و خراپن. بۆنموونە: هونەرمەند دیمەنی کەسێکی سەرخۆش یا تاوانکار یا هیچ و پوچێ دەکێشـێ، ئەوا بەم کارەی نموونـەی مرۆڤی خراپ و ناشایستە و ڕواڵـەتی شـاز دێنێتە گۆڕێ .. هەروەها کاتێ شاعیر باسی کاری ناچیز و هەوەسبازی دەکا، ئەوا کاری خراپ دەکاتە سەر بینەران و گوێگران و بۆ ئـەم کـارە بەدانە پاڵیان پێوە دەنێ))[1] هەربۆیە ڕێگا بە هونەرمەندان نادات لە کۆمارە نموونەییەکەیدا بمێنێتەوە و شاربەدەریان دەکات.

ئەفلاتۆن وەکو فەیلەسوفێک مامەڵەی لەگەڵ هونەر و شیعردا کردووە و بڕوای وایە، کە دەبێت هونەرمەند پابەندی ڕەوشت و بەها باڵاکانی کۆمەڵگا بێت و بەدوای حەقیقەتدا بگەڕێت نەک چێژ و جوانی.

**ئەرسـتۆ** (٣٨٤_ ٣٢٢ پ.ز) فەیلەسـوفێکی ئایـدیایی یۆنانـە، قوتـابی ئەفلاتۆنـە و کاریگـەری مامۆسـتاکەی بەسـەرەوەیە، بـەڵام لـە هەنـدێک بیروراکانیـدا دەربـارەی لاسـاییکردنەوە و هونـەر و شـیعر پێچەوانـەی (ئـەفلاتۆن)ی مامۆسـتایەتی. ئەرسـتۆ یەکـەمین فەیلەسـوفە بەرهـەمێکی سـەربەخۆی لەسـەر هونـەر و شـیعر دانـاوە، کـە گرنگترین بەرهەمێتی و ناوی (پۆیەتیکا_Poetica)یە. ئەرستۆ بەرهەمە هونەرییەکانی سەردەمی خۆی شیدەکاتەوە و تایبەتمەندییەکانیان دیاری دەکات و کۆمەڵێک بنەما و یاسا بۆ داهێنانی هونەری دادەنێت. ((کتێبی "پۆیەتیک" بەبۆچوونی هەموو نووسەرانی ئەمڕۆ یەکەمین کتێب لە بارەی ڕەخنەی ئەدەبییە و بەشێوەیەکی لۆژیکیش دەبێ پشت ئەستور بە تیۆرییەکی تۆکمە لەمەڕ جوانی بێ))[2]

ئەرستۆش وەکو ئەفلاتون بڕوای وایە هونەر و شیعر لاساییکردنەوەن، بەڵام ئەرستۆ بە پێچەوانەی ئەفلاتۆنەوە پێی وایە لاساییکردنەوە خویەکی زگماکی مرۆڤە و مرۆڤ چێژی لێ وەردەگرێت و هونەرمەند لەڕێگەی لاساییکرنەوەی سروشتەوە داهێنان دەکات و جوانی دەخولقێنێت

**لۆکریشـیۆش** (٩٩ _ ٥٥ پ.ز) فەیلەسـوفێکی لاتینییـە و خـاوەنی چامـەی (لـە سروشتی شتەکانەوە)یە کە یەکێکە لە چامە مەزنەکانی سەردەمی خۆی. پێی وایە مرۆڤایـەتی پێویسـتییەکی زۆری بـە هونـەر هەیـە بـۆ ژیـانی خـۆی. ئـەم فەیلەسـوفە

[1] – کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل ٢٤
[2] – بابەک ئەحمەدی، هەقیقەت و جوانی، ل ٨٠

((هەندێک بابەتی ئیستاتیکی لەسەر بنەمای ماتریالّی بۆ جیهان چارەسەرکردووە و بڕوای وایە هونەر پێویستییەکی مرۆڤایەتییە و بەهۆی پێویستی مرۆڤەوە بۆی پەرە دەسێنێت و لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگەدا دەرکەوتووە و مۆسیقا و وێنە و سەما و گۆرانی وەک پێویستییەکی تەواوکەری ژیان دەرکەوتوون))[1]

لۆکریشیۆش هونەر و ئەدەب بە لاساییکردنەوەیەکی سروشتی سروشت دادەنێت و بڕوای وایە مرۆڤ لە لاساییکردنەوەی باڵندەوە فێری ئاواز بووە و توانیویەتی ئاوازەکانی مۆسیقا دابهێنێت. هەروەها دەیەوێت پێمان بڵێت کە گەشەکردنی هونەر لە بارودۆخە سروشتییەکانەوە گەشەی کردووە، و هونەر جگە لەوەی چێژمان پێ دەبەخشێت، لە هەمانکاتدا هۆکارێکیشە بۆ گشتاندنی زانیاری دەربارەی سروشتی شتەکان[2]

**هۆراس** (٦٥_٨ پ.ز) ڕەخنەگر و شاعیری بەناوبانگی لاتینە، شارەزاییەکی زۆری لە ئەدەب و هونەری گریکدا هەیە، بەرهەمە بەناوبانگەکەی ناوی (پۆیەتیکا)یە، ئەم بەرهەمە لە بنەڕەتدا ناوی (نامەیەک بۆ خێزانی پیزۆ)بووە، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر لەژێر کاریگەری ئەرستۆدا بووە دوای خۆی ڕەخنەگران ناوی بەرهەمەکەیان گۆڕیوە بۆ (پۆیەتیکا).

هۆراس لە بەرهەمەکەیدا باسی مەبەستەکانی شیعر دەکات و بڕوای وایە مەبەستی شیعر یان چێژگەیاندنە، یان سوود بەخشینە، یاخود ئارەزوو بزواندن و لێکدانەوەی پەندەکانی ژیانە، هۆراس ((بەم قسەیەی لەبواری ئیستاتیکدا نیشانی شکاندووە و پوختەیەک و کاکڵەیەکی دەربارەی زانستێک داوەتە دەست کە ئەمڕۆ جوانناسی واتە فەلسەفەی ئەدەب و هونەری پێ ئەوترێ، لەیەک دابڕینی ئەم دوو لایەنەی مەبەستی شیعر مەسەلەکە لاسەنگ ئەکات و لە گۆشەیەکەوە لە بایەخی بەرهەمە ئەدەبییەکە یاخود هونەرییەکە کەم ئەکاتەوە))[3]

هۆراس بڕوای وایە زمانی شیعر گرنگییەکی زۆری لەبەرجەستەکردنی جوانی هەیە و جەخت لەسەر بەکارهێنان و داڕشتنی وشەی تازە و نوێباو دەکات، لای

[1] – م.اوفسيانيكوف و ز.سميرنوفا، موجز تاريخ النظريات الجمالية، ت: باسم السقا، ط٢،دار الفارابي، بيروت، ١٩٧٩، ص ٣٢

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢-٣٣

[3] – هۆراس، هونەری شیعر، و: حەمید عەزیز، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٥، سلێمانی، ل٩

هـۆراس یـەكێك لـە بنـەما ئیسـتاتیكییەكانی دەقـی ئـەدەبی فڕێـدانی وشـە كۆنـەكان و بەكارهێنانی وشەی نوێیە، بەمەرجێك بتوانێت جێی شیاوی خۆی بگرێت و خزمـەت بـە دەقەكە بكات، لەم بارەیـەوە دەڵـێ: ((ئەگـەر لـە پێكـەوە گونجـانی وشـەكاندا وردبـی بـەو تێهەڵكێشانەی كە وشـەیەكی نوێیـان پـێ لـە جێگـای وشـەیەكی كـۆن دادەنرێت دەرفـەتی گەیشتن بە ڕەوانبێژیت بۆ دێتـە پێشـەوە، ئەگـەر هەڵكـەوت چـەند مـەدلولێكی داپۆشـراو هەبێ پێویسـت بـێ بـە وشـەی نـوێ ڕوون بكرێنـەوە، ئـەو كاتـە ئادەمیزاد مـافی ئـەوەی دەبێ وشەی وا دابڕێژێ كە بەر گوێی "سیتیگوسی زونار بەستو" نەكەوتبن))[1] هەروەها هـۆراس جـەخت لـە سـەر گونجـان دەكاتـەوە و بـڕوای وایـە دەقـی ئـەدەبی دەبێـت گونجانێكی گشتی دوولایەنی تێدا بێت، یەكـەمیان گونجـانی كەرەستەكانی دەقەكە لـەناو خۆیاندا و دووەمیـان گونجـانی دەقەكە لەگـەڵ دەرەوەی خـۆی و خـەڵك و عەقڵدا، لـەم بارەیەوە دەڵێ: ((هۆ دۆستینە ئایا لە پێكەنین دەكەون ئەگەر هاتوو بۆ بینینی وێنەیـەك بانگكران كە وێنەكێشەكەی ویسـتبێتی سـەری ئادەمیزادێك بـە ملـی ئەسـپێكەوە بلكێنـێ، یـاخود ویسـتبێتی لـە گیـان لەبەرێكدا ئەنـدامانی لەشـی توخمـە ئاژەڵـە جیاوازەكـان كـۆ بكاتـەوە ... كتێبێـك كـە ئـەو وێنـە و خەیاڵانـەی تیایـدان هـەروەك زینـدە خـەونی پیـاوی نەخۆش نایەنەدی و دوو بەش لە بەشەكانی لە كۆی یەكپارچەدا پێكەوە نانووسێن... بـە تێكڕایـی هەرچییـەكت دەوێ بینووسـی؛ بینووسـە مـادام هـەموو بەشـەكانی كارەكـەت پێكەوە دەگونجێن))[2]

**ئـەفلۆتین** (٢٠٤_ ٢٧٠ز) فەیلەسـوفێكی نـاودارە لـەژێر كاریگـەری بیروڕاكـانی ئەفلاتۆندایـە و بناغـەی ڕێبـازێكی فەلسـەفی دانـا كـە بـە "ئـەفلاتۆنیزمی نـوێ" ناسـراوە. ئەفلۆتین بڕوای بە ئایدیای جوانی هەیە و لە فەلسەفە ئیسـتاتیكییەكەیدا جـەختی لەسـەر دەكاتەوە و پێی وایـە ((تەنـە جوانـەكان لـە واقعدا شـوێنەوار و وێنـە و سـێبەری جوانی بـاڵان، بۆیـە پێویسـتە لەسـەرمان بـۆ ئـەم جوانییـە باڵایـە بچین بـە بووژاندنـەوەی ئـەو گۆشـەنیگا ڕووحییەی كـە لـە مرۆڤدا هەیـە و زۆروكـەم بـەكاری دەهێنێت، هـەروەها بـۆ ئـەوەی جـوانی بـاڵا بناسـین، پێویسـتە یەكـەمجار ڕووحمـان لەسـەرجەم تەنگەبەرییـە دنیاییەكان پاك بكەینەوە))[3]

---

[1] – هۆراس، هونەری شیعر، ل٢٠

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٧–١٨

[3] – م.اوفسیانیكوف و ز.سمیرنوفا، موجز تاریخ النظریات الجمالیة، ص٣٦

ئەفلۆتین جەخت لەسەر هارمۆنی و گونجان دەکاتەوە و بە بنەمایەکی سەرەکی جوانی دادەنێت، ئەمیش وەکو هۆراس بڕوای بە گونجانی دوو لایەنە هەیە "گونجانی ناوەکی و گونجانی دەرەکی" و لەم بارەیەوە دەڵێت:((جوانی هەرشتێک گونجانی نێوەکی پاژەکانییەتی ئەو خاڵەی کە کەسێک بۆ لای ڕادەکێشێ و ئاراییەکەی دەبێتە هۆی چێبوونی جوانی لەودا گونجانی دروستی پاژەکان لە گوڕ یەکدی و لە گوڕ هەمەک "کل"ەو بەپێوە زیادبوونی ڕەنگە جوانەکان، هەموویان پێکەوە دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەو شتە جوان بێتە بەرچاومان))[١]

**قەدیس ئۆگۆستین** (٣٥٤_ ٤٣٠ز) فەیلەسوف و بیرمەندی سەدەکانی ناوەڕاستە و سەر بە ئاینی مەسیحییە، بڕوایەکی قوڵی بە خودای تاقانە هەیە و لە گۆشەنیگای ئاینی مەسیحییەوە بیروڕا ئیستاتیکییەکانی خستووەتەڕوو. ئۆگۆستین بڕوای وایە خواوەند گەورەترین هونەرمەندە و داهێنەری هەموو جوانییەکی سەر زەمینە و لە کتێبی "دانپیانان"دا دەڵێ:((یەزدان ئەو هونەرمەندە گەورەیەیە کە فۆرم و جوانی نیزام بەپێی یاسا تایبەتییەکانی بە هەموو شتێک دەبەخشێ، یەزدان حەقیقەتی هەموو جوانییەکە، بەڵکو لە هەموو جوانییەک بەرزترە و جیهانیش جوانە، چونکە خوا دروستی کردووە))[٢]

ئۆگۆستین بڕوای وایە مرۆڤ حەزی لەشتی جوانە و خۆشی دەوێت، لەبەر ئەو گونجان و هارمۆنییەتەی تێیدایەتی، هەروەها حەزی بە ناشیرینی نییە و ڕقی لێیەتی لەبەر ئەو نەگونجان و ناڕێکوپێکییەی تێیدایەتی. بۆیە دەشێ شتێک جوان بێ کاتێک گونجانی عەقڵی لەنێوان بەشەکانیدا بەرجەستە دەبێت، یاخود ئاوازێک یان گۆرانییەک خۆش بێ بەنیسبەت گوێچکەکانەوە، لەبەر ئەوەی بەڕێگەیەکی عەقڵانی داهێنراوە و گونجانی عەقڵی تێدایە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە شتە جوانەکان سەرنج ڕادەکێشن لەبەر ئەو گونجان و هاوئاهەنگییەی لەنێوان بەشەکانیدا هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەی سەرچاوەی جوانی جیهانی هەستپێکراو؛ جوانی باڵای خوداییە کە لە شتە جوانەکاندا شاردراوەتەوە.[٣]

---

[١] – بابەک ئەحمەدی، هەقیقەت و جوانی، ل٨٨

[٢] – کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل ٤٠

[٣] – محمود عبدالله الخوالدة و محمد عوض الترتوري، التربية الجمالية علم النفس الجمال، ص١٠٨

**تۆما ئەکوینی** (١٢٢٥_ ١٢٧٤ز) فەیلەسوفێکی مەسیحییە و هەوڵی گونجاندنی بیروڕا ئیستاتیکییەکانی ئەرستۆ و بیروباوەڕی ئاینی مەسیحی داوە و فەلسەفە ئیستاتیکییەکەی لەسەر ئەم بنەمایە داڕشتووە، بڕوای وایە ئەدەب لاساییکردنەوەیەکی داهێنەرانە و سەرکەوتووانەی سروشتە و دەڵێت:((شتی جوان ئەوەیە لاسایی شتە بنچینەییەکە دەکاتەوە با شتە بنچینەییەکە ناشرینیش بێت، بەو واتایەی شتە ناشرینەکانیش جوان دەبن ئەگەر بەشێوەیەکی جوان لاسایی کرانەوە))[1]

ئەکوینی جەخت لەسەر ئایدیای جوانی دەکاتەوە و بڕوای وایە هەر شتێک ئەم ئایدیایەی تێدابێت ئەوا جوان دەنوێنێ و لەلای ئەم فەیلەسوفە جوانی بوونێکی بابەتیانەی هەیە و لە خودی شتەکاندایە، لەم بارەیەوە دەڵێت:((جوانی شتەکان لە خودی شتەکاندایە، جوانی لە خودی تابلۆدایە، لە خودی مۆسیقادایە.))[2]

**ڕینیە دیکارت** (١٥٩٦ _ ١٦٥٠ز) فەیلەسوف و بیرمەندی سەردەمی ڕێنیسانسە، یەکێکە لە دیارترین بیرمەندی سەردەمی نوێ، خاوەنی کتێبی (بیروڕا دەربارەی ڕێگای عەقڵانی)یە کە لەساڵی ١٦٣٧ز دایناوە و بیروڕا فەلسەفییەکانی خۆی تێیدا ڕوونکردووەتەوە. دیکارت بڕوای بە ڕێژەیی بوون و خودی بوونی جوانی هەیە و ((تیۆری ڕێژەیی "نسبی" لە جوانیدا هێنایە کایەوە. جوانی چییە؟ کەس ئەمە نازانێ، جوانی بەپێی وڵات دەگۆڕێ لە هیندستان جوانی لێوی ئەستور و پف دراو و لوتی بەرین و پانەوەبووی هەیە، لە پیرۆ گوێی گەورە هەیە، لە وڵاتانی دیکە ددانی سور و ڕەشی هەیە...هتد. واتە جوانی لەهەر وڵاتێ چەمکی تایبەتی هەیە... دیکارت باوەڕی وایە کە "زەوق" بڕیاری جوانی و دزێوی شت دەدا، بەر لە جوانی زەوق هەیە))[3] بەم پێیە جوانی دەوەستێتە سەر چێژ و ئارەزووی کەسەکان و ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی تێیدا دەژین، لەگەڵ ئەو پاشخانە کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابووری و سیاسییەی کەسەکان هەیانە هەموویان کاریگەرییان لەسەر بیری جوانیناسی مرۆڤ هەیە. ئەم بیروڕایانەی دیکارت دەروازەیەکی فراوان و گرنگی لەبەردەم هونەرمەندان و ئەدیباندا کردەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەپێی چێژ و ئارەزووی خۆیان بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکانیان پێشکەش بکەن و چیتر پەیڕەوی چێژی باو نەکەن کە کلاسیزم داوای دەکرد.

---

[1] – محمود عبدالله الخوالدة و محمد عوض الترتوري، التربية الجمالية علم النفس الجمال، ص١٠٨

[2] – عقيل مهدى يوسف، الجمالية بين الذوق و الفكر، ط١، مطبعة سلمى الفنية الحديثة، بغداد، ١٩٨٨، ص٥٢

[3] – کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل ٥٤

دیكارت بڕوای وایە هونەر و دیاردەكانی جوانی چێژێكی دوو لایەنە بە مرۆڤ دەبەخشن، كە یەكەمیان چێژیكی خاوەن سروشتێكی عەقڵی و بیرییە، دووەمیشیان چێژێكە خاوەن سروشتێكی هەستی ویژدانییە، كە پشكی لایەنی هەستی چێژەكە گەورەترە. هەروەها ناتوانین بە پێوەرێكی دیاریكراوی عەقڵی جوانی بپێوین، چونكە بڕیاردانی جوانی ڕێژەییە و پشت بە لایەنەكانی یادەوەری و ئارەزووەكان و كەسایەتی مرۆڤ دەبەستێت، بە جۆرێك كە جوانی ناتوانێ بگاتە پلەی هەستكردنی عەقڵی، واتە بڕیاردانی ڕەهای جوانی بوونی نییە، چونكە ئەوەی سەرنجی كۆمەڵێك بۆلای خۆی ڕادەكێشێ، ڕەنگە لای خەڵكانی تر سەرنجڕاكێش نەبێت.[1]

دیكارت بڕوای وایە پێویستە هاوسەنگی گونجان هەبێت لەنێوان ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی جوانیدا، هەروەها هارمۆنی و گونجان هەبێت لەنێوان كارە ئیستاتیكییەكە و ئەو هەستەی مرۆڤ، كە پەیوەستە بە چێژوەرگرتن لەو جوانییە و ((وای دەبینێ كە چێژی هونەری لە نێوان دوو لایەندایە: زیادەڕەوی لە وروژاندنی هەست و كەموكورتی لە وروژاندنیدا، بۆ نموونە بەرزكردنەوەی دەنگ بۆ ئاستێكی زۆر بەرز دەبێتە هۆی ئەوەی هەستی بیستن نەتوانێت چێژ وەربگرێت، بەهەمان شێوە ئەگەر نزم بكرێتەوە دیسانەوە كاریگەری دەبێ لەسەر وەرنەگرتنی چێژی بیستن. هەموو ئەندامەكانی هەستكردن حاڵەتی هاوسەنگییان هەیە كە لەنێوەندی زیادەڕەوی لە بەكارهێنانی هێزی دەماری و نەتوانینی بەكارهێنانیدایە و هەر بابەتێك توانی ئەم هاوسەنگییە بەجێ بهێنێت، ئەوا چێژ و خۆشیمان پێ دەبەخشێت))[2]

**ئەكسەندەر باومگارتن** (١٧١٤_١٧٦٢ز) بیرمەند و تیۆریستێكی ئیستاتیكای ئەڵمانیی سەردەمی ڕۆشنگەرییە و بە باوكی نوێی ئیستاتیكا دادەنرێت. باومگارتن بیرورا ئیستاتیكییەكانی خۆی لە كتێبی (ڕامان لە شیعرReflections on Poetry )دا دەربڕیوە، كە لەساڵی (١٧٣٥ز) بە لاتینی نوسیویەتی و بۆ یەكەمین جار وشەی ئیستاتیكای تێدا بەكارهێناوە. باومگارتن ((لەو كتێبەدا باسی مەسەلەكانی زەوقی هونەری و پێكهێنەرەكانی دەكات. ئینجا ئەم وشەیە "ئیستاتیكا" لەلایەن فەیلەسوفان و

[1] – هدیل زكارنة ، علم الجمال، ط ١، مركز الكتاب الأكاديمي، عمان، ٢٠٠٣، ص٤٠

[2] – محمد سعد حسان و خلود بدر غيث و معتصم عزمى الكرابلية، مقدمة فى علم الجمال، ط١، مكتبة المجتمع العربى للنشر، عمان، ٢٠٠٥، ص٦٠

هونەرمەندان و ڕەخنەگرانەوە بەمەبەستی گەیاندنی مانای فەلسەفەی جوانییان بەیەکەوە گرێدانی جوانی و هونەر بەکارهێنراوە))[١]

باومگارتن بڕوای وایە پەیوەندی نێوان جوانی و هەستەکان پەیوەندییەکی قوڵە و جوانی ئەو شتە تەواوەیە کە بە هەستەکان درک دەکرێن ((باومگارتن جوانی "beauty"وەک ئەو کەماڵە پێناسەکردوە کە بە هەستەکان دەرکدەکرێن، گرنگی ئەم پێناسەیەش زیاتر بۆ هونەر دەردەکەوێت، چونکە بەزۆری جەختدەکاتە سەر دەرککردن لەرێگەی هەستەکانمانەوە، ئەمەش خۆی وشە نوێیەکەی باومگارتنمان لەجەوهەریدا بۆ راڤەدەکات کە لەبنەڕەتدا داتاشراوی "aesthesis" ی گریکیە و مانای دەرککردنی هەستئامێز دەگەیەنێت... بەکارهێنانە نوێیەکەی باومگارتن بەشێک بوو لە جەختکردنە سەر چالاکی خودییانەی هەستەوەرەکان و داهێنانی مرۆیی تایبەتمەند لەهونەردا کە لەو کایانەدا باو بووە))[٢]

باومگارتن جوانی و حەق و خێر لە یەکتری جیا دەکاتەوە و پێناسەی (( جوانی بە تەواوی زانیاری هەستی و حەق بە تەواوی زانیاری عەقڵی و خێر بە تەواوی خواستنی خۆیی" ارادی" دەکات و وایدەبینێ جوانی سیستمی پەیوەندییە ئاڵۆگۆڕەکانی نێوان بەشەکان و پەیوەندی هەموو بەشێک بە گشتەوەیە))[٣]

**ئێما نوئێل کانت** (١٧٢٤_ ١٨٠٤) فەیلەسوفێکی گەورەی سەردەمی ڕۆشنگەرییە و بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئیستاتیکا و فەلسەفەی ئایدیالی ئەڵمانی دادەنرێت. کانت گرنگییەکی زۆری بە جوانی داوە و زۆرترین لێکۆڵینەوە و ڕامانی ورد و زانستییانەی دەربارەی ئیستاتیکا هەیە، ((کتێبی "ڕەخنە لە بڕیاردان"ی کانت یەکێکە لە کۆڵەکەکانی بنیادنانی زانستی جوانی، تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ناشێت بنەمایەک دابنرێت بۆ ئەوەی مرۆ لەمیانیدا جوانی شتێک دەسگیر بکات، حوکم و بڕیاردان لەسەر جوانیناسی بڕیارێکی خودییە و لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت)) [٤] بەمجۆرە کانت پەرەی بە بیروڕاکانی دیکارت دا و خودی بوونی جوانی ڕاگەیاند و ئەوەی سەلماند کە جوانی ڕێژەییە و ئەوەی لای یەکێک جوانە ڕەنگە لای یەکێکی تر ناشرین

[١] – کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل ١٢
[٢] – ڕەیمۆند ویلیەمز، ئیستاتیکا، و: بروا عەلادین، http://brwaaladdin.blogspot.com/٢٠١١/٠٤/aesthetic.html
[٣] – محمود عبدالله الخوالدة و محمد عوض الترتوري، التربية الجمالية علم النفس الجمال، ص١١٢
[٤] – تەها ئەحمەد ڕەسوڵ، ئیستاتیکا و فەلسەفەی هونەر، ل٨٦

بێت و هیچ ڕێگەیەکیش نییە بۆ سەلماندنی ڕاستی ڕای یەکێکیان، چونکە هەر یەکێکیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە بۆ شتەکان دەڕوانێت.

کانت بڕوای وایە جوانی پەیوەندییەکی قوڵی بە هەستەکانی مرۆڤەوە هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی چێژی لێ ببینێت و دەروونی ئارام بێتەوە و ڕوحی ئاسوودە بێت. جوانی هونەریش بە ڕادەیەکی زیاتر لە جوانی سروشتی چێژ بە مرۆڤ دەبەخشێت و ئەم فەیلەسوفە ((جوانی وەک پردێکی نێوان جیهانی بەرهەست و دەرهەست لە ئەژمارهێناوە و ئەو تام و لەزەتانە کە لە جوانی هونەر دەبێتەوە لە چەشنە هەستیارییەکانی دیکەی بە تام و چێژ بوون جیادەکاتەوە و ئەوانە ناو دەنێت "تام و چێژە بێ لایەنەکان"))[1] هەر لەبەر ئەمەیە ناکرێت پێوەر و بنەمای چەسپاو و نەگۆڕ بۆ جوانی دابنرێت، چونکە (( لەگەڵ بڕیاردانی لۆژیکدا جیاواز دەکەوێتەوە کە لەسەر بنەما ئەقڵییەکان دەوەستنەوە .. بڕیاردان لە وەرگرتنی چێژدا ناکرێت بابەتییانە و گشتگیر بێت، سەرباری بوونی مەرجە خودییەکانیش، بڕیاردان هەر یەکێکە لای هەموو کەسێک و دواتر ئەو بڕیاردانە لەسەر چێژی گشتی بەشێوەیەکی گشتگیر دەردەچن، لێرەوە کانت بە جوانی دەڵێت:"یاسایەکی بێ یاسا" دەربارەی هونەریش وتوویەتی:"هونەر نمایشکردنی شتێکی جوان نییە  ئەوەندەی نمایشکردنی جوانییە بۆ شتێک"))[2]

کانت لەسەر بنەمای مەبەست و سودخوازی جوانی دابەش دەکات بۆ دوو جۆر: ((جوانی ئازاد: کە لەم جۆرەدا هیچ چەمک و مەبەست و سوودێک نییە. جوانی هاوەڵ: لەبەرئەوەی جوانی ئازاد هیچ چەمکێکی دەربارەی چییەتی شتەکە پێویست نییە، ئەوا جوانی هاوەڵ ئەو تێگەیشتنەی پێویستە لەگەڵ بەدیهێنانی شتەکە بەشێوەیەک کە هاوجووتی ئەم چەمکە بێت))[3] بۆ جوانی ئازاد نموونەی نەخشونیگار و مۆسیقا دەهێنێتەوە و بۆ جوانی هاوەڵیش نموونەی جوانی جەستە و جوانی باڵەخانە دەهێنێتەوە

کانت چەشەی ئیستاتیکی بە هەست و زانینەوە دەبەستێتەوە و ماوەکانی بڕیاردانی چەشەی هەستی دابەش دەکات بۆ چوار بەش کە بریتین لە:

---

١ – بەهرام میقدادی، جوانیناسی، و: بابەک سەحرانەوەرد، گ. ڕامان، ژ١٨٦، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٨٦
[2] – تەها ئەحمەد ڕەسوڵ، ئیستاتیکا و فەلسەفەی هونەر، گ. ڕامان، ژ١٧٩، ٢٠١٢، ل٨٦
[3] – م.اوفسيانيكوف و ز.سميرنوفا (١٩٧٩)، موجز تاريخ النظريات الجمالية، ص٢٥٧

١_ لەڕووی چۆنێتییەوە: جوانی ئەو شتەیە کە مرۆڤ ئاسوودە دەکات چێژی پێ دەبەخشێت بەبێ ئەوەی لە پشت ئەم ئاسوودەییەوە سوودێکی دیاریکراو یان مەبەستێک هەبێت.

٢_ لەڕووی چەندێتییەوە: جوانی ئەو شتەیە کە بەڕێگایەکی گشتی تەواو ئاسوودەمان دەکات بەبێ بەکارهێنانی بۆچوونە عەقڵییەکان.

٣_ بەپێی ئامانجە بەرچاوگیراوەکانی: جوانی فۆرمی ئامانجداری بابەتێکە تا ئەو ڕادەیەی کە ئەو فۆڕمەی تیا بەدی دەکرێ بەبێ ئەوەی ئامانجەکە بدا بە دەستەوە.

٤_ بەپێی ڕادەی چێژوەرگرتن لە شتەکە: جوانی ئەوەیە کە بەبێ تێگەیشتن؛ بە بابەتی لەززەتیکی حەتمی بزانرێ.[١]

**جۆرج ولیام فریدریک هیگڵ** (١٧٧٠– ١٨٣١ز) فەیلەسوف و بیرمەندێکی ئەڵمانییە، فەلسەفەی ئیستاتیکی کلاسیکی ئەڵمانی گەیاندە لوتکەی گەشەسەندنی، بڕوای وایە جوانی پەیوەندییەکی پتەوی بەلایەنەکانی کۆمەلایەتی و فەلسەفی و سیاسییەوە هەیە. هیگڵ بۆ لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە جوانی دەگەڕێتەوە بۆ جوانی ئایدیایی و لە کتێبی ( چەند وانەیەک لە ئیستاتیکادا) جەخت لەسەر ئەم بۆچوونەی دەکاتەوە و پێی وایە (( دەبێ بۆ لێکۆڵینەوەی جوانی لەو سەرەتایەوە دەست پێ بکەین کە جوانی بە ئایدیا "Idea" یان " حەقیقەتێکی هەموویی" دابنێین، چونکە تەنها ئەم ڕێگەیە بۆمان دەلوێنێ لە زۆر تەنگ و چەڵەمە دوور کەوینەوە کە زۆری بابەتەکانی جوانی و بەربڵاوی ڕواڵەتەکانی چ لە سروشتدا و چ لە هونەردا پەیدا دەکەن))[٢] بەمجۆرە هیگڵ تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە بناغەی جوانی دەخاتەڕوو جوانی بە ئایدیا؛ و بیرۆکە بەبنەمای جوانی دادەنێت و ((جوانی بەم پێیە "دەرکەوتی هەستەکیی بیرۆکەیە" شتێک کە هیگڵ ئایدیالی پێ دەوت، بیرۆکە هەندێ جار لە جەرگەی کاروباری ڕاستەقینەدا دەردەکەوێ و هەندێ جار لە جەرگەی جوانیدا. تێگەیشتن لە خاڵی یەکەم فەلسەفەیە، بەڵام تێگەیشتن لە خاڵی دووەم تەنیا لە هونەردا دەلوێ))[٣]

[١] – خاڵەکانی یەکەم و دووەم (أميرة حلمي مطر، فلسفة الجمال، دار القلم، القاهرة، ١٩٦٢، ص ٩٤) خاڵەکانی سێیەم و چوارەم (کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل ٦١،٦٣)
[٢] – کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل ٧٨
[٣] – بابەک ئەحمەدی، هەقیقەت و جوانی، ل١٢٥

هیگڵ بڕوای وایە ناوەرۆک ئایدیای کاری ئەدەبییە، کە دەبێتە بناغەی ئیستاتیکی کاری ئەدەبی و فۆڕمیش تەنها ڕووپۆشێکی ئەم ئایدیایەیە و دەڵێت:(( جوانی ئەو شێوە هەستیاری هونەرییەیە کە بنچینەی بیرکردنەوەیە لە ناوەرۆکدا، بەڵام شێوەی جوانی وێنەگرتنی هەستیی وێنەگرە بۆ بیرکردنەوە. بۆ ئەوەی بگەینە بابەتێکی هونەری دەبێ ناوەرۆک لێکبدەینەوە بەشێوەیەکی زانستی))[1] هەروەها هیگڵ جیاوازیی لەنێوان جوانی سروشتی و جوانی هونەریدا دەکات و جوانی هونەری بەپلەیەکی باڵای جوانی دادەنێت و بڕوای وایە ((جوانی هونەری بەرزترە لە جوانی سروشتی، چونکە جوانی هونەری بەرهەمی ڕوحە، لەبەرئەوەی ڕوح بەرزترە لە سروشت بۆیە بەرزییەکەشی دەگوازێتەوە بۆ بەرهەمەکانی و بۆ هونەریش))[2]

## ١-١-٤/ مێژووی ئیستاتیکای ئەدەبی ئیسلامی عەرەبی

مێژووی جوانی لای عەرەب و نەتەوە ئیسلامیەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلام؛ ئەگەرچی لە شیعری پێش ئیسلامیشدا گرنگیدان بە جوانی هەبووە، بەڵام لەسەر بنەمای ڕامانی جوانی نەبووە و تەنها هەستێک بووە بەرامبەر بە جوانی، کە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە. هەروەها لە پێش هاتنی ئاینی ئیسلامدا هیچ لێکۆڵینەوەیەکمان لەبەردەستدا نییە، کە باسی جوانی و بنەماکانی و تایبەتمەندییەکانی کردبێت. ئاینی ئیسلام گۆڕانێکی جەوهەری لە تێڕوانینی جوانی و تایبەتمەندییەکانی و بنەماکانیدا کردووە. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا گرنگییەکی زۆری بە جوانی داوە و داوا لە مرۆڤ دەکات لە جوانییەکانی گەردوون و سروشت و مروڤایەتی ڕابمێنن، ئەمەش لەبەرئەوەی ((خوای گەورە جوانی وەک توخمێکی سەرەکی لە بنیادنانی گەردوون و بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئاین و شەریعەتەکەی دادەنێ و دەروونی ئادەمیزادیش بە باوەڕە دروستەکەیەوە جوانی بە سیفەتێکی جەوهەری لە خۆیدا دەبینێتەوە، پێیەوە دەتوانێ بەرەو ئاسۆیەکی بەرز و تەواوی مرۆیی هەنگاو بنێ))[3]

---

[1] – ئامانج عوسمان حەمەد، لێکدانەوەی سایکۆلۆژی بۆ ئیستاتیکا، گ. ڕامان، ژ٣٩، هەولێر، ١٩٩٩، ل٣٤

٢ – هیغل، المدخل الی علم الجمال، ت: جمال طرابیشی، ط١، دار الطایعة، بیروت، ١٩٧٨، ص ٦

[3] – مقداد حەمە ساڵح، سەرنجێک لەسەر ئیستاتیکا، چ١،چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٧٨

قورئانی پیرۆز باسی له جوانی کردووه له دروستکردنی گەردوون و سروشت و مرۆڤدا و هانی مرۆڤی داوه سەرنجی ئەو جوانییانه بدات و لێیان ڕابمێنێت، ئەمەش بۆ ئەوەی مرۆڤ گەورەیی دەسەڵاتی خواوەندی بۆ دەربکەوێت. ((قورئانی پیرۆز گرنگییەکی زۆری به دیمەنەکانی جوانی له بوونەوەردا داوه، ئەمەش به تەنها خۆی وەرچەرخانێک بوو، که بەهای خۆی هەیه له لایەنی مێژوویی گەشەسەندنی هزریی عەرەبییەوە، چونکه ڕاوەستان له بەرامبەر جوانی سروشت و کاریگەربوون بەم جوانییه پێویستی به هۆشیارییەکی ئیستاتیکی بەرزتر هەیه لەوەی لای شاعیرانی جاهیلی دەبینرێت له هەڵوێستیان بەرانبەر جوانی خۆشویستراو ))[1]

خودای گەوره له سورەتی (ق) ئایەتی (٦_٧) دەفەرموویێت:(( أفلم ينظروا إلى السماء فوقهم كيف بنيناها وزيناها وما لها من فروج (٦) والأرض مددناها وألقينا فيها رواسي وأنبتنا فيها من كل زوج بهيج)) واته: ((ئایا ورد نەبوونەتەوه لەو ئاسمانەی که بەسەریانەوەیه: چۆنمان دروست کردووه و ڕازاندوومانەتەوه بەجۆرێک هیچ کەموکووڕی و کەلێنێکی تیدا نییه _ هەروەها زەویمان ڕاخستووه و بڵاومان کردۆتەوه و کەژ و کێومان لەسەری دامەزراندووه و له هەموو جۆره ڕووەکێکی جوان و ڕازاوەمان تێدا ڕواندووه))[2] لێرەدا خوای گەوره داوا له خەڵکی دەکات له جوانییەکانی ئاسمان و زەوی ورد بنەوه و چێژی لێوەربگرن و توانا و دەسەڵاتی خوای گەوره ببینن که چەند به جوانی هەموویانی دروستکردووه و ڕازاندوویەتییەوە.

خودای گەوره له سورەتی (النحل) ئایەتی (٦) باسی کاتی گەڕانەوەی مەڕومالآت دەکات بۆ ماڵ و و پاشان باسی ئەوه دەکات که بەیانیان دەریان دەکەن بۆ دەشت و دەر و لەوەڕگا ، که دیمەنێکی زۆر جوانی هەیه و مرۆڤ چێژی لێ وەردەگرێت وەک دەفەرموویێت:((و لكم فيها جمال حين تريحون و حين تسرحون)) واته:(( کاتێک ماڵاتەکان دەهێننەوه له ئێوارانداʺبەتێری و بەشیرەوەʺ له بەرەبەیاندا لەماڵ دەریان دەکەن، دیمەنێکی جوانتان بۆ دەنوێنن" دەروونی ئیماندار دەخرۆشێنن، به جیاوازی قەباره و دەنگ و ڕەنگ و یاری و گەمەیان))[3] لێرەدا پێشخستنی ئێواران بۆ ئەوه دەگەڕێتەوه که مەڕومالآت لەبەرئەوەی ئێواران تێروپڕن و چالاکییان زۆرتره جوانتر دەردەکەون وەک له بەیانیان که برسیانه و بۆ لەوەڕ دەچن.

[1] – عزالدين اسماعيل، الاسس الجمالية فی النقد العربی، ص١٣٥

[2] – بورهان محەمەد ئەمین، تەفسیری ئاسان، چ٣، چاپخانەی (اسوة)، قوم، ٢٠٠٢، ل٥١٨

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٧

ئەم گرنگیدان بە جوانییەی؛ کە قورئانی پیرۆز جەختی لەسەرکردووەتەوە، لەبەرئەوەیە کە جوانی هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی مرۆڤ، چونکە خوڵقاندنی جوانی لە گەردوون و جیهان و سروشتدا خۆی لەخۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو هۆکارێکە مەبەست لێی چەسپاندنی مرۆڤە لەسەر بەدەستهێنانی پەیوەندییەکی زیندوو و خێرا و ڕاستەقینە بە گەردوونەوە، کە ئەمەش دەبێات بۆ خالقی بوونەوەر لە ڕێگای ئەو خاڵانەی مرۆڤ زۆر هەڵوێستەی لەسەر دەکات و توانای لەسەر پەیوەستبوون و چالاکییەکانی هەیە[1]

ئەدۆنیس دەڵێ: (( دەقی قورئانی وەڵامی پرسیارەکانی بوون و ئاکار و چارەنووس دەداتەوە، بەشێوەیەکی ئیستاتیکی _ هونەری وەڵام دەداتەوە، لەبەرئەوە دەکرێت بە دەقێکی زمانەوانی وەسفبکرێت _ مەبەستم پێویستە لە تێگەیشتنی زمانەکەیەوە لێیتێبگەیت. ئەم زمانەش بە تەنها موفرەدات و پێکهاتەکان نییە، بەڵکو هەڵگری ڕوانینێکی دیاری کراوە بۆ مرۆڤ و ژیان و گەردوونیش _ کە بنەچە و نادیاری و کۆتایی هەیە. ئەم فۆرمە ئیستاتیکییە لە نووسیندا عەرەبی سەرسام کرد، بەشێوەیەک کە کۆکن لەسەرئەوەی دەگمەنە و نموونەیان نەدیوە و هاوشێوەی نییە))[2] هەروەها دەڵێ: (( سەرسام بوونی یەکەمی عەرەب لە بەرامبەر قورئاندا، زمانەوانی بووە، کە بە ئیستاتیکی و هونەری زمانەکەی شەیدا بوون. ئەم زمانە کلیلی ڕاستەوخۆ بووە، کە دەرگاکانی کردووەتەوە بۆ چوونە نێو جیهانی دەقی قورئانی و باوەڕداری بە ئایینی ئیسلام، لەبەرئەوە لە هیچ ئاستێکدا، ناکرێت جیاکاری بکەین لەنێوان ئیسلام و زماندا))[3]

فەرموودەکانی پێغەمبەریش (د.خ) باسیان لە جوانی کردووە و گرنگیان پێداوە و جەختیان لێکردووەتەوە، هەروەها پێغەمبەر(د.خ) گوێی لە شیعر گرتووە و ستایشی شاعیرانی کردووە لەسەر شیعرەکانیان و پەسنی شیعریشی کردووە. پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ: ((إن من البيان لسحرا و إن من الشعر لحكمة)) کامل حەسەن بەسیر دەربارەی ئەم فەرموودەیە دەڵێ: ((ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (د.خ) بەلای ئێمەوە

---

١- عباس محجوب، الأدب الأسلامي–_ قضاياه المفاهيمية و النقدية، ط١، عالم الكتب و الحديث للنشر و التوزيع، إربد، ٢٠٠٦ ، ص٣٥

٢ – ئەدۆنیس، دەقی قورئان و ئاسۆکانی نووسین، و: ئومێد عوسمان، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨، ل٨

[٣] – سەرچاوەی پێشوو، ل٩

لەبەشی یەکەمیدا پەنجە بۆ کارلێکردنی ڕوونبێژی درێژدەکات، کە بە زاراوەی ئێستامان ڕوخسار(فۆڕم)ی دەقی هۆنراوەیی دەگرێتەوە. بەمانای ئەوەی ئەگەر هاتوو ڕوخسار و فۆڕمی دەقێکی هۆنراوەی ڕوونبێژ بوو، واتە: وشەکەی ڕەوانبوون و ڕستەکانی بە چەشنێکی مەحکەم ڕێکخرابوون و بە وێنەی هونەری سازکرابوون، ئەوا وەکو جادوگەرێ کار لە گوێگر و خوێندەوار دەکات و جڵەوی هەست و نەستی دەگرێتە دەست))[1]

هەروەها پێغەمبەر (د.خ) جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە خوای گەورەیە سەرچاوە و بناغەی هەموو جوانییەکانە و هەموو جوانییەکیشی خۆش دەوێ، لەم بارەیەوە دەفەرموێ:((إن الله جميل يحب الجمال))[2] واتە: خودا جوانە و جوانیشی خۆش دەوێ.

((جێنشین "ئەبوبەکر _ ڕ.خ" شاعیرە جاهیلەکانی هەڵسەنگاندووە و بڕیاریداوە کە "نابیغە" لە هەموویان باشتر بووە، کە لێیانپرسی بۆچی "نابیغە" لە هەموویان باشتربوو؟ لە وەڵامدا وتی: چونکە هەڵبەستەکانی نابیغە ناسک و ڕەوانن و کێش و سەروای هۆنراوەکانی سووک و ئاوازدارن و لە ڕووی بیرۆکەوە وەکو دەریا ناوەرۆکەکانی قوڵن))[3]

لەسەرەتاکانی هاتنی ئاینی ئیسلامدا لەسەر بنەمای ناوەرۆکی شیعر بڕیار لەسەر شیعر دەدرا و هەر شیعرێک ئەگەر بنەما ئیستاتیکییەکانیشی تێدا بەرجەستە بووبێت، بەڵام ناوەرۆکەکەی لەگەڵ بنەماکانی ئاینی ئیسلامدا یەکی نەگرتایەتەوە، ئەوا بە شیعرێکی خراپ لە قەڵەم دەدرا و قەدەغە دەکرا و بەهایەکی وای بۆ دانەدەنرا.

**ئیبنو سەلامی جومەحی** (٧٥٦ _ ٨٤٥ز) مێژوونووس و ڕەخنەگری ناوداری عەرەبە، خاوەنی کتێبی (طبقات الشعراء)ە، کە لەم کتێبەدا بیروڕا ئیستاتیکی و ڕەخنەییەکانی خستووەتەڕوو، هەروەها قسە لەسەر شاعیران دەکات و هەڵیان دەسەنگێنێ و دابەشیان دەکات بۆ چەند چینێک، کە شاعیرانی سەردەمی جاهیلی و شاعیرانی سەردەمی ئیسلامی وەرگرتووە و هەر یەکەیانی بۆ (١٠) دە چین دابەشکردووە.

---

[1] – کامل حەسەن بەسیر، مێژووی ڕەخنەسازی، چ١، چاپخانەی تاران، تاران،٢٠١٥، ل١١١

[2] – ابن الأثير الجزري، جامع الأصول في أحاديث الرسول، ج ١٠، مطبعة الملاح، ١٩٧٢، ص ٦١٤

[3] – کامل حەسەن بەسیر ، مێژووی ڕەخنەسازی، ل١١٤-١١٥

ئەم زانایە قسەی لەسەر جوانی کردووە و پێوەری گشتی و بابەتیانەی بۆ جوانی داناوە و بڕوای وایە پێویستە جوانی کۆمەڵێک تایبەتمەندی بابەتییانەی هەبێت بۆ ئەوەی بەجوان دابنرێت، هەربۆیە کۆمەڵێک تایبەتمەندی بۆ جوانی ئافرەت داناوە و بڕوای وایە جوانترین ئافرەت دەبێت ((ڕەنگی ڕوون بێت، باڵای بەرز و باش بێت، دەم پاک بێت، چاو و لووتی جوان بێت، زمان پاراو و قژ درێژ بێت))[1] ئەم تایبەتمەندییانەی جومەحی بۆ جوانی ئافرەتی داناوە هەر ئەو تایبەتمەندییە گشتییانەن کە کۆمەڵگە بۆ جوانی دایناون و لای هەموو کەسێک جوانن.

جومەحی شیعری بە پیشەسازییەکی بەناوبانگ داناوە بڕوای وایە ((شیعر پیشەسازی و ڕێکخستنە و ئەهلی زانست وەک سەرجەم بەشەکانی زانست و پیشەسازی دەیزانن، تێیاندایە چاو ڕێکی دەخات، هەیانە گوێ ڕێکیدەخات، هەشیانە بە دەست ڕێکدەخرێت، هەشیانە بە زمان ڕێکدەخرێت))[2] هەروەها بۆ جیاکردنەوەی پیشەسازییە باشەکان لە خراپەکان ناتوانین بەتەنها پشت بە زانست ببەستین، بەڵکو ئەزموون و تاقیکردنەوەی بەردەوام دەبێتە بنەمای ڕاست و دروست بۆ جیاکردنەوەکە و بڕوای وایە کە (( ئێمە ناتوانین پیشەسازییانە باشەکان لە خراپەکانیان جیا بکەینەوە بەهۆی ڕەنگ یان کێش یان دەستلێدانیان، چونکە ئەم ڕواڵەتانە ڕەنگە بە هەڵەماندا بەرن، بەڵکو زانایان ئەم شتە دەزانن لەڕێگەی چاودێری کردن و گوێ لێگرتنەوە، بەبێ هیچ سیفەتێک کەبۆی بگەڕێنەوە، و بەبێ پشت بەستن بەهیچ زانستێک، چونکە بە زۆر لێکۆڵینەوە دەتوانی لە زانست دەربچیت. شیعریش هەروایە و ئەوانەی زانان پێی دەیناسنەوە))[3] بەمجۆرە مەشق و ڕاهێنان و پراکتیک دەبنە بنەمای هەڵسەنگاندن و جیاکردنەوەی شیعری باش لە خراپ، هەربۆیە پێویستە ڕەخنەگر ئەزموونی ڕەخنەگرتنی هەبێت، هەرچەندە ئەم ئەزموونەی ڕەخنەگرتنی زۆرتر بێت ئەوەندە باشتر دەتوانێت ڕەخنەی سەرکەوتووانە لە دەقی ئەدەبی بگرێت و ((کوڕی سەلامی جومەحی لەبەر تیشکی ئەم بناغەیەدا سەلماندوویەتی کە ڕەخنەسازی دەبێت لە نرخشووناسی

---

[1] – محمد بن سلام الجمحی (، طبقات الشعراء، دار الكتب العلمية،بيروت، ٢٠٠١، ص ٢٧

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦–٢٧

[3] – عبدالحسن حسن خلف: القيم الجمالية في الشعر العربي قبل الأسلام، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، ١٩٨٣، ص

وێژەدا خاوەن مەشقێکی فرە بێت و لەگەڵ خوێندنەوەی وێژەراندا ڕاهاتبێت و لە کۆڕی ڕەخنەسازاندا پراکتیکی بێ شوماری هەبێت))[1]

جومەحی جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت بۆ ناسینەوەی شیعری جوان و جیاکردنەوەی لە شیعری ناشرین پشت بەبیروڕای ڕەخنەگرانی بواری شیعر ببەستین و دەبێت ئەوان شیعری جوان یان ناشرینمان بۆ دیاری بکەن و نابێت هەرگیز مرۆڤ بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەوان بڕیاری جوانی و ناشیرینی شیعر بدات، لەم بارەیەوە دەڵێ: (( یەکێک بە "خەڵەف"ی گوت: ئەگەر گوێم لە شیعرێک بوو بە جوان و باشم زانی، ئیتر هیچ باکم نییە بە وەی تۆ و هاوڕێکانت دەربارەی دەیڵێن. ئەویش پێی گوت: ئەگەر تۆ درهەمێکت وەرگرت و بە باشت زانی و ژمێریار پێی گوتی ئەوە ساختەیە، ئایا بە باش زانینی تۆ هیچ سوودێکت پێدەگەیەنێت))[2]

**ئەبو عوسمانی جاحز** (٧٧٦-٨٦٩ز) فەیلەسوف و ڕەخنەگری عەرەبە و خاوەنی کۆمەڵە بەرهەمێکە وەک (الحیوان، البیان و التبیین، رسائل الجاحظ،... ) لە بەرهەمەکانیدا گرنگی بە جوانی داوە و لێی کۆڵیوەتەوە و بنەمای بۆ داناوە و ئەو هەستە سەرەکییانەشی دیاریکردووە کە ڕۆڵ دەبینن لە چێژوەرگرتن لە جوانی، هەروەها لەڕوانگەی گەردوونی و ڕەوشتی دەروونییەوە جوانی ڕوونکردووەتەوە. ((بەهای ئیستاتیکی لای جاحز وەکو سەرجەم بەهاکانی تر لەسەر بنەمایەکی ماددی دامەزراوە، کە لە سروشتی گەردوون یان سروشتی ڕەوشت یاخود سروشتی کۆمەڵگا یان سروشتی خودی هزرەوە درێژ بووەتەوە، لەو کاتەی لە چەند بۆتەیەکی زمانەوانی ئیستاتیکیدا گوزارشتی لێدەکات))[3] لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە جاحز تێڕوانینێکی فراوانی هەیە بۆ ئیستاتیکا و ((لەم تێڕوانینە ئیستاتیکیانەیدا هاوئاهەنگە لەگەڵ تێڕوانینە گشتییەکەی بۆ گەردوون و ئەو بەهایانەی تێیدایەتی و ئیستاتیکاش یەکێکە لەم بەهایانە، ئەمەش لە خودی خۆیدا بەرزکردنەوەی ئیستاتیکایە بۆ تێڕوانینێک کە دەکرێتەوە بەسەر بەهاکانی تردا نەک تەنها بۆ پێکەوەژیان، بەڵکو گۆڕینی ئیستاتیکا بۆ ئەوەی ببێتە پێوەرێک بۆ بەهاکانی تر))[4]
جاحز بڕوای وایە هۆکارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەیە لەسەر بەجوان دانانی شتەکان یان بە ناشرین دانانیان، چونکە ((نەبیستراوە کەسێک دژایەتی کەسێکی

[1] - کامل حەسەن بەسیر (٢٠١٥)، مێژووی ڕەخنەسازی، ل١٤٣

[2] - محمد بن سلام الجمحی، طبقات الشعراء، ص ٢٧-٢٨

٣ - مختار قطش، مفهوم الجمال عند الجاحظ، مجلة العلوم الانسانية، عدد١٨ :، جامعة قسنطينة١ ، ٢٠٠٢، ص٢٠٥

٤ - سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥

تر بکات لەبەر ئەوەی ڕووخسار و ئەندامەکانی جەستەی جوانن، بەڵام هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان کاریگەرییان لەسەر نرخپێدانی جوانی شێواندنی گەوهەری جوانی هەیە، وەکو مرۆڤە ڕژدەکان (حەسوودەکان) یاخود ڕق و کینە و دژایەتی کە دەبنە هۆی ناشرینکردنی جوانی و ناشرینترکردنی ناشرینی، یان خۆشەویستی، هەرکەسێکت خۆش بویَ جوان دەبێت لە چاوەکانتدا))[1]

جاحز بڕوای وایە سێ هەستی مرۆڤ ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە چێژوەرگرتنی جوانیدا کە بریتین لە هەستی بینین و هەستی بیستن و هەستی بەرکەوتن و لە پشت ئەم هەستانەوە دڵ هەیە کە چوارەمیانە. ئەم هەستانە نوێنەری دڵن و دڵیش دەکەوێتە نێوان هەستەکانی بینین و بیستن لەلایەکەوە و هەستی بەرکەوتن لەلایەکی ترەوە.[2] بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە جاحز بڕوای وایە سەرچاوەی سەرەکی چێژ وەرگرتن لای مرۆڤ دڵە و هەستەکان دەبنە نێوەندێک لەنێوان جوانی و دڵدا.

جاحز جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جوانی بەهرەیە و بە مرۆڤ بەخشراوە، بەڵام ڕەوشت و ڕەفتاری مرۆڤ بە جوان و ناشرینییەوە لە کۆمەڵگا و دەوروبەرییەوە وەریدەگرێت و فێری دەبێت کاتێک دەڵیَ: ((هەندیَ مرۆڤ توانای لارولەنجەکردنی پیَ بەخشراوە، بەڵام توانای خراپەکاری و خیانەت و بڕیارەکان و ڕاستگۆیی و دەستپاکی پیَ نەبەخشراوە. واتە ئەو جوانییەی مرۆڤ دایدەهێنێت بەهرە و ئەزموونکردنە، لەکاتێکدا ڕەوشت لەسروشتی مرۆڤە. ئەو جوانییەی کە جاحز لێرەدا مەبەستییەتی جوانییەکی هەستییە و خاڵییە لە ڕەهەندی ڕووحی، هەر بۆیە تەنها باسی هەستەکان دەکات وەکو جوانی لارولەنجەی بینین و جوانی دەنگی بیستراو. ئەمەش واتای ئەوەیە، کە مرۆڤ توانای ئەو ڕەفتارە جوانانەیان پیَ نەبەخشراوە، کە ڕەهەندێکی ڕووحی هەیە و ڕەوشت دەبێتە پێوەر بۆی، چ لە دروستکردن و چ لە چێژوەرگرتن لێی))[3]

هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە گونجان لەنێوان پێکهاتەکانی جوانیدا هەبێت و بەشەکانی ڕووخساری جوانی لەنێوان خۆیاندا و بەشەکانی ناوەرۆکیش بەهەمانشێوە گونجانیان لەنێواندا هەبێت و سەرجەم بەشەکانی جوانیش بە ڕووخسار و ناوەرۆکەوە گونجانێکی گشتی لەنێوانیاندا هەبێت، و بڕوای وایە یەکێک لە

---

[1] – عبدالحسن حسن خلف، القيم الجمالية في الشعر العربي قبل الأسلام، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، ١٩٨٣، ص٣٠

٢ – أبى عثمان عمرو بن بحر الجاحظ، رسائل الجاحظ، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، ج٢، ط٢، مكتبة الخانجي، القاهرة، ١٩٦٤، ص١٧٠-١٧١

٣ – مختار قطش، مفهوم الجمال عند الجاحظ، ص٢٠٧

بنەماکانی جوانی ئەوەیە کە وشە و واتا لەگەڵ یەکدا گونجاوبن و هەموو واتایەک بە وشەی تایبەتی گوزارشتی لێبکرێت و هەر ناوەرۆکێک پێویستە بەو وشانە گوزارشتی لێبکرێن کە لەگەڵیدا دەگونجێن و بۆ ئەو ناوەرۆکە دانراون، بەپێچەوانەوە جوانییەکەی لەدەست دەچێ و نامێنێت ئەگەر پەیڕەوی ئەم بنەمایە نەکرێت، چونکە لای جاحز ((هەر جۆرە گفتوگۆیەک جۆرێک لە وتەی پێویستە و هەر جۆرە واتایەکیش جۆرێک لە ناوی پێویستە بۆ گوزارشت لێکردنی: وتەی ناماقوڵ بۆ ناماقوڵ و وتەی سوک بۆ سوکی و وتەی پاراو بۆ پاراوی و وتەی ڕوون بۆ شوێنی ڕوون و وتەی درکە بۆ شوێنی دوورنیازی و وتەی ڕەوان بۆ ڕەوانی))[1]

جاحز لەسەر ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی قسەی کردووە و بڕوای وایە شیعر هونەرێکی ئیستاتیکی بەرزە و لە پێناسەی ئەم هونەرەدا دەڵێت: ((شیعر پیشەسازییە و جۆرێکە لە چنین و ڕەگەزێکە لە وێنەکێشان))[2] لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شیعر پیشەسازییە و خاوەن کۆمەڵێک بنەمای ئیستاتیکییە و جوانی ڕووخسار لەلای گرنگی تایبەتی هەیە و بڕوای وایە ئەوەی کەوا دەکات شیعر هونەرێکی بەرزبێت ڕووخسارەکەیەتی نەک ناوەرۆکەکەی، چونکە ((واتاکان لەسەر ڕێگاکانن و هەموو عەرەب و عەجەم، شاری و دەشتەکی دەیزانن، بەڵکو گرنگی و بایەخی (شیعر) لە چۆنیەتی بەرجەستەکردنی کێش و هەڵبژاردنی وشە و ئاسانی دەربڕین و بێ کەموکوڕی و نایاب هۆنینەوەی دایە))[3].

جاحز ڕەوشت دەکاتە پێوەری هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لەهونەری شیعر و بڕوای وایە هەر شیعرێک لەگەڵ بنەما ڕەوشتییەکانی مرۆڤدا گونجا ئەوە شیعرێکی جوانە و بەپێچەوانەشەوە ئەو شیعرەی لەگەڵ بنەماڕەوشتییەکانی مرۆڤدا نەگونجا ئەوە ناشرینە ((جاحز بەراوردی جۆرەکانی ڕواڵەتی ڕەفتاری ماددی و مەعنەوی دەکات، کاتێک گرنگییەکی زیاتر بە بەهای ڕەوشتی شیعری گۆرانی یان گۆرانی بناغە شیعری دەدات کاتێک دەڵێ: وای نابینین گۆرانی هیچی تیابێت ئەگەر بناغەکەی شعرێکی

---

١ - أبی عثمان عمرو بن بحر الجاحظ، رسائل الجاحظ، ،ص٣٩

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢

٣ - سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١-١٣٢

داپۆشراو بە ئاواز بێت، ئەوەی ڕاست بێت تێیدا ئەوە جوانە و ئەوەیشی درۆبێت تێیدا ئەوە ناشرینە))[1]

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە جاحز بڕوای وایە جوانی بەهایەکی بەرزی مرۆڤایەتییە و مرۆڤ چێژی لێ وەردەگرێت و هەستەکانی (بینین و بیستن و بەرکەوتن) ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە چێژوەرگرتنی جوانیدا و گونجانی نێوان بەشەکانی جوانی پێوەری سەرەکی جوانییە و شیعریش یەکێکە لە پیشەسازییە جوانەکان و جۆرێکە لە چنین و ڕەگەزێکە لە وێنەکێشان، لەڕووی ناوەرۆکیشەوە بەپێوەری ڕەوشت ڕەخنەی لێدەگرێت و ئەو شیعرەی ڕاست بێت لای جوانە و ئەوەی ڕاستیش نەبێت ناشرینە.

**ئەبونەسری فارابی** (٨٧٤–٩٥٠ز) یەکێکە لە دیارترین و گەورەترین فەیلەسوفەکانی ئیسلام، کاریگەرییەکی زۆری فەیلەسوفانی یۆنانی (ئەفلاتون و ئەرستۆ)ی لەسەرە، هەوڵی داوە گونجاندن لەنێوان بیروڕاکانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆدا بکات و بڕوای وایە ئەم دوو فەیلەسووفە تەنها لە ڕواڵەتدا جیاوازی لەنێوان بیروڕاکانیاندا هەیە، ئەگەرنا لە جەوهەردا هیچ جیاوازییەک لەنێوان بیروڕاکانیاندا نییە. فارابی بڕوای وایە ئەدەب بەگشتی و شیعر بە تایبەتی لاساییکردنەوەی سروشتە و داهێنانێکی هونەرییە. لاساییکردنەوە بناغەی ئیستاتیکای هونەر و ئەدەبە و دەبێتە مایەی چێژ بەخشین و خۆشحاڵکردنی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی ((لاساییکردنەوە لای فارابی جۆرێکە لە جۆرەکانی وێناکردنی هونەری، کە هونەر بابەتەکانی پێ پێشکەش دەکات و بنەمایەکی واقعی هەیە، بۆیە هاوجووتی لاساییکەرەوە لەگەڵ شتە ڕاستەقینەکەی یان هاوجووت نەبوونی گرنگییەکی وەهای نییە، لەبەر ئەوەی هەرچەندە لە واقع دوور بکەوێتەوە ئامانجەکەی کە " چێژبەخشین و فێرکردن و ڕێکخستنی ڕەفتارە" بە جێگیری دەمێنێتەوە، کە دەبێتە هۆی خۆشبەختی مرۆڤ.)) [2]

فارابی بەپێی تیۆرەکەی خۆی داهێنانی هونەری شیکردووەتەوە و بڕوای وایە ((دەربڕینی هونەری بریتییە لە توانای بیرکردنەوە بە وێنەی هەستی بە واستەی هێزی خەیاڵکرنەوە، کە وێنە هەستییەکان دەپارێزێت پاش ئەوەی لە هەست ون دەبن. هێزی

[1] – مختار قطش، مفهوم الجمال عند الجاحظ، ص٢٠٨

[2] – محمود عبدالله الخوالدة و محمد عوض الترتوري، التربية الجمالية علم النفس الجمال، ص ١٠٣

خەیاڵکردن تەنها لە چوارچێوەی جیهانی هەستپێکراودا کاردەکات و ناتوانێت خەیاڵی شتێک بکات، کە پێشتر بە یەکێک لە هەستەکان هەستی پێ نەکردبێت))[1]

فارابی بڕوای وایە لاساییکردنەوە (٤) ئەرکی سەرەکی هەیە لەپێکهێنانی هونەریدا کە بریتین لە:

١ -چێژی ئیستاتیکی: چێژێکی ڕووحییە و وەرگر هەستی پێدەکات لەکاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ وێنەی هونەریدا (لاساییکردنەوە) و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ درکپێکردنی هەستەکان بۆ شتە نوێ و ڕازاوە لەو وێنەیەدا.
٢ -پیکهێنانی وێنەی هونەری؛ کە دەبێتە مایەی چێژ بۆ پەیاموەرگر لە میانەی شارەزابوون لێی دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی زانیاری، پاشان لەمیانەی چێژوەرگرتن لە جوانییەکەی، وەزیفەیەکی نوێش ئەنجام دەدات، کە بەدەستهێنانی زانیارییە و پاشان پەیوەستکردنەوەیەتی بە درکپێکردنی گونجان و ڕێکوپێکی (بەچێژی درکپێکردنی جوانی) بەشێوەیەکی تایبەتی.
٣ -لاساییکردنەوە دەبێتە یەکخستنی بەهای ئیستاتیکی لەگەڵ بەهای سوودخوازی و بەهای ڕەوشتی، هەربۆیە فارابی دوو ئەرکی تر بۆ هونەر زیاد دەکات کە بریتین لە ئەرکی فێرکردن پاشان ئەرکی ڕەوشتیی
٤ -ئەرکی ڕەوشتی دەبێتە هۆی ڕاستکردنەوەی ڕەوشت، کە ئاسوودەیی بۆ مرۆڤ بەدی دەهێنێت.[2]

فارابی بڕوای وایە جوانی و خێر وابەستەی یەکن و دەبنە هۆی زیاتر ڕوونکردنەوەی زیاتری حەق و ڕاستی کە بەهۆی بنەمای هاوڕەگەزی و ڕێکخستنەوە بەرجەستە دەبێت، بەهۆی ئەم پەیوەستییەوە جوانی دەچێتە ناو چوارچێوەی ئامانجەکانی پەیوەست بە بەها باڵاکانەوە، کە دەبێتە هۆی زیاتر ڕوونکردنەوەی حەق[3]

بەشێوەیەکی گشتی فارابی هونەر بە لاساییکردنەوەی سروشت دادەنێت، کە مەرج نییە لاساییکردنەوەیەکی دەقاودەق بێت، هونەریش کاتێک سەرکەوتوو دەبێت لاسایی

[1] - محمود عبدالله الخوالدة و محمد عوض الترتوري، التربية الجمالية علم النفس الجمال، ص ١٠٣

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣

[3] - غياث الدين محمد رشيد ابراهيم، تاثير الفن العربي الاسلامي على فن التصوير الاوروبي جماليا، مجلة جامعة بابل، العلوم الانسانية، المجلد٢٢، العدد١، ٢٠١٤، ص١٢٥

سروشتی بینراو بکاتەوە، ئامانجی سەرەکی هونەر چێژ گەیاندن و خۆشبەخت کردنی مرۆڤە، لەگەڵ ئەرکی فێرکردن و ڕاستکردنەوەی ڕەوشتدا.

**ئەبوعەلی ئەلحوسەینی ئیبنوسینا** (٩٨٠-١٠٣٧ز) بیرمەند و فەیلەسوفی گەورەی عەرەبە، فەیلەسوفێکی عەقڵگەرایە و بنەمای تێڕوانینە ئیستاتیکییەکانی لەسەر عەقڵگەرایی داناوە و بڕوای وایە عەقڵ سەرچاوەی زانست و زانیاری و جوانی و ئیلهامی ڕووحییە، جوانی عەقڵی بەرزترین جۆری جوانییە و بڕوای وایە جوانی و چاکە دوانەیەکی لێکدانەبراون و ((هەموو جوانییەک گونجاو و چاکە، کەواتە هەستپێکراو و خۆشویستراو و بەدڵداچووە، سەرچاوەی درکپێکردنیشی هەست و خەیاڵ و وەهم و عەقڵە))[1]

ئیبنوسینا بڕوای بە جوانی باڵا هەیە و ئەم جوانییە دەبەستێتەوە بە خوداوە کە جوانییەکی ڕەهایە و سەرچاوەکەشی حەقە کە لە خودی خوداوە سەرچاوەی گرتووە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە جوانی دابەش دەکات بۆ جوانی دنیایی و جوانی خودایی، ((جوانی دنیایی جوانییەکی نزمە و جوانی خودایی کە جوانییەکی بەرز و بڵندە و جوانی بڵندی ڕەها ڕەنگدانەوەی حەقە و حەقیش یەکێکە لەناوە جوانەکانی خودا، بەمجۆرە خودا جوانی بەرز و بڵند و ڕەهایە و ئەم جوانییەش بەو چەمکە باڵا ڕووحییانە درکی پێدەکرێت کە پەیوەستن بە ڕووناکی و ڕۆشناییەوە))[2]

ئیبنوسینا بڕوای وایە مرۆڤ بە سروشت حەزی لە لاساییکردنەوەیە و چێژی لێوەردەگرێت، هونەر بەلاساییکردنەوەی سروشت دادەنێت و جەختی لێدەکاتەوە. ئیبنوسینا هەموو هونەرەکان بە لاساییکردنەوە دادەنێت و بڕوای وایە هونەرەکان بەهۆی ئامرازەکانی لاساییکردنەوەوە لە یەکتری جیا دەکرێنەوە ((لاساییکردنەوە لە مۆسیقادا لەسەر ئاواز ڕاوەستاوە و لە سەماشدا لەسەر ڕیتم ڕاوەستاوە و لەشیعریشدا لەسەر قسە ڕاوەستاوە، کەلە مرۆڤدا سروشت و بۆماوەییە و مرۆڤ حەزی لێیەتی بەهۆی ئەو چێژەی لاساییکردنەوە پێی دەبەخشێت))[3] هەروەها لاساییکردنەوە بە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان مرۆڤ و گیاندارانی تر دادەنێت و بڕوای

---

١ - محمد سعد حسان و خلود بدر غيث و معتصم عزمي الكرابلية مقدمة في علم الجمال، ط ١، مكتبة المجتمع العربي للنشر، عمان، ٢٠٠٥، ص ٥٣

٢ - امال حليم الصراف، موجز فى علم الجمال، ص٣٤

٣ - محمود عبدالله الخوالدة و محمد عوض الترتوري، التربية الجمالية علم النفس الجمال، ص ١٠٥

وایە تەنها مرۆڤ دەتوانی بەشێوەیەکی پێشکەوتوو لاسایی بکاتەوە، هەروەها بەلای ئیبنوسیناوە لاساییکردنەوە جیاوازە لە چاولێکەری و ((لاساییکردنەوە وێناکردنێکی هونەرییە بۆ واقع و چاولێکەری نییە و هاوجووتی شتی لاساییکراوەش نییە))[1] ئەمەش واتای وایە ئەدەب و هونەر داهێنانن و شوێن دەستی داهێنەرەکەی بە کارەکەیەوە دەبینرێت و ئەو شتانەشی کۆپی واقعن دەبنە چاولێکەری و داهێنانیان تێدا نییە و بێ بایەخن.

لەکۆتاییدا ئەم تەوەرەدا دەتوانین بڵێین: قورئانی پیرۆز داوای گرنگیدان و ڕامانی جوانی دەکات، بەتایبەتی جوانی سروشت، نووسەر و ڕەخنەگرانی ئیسلامی عەرەبی بڕوایان وایە جوانی بنەمایەکی سەرەکی هونەرە، ، هونەر و ئەدەب پیشەسازین و مرۆڤ وەک هەر پیشەیەکی تر دەتوانێت فێری بێت، هەروەها جەخت لەوەش دەکەنەوە، کە ئەدەب و هونەر لاساییکردنەوەی سروشتن، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە هۆکارێک بن بۆ فێرکردن و خزمەتی ڕەوشتی باو بکەن.

---

١ - محمود عبدالله الخوالدة و محمد عوض الترتوري، التربية الجمالية علم النفس الجمال، ص ١٠٥

## تەوەری دووەم: ڕێچکەی گوتاری ڕەخنەی واقعی

### ١-٢-١/ چەمکی واقعی

چــەمکی واقــع (Real) چــەمکێکی بــەرفراوان و قوڵــە و بــەدرێژایی مێـژوو لــە ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبی جیهانیدا ڕەنگی داوەتـەوە. ئـەدیبان و ڕەخنـەگران هەمیشـە بەشێکی سەرەکی بەرهەمەکانیان بۆ سروشت و دیاردەکانی واقیع و لایەنـەکانی ژیـانی مرۆڤایەتی تەرخان دەکەن، هەروەها هەمیشە هەوڵدەدەن واقع و بنەما و تایبەتمەندی و کارەکتـەرەکانی بکەنـە تـەوەری سـەرەکی کـار و  بەرهەمـەکانیان، واقـع لـە فەلسـەفە و ئــەدەب و هونــەردا ڕەنگــی داوەتــەوە و فەیلەســوفان و ئــەدیبان و هونەرمەنــدان لــە بەرهەمەکانیاندا ژیانی مرۆڤایەتییان ڕەنگڕێژ کردووە و حەز و خولیا و ئارەزوو، کێشە و گرفـت و ناخۆشـییەکانی ئادەمیزادیـان خسـتووەتەڕوو، ئەمــەش بـۆ ئــەوەی بتــوانن سەرنجی مرۆڤ بۆ بەرهەمەکانیان ڕابکێشن، یاخود چارەسەری گرفتەکانیان بکەن.

چەمکی ڕیالیزم ((لە وشەی ( واقیع – Le réel )ەوە هاتووە ، ئەو واقیعەی کە وەکو ڕاسـتییەک لـە بـوونی سروشـت و مرۆڤـەوە سـەرچاوە دەگرێـت، واقیعـیش دوو جۆرە: ڕاستەقینە و هونـەری ، ڕاسـتەقینـە بـەو مانایـەی؛ کە بابەتـەکان وەکو خـۆی لـە بووندا ، بە ڕاستگۆیی و ئەمانەتەوە باس بکرێن، واتا بە وەسفکردنی شتە ڕاستەقینەکان وەکو خـۆی، کـە دانەیـەکی تـری واقیـع ، وەکـو وێنەیـەکی فۆتۆکۆپیی بابەتـە ئەسـڵەکە بەرجەستە دەبێت))[١]

واقـع بەشـێوەیەکی گشـتی ((دیـاردەیەکی مێژوویـی و کـۆمەڵایەتییە، کە بەهـۆی کاریگەری ڕووداوانی ناکۆکەوە، لە گۆڕانی بەردەوامدایە. ئەم ڕووداوە ناکۆکانە، کە لە قۆناغێکی مێژوویی دا واقیـع دیـاری دەکەن، بەخۆیـان بەرەنجـام و زادەی زنجیرەیەکـی بـێ کۆتـایی پێوەنـدییەکانی هـۆ و ئەنجـامن، کە بەبـێ زانینـی ئەو هۆکـار و ئەنجامـانە تێگەیشتنی هەقیقەت مەحاڵە))[٢]

ئــەدەبی واقعــی ئــەو ئەدەبەیــە، کــە نووســەر هــەوڵ بــدات زۆر بــەوردی وێنــای ڕاستەقینەی ڕووداو و دیاردەکان و ژیانی مرۆڤایەتی و پاڵەوانەکان بکات بـەبێ ئـەوەی

---

[١] – ئازاد عبدالواحد کەریم، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ٢، چاپخانەی ئاڤێستا، کەرکوک، ٢٠١٣، ل ٦٩–٧٠

[٢] – سیروس پرهام، و:حەمەکەریم عارف، ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٢٩

بەناو خەياڵدا ڕۆبچێت. واتە بەشێوەیەکی بابەتییانەو لە هەموو گۆشەنیگاکانەوە بێت و هەموو لایەنە واقعییەکانی ژیانی خەڵک بخاتەڕوو، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان و خستنەڕووی جەوهەری ڕاستەقینەی شتەکان، چونکە بەمجۆرە ئەدیب دەتوانێت ڕاستگۆیانەتر گوزارشت لە خۆشی و ناخۆشی و ئازار و ناڕەحەتییەکانی خەڵک بکات و بەمەش زیاتر کاریگەری لەسەریان هەبێت، چونکە ئەدەب لە خەڵکەوە بۆ خەڵکە، بۆیە پێویستە خەڵک خۆیانی تێدا ببیننەوە و هەست بە ڕاستییەکانی ژیانیان بکەن، ئەمەش دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ ئەوەی هۆشیاربینەوە و هەوڵی خۆڕزگارکردن لە بارودۆخە خراپەکان بکەن و ژیانیان بەوجۆرەی پێویستە ببێت ڕەنگرێژ بکەن، هەربۆیە چەمکی واقعی ((لەبواری ئەدەبیشدا بەو واتایە دێت، کە هەموو بابەتێکی فیکری چارەسەرێکی بابەتییانەی کێشەکانی مرۆڤ بکات، ئەم چارەسەرییە وێنەکێشییەکی ورد و قووڵ و لەباری وای تیابێت، نووسەر خۆی لە دەرەوەی بابەتدا بدۆزێتەوە))[1]

ئەدەبی واقعی بەرجەستەی واقعی ژیانی مرۆڤ دەکات، چونکە هەمیشە خۆشەویستی سروشت و واقع و کاراکتەرەکانی بوونەتە بەشێک لە پێکهاتەی مرۆڤ و هونەرمەندیش هەوڵدەدات بە بەرجەستەکردنی سروشت و واقع لە بەرهەمەکانیدا بەشێوازێکی داهێنەرانە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ بەرهەمەکانی بەدەست بهێنێت، چونکە ((زۆربەی خەڵک حەز دەکەن لە ئەدەبدا هاوشانی شێوازی نایاب و پێکهاتەی پتەو ئەو کەس و شتانە ببینن کە لە سروشتدا خۆشیان دەوێن. بۆ نموونە خەڵک حەز دەکەن لە چیرۆک و شانۆگەریدا وێناکردنی پاڵەوانە نیشتمانییەکان، یان نموونە جوامێرەکان، یاخود کەسانی لایەنگری مرۆڤایەتی ببینن و نایانەوێت کەسایەتییە دوژمنە سەرسەختەکانی مرۆڤایەتی ببینن، هەرچەندە وێناکردنەکەی پتەو بێت و نووسەرەکان بەشێوەیەکی نایاب پێشکەشیان کردبێت))[2]

نووسەرە ڕیالیستەکان هەوڵ دەدەن کەسایەتی یان پاڵەوانی بەرهەمەکانیان کەسانی ئاسایی بن، لەناو جەرگەی واقعی کۆمەڵگاوە وەریان دەگرن و باسی ئەو کاریگەرییە دەکەن، کە کۆمەڵگا و ژینگە دەیکەنە سەر پاڵەوانەکان ((قارەمانانی بەرهەمە ڕیالیزمییەکان هەمان خەڵکی سادەی ژیانن، هونەرمەند هەوڵ دەدات بە گواستنەوەی لە

[1] – هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١١٥
[2] – محمد غنيمى هلال، النقد الادبى الحديث، دار النهضة مصر للطبع و النشر، القاهرة، ١٩٧٧، ص ٣٥٧

مەیدانێک و شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ڕۆڵی کاریگەری ژینگە و بارودۆخ و حاڵ و گوزەران لە ژیانیدا هەستەکانی قارەمانانی داستانەکەی پیشان دەدات و هۆکاری پێشهات و ڕەفتارەکان ڕوون دەکاتەوە))[1] هەربۆیە نووسەرانی ڕیالیزم هەرگیز گرنگی نادەن بە پلەو پایە یان دەسەڵات یاخود باری کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری پاڵەوانی بەرهەمەکانیان، بەڵکو جەخت لەسەر کاریگەری و ڕۆڵ و بارودۆخی ژیان و گوزەرانی ئەو کەسانە دەکەنەوە لەبەرهەمەکانیاندا و هەوڵ دەدەن واقعی ژیانی پاڵەوانەکانیات بخەنەڕوو، ئەمەش لەبەرئەوەی ((نووسەری ڕیالیستی بەهیچ کلۆجێ بەپێویستی نازانێ کە تاکێکی دیار و نائاسایی و یان سەیر، کە جیاوازبێ لە خەڵکانی ئاسایی، بکات بە قارەمانی چیرۆک، قارەمانی خۆی لەنێو خەڵکییەوە و لەهەر ژینگەیەک کە خۆی بیەوێ هەڵیدەبژێرێت و ئەم تاکە لە هەمان کاتدا هەم نوێنەری هاونەوعەکانی خۆیەتی و هەم وابەستەی ئەو ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تیایدا دەژی، لەوەیە ئەم تاکە نموونەی بەرجەستە و کاریگەری کۆمەڵە خەڵکێک بێ، لێ تاکێکی دیار و نائاسایی نییە))[2]

پەیوەندی نێوان واقع و ئەدەب و هونەر پەیوەندییەکی پتەو و ڕاستەوانەیە، بەلام مەرج نییە ئەدەب ڕەنگدانەوەی ڕاستەخۆ و کتومتی واقع بێت، چونکە ئەدەب تەنها گوزارشت لە ژیانی ماددی مرۆڤ ناکات، بەڵکو ئارەزووە ڕووحییەکان و خواستەکانی مرۆڤیش دەردەبڕێت، هەر ئەم لایەنەشە نەمری بە هونەر دەبەخشێت و کات و شوێن و سەردەم و ژینگە تێدەپەڕێنێت. هەروەها پێشکەوتنی هونەر پەیوەستە بە هەلومەرجە دیموکراتی و پەیوەندییە دروستەکانی نێوان مرۆڤەکان و بوونی ئازادی تاکەکەس، هەروەها ئەو واقعەی لە ئەدەبدا ڕەنگدەداتەوە؛ واقعێکی ڕەهایە و بە نەمانی واقعە مێژووییەکەش هەر دەمێنێت و بایەخی خۆی لەدەست نادات.[3]

چەمکی واقعی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیشدا کار لەسەر لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی بنەما و دیاردە واقعییەکان لەناو دەقی ئەدەبیدا و چۆنییەتی بەرجەستەکردنیان دەکات لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە و دوورکەوتنەوە لە خەیاڵپەروەری (خەیاڵپلاوی). ئەمەش بەو واتایە نییە کە بەرهەمی ئەدەبی دوور بێت لە خەیاڵ، بەپێچەوانەوە ئەم بەرهەمەش زادەی خەیاڵە، بەلام

[1] – موسعەب ئەدهەم:و ، قوتابخانە ئەدەبییەکان، گ. ڕامان، ژ: ١٨٥، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٠٦

[2] – ڕەزا سەیدحوسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و:حەمەکەریم هەورامی، ٢٠٠٦، ل١٠٠

[3] – کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، ل١٩٩-٢٠٢

خەیاڵێک هەمیشە بتوانێت واقع نیشان بداتەوە و لەڕاستییەوە نزیک بێت. ((نووسەری ڕیالیزم بەگوێرەی ژینگە، ڕوخساری کەسەکانی ناو دەقێک دەگۆڕێت، بە مەرجێک کە خوێنەر هەست بە نامۆیی بابەتەکە نەکات، چونکە ڕۆژانە هەر هەمان ڕووداو و بابەتی دەقێکی ڕیالیزمی دووپات دەبنەوە وەکو ئەوەی کە هونەرمەندێکی وێنەکێش، بەپێی ئارەزووی هونەری خۆی وێنەی دیمەنێک دەکێشێت، کەچی ڕەنگ و سروشت و سێبەرەکانی ناو تابلۆکە لە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆیدا دروست دەکات، بەجۆرێک کە لەگەڵ واقیعی دەوروپشت و بۆچوونەکانی مرۆڤدا بگونجێت))[1] هەندێک لە نووسەران ئەو واقعەی لە ئەدەبدا ڕەنگدەداتەوە بەجۆری دووەمی واقع دادەنێن، کە بریتییە لە (( داهێنانێکی بەرجەستەیی بۆ واقیعێک ، یان ڕووداوێکی ڕاستەقینە ، بەڵام مەرج نییە دەقاودەق وەکو خۆی وابێت، هەرچەندە بابەتەکەشی لە واقیعەوە وەرگرتبێت ، یان دەشێت ڕووداوەکە لە چوارچێوە ڕاستەقینەکەی خۆی نەمێنێتەوە، بەوەی کە یان زیادەی دەخاتەسەر، بەجۆرێک لاسایی بابەتە ئەسڵەکە دەکاتەوە و شێوازی گێڕانەوەکەشی دەگۆڕێت.))[2].

ڕەخنەی ئەدەبی بەپێی فەلسەفەی واقعی پێویستە لەسەر بنەمایەکی زانستی؛ بابەتییانەی ڕێکخراو بێت، بەپێی کۆمەڵێک بنەمای دیاریکراوی ورد بێت، هەروەها پرۆگرامێکی زیندووی هەبێت لەچوارچێوەیەکی ڕووندا، سەربەخۆ بێت لە خودی تاکەکان، لە هەستەکانیان و بیروبۆچوونەکانیان یاخود شوێنکەوتنی حەزوئارەزووەکانیان، هەروەها دوور بێت لە کاریگەری ژینگە یان گونجان لەگەڵیدا.[3] ئەمەش لەبەرئەوەی ڕەخنەیەکی زانستیانەی ڕووت بێت و ئەنجامی تەواو بەدەستەوە بدات.

ڕەخنەگری واقعی لەکاتی ڕەخنەگرتن لە دەقی ئەدەبی بەپێی بنەمای بەرجەستەکردنی واقع مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا دەکات و هەر دەقێک باشتر توانیبێتی گوزارشت لە واقع و بارودۆخی ژیانی مرۆڤ و خۆشی و ناخۆشییەکان و باری دەروونی مرۆڤ و ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیە بەشێوەیەکی هونەرییانە و سەرکەوتووانە بکات ئەوا دەقێکی سەرکەوتووە و بە دەقێکی بەرز دادەنرێت، بەمجۆرە

[1] - ئازاد عبدالواحد کەریم، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل ٧٠-٧١
[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠
[3] - عصام محمد الشنطی، الجمالیة و الواقعیة فی نقدنا الأدبی الحدیث، ل٩٢

هەر دەقێک تا لە واقع نزیک بێتەوە دەقێکی بەرزە و هەر دەقێکیش لە واقع دوور بکەوێتەوە، بەپێی دوورکەوتنەوەی لەواقع، ئاستەکەشی دادەبەزێت و زیاتر ڕەخنەی لێ دەگیرێت.

## ١-٢-٢/ ڕێبازی ڕیالیزم

ڕێبازی ڕیالیزم لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە فەڕەنسا سەری هەڵدا. ڕیالیزم یەکێکە لە ڕێبازە گەورە و گرنگەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، کە کار لەسەر ئەوە دەکات ئەدەب ببێتە وێستگەی ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕاستەقینەی خەڵک، واتە ئەدەب لە خەڵکەوە بۆ خەڵک بێت. ئەم ڕێبازە بەشێوەیەکی گشتی وەرچەرخانێکی ژیاری و کولتووری و ڕامیاری گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا و لە بواری ئەدەب و هونەریشدا سێیەمین ڕێبازە لەدوای کلاسیزم و ڕۆمانسیزمەوە دێت. ڕیالیزم گۆڕانێکی گەورەی جۆری لە بواری ژانر و جۆرەکانی ئەدەب و بنەما و تایبەتمەندییەکانیاندا بەرپاکرد و کاریگەری خۆی بەسەر ئەدەبی ئەورووپی و ئەدەبی جیهانیدا چەسپاند. ڕیالیزم بووە بە ڕێبازێکی جیهانی و چەندین ڕێچکەی جیاوەزی لێ پەیدابوو. ((ڕیالیزم لە فەرهەنگی زمانە ئەورووپییەکاندا، لە وشەی "ڕیەل"ەوە داتاشراوە. وشەی "ڕیەڵ"یش لە بناغەدا بەواتای ڕاست و ڕاستینە هاتووە))[1] ئەم زاراوەیە (زاراوەیێکی وێژەیی و ڕەخنەسازی بۆ جیاکردنەوەی بزووتنەوەیێکی ئایدۆلۆجی و هونەری، کە چەند تایبەتییەکی ناوەرۆکی و فۆڕمی هەیە، کەلە بزووتنەوەکانی کلاسیزم و ڕۆمانیزم جیایدەکەنەوە))[2]

وشەی ڕیالیزم بۆ یەکەمینجار لە ساڵی ١٨٤٣ز لەلایەن نووسەری فەڕەنسی (شامپفلۆری) بەکارهاتووە. شامپفلۆری و دوورانتی لە ساڵانی ١٨٥٦_١٨٥٧ز گۆڤاری (ڕیالیزم)یان دەرکرد کە ڕۆڵێکی باشی بینی لە بڵاوبوونەوەی ڕیالیزم و ناساندنی ئەم ڕێبازە تازەیە. نووسەرانی ئەم گۆڤارە بنەما و بنچینەو تایبەتمەندییەکانی ڕیالیزمیان بڵاودەکردەوە و هاوکاتیش بەتوندی هێرشیان دەکردە سەر ڕۆمانسیزم و نووسەرانی ڕۆمانسیزم. شامپفلۆری لە گۆڤارەکەدا نووسیبووی:(( کە نووسەرە ڕیالستەکانی وەک خۆی ماندوو بوونە هێندەی هەر گوێ لە درۆ و دەلەسەکانی ڕۆمانسییەکان بگرن،

[1] - کامل حەسەن بەسیر، مێژووی ڕەخنەسازی، ل٢٠٥
[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥

گاڵتەشی بەو ڕۆماننووسە ڕۆمانسییە دەکرد کە ژیانی ئەمڕۆ فەرامۆش دەکات و بە دیار لاشەکانی ڕابردووەوە دەگریێت و سەردولکە بەسەر مێژوودا دەخوێنێتەوە ))[1]

فەڕەنسا بە لانکەی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئەم ڕێبازە دادەنرێت، نووسەر و فەیلەسووفە فەڕەنسییەکان بە بەرهەمەکانیان ئەم ڕێبازەیان چەسپاند، بەتایبەتی ((لەڕێگەی چەند ئەدیب و ڕەخنەگرێکی فەڕەنسییەوە بووە ڕێبازێکی ئەدەبی دەوڵەمەندی ئەوروپی، بەتایبەتی ستانداڵ (١٧٨٣-١٨٤٢) و بلزاک ( Honore de Balzac ١٧٩٩-١٨٥٠) و فلوبیر (١٨٢١-١٨٨٠) و موپۆسان و ڕەخنەگرەکانی وەک سانت بۆف و تین (Tain) و کۆنت. بەتایبەتی ئەو پێشەکییەی بلزاک لەگەڵ (کۆمیدیای مرۆڤایەتی)دا بڵاوی کردەوە، بووە بەیاننامەی ئەر ڕێبازە))[2]

ڕیالیزم پێش ئەوەی ڕێبازێکی ئەدەبی بێت؛ ڕێبازێکی فەلسەفییە و مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان و بەرامبەر بە فەلسەفەی ئایدیایی دەوەستێتەوە، چونکە فەلسەفەی ئایدیایی تێڕوانینێکی گەشبینانەی بۆ ژیان و مرۆڤایەتی هەیە و بڕوای وایە مرۆڤ هەر بە سروشت چاکەخوازە و مەیلی چاکەکاری هەیە، لەکاتێکدا فەلسەفەی واقعی بەپێچەوانەی فەلسەفەی ئایدیاییەوە تێڕوانینێکی ڕەشبینانەی بۆ ژیان و مرۆڤایەتی هەیە و بڕوای وایە مرۆڤ سروشتێکی شەڕخوازانەی هەیە و بەردەوام حەزی لە خراپەکارییە. بەڵام وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم.

ڕیالیزم ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەرییە، جەخت لەسەر وێنا کردنەوەیەکی داهێنەرانە و ڕاستگۆیانەی واقع دەکاتەوە، کە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی کۆمەڵگە وەک خۆی نیشان بداتەوە، لەهەمان کاتیشدا جەوهەری دیوی ناوەوە و شاراوەی ڕووداوەکانیش بخاتەڕوو، بەبێ پەنا بردنە بەر خەیاڵ و فەنتازیا. ڕیالیزم هەوڵدەدات واقع نیشان بداتەوە، دیوی ناوەوەی واقع ئاشکرا بکات و لێکدانەوەی بۆ بکات، هەروەها ڕیالیزم لە بنەڕەتدا بۆچوونێکی نەرێنی هەیە دەربارەی مرۆڤ و بڕوای وایە مرۆڤ هەر بە سروشت خاوەن بوونێکی شەڕ و خراپەکارییە، ((ڕیالیزم هەوڵدەدات وێنای واقع بکات، کەشفی نهێنییەکانی بکات و شتە شاراوەکانی ئاشکرا بکات و ڕاڤەیان بکات. بەڵام ئەو

[1] - فەرهاد پیرباڵ، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل٩٨

[2] - هیمدادی حسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل١١٦

وایدەبینێت واقعی قووڵ لە جەوهەری خۆیدا خراپەیە، هەروەها ئەو شتەیش، کە چاکە دەردەکەوێت لە حەقیقەتی خۆیدا تەنها بریسکەدانەوەیەکی درۆیینەیە یان توێژاڵێکی ڕواڵەتییە))[1] هەروەها ئەوەش دەخاتەڕوو کە هەموو کاتە چاکەکانی مرۆڤ، کە لە ژیانیدا ئەنجامی دەدات، یان لە ئەنجامی ناچارییە، یاخود بۆ خۆدەرخستن و شانازی بەخۆکردنە. هەموو بەها ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکان تەنها ئەو جەوهەرە ڕاستەقینە خراپەکارییەی مرۆڤ دادەپۆشن کە لە ناخیدا شاراوەتەوە، وەک لەم بارەیەوە فەیلەسووفی گەورەی واقعیی ئینگلیزی (هۆبز) دەڵێ: ((ئەم مرۆڤە وەکو مرۆڤ، گورگێکی زیانبەخشە))[2] بەمجۆرە دەردەکەوێت ڕیالیزم تێڕوانینێکی فەلسەفی نەرێنییە بۆ مرۆڤ و ژیان و بوون و وایدەبینێت خراپەکاری بناغەی سەرەکی ژیانە. کە ئەمەش تێڕوانینێکی ڕەشبینانەیە بۆ ژیان و پێچەوانەی بیروڕای فەلسەفەی ئایدیاییە کە تێڕوانینێکی گەشبینانەی بۆ ژیان هەیە و بڕوای وایە مرۆڤ بە سروشتی خۆی چاکە و شکۆمەندی لەگەڵدایە. ئەم بیروبۆچوونەش بەڕوونی لە بەرهەمەکانی نووسەرانی ڕیالیزمدا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی لە (کۆمیدیای مرۆڤایەتی) بالزاک، کە بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز ئەم تێڕوانینەی خستووەتەڕوو، شانۆنامەی (قەلەڕەش)ی هینری بێک و ڕۆمانی ترسناکی(تێس لە خێزانی دوربیرڤیلس)ی تۆماس هاردی.

(دورانتی) بڕوای وایە ڕێبازی ڕیالیزم پیشاندانی ژیانی کۆمەڵایەتی و واقعی سەردەمە، بەشێوەیەکی وا هەموو پەیاموەرگرێک بە ئاسانی لێی تێبگات، وەک دەڵێ: ((ڕیالیزم خۆی پەیوەست کردووە بە نواندنی ناوەندی کۆمەڵایەتی و جیهانی هاوچەرخ بەشێوەیەکی گشتی و ورد و دڵسۆزانە، بۆیە پێویستە ئەم نواندنە بەپێی توانا ئاسان بێت، بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بتوانێت لێی تێبگات))[3] بەمجۆرە قووڵ بوونەوە بەناو واقیع و ژیان و سەردەمدا و خستنەڕووی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخی چینەکانی کۆمەڵ و بەرجەستەکردنیان بەشێوەیەکی ئاسان ئەرکی ئەدیبی ڕیالیستی دەبێت. هەر ئەوەش وایکردووە ڕیالیزم ڕێبازێک بێت بەهۆی بنەما واقعییەکانیەوە بۆ هەموو کات و شوێنێک دەست بدات ((ڕیالیزم بەپشت بەستن بە بنەما سەرەکییەکەی لە ڕەنگدانەوەی بابەتییانە و نواندنی ئەدەب بۆ واقیع – هەر شوێن و کاتێک بێت –

[1] – محمد مندور، الادب و مذاهبه، نهضة مصر للطباعة و النشر و التوزيع، ص ٩٣

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣

[3] –عبدالواحد لؤلؤة ، موسوعة المصطلح النقدي، م.٣، ط.١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، ١٩٨٣، ص ٥٦

بەدڵنیاییەوە سەرجەم سنووره هەرێمی و مێژووییەکان تێدەپەڕێنێت و لەتوانای هەر کۆمەڵگایەکدا دەبێت کە بنەما ئیستاتیکییەکانی تێدا تەواو بوبێت؛ بتوانێت بەشێوازێکی ڕوون و بەچڕی خودی خۆی لە ئاوێنەکانیدا ببینێت ))[1] هەربۆیە وەکو ڕێبازێکی کاریگەر توانی زۆر بەخێرایی سنووری ناوچەیی بەرەو جیهانی ببڕێت و لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی ئەدەبی نەتەوەکانی جیهان بگرێتەوە.

بێگومان کۆمەڵێک هۆکار ڕۆڵیان بینیوە لە سەرهەڵدان و گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی ئەم ڕێبازە. ڕێنیسانس خۆی وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە ئەوروپا، کە بووە سەرەتایەکی پڕشنگداری گۆڕانێکی گەورەی هزری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هونەری و ئەدەبی، هەروەها دەروازەی هۆشیاری تاکی ئەوروپی و پاشان جیهانیش، چونکە ((لە ڕێنیسانسدا خاڵی سەرەکی تێڕوانینیان بوو بۆ مرۆڤ،مرۆڤ بەلایانەوە ئەو بوونەوەرەیە کە دەکرێت ئازاد بێت و شایەنی ئەو ئازادییەشە، هەر بەم هۆیەشەوە دەتوانێت داهێنان بکات... سروستیش گرنگی پێدرا و هونەرمەندان و زانایان لە ئەنجامدا پەیوەندی نێوان هونەر و واقعیان بۆ دەرکەوت... ڕاستگۆیانە مامەڵەکردن لەگەڵ واقعدا و دواجار پەنابردنە بەر زانستەکانی وەک (ماتماتیک و فیزیک) بۆ لێکدانەوەی ئەو واقعە، وەک هیومانیستەکان داوایان دەکرد، خاڵی یەکگرتنەوەیە بۆ مامەڵەکردنی ریالیزم لەگەڵ واقعدا))[2] پاشان فیلەسووفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەریش بەتایبەتی (جۆن لۆک) لە ئینگلتەرا و (ڤۆڵتێر و مۆنتیسکۆ و جان جاک ڕۆسۆ) لە فەڕەنسا و (کانت) لە ئەڵمانیا، ڕۆڵێکی سەرەکییان بینی لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و گۆڕینی تێڕوانینی خەڵک، کە ئەمەش لەخزمەت سەرهەڵدانی ڕێبازێکی نوێ، کە ڕێبازی ڕیالیزمە.

هەروەها پێشکەوتنی زانست و سەرهەڵدانی کۆمەڵێک بۆچوونی فەلسەفی تازە، چونکە ((پێشکەوتنی زانستیی و فەلسەفیی لەو سەردەمەدا، بەتایبەتی لەبواری زانستی بۆماوەیی (الوراثة)دا، کە زۆر بۆچوونی کۆمەڵایەتی و فیکری و هونەری گۆڕی. هەروەها هاتنەکایە و پێشکەوتنی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم و ئەزموونگەرایی و ماتریالیزمی. هەروەها ڕۆمانسیزمەکانیش بەشێوەیەکی بەرفراوان روویان لە خەیاڵ

[1] -صلاح فضل، منهج الواقعية فى الابداع الادبى، ط٢، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٠، ص٦

[2] – عەباس محەمەد قادر، ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (١٩٤٦-١٩٧٠)، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٧

کردبوو، کەوای لە خەڵک کرد لێیان دوور بکەونەوە))[1] و باوەش بۆ ڕێبازێکی نوێ بکەنەوە، کە ڕیالیزمە. فەلسەفەی (مارکسیزم)یش؛ کە فەلسەفەیەکی ماتریالیزمی دیالەکتیکی مێژووییە، ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە گەشەسەندن و پێشڤەچوونی ئەم ڕێبازەدا، چونکە ئەم فەلسەفەیە تێڕوانێکی ماتریالییانەی بۆ مرۆڤ و سروشت و گەردوون هەیە و بڕوای وایە پەیوەندییەکی دیالەکتیکی لەنێوان ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگادا هەیە و ژێرخان سەرخان ئاراستە دەکات، کە ئەدەب بەشێکە لێی، ((بۆیە ناکرێ بە جیاکردنەوەی ئەدەب لە کۆمەڵگا لە ئەدەب بکۆڵرێتەوە، ئەو پێشکەوتنە هونەری و فیکریانەش، کە لە ئەدەبدا سەرهەڵدەدەن، ناکرێ بە دابڕاندنی لە کۆمەڵگا و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان لێیان بکۆڵدرێتەوە، چونکە ئەدەب بەتەنیا لەڕێگەی هۆکارە ئەدەبیە ناوخۆییەکانەوە بەرەو پێش ناچێت، بەڵکو بەکارلێک کردنی ئەدەب لەگەڵ کۆمەڵگا و گوزارشت کردنی لەو پێشکەوتنانەی لە کۆمەڵگادا دێنەپێش، بەرەو پێش دەچێت))[2]

ڕیالیزم لە دەقی ئەدەبیدا زیاتر گرنگی بە پەخشان و ئەو ژانرانە دەدا، کە بە پەخشان دەنووسرێن، وەکو ڕۆمان و چیرۆک و شانۆنامە، ئەمەش لەبەرئەوەی بڕوایان وابوو ئەدیب بەم ژانرانە زیاتر دەتوانێت واقعی ژیانی مرۆڤایەتی بخاتەڕوو، باشتر گوزارشت لە خەم و خۆشی و ئازار و نەهامەتییەکانی ژیان و ڕوونکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بکات، بەپێچەوانەی ڕۆمانسیزمەوە کە زیاتر گرنگییان بە ژانری شیعر دەدا. چونکە ((لەکاتێکدا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم ڕۆمانسیزم دنیای پڕکردبوو لە ژاوەژاو، لە هاوشانیدا ڕێبازی بەهێزی ڕیالیزم دەبینین، کە (ئۆنۆریە دی بالزاک) لە فەڕەنسا نوێنەرایەتی دەکرد، هەروەها ئەگەر ڕۆمانسیزم بەپێی سروشتەکەی شیعری هەڵبژاردبوو و کردبووی بە وێنەی ئەدەبەکەی، ڕیالیزم وەک پێویست پەخشانی هەڵبژاردبوو، هەربۆیە شیعریان نەدەگووت و هەڵبەستیان دانەدەنا، بەڵکو چیرۆک یان شانۆنامەی پەخشانیان دەنووسی))[3]

نووسەری ڕیالیستی هەوڵ دەدات لە بەرهەمەیدا بێلایەن بێت و ڕووداو و دیمەنەکان وەکو خۆی بگوازێتەوە، بەبێ ئەوەی بڕیار بەسەر کەسایەتییەکانیدا بدات؛

[1] - هیمدادی حسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل١١٧

[2] - ئیدریس عەبدوڵڵا، پوختەیەک لەبارەی ئەدەبی بەراوردکاری و قوتابخانەی سلاڤی لە ئەدەبی بەراوردکاریدا، گ. ڕامان، ژ١٣٨، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٦٦

[3] - محمد مندور، الادب و مذاهبه، ص ٩٢-٩٣

بارودۆخ و ژیان و گوزەرانیان دەخاتەڕوو، تەنانەت لە هەڵبژاردنی شوێنەکانیشدا هەوڵ دەدات شوێنە واقعییەکان هەڵبژێرێت و وەسفەکانیشی واقعی و دوور لە خەیاڵپڵاوی بێت، هەربۆیە ((نووسەری ڕیالیست لەکاتی داهێنانی بەرهەمدا زیاتر تەماشاڤانە و بیر و هزر و هەستەکانی خۆی لەناو بەرهەمەکەیدا دەرناخات. ڕیالیزم دەخوازێت هەموو واقع کەشف بکات، بەڵام ئەم هەستە لەلای خوێنەر بخوڵقێنێ، کە ئەمە واقیعە و بەو جۆرە دەردەکەوێ، جا بۆ ئەم مەبەستە پەنا وەبەر هونەری غەیرە شەخسی دەبات))[1] ئەمەش لەبەرئەوەی نووسەری ڕیالیستی دەیەوێت بەشێوەیەکی ڕەها بارودۆخی واقعیی کۆمەڵگا بخاتەڕوو، ئەم کارەی نووسەرانی ڕیالیست کارێکی ڕووکەشییانە نییە، بەڵکو ڕۆچوونە بەناو واقعدا و ئاشرا کردنی دیوی ناوەوەی واقعەکەیە، کە لە خەڵکی ئاسایی پەنهانە.

نووسەرانی سەر بە ڕێبازی ڕیالیزم بابەتی نوێیان هەڵدەبژارد بۆ بەرهەمەکانیان، کە زۆر دوور بوون لەو بابەتانەی نووسەرانی کلاسیزم و ڕۆمانسیزم هەڵیاندەبژارد بۆ بەرهەمەکانیان، هەروەها شێوازی نوێشیان بەکاردەهێنا لە دەربرین و دارشتنەکانیاندا، ئەمەش بۆ ئەوەی پەیامەکانیان ڕوون و ئاشکرابن و پەیاموەرگر بە ئاسانی لێیان تێ بگات، هەر بەپێی ڕێبازی ڕیالیزم پێویستە ئەدیب بۆچوونەکانی گشتگیر بن و گوزارشت لە تەواوی کۆمەڵگە و تاکەکانی کۆمەڵگە بکات، هەر بۆیە پێویستە ئەدیب خوێندنەوەیەکی وردی بۆ کۆمەڵگەکەی هەبێت و شارەزای تەواوی بارودۆخی ژیانیان بێت، چونکە تەنها بەمجۆرە دەتوانێت بەرهەمێکی سەرکەوتوو پێشکەش بکات.

نووسەری ڕیالیست بەشێوەیەکی گشتگیر و پێکەوە گرێدراو ڕووداو و بارودۆخی ژیانی سەرجەم چینەکانی کۆمەڵ دەخاتەڕوو، کە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە، ((نووسەری ریالیست ژیان بە گشتی و ڕووداو و خەسڵەتە بەشەرییەکان بەتایبەتی، وەک ڕەوتێکی یەک یەکەی بەردەوام و تەواوکەری یەکدی ڕەچاو دەکات و لەبەرچاودەگرێ. نەک وەکو زنجیرە دیاردەی جودا کەچ پێوەندییەکیان بە یەکدی و هەلومەرجی مێژووی وەختەوە نەبێ... بەم پێیە نووسەری ریالیست، ژیانی چینە چەوسێنەرەکان، هەمیشە لەگەڵ ژیانی چینە چەوساوەکاندا بەراورد دەکات و هەرگیز ناتوانێ کوێرەوەری و بێنەوایی یەکێکیان لەگەڵ دەسەڵات و بەختەوەریی ئەوی

[1] – ڕەزا سەید حوسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، ل٩٩

تریاندا بەراورد نەکات و رووبەڕووی یەکدی دایان نەنێ))[1] واتە کاتێک باس لە چینە زەحمەتکێش و چەوساوەکان دەکات، لەهەمان کاتدا باسی ئەو چینەش دەکات کە بوونەتە هۆی ئەم نەهامەتییە و بەوردی ئەو جیاوازییانەی نێوان ئەم دوو چینە ڕوون دەکاتەوە، ئەمەش بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی خەڵک و هاندانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەمی دەسەڵاتداران و تێکۆشان لەپێناو بە دەستهێنانی مافەکانیاندا.

## تایبەتمەندییەکانی ڕیالیزم:

١ -گرنگی دان بە واقع: ڕیالیزم گرنگییەکی زۆر بە واقع دەدات و هەوڵدەدات واقعی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگە وەکو خۆی بەسەرجەم باشی و خراپییەکانی، خۆشی و ناخۆشی و نەهامەتییەکانی مرۆڤ بگوازێتەوە ناو ئەدەب و لە دەقی ئەدەبیدا ڕەنگ بداتەوە.

٢ -بابەتی بوون: نووسەری ڕیالیست پێویستە بابەتییانە ڕووداوەکانی واقع بگوازێتەوە و تا دەتوانێت لایەنی خودی فەرامۆش بکات، ئەمەش لەبەرئەوەی بەرهەمەکانیان گوزارشتکردنێکی ڕاستگۆیانە بێت لە واقع.

٣ -کۆمەڵخوازی: گرنگیدان بەکێشەکانی کۆمەڵ، پێویستە نووسەری ڕیالیست باس لەو کێشە و گرفتانەی کۆمەڵ بکات کە مۆرکێکی گشتییان هەیە، گرفتی زۆربەی خەڵکن، بەهیچ شێوەیەک نابێت گرفتی تاکەکەسێک، یان گرفتێک بخاتەڕوو کە مۆرکێکی تاکەکەسی هەبێت و گوزارشت لە زۆرینەی کۆمەڵ نەکات.

٤ -دژایەتی کردنی خەیاڵپلاوی و دورکەوتنەوە لە واقع: نووسەری ڕیالیست نابێت جڵەو بۆ خەیاڵی شل بکات و لە واقع دووربکەوێتەوە و بەخەیاڵ واقعێکی دیکە بەرجەستە بکات، کە جیاوازبێت لە واقعی ڕاستەقینە، هەروەک ڕۆمانسییەکان دەیانکرد، بەڵکو دەبێت خەیاڵەکانی لەچوارچێوەی ماقوڵ دەرنەچێت و نەبێتە هۆی شێواندنی واقع و گومڕاکردنی خەڵک.

٥ -زمانی ئەدەبی ڕەوان و ئاسان: لەبەرئەوەی نووسەری ڕیالیست بۆ خەڵک بەگشتی دەنووسێت و دەیەوێت واقعیان بۆ ڕوون بکاتەوە و هۆشیارییان

[1] - سیروس پرهام، و:حەمەکەریم عارف، ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٣٢-٣٣

زیاد بکات، هەربۆیە خۆی لە وشە و زاراوەی قورس و تەمومژ و هێما و ئاماژە دەپارێزێت و هەوڵدەدات بە زمانێکی ڕەوان و ئاسان باسی واقعی کۆمەڵگە بکات.

٦ -گەشەدان بە بیری زانستی: پێویستە نووسەری ڕیالیست لەکاتی ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی ململانێ و کێشە و گرفتەکاندا خۆی لە میتافیزیک و ڕێکەوت بپارێزێت و هۆکارە مادییە ڕاستەقینەکان بخاتەڕوو، کەبوونەتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و گرفتەکان، کە زانست پشگیری بکات و بە ئەزموون سەلمێندرابێت.

٧ -هاوچەرخایەتی: گوزارشت کردن لە سەردەم و واقعی ئێستایی کۆمەڵگە، پێویستە نووسەری ڕیالیست باس لە کێشە و گرفتەکانی ئێستای کۆمەڵ بکات، ئەو گرفتانەی هەنووکە کۆمەڵگە پێوەی دەناڵێنێت، نابێت خۆی بە ڕابردووەوە خەریک بکات، یان بە خەیاڵ بیەوێت باسی داهاتوومان بۆ بکات، چونکە هەر دوور کەوتنەوەیەک لەڕابردوو، دەقەکەی بەرەو لاوازی دەبات.

٨ -گرنگیدان بەهۆکارە ناوەکییەکان: نووسەری ڕیالیست لەکاتی باسکردنی واقعدا تەنها ڕووکەشی ڕووداوەکانمان بۆ ناگوازێتەوە، بەڵکو دەچێتە قولایی و دیوی شاراوەی ڕووداوەکانمان بۆ دەخاتەڕوو، ئەو هۆکارە جەوهەرییانەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە بوونەتە هۆی دروست بوونی کێشە و گرفتەکان، ئەمەش بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی خەڵک و هەوڵدانیان بۆ چارەسەرکردنی ڕیشەیی گرفتەکانیان

٩ -گرنگیدان بە لایەنە نەرێنییەکانی کۆمەڵگە: ڕیالیزم کار لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی کۆمەڵ دەکات، کێشە و گرفتەکان دەخاتەڕوو، باس لە خراپەکاری و تاوان و چەوساندنەوە و ستەم و کوشت و کوشتار دەکات و هۆکارە جەوهەرییەکانیانی ئەم ڕووداوانە دەخاتەڕوو.

١٠ - گرنگی دان بە هونەرەکانی پەخشان بەتایبەتی ڕۆمان، لەبەرئەوەی ئەدیب لە ڕێگەی هونەری ڕۆمانەوە باشتر دەتوانێت واقع بخاتەڕوو؛

زۆربەوردی سەرجەم کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی بابەتییانە باسبکات.*

ڕیالیزم بەحوکمی سەردەمەکەیی و ئەو گەشەسەندنە خێرایەی زانست و بەرەو پێش چوونی فەلسەفە و گۆڕانی بارودۆخی ژیان چەندین لقی لێ بووەوە، کە هەندێک لێکۆڵەر نزیکەی (٣٠) جۆری ڕیالیزم دەژمێرن، بەڵام ئێمە لێرەدا تیشک دەخەینە سەر گرنگترینیان، بەتایبەتی ئەوانەیان، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە توێژینەوەکەمانەوە هەیە و بریتین لە:

أ - ڕیالیزمی فۆتۆگرافی
ب - ڕیالیزمی ڕەخنەیی
ت - ڕیالیزمی سۆشیالیستی

## ١-٢-٢-١/ ڕیالیزمی فۆتۆگرافی

ئەم ڕێچکەیەی ڕیالیزم هەوڵدەدات واقع وەکو خۆی نیشان بداتەوە، واتە واقعی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، بارودۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک وەکو وێنەیەکی فۆتۆگرافی بخاتە پێشچاو بەبێ ئەوەی نووسەر هیچ بیروبۆچوونێکی خۆی بخاتەڕوو، یاخود ڕەخنە لە واقعەکە بگرێت، نووسەر تەنها وەک تەماشاڤانێک وایە و واقعەکە چۆنە ئاوها بەشێوەیەکی هونەری پێشکەشی دەکاتەوە. فەرهاد پیربال لە پێناسەی ئەم ڕێچکەیەدا دەڵێ: ((ئەم ڕێبازە مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی وەک چۆن خۆی هەبوو، وەک خۆی، واتە لەشێوەی وێنەیەکی فۆتۆگرافیدا دەخستە بەرچاوی خەڵک، بێ ئەوەی ڕەخنە لە هیچ لایەنێکی خراپی کۆمەڵ بگرێت و بێ ئەوەی نووسەر یا هونەرمەند هیچ بینینێکی تایبەتی خۆی دەرببڕێت و هیچ مۆرکێکی تایبەتی خۆی بخاتە سەر واقیعەکە))[١]

هەندێک لە نووسەرانی ڕیالیزم بەجۆرێک ئەم وێناکردنەوەی واقعەیان پێشکەش دەکرد، کە وەک دۆکۆمێنتێک وابێت و زۆرجار بتوانرێت لەڕێگەیەوە تەواوی واقعی

* بۆ ئەم تایبەتمەندییانەی ڕیالیزم هیچ سەرچاوەیەک نەکراوەتە بنەما، بەڵکو لە ئەنجامی خوێندنەوەی کۆمەڵێک سەرچاوە دەربارەی ڕیالیزم گەڵاڵە کراوە.
[١] - فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل١٠٧

کۆمەڵگەکە بزانرێت، لەسەرجەم لایەنەکانی ژیانەوە، چونکە ((نووسەرانی ڕیالیست دەیانویست نەک هەر تەنیا وەک تێبینی کردنێک لاسایی حەقیقەت و واقع بکەنەوە، بەڵکو دەیانویست ئەم لاسایی کردنەوە ئەوەندە ڕێک و وردبێ وەک دۆکیمەنتێک خۆی نیشان بدا. کۆنگۆر و زۆلا دەچوون ڕاستەوخۆ بۆ بینینی کێشەکان بەچاوی خۆیان و کەرەستەیان کۆدەکردەوە و لەلای پسپۆران زانیارییان وەردەگرت. هەرچی مۆپاسان و فلوبێر بوون تێکەڵاوی ناوەندە پزیشکییەکان دەبوون بۆ کۆکردنەوەی زانیاری))[1] ئەمەش بەو واتایە نییە، کە بەرهەمی سەر بەم ڕێچکەیە هیچ داهێنان، یاخود هونەرکارییەکی تێدا نییە، بەپێچەوانەوە بەرهەمەکانیان ئاستێکی بەرزی هونەرییان هەبووە و دەقی داهێنەرانەشن، چونکە ((وێنەکێشانێکی داهێنەرانەیە، کە خەسڵەتەکانی زیندەگی و واقیعی مرۆڤ و سروشت، لە چوارچێوەیەکی ئەدەبیدا بەرجەستە دەکات، وێڕای ئەوەی کە سەرجەم ڕەفتار و بزاڤەکانی کۆمەڵگا دەخاتەڕوو))[2]

نووسەرە دیارەکانی ڕیالیزمی فۆتۆگرافی بریتین لە: ئێمیل زۆلا، کۆنگۆر، بالزاک، تۆرژنێڤی ڕووسی.

## ١-٢-٢-٢/ ڕیالیزمی ڕەخنەیی

ڕیالیزم لە بنەڕەتدا ڕێبازێکی ڕەخنەییە، لە سەردەمی ڕەخنەدا هاتووەتە ئاراوە، ڕەخنە دژی کلاسیزم و ئەدەبە چینایەتییەکەی، کە هەمیشە لە خزمەتی چینی باڵا و بەگزادە و دەسەڵاتداراندا بووە و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگای فەرامۆش کردبوو، ڕەخنە دژی خەیاڵپلاوی ڕۆمانسییەکان و ڕاکردنیان لە واقع و کێشە واقعییەکانی مرۆڤایەتی، ڕەخنە دژی هەموو ئەوانەی کە پێیان وابوو دەبێت هونەر تەنها لە پێناوی هونەردا بێت (هونەر بۆ هونەر) و نابێت ئەدەب هیچ سوودێکی هەبێت و لە خزمەتی کۆمەڵ و مرۆڤدابێت. هەموو ئەمانە و بارودۆخی ئەوکاتەی کۆمەڵگای ئەورووپی ئەوەی دەخواست، کە ڕێبازی ڕیالیزم خاوەن نەزعەیەکی ڕەخنەیی بێت و یەکێک لە ڕێچکە بنەڕەتییەکانیشی ناوی (ڕیالیزمی ڕەخنەیی)یە، کە نۆبەرەی ڕیالیزمە و خاوەن تێروانینێکی ڕەخنەگرانەی ڕەشبینانەشە بۆ کۆمەڵگە. ڕیالیزمی ڕەخنەیی ((واقیعی

---

[1] – موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، ب١، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٩٣

[2] – ئازاد عبدالواحد کەریم، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل٧١

مـرۆڤ و کۆمەڵگەکـەی بەشـێوەیەکی ڕەخنەگرانـە دەخسـتە بـەرچـاوی خـەڵک؛ لایەنـە خراپـەکانی کۆمــەڵ و مرۆڤایــەتیی لــە چوارچێوەیــەکی ڕەخنەییــدا پێشــکەش دەکــرد؛ بەتایبـەتی ڕەخنـەگرتن لـە چینی بـاڵا و دەسـەڵاتداری کۆمـەڵ و حکوومـەت. لـە ئاکامـدا خوێنـەر یـا بینـەری وا لێدەکرد، کـە بیـر لـە دۆزینـەوەی چارەسـەرێک بکاتـەوە بۆ ئـەو گیروگرفتانەی کە لە بەرهەمەکەدا خراوەتەڕوو ))[1] بەمجۆرە ڕیالیزمی ڕەخنەیی خـەڵکی هۆشیاردەکردەوە و هانی دەدان بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی چارەسەری ڕیشەیی بۆ کێشە و گرفتەکانیان؛ لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی باشتر و شایستە بۆ کۆمەڵ.

ڕیالیزمی ڕەخنەیی  گرنگی بە لایەنە نەرێنییەکانی کۆمەڵ، کێشـە و گرفتـەکان، نادادییەکان، ململانێی چینەکانی کۆمەڵ دەدات و دەیکاتە بابەتی سـەرەکی بەرهەمەکـەی و ڕەخنەی لێ دەگرێت، هەربۆیـە ((نووسـەر لـەم ڕووگـەدا لایـەنێکی هـەڵبژاردە لـەژیانی واقیعی هەڵدەبژێرێ و دەیکا بەمایە و ماکی ڕەخنەگرتن لە ڕەوشتی ناپەسەند و خووی خـراپ، بەتایبــەتی بــەنیازی ڕابــەری و سەرزەنشــت کــردن بــەقووڵی و وێنەیــەکی کاریکاتیری لایەنە هەڵبژاردەکەی شیدەکاتەوە و دەیچەسپێنێ))[2]

ئــەم ڕێچکەیــە تێڕوانینێکــی نەرێنییانــەی هەیــە بــۆ کۆمەڵگــە و بەشــێوەیەکی ڕەشـبینانە لێی دەڕوانێت، هەربۆیـە هـەوڵیش دەدات لایەنـە نەرێنییـەکانی وەک شـەڕ و ئاژاوە و تاوان و هەژاری و نەزانی و ستەمی چینی بۆرژوا و دەسـەڵاتداران بخاتـەڕوو و ڕەخنەی لێ بگرێت، هۆکارە جەوهەرییەکانی ڕوودانی ئەم کێشانە ڕوونبکاتەوە، بەبێ ئـەوەی هیچـی لـێ کـەم و زیـاد بکـات، ئەمـەش بەمەبەسـتی دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی واقعیانـەی ئـەو کێشـە و گرفتانـەی کۆمـەڵ پێـوەی دەناڵێنێت. هـەروەها خسـتنەڕوو و زەقکردنەوەی دژیەکییەکانی کۆمەڵگە، کە تێیدا چینێک لەوپـەڕی هـەژاری و نەهامـەتی و کولەمەرگیدا دەژین و چینێکی تریش ژیـانێکی شـاهانە و پڕ لـە خۆشـگوزەرانی دەژیـن ((بالزاک یـەکێک بـوو لـەو نووسـەرە ریالیزمانـەی کـە سـەیری ژیـانی تـاکی دەکـرد و لـە تایبەتمەنـدێتی دەکۆڵییــەوە، هــەموو ســاتەکانی دەردەبــڕی. لەلایــەک ئــەو هۆکارانــەی دەردەخست کـە جووتیـاران بۆ بەدەسـتهێنانی مافـەکانیان بـەکاریان دەهێنـا و لەلایـەکی تریشەوە نهێنییەکانی کۆشک و تەلاری ئۆرۆستۆکراتییەکانی دەخستەڕوو، پلانـی نهێنـی

[1] – فەرهاد پیرباڵ، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل١٠٧

[2] – کامل حەسەن بەسیر، مێژووی ڕەخنەسازی، ل٢٠٦

سیاسیەکانیشی کەشفدەکرد، بەمەش بەدواداچوونێکی قوڵی بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی گشتی و تایبەتی دەکرد))[1]

نووسەرە ناودارەکانی ڕیالیزمی ڕەخنەیی بریتی بوون لە : پۆشکین، گۆگۆڵ، تۆرکنێڤ، تۆڵستۆی، دیستۆڤسکی، چیخۆف، بیلینیسکی، باسترناک، ئیلیا ئێهرەنبۆرگ.

## ١-٢-٢-٣/ ڕیالیزمی سۆشیالیستی

ڕیالیزمی سۆشیالیستی ڕێچکەیەکی دیکەی ڕیالیزمە، لەچاو ڕێچکەکانی تر درەنگتر سەریهەڵداوە، کە سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ چارەکی دووەمی سەدەی بیستەم، شۆڕشی گەورەی ئۆکتۆبەر لەساڵی (١٩١٧) ڕۆڵێکی گەورەی لە سەرهەڵدانی ئەم ڕێچکەیەدا بینی. ڕیالیزمی سۆشیالیستی پشت بە فەلسەفەی مارکسیزم دەبەستێت و نووسەرانی هەوڵدەدەن بنەما و تایبەتمەندییەکانی ئەم فەلسەفەیە پەیڕەو بکەن، بەتایبەتی گرنگیدان بە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ (پرۆلیتار) و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبەکەیاندا. ئەم ڕێچکەیە تێڕوانینە گشتییەکانی خۆی لە فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالەکتیکی (مارکسیزم) وەرگرتووە، هەروەها ئەم ڕێچکەیە شیکردنەوەی جیاوازی بۆ واقع هەیە و لە جیهانی سۆشیالیستییەوە وەرگیراوە، کە تێڕوانینێکی ئەرێنییانەی بۆ واقع هەیە و بڕوای وایە واقع ئومێدبەخش و ئەرێنییە و ((ئەدەبێکە ئامانجی سەرخستنی فاکتەری خێر و متمانە بەمرۆڤ و تواناکانیەتی، ئەگەرچی ناوەرۆکی واقعییەکەیان لە ژیانی گشتی خەڵک و گیروگرفتەکانیان وەرگرتووە، بەڵام بەگیانێکی گەشبینانەوە، کە بڕوای بە ئەرێنی مرۆڤ و تواناکانی هەیە بۆ بەدەستهێنانی چاکە و قوربانیدان بەهەموو شتێک لە پێناویدا؛ بەبێ ئەوەی نائومێد یان ڕەشبین یاخود توشی تەنگوچەڵەیەکی لە ڕادەبەدەر بن))[2]

ڕیالیزمی سۆشیالیستی ناوە هونەرییەکەی (مارکسیزم – لینینزم)ە[3]، کە ئەم فەلسەفەیە بڕبڕەی پشتی ئەم ڕێچکەیەیە و بڕوای وایە ((هونەر ئەو واقیعە پیشان

---

[1] – عەباس محەمەد قادر، ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (١٩٤٦-١٩٧٠)، ل٢٥

[2] – محمد مندور، الادب و مذاهبه، ص١٠٥

[3] - حەمەسەعید حەسەن، سەبارەت بەشیعری هاوچەرخی کوردی و چەند مەسەلەیەکی دیکە، ستۆکهۆلم، ١٩٩٧، ل٢

دەدات کە لە هۆشیاری مرۆڤدا جێگیر بووە، بێگومان ئەو واقیعەش بە گۆڕانی مێژوو دەگۆڕێت، لەبارێکەوە دەچێتە بارێکی تر. خاڵێکی گرنگ لە تیۆری ماتەریالیزمی مێژوودا ئەوەیە، کە بەپێچەوانەی بیروڕاکانی پێشتر کە پێیان وابوو فەلسەفە و یاسا و ئەدەب و هونەر هەریەکەیان بەجیا و سەربەخۆ لەقۆناغەکانی مێژوودا گەشە دەکەن، بەڵام بەلای مارکسەوە ئەوە ژێرخانی کۆمەڵایەتییە کە دواجار بڕیار لەسەر پێشکەوتن و گەشەکردنی سەرخانی کۆمەڵ دەدات))[1]

ئەم ڕێچکەیە بە چەند قۆناغێک سەری هەڵداوە، کۆمەڵێک نووسەری مارکسی پێشتر بەپێی بنەماکانی مارکسیزم بەرهەمی ئەدەبییان بڵاوکردبووەوە و هەریەکەشیان هەوڵیداوە ناوێک بۆ ئەو ڕێچکەیە دابنێت، وەکو (ئەدەبی پرۆلیتاری، ڕیالیزمی هەڵبژێردراو، ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی، ئەدەبیاتی ئامانجدار، پێڕەوی ماتریالیزمی دیالەکتیکی ئەفراندن). عەلی جەواد ئەلتاهیر دەربارەی سەرهەڵدانی ئەم ڕێچکەیە دەڵێ: ((ڕیالیزم قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کرد. پاش پەیوەستبوونی بە مارکسیزمەوە و بەشێوەیەکی سەرەکی پشتبەستنی بە چینی پرۆلیتار، بەدوای ناوێکدا دەگەڕا بۆ خۆی، تا خۆی لە (ڕیالیزمی سۆشیالیستی)دا دۆزییەوە و لەساڵی (١٩٣٤) لە دایکبوونی خۆی ڕاگەیاند و مەکسیم گۆرگی بە نوێنەر و باوکی ئەم ڕێچکەیە دانرا. هەروەها پاش فەلسەفە و ئەدەب؛ پەیوەست بوو بە حیزب و دەوڵەتیشەوە ))[2] چونکە ئەم ڕێچکەیە بووە بنەمای سەرەکی ئەدەبی دەوڵەتە سۆشیالیستییەکان.

ڕیالیزمی سۆشیالیستی بۆ یەکەمجار لە یەکەمین کۆنگرەی نووسەرانی سۆڤێت بە ڕابەری (مەکسیم گۆرکی) پەسەند کرا و چەسپێندرا، چونکە ((ناونانە تازەکە بە هەرەوەزی لیژنەی تایبەتی ئامادەکردنی یەکەم کۆنگرەی نووسەرانی سۆڤێت بە ڕابەری مەکسیم گۆرکی جێی خۆی گرت، لیژنەکە پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئەم ئەدەبیاتە تازەیە ناوبنرێت ڕیالیزمی سۆسیالیستی یا ڕیالیزمی ڕۆمانتیکی، دوا ناونیشانیش ڕیالیزمی سۆشیالیستی بوو، یەکەمجار ساڵی ١٩٣٢ لە ڕۆژنامەی ئەدەبیدا کە ڕۆژنامەی یەکێتی نووسەرانی سۆڤێتە لە ڕۆژی ٢٣ی ئایاری ئەو ساڵەدا چەسپی، کۆنگرەی یەکەمی نووسەرانی سۆڤێت ساڵی ١٩٣٤ ئەم ناونانەی پەسەند کرد))[3] هەر لەم کۆنگرەیەدا پێناسەیەک بۆ ئەم ڕێچکەیە دانرا، بەپشت بەستن بەو بەرهەمانەی

[1] – عەباس محەمەد قادر، ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (١٩٤٦–١٩٧٠)، ل٣١

[2] – علی جواد الطاهر، الخلاصة فی مذاهب الادب الغربی، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٨٣،ص٣٣

[3] – عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ڕیالیزمی نوێ و ئەدەبیاتی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٨

پێشتر ناوەرۆکێکی ڕیالیزمییان هەبووە و کاریگەری فەلسەفەی مارکسیزمیان بەسەرەوە بووە. ((بەرنامەکە ریالیزمی سۆشیالیستی بەم چەشنە تەعریف کردبوو: کە پێڕەوی بنەڕەتی ئیبداعی هونەرییە و نەخشەکێشانی راستگۆیانە و مێژوویی کۆنکرێتیی واقیعی لە کۆڕی بەرەو پێش چوونی شۆڕشگێڕانەدا لە هونەرمەندان دەوێت، هەروەک پەروەردەکردنی کارگەرانی بە گیانی سۆشیالیزمی لێیان دەوێت))[1] بەپێی ئەم پێناسەیە ئەم ڕێچکەیە گرنگی بە ناوەرۆکی دەقی ئەدەبی دەدات و داوای ئەوە دەکات ئەدەب ڕەنگدانەوەی ڕاستگۆیانەی واقع بێت، گێرانەوەی مێژوو بێت بەگیانێکی شۆڕشگێڕانە، بەڵام بەشێوازێکی هونەری و داهێنەرانە، کە ببێتە هۆی هۆشیارکردنەوەی خەڵک و پەروەردەکردیان لەسەر بنەماکانی سۆشیالیزم.

ئەم ڕێچکەیە زۆر بەخێرایی سنووری فراوان بوو، بەجۆرێک بوو بە بناغەی ئەدەبی زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی سەر بە بلۆکی ڕۆژهەڵات بوون، چونکە ئەم ڕێچکەیە جگە لەوەی بنەمایەکی فەلسەفیانەی هەبوو، لەهەمانکاتدا بنەمایەکی سیاسیانەشی هەبوو، کە یارمەتی دا لە گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی دا و ((سنووری جوگرافی خۆی تێپەڕاند و بووە ریالیزمی ئەو دەوڵەتە سۆشیالیستییەکانەی کە لەسەر ئەم بنەمایە پەیوەست بوون بە سەرجەم سیستمە سۆشیالیستییەکەوە، هەروەها چەندین ئەدیبی تریش لەم گۆشە نیگایەوە لە ناوچە جیاوازەکانەوە پشتگیرییان دەکرد))[2] هەر ئەمەش وایکرد ئەم ڕێچکەیە بەخێرایی جێی خۆی بکاتەوە و ببێت بە تاکە ئەدەبی باڵادەست لە دەوڵەتە سۆشیالیستییەکاندا.

ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیستی ئەو ئەدەبەیە گرنگی بە چینی پرۆلیتار و خەبات و تێکۆشانیان دەدات لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیاندا و بەدیهێنانی ئاواتەکانیان لە ئازادی و سەربەستی دا، پاڵەوانەکان کەسانی واقعی چینی خوارەوەی کۆمەڵ و کرێکارانن، کە خاوەن ئایدۆلۆژیای سیاسی سۆشیالیستین و لایەنگری حیزبن، لە پێناوی مافەکانیاندا زۆر ئازایانە و چاونەترسانە خۆیان دەکەنە قوربانی و هەرگیز کۆڵنادەن، چونکە ئەم چینە؛ چینێکی زەحمەتکێش و کۆڵنەدەرن و لە بەرامبەر ستەم و زوڵم و زۆری چینی سەرمایەداران و بۆرژوادا، چینێکی هۆشیارن، کە دەتوانن واقع بگۆڕن و جیهان بەرەو باشتر بەرن.

---

[1] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢

[2] – علی جواد الطاهر، الخلاصة فی مذاهب الادب الغربی، ص٣٣-٣٤

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بنەماکانی ڕیالیزمی سۆشیالیستی لەم خاڵانەدا کۆ بکەینەوە:

١. تێگەیشتنێکی قوڵ بۆ کۆمەڵگە کە لە لێکدانەوەی فەلسەفەی مارکسیزم بۆ ململانێی چینایەتی وەرگیراوە و گەیشتن بە کرۆکی دژیەکییە دیالێکتیکییەکانی ئەم ململانێیە، کە لەسەر بنەمای کارتێکردن و کاریگەربوون و ئەنجامەکانە.
٢. ئەم ڕێچکەیە گەشبینە، بڕوای بەسەرکەوتنی ئیرادەی جەماوەر هەیە، کە هەمیشە لەسەر حەق و چاکەیە و دەتوانێت دووبارە بینای کۆمەڵگەکەی نوێ بکاتەوە.
٣. ئەم ڕێچکەیە لەگۆشەنیگای واقعی ماتریالییەوە تێگەیشتنێکی قوڵی بۆ ژێرخانی کۆمەڵ و هۆکارە کاریگەرەکان تێیدا و ئەو ململانێیانەی دەبنە هۆی گۆڕانکاری هەیە.
٤. ئەم ڕێچکەیە تەنها بە وێناکردنی واقع ڕازی نابێت، بەڵکو پێویستە شیکردنەوەی بۆ بکرێت و ئەو هۆکارە کاریگەرانە دیاری بکرێت کە دەبنەهۆی دروستکردنی داهاتوویەکی پێشکەوتوو.
٥. ئەدیب پێشەوای کۆمەڵە، بەهۆی ئەو هۆشیاریی و تایبەتمەندییە هزری و هونەری و سەرکردایەتییەی هەیەتی؛ دەتوانێت کاریگەری لەسەر بیروباوەڕی خەڵک هەبێت، هەروەها پەیامێکی جەوهەری ئەرێنی هەیە، کەڕۆڵی هەیە لە بیناکردنی داهاتوویەکی باشتردا.
٦. گرنگیدان بە توانا هونەرییەکانی وەکو توانای زمانی و شێوازی دەربڕین و لێهاتوویی لە وێناکردنی لایەنی سروشتی و دەروونی و عاتیفی، کە هەوڵی دواندنی جەماوەر دەدات، هەربۆیە زمانێکی ئاسان هەڵدەبژێرێت بۆ بەرهەمەکەی. چونکە لای ئەم ڕێچکەیە هیچ بەرهەمێک بەهایەکی ئەدەبی نییە ئەگەر گرنگی بە ڕوخسار و ناوەرۆک نەدات، لەبەرئەوەی تەواوکەری یەکن.[١]

---

[١] – قحطان بيرقدار، خصائص الواقعية الطبيعية والواقعية الاشتراكية، https://www.alukah.net/literature_language/٠/٣٣٨٥٥/

نووســـەرە ناودارەکـــانی ئـــەم ڕێچکەیـــە بـــریتین لـــە: مەکســـیم گـــۆرکی، مایەکۆڤسکی،ئەلیکســی تۆڵســتۆی، فــادییف، لۆنــا چارســکی، ڤۆرۆنســکی، شــۆلۆخۆڤ، ڕەسوڵ هەمزاتۆڤ و گۆران.

## ١-٢-٣/ مێژووی واقعی

ڕەنگدانـەوەی واقـع لـە دەقـی ئەدەبیدا مێژوویـەکی کـۆنی هەیـە، چونکـە ئـەدەب پەیوەندییـەکی ڕاسـتەوخۆی بـە بـارودۆخی ژیـانی کۆمەڵـەوە هەیـە، نووسـەریش وەکـو تــاکێکی ڕۆشــنبیری نــاو کۆمەڵگــە، ئاگــاداری ســەرجەم کێشــەو گرفــت و خۆشــی ناخۆشییەکانی کۆمەڵگەکەیەتی، هەربۆیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئـەم بارودۆخـە کاریگـەری لەسـەری دەبێـت و لـە ئەدەبەکەیـدا ڕەنـگ دەداتـەوە، هەربۆیـە بەدرێژایی مێژوو واقعی ژیانی مرۆڤ لە ئـەدەب و ڕەخنـەی ئەدەبیدا ڕەنگی داوەتـەوە، مـرۆڤ هـەر لەسـەرەتـای دەربڕینـی ئەدەبـەوە و بەتایبـەتی بـە شـیعر هـەوڵی داوە گوزارشـت لـە خۆشـی و ناخۆشـی، شـادی و شـین، پێکـەنین و گریانـەکانی... بکـات و ئەدەب بکاتـە پەناگەیـەکی ڕوحـی و دەروونـی ئـارام بـۆ خـۆی، ئەگـەر سـەیری یەکـەمین دەقـی ئـەدەبی بکـەین، کـە لـە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆمـان ماوەتـەوە (دەقەکـەی شـاعیر "دانجیری دامۆ"ی شاعیری سۆمەرییە لە (٢٩٠٠) ساڵ پێش زاین بۆ "ئینتیهـاب خـواژنی لیگش"ی نووسیوە) کە دەڵێ:

داخی گران! گیانم دەتوێتەوە لە حەشمەت شارو گەنجینەکان

داخی گران! گیانم دەتوێتەوە لە حەشمەت شارەکەم جەرسوو

لیگش و گەنجینەکان

منداڵان لە جەرسووی پیرۆز لە ژیانی هەژاری دان

داگیرکەر گەیشتە ئارامگای هەرە مەزن

قەرالیچە گەورەکەی لە پەرستگاوە دەرهێنا

ئەی گەورە ژنی شاری بیابان و پڕ ترش

کەی دەگەڕێیتەوە ؟[1]

دەبینین ئەم دەقە گوزارشت لە خەم و ئازارەکانی گەلی ناوچەی "لیگش" دەکات، کە توشی هێرشی بێگانە بوونە بۆ سەر شارەکەیان و ئەو وێرانی و کاولکارییانەی بەسەر شارەکەیاندا هاتووە. هەروەها داستانی(ئەلیادەی هۆمیرۆس)یش کە مێژووەکەی بۆ سەدەی (٩)پ.ز دەگەڕێتەوە. باسی (٥١) ڕۆژی کۆتایی جەنگی نێوان یۆنان و ترۆی دەکات کە ماوەی (١٠) ساڵ درێژەی کێشابوو، لەکۆتاییدا بەسەرکەوتنی یۆنانییەکان کۆتایی دێت. لە ڕەخنەی ئەدەبیشدا یەکەمین کەسێک باسی  واقعی کردبێت لە دەقی ئەدەبیدا (ئەفلاتۆن)ە.

**ئەفلاتۆن** (٤٢٧-٣٤٧پ.ز) فەیلەسووفێکی گەورەی یۆنانییە، خاوەنی فەلسەفەی ئایدیاییە، بڕوای وایە ئەدەب لاساییکردنەوەی سروشتە، بەڵام لاساییکردنەوە بە شتێکی خراپ دادەنێت، کە دەروونی مرۆڤ تێکدەدات، بیرواکانی دەربارەی شاعیران ناڕوونی و دژیەکی تێدایە، چونکە هەندێکجار ستایشیان دەکات و هەندێکجاریش بە درۆزن لە قەڵەمیان دەدات و لە کۆمارەکەی بە مەرج نەبێت جێگایان ناکاتەوە. ئەفلاتۆن بڕوای وایە شاعیران لە ئەنجامی لاساییکردنەوەی سروشتەوە دوو هەنگاو لە ڕاستییەوە دوور دەکەونەوە، هەرکەسێکیش دوو هەنگاو لە ڕاستییەوە دوور بکەوێتەوە بێگومان درۆزنە. لەهەمانکاتدا لەبەرئەوەی سروشی لەلایەن خواوەندەوە بۆ دێت لەکاتی شیعردانانیدا ستایشکراوە و بە مەرج ڕێگەیان دەدات بچنە کۆمارەکەیەوە، ئەویش ئەوەیە شیعر بخەنە خزمەتی ئاین و کۆمەڵەوە، خزمەتی بەها باڵاکان و ڕەوشت و ئەخلاقی باو بکەن و گرنگی بە واقعی کۆمەڵایەتی بدەن، لەپێناو باشترکردنی ژیانی خەڵکدا، چونکە ئەفلاتۆن ((بڕوای تەواوی بەوە هەبوو کە (هونەر بۆ ئاکارو بەهاکانە) واتا ئامانج لێی فێرکردنو ڕووناکبیرکردنە، پێیوابوو کە شیعر پەیامێکی بەرزی هەیە ئەگەر پەیامەکەی بەدی نەهێنێت ئەوا شیعرێکی بۆگەنو سێبەری نییە لە جیهانی حەقیقەتدا، بۆیە پێویستە شیعر هانی خەڵک بدات بۆ کاری خێرومەندی و ئەگەر بانگەشە بۆ پێچەوانەی ئەمە بکات ئەوا پێویستە بەتەواوەتی دوور بخرێتەوە. بەکورتی پێویستە هونەر بگونجێت لەگەڵ گیانی خێرومەندی و بەرز ڕاگرتنی و بەها باو و

[1] - مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب١، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ١٣٦

نەریت و یاساو ئایینەکانو خۆی لە هەموو شێوەیەکی لادانی ئاکاری و لادان لە بەها باوو نەریتو یاساو ئایینەکان بە دوور بگرێت))[1]

ئەفلاتۆن درکی بەکاریگەری شیعر کردبوو لەسەر خەڵک، بۆیە هەوڵی کۆت و پێوەند کردنی دەدا و کۆمەڵێک ڕێوشوێن و بنەمای بۆ شاعیر دانابوو بۆ ئەوەی بتوانن بچنە کۆمارەکەیەوە. هەروەها بڕوای وایە، کە دەبێت هونەرمەند پابەندی ڕەوشت و بەها باڵاکانی کۆمەڵگا بێت و بەدوای حەقیقەتدا بگەڕێت.

**ئەرستۆ** (٣٨٤-٣٢٢پ.ز) فەیلەسوفێکی گەورەی یۆنانییە، لە سەدەی چوارەمی پێش زایندا ژیاوە، خوێندکاری ئەفلاتۆن بووە، دامەزرێنەری ڕیالیزمی کلاسیکییە، کە بە (ڕیالیزمی مرۆڤایەتی)ش ناسراوە، ڕیالیزمی کلاسیکی بڕوای وایە جیهانی دەرەوە بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە، با ئێمە هەستیشی پێ نەکەین، هەروەها بڕوای بە هەستپێکراوەکانی هەستەکان هەیە و متمانەیەکی تەواوی پێ دەکات، هەربۆیە هەندێک پێی دەڵێن ڕیالیزمی ئاسایی، لەبەر ئەوەی ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی مروڤی ئاساییە.

ڕیالیزم بەگشتی و ڕێچکەکانی ڕیالیزمی فۆتۆگرافی و ڕەخنەگری و سۆسیالیستی؛ کار لەسەر کۆمەڵگە و هۆشیاری مرۆڤ دەکەن، کێشەو گرفتەکانی ناو کۆمەڵ دەخەنەڕوو، هەربۆیە دەکرێ بگوترێت، کە ((لەڕووی لەدایکبوونیانەوە ڕەگوڕیشەیان لە بیروڕاکانی ئەرستۆدا بەدی دەکرێ، چونکە هەروەکو لەمەوبەر بینیمان، ئەم ڕەخنەسازە فەیلەسوفە لە دێرینترین سەردەمی ڕەخنەسازی ئەغریقییەوە سوور بوو لەسەرئەوەی هەستیار دەبێت پەیامێکی کۆمەڵایەتی هەبێت))[2]

**دانتی** ئەلێگیری (١٢٦٥-١٣٢١) شاعیر و فەیلەسوفێکی گەورەو دیاری ئیتالییە؛ بە مژدە پێدەری ڕێنیسانس ناسراوە، دانتی پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە و کۆمەڵێک بۆچوونی دەربارەی ئەدەب و زمان هەیە کە تەواو بۆ سەردەمەکەی خۆی تازەن، هەربۆیە هەندێک نووسەر بە ڕۆشنبیرترین کەسی سەردەمی خۆی دایدەنێن، چونکە ((توانی لەلایەنە گرنگ و نادیارەکانی رەوتی گەشەکردنی ژیان و کۆمەڵ بەشێوەیە تێ بگا کە بۆ ئەو کاتە تێگەیشتنیان هەروا ئاسان نەبوو))[3]

---

[1] – https://asowahab.blogspot.com/٢٠١١/١٢/blog-post.html/

[2] – کامل حەسەن بەسیر، مێژووی ڕەخنەسازی، ل٢٠٧

[3] – کەمال مەزهەر، ڕێنیسانس، و: فوئاد مەجید میسری، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٦٥

دانتی گرنگییەکی زۆری بە زمانی نەتەوەیی دەدا و هانی نووسەرانی دەدا لە بری زمانی لاتینی بە زمانی نەتەوەیی بەرهەمەکانیان بنووسن، هەربۆیە بەشێک لە بەرهەمەکانی بە زمانی ناوچەی تۆسکانی دەنووسی، کە زارۆچکەیەک بوو لە باشووری ئیتالیا بەکاردێت، دانتی زمانی نەتەوەیی بە نانی جۆ دەچواند، چونکە نانی جۆ خۆراکی خەڵکی هەژارە، کە توانیتی کاریگەرییەکی زۆر بکاتە سەر خەڵک و نووسەران. ((دانتی یەکەم کەس بوو بە کردار ئەوەی سەلماند، کە زمانی نەتەوەیی ڕێگەیەکە بۆ زیاتر داهێنانی ئەدەبی لای ئەدیب،بۆیە داوای کرد زمانی ئیتالی ببێ بە زمانی ئەدەب، کە پێشتر زمانی لاتینی زمانی ئەدەب و نووسین بوو، کە ئەوانیش لە کڵێساکان، ژمارەیەکی کەم لەوانەی ئەو زمانەیان دەزانی پێیان دەنووسی))[١]

یەکەمین بەرهەمی دانتی کۆمەڵە شیعرێک و چەند پارچە پەخشانێک بوو بەناوی (ژیانی نوێ) کە بە زمانی ناوچەیی نووسرابوو، ئەم بەرهەمەی گرنگییەکی زۆری هەبوو بۆ سەردەمی خۆی، چونکە ((بە تاقیکردنەوە سەلماندی لە توانادا هەیە مەسەلە واقیعییەکانی ژیان بەشێوازێکی ئەدەبی و بە زمانی جەماوەر لە خەڵک بگەیەنرێ. بەم کارەشی کۆت و پێوەندی ئەکادیمی کلاسیزمی تێکشکاند، کە مەیدانی بزوتنەوەی ئەدەبی هێنابووەوە یەک و بواری لێ تەنیبوو))[٢]

کۆمیدیای یەزدانی گەورەترین و ناودارترین شاکاری دانتییە، ناوبانگێکی جیهانی هەیە، ((کە ناوەرۆکێکی نیشتمانی قووڵ و هەستی نەتەوەپەروەریی ئیتاڵی دەربڕێت. نووسەرەکەی خەونی بە یەک پارچەیی خاکی ئیتاڵیا و زاڵبوون بەسەر شەڕ و ناکۆکییە ناوخۆییەکان و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی دنیایی پاپاکانەوە دەبینی))[٣]

دانتی یەکێکە لە نووسەرە گەورەکانی ڕێنیسانس، کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە سەرهەڵدانی ڕێنیسانس و بەرجەستەکردنی واقعی ژیانی کۆمەڵگەی ئیتاڵی لە دەقی ئەدەبیدا و بوو بە سەرمەشقی نووسەر و ئەدیبانی دوای خۆی، کە وەکو ڕەخنەگرێکی سەردەمەکەی؛ ڕەخنەی لە ڕەفتاری پاپا گرت و لەو دەقانەشی کۆڵییەوە کە دەستکاری کرابوون.

---

[١] – هیمدادی حسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل٨

[٢] – کەمال مەزهەر، ڕێنیسانس، و: فوئاد مەجید میسری،ل ٦٧

[٣] – هیمدادی حسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل١٠-١١

**هۆنۆرێ دی بالزاک (١٧٩٩–١٨٥٠)** نووسەر و ڕۆماننوسی گەورەی فەڕەنسیی سەدەی نۆزدەهەمە، خاوەنی بەرهەمێکی گەورەی جیهانییە بەناوی (کۆمیدیای مرۆڤایەتی) کە یەکێکە لە شاکارە جیهانییەکان و بە بڵاوکردنەوەی لەساڵی (١٨٤١)دا، دەنگدانەوەکی باشی پەیدا کرد، ئەم بەرهەمە بووە سەرچاوەیەکی باشی ڕیالیزم و ڕۆڵی بینی لە گەشەسەندنی ڕیالیزمدا، ((هەرچەندە هیچ تیۆرێکی لەگەڵ بڵاونەبووەوە، بەڵام ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە چەسپاندنی تەواوەتیی ریالیزمدا، لەپێشەکی کۆمیدیاکەیدا دەنووسێ: لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە خەسڵەتە ئەخلاقییەکانەوە و لە ڕێگای هەڵبژاردنی ڕووداوە بنچینەییەکانی کۆمەڵ، لەوانەیە لە نووسینەوەی ئەو مێژووەدا سەربکەوم کە مێژوونووسەکان لێی بێ خەبەر بوونە، واتە مێژووی ئاکار و ڕەوشتی کۆمەڵ))[1]

بالزاک ڕۆماننوس و شانۆنامەنووس و ڕەخنەگری ئەدەبی و ڕەخنەگری هونەری بووە و بە ڕۆژنامەنووسیش ناسراوە، کە شوێن دەستی بەڕوونی دیارە بەسەر ئەدەبی فەڕەنسیدا، چونکە لەماوەی نێوان (١٨٢٩) تا (١٨٥٠) زیاتر لە (٩١) ڕۆمان و (١٣٧) چیرۆکی بڵاوکردووەتەوە، کە دەگوترێت بەجۆرێک خووی بە نووسینی ئەدەبییەوە گرتبوو، کە کاری لەسەر تەندروستی کردووە. بالزاک لە بەرهەمەکانیدا وێنەیەکی فراوانی کۆمەڵگەی فەڕەنسی خستووەتە بەرچاو، بەتایبەتی خستنەڕووی چینەکانی کۆمەڵ و گەنجان و بەرەنگاربوونەی دەسەڵاتی ستەمکار.

بالزاک بڕوای وایە لەڕێگەی بەرهەمەکانییەوە مێژووی داب و نەریت و ڕەوشتی کۆمەڵگە دەنووسێتەوە، ئەمەش ئەو مێژووەیە، کە مێژوونووسان نەیان نووسیوەتەوە یان فەرامۆشیان کردووە، لەم بارەیەوە لە پێشەکی (کۆمیدیای مرۆڤایەتی)دا دەڵێ: ((بە ڕێکخستنی لیستی خەوش و چاکە و بە دیاری کردنی ئەو شتانەی زادەی هەوا و هەوەس و ڤیانانە و بە تۆژینەوەی تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکان و بە هەڵبژاردنی ڕووداوە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە و بە ڕێکخستنی نموونان لەڕێگەی سیفەت و تایبەتمەندیانی چوون یەکەوە، لەوەیە بگەمە نوسینی مێژوویەک کە مێژوونووسان لێی بێ ئاگا بوونە، یانی ژیانی داب و ئەخلاقی کۆمەڵگە))[2]

**نیکۆلای گۆگۆڵ** (١٨٠٩– ١٨٥٢) نووسەری گەورەی ئەدەبی ڕووسییە، بەشێک لە ڕەخنەگران بە باوکی ڕیالیزم لە ئەدەبی ڕوسیدا دایدەنێن، کە بەشێوەیەکی تەنزئامێز

[1] – فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبییەکان،ل٩٩–١٠٠

[2] – سیروس پرهام،ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا، ل٨٤

و گاڵتەجاڕییانــە ڕەخنــەی لەلایەنــە نــەرێنی و کەموکوڕییــەکانی کۆمەڵگــە دەگــرت و ئەگەرچی یەکەمین بەرهـەمی سـەرکەوتنێکی وای بەدەست نـەهێنا. بـەڵام (( لـە ١٨٣١ دا کـە کۆمەڵـە چیرۆکێکـی ئۆکرانی بەناونیشـانی (چەند ئێوارە وەختێک لـە چاندنگەیـەکی نزیـک دیکانگـادا)ی بڵاوکـردەوە، ناوبـانگێکی باشـی بـۆ خـۆی پەیـدا کـرد و شـاعیر و نوســەری نــاوداری وەکــو ( پوشــکین و جۆکۆڤســکی و ئەکســاکۆڤ و بلنیســکی ) پەســەندیان کــرد و بەنوســەرێکی ڕیالیســتی ســەرکەوتوویان لەقەڵەمــدا و دوای تـەواوکردنی بـەرگی یەکـەمی بەرهـەمێکی نایـابی بـەناوی ( گیانـە مردووەکـان ) لەسـاڵی ١٨٤٢ کە ڕۆمانێکی ڕیالیستی سەرکەوتووبوو ، هێرشێکی تونـد و تیـژی بردبـووە سـەر دابونەریتی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی خەڵکەکە و ژیـانی جوتیـاران))[1] بـەڵام لـەکۆتایی تەمەنیدا بەکاریگەری پیاوێکی ئاینی بیروبۆچوونەکانی گۆڕا و ئەو بڕوایەی بۆ دروست بوو کە کەسێکی تاوانبارە بەرامبەر بە خـودا، هەربۆیـە (( هزرێکـی ڕەش بینانـە دەسـتی بەسـەر هەسـت و هۆشـی داگرت و خستییە سـەر بـارێکی نیگـەرانی و هاتـە سـەر ئـەو قەناعەتە، کە خۆی بەرامبەر خوا بـە تاوانبـار بزانـێ و ئەمـە وایلێکرد بـەرگی دووەمـی ( گیانە مردووەکـان )ی بـەر لـەچاپکردنی سـووتاند و لـەناوی بـرد و ئـەم هەڵوێسـتەی بـە خاڵێکی تاریک لەژیانی دادەنرێت))[2]

بەرهەمەکانی ناودارەکانی بریتین لـە: پاڵتۆ، تـاراس و بوڵبـاس، لـووت، گالیسـکە، جەنابی موفەتیشی گشتی، ژنهێنان، قومارچییەکان، دەروونە مردووەکان.

**گۆسـتاف فلـوبێرت** (١٨٢١-١٨٨٠) نووسـەرێکی نـاوداری فەڕەنسـییە، هـەر لـە تەمــەنی دە ســاڵییەوە شــەیدای ئــەدەب بــووە، کاریگەرییــەکی زۆری هــەبوو لەســەر بڵاوبوونـەوەی ڕیـالیزم، بەرهەمـەکانی لـە واقعـی ژیـانی خەڵکـەوە وەرگرتـووە، ئـازار و نەهامەتییەکانی کۆمەڵگەکەی گواستووەتەوە ناو ئەدەبەکەی.

فلـوبێرت نووسـەرێکی زۆر ڕاڕا و دوودڵ و بـە گومـان بـوو لـە نووسـینەکانیدا، هەمیشـە پـەرەگرافێکی دەنووسـی و دەیسـڕییەوە وچەنـدین جـار ئـەم کـارەی دووبـارە دەکردەوە و سـەر لـەنوێ دایدەڕشـتەوە، زۆر گرنگـی بـە هـەڵبژاردنی وشـە و زاراوە و شـێوازی جـوان و نـاوازە دەدا و ((لـە نووسـینەکانیدا بەشـێوازی جـوان و ڕەونەقـدار ناسـراوە، ئەوەنـدە گرنگـی بـە هـەڵبژاردنی وشــە و زاراوەکـان دەدا تـا ئـەو ڕادەیـەی

---

[1] - https://ckb.wikipedia.org/wiki

[2] - سەرچاوەی پێشوو

ڕەخنەگرەکان بەرهەمەکانی فلوبیریان دادەنا بە کارێکی لێکۆڵینەوە و پشکنین و گەڕان بەدوای وردەکاریدا، تەنانەت هەندێکیان ئەم شێوازەی فلۆبیریان بە نەخۆشییەک دادەنا))[1]

فلوبێرت لە تەمەنی سی ساڵیدا شاکاری مەدام بۆڤاری نووسیوە، ((شاکارەکەی ئەو مەدام بۆڤاری، بە جوانترین ڕۆمانی ڕیالیزم دەژمێردرێ. فلوبێرت دەیویست هەمیشە خۆی لەودیو پاڵەوان و ڕووداوەکانی ڕۆماندا بشارێتەوە، واتە خەڵکی دیکە لەجیاتی خۆی بکاتە نموونەی پیشاندان و وردبوونەوە، وێڕای ئەوەش فلوبێرت هەرگیز حوکمی بەسەر تاوانباران و گوناهکارەکانی ناو ڕۆمانەکانیدا نەدەدا و تاوانباری نەدەکردن، هۆیەکانی ئەو تاوانبارییانەی دەستنیشان دەکرد و بێلایەنانە دەیخستنەڕوو))[2]

نووسەر سەرەتا ئەم ڕۆمانەی بە زنجیرە لە گۆڤاری (ریفودی باری) بڵاوکردەوە و دەنگدانەوەیەکی باشی پەیداکرد و لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، بەڵام لەبەرئەوەی ڕۆمانەکە لەگەڵ ڕەوشتی باوی کۆمەڵگەدا یەکی نەدەگرتەوە و باس لە لادانە ڕەوشتییەکانی ئافرەتێک دەکات، لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ڕەخنەیەکی توندی لێگیرا و ((دەسەڵاتی وەخت گرتیان بە تاوانی ئەوەی کە ئەدەبی بێ پەردەی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام دوای دادگاییەکی زۆر لە ئەنجامدا بێتاوان دەرچوو و ئازادکرا، لێ فلوبێر بەمە سارد نەبووەوە و ناوبەناو بەرهەمێکی تازەی بڵاودەکردەوە، بێ ئەوەی چاوی لە چەپڵە و ستایش بێیان گوێ بە لۆمە و گازندەی خەڵکی بدات، چونکە خۆی دەڵێت: من کەسێکی بە تەوس و توانجم، تەوس و توانج ئەو خوێیەیە کە یارمەتی مرۆڤ دەدات تا تورەهاتەکانی ژیان هەرس بکات))[3]

**ئانتوان پاڤلۆڤیچ چیخۆف** (١٨٦٠- ١٩٠٤) نووسەرێکی گەورەی ڕووسە، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە هاتنکایەی ڕیالیزمی ڕووسی، لە بەرهەمەکانیدا هەوڵیداوە واقعی ژیانی کۆمەڵگەکەی بخاتەڕوو، چونکە (( هەستی بە ترپەی دڵی کۆمەڵەکەی دەکرد و هاوڵاتییەکی دڵسۆز و میهرەبان و فیداکاری وڵاتەکەی خۆی بوو، بە فرمێسکی چاو و

١ - حەمەنوری حەمەکاکی، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٣٠

[2] – فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل١٠٠

[3] – حەمەکەریم عارف، ناودارانی ئەدەب، چ١،چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩، ل٤٨

به بزەی لێو بەدبەختی و گوناه و ناهەمواربییەکانی خەڵکی وڵاتەکەی نیشان دەدات و بە پەژارەیەکی خودان ئاوازێکی گاڵتەجاڕانە خەفەت و ئەفسووسی بۆ ناڕەوایی و نەنگی و نابەجێییەکانی کۆمەڵەکەی دەخوارد))[1]

چیخۆف ئەو کاتەی خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی بووە، دەستی بە چالاکی ئەدەبی هونەری و ڕۆژنامەنووسی کردووە. ((یەکەمین بەرهەمی بڵاوکراوەی چیخۆف لە ڕۆژنامەی گاڵتەجاڕی (ئیسترۆکۆزا)دا بڵاوکرایەوە. لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەی، کە لە کۆلێجی پزیشکیدا خەریکی خوێندن بوو چوار سەد بەرهەمی جیاوازی لە چیرۆک و ڕۆمان و یادداشت و وتار و بەرهەمی تر بڵاوکردۆتەوە. دیارترینیان لەوانە: دکتۆری بێ نەخۆش، پیاوێکی ماندوو، براکەم))[2]

چیخۆف دەربارەی بەرهەمەکانی دەڵێ: ((ئەوەی من ویستم تەنها ئەوە بوو کە بە ڕاستی و ڕەوانی سەیری خۆتان بکەن، بزانن چ ژیانێکی خراپ و بێزارکەر دەژین، گرنگ ئەوەیە لەوە بگەن کە تێگەیشتن، بێگومان هەوڵی ژیانێکی تر دەدەن کە باشترە))[3]

بەرهەمە ناودارەکانی بریتین لە: شانۆنامەی نەورەسەکە، شانۆنامەی خاڵە ڤانیا. شانۆنامەی سێ خوشک، شانۆنامەی باخی گێلاسەکە.

**ماکسیم گۆرکی** - ئەلێکسی مەکسیمۆڤیچ پێشکۆڤ (١٨٦٨ - ١٩٣٦) ڕۆماننووس و شانۆنامەنووسێکی گەورەی ڕووسییە، بە دامەزرێنەری ڕیالیزمی سۆشیالیستی دادەنرێت، کە بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەیەکی پوختی ئەم تێڕوانینە مارکسییەیە. یەکەمین کورتەچیرۆکی لەساڵی (١٨٩٢) بەناوی (ماکار چودرا) لە چەند ڕۆژنامەیەکدا بڵاوکردەوە، پاشان لە ساڵی (١٨٩٤) دووەمین چیرۆکی بەناوی (چیلکاش) بڵاوکردەوە.

بەرهەمەکانی زادەی سێ قۆناغن: یەکەمیان قۆناغی پێش (٣٠) ساڵی، بەرهەمەکانی بریتین لە چەند کورتە چیرۆکێک، کە گوزارشتیان لە ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری خۆی دەکرد، قۆناغی دووەمی ئەو شانۆنامە و ڕۆمانانەن کە لایەنە نەرێنییەکانی ژیانی خەڵکی ڕوسیا دەخاتەڕوو، ئەم بەرهەمانە تاڵ و ڕەش و لێڵ و واقعین. قۆناغی سێیەمی، کە باشترین بەرهەمەکانی پێکدێنن، کە لەڕووی میزاجییەوە

[1] - هیمدادی حسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل١٢٠

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢

[3] - سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی ١٩٧٥-١٩٩٥، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣٩

باشتره و ژياننامەی خۆی و بيرەوەرييەكانی لەمەڕ نووسەرانی ديكە نيشانەی كامڵ بوونی هزرێتی، كە لە بەرهەمەكانی سەرەتايا نابينرێت.[1]

گۆركی گەورەترين بەرهەمی ئەدەبی ڕۆمانی (دايک)ە، كە لە ساڵی (١٩٠٥) دەستی بە نووسينی كرد و لە ساڵی (١٩٠٦) تەواوی كرد. لە كاتی نووسينيدا بە زنجيره لە گۆڤاری (زانياری) بڵاوكردەوە، كە باسی خەباتی شۆڕشگێڕی پرۆليتاريای دژی ڕژێمی بۆرژوای ڕوسيا دەكات بەمەبەستی گەيشتن بە سيستەمی سۆشياليستی. ئەم ڕۆمانە بووە هۆی ئەوەی شۆڕش لای ڕووسييەكان خۆشەويست بكات، تا لە ساڵی (١٩١٧) شۆڕشی ئۆكتۆبەر سەركەوت و گۆركيش لايەنگری شۆڕشەكە بوو، كەئەمەش بووە هۆی ناوبانگ و خۆشەويستی خەڵكی ڕوسيا بۆی.

بەرهەمەكانی گۆركی لە بەناوبانگترين بەرهەمەكانی ڕياليزمی سۆشياليستين، كە نووسەرێكە ئەدەبی ڕووسيای پێ دەناسرێت. بەرهەمەكانی بريتين لە: دايک، ماكار چودرا، چيلكاش، شەوێكی پايزی، ئيتزراگيل، زەلكاو، هاوڵاتيانی خومار، گەلی هاوينە، منداڵێتيم، بيرەوەری لاوێتيم، بيرەوەريم لەگەڵ تۆڵستۆيدا، بيرەوەريان.

دەتوانين بڵێين: ئيستاتيكا و ڕياليزم تەواوكەری يەكترين، هەر تيۆرێكيان لە گۆشەنيگايەكەوە سەيری دەقی ئەدەبی دەكەن، هەردووكيشيان جەخت لە ئاستی بەرزيی دەق دەكەنەوە، كە ئەمەش خۆی گرنگيدانە بەلايەنە ئيستاتيكييەكانی دەق، هەروەک چۆن ئيستاتيكييەكان گرنگی بە هيچ دەقێک نادەن، ئەگەر بنەما ئيستاتيكييەكانی تێدا بەرجەستە نەبووبێت، لەهەمانكاتدا ڕەخنەگرە ڕياليستييەكانيش، كە جەخت لەسەر لايەنی واقعی كۆمەڵگە دەكەنەوە، لايەنی هونەريشيان فەرامۆش نەكردووە و لەلايان دەقی بەرز ئەو دەقەيە، كە هەم گرنگی بەواقع داوە و هەم لەڕووی هونەرييەوە ئاستێكی بەرزی هەيە.

[1] – حەمەكەريم عارف، ناودارانی ئەدەب، چ١،چاپخانەی خانی، دهۆک ، ل١٥٨

# بەشی دووەم

# گوتاری ڕەخنەی ئیستاتیکی لە ئەدەبی کوردیدا

## تەوەری یەکەم: ڕەهەندی زمانی شیعریی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا

## تەوەری دووەم: ڕەهەندی ئاوازی شیعریی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا

## تەوەری سێیەم: هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا

## تەوەری یەکەم: ڕەهەندی زمانی شیعریی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا

زمانی شیعریی بنەمایەکی سەرەکی ئیستاتیکای شیعر و بواری ڕەخنەی شیعرە، نووسەران و ڕەخنەگران هەوڵیان داوە گفتوگۆی ئەم لایەنە وەک بنەمایەکی ئیستاتیکی لە شیعردا بکەن. وشە و زاراوە و ڕستە و دەربڕینەکانی شیعر گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و شاعیر بەوردی هەڵیان دەبژێرێت و بەوریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، چونکە لە کۆتاییدا جوانییەکانی زمان دەبنە بناغەی جوانییە گشتییەکانی شیعرەکە. ئەگەرچی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هەموو کەسێک بەکاری دەهێنێت وەک هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، بەڵام زمان لە دەقی ئەدەبیدا خۆی ئامانجە و دەبێتە کەرەستەی سەرەکی ئەدیب بۆ گوزارشتکردن و دەربڕینی مەبەستەکانی، هەروەها گەمە زمانییەکان و چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان و داڕشتنی ڕستەکان و هەڵبژاردنی وشەکان دەبنە شێوازێکی کاریگەر بۆ ئەوەی ئەدیب دەقێکی پڕ لە داهێنان و جوانی پێ پێشکەش بکات. (دیوت پارکەر) بڕوای وایە ((بە ئاگابوون لە زمانی ئاساییدا تەنها جەخت لەسەر مانا دەکاتەوە، لەکاتێکدا زمان لە هونەردا ئاگایی بۆ خودی خۆی ڕادەکێشێ، لەبەر ئەوەی دەربڕینێکی ڕاستەوخۆی تێدایە، بەمەش پشگیری ئەو بیرۆکە بەربڵاوەی ئێستا دەکاتەوە کە ئەوەیە: زمان لە هونەردا لەخودی خۆیدا ئامانجە، لەکاتێکدا لە جگە لەخۆیدا هۆکارە، هەروەها دەڵێت: لە شیعردا خودی بێژەکان دەبینین کە تەنها کۆمەڵە دەنگێکن لە ڕیتم و گونجان و سەروا و ئاوازدا پەیوەست بوونە بەیەکەوە))[1]

زمان لە دەقی ئەدەبیدا بەدرێژایی مێژوو گرنگی پێدراوە و وەکو بنەمایەکی سەرەکی جوانی دەق مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ئەدەب بەگشتی و شیعر* بەتایبەتی هەمیشە هەوڵی داوە بێژە و دەربڕین و گوزارشتکردنەکانی بکاتە فاکتەری جوانی و چێژ بەخشین و ڕاکێشانی خوێنەر بۆ لای خۆی، شاعیر هەرچەند زیاتر سەرکەوتوو بێت لەبەکارهێنانی زماندا، ئەوەندە زیاتر دەتوانێت خوێنەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت، چونکە زمان ((ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕاکێشانی خوێنەردا هەیە و یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە پردی نێوان خوێنەران و داهێنەرە، بۆیە بەکاربردنی وشە و

[1] – عزالدين اسماعيل، الاسس الجمالية فی النقد العربی، ط٣، دار الفكر العربی، ١٩٧٤، ص١١٧

* – لەبەر ئەوەی کارەکەی ئێمە لەسەر ڕەخنەی شیعرە، بۆیە لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر ئەو بنەمایانە دەکەینەوە کە جوانی لە شیعردا دەخوڵقێنن.

بەکارهێنانی لە دەقێکدا مەرجی سەرەکییە بۆ بە دەقبوونی دەقی شیعری داهێنەرانە، بەکارهێنانی وشە لە شوێنی پێویست، مەرجیش نییە وشەکان قورس و ئاڵۆز بن، جاری وا هەیە بە بەکارهێنانی چەند وشەیەکی سادە دەقی زیندوو و نوێ دەخوڵقێ، کەواتە بەکارهێنانی وشە لە شوێنی خۆیدا مۆسیقایەکی تایبەتی دەبەخشێت بە تێکستی شیعری))[1] لەگەڵ ئەمەشدا مەرج نییە وشە و زاراوەکانی ناو دەقە ئەدەبییەکان؛ بەتایبەتی شیعر هەمان واتای فەرهەنگییان هەبێت، بەڵکو ئەدیب بەپێی ئەزموون و جیهانبینی خۆی دووبارە واتای نوێ و نەبڕاوە بە وشە و زاراوەکان دەبەخشێت و دەیانکات بەڕەمز و هێمای تایبەت بەخۆی و لە ئاستە ئاساییەکەی زمانی گشتییەوە بەرزیان دەکاتەوە بۆ ئاستە بەرزەکەی زمانی ئەدەبی و دەقێکی پڕ لە ئیستاتیکایان پێ دەخوڵقێنێت. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە زمانی شیعر ((زمانێکی پاراو و ڕازاوە و پڕ لە جوانکاری و ئیستاتیکایە و جیاوازە لە زمانی ئاسایی، چونکە زمانی شیعر جگە لەوەی هۆی گەیاندنە کە ئەرکی سەرەکی زمانی ئاساییە، لە هەمانکاتدا ئامانجیشە کە لایەنە جوانکاری و ئیستاتیکییەکانێتی، هەروەها شیعر جگە لەواتای فەرهەنگی واتای تر دەداتە وشەکانی ناو شیعر بەپێی جیهانبینی شاعیر کە ئەمەش دەبێتە جیهانێکی ئیستاتیکی تایبەت بە شاعیر و گەیاندنی چێژ و خۆشی بە هەوادارانی شیعرەکە))[2]

نووسەران و ڕەخنەگرانی کورد گرنگیەکی زۆریان بە زمانی شیعری داوە و وەک بنەمایەکی ئیستاتیکی بۆ هەڵسەنگاندنی باش و خراپی یان بەرزی و نزمی دەقی ئەدەبی بەکاریان هێناوە، بەتایبەتی، کە زمانی کوردی بنەمایەکی سەرەکی نەتەوەیی بوون و تاکە هۆکاری مانەوەی نەتەوەی کوردە، بۆیە نووسەرانیش زیاتر گرنگیان بەم بنەمایە داوە و لەسەر بنەمای بەکارهێنانی وشەی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو و بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی لەجێی وشەکانی زمانی بێگانە زیاتر جەختی لەسەر کراوەتەوە.

**شێخ نوری شێخ ساڵح** لە گوتارە (٢٥) ئەڵقەییەکەیدا بەناوی (ئەدەبیات) باسی لایەنی هونەرییەکانی دەقی ئەدەبی کردووە، نووسەر هەر لەسەرتاوە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە بۆ ئەوەی چێژ لە بابەتێکی هونەری وەربگرین، پێویستە بەشێوازێکی

[1] – چنور نامیق حەسەن، شیعری جوان – شیعری کاڵ، گ. ڕامان، ژ١٢٣، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٠٠

[2] – ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، ل٨٨

جوان و لەڕێگەی کەسێکی بەهرەمەندەوە پێشکەشکرابێت، هەوەها نووسەر باس لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە ئەدەبدا دەکات و بڕوای وایە زمانی ئەدەبی و چۆنیەتی دەربڕینی گووتەکان، کاریگەرییان لەسەر پەیاموەرگر هەیە. نووسەر بۆ ئەوەی جیاوازی لەنێوان زمانی ئاسایی و زمانی هونەریدا بکات دوو ڕستە دەهێنێتەوە ((کاسبی پیاو ئەژینی – زحمت رحمت ئەهینی))[1] پاشان بۆ سەلماندنی بیروبۆچوونەکانی دەست دەکات بە ڕوونکردنەوەی نموونەکان، سەبارەت بە نمونەیەی یەکەم ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە نموونەیەکی ئاساییە و هیچ چێژێکی هونەری نابەخشێت، بەڵام ڕستەی دووەمیان دەربڕینێکی هونەرییە و پێچ و پەنای تێدایە و دەکرێت لێکدانەوەی جیاجیای بۆبکرێت و لەهەمانکاتدا چێژمان پێ دەبەخشێت، وەک دەڵێ: ((بو ئەوەی کە کاسبی پیاو بەخیو ئەکا و ئەیژینی بە جملەیکی جوان و ئەدەبی نیشان بدری هیناویانە جملەی - زحمت رحمت ئەهینی – یان وتوە ئەمجا دقت بکە بزانە لە ئیفادەی مثلی ئەوەلدا حظیکی بدیعی تیا نیە کە ئینسان ممنون بکا ... فقط تماشای مثلی دوم بکین، ئەم جملەیە جملەیکی سادە نیە بلکو پیچ و پنای زوری تیایە چونکە - زحمت رحمت ئەهینی – هر چند ظاهرا جملەیکی تضادە بلام ئیفادەیکی حقیقتە بە طرزیکی جوان و معنادار یعنی ئینسان کە ئیختیار سعی و زحمتی کرد فیض و رحمت دسگیری ئەبی بی زحمت ئیستراحت تەئمین ناکری بی هولدان پیاو دولمند نابی، بی خویندن پیاو عالم نابی، خلاصە هزار معنای حقیقی لی ئەدوزیتەوە ))[2] ئەمەش گرنگی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانمان بۆ دەردەخات، کە ئەدیب بەهۆی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەوە دەتوانێت داهێنان لە ئەدەبدا بکات و زمانێکی نوێی جیاواز لە زمانی ئاسایی بهێنێتە کایەوە و ((بەپێی ئەم ڕایانەی شێخ نوری ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نووسینی ئەدەبی بەهۆی بەکارهێنانێکی تایبەتی زمان خاسیەتێکی جیاکەرەوەی دەبێت و لە نووسینی ئاسایی جیا دەبێتەوە، جا چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو کەرەستانە نەک هەر نووسینێکی ئەدەبی لە نووسینێکی ئاسایی جیا دەکاتەوە، بەڵکو هەر لەناو بەرهەمە ئەدەبییەکانیشدا ڕادەی بەپێزی یان لاوازییان دیاریدەکات))[3] بەدڵنیاییەوە نووسەر لەم بۆچوونەیدا تەواو پێکاوییێتی، لەبەرئەوەی ئەدیب(شاعیر) هەمان ئەو زمانە بەکاردەهێنێ، کە کۆمەڵگە بەکاری دەهێنێت، بەڵام جیاوازی نێوانیان چۆنیەتی

---

[1] – شێخ نوری شێخ ساڵح، ئەدەبیات، ر. ژیان، ژ٢٢، سلێمانی، ١٩٢٦، ل٣

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٣

[3] – پەرێز سابیر،ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٢٨٩

بەکارهێنانەکەیە، کە ئەدیب بەشێوەیەکی هونەری زمان بەکاردەهێنێت و خوێنەر دەتوانێت چەندین خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکات، هەروەها ئەدیب بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات و بە ئاگاییەوە وشە و زاراوە و گوتەکان هەڵدەبژێرێت.

**ڕەفیق حلمی** لە کتێبی (شعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا گرنگییەکی زۆری بە زمانی شیعری داوە و زۆرترین تیشکی خستووەتەسەر، بەتایبەتی لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا، ئەمەش لەبەرئەوەی بەلای نووسەرەوە زۆر گرنگ بووە شاعیرانی کورد زیاتر گرنگی بە زمانی کوردی بدەن و وشە و زاراوەی ڕەسەنی کوردی لە شیعرەکانیاندا بەکاربهێنن و هەندێکجار ڕەخنەی ئەوەی لە شاعیران گرتووە، کە وازیان لە وشە و زاراوە ڕەسەنەکانی زمانی کوردی هێناوە و وشە و زاراوەی بێگانەیان بەکارهێناوە، لەکاتێکدا دەیانتوانی وشە و زاراوە کوردییەکان لەجێگەی دەربڕینە بێگانەکان بەکاربهێنن

حلمی لە باسی (بێکەس)دا کاتێک شیکرنەوە بۆ شیعری (سکاڵا لەتەک مانگ) دەکات، سەرەتا ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەم شیعرە یەکێکە لە شیعرە جوان و بەرزەکانی شاعیر و زادەی بیری تازە و خەیاڵێکی وردە، بەڵام ئەوەی لەم شیعرەدا گرنگی پێ نەدراوە (وشەکاری)یە، کە شاعیر خۆی پێوە ماندوو نەکردووە، وەک دەڵێ: ((ئایا بیکەس لەم شعرە بەرزانەدا کە زادەی فکریکی "بکر" و خیالیکی وردە، گوییکی ئەوتوی داوە بە صنعتی لفظ و فنی شعر؟ نەء؟ چونکو بیکەس بو ئەوەی کە چەن کلمە و تعبیریک بخاتە قالبی شعرەوە خوی ماندونەکردوە و ئەمانەی نەنوسیوە، بەلکو ئەو خیالە شیرینەی کە بە فکریا رابوردوە بە وینەییکی زور طبیعی خستویەتە سەر کاغز و لە بەرزی و بەپیزی فکرەکەی ئەمەندە دلنیا بوە کە نەیویستوە بیریک لە کەموکورتی لفظە "ووشە"کان بکاتەوە))[1] نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە بێکەس بەدوای وشە و زاراوەی کوردیدا نەگەڕاوە و لەکاتی نووسینی شیعرەکەدا چی وشەیەکی بە بیردا هاتووە نووسیویەتی، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە، کە ئایا ئەو وشەیە گونجاوە یان نا، بێگانەیە یان کوردیی پەتییە، ئەمەش بە بڕوای نووسەر لە ئاستی ئیستاتیکی دەقەکەی کەمکردووەتەوە. نووسەر بۆ ئەم مەبەستە چەند وشەیەکی بێگانەی شیعرەکەی شاعیری هێناوە و لە بەرامبەریاندا وشەی کوردی ڕەسەنی داناوە و بڕوای وایە شاعیر لە ئەنجامی گرنگی نەدان بە زمانی شیعرەکەی ئەم وشە بێگانانەی

[1] – ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ١، چ١، بەغدا، ١٩٤١، ل٦٨

بەکارهێناوە، وەک دەڵێ: ((بیکەس لەوانە نیە کە لەباتی گرفتار"گیرودە ویا توشی" نەهاتبی بە بیرا و لەجیاتی هردوو گرفتار یک ئاهی سەردین، بلی: هردوو گیرودەی یک ئاهی سەردین وە یا هردووکمان توشی، هر وەکو ئەمە ئەگەر کالی و ناپوختەیی، لەنگییکی سووک، ووشەیکی بیگانە، لەقی وەیا کەم تەرخەمییک لە هەندی جیگەی ئەم نیوە شعرانەدا ببینریت، قەت باوەرم نیە کە زەرەیک لە نرخیان کەم بکاتەوە و لەوجیگە بەرزەی کە بەهوی نەسمراوی خیالە گەورە و رەوانی سلیقەی شاعرەوە گەیشتویەتی، پلەییک بیتە خوارەوە ))[١] پاشان نووسەر بەردەوام دەبێت لەسەر ڕەخنەگرتنەکەی لە بێکەس و چەند نموونەیەک دەهێنێتەوە لە دێڕەشیعرەکان، کە وشە بێگانەکان لادەبات و وشەی کوردی پەتی لە جێگایان دادەنێت یاخود هەندێ وشە لادەبات و هەندێ وشەی تر دادەنێت و پێی وایە شیعرەکە جوانتر دەکەن و ئەگەر بێکەس ئەم کارەی کردبا ئەوا شیعرەکەی زۆر جوانتر دەبوو لەوەی کەهەیە، بەمجۆرەی لای خوارەوە:

دەخیل ئەی مانگی قبلەی دلداران

و بی یار و هاودەم خەمبار وەیا (زویر) و تەنیام

و دلزار و بیزار (ئیجگار) وەیا (گەلی) غەمگینم

و گیرودەی (عشقی) لیلی شیرینم

و دل بندی (داوی) ئەو بەلەک چاوەم

و لەوساوە (لیل)م کەوتوتە خیال

گریانە پیشەم (بووم بە) کوی زووخال[٢]

بەبڕوای ئێمە شیعرەکەی بێکەس لە ئاستێکی بەرزی ئیستاتیکا دایە و ئەو زمانەی بەکاری هێناوە زمانێکی ئاسایی ناو خەڵکە بەتایبەتی خوێندەواران، ڕەخنەکانی نووسەر زیاتر لەهەستێکی نەتەوەییەوە کە پێی وایە بەم شێوەیەی کە وشەکانی گۆڕیوە ئیستاتیکای شیعرەکە زیاتر دەبێت. هەروەها لە بەندی دووەمی شیعرەکەشدا قسەی لەسەر کەموکوڕی و لەنگییەکان کردووە دەستکاری دێڕە شیعرەکانی کردووە و دیسان چەن وشەیەکی لابردووە و وشەی تری لەجێگایان داناوە، وەک دەڵێ: ((لیرەشدا

[١] – ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ١، ل٦٨

[٢] – سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩-٧٠

ئەگەر بیکەس لیمان ببوری و بمان بەخشی؛ لەباتی وشەی قەسەمت سویندیکت دائەنیین وەیا نیوە شعرەکە ئەگورین و ئەیکەین بە "سویندت ئەدەم من بە عشق و جوانی"؛ و لەجیاتی "بە نەسیمەکە"ی "سروەی نسیمی"دائەنیین، ئەوساکە بو ئەوەی کە وانەزانریت سویندەکە بەعشق وجوانی سروەی نسیمی بەری بەیان ئەدریت "و"اویکی عطف ئەخریتە دوای ووشەی جوانی کە لە نیوە شعرەکەی پیشوودایە و ئەبی بە: سویندیکت ئەدەم بە عشق و جوانی و "جوانیو" سروەی نسیمی بەری بەیانی، بەلام دیارە کە بو نەگورانی قافیە ئەبی ئەم واوە لە بەینی هەردوو مصرعەکەدا بخوینریتەوە وە بکری بەژیر لیوەوە: سویندیکت ئەدەم بە عشق و جوانی.. و .. سروەی نسیمی بەری بەیانی، وە لە دووا شعری بندەکەیشا ووشەی دووچار ئەگۆررین و ئەلیین: تووشی چی بوی تو؟ وا پەشیواوی.. بوچی وا لیلو کەم تین و تاوی ))[1]

نووسەر پاش ئەم ڕەخنە و پێشنیار و دەستکاری کردنەی بۆ شیعری (سکاڵا لەتەک مانگ)دا کردی؛ ئەوە دەخاتەڕوو، کە مەبەستیان لەم کارە ئەوەبووە هەر بەشان وباڵی شیعرەکانیدا هەڵنەدەن و هەندێکجار بە چاوێکی ڕەخنەگرانەشەوە سەیری شیعرەکان بکەن، ئەمەش بۆ ئەوەی خۆیان لە لایەنگری بپارێزن، هەروەها ئەوەش ڕووندەکاتەوە، کە بێکەس شاعیرێکی گەورە و بەهرەمەندە و یەکێکە لەو شاعیرانەی کە کۆت و بەندی کلاسیکی تێکشکاندووە و بەرەو نوێگەری ڕۆیشتووە و چەندین شیعری جوان و بەرزیان هەیە، وەک دەڵێ: ((ئەگەر لیرەدا هەندی رەغنەمان لە شعرەکانی بیکەس گرتبی مەبەسمان ئەوەیە کە بزانریت هەر بە چاویکی تقدیر لە دیوانەکەی نەفکریوین، بەلکو چاوی تنقیدیشمان پیاخشاندوە و بو ئەوەی کە لەلایینگیری خومان بپاریزین کەموزور لیی وردبوینەوە، بەلام بەنتیجە دەتوانین بلیین: بیکەس شاعریکی زور حساس و وردە و شاعریەتی ئەو خوایی"وهبی" و فطریە و لە شعرا ریگەیەکی عصری گرتوە، یعنی لە ئنقلابی شعری کوردیدا هەنگاویکی زلی هەلیناوە))[2] نووسەر لەڕوانگەی زمانی شیعرییەوە شیعرەکەی بێکەسی هەڵسەنگاندووە و ڕەخنەی لێگرتووە و زیاتریش لەسەر وشە و زاراوە بێگانەکان ڕاوەستاوە و لەبەرانبەریاندا وشە و زاراوەی ڕەسەنی کوردی داناوە، کە بەبڕوای نووسەر ئەگەر شاعیر ئەم وشە و زاراوە کوردییانەی بەکاربهێنایە، شیعرەکەی جوانتر دەبوو ، هەروەها مەبەستێکی

[1] - ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ١، ل٧٠-٧١
[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣

تریشی لەم ڕەخنەیە ئەوەیە تاوەکو هانی شاعیرانی کورد بدات دەستبەرداری وشە و زاراوەی بێگانە بن و وشە و زاراوەی ڕەسەنی کوردی بەکاربهێنن.

حلمی باسی (خاکی)مان بۆ دەکات و بە شاعیرێکی بەرزی دادەنێت، کە شیعرەکانی زۆر ڕەوان و پڕ مانان، پاشان نووسەر غەزەلێکی شاعیری هێناوە کە دەڵێ:

ئەگەر درویش ئەگەر صوفی لە تکیە و خانقادابی

گدابی یاخو پاشابی خلیفە یاخو وەستابی

لە عرصەی کەوشەکا جی ما، وەکو دابە ئەبی دابی

دەبی سەرحیز و مل حیز بی، دەبی داماو و رسوابی

نووسەر باسی ئەو جوانییە دەکات، کە لە شیعرەکەدایە، هەروەها ئەو وشەکارییەش دەخاتەڕوو، کە شاعیر لە شیعرەکەیدا بەرجەستەی کردووە، وەک دەڵێ: ((بەخویندنەوەی ئەم تەنیا غزلە پایەی شاعری خاکی دەرئەکەویت، ووشەی "دابی" کە لە چەن جیگەیکیاندا دەبینریت لە "دابوون"ەوە هاتوە، ئەوەندە صنعتکارانە و شاعرانە بەکاری هیناوە و لە ووشەکانی "دانا، با، باب، بابا.."دا لە "جناس"ی ئەدەبی، لفظی و معنوی ئەوەندە ئیستفادەی کردوە کە ئەلیی یاری بە طوپەلە میو ئەکا))[١]

ڕەفیق حلمی لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا (شعر و ئەدەبیاتی کوردی) درێژە بە گفتوگۆکردنی زمان لای شاعیران دەدات و لە باسی (سالم)دا ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە شاعیر بۆ سەلماندنی توانا و هونەرمەندی خۆی وشە و زاراوەی بێگانەی (فارسی و عەرەبی) لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، بەتایبەتی وشە و زاراوەی (فارسی) کە شاعیر بەهۆی ئەوەی لە ئێران زۆر ژیاوە، بۆیە لەم زمانەدا شارەزاییەکی زۆری هەبووە، نووسەر لە شیکردنەوەی شیعرێکی شاعیردا کە بە شێوازی کۆن نووسراوە چەند وشە و زاراوەیەکی فارسی دیاری دەکات کە لە شیعرەکەدا بەکارهاتوون و لەجیاتی وشەی کوردی بەکارهێنراون، پاشان دەڵێت: ((ئەتوانم بلیم کە سالم ئەم ووشانەی لەبەرنەبونی ووشەی کوردی بەکارنەهیناوە، بەلکو بەپیی لیکدانەوە و عادەتی ئەو رۆژە تی ئاخنینی ئەم تەرحە ووشانە نەک بە کوردی هەتتا بە زمانی تورکی عثمانی بە هونەر زانایی

[١] – ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ١، ل١٣٨-١٣٩

ئەژمیررا))[1] پاشان نووسەر بەردەوام دەبێت لەسەر بۆچوونەکەی و چەند نموونەیەک لەشیعرەکانی سالم دەهێنێتەوە و وشە بێگانەکان دیاری دەکات و وشە کوردییەکانی بەرامبەریان دادەنێت و ئەوە دەسەلمێنێت، کە شاعیر ئەم وشانەی زانیوە و مەبەست وشە بێگانەکانی بەکارهێناوە بۆ دەرخستنی توانای شیعری خۆی، وەک دەڵێ: ((ئەگینا تو بلیی شاعریکی وەکوو سالم نەهاتبی بە بیریا کەلەم بەیتەدا ... لەجیی وشەکانی "فەم" و "نەزدیک" ووشەی "دەم" و "نیزیک" دابنی کە وەزنی شعرەکەشی پی ناگورری، کەوابوو سالم ئەم تەرحە ووشە فارسییانەی بەتایبەتی وە بەناوی شارەزایی بە زمانی بیگانە بەکارهیناوە))[2] هەروەها ئەوەش ڕووندەکاتەوە، هەندێکجاریش بە مەبەستی بەرجەستەکردنی هونەرەکانی ڕەوانبێژیی وشەی بێگانەی بەکارهێناوە، کە ئەمە جوانییەکی زیاتر بە شیعرەکە دەدات، وەک دەڵێ: ((لەنیوەشعری "طریقی عەشقت ئەر وون کەم تەریقی دەشتی مەحشەر بم"دا هەرچەن بە ئاسانی ئەیتوانی بلی: ئەگەر ریی عەشقی تو وون کەم تەریقی دەشتی مەحشەر بم ، چونکە مەبەسی ئەوە بوە جناسیک بەکاربینی کە لە وشەکانی "طریق و تەریق" دایە کە یەکیکیان بەمانای ریگە، وە ئەویتریان بەمانای "شەرم کردن= تەریق بوونەوە" هاتووە، ووشە بیگانەکەی "طریق"ی بەکارهیناوە ))[3] لەکۆتایی باسی سالمیشدا نموونەیەکی شیعری شاعیری هێناوە و بڕوای وایە نموونەیەکی بەرزی شیعری شاعیرە و وشە و واتاکانیان ئیستاتیکایەکی بەرزیان بەرجەستەکردووە، وەک دەڵێت: ((لەم شعرانەدا بە ووردبوونەوەییکی کەم ئەو جوانی ووشە و مانا"موحەسسەنات"، وە ئەو سەنعەتە ئەدەبییانەمان بو دەرئەکەوی کە لەم "واتە" شیرینانەدایە))[4] بۆچوونی نووسەر دەربارەی بەکارهێنانی وشە و زاراوەی بێگانە بەمەبەست تەواوە، چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییە ئیستاتیکییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی بەکارهێنانی زمانی کوردی تێکەڵ بە وشە و زاراوەی بێگانە بووە، کە ئەم زمانە هەم یارمەتی داون بۆ زیاتر گونجاندنی مۆسیقای شیعرەکە، کە (کێشی عەرووزی عەرەبییە)، هەمیش یارمەتی داون بۆ بەرجەستەکردنی هونەرەکانی ڕەوانبێژیش، کە بناغەی پێکهێنانی وێنەی شیعرییە.

---

[1] – ڕەفیق حلمی (١٩٥٦)، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ٢، چ١، بەغدا، ل٧٧

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧–٧٨

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨

[4] – سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦

حلمی لە باسی (کەمالی)دا کاتێک شیکردنەوە بۆ شیعرێکی شاعیر دەکات ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگرێت، کە وشەیەکی بێگانەی بەکارهێناوە، لەکاتێکدا لە زمانی کوردیدا وشەی بەرامبەریمان هەیە و شاعیر دەیتوانی وشە کوردییە پەتییەکە بەکاربهێنێت، وەک دەڵێ: ((لێرەدا ڕەغنەیەکیش لە کەمالی ئەگرین کە "لاسلکی" بە ووشەی "تەل سز"ی تورکی تەرجەمە کردوە، لەکاتیکا لە کوردی پیی ئەلین "بی تەل" وە بەفارسی "بی سیم"))[1]

حلمی لە باسی (گۆران)یشدا جەختی لەسەر زمانی شیعری کردووەتەوە و ئەوەی خستووەتەڕوو، کە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی پێکهێنانی ئیستاتیکای دەق زمانە و شاعیر لەڕێگەی وشە و زاراوەکانی زمانەوە دەتوانێت جوانییەکی بێ ئەندازە دابهێنێت، لەمەشدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان زمانەکاندا نییە و زمانی کوردی ئەوەندە وشە و زاراوەی تایبەتی هەیە، کە شاعیر بتوانێت شیعری بەرز و جوانی پێ بخوڵقێنێت، وەک دەڵێت: (("بەسەرهاتی ئەستیرەیەک"ی گوران کەلەسەرەوە باسمان کردبوو، بخوینینەوە و سرنجیکی باشی بدەینی بومان دەرئەکەوی کە بە ووشەی کوردی پەتی و لە واتەی ساکار و بی "تەمتەراق" شعری چەندە بەرز و شیرین دهائەنری وە وینەی خەیالی چەندە قوول و سحراوی پی ئەکیشری))[2]

نووسەر لە درێژەی باسەکەیدا شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ شیعری (ئافرەت و جوانی) شاعیر کردووە و لەسەر چەند وێستگەیەکی شیعرەکە ڕاوەستاوە و جوانییەکانی ناو دەقەکەی ڕوونکردووەتەوە، پاشان ئەوە دەخاتەڕوو، کە یەکێک لەو بنەما سەرەکییانەی ئیستاتیکای شیعرەکەیان پێکهێناوە و چێژە هونەرییەکەیان بەرجەستەکردووە، ئەو زمانە سادە و ساکارە کوردییە پەتییەیە، کە شاعیر لە شیعرەکەدا بەکاری هێناوە، وەک دەڵێت: ((ئەوەندەی سادە و ڕەوانە، وە لە ئارایشی ووشە و تەعبیری فوودراو و بیگانە بی بەشە، ئەوەندە جوان و شیرینە وە لە چەشکەی شعر و ئەدەب بەشدارە، چونکە واقعییە و وە بەهای جوانی ماناکەی لە موبالەغە و خەیال وەرنەگرتووە))[3]

[1] – ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ٢، ل١٣٠
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩

حلمی بڕوای وایە گۆران داهێنەری نووسینی شیعرە بە زمانی کوردی پەتی و تا پێش گۆران شاعیران پێیان وابوو، کە تەنها بە زمانی کوردی پەتی و بەبێ وشە و زاراوەی بێگانە و پەیڕەوکردنی بنەماکانی شیعری بێگانە ناتوانرێت شیعری بەرز و جوان بنووسرێت، بەڵام ئەوەی ئەم باوەڕەی تێکشکاند گۆران بوو، گۆران توانی بە وشە و زاراوەی زمانی کوردی پەتی دەیان دەقی جوان بخوڵقێنێت، وەک دەڵێت: ((تا پیش دەوری گوران وا زان ئەکرا کە لە وشەی پەتی و ساکاری کوردی شعری بەرز ناووتری، بەلام بەهوی ئسلوبیکی دای هینا لە "فەن"نی شیعرا، گوران ئەم باوەرەی گوری))[1]

نووسەر زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زمانی کوردی پەتی دەتوانرێت جوانترین شیعری پێ بگوترێت، بۆ ئەم بۆچوونەیشی چەند نموونەیەکی لە شیعری (گۆران) وەرگرتووە و کردوویەتی بە بەڵگە بۆ ڕاستی و دروستی قسەکانی، هەر بۆیە ئەم کۆپلەیەی ((یا کەرویشکی تیر و قەلەو – لەبەر تریفەی مانگەشەو – چەن جوان ئەروا بە قونە قون – سرک و گورج و سپی و خرپن))ی لە شیعری (گۆران) وەرگرتووە و بڕوای وایە ئەو جوانییەی لەم شیعرەدا هەیە تەنها بەهۆی ئەوەوەیە کە زمانەکەی کوردی پەتییە و ئەو وشە و زاراوانەی بەکاری هێناون کوردی پەتین و دوورن لە وشە و زاراوەی بێگانە، وەک دەڵێ: ((لام وایە هەرچی ووشەی جوان و بەرز و بەمانای عەرەبی و فارسی هەیە بو نەخشاندنی "تصویر" رەوتی کەرویشکیک بەکاری بهینایە بە چەشنی ئەوەی کە لەم شعرانەی خوارەوەدا هەستی پی ئەکری جوانی و شیرینی رەوتی کەرویشکیک نەئەچوە دلەوە وە جیی نەئەبوەوە))[2] هەروەها سەبارەت بە شیعری (گوڵی خوێناوی)ی گۆران دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەهۆی زمانە پەتییە کوردییەکەوە ئەم جوانییەی داهێناوە، چونکە زمانی کوردی کانگای داهێنانی جوانییە، بەڵام بەو مەرجەی شاعیر بزانێت چۆن بەکاری دەهێنێت، وەک دەڵێ: ((ئەم "گولی خوینین"ە بە گورانییەوە ئەیدا بە دلی لاوانی کورد هەر ئەوانە ئەی زانن کە لەو کورری بەزمانەدا بوون وە بیستوویانە بەمەدا دەرئەکەوی کە ئەو نەغمە تەلیسماوییە کە لە زمانە شیرینە ساکارەکەی کوردییا هەیە - مەبەسمان خومانین – لە زمانیکی ترا نیە، بەلام بەو مەرجە "شەرط" کە بویژەکان و ئەدیبەکانمان بزانن چونی بەکارئەهینن وە بتوانن هەستی دلی خویانی پی دەربخەن، چونکە شعر و

[1] – ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ٢، ل١٦٩

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩

ئەدەب ئەوە نیە کە بە ووشەی قەلەوی نەبیسراو وە یا بە تەعبیری پەردەداری بیگانە تەقەلای شاردنەوەی بیریکی سادە و وینەییکی بی نموود بدەی وە سرنجی بی سوودی راکیشیتە سەر ، بەلکو ئەدەب ئەوەیە کە بتوانی بە چەن ووشەییکی ساکار بەلام موزیقاوی و بە ئاهەنگ و نەغمە پەردە لە رووی وینەییکی شیرین هەلدەیتەوە وەیا دیمەنیکی جوانی بەبیرا نەهاتوو بخەیتە بەر سرنجی ئەوانە کە هیندە راهاتووی ووردبینی نەبوون بە سووکی سرنجی بدەنی))[1]

هەروەها حلمی سەبارەت بەو شیعرانەی (گۆران)، کە خۆی دەڵێ لەسەر شێوازی کۆن دانراون دیسان بە نموونەی بەرزی شیعری دایاندەنێت و بڕوای وایە ئەو وشە و زاراوە بێگانانەی شاعیر بەکاری هێناون لەلای خوێندەوارانی کورد ئاشنان و بە مەبەستی جوانی و ئیستاتیکی بەکاردێن، وەک دەڵێ: ((شعرەکانی تریشی کە خوی زور رای لییان نیە وە بە کونیان دائەنی، بەلای منەوە ئەشی کە بە وینەییکی بەرزی شیعری کوردی بژمیررین، چونکە ئەو ووشانەی کە ئەو بە بیگانەیان دائەنی هەموویان ئاشنان بە گویی کوردیکی خوینەوار، وە بەتایبەتی بەلای ئەوانەوە کە لە ئەدەب بەهرەییکیان وەرگرتوە لەو ووشانەن کە بو بەخشینی نرخ و جوانی بە دەگمەن بخرینە شعرەوە))[2] ئەگەرچی نووسەر بۆ ڕاست و دروستی قسەکانی شیعری (جیلوەی شانۆ)ی بە نموونە هێناوەتەوە، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بەو وشە بێگانانە نەکردووە یان دیاریی نەکردوون، کە بۆ ئەم مەبەستە بەکارهاتوون، هەروەها نووسەر لەوەدا نەیپێکاوە، کە دەڵێ شاعیر خۆی ئەم شیعرانەی بەدڵ نییە و بە کۆنیان دادەنێت، چونکە گۆرانی شاعیر کاتێک دەڵێ لەسەر شێوازی کۆن نووسراون مانای ئەوە نییە بە شیعری جوان و بەرزیان دانانێت و بەدڵی نەبوونە.

بەشێوەیەکی گشتی گۆران یەکێکە لە ڕابەرانی شیعری نوێی کوردی و شۆڕشێکی گەورەی بەسەر زمانی شیعریدا کردووە. شاعیر بەردەوام هەوڵی داوە زمانی شیعرییەکەی بە وشە و زاراوەی ڕەسەنی کوردی بڕازێنێتەوە و دوور بکەوێتەوە لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی بێگانە، کە لەم کارەیدا زۆر سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی بکاتە بنەمایەکی ئیستاتیکی دەقی شیعری لە سەردەمی خۆی و دوای خۆیشیدا.

---

[1] – ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ٢، ل١٧١
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١

حلمی لەباسی (پیرەمێرد)دا گفتوگۆی شیعرەکانی دەکات و بڕوای وایە ئەم شاعیرەمان لاساییکەرەوە نەبووە و خۆی بە پێشەوای شاعیرانی سەردەمەکەی داناوە، بەتایبەتی لە نووسینی شیعردا بە (کوردی پەتی). نووسەر پێی وایە پیرەمێرد ئەوەی سەلماند، کە زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەند و شیرینە و دەتوانرێت شیعری بەرز و جوانی پێ بنووسرێت، وەک دەڵێ: ((پیرەمیرد هر وەکو لە شعرەکانیا لاسایی کەسی نەکردووەتەوە و بەلکو ویستویەتی کە خوی ببی بە ئیمامی شاعرە کوردەکانی ئەم عصرە، لەلایەکی تریشەوە لە شعرا کوردی پەتی تاقیکردوەتەوە و بوی دەرخستوین کە زمانەکەمان زمانیکی دەولەمەند و شیرینە))[1]

نووسەر کاتێک قسە لەبارەی شیعری شاعیرەوە دەکات، زیاتر تیشک دەخاتە سەر لایەنی زمانی شیعریی و بڕوای وایە پیرەمێرد گرنگی بە زمانی شیعری داوە و لە هەندێک شیعردا زمانی کوردی پەتی بەکارهێناوە و تەنانەت ئەو وشانەشی هەڵی بژاردووە هەمووی وشەی جوان و پەسەند و مۆسیقین، سەبارەت بە شیعری (من و ئەستێرەکان) دەڵێ: ((لەم شعرە بەرزانەدا بگەرین بو ووشەیەکی بیگانە، بو واتەیەکی ناپسند، بو لاری و چەوتییک و سرنجی ئەوە بدەن کە شاعیر ئایا خوی تەنگەتاو کردبی و میشکی گووشیبی بو یەکخستن و ریکخستنیان و لەدوای ئەمە لەو صنعت و بلاغەتەش وردبنەوە کە تیایەتی))[2]

نووسەر زیاتر قسە لەسەر ئەم لایەنە لە شیعرەکانی پیرەمێرددا دەکات و نموونەی بەشیعرێکی شاعیر هێناوەتەوە و وای داناوە یەکێکە لەو شیعرانەی کە لەڕووی بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتییەوە لە ئاستێکی بەرزدایە و زۆربەی وشە و زاراوەکانی ئەم دەقە کوردی پەتین، ئەو وشانەی بێگانەش کە لە شیعرەکەدا هەن ئەوانەن کە لەناو کورددا زۆر بەکارهاتوون و هەموو کوردێک پێی ئاشنایە، هەروەک دەڵێ: ((دەبینین کە بیجگە لە ووشەکانی "لوکس، ساف لە ساف، عاصمە، طی أرض، و فن" کە لە زمانانی بیگانەوە وەرگیراون، ووشەیەکی وای تیانیە کە ئەصل وەیا لەبەر گوی کوردیک بیگانەبی))[3] پاشان یەک یەک ئەم وشانەش شیدەکاتەوە و ئەوە دەخاتەڕوو هەندێک لەم وشانە بوونە بە وشەی کوردی و ئەوانیتریش لە بری وشەی کوردی بەکارنەهاتوون، بەڵکو لەناو کورددا هەر بەو جۆرە هاتووە، وەک دەڵێ:

[1] – ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ١، ل٩٠
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢

((لەمانەیشا ساف لە ساف بەتەواوی بوەتە کوردی و تا لییی وردنەبیتەوە نازانی کە لە بنیاتا بیگانەیە و لە ووشەی صافی عربیەوە هاتوە، فنیش ووشەیەکە کە تورک و عجم وەکو ئیمە لە عربەوە وەریان گرتوە و کردویانە بە مالی خویان، عاصمە کە ناوچەی حکومەتە، ناوی ئافرەتیشە و کوردەکان بە کەلکی ئەهینن و لیرەدا پیرەمیردیش رەنگە بەهردوو مەبەسەکە بەکاری هینابی، هرچی وەکو وتاری "طی أرض"ە لەجیاتی کوردی بەکارنەهینراوە، بەلکو مەبەسی لە کشف و کراماتی ئەولیایە کە پیشوان بەم جورە ئەیانگیرایەوە و پیرەمیرد نەیویستوە دەسکاری بکا و لەدەم ئەوانەوە قسەکەی وەکو وتراوە کردووە و بەمە دەرئەکەویت کە ئەگر بەچاوی تی گەیشتوو لە شعرەکان وردبینەوە ووشەی بیگانەی تیا نابینین))[1]

حلمی باس لە (شێخ نوری شێخ سالّح) دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە، کە شاعیر پەیڕەوی شێوازی (تۆفیق فیکرەت)ی کردووە، لەگەڵ ئەوەی زمانی کوردی و وشەی کوردی پەتی بەکارهێناوە، چەندین وشە و زاراوەی بێگانەشی بەکارهێناوە، بەڵام ئەم وشە و زاراوانە لەلای خوێندەوارانی کورد ئاشنان و بەبڕوای نووسەر بە بێگانە ناژمێردرێن، کە جوانی و بەرزییان بە شیعرەکە بەخشیوە، وەک دەڵێ: ((ووشە و تەعبیرەکانی وەکو: سەرنگوون و بی ئارام، یأس و ئەلەم، شکستەبال، رەهبەر، صوورەت، تار و بیم ئاوەر، زەبوون، استهزا، استعجال، تیرەوتار، کە هەندیکیان فارسی و هەندیکیشیان عەرەبییە، هەموویان بەلای کوردیکی خوینەوارەوە – بەتایبەتی کە دەم لە ئەدەبیشەوە بدا – بە بیگانە ناژمیررین، جگە لەمە ئەم ووشانە جوانی و شیرینیان داوە بە شعرەکان وە ئەوەندەی کە لە ئسلوبی کون دووریان خستوەتەوە ئەوەندەش لە ئەدەبی تازە چەشکەداریان کردووە))[2]

پیرەمێرد و شێخ نوری دوو شاعیری دیاری شیعری نوێی کوردین، کە ڕۆڵی سەرکردەییان بینیوە لە بەدیهێنانی شیعری نوێی کوردیدا و لەڕووی زمانەوە لەگەڵ (گۆران)دا شۆڕشێکیان بەسەر زمانی شیعری کلاسیکیدا کردووە، کە زمانێکی تێکەڵ بووە بە وشە و زاراوەی فارسی و عەرەبی و تورکی، بەڵام لەم بۆچوونانەی ڕەفیق حلمیدا هەست بە لایەنگری دەکەین بۆ پیرەمێرد و شێخ نوری، چونکە بەشێوەیەکی جیاواز لە شاعیرانی تر مامەڵەی لەگەڵ زمانی شیعرەکانی (پیرەمێرد) و (شێخ نوری)دا

[1] – ڕەفیق حلمی (١٩٥٦)، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب١، ل٩٢

[2] – ڕەفیق حلمی (١٩٥٦)، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب٢، ل٢٠٣

کردووە، نووسەر لەباسی (بێکەس) و (سالم) و (کەمالی)دا ڕەخنەی ئەوەیان لێ دەگرێت، کە وشە و زاراوەی بێگانەیان بەکارهێناوە، لەکاتێکدا دەیانتوانی لە بری وشە بێگانەکان وشەی کوردی بەکاربهێنن، تەنانەت ڕەخنەکەی لە (کەمالی) لەسەر ئەوەیە وشەی (تەلسز)ی بەکارهێناوە و وشەی (بێتەل)ی بەکارنەهێناوە، بەڵام بەرگری لە (پیرەمێرد) و (شیخ نوری) دەکات و دەڵێ وشە و زاراوە بێگانەکانی ناو شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرە لای خوێندەوارانی کورد ناسراون و بە بێگانە ناژمێردرێت، لەکاتێکدا (سالم) لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە و (کەمالی)ش لەپەیڕەوانی کلاسیک بووە و (بێکەس)هاوسەردەمی شاعیر بووە. بەڕای ئێمە دەبوو بەیەک پێوەر مامەڵەی لەگەڵ هەموو شاعیرەکان بکردایە، تەنانەت ڕاستر وابوو زیاتر ڕەخنەی لە (پیرەمێرد) و (شێخ نوری) بگرتایە لەسەر بەکارهێنانی وشە و زاراوەی بێگانە، وەک لە سالم و کەمالی، چونکە لەڕووی سەردەمەوە ئەم شاعیرانە پێش پیرەمێرد و شێخ نوری بوونە، لەهەمان کاتدا پیرەمێرد و شێخ نووری لە ڕابەرانی شیعری نوێی کوردین.

نووسەر بەشێوەیەکی گشتی ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی بەستووەتەوە بە ڕادەی بەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردییەوە و لەسەر بنەمای وشەکاری و گرنگیدان بە وشەی کوردی ڕەسەن و دوور کەوتنەوە لە وشەی بێگانە شیعرەکانی هەڵسەنگاندوون و پلەوپایە و ئیستاتیکای شیعرەکانی پێ دیاریکردوون و ئەو شیعرەی زیاتر گرنگی بە وشەی کوردی ڕەسەن دابێت لای وابووە جوانتر و هونەرییانەترە.

گۆڤاری گەلاوێژ یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە گرنگییەکی باشی بە بواری ڕەخنە داوە و لە ژمارە (٨)ی ساڵی (٤)ەوە گۆشەیەکی بەناوی لێکۆڵینەوە کردەوە و کەتێیدا ڕەخنەی بنیادنەر و ڕەخنەی ڕووخێنەر لە شیعری شاعیران گیراوە، لایەنە باش و لاوازەکانی شیعرەکان خراونەتە ڕوو، هەروەها گوتاری ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لەسەر شاعیران و نووسەران نووسراوە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕەخنەکان هەندێکجار زۆر توند بوون و هەستی کەسەکانیان بریندار دەکرد، گۆڤارەکە لە ژمارە (٩)ی ساڵی (٥) ناچاربوو ئەم گۆشەیە دابخات ((ئەو گۆشەیەی نزیکەی ساڵێک مەیدانی رەخنە و هەڵسەنگاندنی شیعری بوو تەنانەت ئەو نوسینە توند و هێرشە تاکە کەسیانەی جار جارە بەناوی رەخنەوە سەرەتاتکێیان دەکرد، ئاوێنەی ململانێی فیکری و ئاستی رۆشنبیری ئەو سەردەمە و ڕەنگدانەوەی واقعیی ئەو بارە بوون، دیارە گەلاوێژ

بۆ مەبەستی دامرکاندنەوە و هێوربوونەوەی ناوەندە ئەدەبییەکە، پەردەی لەسەر ئەو گۆشەیە داداوەتەوە))[1]

**فایەق بێکەس** لە ژمارە (٩)ی ساڵی (٤) گۆڤاری (گەلاوێژ)دا گوتارێکی بەناوی (م.کاردوخی لە تای تەرازوی شعردا) بڵاوکردووەتەوە و تێیدا باسی ئەو لاوانە دەکات، کە تازە دەستیان داوەتە قەڵەم و دژی (عەبا و پەچە)دەنووسن، سەرەتا دەستخۆشیان لێ دەکات و کارەکەیان بەرز دەنرخێنێت، بەڵام بڕوای وایە بەشێک لەو نووسینانە ئاستیان نزمە و کاڵ و کرچن و مەبەست ناپێکن، لەوانەش شیعرێکی (م.کاردۆخی)یە کە شیعرێکی بەناوی (عەباوپەچە) لە ژمارە (٧)ی ساڵی (٤)ی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوکردووەتەوە. نووسەر ڕەخنە لەم شیعرە دەگرێت و بڕوای وایە تەنها وشە ڕیزکردنە و ئاستی هونەرییان نزمە و ناشرینن. نووسەر هەوڵی داوە کەموکوڕییەکانی ئەم دەقە بخاتەڕوو، تەنانەت ناوی شیعریشی لێ نانێت بەڵکو بە (منظومە) ناوی دەبات، وەک دەڵێ: ((لەم لاوانە "م.کاردوخی"ناو لە گەلاویژی ژمارە "٧"ی سالی "٤" لەژیر عنوانی "عەباوپەچە"دا مەنظومەییکی نوسیوە ئەگر باش سەرنجی بدەنی ئەبینن کە لە چەند بەیتیکی پیشەوەیدا هیچ خراپەییکی عەباوپەچەی نەخستوتە بەرچاو، بەپیچەوانەی ئەو نیازەی ویستویەتی لیی بدویت. جگە لەوەش لە بەیتیکا چەند ووشەییکی ریزکردوە کە هیچ پیویست نیە وە زور ناشرین دیتە بەرچاو))[2] پاش ئەوەی دێڕە شیعرێک دەهێنێتەوە، کەموکوڕییەکانی دەخاتەڕوو و بەجۆرێک ڕەخنەی لێ دەگرێت کە هەندێکجار ڕەخنەکەی لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبی دەردەچێت و دەچێتە ناو بازنەی گاڵتەکردن و سوکایەتیکردن بە شیعرەکە، وەک دەڵێ: ((ئیمە تی ناگەین "م.کاردوخی" مەبەسی تنقیدی عەباوپەچەیە یاخو تعریفی علمی فسلجە ئەکات کە ئەم چوار ووشەیەی لە تەنشت یەکەوە ریز کردوە دەمار، گوشت، ئیسقان، دل))[3] هەر لەهەمان دێڕدا ڕەخنە لەوەش دەگرێت، کە شاعیر وشەی (هەڵتێنی) بۆ پەچە بەکارهێناوە، لەکاتێکدا نەشیاوە و لە زمانی کوردیدا ئەم وشەیەی بۆ بەکارنایەت، وەک دەڵێ: ((دیسان هەر لەو بەیتەدا ئەلیت "روبەندی هەلتینی – هەلدینی" ئیمە ئەم تعبیرەمان نەبیستوە چونکە نابیژریت روبەند یاخود پەچە هەلدینی بەلکو "چاو هەلدینی"

---

[1] - محەمەد ئەمین دلێر محەمەد، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا،چ١، سلێمانی،٢٠٠٤، ل٩٦

[2] – فایەق بێکەس، م.کاردوخی لە تای تەرازوی شعردا، گ.گەلاوێژ،ژ٩، ساڵی ٤، سلێمانی، ١٩٤٣، ل٥٦

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦

بیژراوە و بیستراوە))[1] هەروەها لە شوێنێکی تریشدا دیسان ڕەخنە لە نەگونجاوی ئەو وشە و دەستەواژانە دەگرێت، کە شاعیر بەکاری هێناوە و بڕوای وایە هیچ بنەمایەکی لۆژیکییان نییە و لە ناو کورددا بەکار نایەن، وەک دەڵێ: ((لە شعریکی تریا ئەلیت "عەبا دەسمالی جولایە" ئیمە بەش بەحالی خومان تا ئیستا ئەم دەسمالی جولایەمان نەبیستوە، وە لەگەلی پیرەژنیشمان پرسیوە لە پیکەنین بەولاوە وەلامیکی تریان نەداوەتەوە ))[2] هەروەها سەبارەت بەدێڕی کۆتایی شیعرەکە، نووسەر بڕوای وایە واتا نادات بەدەستەوە و مەبەستی شاعیر دیار نییە و بەتوندی ڕەخنەی لێ دەگرێت و دەڵێ: ((ئەمەیە سەری لە ئیمە تیکداوە، ئەمەیە بەداخەوە پیوەی ئەتلینەوە وە تیی ناگەین، ئەمەیە "المعنی فی بطن الشاعر" هاوار خویندەوارینە، هاوار شاعرانی کورد، لەم تەلیسمە رزگارمان بکەن، با بەداخەوە سەر نەنیینەوە مەبەس چییە لەم شعرە تیمان بگەینین))[3]

(**محەمەد ئەمین کاردۆخی**)یش لە ژمارە (١١)ی ساڵی (١٩٤٣)ی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا گوتارێکی بەناوی (وەلامی لیکولینەوە) بڵاوکردووەتەوە و تێیدا وەڵامی ئەو ڕەخنانەی (بێکەس) دەداتەوە، کە لەشیعرێکی ناوبراو گرتبووی. نووسەر سەرەتا سوپاسی (بێکەس)ی کردووە و گوتارەکەی بەکاریگەر و زۆر پەسەند داناوە، کەچاوی خوێندەوارانی کردەوە و گرنگی ڕەخنەی بۆیان دەرخستووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا مافی خۆیەتی بەرگری لە شیعرەکەی بکات و وەڵامی ئەو ڕەخنانە بداتەوە کە (بێکەس) لە شیعرەکەی گرتوویەتی. نووسەر لەدێڕی کۆتایی شیعرەکەیەوە دەستی پێ کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی (بێکەس) بە بێ واتا داینابوو و داوای لە خوێنەران و شاعیران کردبوو کە واتای ئەو دێڕەی بۆ لێکبدەنەوە، نووسەر بڕوای وایە ئەوەی گرفتی لەواتای دێڕە شیعرەکە دروست کردووە هەڵەیەکی چاپە کە وشەی (ئاوی) کردوە بە (ئاوا) و واتای شیعرەکەی تێکداوە و واتاکەی بەمجۆرەیە: ((چوارلای کاردوخی بوبە سەبارەت بو فەوتانو دواکەوتنی شعرەکانی، هەر ئەو چوارلایە بو بەسبب بو هەل کیشان و دوور خستنەوەی نەمامی فکر لە ئاوو لە خاکو لە روژ کە هەر سەکیان پیویستی ژیانی نەمامو درەختن))[4] هەروەها لەسەر دەربڕینی (روبەندی هەلتینی) کە

---

[1] – فایەق بێکەس، م.کاردوخی لە تای تەرازوی شعردا، ل ٥٦

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧

[3] – فایەق بێکەس، م.کاردوخی لە تای تەرازوی شعردا، ل ٥٧

[4] – محەمەد ئەمین کاردۆخی، وەلامی لیکولینەوە، گ. گەلاوێژ،ژ١١، ساڵی ٤، سلێمانی، ١٩٤٣، ل٦١

(بێکەس) گوتبووی ئێمە ئەم دەربڕینەمان نەبیستووە، نووسەر ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەو نەیبیستووە نابێتە بەڵگە بۆ بەکارنەهێنانی یان نارێکی ئەم دەربڕینە، وەک دەڵێ: ((تەماشای ووتارەکەی ماموستای شاعر بکەین کە فەرمویەتی: ئیمە تعبیری روبەندی هەلتینی یا هەلدینی مان نەبیستوە، ئەم نەبیستنە نابیتە دەلیل بو ئەوە کە ئەم تعبیرە ناریکە؛ چونکی هەمو کوردەکانی موکریان و لوای هەولیر ئەزانن کە روبەندی هەلدینی معنای روبەندی لائەدا و بەرز ئەکاتەوە و لەودو ناوچەیەدا ئەم تەعبیرە زور بەکارئەهینریت))[1] هەروەها دەشێت بۆ گونجانی سەرواکەش بەکاربهێنرێت، چونکە ئاساییە شاعیر دەسکاری وشە و زاراوەکان بکات بۆ ڕێکخستنی سەروا و بۆ بەڵگەش پشت بە بنەمایەکی ڕەخنەیی شیعری عەرەبی دەبەستێت، وەک دەڵێ: ((لەگەل ئەمەشا بیتو ئەوانەبی دوبارە بو تیک نەچونی وەزنی شعر دروسە بەکارهێنانی عەرەبەکان لە قاعدەی علمی شعرا ئەلین: یغتفر للشاعر مالا یغتفر لغیرە))[2] پاشان نمونەیەکی شیعری عەرەبی دیهێنێتەوە، کە شاعیر دەسکاری چەند وشەیەک و تەنانەت دەسکاری بنەماکانی ڕستەسازی عەرەبی کردووە لەپێناو ڕێکخستنی کێش و سەروای شیعرەکە، کەچی لێی وەرگیراوە و ڕەخنەی لێ نەگیراوە لەسەر ئەم کارەی. پاشان سەبارەت بە دەربڕینی (عەبا دەسماڵی جۆلایە) کە (بێکەس) ڕەخنەی لێ گرتبوو، دیسان چەند دەربڕینێکی لەم جۆرەی لە شیعری شاعیران هێناوەتەوە کردوونی بە بەڵگە بۆ دەربڕینەکەی خۆی، وەک دەڵێ: ((هەروەهایش بو تعبیری عەبا دەسمالی جولایە فەرمودە و پیکەینی پیرەژنان بو معنای تی مان ئەگەینی کە ئەم دەسمالی جولایە چییە، ئایا دەسەسریکی مەرهوم نیە؟ ئایا ئیسمی بی مسمی نیە؟ وەکو ئەم سە شتە: طیری عنقا، دەشتی جابولقا، پلاوی خانەڤ))[3] ئەگەرچی (د. کامل بەسیر) ئەم ڕوونکردنەوەیەی شاعیر بەگونجاو دەزانێت لە دروستکرنی ئەم دەستەواژانەدا، بەڵام ئەوەش ڕووندەکاتەوە، کە نابێت بە بیانووی ئەوەی شاعیر دەستکراوەیە لە بەکارهێنان و دروستکردنی وشە و دەستەواژەکاندا ، ئیتر دەربڕینی هەڵە ساز بکات، ئەمە بەهیچ جۆرێ قبوڵکراو نییە، چونکە ((لە ڕەخنەسازی عەرەبیدا مەسەلەی – الضرورة الشعرية – ڕێگا بە هەڵە نادات، بەڵام لەبەر تیشکی چەند بنەواشەیێکی ڕەخنەسازی دەرفەت بە وێژەری هونەرمەند و خوڵقێنەر دەدرێ، کە دەربڕینی تازە سازبکات و ڕێگای نوێ لە

---

[1] – محەمەد ئەمین کاردۆخی، وەلامی لیکولینەوە، ل٦١– ٦٢
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢

ئەنجامدانی ئەرکی هونەری خۆی بگرێتەبەر و بەهیچ جۆرێ لاسایی کەس نەکاتەوە. سەرئەنجام ئەگەر مامۆستا کاردۆخی بیوتایە - ڕووبەندی هەڵدێنێ — داڕشتنی خوڵقاوی خۆمە و خۆم دامهێناوە، بەلای ئێمەوە باشترین وەڵام دەبوو، بۆ بەرپەرچدانەوەی مامۆستا بێکەس))[1]

گوتارە ڕەخنەییەکەی (بێکەس) بەدەر لەوەی هەوڵێکی باشی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییە، بەتایبەتی گرنگی بەلایەنی هونەری دەقی شعرەکە داوە و ڕەخنەی لێ گرتووە، بەڵام بە شێوازێکی زۆر ڕەق و توند ڕەخنەی گرتووە، تەنانەت بەشێک لە ڕەخنەکانی دەچنە خانەی سوکایەتی کردن بە شیعرەکان و بێ بەها کردنیان، کە ئەمەش شێوازێکی گونجاوی ڕەخنەی ئەدەبی نییە. نووسەر بەشێوەیەکی گشتی داوای ئەوە دەکات وشە و زاراوەکان لەشوێنی گونجاوی خۆیان بەکاربهێنرێن و ڕوون و ئاشکرابن و بە ئاسانی واتا بدەن بە دەستەوە، هەروەها وەڵامەکەی (کاردۆخی)یش، بە ڕوونکردنەوە و بەڵگەهێنانەوە بۆ وشە و دەستەواژە و واتای شیعرەکەی تا ڕادەیەک ئەو تەمومژەی ڕوونکردووەتەوە، کە (بێکەس) ئاماژەی پێکردووە.

**بێکەس** لە ژمارە (٥)ی ساڵی (٥)ی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا گوتارێکی بەناوی (پیشکەشی ماموستا أ.ب.هەوری) بڵاوکردووەتەوە و تێیدا وەڵامی ئەو گوتارەی (أ.ب.هەوری) دەداتەوە کە لەژمارە (٤)ی ساڵی (٥)ی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بەناوی (وەرام بو ف. بیکەس) بڵاویکردووەتەوە. سەرەتا نووسەر بەشێوەیەکی گشتی باسی ڕەخنە دەکات، کە ئامانج لە ڕەخنەگرتن چاکسازی و ڕێگا نیشاندانی شاعیرانە، نەک شەڕە قسە، پاشان ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەو دۆستی شاعیرە و مەبەستی ئامۆژگاری کردنی شاعیر بووە و ئاماژەشی بەو پەندە کردووە، کە دەڵێ: دۆستم ئەوەیە کە ئەمگرێنێ.[2] پاشان لە بەشێکی گوتارەیەکەیدا ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەو ڕەخنەی لە زمانی کوردی نەگرتووە، بەڵکو ڕەخنەی لە شیعرەکانی شاعیر گرتووە، کە لە پلەو پایەی زمانی کوردییان کەمکردووەتەوە و بێ نرخیان کردووە و شیعرەکانی شاعیر مایەی نەنگین بۆ زمانی کوردی، وەک دەڵێ: ((جنابی ماموستا أ.ب.هەوری رەخنەکەی من وەکو فەرموتانە بو زبانی کوردی نی یە تەنها بو شعرەکانی تویە کە رەونەق و نرخی زبانی کوردی شکاندوە، وە هەر کەس بیخوینیتەوە بەهوی ئەوەوە نەفرین لە

---

[1] – کامل حەسەن بەسیر، مێژووی ڕەخنەسازی، ل ٤٨٤

[2] – فایەق بێکەس، پیشکەشی ماموستا أ.ب.هەوری، گۆڤاری گەلاوێژ،ژ٥،ساڵی ٥، سلێمانی، ١٩٤٤، ل٥١

هـەمو شـعریکی کـوردی ئـەکا، رەنگـە ئیـوە وابـزانن کـە شـعرەکانتان نمونـەی بلاغـت و فصاحتی زبـانی کوردییـە وە هـەر کەسـی رەخنـەی لـی بگـری وەکـو رەخنـەی لـە زبـانی کوردی گرتبی وایـە))[1] بێگومـان ئـەم بۆچوونـەی نووسـەر لەجێگـەی خۆیدا نییـە و هـیچ شیعر و نووسینێک نابێتە مایەی کەمکردنـەوەی نـرخ و پایـەی هـیچ زمانێـک و کەسـیش بـەهۆی شـیعرێکی ئاسـت نزمـەوە (بـەبڕوای نووسـەر) نـەفرەت لـەو زمانـە ناکـات کـە شیعرەکەی پێ نووسراوە.

بێکـەس لـە ژمـارە (٧)ی سـاڵی (٥) گۆڤـاری (گـەلاوێژ)دا گوتـارێکی بـەناوی (سـەرنجدانی لـە ئـەدەبیاتی مـەنگوڕی) بڵاوکردووەتـەوە و تێیدا ڕەخنـە لـەو چوارینانـە دەگرێت کـە (مـەنگوڕی) لـە ژمـارە (٥)ی گۆڤـاری (گـەلاوێژ)دا بڵاویکردوونەتـەوە و لـە یەکێک لە چوارینەکاندا ڕەخنە لە زمانی شیعرەکە دەگرێت و بڕوای وایە هێندە ناتەواوە لـە زمـانی شـیعری یـەکێک دەچێت کـە تـازە فێری کـوردی بووبێت، وەک دەڵێت: ((لـە کیشانا لەنگ نی یە، بەلام بە خویندنەوەی مصرعی ئەوەل شعری شاعریکم دیتەوە بیر کە تازە فیری کوردی بوبو، و وتویەتی: ئەمن لـە تفتیش هـات لـە کوردوسـتان، ئیحتیـاج ناکا ئەوی تری بنوسین ))[2]

بەشێوەیەکی گشتی ئەو شێوازەی (بێکەس) ڕەخنەی پێ گرتـووە دەچـنە خانـەی ڕەخنەی خودیی ڕووخێنەرەوە و بووەتە هـۆی برینـدارکردنی کەسـی ڕەخنـەلێگیراو، لـە کاتێکدا پێویستە ڕەخنەی ئەدەبی دەرخستنی جوانی و ناشرینییەکان بێت بـە شـێوازێکی جوان و نەرمونیان و بابەتیانە.

**أ.ح.هــەردی** لـە ژمـارە (٩)ی سـاڵی (١٩٤٣)ی گۆڤـاری (گـەلاوێژ)دا گوتـارێکی بەناوی (مدهوش و شعر) بڵاوکردووەتـەوە و تێیدا گفتوگۆی شیعرێکی شـاعیر دەکـات کـە لـە گۆڤـاری گـەلاوێژدا بـڵاوی کردووەتـەوە. سـەرەتا باسـی ئـەوە دەکـات شـاعیر کەسێکی بەتوانایە و (سۆزێک لە شیعرەکانیدا هەیە) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شیعرەی لە گەلاوێژ بڵاوی کردووەتەوە لەڕووی زمانییەوە کەموکوڕی هەیـە و نابێت چـاوی لـێ بپۆشرێت، هەر بۆیە دێڕێک لە شیعری شاعیری هێناوە و لێکدانەوەی بۆ دەکات و ئـەو کەموکوڕییانە دەخاتەڕوو کە لە شیعرەکەدا هەیە، کە وشـەی (مەینەت)ی بەکارهێناوە لە جێگـای خۆیـدا بەکارنـەهاتووە و واتـای شـیعرەکەی ئـاڵۆز کـردووە، وەک دەڵـێ: ((ئـەبی

[1] – فایەق بێکەس، پیشکەشی ماموستا أ.ب.هەوری، ل٥٢

[2] – فایەق بێکەس، سەرنجدانی لە ئەدەبیاتی مەنگوڕی، گ. گەلاوێژ، ژ٧، ساڵی ٥، سلێمانی، ١٩٤٤، ل٦٤

نیازی لـه مصرعی دوهـەمی ئـەم بەیتـە چـی بیت؟ مەینـەت مـن بیزانم معنـای ئـەرک و ناخوشیە. ئینجا کە: ناخوشـی بـاخی ژینی چنی بیت – چـون گلـەیی لـی ئـەکا وە ئـەلی: خوشیم نەدیوە؟! ئەمە بە دورەنگ لیک ئەدریتەوە: یەکەمیان – یان ئەبی معنای مەینەت نـەزانی، یـان – زانیویـەتی بـەلام یـاری پـی کـردوە و بەسـەر دەمیـا هـاتوە و ئاگـای لـی نـەبوە))[1] نووسـەر بـەردەوام دەبێـت لەسـەر دەربڕینـی ئـەو لایەنانـەی، کـەپێی وایـە کەموکورییەکانی دەقە شیعرییەکەن، بەتایبـەتی لـەڕووی واتـاوە و ئـەوە ڕووندەکاتـەوە، کە شاعیر کەوتووەتە هەڵەوە لە بەکارهێنانی وشـە و زاراوە و ڕستەکاندا و لە شـوێنی دروستی خۆیان بەکاری نەهێناون، وەک دەڵێ: ((سەیرە! کە حەزت لی ناکا وەک خـوت ووتوتە دیارە کە دلی خوشەویستی توی تیا نیە. ئیتر چون لیی ئەپرسیت: چی لە دلتایە دەریخـە کـەم کـەم؟ لـەپاش ئـەوەی کـە ئـەزانیت دلـی هیچـی تیانیـە چـون ئەپرسـیت چـی لەدلتایە؟ یاخود کە مەینەتی باخی ژینی چنی بیت، چون دلی لە تو بیزارە و توی ناوی؟ یان ئەگەر توی بویت بـوچی ئەپارییتـەوە، گلـەیی ئەکـەی، وە بـەردەرگای ئـەگریت و بـە زور دوای ئەکـەوی؟ ئەگـەر تـوی بـو پیویسـت بـە زور نیـە بـە ئـارەزوی خـوت ئـەتوانی دوای کەوی وە بیبینی))[2]

(م.ع.مـدهوش)یـش لـە ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (١٩٤٣)ی گۆڤـاری (گـەلاوێژ)دا گوتـارێکی بـەناوی (وەلامـی مـدهوش و شـعر) بڵاوکردووەتـەوە و تێیـدا وەڵامـی ئـەو ڕەخنانەی (أ.ح.هەردی) دەداتەوە، کە لەشیعرێکی ناوبراو گرتبووی و ڕوونـی دەکاتـەوە کە شیعرەکەی ڕاست و دروست و تەواوە و هەڵە و کەموکوڕی نییە، تەنیا ئەوە نـەبێت لەچاپدا هەڵەیەک هەیە ئەویش ئەوەیە لەجیاتی بنووسرێت (ژینم چنیوە) بە هەڵە (ی) بۆ زیاد کراوە و بووە بە (ژینمی چنیوە) و ئەمەش واتای شیعرەکەی گۆڕیوە، سـەبارەت بـە وشـەی "مەینـەت"یش جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە، کـە ماناکـەی بـاش دەزانێـت و مەبەستی لەم دێڕە شیعرە ئەوەیە لە ژیاندا خۆشی نەبینیوە ژیانی هـەمووی مەینـەتی و ناخۆشـییە و مەینـەت ژیـانی چنیـوە نـەک ئـەو کەسـەی کـە خۆشـیدەویت ژیـانی پـڕ لـە مەینەتی و ناخۆشی کردبێت، وەک دەڵێت: ((لە هەلبەستی حەزم لی کردوی ژمارە "٩"ی گەلاویژی سالی "٤" پارچەی سەیەم لەباتی ئەمەی " ژینم چنیوە" بنوسریت، یا لەنوسین یـا لەچاپـدا "ی"یـەکی زیـادە معنـای شـعرەکەی گوریـوە، لـیم بوەتـە دەنکـە گەنمەکـەی حضـرتی ئـادەم ژینمـی چنیـوە نوسـراوە، نـەخیر معنـای مەینـەت تـی گەیشـتوم، لـەباخی

[1] – أ.ح.هەردی، مدهوش و شعر، گ. گەلاوێژ، ژ٩، ساڵی ٤، سلێمانی، ١٩٤٣، ل ٦٠

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١

ژیانما چونکی خوشیم نەدیوە مەینەتیم بە گولچنین زانیوە ئەم مصرعم بە خوم ووتوە ئەگەر بەوم بووتایە بوچی نەمئەووت ژینمت چنیوە خو شعرەکە روبەروە ))١

سەبارەت بە بەشی دووەمی ڕەخنەکەی (أ.ح.هەردی) شاعیر بەرگری لە خۆی دەکات و پێی وایە ئەو کارەی ئەو کردوویەتی بەشێکن لە یاساکانی دڵداری و مرۆڤی عاشق بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو کەسە نابێت کە خۆشی دەوێت، هەوڵ دەدات ئەو شتانە بزانێت کە بووەتە هۆی ئەوەی کە کچەکە ئەمی نەوێت بۆ ئەوەی ئەگەر کەموکورییە وازی لێ بێنێت و ئەگەریش شتێکە ئەم نییەتی هەوڵ بدات بە دەستی بێنێت، تەنانەت ڕەخنە لە (هەردی)یش دەگرێت و بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت، کە ڕەنگە ئاگاداری دڵداری یان ئەم مەبەستە شیعرییە نەبێت، بۆ بەڵگەی قسەکانیشی دوو نمونەی شیعری (وەفایی و سالم)ی هێناوەتەوە، کە هەمان ئەو واتایەیان هەیە کە شیعرەکەی ئەم هەیەتی[٢]

بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنەکەی (هەردی) دەربارەی شیعرەکانی (مەدهۆش) ڕەخنەی ڕووکەشین و نووسەر لەم گوتارە ڕەخنەییەدا لەسەر بنەمای وشە و واتا ڕەخنەی لە شاعیر گرتووە، کە پێویستە وشە لە شوێنی گونجاوی خۆیدا بەکاربهێنرێت و نابێت شاعیر هەر وشەیەکی بە بیردا هات یەکسەر دەری ببڕێت بەبێ ڕەچاوکردنی گونجاوی و هاوئاهەنگی واتا و وشەکان لەگەڵ یەکتردا. هەروەها وەڵامەکانی (مەدهۆش) و بەڵگەکانی بۆ ڕاستی و دروستی واتای شیعرەکانی تا ڕادەیەک گونجاون و بەبڕوای ئێمە هەڵەیەکی زەقی وا نەبووە، کە نەتوانرێت خوێندنەوەیەکی گونجاوی بۆ بکرێت.

**(ج.ب. روژبەیانی)** لە ژمارە (٣)ی ساڵی (٥)ی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا گوتارێکی بەناوی (محمدامین بەگی جاف و تەرازوی شعر) بڵاوکردووەتەوە و تێیدا ڕەخنە لە شیعرێکی شاعیر دەگرێت و کەموکورییەکانی دەخاتەڕوو، سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی پێناسەیەکی شیعر دەکات و بڕوای وایە شیعر تەنیا وێنە و کێش و سەروا نییە، بەڵکو شیعر لەوە بەرزترە و بریتییە لە چڕکردنەوەی واتا لە قاڵبێکی جوان و بێکەموکوڕی داڕشتن و زماندا، پێویستە شاعیر لەمەدا دەستێکی هونەری بەرزی هەبێت بۆ ئەوەی دەقەکەی ئاستێکی باڵای ئیستاتیکی هەبێت، وەک دەڵێ: ((شعر وە نەبی هەر وینە بی

[١] – م.ع.مدهوش، وەلامی مدهوش و شعر، گ. گەلاوێژ، ژ.١٠، ساڵی ٤، سلێمانی، ١٩٤٣، ل ٦٢
[٢] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢-٦٣

لەبەرانبەری پارچەکان و لەهاوسەنگی تار و خنجی قافیەکان و هیچی ترا: بەلکو لەوە بەرزتر تواندنەوەی شیشی تەلای پاقژو خاوینی معنی لەبوتەی بیرومیشکی خاوەن هەستدا وە دارشتنیە لەقالبی ووشە و پولادا، ئنجا پیویستە کە شاعرە بەنرخەکان ئەم قالبە بەچەشنی دابمەزرینن فرە بی خەوش وجوان و بی خواروخیچ بی؛ بو ئەوەی پیویست بەمشت و مال و رەندەو خرتەک نەبی))[1] پاشان دێتە سەر شیعرەکە و ئەو کەموکوڕییە زمانییانە ڕووندەکاتەوە، کە بوونەتە هۆی تێکچوونی واتا لە شیعرەکەدا. نووسەر لە یەکێک لە دێڕە شیعرەکاندا لەسەر دەربڕنێک وەستاوە و پێی وایە کە پیتی "ی" لە دوای وشەی "فەریاد" هاتووە هەڵەیە و واتای شیعرەکەی تێکداوە، وەک دەڵێ: (("ی" پاش "فەریادی" ئەگەر بو "ضمیرە" پەیامەکەت لە رابوردوە، ئەبی بلییت: دادو فەریادی لە دەستی دوژمن و بەدکار ئەکرد، ئەگەر "ی"کەت "أداة الوحدة" بەمەبەست یەک فەریادیکە ئەمەستەمە، چونکە دایکی وطن بە هەزاران جار فەریاد ئەکاو ئەگەر خو "ی"کە هەلەیە ئەوە شتیکی ترە))[2] هەروەها لەسەر هەڵەیەکی تری زمانی ڕادەوەستێت، کە بەبڕوای نووسەر دەربڕینەکە واتایەکی لۆژیکی دروستی نییە، شاعیر لە شیعرەکەدا داوای ئەوە دەکات خەڵک لەخەو هەڵسن، چونکە خەوتن ئەنجامی نەگبەتییە، نووسەر زۆر بەکورتی تەنها هەڵەکە ڕاست دەکاتەوە و کۆتایی بە گوتارەکەی دێنێت، وەک دەڵێ: (( نوستن سەرەتاو نیشانەی نەگبەتییە، نەگبەتی ئەنجامی تەمەلییە ))[3]

(ج.ب. روژبەیانی) لەم گوتارەیدا ئیستاتیکای دەقی شیعری بەستووەتەوە بە وردی لە بەکارهێنانی زمانی شیعریدا و بەکارهێنانی کەرەستەکانی زمان لە شوێنی خۆیاندا و گەیاندنی واتای گونجاو و بوونی پەیوەندی لۆژیکی لەنێوان دەربڕین و واتاکەیدا. بەبڕوای ئێمەش ئەم تایبەتمەندییانە بەشێکی سەرەکی پێکهێنانی ئیستاتیکای شیعرین و پێویستە شاعیران گرنگیان پێبدەن.

**حسێن حوزنی موکریانی** لە گۆڤاری (دەنگی گیتیی تازە)دا گوتارێکی بەناوی (نیانی و ئاشکرایی هەلبەست) بڵاوکردووەتەوە و تێیدا بەشێوەیەکی گشتی قسە لەسەر شیعر دەکات و ئەم هونەرە ڕوون دەکاتەوە، سەرەتا باسی بنەماکانی شیعر و ئەو ئەزموون و هەستانە دەکات کەلەلای شاعیر پەیدا دەبێت و پاشان بەشێوەیەکی

[1] – ج.ب. روژبەیانی، محمدامین بەگی جاف و تەرازوی شعر، گ. گەلاوێژ، ژ٣، ساڵی ٥، سلێمانی، ١٩٤٤، ل٥١

[2] – سەرچاوەی پێشوو،ل٥٢

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢

هونەرمەندانـە لەبۆتـەی وشـەی نـاوازە و پـەنهان و ئـاوازدا دایـدەڕێژێت و شـیعرێکی جوانی لێ بەرهەم دەهێنێت، کە زمانێکی پەنهانی هەیـە، وەک دەڵێ: ((ئـەو هەسـتە لـەنیو دەرونی نیانی بویژدا دی و دەچیت، دەخریتـە قـالبی بـە ئەندازەوە، ئـەوجار بیـرەوەری دەیخاتە ووتەیەکی ئەوتووە کە بو ئاوازە – ویچون، توندی – سواری، ریکـی، پـری و هەلسـەنگاندن، بـەراوردی، کیشـانی ووشـە، هـەموو راسـت دەردەچـی، ئـەو ووشـەیە لـە سەرەتادا نیانی یە، وە لە گەلیک کات دا داپوشراو و پەنهانە، بـەلام ئـەو داپوشـراویە لـە گـەلیک دەمانـدا ووشـەیەکی خورسـکی هەلبەسـتیکی سـوار و پـرە))[1] نووسـەر لەسـەر بیروڕاکانی بـەردەوام دەبێت و ئـەوە دەخاتـەڕوو، کـە زمـانی شـیعری شـاعیرانی هـەرە کـۆن (شـیعری فۆلکلـۆری و میللـی) زمـانێکی سـووک و ئاسـان و سـادە و ڕەوانیـان هەبووە، بەڵام زمانێکی پڕ وردەکاری و جوانکاری بووە، و بەشێک لە شاعیرانی دوای ئـەوانیش هـەر پـەیڕەوی ئـەم شـێوازەیان کـردووە، وەک دەڵـێ: ((هەلبەسـتەکانی هـەرە پیشوو زور سادە و سوک و ئاسان بوون، بویژەکان هەر چونیکی هاتبیتە پیش و هـەر چـونیکی زور تیگەیانـدراو بـوبی، ووتنیـان هەلبەسـتون، بـەپیی هەسـت و ری پـی بـردن ووردەکارییـان تیـدا کـردووە ... هەنـدیک بویژەکـانی ئـەم سـەدەی دوایـی یـەش بـە دەستوری پیشوو رویشتوون و هەلبەستی خویان ریک خستووە))[2]

نووسەر سەبارەت بە بەشێکی تری شاعیرانی دوای ئەوان (شاعیرانی کلاسیک)، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە ئـەم شـاعیرانە بـە دوای وشـە و زاراوەدا گـەڕاون و شـێوازێکی جیاوازیان بەکارهێناوە و لەم پێناوەدا زۆر خۆیان ماندووکردووە، وەک دەڵێت ((گـەلیک لـە بـویژانی سـەدەی دوایی خویـان مانـدو کردوە و ووشـە و هەلسـەنگاندن و ریکـی و دروستیان پیک هیناوە))[3]

بەبڕوای ئێمەش بۆچوونەکەی نووسەر دەربارەی شیعری فۆلکلۆری کوردی و شاعیرانی میللی لە جێگەی خۆیدایە، چونکە ئـەم شـاعیرانە شـێوازی شـیعرییان سـادە و ئاسـانە و ئـەو وشـە و زاراوانـەیان بـەکارهێناوە، کـە خـەڵک بـەکاری هێنـاون و لێـی تێگەشتوون، لەهەمان کاتدا دەقەکانیان خاوەن ئیستاتیکا و جوانین، لەکاتێکدا شـاعیرانی کلاسـیک شـێوازێکی قـورس و ئاڵۆزیـان هـەبووە و بـەدوای وشـە و زاراوەی تایبەتـدا

[1] – حوزنی موکریانی، نیانی و ئاشکرایی هەلبەست، گ. دەنگی گیتیی تازە، ژ ٣٠، ساڵی ٣، هەولێر، ١٩٤٦، ل ٦٠٠

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠١

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠١

گەڕاون، کە ئەم شێوازە یەکێک بووە لە بنەما ئیستاتیکییەکانی دەقی شیعری کلاسیک و شیعرەکان تەنها بۆ چینی خوێندەواران بووە و تەنها ئەم چینە لێی تێگەیشتوون.

(**عەلائەدین سەجادی**) لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) گرنگی بە زمانی شیعری دەدات و بڕوای وایە وشە و زاراوەکانی زمان گرنگییەکی زۆریان هەیە لە پێکهێنانی ئیستاتیکای شیعردا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە ئەم وشە و زاراوانە واتایەکی بەرزیان هەبێت، شاعیر دەبێت بەدوای ئەو وشانەدا بگەڕێت کە جوانن و واتای جوانیشیان هەیە، چونکە بڕوای وایە واتا گرنگترە لە زمان، چونکە وشە هەیە بەڕواڵەت جوانە بەڵام واتایەکی ناشرینی هەیە یان مانا نابەخشێ، بۆیە پێویستە شاعیر لە هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکاندا بە وریاییەوە مامەڵە بکات، وەک دەڵێ: ((ئەدەبی قەومیک وەکو تەماشای جوانی وشەکەی ئەکری تەماشای بەرزی مەعناکەی زورتر ئەکری، نەک هەر ئەوەندە بەلکو ئەدەب تەنیا مەعنایە، چونکە وشە بەو مەعنایە. گەلی وشەی وا لە هەمو زمانیکا هەیە لە روالەتا سەیرئەکەی کەپیاو ئەیلیت بە جوان دیتە بەرچاوی بەلام کە سەیر ئەکەی هیچ مەعنایەک نابەخشی و بە پروپوچ دائەنری، شعر بویە پی ئەلین ئەدەب چونکە مەعنای بەرز و خەیالی وردی تیدایە، کەوابوو هەر شتیک ئەو بەرزیەی تیدا بوو ئەوە ئەدەبە ))[1] ئەوەی جیگەی سەرنجە نووسەر ئاماژەی بەهیچ وشەیەک نەکردووە، کە لەڕواڵەتدا جوان بێت و واتاکەی ناپەسەند بێت کە دەبوو بۆ بەڵگە چەند نمونەیەکی بهێنایەتەوە.

نووسەر لە باسی (نالی)دا ئەوە دەخاتەڕوو کە (نالی) گرنگی زۆری بە (وشە) داوە و خۆی زۆر ماندووکردووە بۆ ئەوەی وشەی جوان و ئاوازدار بدۆزێتەوە، لەمەشدا بەراوردی دەکات بە (لاڤۆنتین)ی فەرەنسی وەک دەڵێ: ((بەشیکیان ئیجگار خوی بە وشەوە ماندو کردوە بو ئەوە بە دەنگی زەنگی وشەکانی گویی بزرنگینیتەوە، ئەم بەشەیان نالی یەکیکە لەوانە، گویا گەرراوەتەوە بو سەدەی حەڤدەهەم بو (شەمپانیا) لە فەرەنسە بو لای لاڤونتینی شاعیر، یا ئەو هاتبیتە خاکوخول بۆ لای نالی!))[2]

[1] – عەلائەدین سەجادی، میژوی ئەدەبی کوردی، چ١، چاپخانەی معارف، بەغدا، ١٩٥٢، ل١٢٢
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩

بەدڵنیاییەوە نالی یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە گرنگی زۆری بە وشە و زاراوەکان داوە، بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی وشەکان و چۆنیەتی بەکارهێنان و شوێنی بەکارهێنانـدا داهێنانی کردووە و ئەم دیاردەیە یەکێک لە بنەما ئیستاتیکییەکانی شیعرەکانی پێکهێناوە

سەجادی دەربارەی چەند شیعرێکی (مەلای جزیری) ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەم شاعیرە لە بەکارهێنانی زمان و بەرجەستەکردنیدا لە لوتکە بووە ئەگەرچی زمانی شیعرەکانی تێکەڵ بەوشەی عەرەبین، بەڵام بەرگری لێدەکات و بەکارهێنانی ئەو وشە عەرەبییانە بەشتێکی ئاسایی دادەنێت و بە ڕچەشکێنی بەکارهێنانی زمانی کوردیی دانـاوە لـە سـەردەمێکدا، کـە بـەکارهێنانی زمـانی عـەرەبی بـەهۆی ئایینـەوە لـەناو خوێندەوارانـدا بـاوبووە، ئەمەشـی بـە گـەورەترین داهێنـانی شـاعیر دانـاوە، وەک دەڵێ: ((بەلی راستە ئەم شعرانە تەونیکە تانوپوکەی وشـەی عـەرەبی و کوردییـە، بـەلام ئیمـە نابی ئەوە لەدل دەرکەین؛ کە وەنەبی لە دەوری مەلادا تەنیا مـەلا عـەرەبی بـەکارهینابی. بەرزی مەلا لەوەدایە کە دەوری عەرەبیەت گەیشتبوە چلەپوپە کەچی مەلا لەو ریچکەیە لای دا و عەرەبی بە کوردی رازاندەوە))[1]

بۆچوونەکەی عەلائەدین سەجادی لەجێگەی خۆیدایە و یەکێک لە گەورەترین داهێنانی ئەم شاعیرەمان بەکارهێنانی زمانی کوردی بووە و نووسینی شیعر بووە بە زمـانی کـوردی، بـەکارهێنانی وشـە و زاراوەی عـەرەبیش بـۆ ئـەو سـەردەمە شـتێکی ئاسایی بووە، لەبەرئەوەی خوێندەواری لە حوجرەی مزگەوتەکاندا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویست بوو ئاماژەی بۆ وشە و زاراوە فارسییەکانیش بکردایە، کە بەشێکی زمانی شیعریی مەلای جزیری پێکهێناوە.

سـەجادی لەباسـی شـیعرەکانی (ئـەدەب)ی شـاعیردا ئـەوە دەخاتـەڕوو، کـە شـیعرەکانی شـاعیر وشـە و زاراوەکـانی سـادەن و لـە ئاسـتێکی بـەرزی ئیسـتاتیکی و جوانیدان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکانی بێ کەموکوڕی نین و ئەوە دەخاتـەڕوو، کە لە بەشێک لە شیعرەکانیدا هەندێ وشە و زاراوەی بەکارهێناوە لە جێگای خۆیاندا نین و دروستکراوی خۆیـەتی، وەک دەڵێ: ((شـعری ئـەدەب هـەتا بلیت رەوان و ئاودارە، ئـەم ریچکە غەرامە و ئەم وشانە بەو سادەییە ئەم وتونی شاعرەکانی تر ئەوەندە رییـان پـی نەبردوە. لەگەل ئەمەش ئەبی ئەوە بزانین کە شعرەکانی لە هەندی شـوینا خـالی نـین لـە وشـەی دەسـت هەلبەسـت؛ وەکـو: چوچلـە، گـەنجور، خولـەر، کەشـمەر، نـەقار، تـەنار،

[1] – عەلائەدین سەجادی، میژوی ئەدەبی کوردی، ل١٧١

فەرخار، پلەنگەر و خەیمەرانی، کە ئەمانە زورتر هەر شعرەکەی پی ریک خستوه، با بەکەلکی ئەو شوینەش نەهاتبیتن!))[1]

سەجادی لە تاووتوێکردنی شیعرێکی (حەمدی)دا کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| خەیالی عیشقی روتە وا لە سەرما | بەروتی بویە نیمە باکی سەرما |
| لە سکما لەرزی سەردی تویە گەرما | بە من ناگا و نەگەیوە باسی گەرما |
| دلی ئاگر بەئاهی من ئەسوتی | کەچی نالەم لە دلتا بی ئەسەرما |

ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە شاعیر بەشێوەیەکی گشتی زۆر بە دوای وشە و زاراوەدا گەڕاوە و هەوڵی ئەوەی داوە جوانی لەنێوان وشەکان و ڕێکخستنیاندا بەرجەستە بکات، هەرئەمەش وایکردووە شیعرەکانی واتایەکی تەواو نەدەن بەدەستەوە و جوانی واتا لە دەست بدەن، وەک دەڵێ: ((حەمدی ئەوەندە بە شوین عیبارەت ریکخستندا گەرراوە جوانی مەعنای لی گوم بووە!. ئەم شعرەی دوایی ئەگەر بەو جورە مەعنای لی بدریتەوە هەر چەندە جناس لەبەین وشەکانیا هەیە، بەلام وە نەبی مەعنایەکی جوان بدا بەدەستەوە!))[2] هەروەها لە شیکردنەوەی شیعری (حەرفی ناساغی بەجیم پی چاترە، نەک بی جای ساغ – کاسە کەل بینە لەمەی پرر، خالی نەک مینای ساغ)ی شاعیردا دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شاعیر بەهۆی ئەوەی خۆی زۆر ماندووکردووە بە ڕێکخستنی شیعرەکەوە، بۆیە لەڕووی ڕێزمانییەوە کەوتووەتە هەڵەوە و ڕێکوپێکییەکەی لە دەست داوە، وەک دەڵێ: ((حەمدی ئەمەی وتوە بەلام لەبەرئەوە ئەوەندە خوی بە شعرەکەوە خستوتە عەزیەتەوە ریکوپیکیەکەی لە دەست دەرچوە؛ لە کوردیدا نەبیسراوە صفتی دوهەم پیش موصوف بکەوی، کەچی ئەم لیرەدا پیش نفی موصوفەکەشی خستوە!!..))[3] بەبڕوای ئێمە ئەم لادانە لە ڕیزمانی زمانی کوردی هیچی لە ئیستاتیکای دەقەکە کەم نەکردووەتەوە، چونکە شاعیر بۆ ڕێکخستنی شیعرەکەی دەتوانێت لە زمانی باو لابدات، کە هەندێکجار ئەم لادانە ئیستاتیکای دەقی شیعری دروست بکات.

سەجادی لەباسی شیعرێکی (تاهیر بەگی جاف)دا، کە دەڵێ:

[1] – عەلائەدین سەجادی، میژوی ئەدەبی کوردی، ل٤١٧

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٩

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥١

ئەی حەبیبی خالقی عالەم تە رحم، تا زوە

ئەو سەگی ئەصحابی کهف و من سەگیکی تابعین

قسـه لەسـەر ئـەوه دەکات، کـه شـاعیر کەوتووەتـه هەڵـەی زمانییـەوه و جێنـاوی سـەربەخۆی (ئـەو)ی لـه شـوێنێکدا بـەکار هێنـاوه، کـه زیادەیـه و لـەجێگای خۆیـدا نییـه، چونکـه شـاعیر لـه شـیعرەکەیدا پێشـتر باسـی هـیچ کەسـێکی نـەکردووه، تـا لـه دواتـردا جێناوی سـەربەخۆی (ئەو)ی بۆ بەکاربهێنێت، وەک دەڵێ: ((راسـتە تـاهیر بـەگ زور لـەم بررە شعرەیدا لە ستایشی خەیرالبەشەردا تی هەلچوە و بە پوختیش هیناویەتەوە، بەلام لـە شـعری دەهەمـدا ئـەبی بـوچی ریکـوپیکی زمـانی کـوردی لـی تیکچـوبی؟ کـە ئـەلی: ئەوسەگی اصحاب کهف و من سەگیکی تابعین. ئایا کەی لەپیشا باسـی سـەگی کردوە؟ تا ئیستە بلی ئـەو کـە سـەگی اصـحابی کهفـە و بچیتـە بەهەشـت مـن چـون ، کـە سـەگی تابعین بم و نەچم؟ کەوابوو لیرەدا وشەی ئەو لەشوینی خویا نیە، چونکـە هـیچ شـتیکی وا پیشی نەکەوتوە تا بەم شیوەیە ئیشارەی بو بکا ))[1] بۆچوونەکەی نووسەر لەجێگەی خۆیـدا نییـه، چونکـه مەبەسـت لـه (ئـەو) سـەگی هـاوەڵانی ئەشـکەوتە، کـه لـه قورئـانی پیـرۆزدا نـاوی هـاتووه و ناسـراوه، هەربۆیـه تـاهیر بـەگی جـاف هەڵـەی نـەکردووه، کـه ڕاناوی (ئەو)ی بەکارهێناوه.

سـەجادی لەباسـی شـیعری (گرپـە وو گـرەی تـەنورە؛ بلێسـەی هەناوەکـەم – سیروان و تانجەڕۆیە؛ خوڕەی ئاوی چاوەکەم)ی (ئەحمەد موختار بـەگی جـاف)دا ئـەوە دەخاتـەڕوو، کـە شـاعیر هەسـتی بـە گرنگـی و گـەورەیی زمـانی کـوردی کـردووە، کـە زمانێکی ئەدەبییە و پێویستە خزمەت بکرێت و لە وشە و زاراوەی بێگانە پاک بکرێتەوە، هەربۆیە لەشیعرەکانیدا هەوڵی ئەم کارە دەدات و شیعر بە زمانی کوردی پەتی دەڵێـت، سـەجادی لـەم بارەیـەوە دەڵێ: ((لـەم فیکـرەوە ئەکەویتـە سـەر ئـەوە کـە زمـانی کـوردی زمانیکی ئـەدەبیە و بـە هـەمو جورمـاوەی ئـەوەی هەیـە کـە خزمـەت بکـری و لـە وشـەی بیگانـە دور بخریتـەوە، دینـی ئـەم ریچکەیـە ئەشـکینی و بـەونیازە دەسـت ئـەکا بـە وتنـی شعری کوردی پەتی، کە ئەمەبو ئەو سەردەمە نیشانەی گیانیکی پاک و هەستیکی بـەرز لەودا دەرئەخا و قەومیەتیکی خاوین بە ئاشکرا ئەنوینی))[2]

---

[1] – عەلائەدین سەجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، ل٤٨٣

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٠

عەلائەدین سەجادی بە شێوەیەکی گشتی بڕوای  بە گونجانی نێوان کەرەستە زمانییەکان هەیە لە دوو لایەنەوە، یەکەمیان کونجان لەنێوان خۆیاندا لە ڕستە شیعرییەکاندا، دوەمیش گونجانی وشە و واتاکەی، هەروەها بەکەمی قسەی لەسەر زمان و وشە و زاراوە و گوزارشتە زمانییەکان کردووە، کە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە نووسەر زۆربەی ئەو شاعیرانەی باسی کردوون؛ شاعیرانی کلاسیکی کوردین و لە ڕووی زمانەوە زمانێکی کوردی تێکەڵ بە وشە و زاراوەی بێگانەیان بەکارهێناوە. هەروەها لە تاووتوێ کردنی شیعری بەشێک لە شاعیراندا بەشێوەیەکی ڕووکەشی ڕەخنەی لە زمانی شیعر و بەکارهێنانی وشە و زاراوەکان گرتووە و کەوتووەتە هەڵەوە لە هەڵسەنگاندنیاندا.

**ناکام** لە ژمارە (١)ی ساڵی (٢)ی گۆڤاری (هیوا)دا گوتارێکی بەناوی (هونراوە) بڵاوکردووەتەوە و تاووتوێی شیعرێکی (هێمن) دەکات و بڕوای وایە شیعرێکی جوان و ڕازاوەیە و بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە شاعیر شیعرەکەی داڕشتووە و وشەکانی لەجێگەی خۆیاندا بەکارهێناوە، وەک دەڵێ: ((ئەم هەلبەستە  لەلایەن باری دارشتن و ریکخستنی یەوە تەواوە، وشەی جوانی لە شوینی خویا بو خراوەتەکار و لەلایەنی بابەتیشەوە کورتە هەلبەستیکی خنجیلانەیە))[1] بەڵام نووسەر بڕوای وایە لەگەڵ ئەمەشدا شیعرە کەموکوڕیشی هەیە، بەتایبەتی لەپێناو سەروادا چەند وشەیەکی ڕیزکردووە، کە لەجێگای خۆیاندا نین و بوونەتە هۆی لاوازکردنی واتای شیعرەکە، وەک دەڵێ: ((ئەوەی کە ئەلی"من کە دیم لەرەی شەپولی شنەی ئالای کوردستان – تیکەلاو ئەبی لەگەل جریوەی ئەستیرەی بەیان" خوی نیە و واتاییکی سست ئەگەیینی. لەکوکردنەوەی وشەکانی " لەرەی شەپولی شنەی "دا دەرئەکەوی شاعیر خوی گوشیوەو بو تەواوکردنی قافیە ئەم سی وشەیەی پیکەوە لکاندوە، کە ئەیتوانی تەنیا یەکیکیان دابنی))[2] هەروەها بڕوایشی وایە بەکارهێنانی وشەکانی (شەپولی شنەی) بۆ ئەم جێگەیە دەست نادەن، چونکە ئاڵای هێرش بردن بەخێرایی دەجوڵێتەوە و هاژەی دێت و نەک بەهێواشی وەک شنەی با بجوڵێتەوە، بۆیە دەڵێ: ((ئالای شالاو و مەیدانداری، ئەوەی کە شەوەکی لەپیش روژبونەوەدا ئەخریتەری، ئەوە " شەپولی شنەی" نابی کە بریتی یە لە جولانەوەییکی هیمنی لەسەرخو، بەلکو لەبەر گوررو تەوژمی پەلامارەدەرەکان، شنەکەی ئەبیتە گیژەلووکەییکی سەخت و لەرینەوەکەی گڤە و

[1] – ناکام، هونراوە، ژ١، ساڵی ٢، گ هیوا، بەغداد، ١٩٥٨، ل٨٨
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨

هـاژەی خیرایـی لیـوەدی))[1] نووسـەر سـەبارەت بـە دەربڕینـی (قاسـپەی کـەوی کـەژ، بەرامبـەر نـزار، بـەرز ئەبیتـەوە) بـڕوای وایـە ئـەم دەربڕینانـە زۆر جـوانن و لەجێگـەی خۆیانـدا بـەکارهاتوون و جوانییـەکی ناوازەیـان پێکهێنـاوە، چونکـە لەگـەڵ واقعـدا یـەک دەگرێتەوە و بەیانیان کەوەکان بەرەو لوتکە بەرزەکان سـەردەکەون و بەرامبـەر نزار دەست دەکەن بە قاسپەقاسپ و شاخ و دۆڵ پڕدەکەن، هـەر بۆیـە ((ئەمـەیان هونـەریکی بیر و ریکخستنه و تیایا سەرکەوتوە. ئەگەر هـەر لـەم شـوینەدا بیوتایـە قاسـپەی کـەوی لـەنزاری شـاخ بـەرز ئـەبیتـەوە ئـەم تامـەی ئیسـتای نەئـەبو و شـارەزاییەکەی هەیـەتی ئەشارڕایەوە))[2]

نووسـەر لـە گوتارەکەیـدا بـەوردی ڕاڤـەی چۆنیـەتی بـەکارهێنـانی وشـە و زاراوەکان و چۆنیەتی بەکارهێنان و شوێنی بەکارهێنانیانی کردووە، هەروەها هـەروەک چۆن بەکارهێنانە دروستەکانی وشە و زاراوەکانی ڕوون کردووەتـەوە، بەهـەمان شـێوە لەسـەر ئـەو وشـەو و زاراوانـەش ڕاوەسـتاوە، کـە بـەبڕوای نووسـەر بـە نادروسـتی بەکارهاتوون. بەبڕوای ئێمە نووسەر بەشێوەیەکی جوان ڕەخنەکەی پێشکەشکردووە و بەبێ بریندارکردنی شاعیر لایەنە باش و لاوازەکانی دەقەکەی دەستنیشانکردووە.

**محەمـەد سدیق عـارف**• کتێبی (کامـەران و هـۆنراوەی نوێ) ی لەسـاڵی(١٩٥٨) بڵاوکردووەتـەوە کـە مسـتەفا سـاڵح کـەریم پێشـەکی بـۆ نووسـیوە، نووسـەر لـەم پێشـەکییەدا بەشـێوەیەکی گشـتی تـاووتوێی شـیعری کـۆن و نـوێ دەکـات و سـەرەتا دینامییکییەتی نێوان کۆن و نوێ دەخاتەڕوو، کە لەکۆتاییدا نوێیەکە خـۆی دەچەسپێنێت و جێگەی کۆن دەگرێتەوە، ئەوەی دەربارەی زمـان دەیڵێت ئەوەیـە کـە نووسـەر دژی بەشـێک لـەو نووسـنانەیە کـە بـەناوی شـیعری نوێـوە بڵاوکراونەتـەوە و تەنانـەت بـە شیعریشیان دانانێت، چونکە بریتین لە ڕیزکردنی کۆمەڵـە وشـەیەکی بێ مۆسیقا و زۆر لەخۆکردنیان پێوە دیارە و هیچ داهێنانێکیان تێدا نییە، وەک دەڵێ: ((کە لەشـیعری نوێ دەدوێین دەبێ هەموو لایەک ئەوە بزانن کە هەرگیز مەبەستمان لەو وردەلاواندنەوەیە و ئەو تیپەریزکراوانە نییە، کە هەندێک خۆیان ناویان لێ ناوە شیعری نوێ و لەڕاستیشدا شیعر بە کۆن و نوێیەوە بەریە لەوانـە، چونکە نـەیانتوانیوە قافیـەی بۆ دابنێن و چەند وشەیەکی سادەی دەستکردیان بە دانەجیرە و زۆر لـەخۆکردن نووسیوەتەوە و ناویـان

---

[1] – ناکام، هونراوە، ل٨٩

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨

• محەمەد سدیق عارف ناوێکی خوازراوی بەڕێز (حسێن عارف)ە

ناوه هۆنراوەی نوێ))[1] بەمجۆرە بەشێک لەو شیعرانەی بەناوی شیعری نوێوە بڵاوکراونەتەوە ڕەتدەکاتەوە و بە وردەلاواندنەوە و تیپ ڕیزکردنیان دادەنێت و بڕوای وایە ئەم نووسراوانە گیانی شیعرییان تێدا نییە.

پاشان محەمەد سدیق عارف لە توێژینەوەکەیدا، کە تایبەتە بە شیعرەکانی کامەران موکری ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەو لەڕێگەی لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی کامەرانەوە دەیەوێت لە شیعری نوێی ئەو قۆناغە بکۆڵێتەوە، کە بەقۆناغی سێیەمی گوێزانەوە دایناوە و کامەران بەیەکێک لە شاعیرە دیارەکانی ئەم قۆناغە دادەنێت. نووسەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا لە چەند لایەنێکەوە لە شیعری کامەرانی کۆڵیوەتەوە و یەکێک لەو لایەنەش شێوازی دەربڕینی زمانی شیعرییە لای شاعیر و بڕوای وایە شاعیر دەربڕینەکانی زۆر بەهێز و زۆر وردن و بەشێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش داڕێژراون، کە بوونەتە مایەی چێژێکی هونەری بەرز و ئیستاتیکایەکی ناوازە و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆیان. نووسەر دەڵێ: ((کامەران لە سەرنجی ورد و دەربڕین"تعبیر"ی بەهێز و مانای قوڵیشدا دەستێکی باڵای هەیە، بگرە بە جۆرێکی ئەوتۆ تییاندا پێشکەوتووە کە مژدەی شاعیرییەتێکی پێشکەوتووی کامڵمان دەدەنێ، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لە هەنگاوی یەکەمیایەتی))[2]

نووسەر بۆ سەلماندی ئەو بیروڕایانەی دەربارەی شاعیر گوتوونی چەند نموونەیەکی لە شیعرەکانی شاعیر هێناوەتەوە جوانی و ناوازەیی و وردی دەربڕینەکانی شاعیری خستووەتەڕوو، کەبڕوای وایە تەنها لە توانای شاعیرێکی وەکو کامەراندایە بتوانێت ئەم کارە بکات، هۆی ئەم سەرکەوتنەی شاعیر لە نووسینی شیعردا و ئەو دەربڕینە ورد و جوانانەی شیعرەکانی، دەگەڕێنێتەوە بۆ دەسەڵاتی شاعیر بەسەر زمانی شیعریدا و شارەزایی تەواو لە بەکارهێنانی وشەکاندا و دانانیان لەشوێنی گونجاودا، هەروەها بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی، چونکە بەکارهێنانی وشەی بێگانە لەشیعردا بووەتە هۆی قورسکرنی ئەرکی شاعیر و نەگونجان و لەنگی و شێواندنی شیعر، وەک دەڵێ: ((کامەران لە بەکارهێنانی وشەدا شارەزاییەکی تەواوی هەیە و لەجێگەی خۆیاندا بەکاریان دەهێنێ، بێگومان شارەزایی لە بەکارهێنانی وشەدا دەورێکی باڵا دەبینێ لەسەرکەوتنی هەر شاعیرێکدا... بەکارهێنانی کوردیی پەتی لە نووسیندا،

---

[1] – حسێن عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل٣٣٤

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٢

چونکە بێگومـان ئـەو وشـە بێگانانـەی لـە زمانەکەمانـدا هـەن بوونەتـە هـۆی قورسـی و لەنگی و شێواندنی بەتایبەتی لە هۆنراوەدا))[1] لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئـەوە بکـەین، کـە مەرج نییە هەموو وشە و زاراوەیەکی بێگانە ببێتـە هـۆی قورسـی و لـەنگی و شـێواندنی زمانی کوردی و شیعر، چونکە بەشێک لەو وشە و زاراوانە بەجۆرێک تێکەڵ بـە زمـانی کوردی بوونە، کە مۆرکی زمانەکـەمانیان وەرگرتـووە و بەکارهێنانیشـیان زمانەکـەمانی دەوڵەمەند کردووە و شاعیرانیش وەکو هەر وشـەیەکی ئاسایی زمانی کوردی بـەکاریان هێناوە، هەروەها نووسـەر ڕەخنە لە شاعیر دەگرێت و ئەوە دەخاتەڕوو شاعیر چەنـدین وێنـەی دووبـارەی لـە شـیعرەکانیدا بەکارهێناوەتـەوە، نووسـەر چەنـد نموونەیـەک لـە شـیعرەکانی شـاعیری بـۆ بەڵگـەی قسـەکانی هێناوەتـەوە و یـەکێک لەهۆیـەکانی ئـەم دووبارەکردنەوانـە دەگەڕێنێتـەوە بـۆ لاوازی زمـانی شـیعری شـاعیر و کـەمی وشـە و موفرەداتی زمانی شیعری شاعیر.

کامـەران مـوکری شـاعیرێکی گـەورەی کـوردە، شـیعرەکانی ئاسـتێکی بـەرزی ئیسـتاتیکییان هەیـە، لێکۆڵینەوەکـەی نووسـەر لەسـەر شـیعرەکانی شـاعیر گرنگـی خـۆی هەیە، کاتێک بەوردی لەسەر لایەنە بەرزەکانی شیعرەکانی شاعیر وەسـتاوە و لەهـەمان کاتیشـدا لایەنـە ئاسـت نزمـەکانی شـیعرەکانی شـاعیری دیـاری کـردووە و هۆیەکانیشـی ڕونکردووەتەوە

**عەبدولڕەزاق محەمەد** لە ژمارە (٣٠)ی سـاڵی (٤)ی گۆڤـاری (هیـوا)دا گوتـارێکی بەناوی (لەگەڵ شیخ رەزای تالەبانی لـە دیوانەکـەی) بڵاوکردووەتـەوە و تێیـدا گفتوگـۆی ژیـان و شـیعری (شـێخ ڕەزا) و ئـەو بیـرو بۆچوونانـە دەکـات، کـە دەربـارەی ژیـان و شـیعرەکانی شـاعیر گـوتراون یـان نووسـراون. هـەروەها بەشـێوەیەکی گشـتی لـە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی لە کوردستانی عیراق دەدوێت و بە (ئەدەبی دەرەبەگی) دایدەنێت، کە ئەم ئەدەبە جێگـەی ئـەدەبی بێگانـەی گرتووەتـەوە، وەک دەڵـێ: ((لە ولاتی ئیمەدا زیاتر ئەم ئەدەبە ئەدەبی کلاسیکی زمانەکانی فارسی و عـەرەبی بـوو، تا نالی و شاعیرە بەرزەکانی سوران ئەدەبیکی کلاسیکی ئەوتویان دامەزراندو پەرە پیدا کـە تـوانی شـوینی ئەدەبـە فارسـی و عـەرەبی و بیگانـەکان بگریتـەوە، وە بەکـەلکی ئـەو

[1] – حسێن عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، ل٣٥٦-٣٥٧

دەورە هات))[1] پاشان بەراوردێک لەنێوان ئەم ئەدەبە و ئەدەبی گەل (فۆلکلۆری و میللی)دا دەکات و ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەدەبی گەل زمانێکی سادە و ئاسانی هەبووە و ئەدەبی کلاسیکیش زمانێکی تێکەڵ بە وشە و زاراوەی بێگانەی هەبووە، هەروەها وشەکانی هەڵبژاردە و تایبەت و ڕستەکانی دارێژڕاو و زمانێکی باڵای هەبووە، وەک دەڵێ: ((ئەدەبی گەل ... بەراویژیکی جوانی ساکار وە بەشیوەییکی ئاسان دەردی خەلکی ناو کومەلیان دەربریوە و گەلی جاریش ئەم دەربرینە شیوەییکی ئەفسانەیی وەرگرتوە... بەپیچەوانەی ئەمەوە ئەدەبی کلاسیکی سەدەی نوزدەهەم ... ئەدەبی مانا داریژراوو، ووشە و رستەی پتەو، بە دەبدەبەو پر لە وشەی زلی بیگانە بوو))[2] نووسەر لە بیروڕای دەربارەی ئەدەبی کلاسیکی نەپێکاوە، چونکە ئەدەبی کلاسیکی کوردی ئەدەبی چینی دەرەبەگ نییە، بەڵکو ئەدەبی چینی خوێندەوارانە، بەڵام سەبارەت بە زمانی ئەدەبی کلاسیک و زمانی ئەدەبی فۆلکلۆری بۆچوونەکەی تەواوە و نووسەرانی پێش ئەمیش هەر هەمان بۆچوونیان هەبووە.

نووسەرێک کە ناوی نەنووسراوە لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)دا گوتارێکی بەناوی (دوو هەلبەستە بەناوبانگەکەی جووتە بویژانی کورد – نالی و سالم)دا بڵاوکردووەتەوە و تیایدا باسی ئەو زمانە دەکات، کە شاعیرانی کورد لەو سەردەکەدا شیعریان پێ نووسیوە، ئەویش بریتی بووە لە زمانێکی تێگەڵ بە وشە و زاراوەی بێگانە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو سەردەمە شیعر تەنها بۆ چینی خوێندەوار دەنووسرا و شاعیرانی کورد شیعریان بەزمانێکی تێکەڵ بە وشە و زاراوەی بێگانە نووسیوە و باڵادەستییان لەم زمانانەی بێگانە و توانای بەکارهێنانیان لە شیعری خۆیاندا مایەی شانازییان بووە، وەک دەڵێ: ((بیگومان لە چەرخی نوزدەهەمی زایینی دا، بویژەکانمان و نووسەرەکانمان بە ئارەزووی خویان زور وشەی قورس و گرانی فارسی و عەرەبییان بەکارهیناوە، کە ئەو روژە ئەم جورە هەلبەست و نوسینانە باوبووە، شاعران و نوسەرەکانمان شانازیان پیوەکردوە، چونکە هەلبەست و شیعر نوسینی ئەو کاتە بو تاقمیکی دیاریکراو بوە نەک بو هەموان))[3] بەڵام شاعیران و نووسەرانی ئێستا بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵ دەنووسن و هەوڵ دەدەن دەستبەرداری وشە و زاراوەی بێگانە بن و بە زمانی کوردی

[1] – عەبدولڕەزاق محەمەد، لەگەڵ شێخ رەزای تالەبانی لە دیوانەکەی، گ. هیوا، ژ٣٠، ساڵی ٤، بەغدا، ١٩٦٠، ل٦٩

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠

[3] – ..................، دوو هەلبەستە بەناوبانگەکەی جووتە بویژانی کورد – نالی و سالم، گ.ڕۆژی نوێ، ژ. ٦، ساڵی ٢، سلێمانی، ١٩٦١، ل٨١

پەتی بنووسن، بۆ ئەوەی هەمووان لێی تێبگەن، وەک نموونەی ئەم نووسین بە زمانی (کوردی پەتی)یە ناوی چەند نووسەر و شاعیرێکی هێناوە، وەک دەڵێ: ((بەلام ئەمرو نوسەران و بویژان هەلبەست و نوسین بو هەموان ریک ئەخەن، بەپیی توانا کەرەسەی خومالی "کوردی پەتی" بەکارئەهینن، هەرچی بونی بیگانەی لیوەبی توری ئەدەن. ئەوە نوسینەکانی ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد، ئەوە چیروکەکانی ماموستا محرم محمدامین و دکتور رحیمی قازی، ئەوە هەلبەست و شیعرەکانی پیرەمیرد و کامەران و گوران... هتد کە هەموویان بو گەل، بو زوربەی خەلک، هەمووان ئەنووسن))[1] لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکەین، کە شاعیرانی کلاسیکی کوردی بەهۆی ئەوەی پەروەردەی مزگەوت بوون و کاریگەری ئاینی ئیسلامیان لەسەر بووە، زمانە شیعرییەکەشیان ئەم کاریگەرییەی بەڕوونی پێوە دیاربووە، هەروەها ئەدەبی فارسیش لە ئاستێکی بەرزی هونەری و ئەدەبیدا بووە و شاعیرانی کورد بە شاعیرانی فارس کاریگەربوونە و ئەم کاریگەربوونەش بووەتە هۆی ئەوەی وشە و زاراوەی ئەم زمانەش لە شیعرەکانیاندا بەکاربهێنن، پاشان شاعیران و ئەدیبانی نوێی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستیان کرد بە پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشە و زاراوەی بێگانە.

**گۆران** لە ژمارە (٣١)ی ساڵی (٤)ی گۆڤاری (هیوا)دا گوتارێکی بەناوی (کۆنی و تازەیی لە هەلبەستا) بڵاوکردووەتەوە و تێیدا بەشێوەیەکی گشتی باسی ئەو جیاوازییانە دەکات کە لەنێوان شیعری کۆن و شیعری نوێدا هەیە، یەکێک لەو جیاوازییانەی باسی دەکات وەک جیاوازییەکی سەرەکی نێوان شیعری کۆن و شیعری نوێ لایەنی زمانە، نوسەر بڕوای وایە شیعری کلاسیک گرنگییەکی زۆری بە زمان و وشە داوە، لەکاتێکدا ئەم گرنگیدانە لە شیعری نوێدا زیاتر خراوەتە سەر ناوەرۆک، وەک دەڵێ: ((لە هەلبەستی کونا نرخی وینە لە پیش نرخی ناوەرۆک "محتوی"دا دی. لەبەر ئەوە نیشانەی وشەبازی لە هەلبەستی کونا زەق ئەکەویتە بەرچاو "جناس، لف و نشر، تاد ..." بەلام لە هەلبەستی تازەدا بەتایبەتی لەهی قوتابخانەی ریالیزمی تازەدا، وشەبازی و زەرکەشی کردنی ئوسلووب باوی نەماوە، وە لەباتیی ئەوە لەنگەری بایەخ پی دان خراوەتە سەر ناوەرۆک))[2] هەروەها نووسەر دانی بەوەدا ناوە، کە زمانی شیعری کلاسیکی زمانێکی سفت و پتەوە و شاعیری کلاسیک لە چنینی زماندا زۆر بەتوانایە لەکاتێکدا شاعیری نوێ ئەو توانایەی نییە لە چنینی زماندا، وەک دەڵێ: ((بویژی تازە

---

[1] - ..................، دوو هەلبەستە بەناوبانگەکەی جووتە بویژانی کورد – نالی و سالم، ل٨١

[2] - گۆران، کۆنی و تازەیی لە هەلبەستا، گ. هیوا ژ٣١، ساڵی ٤، بەغداد، ١٩٦١، ل٧

ئەوەنـدەی بـویژی کـون لە هـونەری یەک خسـتنی وشـە و سـفت چنینـی وتەدا وەسـتا نییە))[1] ئەمـەش لەبەرئـەوەی شـاعیرانی کلاسـیک بۆ بەرجەسـتەکردنی ئیسـتاتیکا دەبـوو بـەدوای وشـە و زاراوەی نـاوازە و تایبەتدا بگەڕانایـە، تـا بتـوانن دەقـی بـەرز پێشـکەش بکەن. نووسەر زۆر شارەزایانە قسەی لەسەر زمانی شیعری کلاسیک کردووە، کە بە زمانێکی سفت و پتەوی داناوە و ئەوەی خستۆتە ڕوو کە شاعیرانی کلاسیک لـە چنینـی زمانـدا زۆر بـەتوانابوون لـە کاتێکدا شـاعیری نـوێ ئـەو توانایـەی نییـە، یـاخود چیدیکـە ناکرێت زمان بەو شێوازە لە شیعری نوێدا بەکاربهێنرێت.

**ساجد ئاوارە** لە ساڵی (١٩٦٧) کتێبێکی بڵاوکردووەتەوە بە نـاوی (لێکۆڵینـەوەی ئەدەبی نوێی کورد) و سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی باسی ئـەدەب دەکات و بڕوای وایـە ئەدەب بەشـێوەیەکی گشتی گوزارشـتە لـە ژیانی مرۆڤ، کـە هەندێجار ئـەو ژیانـە یـان ژیانی نووسەر خۆیەتی، یاخود ژیانی کەسێکی ترە کە ئـەدیب حـەزدەکات لـە دەقەکەیدا بیخاتەڕوو. پاشان لەبەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەیدا باسی (شیعری کۆن و نوێ) دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو، کە شیعری کۆن لاساییکردنەوەی ئەدەبی فارسی و عـەرەبی بـووە، هەربۆیە زمانەکەی تێکەڵەیەک لـە زمـانی کـوردی و فارسـی و عـەرەبی بـووە، ((وە وای لی هات بو ئەو کەسەی بیەوی لە بنج و بنەوانی زمانەکەو لە ئەدەبەکەی تی بگا، ئـەبی بەتایبـەتی ئاشـنایەتی تـەواویش لەگـەل زمـانی عـەرەبی و فارسـیدا هـەبی، هـونراوەی کوردی لەسەدەی نوزدە بـەو جورە بـوو))[2] پاشـان شـیعری کـوردی گـۆڕانی بەسـەردا دێـت و بـەرەو نوێبوونـەوە دەچێـت و بەشـێوەیەکی گشـتی دەسـتبەرداری بنـەماکانی شیعری فارسی و عەرەبی دەبێت و لەم کارەشدا (حاجی قادری کۆیی) پێشـەنگ بـووە، چونکە هـەوڵی داوە دەستبەرداری بنـەماکانی شـیعری کۆن بێت، ئەگـەرچی نـەیتوانیوە بەتەواوی دەستبەرداریان بێت، بـەڵام هـەنگاوێکی باشـی هـەڵناوە و توانیویـەتی شـیعری کوردی هەنگاوێک لە نوێبوونەوە نزیک بکاتەوە و ببێتە پێشـەنگێکی بـاش بۆ شـاعیرانی دوای خۆی بۆ ئەوەی بەیەکجاری دەستبەرداری بنـەماکانی شـیعری کۆن ببن، چونکـە حاجی ((گورانیشی هینا بەسەر وینەی شیعر و شیوەی نووسینا هەرچەندە بەتـەواوی نەیتوانیوە خوی لەلاسایی کردنەوەی هونراوەی پیشوو قوتار بکات))[3] پاشـان نووسـەر جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە شـاعیرانی کـورد بـەردەوام بـوون لەسـەر ئـەو

---

[1] – گۆران، کۆنی و تازەیی لە هەلبەستا، ل١١

[2] – ساجد ئاوارە، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کورد، چ١، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٧، ل٩

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٩

گۆڕانکارییانەی (حاجی قادری کۆیی) دەستی پێکرد و پەرەیان پێدا و توانییان شیعری کوردی لە زمانانی بێگانە دوور بخەنەوە و بە زمانی کوردی پەتی شیعرەکانیان بنووسنەوە، ((بە ووشە و رستەی کوردی پەتی و خو دوورخستنەوە لە پەیرەوی کردنی هونراوەی فارسی و عەرەبی، لەم شاعیرانەش پیرەمیرد، ئەحمەدبەگ، بی کەس، زیوەر))[1]

نووسەر بەگشتی بنەما و تایبەتمەندییەکان و جیاوازییەکانی شیعری کۆن و نوێی کوردی خستووەتەڕوو، بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆجی قۆناغەکانی نوێبوونەوەی شیعر و زمانی شیعری باسکردووە، هەروەها سوودی لە بیروراکانی نووسەرانی پێش خۆی و بەتایبەت (گۆران) وەرگرتووە لە گوتاری ( کۆنی و تازەیی لە هەلبەستا) کە لە(١٩٦١) لە گۆڤاری (هیوا)دا بڵاویکردبووەوە.

**محەمەد ڕەسوڵ هاوار** گوتارێکی بەناوی (شیعر و شاعیرەکانمان) لە (ڕۆژنامەی برایی) بڵاوکردووەتەوە سەبارەت بەشیعری کوردی بڕوای وایە میللەتی کورد لە ئەنجامی خۆشەویستییان بۆ ئاینی ئیسلام گرنگیان بە زمانی عەرەبی داوە و لە ئەنجامی بێگانە پەرستیشەوە زمانی فارسی بەکارهێناوە و ئەمەش دوای ئەوەی کورد موسڵمان بووە، وازی لە ئەدەب و هونەر و کەلەپووری خۆی هێناوە و هەموو توانای خۆی بۆ خزمەتی ئیسلام تەرخانکردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کورد هەر کارێک بکات بە دڵسۆزییەوە دەیکات و میللەتێکی بێگانە پەرستیشە، بۆیە نووسەر و شاعیرانی کورد دەستییان کردووە بە نووسین بە زمانی عەرەبی و فارسی، وەک دەڵێ: ((گەلی کورد هەر شتێک ئەکات بە دڵسۆزی ئەیکات، بەتایبەتی ئەگەر ئەو شتە پەیوەندی بووبێت بە بێگانەوە، لەبەر ئەوە کە ئیسلام بووە، هەرچی ئاوێستا و ئاتەشکەدە و زەردەشت هەیە هەمووی واز لێ هێناوە و خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەتی ئایینی نوێی ئیسلام. کورد لای وابووە هەر شتێک بە زمانی قورئان نەوترێت سوودی نییە و بە کەڵکی دین نایێت، لەبەر ئەوە تەماشا ئەکەیت ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەوارانی کورد بە زمانی عەرەبی شیعر و نووسینی بووە، وەک بێتووشی و گەلێ لە شاعیرانی تر بە زمانی عەرەبی و فارسی لە دیوانەکانیانا زۆر بە ئاشکرا

[1] – ساجد ئاوارە، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کورد، ل٩

دەرئەکەوێت))[1] هەروەها بڕوای وایە تەنانەت ئەو شاعیرانەی کە بە زمانی کوردیش شیعریان نووسیوە لەبەر هەستی نەتەوایەتی نەبووە، بەڵکو بۆ دەرخستنی توانا و دەسەڵاتیان بووە لە شیعر نووسیندا، هەروەک دەڵێ: (( زۆر دوور نەڕۆین هەر چەند ساڵێک لەمەوبەر تاکە تاکەیەکی وەکوو نالی کە شیعریان بە کوردی وتووە، وەنەبێ بەهۆی هەست پێکردنێکی نیشتمانی بووبێ، بەڵکو وەکوو خۆی لە هەڵبەستێکدا ئەڵێت: تەنها بۆیە بە کوردی شیعر ئەڵێم بۆ ئەوەی دەری بخەم دەسەڵاتم هەیە و ئەتوانم بە هەموو زمانێ شیعر بڵێم))[2] لێرەدا بۆچوونەکەی نووسەر سەبارەت بە (نالی) لەجێی خۆیدا نییە، چونکە نالی بە شیعرگووتن بە زمانی کوردی شۆڕشێکی گەورەی لە بواری رۆشنبیری و ئەدەبی کوردیدا کردووە، بەتایبەتی لەناوچەی سلێمانی و ئەو زمانە نیمچە ستانداردەی کوردستانی باشوور بەرهەمی قوتابخانەکەی (نالی)یە و لە شیعرەکانی ئەم شاعیرانەوە دەستی پێکردووە.

هەروەها نووسەر ئەوە دەخاتەڕوو، کە شاعیرانی کورد بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لە ژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکیدا بوونە، هۆی ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم گەلانە دەسەڵاتداری ئیسلام بوونە لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا، شاعیرانی کورد سەرجەم بنەما و تایبەتمەندییەکانی شیعری ئەو نەتەوانەیان وەرگرتووە و بەورد و درشتییەوە لەسەر شیعری کوردی جێبەجێیان کردووە، ئەگەرچی ئەم بنەما و تایبەتمەندییانە لەگەڵ بنەماکانی زمانی کوردیدا نەگونجاون، بەڵام بە زۆر بەسەر زمان و شیعری کوردیدا سەپاندوویانە، نووسەر دەڵێ: (( ماوەیەکی دووروودرێژ لە تەمەنی گەلی کورد، هەر بەرهەمێکی ئەدەبی کوردی بووبێت، بریتی بووە لە لاساییکردنەوەی شاعیرەکانی عەرەب و فارس و تورک، کە ئەمانە بەرودوا هێزی دەسەڵاتداری ئیسلام بوون لە ناوچەی کوردستاندا. تەماشا ئەکەین زۆربەی شیعرەکانی نالی و مەحوی، بە ئاشکرا نیشانەی لاساییکردنەوەی شیعری عەرەبی و فارسی و تورکییان تیا دەرئەکەویت وە دەری ئەخەن کە چۆن شاعیری کوردی ئەوسا خۆی گیرۆدەی عیلمی عەرووض و موحەسەناتی لەفظی و بەلاغەی عەرەبی کردووە. شێوەی شیعری بێگانە بە هەموو قورسی و پارسەنگییەوە سەپاندوویانە بەسەر زمانی کوردیدا، کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ سروشت و ئاواز و

[1] – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، سەرجەمی بەرهەم ـ وتارە کوردییەکان، ئا: ڕەفیق ساڵح، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٢٢ – ١٢٣

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣

مۆسیقای وشەکانیا ڕێک ناکەوێت))[1] نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شاعیرانی کورد شیعرەکانیان پڕن لە وشە و زاراوە و هونەرەکانی شیعری بێگانە و شاعیرانی کورد بەردەوام بۆ ڕێکخستن و ڕازاندنەوەی شیعرەکانیان پشتیان بە وشە و زاراوەی بێگانە بەستووە، بۆ ئەم مەبەستەش هێندەی خۆیان ماندووکردووە بۆ دۆزینەوەی وشەیەکی بێگانە، هونەرێکی شیعریی بێگانە، ئەوەندە گرنگییان بە وشە و زاراوەی ڕەسەنی کوردی نەداوە، وەک دەڵێ: ((شیعری کوردییان بە مت و مووررووی بێگانە ڕازاندووەتەوە و خۆیان پێ ماندوو کردووە و بۆ وشەیەک یاخود بۆ قافیە بە چرای ڕۆن گەرچەکەوە کون و قوژبن گەڕاون تا گەیشتوونەتە مەرامی خۆیان))[2] بەدڵنیاییەوە ئەم بۆچوونەی نووسەر لەجێگەی خۆیدایە و شاعیرانی کورد زۆر خۆیان بە وشە و زاراوەی بێگانەوە ماندووکردووە، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانن شیعرەکانیان لەگەڵ کێشی عەرووز و یەکێتی سەروا و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بنەماکانی شیعری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا زیاتر بگونجێنن، لەکاتێکدا ئەو زمانە تێکەڵ بە وشە و زاراوەی بێگانەیە زمانی باڵا و نمونەیی شیعری کلاسیکی کوردییە.

هاوار هۆکاری ئەم زۆری بەکارهێنانەی وشە و زاراوە و هونەرەکانی شیعری بێگانە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی، کە شاعیرانی ئەوسا پەروەردەی مزگەوت بوون و هەر لە مزگەوتەوە ئەم شتانەیان وەرگرتووە، ((شاعیری ئەوسا کە زۆربەیان مەلا و فەقێ بوون، لەگەڵ (ئەرێ بابە)ی ناو حەوشە و ژووری مزگەوتەکانا لەگەڵ (ضرب زید عمرا)دا ئەوی هەستی پێ کردووە هەر لەسەر ئەو کێش و قافیەیە بە کوردی شیعری وتووە، وەکوو نالی و سالم و مەحوی))[3] ئەم بۆچوونەی نووسەریش لەم ڕوانگەیەوە لە جێی خۆیدا نییە، ئەو بنەماو تایبەتمەندییانەی نووسەر باسیان دەکات بنەماو تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرە شیعرەن کە لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا باوبووە، نووسەرانی کورد بۆ ئەوەی شیعرەکانی خۆیان لە ناوچەییەوە (لۆکاڵی)ەوە بگوازنەوە بۆ جیهانی پێویست بوو پەیڕەوی ئەو بنەمایانە بکەن، کە لە شیعری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا هەبووە، هەربۆیە شاعیرانی کلاسیکی کوردی بە هۆشیارییەوە پەیڕەوەی ئەو بنەماو تایبەتمەندییانەی ئەو جۆرە شیعرەیان کردووە و هەر بەم هۆیەشەوە شیعرەکانیان ئاراستەیەکی جیهانییان وەرگرتووە و گەیشتوونەتە ئاستی جیهانی بوون.

[1] – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، سەرجەمی بەرهەم ـ وتارە کوردییەکان، ل١٢٣
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤

نووسەر سەبارەت بە حاجی قادری کۆیی بڕوای وایە، کە ئەم شاعیرەمان وەک شاعیرانی پێش خۆی بە دوای وشە و زاراوەی قورس و گراندا نەگەڕاوە، بەڵکو زیاتر گرنگی بە ناوەرۆکی شیعرەکانی داوە و هەوڵی داوە مەبەستەکە بگەیێنێتە خوێنەری کورد، هەربۆیە خۆی دان بەوەدا دەنێت کە لەنگی لە شیعرەکانیدا هەیە و مەبەستی لەم شیعرانەی هۆشیارکردنەوەی خەڵکە، وەک دەڵێ: ((حاجی قادری کۆیی لە شیعرەکانیا پەتی کلاسیکی ئەپچڕێنێت و وەکوو شاعیرەکانی بەر لەخۆی و دەوروپشتی خۆی هەوڵی ئەوە نادات شیعری ئاڵۆزکاو و قورس و وشەی توێکڵدار بەکار بهێنێت، زۆر بایەخ بە مانا و ناوەرۆک ئەدات نەک شێوە، وەکو خۆی لە شیعرەکانیا ئەڵێت: لێم مەگرن ئەگەر شیعرەکانم کەچ و خوار بن، چونکە من نیازم لەمانەیە و ئەمەوێ لەدوای عیلمی عەرووض و شیعری کۆن خۆم ڕزگار بکەم))[1] بەدڵنیاییەوە یەکێک لە سیما هەرە دیارەکانی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی بەکارهێنانی زمانی خەڵک و وشە و زاراوەی سادە و ئاسانە، بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن لە مەبەستەکانی تێبگەن، چونکە ئامانجی سەرەکی شیعر لای شاعیر بە پلەی یەکەم هۆشیارکردنەوەی خەڵکە، نەک بەرجەستەکردنی جوانی و بەرهەمهێنانی ئیستاتیکا.

**عەلائەدین سەجادی** لە ساڵی (١٩٦٨) کتێبی (ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی ) بڵاوکردەوە، کە تێیدا بەشێوەیەکی گشتی قسە لەسەر ئەدەب و مێژووی ئەدەب و جۆرەکانی ئەدەب و ڕەوانبێژی و... دەکات، هەروەها چەند شاعیرێکیشی وەرگرتووە و لێکدانەوەی بۆ شیعرەکانیان کردووە. یەکێک لەو لایەنەی نووسەر گرنگی پێداوە و لە لێکدانەوەی شیعرەکاندا بەهای بۆ داناوە، زمانی شیعرییە. زمانی شیعر لای نووسەر ڕەگەزێکی بنەڕەتی بەرجەستەکردنی ئیستاتیکایە، و شاعیر لەڕێگەی بەکارهێنانی هونەرمەندانەی زمان و بەکارهێنانی کەرەستەکانی زمان لە جێگەی خۆیاندا جوانی بە دەقی شیعرەکەی دەبەخشێت، لەگەڵ ئەمەشدا هەڵبژاردنی کەرەستەکانی زمان و ئەو واتایەی دەیبەخشن دیسان جوانییەکانی دەق زیاتر دەکەن و چێژدارتری دەکەن. نووسەر لە باسی شیعری شاعیراندا جەختی لەسەر شێوازی داڕشتنی شیعر کردووەتەوە و لەسەر ئەو جوانییە ڕاوەستاوە، کە شاعیران بەهۆی شێوازی داڕشتنی شیعرەوە بەرجەستەیان کردووە، بۆ نمونە: دەربارەی شیعرەکانی (مەلای جزیری) دەڵێ: ((دارشتن و ڕێختی رستە لەم هۆنراوانەدا پایەیەکە بەرزی هەیە تیایانا؛ هەموو دەمێ پێش خستن مەوسووف و بە شوێنیا هاتنی چەند وەسفێک، وە

[1] – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، سەرجەمی بەرهەم ـ وتارە کوردییەکان، ل١٢٤

هێمای گەل بە گەل و تاک بە تاک، وە هۆنینەوەی ووشە بەجۆرێک کە دڵی گوێگر و خوێنەر راکێشێ – ئەمەیە کە پێی ئەڵێن ڕێخت و دارشتن – ئەمانە هەموو هەیە لەوانەدا))[1] لێرەدا نووسەر گرنگی ئەو شێوازەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە مەلای جزیری لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە و جوانی و ڕازاوەییەکی بێهاوتای پێیان بەخشیوە، هەروەها دەربارەی شیعرێکی (سەیدەی هەورامی) دیسان لەسەر شێوازی داڕشتنی شیعرەکە ڕاوەستاوە، بەکارهێنانی وشە لە شوێنی دروستی خۆیدا و گونجاوی وشەکان لەگەڵ یەکتر و پەیوەندی نێوانیان، بە بنەمایەکی سەرەکی جوانی دەقە شیعرییەکە داناوە، وەک دەڵێ ((جۆری ڕێخت و دارشتنی هەیە، وەکوو ئەوە لە بەینی ووشەکانا چی لەگەڵ چیدا ئەگونجێ دایناوە، چ وەسپیک بۆچی ئەبێ ئەو وەسپەی داوە بەوە، گەڕانی لەکاتی گەڕانا داناوە، ماتیی و زەبوونی لەکاتی لانەوازیدا داناوە))[2] هەروەها دەربارەی شیعرێکی (حەمەئاغای دەربەنفەقرە) دەڵێ: ((ڕێخت و داررشتنی رستەکەی بەجۆرێکە کە هەر وشەیەکی لە شوێنی خۆیا داناوە و چ ووشەیەک داوای چی ئەکا ئەو مافەی داوەتێ))[3] نووسەر ستایشی ئەو داڕشتنە دەکات، کە شاعیر بەکاری هێناوە، ئەوەیش بەوەی مامەڵەی دروستی لەگەڵ وشەکاندا کردووە و وشەی لەشوێنی گونجاوی خۆیدا بەکارهێناوە و مافی وشەکانی داوە. نووسەر لەباسی (ئەحمەد بەگی کۆماسی)دا پاش ئەوەی نموونەیەکی شیعری هێناوەتەوە و لێکدانەوەی بۆ کردووە دەربارەی شێوەی داڕشتنی شیعرەکە دەڵێ: ((شێوەی دارشتنی ووشەکان بەرانبەر بە گوزارەکان ئەتوانرێ لەباری لێکۆڵینەوەوە بووترێ یەکە یەکە، یەکیان پڕ کردۆتەوە، ڕێکیی لەبەینی ریزی ووشەکانا وەکوو هەڵقەی زنجیرێکی باریکی مروارییە لە گەردنی نازدارێکا))[4] هەروەها دەربارەی شیعرەکانی (مەولەوی)یش دەڵێ: ((داررشتن و شێوەش هەر بەو جۆرە ئەتوانرێ دابررێژرێ کە مەولەوی دایررشتووە، رستە هەر وا ئەتوانێ هەستی خوێنەر و گوێگر ڕاکێشێ))[5]

سەجادی لە باسی (حاجی قادری کۆیی)دا پاش ئەوەی شیعری (تا رێک نەکەوون قەبیلی ئەکراد)ی شاعیر دەهێنێت و قسەی لەسەر دەکات و شیدەکاتەوە،

[1] – عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چ١، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٦٨، ل٢٣٦

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٣

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٣

[4] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٩

[5] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٠

ڕەخنــە لەشــێوازی داڕشــتنەکەی دەگرێــت و بــەلاوازی دادەنێــت و بــەڕیزکردنی وشــە بەدوای یەکدا بەبێ هیچ پەیوەندییەکی هاوبەش ناویان دەبات، کە ئەمەش بووەتـە هـۆی ئاسـت نزمـی دەقـە شـیعرییەکە، وەک دەڵـێ: ((ئەگـەر مەبەسـت بـە داررشـتن داکوتـانی ووشە بێ یـەک لەبەرانبـەری یەکـەوە بـۆ ئـەوە کـە هونـەر بـۆ هونـەر دروسـت بـێ، ئـەم هۆنراوانە ئەوەی تیا دەرناکەوێ! چونکە ڕێختەکەی ئەوەی هونـەر داوای دەکـا ئـەوەی تێدا نییـە! بـە تایبـەتی لـەم پارچەیـەدا؛ وشـەکان لێـک پچـرراوون، لەگـەڵ سـەردەمـی بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتی دا ئـەبێ هەسـتی ئـەوەش ببـزوێ کـە ووشـەی خـاوێنی ئەو زمانە بخرێتە ئاوێنەی ئەدەبەکەوە))[1] لێرەدا نووسـەر ڕەخنەکەی لە دوو لایەنەوەیە، یەکەمیان شێوازی داڕشتنی شیعرەکە، کـە ئاسـتێکی هونـەری نزمـی هەیـە و بەتـەنها بـە وشــە ڕیزکردنـی دانـاوە، دووەمیـان زۆرتـر بـەکارهێنانی وشـەی بێگانـە، کـە بـەبڕوای نووسەر پێویست بـوو لەگـەڵ هەسـتە نەتەوەییەکەشـدا ئـاوڕی لـەم لایەنـەش بدایەتـەوە. نووسـەر لـەم بۆچوونەیـدا پێکاویـەتی، چونکـە شـیعرەکە ئەگـەرچی زیـاتر لێـی مەبەسـت هۆشیارکردنەوەی خەڵکە، بەڵام ناکرێت لایەنی هونەری دەق و شـێوازی داڕشـتنی دەق فەرامۆش بکرێت، کە شاعیر ئەم کارەی کردووە

نووسـەر لەباسی (پیرەمێرد)دا ئەوە ڕووندەکاتەوە، کـە ئـەم شـاعیرە شۆڕشـێکی لــە هێنانــە ئــارای ئــەدەبێکی تــازەدا دروســتکردووە و شــیعری (ئەســتێرە بــەرزەکان ئەدرەوشـێنەوە بەشـەو) نمونەیـەکی بـەرز و ئیسـتاتیکی ئـەم ئەدەبـە تازەیـە، کـە بڕوای نووســەر داڕشــتنێکی بــەرز و شــێوازێکی ئیســتاتیکی نــاوازەی هەیــە، وشــەکانی بەکارهاتوون بەشێوازێکی نوێی جیاواز لە شیعرەکەدا بەرجەستەکراون، کە پێش شاعیر کەس ئـەم کـارەی نـەکردووە، وەک دەڵـێ: ((ئـەمجا ووشـە ئـەیژین ووشـەکانیش تـازەن، مەبەست ئەوە نییە کـە ئـەم ووشـانە دروسـت کـراو وەیـا تـازەکوورەن و خراونەتـە نـاو زمانی کوردییەوە، مەبەست ئەوە نییە چونکە ئەم ووشانە لەگەڵ بناغەی زمانەکەدا هەر هەبوون و هاتوون، بەڵام داررشتنیان بەو جۆرە و خستنە ناو چوارچێوەی هـۆنراوەوە ئەمـە تازەیـە و بـەو جـۆرە تـا ئـەو سـەردەمە نـەکراوە. هـەر ئـەم داررشـتنەیە کـەوا بـەو چەشـنە شـێوەیەکی ئـەدەبیی بـەرزی لـە زمانەکـەدا دروسـت کـردووە))[2] پاشـان چەنـد نموونەیەکی لە شیعرەکە هێناوەتـەوە، کـە ئـەو ئیسـتاتیکا بـەرزەیان پێکهێنـاوە و ڕوونـی کردووەتەوە، کە شوێنی بەکارهێنان و پەیوەندی وشەکان و گونجانیـان لەگـەڵ یـەکتر و

[1] – عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ل ٢٩٩
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٤

لەگەڵ واتاکانیاندا ئەو جوانییە ناوازەیەی شیعرەکەی بەرهەمهێناوە، کە تا ئاستی جادوو ڕۆیشتووە، وەک دەڵێ: ((یەکە یەکەی ووشەکان بە تەواوی شوێنی خۆیانیان گرتووە و ڕێ کەوتنیان بە تەنیشت یەکەوە بۆ ڕاکێشانی گوزارە بە تەواوی ئەیسەلمێنن کە هۆنراو جادووە))[1]

سەجادی لەم بۆچوونانەیدا لایەنی شێوازی دارشتنی چەند شاعیرێکی خستووەتەڕوو، بەشێوەیەکی گشتی بەشێک لە ئیستاتیکا و جوانییەکانی دەقەکانی بەستووەتەوە بەو شێوازەوە کە شاعیرەکانیان بەکاریان هێناوە، بەڵام ئەوەی جێگای ڕامانە ئەوەیە نووسەر ئەو شێوازی ڕێکخستنە زمانییانەی شاعیرەکان بەکاریان هێناوە لە چەند شوێنێکی کەمدا نەبێت بەوردی ڕوون نەکردووەتەوە، واتە بەشێوەیەکی گشتی تەنها بۆچوونەکەی دەربڕیوە بەبێ هێنانەوەی بەڵگە لە نموونەی شیعرەکان بۆ قسەکانی. کە ئەمەش یەکێکە لە کەموکوڕییەکانی بۆچوونە ڕەخنەییەکانی نووسەر لەم لایەنەوە.

هەروەها لەگەڵ ئەوەی قسەی لەسەر شێوازی ڕیکخستنی شاعیران کردووە لەهەمان کاتیشدا قسەی لەسەر وشە و واتاکانیان کردووە و بڕوای وایە هەڵبژاردنی وشەی جوان و وشەی واتادار کە گونجان لەنێوان وشە و واتادا هەبێت بنەمایەکی سەرەکی ئیستاتیکی دەقی شیعرن، ئەگەر شاعیر سەرکەوتوو بوو لەم کارەدا ئەوا شیعرەکەی جوان دەبێت و ئەگەر سەرکەوتووش نەبوو لەم کارەدا ئەوا ئاستی دەقەکەی نزم دەبێت، چونکە کاتێک دەقێکی ئەدەبی بەرز و جوان دەبێت وشەکانی دوو تایبەتمەندییان هەبێت ((یەکێ ئەو ووشەیە کە لە ئەدەبەکەدا بەکار ئەهێنرێ ڕاست و تەواو بێ، یەکێ ئەو گوزارەیە کە لەو ئەدەبە ئەویستریێ ئەبێ بەرز و بە نرخ بێ، چونکە ئەگەر وانەبێ ناتوانێ جێگای خۆی بکاتەوە لەدڵی گوێگر وەیا خوێنەرەکەیا))[2] بەمجۆرە نووسەر ڕاستی و دروستی وشە و ئەو واتایەی دەیبەخشێت دەکاتە بنەمای جوانی و ئیستاتیکای دەقی ئەدەبی و وەرگرتنی لەلایەن پەیاموەرگرەوە.

سەجادی دەربارەی شیعری (نازک تەدارەک فەسڵ وەهاران)ی مەولەوی دەڵێ: ((مەولەوی کاتێ کە چاوی بە دیمەنێکی خواکردی وەکو شا فەسڵی بەهار ئەکەوێ بەپێچەوانەی هەموو هۆنەر و ئەدیبێکی کۆن و تازە کە بیر لە باسی ئەکاتەوە بە

[1] – عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ل ٣٠٥
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠

چەشنێک دێتە ناوەوە تەنها خۆی نەبێ کەسێکی تر نەتوانێ ئەو بیرە وردە بە چەند وشەیەکی کورتی بەناوک دەربڕێ))[1] لێرەدا نووسەر ستایشی شاعیر دەکات کە وشەی کورتی بە ناوکی بەکارهێناوە و ئەو هەموو جوانییەی ئەفراندووە. هەروەها لەباسی شیعری (هام دەردان ئامان، ئەرمەندەن هۆشم)ی شاعیردا ئاماژەی بە چەند وشەیەکی شیعرەکە کردووە و بڕوای وایە واتایەکی قوڵتری بەو وشانە دەربڕیوە و ئەو واتایەی بەهۆی ئەم وشانەوە گەیاندوویەتی جیاوازە لەو واتایەی خەڵکی بەهۆی ئەم وشانەوە دەیگەیەنن، ئەمەش مایەی ئیستاتیکی دەقەکەن، وەک دەڵێ: ((قافڵە، زایڵە، هەرس، زریێار، مەریوان، قەیاسە، چەڵەمە، جەستە، شکستە، ... و شتی تریشی هێناوە. ئێمە و بێجگە لە ئێمەش تەنانەت هەر لەو سەردەمەی مەولەویشدا ئەو ووشانەمان ووتووە و ووتوویانە، بەڵام جیایی زۆرە لە بەینی دوو وشەکانا! وە وەکو هەر یەک نین! ئەو گوزارشتی بەجۆرە ئازارێکی بەتین بەو ووشانە داوەتەوە کە بەتەواوی جیایە لەو گوزارشتە کە راستە و راست ئێمە ووشەکەی بۆ ئەڵێین))[2] هەروەها لە باسی (سەلام)ی شاعیریشدا شیعرێکی شاعیری لێکداوەتەوە و بیروڕای خۆی بەرانبەری دەبڕیوە، سەرەتا ئەوە دەخاتەڕوو، کە شێوازی شاعیر سادەیە و شیعرەکانی شاعیر بەتەواوی سادە و ساکارن، زمانەکەی سادەیە و وشەکانی وشەی سەرزاری خەڵکن و لەناو خەڵکەوە وەرگیراون و تەنانەت واتاکانیشیان سادەن، ئەو وشانە ((کۆمەڵی زووخاو، هەناسەی پرتاو، چەمی گریانم، جۆگەی چاوانم، سەربکا پێچ پێچ، هەوری تار، سەرشاخ و سەر شاخ، لەیلاخ و ئێلاخ، سەراسەر بە تەم، وەکوو دڵ بە خەم، رێ پێلگەی خێڵە، گوڵ گوڵی خوێنین))[3] نموونەی ئەو جۆرە وشانەن کە لەناو خەڵکەوە وەرگیراون.

سەجادی سەبارەت بە (شێخ نوری)یش شیعری (لەناو شەپۆلی غەما سەر نگون و بێ ئارام – بەکێوی سەختی ژیانا بەپێ، بە چنگەڕنێ) وەک نموونەیەکی بەرزی شاعیر هێناوەتەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە، کە شاعیر گرنگی زۆری بە وشە و واتاکەی داوە و زیاتریش گرنگی بە واتا داوە، وشەی ساکاری هەڵبژاردووە، کە خاوەن واتای سادەن، بۆ نموونە وشەکانی ((شەپۆلی غەم، ژیان بەکێوکردن، هەڵمەت بردن بۆ سەرکەوتن، نشێوی کڵۆڵی، تەنینی بووار بە تار و پۆی ئێش و زام، تەم و مژ لەو

---

[1] – عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ل ٦٥

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٣

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١١

دەشتی ژیانەدا، نەگرتنی تەم و مژ لەو دەشتەدا، پلاری دەستی قەدەر، پێکەنینی گەمە، نەتەنگەوە نەبوونی ژیانی ئادەمیزاد بۆ ئەم جۆرە شتانە، ئەمانە هەموو گوزارشتێکن کە بەڕاستی شێوەیەکی ژیانی داوە بە داهاتنی ئەدەبی تازەی کوردی))[1] نووسەر ڕەخنەی ئەوە لە شاعیر دەگرێت، کە وشەی بێگانەی زیاتر لە وشەی کوردی بەکارهێناوە، ئەگەرچی پێیشی وایە هیچ زیانێکی بۆ شیعرەکە نییە، چونکە دەکەوێتە نێوان دوو قۆناغی کلاسیک و ڕۆمانتیکەوە، هەروەها ڕەخنە لە وشەی (چنگەکڕێ)ش دەگرێت و پێی وایە لە شوێنی خۆیدا بەکارنەهاتووە، بەڵکو پێویست بوو (چنگەڕنێ)ی بەکاربهێنایە، کە بۆ ئەو جۆرە سەرکەوتنانە دەگونجێت، کە شاعیر باسی دەکات.

سەجادی کاتێک دێتە سەر باسی (گۆران) زۆر بەوردی ئەو ئیستاتیکایەی ڕوونکردووەتەوە، کە شاعیر لە شیعری (ئافرەت و جوانی)دا بەرجەستەی کردووە و بڕوای وایە شۆڕشێکی گەورەی لە شیعری کوردیدا داهێناوە، بەتایبەتی لە بەکارهێنان و هەڵبژاردنی وشەکاندا، چونکە وشەی کوردی پەتی و وشەی ساکاری هەڵبژاردووە و ئیستاتیکایەکی ناوازەی پێیان خوڵقاندووە، وەک دەڵێ: ((ئەدەبێکی بەهەموو بەسە تازەیە و لە ووشە و گوزارەدا شۆڕشێکی ناوەتەوە؛ لە ووشەدا سەیر ئەکەین هەموو ووشەکان ساکار و کوردییەکی رووتن، بۆنی هیچ شتێکی تریان لێ نایە. ئەم ووشانە دانراون بۆ جۆرە گوزارەیەک کە ئەوەندە فراوانن چوارچمکی ووشە نایانگاتێ، یەکە یەکە بەبێ خۆ عەزیەت دان، سروشتی هۆنەر هۆنیونیەوە، هۆنینەوەیەکی وەها کە هەتا پیاو لێ یان وردبێتەوە زیاتر سەرنج رائەکێشن))[2] پاشان نووسەر چەند وشەیەکی شاعیری هەڵبژاردووە وەکو نموونەی وشەی سادە و جوانی ناو دەقەکە دیاری کردوون، کە بەهۆی ئەم وشانەوە شاعیر پەرجوویەکی لە ئەدەبی کوردیدا دروستکردووە، وەک دەڵێ: ((لە رووم پڕاوە، چەمانەوەی پەلکەزێررینە، کەف زیوینی چەم، پرشنگی ناوتەم، گەرووی شمشاڵ، گوڵی کێوی، رەشیی چاو، تیشکی نێو نیگا، تاسە، تەلیسماوی، زیاتر ئەمانەن. ئەم ووشانە ووشەیەکی ساکاری کوردین، بۆ دانانەکەیان هیچ خۆ عەزیەت دلنێکی تیدانییە، بەلام کاتێ سەیری گوشادی گوزارەکانیان ئەکرێ لەم شوێنەدا ئەووترێ ئەمە پەرجۆیەکە و گۆران لە ئەدەبی کوردیدا دروستی کردووە))[3] پاشان نووسەر زۆر بەوردی یەک یەک جوانی و

[1] – عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ل ٣١٩
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٤– ٣٢٥
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٥

ئیستاتیکای ئەم وشانەی خستووەتەڕوو، ئەو لایەنانەی دەستنیشانکردووە کە ئەم جوانییەیان بەرجەستەکردووە، بە لوتکەی جوانی داهێنراوی داناون، چونکە شاعیر لەجێگەی خۆیدا بەکاری هێناون و شتێکی نوێی وای کردووە، کە پێش ئەم کەس نەیکردووە، هەربۆیە نووسەر بە پەرجۆ ناوی دەبات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەی لە بەکارهێنانی چەند ووشەیەکی ناو شیعرەکە گرتووە و بڕوای وایە بەشێوەیەکی گونجاو بەکارنەهاتوون، یاخود لە شوێنی خۆیاندا بەکارنەهاتوون، وەکو (شەونمی درەخت) نووسەر بەوردی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە شەونم ناکەوێتە سەر ڕووی درەخت و بەکارهێنانەکەی لەجێگەی خۆیدا نییە، بەڵکو شەونم دەکەوێتە سەر ڕووی گیا و دەبوو (شەونمی گیا)ی بەکاربهێنایە، کە ئەو کات زۆر جوانتر دەبوو. لێرەدا نووسەر نەیپێکاوە لە لێکدانەوەی ئەم دەربڕینەی شاعیردا چونکە شەونم جگە لەوەی دەکەوێتە سەر گیا دەکەوێتە سەر گەڵای درەختەکانیش، لێرەدا شاعیر (گەڵا)کەی لابردووە و تەنها درەختی بەکارهێناوە، هەموو خوێنەرێک بە خوێندنەوەی شیعرەکە دەزانێت مەبەست لە گەڵای درەختە؛ نەک خودی درەختەکە.

هەروەها بڕوای وایە لە دێڕی (بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز – بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز) وشەی (هەرگیزاو هەرگیز) بۆ ئەم شوێنە ناگونجێ، چونکە وشەی (هەرگیز) بۆ ڕابردوو بەکاردێت، بەڵکو بۆ ئێرە وشەی (هەمیشە) گونجاوە، کە گوزارشتەکەی بۆ داهاتووشە. سەبارەت بەدێڕی (کام ئەستێرەی گەش کام گوڵی کێوی – ئاڵە وەک کوڵمی، گۆی مەمکی، لێوی)یش ڕەخنەی لەوە گرتووە کە ئەگەر ئەستێرە گەش بوو، ئیتر ئاڵی تێدا نییە، ئیتر چۆن دەتوانرێت بەراورد بە ئاڵی (کوڵم و مەمک و لێو)ی یار بەراورد بکرێت.[1] دەتوانین بڵێین: ئەم شیعرەی گۆران لە لوتکەی جوانی و ڕازاوەییدایە، ئەگەر چی هەندێ بەکارهێنانی وشەکانیش لەجێگەی خۆیدا نەبن، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە ئەم شیعرە یەکێکە لە شیعرە جوان و ئیستاتیکییەکانی شاعیر.

بەدڵنیاییەوە وشەی تایبەت و هەڵبژاردە گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و بەشداری ئیستاتیکای دەق دەکەن، هەروەها ئەو واتایەی وشەکان دەیگەیەنن بەهەمان شێوە گرنگی خۆیان هەیە و ڕۆڵیان لە بەرجەستەکردنی جوانی و ئیستاتیکای دەقەکەدا هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە و زیاتر ئیستاتیکای دەقی پێوە بەندە چۆنییەتی بەکارهێنانی

---

[1] – عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ل ٣٣٠-٣٣٢

ئەو وشانەن لە دەقدا و شێوازی دارِشتن و چنینی دەقەکەیە، ئەگینا وشە هەرچەند جوان بێت و واتای بەرزی هەبێت، ئەگەر ئەدیب سەرکەوتوو نەبوو لە دارِشتنی دەقەکەیدا، ئەوا وشە و واتاکانیان بە تەنها ناتوانن ئەو جوانییە ببەخشن، کە پێویستە لە دەقدا هەبێت و چێژ بە پەیاموەرگر ببەخشێت.

زمانی شیعریی لایەنێکی گرنگ و رِەگەزێکی سەرەکی شیعرە و بەدرێژایی مێژوو نووسەران و لێکۆڵەران گرنگییەکی زۆریان پێداوە و بەهۆکارێکی سەرەکی بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای شیعری دادەنێن. نوسەرانی کورد لە گوتارەکانیاندا گرنگیان بە زمانی شیعر داوە و بەتایبەتی شێوازی بەکارهێنانی زمان و بەکارهێنانی دروستی کەرەستەکانی زمان و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی کوردی پەتی و دوورکەوتنەوە لە وشە و زاراوەی بێگانە، هەروەها گرنگیدان بە وشە و واتا و گونجاوی وشە و واتاکەی لایەنێکی تری ئەو بیرورِایانە دەربارەی زمانی شیعری نووسراون و داواکراوە شاعیرانی کورد گرنگیان پێ بدەن. نووسەران بەم کارەیان توانیان دەروازەیەک بەرِووی بەکارهێنانی زمانی کوردیدا بکەنەوە و ببێتە هاندەرێکی باش بۆ ئەوەی شاعیران بگەرِێنەوە بۆ زمانی کوردی دەستبەرداربوونی زمانی بێگانە و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی رِەسەنی کوردی، کە پاشتر ئەم زمانە خۆماڵییە بوو بە بناغەی زمانی شیعریی کوردی.

## تەوەری دووەم: ڕەهەندی ئاوازی شیعریی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا

ئاوازی شیعر یەکێکی ترە لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی پێکهێنانی ئیستاتیکای شیعر، چونکە شیعر هەمیشە پەیوەست بووە بە ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ و سەماوە و ئەم جووڵانەش هەمیشە پێویستی بە ئاوازێک بووە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکخراو ئەنجام بدرێن، هەر بۆیە شیعر هەر لەسەرەتای پەیدابوونییەوە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ مۆسیقادا هەبووە و وەکو بنەمایەکی سەرەکی و گرنگ بەدرێژایی مێژوو لەگەڵیدا هاتووە. ئاوازی شیعر یەکێک لەو لایەنە کاریگەرانەیە، کە وایکردووە مرۆڤ زۆر بە تامەزرۆییەوە پێشوازی لەشیعر بکەن و چێژی ڕۆحی لێ وەرگرن، گرنگی پێبدەن و لەبەری بکەن و نەوە دوای نەوە بۆ یەکی بگێڕنەوە و تێکەڵ بە ئاین و سرووتە ئایینییەکانیشی بکەن.

مرۆڤ پەیوەندییەکی ڕوحی لەگەڵ ئاوازدا هەیە و ئاواز تێکەڵ بە هەست و هۆشی دەبێت و کاریگەری لەسەر دادەنێت و چێژی پێ دەبەخشێت، مرۆڤ هەر لە سەرەتاکانی دەربڕینە ئەدەبییەکانیدا بەتایبەتی لە شیعردا ئاوازی وەک بنەمایەکی سەرەکی دەقەکەی بەکارهێناوە، شیعری هەموو گەلانیش ئاوازی تایبەت بەخۆیان هەیە و شیعری هیچ میللەتێک بێ ئاواز نییە. ئاوازی شیعریش ((هەر شتێکە لە شیعردا کە تایبەتمەندی دەنگی هەبێ و خاوەن کاریگەری ئیستاتیکی یان گوزارشتی بێت))[1]. بە درێژایی مێژوو پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان ئاواز و شیعردا هەبووە، ئەم ((پێوەندی نێوان ئاواز و هۆنراوەیە، یەکێک بووە لە تێڕوانینە ڕەخنەییە دێرینەکان و کەم و زۆر لە بەرهەمی ڕەخنەگراندا ڕەنگی داوەتەوە، دیارترین هۆی ئەم گرنگی پێدانەش لەوەدا بووە، کە هەردووکیان سەر بەو چەشنە هونەرەن، کە بە هونەرە دەنگییەکان ناو دەبرێن، تەنانەت لەگەڵ پێناسەکردنی ئاوازدا، دەستنیشانی چەمکە وێژەییەکەشی دەکرێت و بەو نەغمانەی دادەنێین کە ئەدیبان و بەتایبەتی شاعیران لە هۆنراوەکانیاندا پێکی دەهێنن و دەیکەنە ڕەگەزێکی سەرەکی بنیاتی بەرهەمەکانیان و شاکاری هونەری پێ ئەنجام دەدەن))[2] ئەگەرچی شیعر بەپێی کات و سەردەم و شوێن و کەسەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ئاواز ڕەگەزێکی سەرەکی

---

[1] – علی یونس، النقد الادبی و قضایا الشکل الموسیقی فی الشعر الجدید، الهیئة المصریة العامة للکتاب، مصر، ١٩٨٥، ص٦

[2] – دڵشاد عەلی (د.)، بنیاتی هەڵبەست لە شیعری کوردیدا، ١٩٩٨، ل٨٦

شیعر بووه و لەگەڵ نوێبوونەوەی شیعردا ئاوازش نوێبووەتەوە و ڕۆڵی ئیستاتیکی خۆی لە شیعردا بەرجەستە کردووە، هەرئەمەش وایکردووە زۆربەی نووسەر و ڕەخنەگران باسی گرنگی و ڕۆڵی مۆسیقایان بکەن و بەگشتی ئەوەیان ڕوونکردووەتەوە کە ((ئەگەر مۆسیقا و ئاهەنگی ڕستە و وشە و بڕگە و هەنگاوەکانی لە شیعر دەربێنین، سەرەنجام شیعرەکە لە شیعریێتی دەکەوێ، لە شتێکی ڕەق و تەق بەولاوە هیچی تری لێ نامێنێتەوە))[1] نووسەران و ڕەخنەگران هەر لە کۆنەوە باسی ئاوازی شیعریان وەک ڕەگەزێکی بنەڕەتی بنیاتی شیعر کردووە. لە ئەدەبی کوردیشدا نووسەرانی کورد گرنگیان بە ئاوازی شیعر داوە و هەر یەکەیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە هەوڵی داوە قسەی لەسەر بکات. بیروڕاکانی خۆی دەربارەی دەرببڕێت، تایبەتمەندی و بنەما و پێکهاتەکەی ڕوونبکاتەوە.

یەکەمین کەس باسی ئاوازی شیعری کردبێت لە ئەدەبی کوردیدا (**شێخ نوری شێخ ساڵح**)ە، لە زنجیرە گوتاری (ئەدەبیات)دا باسی کێش و سەروای کردووە و بە بنەمای سەرەکی شیعری داناوە. نووسەر بڕوای وایە هەر دەقێک بۆ ئەوەی ببێت بە شیعر پێویستە پابەندی کێش و سەروا بێت، هەربۆیە بەمجۆرە پێناسەی شیعر دەکات ((نەزم بە ئەو تەرزی بیانە ئەلین کە مزین بی بە وەزن و قافیە))[2] لێرەدا نووسەر کێش و سەروا بە بنەمای سەرەکی شیعر دادەنێت، هەروەها کێش و سەروا بە تەنها خاڵی جیاکەرەوەی نێوان شیعر و پەخشانیش دادەنێت و ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە هەر دەقێک پابەندی کێش و سەوا بوو؛ ئەوە شیعرە، ئەگەر کێش و سەرواشی تیا نەبوو؛ ئەوا دەبێتە پەخشان، وەک دەڵێ: ((ئاساری مەنسورە بە ئەو مکالمات و محاوراتە علی العادەیە ئەلین کە لە بینی خۆماندا ئیستعمالی ئەکەین و لە هومومانەوە معلومە. ئاساری مەنزومەش ئەوەبو کە مقید بی بە قیودی وەزن و قافیەوە))[3] بەمجۆرە نووسەر شیعر و پەخشان لە یەکتری جیا دەکاتەوە و کێش و سەرواش دەکاتە خاڵی جیاکەرەوەی نێوانیان. هەروەها نووسەر جەخت لەوەش دەکاتەوە، کە کێش و سەروا ئاوازی شیعر پێک دەهێنن، ئەم ئاوازەش دەبێتە ڕەگەزی سەرەکی پێکهێنانی ئیستاتیکای شیعرەکە، وەک دەڵێ: ((ماهیت حقیقتەی وزن و قافیە ئاهنگە، ئەگەر فکریکی جوان، حسیکی لطیف

[1] شێرکۆ بێکەس، ئەزموون (١٩٨٥ - ٢٠٠٠)، ئا: یاسین عومەر،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٢١

[2] - شێخ نوری شێخ ساڵح، ئەدەبیات، ڕ. ژیان، ژ٢٧، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢

[3] - سەرچاوەی پێشوو، ل٢

خیالیکی بدیع طول مدت له دماغمانا بمینیته‌وه یعنی نه بیلیین و نه بینوسین بالطبع له روح هیچ شخصیکدا تأثیر و هیجانیکی بدیعی حاصل ناکا. بناء علیه لازمه ئه‌م فکره بنوسری فقط که نوسیمان یعنی ئه‌م فکره جوانه‌مان که خسته شکلیلی مرئییه‌وه لازمه دقت له یک شت بکین که ئه‌و شته‌ش جوانییه و جوانیش به ئاهنگ دیته وجود))[1] لێره‌دا نووسه‌ر ئه‌وه ڕوون ده‌کاته‌وه، که بۆ به‌رجه‌سته‌کردنی جوانی له شیعردا پێویستمان به ئاوازه، واته ئاواز بناغه‌یه‌کی سه‌ره‌کی پێکهێنانی ئیستاتیکای شیعره. هه‌روه‌ها نووسه‌ر باس له‌وه‌ش ده‌کات، که جگه له بوونی کێش و سه‌روا پێویسته وشه‌کان خۆشیان ئاوازدار بن، وه‌ک ده‌ڵێ: ((ئه‌گه‌ر فکریکی جوان به طرزیکی ئاهنگدار بیان و ئیفاده بکین له روح قارئین یاخود سامعین دا دو نوع تأثیر حاصل ئه‌کا یکیکیان ئه‌ساسه‌ن ئه‌و فکره جوانه‌یه که له روحدا هیجان بدیعی حاصل ئه‌کا، ئه‌ویتریشیان ئیفاده‌ی ئه‌و فکره‌یه که به چند کلیمه‌یکی موزون قافیه‌دار و ئاهه‌نگدار بینی ئه‌که‌ین که ئه‌مه‌یان عینا وکو موسیقی له روح ئه‌و سامعدا تأثیریکی بدیع حاصل ئه‌کا))[2] نووسه‌ر لێره‌دا جگه له باسی کێش و سه‌روا، باسی وشه‌ی ئاهه‌نگداریش ده‌کات، که زاراوه‌ی وشه‌ی ئاهه‌نگدار ئاماژه‌کردنێکی ناڕاسته‌وخۆیه به مۆسیقای ناوه‌وه‌ی شیعر، چونکه ((ئه‌گه‌رچی ڕاسته‌وخۆ باس له ئاوازی ناوه‌وه‌ی هه‌ڵبه‌ست نه‌کراوه، به‌ڵام دوو تێبینی دیاری له‌م ڕووه‌وه خستۆته به‌رده‌م خوێنه‌ر))[3] که ئاماژه‌ن بۆ ئاوازی ناوه‌وه‌ی شیعر. ئه‌م بۆچوونه‌ش وه‌رچه‌رخانێکی گرنگ بوو به‌ره‌و نوێگه‌ری له شیعری کوردیدا.

نووسه‌ر به‌جیا باسی هه‌ریه‌ک له کێش و سه‌روا ده‌کات و ڕوونیان ده‌کاته‌وه و نموونه‌یان بۆ ده‌هێنێته‌وه. له باسی کێشدا ئه‌وه ده‌خاته‌ڕوو، که کێش ته‌رازووی مۆسیقای شیعره، بۆ سه‌لماندنی ئه‌م بۆچوونه‌شی نموونه به شیعرێکی خۆی ده‌هێنێته‌وه، یه‌که‌مجار به‌شێوه‌ی قسه‌ی ئاسایی ده‌ینووسێت و پاشان به‌شێوه‌ی شیعر، که کێش و سه‌روای هه‌یه، وه‌ک ده‌ڵێ: ((ئه‌ی جوان وشباب وطن تجددی ئه‌مرو صبحینی بو تویه چونکه تو ئومیدی وطن و خادم حیاتی، ئه‌م جمله‌یه که به صوره‌تیکی مسلسل بیان و ئیفاده کرا پیی ئه‌لین منسور، فقط که به‌و ترازوه کیشرا و موافقتی ئه‌و معیاره جیا کرایه‌وه به چند پارچه‌یکی موزون کم و زور بعضی تعدیلاتی تیا کرا ئه‌بی

[1] – شێخ نوری شێخ ساڵح، ئه‌ده‌بیات، ل٢
[2] – سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل٢
[3] – دڵشاد عه‌لی ، بنیاتی هه‌ڵبه‌ست له هۆنراوه‌ی کوردیدا، ل ٩٤

بە: صبحینی ئەم تجددە بو تویە ئەی شباب؟ بو تویە ئەی ئومید وطن خادم حیات؟ ))[1]
بەمجۆرە دووبارە جەخت لەسەر جەوهەری بوونی کێش دەکاتەوە لە دیاری کردنی ڕەگەزی جۆرە ئەدەبییەکەدا. پاشان باسی کێشی پەنجە و کێشی عەرووز دەکات تایبەتمەندی و بنەماکانیان ڕووندەکاتەوە و نموونەی شیعرییان بۆ دەهێنێتەوە.

نووسەر لە باسی سەروادا دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەکەی خۆی دەربارەی شیعر، کە کێش و سەروای بە بنەمای سەرەکی شیعر داناوە، پاشان پێناسەی سەروا دەکات، وەک دەڵێ: ((قافیە لە نهایت همو مصرعیکدا لە بین هجای ئاخریدا بە ئیعتباری تصوت عبارەتە لە مطابقت))[2] هەروەها جەخت لەوەش دەکاتەوە، کە مەبەست لە سەروا بۆ بەرجەستەکردنی ئاوازی شیعرە، کە کاریگەری لەسەر گوێگر هەبێت، بۆیە دەڵێ: ((جاری لە پیش همو شتیکدا ئەم جهتەی بیان بکین کە مقصد لە قافیە بو ئیفادە تأمین ئاهنگیکی موسیقیە. کوابو لە نهایت مصرعەکاندا هجاکانی ئاخری ئەگەر مالک عین طرزی تصوت بون ئەو تناظرە کە لە بینی ئەصواتا حاصل ئەبی سامعەنواز ئەبی))[3] (کامل حەسەن بەسیر) سەبارەت بەم پێناسەیە بڕوای وایە نووسەر لاسایی نووسەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبی عەرەبی نەکردووەتەوە دەربارەی پێناسەی سەروا، بەڵکو باسی گەوهەری ئەرکی سەروای کردووە، کە پەیوەستە بە پەیامەوەرگرەوە. هەروەها (دڵشاد عەلی)ش بڕوای وایە ئەوەی ئەم پێناسەیەی شێخ نوری شێخ ساڵح جیادەکاتەوە لە پێناسەکانی تر ئەوەیە، کە وەک دەنگ؛ نەک تیپ مامەڵە لەگەڵ سەروادا دەکات، وەک دەڵێ: ((ئەوەی لەم پێناسەیەی شێخ نوری دا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە بەپێچەوانەی زۆربەی پێناسەکانی ترەوە وەک دەنگ مامەڵە لەگەڵ قافیەدا دەکات نەک وەک تیپ، لە پاڵ ئەمەشدا سنووری قافیەش لەدوا بڕگەی دێڕەکاندا دیاری دەکات بێ ئەوەی ژمارەی ئەو دەنگانە دەست نیشان بکات کە دەتوانن قافیە دروست بکەن، ئەمە جگە لەوەی کە پێناسەکەی  بەم شێوەیە تەنها قافیەی هەمەڕەنگ و قافیەی مەسنەوی دەگرێتەوە، چونکە باس لەکۆتایی مەصرەعەکان دەکات نەک کۆتایی بەیت))[4] بەڵام (پەرێز سابیر) پێی وایە هیچ جیاوازییەک لەنێوان پێناسەکەی (شێخ نوری) و (نووسەر و ڕەخنەگرانی عەرەب)دا نییە و ئەوەی (شێخ نوری) باسی کردووە هیچی لە سروشتی

[1] – شێخ نوری شێخ ساڵح، ئەدەبیات، ل٢
[2] – شێخ نوری شێخ ساڵح، ئەدەبیات، ڕ. ژیان، ژ٣٢، سلێمانی، ١٩٢٦، ل١
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل١
[4] – دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل٩٨-٩٩

پێناسەی سەروا نەگۆڕیوە و جیاوازی دروست نەکردووە، تەنها پێناسەکەی فراوان کردووە.[1]

ئێمەش بڕوامان وایە ئەم پێناسەیەی شێخ نوری شێخ سالّح بۆ سەروا تێڕوانینێکی جیاوازە بۆ سەروا و جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەو پیناسانەدا هەیە، کە نووسەر و ڕەخنەگرانی عەرەب بۆ سەروا کردوویانە، چونکە گۆڕانێکی جەوهەری لە پێناسەی سەروادا کردووە؛ بەوەی لەسەر بنەمای دەنگ پێناسەکەی کردووە و بەستوویەتییەوە بە پەیاموەرگرەوە.

بەشێوەیەکی گشتی بیروڕاکانی نووسەر بۆ سەردەمی خۆی گرنگی و ڕۆڵی خۆیان هەیە، بەتایبەتی، کە پێناسەی شیعر و کێش و سەروای کردووە و نمونەی بۆ هێناونەتەوە، هەروەها بە ناڕاستەوخۆش باسی ئاوازی ناوەوەی شیعری کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدەرنین لە کەموکوڕی، بەتایبەتی بەستنەوەی شیعر بە کێش و سەرواوە، یەکێکە لەم کەموکوڕییانە، چونکە بەم پێیە سەرجەم ئەو دانراوانەی کێش و سەروایان هەیە و بۆ فێرکردن یان ڕوونکردنەوەی زانست و گەیاندنی زانیاری نووسراون بە شیعر دادەنرێن، کە ئەمەش نەگونجاوە، هەروەها هەموو ئەو شیعرانەش کە بێ سەروان و خاوەنی کێشن، وەکو شیعری ئازاد لە شیعرییەت دادەماڵرێن.

**تاهیر هاشمی** لە ژمارە (٢)ی ساڵی (٤) گۆڤاری (گەلاوێژ)دا گوتارێکی بەناوی (بیسارانی) بڵاوکردووەتەوە و و تێیدا لە ڕوانگەی بەکارهێنانی کێشی شیعرەوە شاعیرانی کرمانجی خواروو و هەورامی بەراورد دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو، کە شاعیرانی هەورامی پێش شاعیرانی کرمانجی خواروو (جگە لە کێشی پەنجەی خۆماڵی) شیعریان بە دەریاکانی کێشی عەرووز گوتووە و شاعیرانی هەورامی لەم لایەنەشەوە پێش نالی و شاعیرانی کرمانجی خواروو کەوتوون، کە دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت شاعیرانی شێوەزاری (گۆران – هەورامی) پلەوپایەیان لە شاعیرانی کرمانجی خواروو زیاترە، چونکە پێش شاعیرانی کرمانجی خواروو، شاعیرانی شێوەزاری (گۆران – هەورامی) شاعیری ناودارن و شیعری بەرز و جوانیان هەیە، وەک دەڵێ : ((شاعرانی کە بە زبانی هەورامی شعریان وتووە، فەزلی تقدمیان بەسەر شاعرە کرمانجەکانا هەیە، وە لە ئەساتید و ئەساتیدی شعرای کورد حلیو ئەکرین "وەکو لە پیشەوە شعری هەورامی ١٣٠٠ سال لەمەو پیشمان بە مسال هینایەوە" مەسەلا شاعری کونەی کرمانج

[1] – پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، ل ٤١١-٤١٢

زبانمان، نالی و کوردییە، کە لە حدودی سالی ١٣٤٥ه ژیاون، وە ورد ئەبینەوە کە خانای قوبادی شاعری بەناوبانگی هەورامی ویژەی کورد کتیبی خسرو و شیرینەکەی سالی ١١٥٣ه نەزم کردوە ))[١] پاشان لەسەر ئەم بیروڕایانەی بەردەوام دەبێت و لە ڕوانگەی بەکارهێنانی کێشی شیعرەوە بەراوردی شاعیرانی کرمانجی خواروو و هەورامی بەراورد دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو، کە شاعیرانی هەورامی پێش شاعیرانی کرمانجی خواروو (جگە لە کێشی پەنجەی خۆماڵی) شیعریان بە دەریاکانی کێشی عەرووز گوتووە و شاعیرانی هەورامی لەم لایەنەشەوە پێش نالی و شاعیرانی کرمانجی خواروو کەوتوون، وەک دەڵێ: ((بعضی معتقدن کە شعر وتن لە زبانی کوردی دا بە ئەوزان و بحوری تر، ئیبتداعی نالی یا سالمە، کەچی وەختی باش ورد بینەوە وایش نیە، چونکە دیومانە کە شاعری بەناوبانگی هەرە پیشوی کورد "سیدی" هەورامانی، کە لە فصحای شعرای ئەم زبانەیە لە زبانی خویا شعری بە وزنەکانی تریش هەلبەستوە، داخەکەم دیوانەکەی زور نایافتەو نوسەری ئەم دیررانە، هەر دوو غزلی دیوە، یەکی بە وزنی بحری خفیف کە لیرەدا بو نمونە ئەی نوسینو وە یەکی بە وزنی بحری رجز))[٢] بەشێوەیەکی گشتی شاعیرانی شێوە زاری گۆران پێش شاعیرانی شێوەزاری کرمانجی خواروو بەتایبەتی (قوتابخانەی نالی) شیعری بەرزییان گوتووە و بەرهەمەکانیان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا جێگەی خۆیان کردووەتەوە، سەبارەت بە بەکارهێنانی کێشی عەرووزی عەرەبی، بەشێک لە توێژەرانی مێژووی ئەدەبی کوردی بڕوایان وایە باباتاهیری عوریانی هەمەدانی (٩٣٠-١٠١٠ز) یەکەمین شاعیری کوردە کە چوارینەکانی بە کێشی عەرووزی عەرەبی داناوە. هەروەها ئەگەر چەند شاعیرێکی شێوەزاری گۆران بە کێشی عەرووز شیعریشیان دانابێ، ئەوە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، کە بەکارهێنانی کێشی عەرووز لە شیعردا لای شاعیرانی ئەم شێوەزارە نەبووەتە باو و زۆربەی شیعری شاعیرانی ئەم شێوەزارە کێشی پەنجەی خۆماڵییە.

**فایەق بێکەس** لە ژمارە (٥)ی سالّی (٥)ی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا، لە گوتاری (پیشکەشی ماموستا أ.ب.هەوری)دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە دێڕە شیعرێکی (هەوری) لەڕووی کێشەوە لەنگی تێدایە و ئاوازەکەی هاوئاواز نییە، کاتێک بەراوردی دەکەین بەدێڕە شیعرەکانی تر، وەک دەڵێ: ((نازانم جەنابت چە نوعە دلیلیکت ئەوی کە نشانت بدەم بو لەنگی ئەم مصرعە "من کە بی پرس بیمە دنیاوە"، ئەگەر نەختی زەوقی

[١] – تاهیر هاشمی، بیسارانی، گ. گەلاوێژ،ژ٢، سالّی٤، سلێمانی، ١٩٤٣، ل٤١

[٢] – سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢

ئەدەبیت ببی ئەبوایە بتزانیایە کە لەنگە، جگە لەوەش رباعیەکانی تو کە لەسەر ئاهەنگی "مستفعلاتن مستفعلاتن"ە، فەرمو ئەم مصرعەی پی بکیشەوە  بزانە چونە؟))[1] پاشان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە چوارینەکانی شاعیر پڕ لە کەموکوڕی و ناتەواوی و لەنگی و واتا بە دەستەوە نادەن، هەربۆیە داوا لە  شاعیران و ئەدیبان دەکات ئەم ڕاستییەی، کە ئەم باسی کردووە بسەلمێنن، وەک دەڵێ: ((لەنگی و کەم و کوری و بی معنایی رباعیەکانتم حوالەی رأی شاعر و ئەدیبەکانی کورد کردوە ئەوان وەلاممان ئەدەنەوە))[2]

**فایەق بێکەس** لە ژمارە (٩)ی ساڵی (٤) گۆڤاری (گەلاوێژ)دا لە گوتاری (م.کاردوخی لە تای تەرازوی شعردا)دا جگە لەوەی لە ڕووی زمانەوە ڕەخنەی توندی لێ گرتووە، لەهەمان کاتدا ڕەخنەی لە ئاوازی شیعرەکەش گرتووە و بڕوای وایە لە دێڕێک لە شیعرەکەدا سەرواکەی تەواو نییە، ئەگەرچی وشەی کۆتایی دێڕە شیعرەکە یەکە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرواکەی تەواو نییە و هەوڵی داوە بەهێنانەوەی نموونەیەکی شیعری (زیوەر) ناتەواوییە شیعرییەکەی (کاردۆخی) دەربخات، وەک دەڵێ:  ((بەلی ئەم شعرە موزونە، بەلام وادیارە کە م.کاردوخی لە ئسولی شعرا نەشارەزایە؛ چونکە دوا ووشەی هەر دو مسرەعەکە کە "جیگە"یە ئەبی کلمەی پیش جیگە لە سەر یەک وەزن بی. تەماشاییکی ئەم بەیتەی "زیوەر" بکەن کە وینەییکە بو ئەمە... لیرەدا ئەبینن کە ووشەی منی لە هەر دو مسرەعی بەیتەکەدا بەکار هینراوە، بەلام ووشەی پیش منی لە هەر دو مسرەعەکەدا لەسەر یەک قافیەیە، کە عبارەتە لە شیرینی وە ژینی))[3] لێرەدا ئەگەرچی ڕەخنەکەی نووسەر بەزمانێکی زبرە، بەڵام لەجێگەی خۆیدایە، چونکە یەکێک لە بنەماکانی سەروا ئەوەیە، کە ئەگەر پاش سەروا هەبوو، ئەوا وشەکانی پێش (پاش سەروا) دەبن بە وشەی سەروا و پێویستە هاوئاوازی یەک بن، کە لەم دێڕە شیعرەدا وشەکانی پێش سەروا هاوئاواز نین و بوونەتە مایەی لەنگی شیعرەکە.

(**محەمەد ئەمین کاردۆخی**) لە ژمارە (١١)ی ساڵی (٤)ی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا لە گوتاری (وەلامی لیکولینەوە) کە وەڵامی ڕەخنەکانی (بێکەس) دەداتەوە، سەبارەت بە مۆسیقای یەکێک لە دێڕە شیعرەکانی، سوپاسی (بێکەس) دەکات کە لەنگییەکی سەروای

[1] – فایەق بێکەس، پیشکەشی ماموستا أ.ب.هەوری ، گ. گەلاوێژ، ژ٥، ساڵی ٥، سلێمانی، ١٩٤٤، ل٥٣
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣
[3] – فایەق بێکەس، م.کاردوخی لە تای تەرازوی شعردا ، گ. گەلاوێژ، ژ٩، ساڵی٤، سلێمانی، ١٩٤٣، ل٥٧

شیعرەکەی ڕاست کردووەتەوە، هەروەها ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە پێشتر نەیزانیوە ئەگەر وشەی کۆتایی دێڕە شیعر یەک بوون ئەوا دەبێتە پاش سەروا و وشەی پێشیان دەبێتە وشەی سەروا؛ کە دەبێت هاوسەروابن، وەک دەڵێ: ((لە لی کولینەوەکەی ماموستا "ف.بیکەس" شتیک کە زورم پی خوش بوبی وەکو گول پی گەشامەوە و بەلامەوە زور ریک بوبی، بوبی بە ماموستای لەمەودوام "قافیەی شعر" بو کە یەکیکیان چەوت بو هەرچەندە مەوزون بو، چونکی نەم ئەزانی دوا وشەی دو مصرع ئەگەر هاتو یەک کلمە بو، پیویستە وشەی پیش ئەو دو کلمەیە لەسەر یەک وەزن(سەروا) بی، بەلی ئەمەم نەزانی بو))[1] بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نووسەر بەرگری لەخۆی دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو، کە زۆربەی شاعیران داوایانکردووە شاعیر زۆر خۆی بە دۆزینەوەی سەرواوە ماندوو نەکات و تەنها بوونی هاوڕێک بوونی کێش بەسە بۆ جوانی شیعر، وەک دەڵێ: ((بەلام ئەم زانی کە زور لە شاعرەکانی فارس و ئەدیبەکانی سەدەی بیستەم فەرمویانە شاعر پیویست نیە زور خوی ماندو بکا بو دوزینەوەی قافیە، شعر هەر مەوزون بی بەسە، مەبەس لە شعر دەرخستنی ئامانجە نەک ریزکردنی ووشە و قافیە))[2] بەدڵنیاییەوە لە سەرەتای سەدەمی بیستەمەوە شەپۆلێکی نوێی ئەدەبی هاتە ئاراوە، کە لە جیاتی گرنگی دان بە کێش و سەروا داوایان دەکرد گرنگی بە ناوەڕۆکی شیعر بدرێت، بەڵام بە ڕەچاوکردنی پاراستنی ئاوازی شیعرەکە.

**فایەق بێکەس** لە ژمارە (٧)ی ساڵی (٥) گۆڤاری (گەلاوێژ)دا لە گوتاری (سەرنجدانی لە ئەدەبیاتی مەنگوڕی)دا ڕەخنە لەو چوارینانە دەگرێت کە (مەنگوڕی) لە ژمارە (٥)ی ساڵی (٥)ی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاویکردوونەتەوە و لە یەکێک لە چوارینەکاندا ڕەخنە لە ئاوازی شیعرەکە دەگرێت و بڕوای وایە نیوەدێڕی دووەم و چوارەم لەڕووی کێشەوە لەنگن، وەک دەڵێ: ((جاری پیش ئەوەی کە بو معنا بگەریین، چونکە "المعنى في بطن الشاعر" دیینە سەر کیشانی بومان دەرئەکەوی کە مصرعی دووەم و چوارەم لەنگن، ئەبوایە بیفەرموایە"ئاگات لە خوبی لە ژنی جامباز" ووشەی "زور" لیرەدا زیادە، وە لە مصرعی چوارەمدا بیفەرموایە "ئەگەر دروست بی" لە چنگ هەزاران خوی کردە دەرباز" لیرەشدا حرفی "و" زیادە))[3] کاتێک بە وردی سەیری چوارینەکە دەکەین لەڕووی کێشەوە: کێشەی پەنجەی خۆماڵییە (١٠) بڕگەیی وەستان

---

[1] – محەمەد ئەمین کاردۆخی، وەلامی لیکولینەوە ، گ. گەلاوێژ، ژ١١، ساڵی ٤، سلێمانی، ١٩٤٣، ل٦٣

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣

[3] – فایەق بێکەس، سەرنجدانی لە ئەدەبیاتی مەنگوڕی، گ. گەلاوێژ، ژ٧، ساڵی ٥، سلێمانی، ١٩٤٤، ل٦٣

له ناوەندە و بەراوردی دەکەین بەوەی (بێکەس) دەیڵێت، ئەوا لە نیوەدێڕی دووەم کە دەڵێ (ئاگات لە خوبی لە ژنی زور جامباز) ئەوا ژمارەی بڕگەکانی دەبن بە (١١) بڕگە، کە ئەمەش نەگونجاوە، ئەگەر وشەی (زۆر) لابەرین لە نیوەدێڕی دووەمدا کێشەکەی هاوئاهەنگ دەبێت. بەڵام کاتێک سەیری نیوەدێڕی چوارەم دەکەین کە بریتییە لە (لە چنگ هەزاران خوی کردوە دەرباز) هیچ لەنگییەکی کێشی تێدا نییە و نیوەدێڕەکە (١٠) بڕگەیە، ئەوەی (بێکەس) بە لەنگی داناوە تەنها بۆ ئەوەیە ئاسانتر بخوێنرێتەوە.

**میرزا مارف** لە ژمارە (١١)ی ساڵی (٤)ی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا لە گوتارێکی بەناوی (بو ماموستای زور گەورە جەنابی پیرەمیرد) بڵاوکردووەتەوە بۆ ئەوەی ڕەخنە لە چەند دێڕە شیعرێکی پیرەمێرد بگرێت، کە لە ژمارە (١٠)ی ساڵی (٤) گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوی کردووەتەوە و لەڕووی ئاوازەوە لەنگن. نووسەر سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی قسە لەسەر شیعری شاعیر و توانای شیعری و ئەو ئیستاتیکایە دەکات، کە لە شیعری شاعیردا هەیە و بڕوای وایە شیعرەکانی شاعیر چێژێکی ناوازە بە خوێنەر دەبەخشێت، کە نموونەیان زۆر کەمە، پاشان دێتە سەر لایەنی ئاوازی شیعر و ئەوە دەخاتەڕوو لەگەڵ جوانی و ڕازاوەییدا پێویستە شیعر لەڕووی ئاوازیشەوە تەواوبێت، هەر دوو نیوە دێڕێک لەڕووی کێشەوە هاوتا بن، ئەگەر نا شیعرەکە لەنگ دەبێت، وەک دەڵێ: ((شیعر زیاد لە جوانی معنا و شیرنی بیان ترازویەکیشی هەیە ئەبی بەو ترازووە بکیشری و جوت برامبەربی وە سەر نەکات کەچی وەکو بەراوەردم کرد لەو شعرانەی کە لە ژمارە ١٠ی ساڵی ٤ و مانگی تشرینی یکەی سالی ٩٤٣ی گۆڤاری گلاوێژدا فەرموتانە بەراوەرد نەکراوە ئەوا ئیمە بەراوەردمان کرد و خستمانە ترازووەکە وە بوتان دەرکەوی لە نیوە شعری ئەوەلی شعری سیهم لە ترازووەکەدا چەند سەر ئەکات وە وەکو عملیاتی حسابی لەیکم طرح کرد حاصلی طرحەکە هەمووە زیادە و هاوتای هاوریکانی نییە. نیوە شعرەکە: قژ رنین و پرچ برین بو ماتەمی جاران کە ئیستا قژ نەما – قژ رنین و پرچ برین بو ماتەم ... ئیستا قژ نەما - ی جاران کە- زیادە))[1].

[1] – میرزا مارف، بو ماموستای زور گەورە جەنابی پیرەمیرد، گ. گەلاوێژ، ژ١١، ساڵی ٤، سلێمانی، ١٩٤٣، ل٥٩

بەدڵنیاییەوە ڕەخنەکەی نووسەر لەجێی خۆیدایە و شیعرەکە لەنگە، چونکە کاتێک سەیری شیعرەکەی پیرەمێردمان کرد[1] بۆمان دەرکەوت شیعرەکە لەسەر کێشی (ڕەجەزی هەشت هەنگاوی مەحزوفە - فاعلاتن، فاعلاتن، فاعلاتن، فاعلا)یە، و هەر نیوە دێڕێک (١٥) بڕگەیە، بەڵام ئەم نیوە دێڕەی نووسەر ئاماژەی پێ کردووە ژمارەی بڕگەکانی (١٩) بڕگەیە و ئەگەر (ی جاران کە)ی لێ لابەرین، کە نووسەر بە زیادەی داناوە، ئەوکات ژمارەی بڕگەکانی نیوەدێڕەکە دەبێتە (١٥) بڕگە و کێشی نیوەدێڕەکە لەگەڵ تەواوی شیعرەکە هاوسەنگ دەبێت.

هەروەها نووسەر بڕوای وایە نیوەدێڕی دووەمی دێڕە شیعری پێنجەمیش لەنگە و لەکاتی کێشاندا هاوسەنگ نییە، وەک دەڵێ: ((وە دیسان نیوە شعری دوەمی شعری پینجەم ئەویش زور سەری کردوە بەلام تصحیحی ئەویانم نەکرد و هیشتمەوە بو خوتان))[2] سەبارەت بەم نیوەدێڕەش کاتێک بەراوردی دەکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی بڕگەکانی (١٦) بڕگەیە و یەک بڕگەی زیاترە لە کێشی دێڕە شیعرەکانی تر و لەنگی کێشەکەی لە تەفعیلەی چوارەمی نیوەدێڕەکەدایە.

**گۆران** لە پێشەکی دیوانی (بەهەشت و یادگار)دا باسی ئاوازی شیعرەکانی دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو، کە شیعرە کۆنەکانی ناو دیوانەکەی بە کێشی عەرووز و لەسەر شێوازی شاعیرانی کلاسیکی کورد نووسراون، وەک دەڵێ: ((بەشی زۆری کۆنەکان بە وەزنی عەرووض وە کوردییەکی کۆنی تێکەڵاو بە زمانی بێگانە نووسراون. ئسلووبیشیان کۆنە: یان وەک هیی سالم و نالی لەسەرڕێ و شوێنی غەزەل هەڵبەستراون، یان ئەو جۆرە ئوسلووبەیان تیا کراوە بە سەرمەشق کە مامۆستا نووری و هاوڕێکانی لە ئەدیبە تازەکانی تورکی عوسمانییان وەرگرت))[3] نووسەر ئەوە ڕووندەکاتەوە کە شیعرە تازەکان بە کێشی پەنجەی خۆماڵی نووسراون، چونکە زیاتر لەگەڵ بنەماکانی زمانی کوردیدا دەگونجێت، وەک دەڵێ: ((شیعرە تازەکان بە وەزنی پەنجە (هیجا) هەڵبەستراون، کە هەرچەندە شیعر دۆستەکانی کۆن بە خوێندنەوەی ڕانەهاتوون، بەڵام لەبەرئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە، وە لەگەڵ خەصائیصی زمانەکەمان چاتر ڕێک ئەکەوێ، بە پێویستم زانی لە ماوەی تەقەلای ئەدبیی خۆما،

---

[1] - پیرەمیرد، شیعری پوشیدە، گ. گەلاوێژ، ژ١٠، ساڵی ٤، سلێمانی، ١٩٤٣، ل٣٩

[2] - میرزا مارف، بو ماموستای زور گەورە جەنابی پیرەمیرد، ١٩٤٣، ل٥٩

[3] - گۆران، دیوانی گۆران، ئا: محەمەدی مەلا کەریم، چ١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٠، ل٣

ڕۆژبەڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم، تا لەم چەند ساڵەی دواییدا وەزنی عەرووضم بەتەواوی، وە لام وایە بۆ ئێجگاری بەڕەڵڵا کرد))[1]

بۆچوونەکانی گۆران لەجێگەی خۆیدایە دەربارەی کێشی پەنجە، چونکە کێشی پەنجە، کێشێکی ڕەسەنی خۆماڵی کوردییە و لە شیعری فۆلکلۆر و میللی کوردیدا بەکارهاتوون و لەگەڵ بنەماکانی زمانەکەماندا زیاتر دەگونجێت، وەک لە عەرووز، کە کێشێکی تایبەت بە زمانی عەرەبییە.

**ڕەفیق حلمی** لە کتێبەکەیدا (شعر و ئەدەبیاتی کوردی) باسی ئاوازی شیعر (کێش و سەروا)ی کردووە و بە بنەمایەکی ڕەخنەیی و ڕەگەزێکی پێکهێنەری ئیستاتیکی داینادوە. نووسەر لە شیکردنەوەی شیعرەکانی (حەمدی)دا ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەم شاعیرە زۆر خۆی ماندووکردووە بۆ دۆزینەوەی وشەی گونجاو بۆ سەروا، ئەگەرچی هەندێکجار لە ئاستی ئیستاتیکی دەقەکەی کەمکردووەتەوە، هەندێکجاریش یارمەتی داوە شیعری جوان و بەرز بنووسێت، وەک دەڵێ: ((ئەحمەد حمدی جیی ئینکار نیە کە بو شعر دانان خوی زور ماندوکردوە و گەلیک لە شعرەکانی لەبەر صنعتی لفظ و قافیە تەنگی لە رەوانی و سەلاسەت مەحرومە، بەلام گەلی جاریش ئەم خوماندوکردنەی بە خورایی نەرویشتوە و شعری زور مەتینی داناوە))[2] لێرەدا بۆچوونەکەی نووسەر زۆر تەواوە، چونکە هەندێکجار ئەم خۆماندووکردنە بە وشەکاری و دۆزینەوەی وشەی گونجاو بۆ سەروا لە ئاستی هونەری شیعرەکەی کەمکردووەتەوە، بەڵام زۆرجاریش، نەک هەر نەبووتە بەربەست، بەڵکو بووە بەیارمەتی دەرێکی باشیش بۆ نووسینی شیعری جوان و ناوازە.

حلمی لە باسی شیعرێکی (دڵدار)دا پاش ئەوەی چەند لایەنێکی شیدەکاتەوە، لەسەر مۆسیقای شیعرەکەش ڕادەوەستێ و بەشێوەیەکی گشتی ئاوازەکەی بە باش دادەنێت، تەنها یەک کەموکوڕی دیاریدەکات، ئەویش بریتییە لە دووبارەبوونەوەی یەک سەروا لە دێڕی یەکەم و دێڕی پێنجەمدا، کە ئەمەش نەنگییەکی شیعرییە، وەک دەڵێ: ((لەلایەن وەزن و قافیەیشەوە کەمووکورتی نیە و بەلکوو ئەتوانم بلیم کە قافیەکانی زور جوان و شاعرانەیە، ئەوەندە هەیە قافیەی "وائەبی" لە سەدری بەیتی یەکەما

---

[1] – گۆران، دیوانی گۆران، ل ٣

[2] – ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب. ١، ل١١

هاتووە، لە عەجزی بەیتی پینجەما دووبارە کراوەتەوە))[1] هەروەها نووسەر هەمان ڕەخنە لە شیعرێکی (سەلام)یش دەگرێت، کە وشەی (ئاو)ی لە کەمتر لە حەوت دێڕدا وەک سەروا دووجار بەکارهێناوە، وەک دەڵێ: ((ووشەی ئاو دووجار کراوە بە قافیە کە ئەمە ڕەغنەی لی ئەگیری))[2] ڕەخنەکەی نووسەر لەجێگەی خۆیدایە، چونکە بەپێی بنەماکانی یەکێتی سەروا، بەکارهێنانی هەمان سەروا لە کەمتر لە (٧) دێڕدا بە لەنگی دادەنرێت و پێی دەگوترێت (الایطاء).

نووسەر لە چوارینێکی تری (سەلام)دا (کە وەرگێڕانی چوارینەیەکی خەیامە) ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە دووبارەبوونەوەی وشەی (ناو) لە سەروای شیعرەکەدا کەموکوڕی نییە و بەڵکو لەگەڵ پێشگرەکانی وشەی نوێیان دروستکردووە، کە برتین لە وشەکانی (بەناو) و (بەدناو) وەک دەڵێ: ((وا ئەزانم لەبەر جیاوازی مانای ووشەکانی "ناو" لە نیوە شعرەکانی سیهەم و چوارەما، ئەوە بە بیرا نایی کە چون یەک قافیە لە روباعییکا دووبارە ئەکریتەوە، چونکە لەبەرئەوەی کە جاریکیان لەگەل "بە" و جاریکیشیان لەگەل "بەد" یەک کەوتوە، دوو ووشەی تیکەل "کلمەی مرکب"ی لی پەیائەبی کە هەر یەکە مانایکی هەیە، واتە قافیەکان تەنیا شتیک نیە دووبارەکرابیتەوە وە راستە))[3] ئەم بۆچوونەی نووسەر زۆر تەواوە، لەبەر ئەوەی وشەی (بەناو) لەگەڵ وشەی (بەدناو) لەڕووی واتاوە جیاوازن.

هەروەها ئەوە دەخاتەڕوو، کە شیعری (کەمالی) و زۆربەی شاعیرانی کلاسیک زۆربەی هەر باسی عیشق و خۆشەویستی و دڵداری و مەی و مەستی بووە یاخود باسی یار و جوانییەکانی بووە، هەروەها بەهۆی بەگەڕان بە دوای سەروای گونجاودا (قافیەبازی) شیعرەکانیان کورت بووە و لە چەند دێڕێک تێپەری نەکردووە، وەک دەڵێ: ((چونکە شعری ئەمانە و شاعرەکانی هاوچەرخیان ئەگەر نەلیین هەمووی، بەشی هەرە زوربەیان هەر باسی عەشق و غەرام و مەستی و شەرابە یا بەباسی چاو و برو و خەت و خال و ئەگریجە ررەش کراوەتەوە، لەبەر ئەمە ئاسوی تەفکیری شاعرەکان، زور سنووردار و ماوەی قافیەبازییان ئیجگار تەنگ بووە، و بەهوی ئەم قافیە تەنگی و سنووردارییەوە ماوەی شعریان کورت بووە و هەندیجار لە پینج بەیت تی پەری

[1] – ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب. ٢، ل١٣
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢

نەکردووە))[1] نووسەر لێرەدا ئاماژەی بۆ خاڵێکی دروست کردووە لە بەرجەستەکردنی یەکێتی سەروادا لە شیعری کلاسیکدا، چونکە دۆزینەوەی چەندین وشەی هاوئاهەنگی واتا جیاواز زۆر قورس بووە بۆ یەک مەبەستی شیعری لای بەشێک لە شاعیران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەحاڵ نەبووە، چونکە چامەی شیعریی کلاسیکمان هەیە ژمارەی دێڕەکانی دەگاتە زیاتر لە (١٠٠) دێڕە شیعر.

حلمی لەباسی (گۆران)دا یەکێک لەو لایەنانەی گرنگی پێداوە (ئاوازی شیعری) بووە و بڕوای وایە ئەو مۆسیقایەی شاعیر لە شیعرەکانی (بەهەشت و یادگار)دا بەرجەستەی کردووە؛ ئاوازێکی جیاوازە و لە ئاوازی شیعری کۆن ناچێت، کە سەرچاوەکەی لە سەروای یەکگرتوو و عەرووزی عەرەبییە، ئەم شیعرانە وەک نووسەر دەڵێ: ((بە وەزن و ئسلوب و ماناش لە شعری کونی کلاسیکی زور دوور و جیاوازن، مووسیقایەک کە لەم شعرانەدا هەیە لەگەل ئاهەنگی موسیقای شعری کون وەکو ئەو فەرق و جیاوازییەیە کە لەبەینی موسیقای کونی خورهەلات و موسیقای تازەی خورئاواییەکانە))[2] هەر ئەمەش وایکردووە ئەوانەی تەنها ئاشنای ئاوازی کۆنی خۆرهەڵاتن چێژ لەم جۆرە ئاوازە وەرنەگرن و لایان نامۆ بێت، بەڵام ئەوانەی ئاشنای ئاوازی خۆرئاوایین؛ ئەوان چێژی لێوەردەگرن، وەک دەڵێ: ((ئینجا لەبەر ئەمەیە کە بیتوو یەکیک لە موسیقای خورهەلاتیەکانی کون بەولاوە موسیقای نەبیستبیت و کویچکەی هەربەو جورە موسیقایە راهاتبیت و گوش کرابی رەنگە لەم موسیقا تازەیە کە لەشعرە تازەکانی گوراندا هەیە تامیکی ئەوتو وەرنەگری، بەلام ئەوانەی کە کەموزور لە ئەدەبی خورئاواوە بە ووشەیەکی روون تر لە ئەدەبی تازە ئاگەدارن تام و چەشکەی ئەم شعرانە سەرمەستیان ئەکا، وە بە موزیقەیک کە لەم شعرە تازانەدا هەیە رەگەکانی لەشیان دیتە لەرزین وە لە کانگای دلیانا هەست بەو موچرکانە ئەکەن کە لەژیر تأثیریکی وەیا مقناطیسی پەیا ئەبی ))[3] قسەکەی نووسەر زۆر تەواوە، چونکە گۆران بە سوود وەرگرتن لە بنەماکانی ئاوازی ڕۆژئاوایی؛ بەتایبەتی (سۆنێتە)ی ئەورووپی، کە لەچەند قاڵبێک پێکهاتووە، توانی نوێبوونەوەیەکی تەواو لە ئاوازی

[1] - ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب. ٢، ل١٢٦-١٢٧

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣

[3] - سەرچاوەی پێشوو، -١٦٤

شیعریی کوردیدا بکات، کە بە درێژایی چەندین سەدە باڵی بەسەر شیعری کوردیدا کێشابوو.[١]

نووسەر لەسەر تاووتوێ شیعرەکانی گۆران بەردەوام دەبێت و چەند کۆپلەیەکی لە شیعری (ڕەوتێکی جوان) وەرگرتووە و ئەو ئاوازە ڕووندەکاتەوە شیعرەکەیان پێکهێناوە، کە بەبڕوای نووسەر جوانییەکی بێ وێنەیان دروستکردووە و مرۆڤ چێژیان لێ وەردەگرێت، وەک دەڵێ: ((شکی تیا نیە کە لەم شعرە ساکارانەدا هەست بە ئاهەنگیکی موسیقی ئەکەن کە تەزویکی فینک و خوش ئەدا بە دل وە ئەیگەشینیتەوە ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە دەنگی ووشەکان لەسەر تەپلی گویجکەمان وەکو تەئثیری ژییەکە کە بە ئەموستی موسیقاریکی شارەزا ئەخشینری بەسەر تەلەکانی کەمانا ))[٢] ئەم بۆچوونە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بە ئاوازی ناوەوەی شیعر چونکە ((وەک دەردەکەوێ رەفیق حلمی لە نموونەکانیدا زیاتر بیری لەو دەنگانە کردۆتەوە کە ئەو وشانە هێمای بۆ دەکەن نەک دەنگی وشەکان خۆیان، چونکە ئەو وشانە بۆ خۆیان لەلایەن شاعیری هونەرمەندەوە بە چەشنێکی وا بەکاردەهێنرێن کە نەک هەر دڵ ناگوشێت، بەڵکو دڵیشی پێ دەبزوێنێ))[٣]

حلمی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە (گۆران) خۆی لە لاساییکردنەوە ڕزگار کردووە و تەوقی کێش و سەروای تەقلیدی شیعری کۆنی تێکشکاندووە و خۆی لە کێشی عەرووزی عەرەبی ڕزگارکردووە و پابەندی یەکێتی سەرواش نەبووە، شاعیر بۆخۆی ڕێچکەیەکی نوێی هێناوەتە کایەوە، کە بەبڕوای نووسەر پێویستە شاعیرە لاوەکان لاسایی بکەنەوە، وەک دەڵێ: ((گوران یەکیکە لە بویژە بەرزەکانی کورد کە تەوقی لاسایی کردنەوەیان شکاندوە وە سەریان لەبەر چەمەری چاولیکەری و تەقلیدا نەچەماندوەتەوە و گیرودەی کوت و زنجیری عیلمی عەرووض وەیا پی بەندی قافیە نەبوون، گوران خوی ریگەیەکی تازەی وای داناوە لە شعرا، کە ئەشی بویژ و ئەدیبە تازەکانمان لاسایی بکەنەوە وە لەسەری بررون))[٤] پاشان نووسەر لەسەر بیروڕاکانی بەردەوام دەبێت و جەخت لەوە دەکاتەوە شاعیر لاساییکردنەوە و چاولێکەری

---

[١]- بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە: ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالح و گۆران، ل١٢٠-١٣٠

[٢] - ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ٢، ل١٦٨

[٣] - دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل ٩٤

[٤] - ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ٢، ل١٧٤

هەڵگێڕاوەتەوە و لەجیاتی ئەوەی ملکەچی سەروا بێت، سەروای ملکەچی خۆی کردووە و هەرگیز بەدوای وشە بۆ سەروادا نەگەڕاوە، لەبەر سەروا بیرو خەیاڵی خۆی نەشێواندووە، وەک دەڵێ: ((لە کاتیکا کە زور کەس مل کەچی قافیە ئەبن گوران قافیەی مل کەچی خوی کردوە، بو قافیەییکی تایبەتی رەوانی و سەلاسەتی بیری خوی نەئالوزاندوە "تیک نەداوە" وە رستەی خەیالی قافیە وەکو میوورون بە دەستیەوە بە مەیلی خوی یاری پی ئەکا))[1] نووسەر درێژە بە بیروڕاکانی دەدات لەبارەی سەرواکانی شاعیرەوە و ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە شاعیر فەرهەنگی وشەی دەوڵەمەندە و بەدوای وشەدا نەگەڕاوە بۆ سەروا، بەڵکو ئەو وشانەی بەکاری هێناون هەر خۆیان خاوەنی تایبەتمەندی سەجع و سەروا بوونە و بەسەر زمانیدا هاتوون، بۆ ئەمەش نموونەی بەچەند وشەیەکی ناو شیعرەکانی شاعیر هێناوەتەوە، وەک دەڵێ: ((زورجاریش رەنگە هەر بیری لە قافیە نەکردبیتەوە، لەگەل ئەمەشا شعرەکانی سەراپا قافیەدارە، چونکە چەشکەیەکی بەرزی تەبیعی ووشەکانی لە وینەی "سەجع و قافیە"دا هانیوە بەسەر زمانیاو ئەگینا وشەکانی "تیروقەلەو، مانگەشەو، وەیا قونەقون و سپی و خرپن" لەوانە نیە گوران بەتایبەتی بیری لی کردبنەوە وە مەوزوعی شعرەکەی لەژیر حوکمی ئەم قافیانەدا دانابی، بەکوورتی من لەو باوەررەدام کە گوران تەنیا بیری لەو دیمەنانە کردوەتەوە کە چاوی پی کەوتوە ئینجا کە ئەیەوی بیگیرریتەوە ئەو قافیە و ووشانە کە کەلکی گیرانەوەییکی وا ئەگری، خویان بەسەر گورانا برریوە))[2]

حلمی توانیویەتی بەشێوەیەکی گشتی ئەو ئاوازەی لە شیعری گۆراندا هەیە ڕوونبکاتەوە، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی پەیڕەوی بنەماکانی کلاسیکی نەکردووە، چونکە گۆران فەرهەنگی بیر و خەیاڵ و زمانی فراوان بووە و خستوویەتییە خزمەتی دەقی شیعرەکانییەوە، هەربۆیە نموونەیەکی جیاوازی دەقی شیعری داهێناوە، کە بۆ سەردەمی خۆی تەواو تازەبوون.

**مارف خەزنەدار** لە ساڵی (١٩٥٨) پێشەکی بۆ دیوانی (سەلام) نووسیوە و لەشێوەی گوتارێکی ڕەخنەییدا بیروبۆچوونەکانی خۆی دەربارەی شیعر و بنەماکانی و تایبەتمەندییەکانی خستووەتەڕوو. نووسەر ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە دەستوور و یاساکانی شیعر هەمیشەیی نین و بەپێی کات و سەردەم دەگۆڕێن، وەک دەڵێ: ((لێرەدا

[1] – ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب. ٢، ل١٧٤

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤–١٧٥

ئەم سنوور و دەستوورانە نابن بە شتێکی نەمر بۆ شیعر، شیعرێک ئەگەر وەزن و قافیە و مۆسیقا و خەیاڵ و ئیلهامی تیابێ شیعرە، بەڵام خۆ ئەگەر یەکێتی وەزن و قافیەش لە شیعرێکا تێکچوو دیسان هەر شیعرە، منیش ئەڵێم ئەگەر ووتەیێک بیر و خەیاڵی هونەری تیابوو لەگەڵ مۆسیقا دیسان هەر شیعری پێ ئەڵێم))[1] ئەوەی جێگەی ڕامان بێت ئەوەیە نووسەر کێش و سەروا و ئاوازی لەیەکتر جیا کردووەتەوە، کە لێرەدا مەبەست لە (مۆسیقا) ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ ئاوازی ناوەوەی شیعر، هەروەها ئەوەش دەخاتەڕوو، کە کێش و سەروا مەرج نییە بۆ شیعر و دەشێت شیعرێک کێش و سەروای نەبێت و خاوەنی ئاوازیش بێت. نووسەر لەسەر ئەم بنەمایانەی باسی کردووە شیعر بۆ سێ جۆر دابەشدەکات، یەکەمیان: ئەو شیعرانەن کە پەیڕەوی یەکێتی کێش و سەروا دەکەن، دووەمیان: ئەو شیعرانەن کێش و سەروایان تێدایە، بەڵام کێش و سەرواکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، سێیەمیشیان: ئەو شیعرانەن کە کێش و سەروایان تێدا نییە. نووسەر بۆ هەریەکێک لەم جۆرانە ناوی چەند شاعیرێکی هێناوە، بەڵام هیچ نموونەیەکی شیعری وەکو بەڵگە بۆ قسەکانی نەهێناوەتەوە، کە ئەگەر نموونەی شیعری بهێنایەتەوە، ئەوکاتە توێژینەوەکەی بەهێزتر دەبوو. چونکە ئێمە تا ئەو کاتە هیچ شیعرێکی کوردیمان بەرچاو نەکەوتووە کە کێش و سەروایان نەبوو بێت.

نووسەر بەکارهێنانی کێش و سەروا لەلایەن شاعیرانەوە بۆ دوو هۆ دەگەڕێنێتەوە، ئاسانی لەبەر کردن و داپۆشینی بیر و خەیاڵی ساکار بە کێش و سەروا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەوە دەخاتەڕوو ((کە زۆرجار وەزن و قافیە چەشنە هونەر و خەیاڵێکی تر بە شیعر ئەدەن))[2] هەروەها نووسەر لە باسی جیاوازی شیعری کۆن و تازەدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە جیاوازییان بەهۆی بەکارهێنانی کێش و سەرواوە نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی ژیان بەردەوام لە گۆڕان و پێشکەوتندایە، سەردەمێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە، کە پێویستی بە شیعری تازەیە، هەروەها بڕواشی وایە شاعیر دەتوانێت شیعری تازە بنووسێت و پابەندی کێش و سەرواش بێت، وەک دەڵێ: ((ئەگەر شاعیر هونەروەرێکی بەرزبێ هەر بەجۆری یەکەمی شیعر شیعری تازە بنووسێتەوە، واتە شیعری تازە بابەت بنووسێتەوە بە قافیە وە وەزنێکی موەحەد))[3] بۆ بەڵگەی

[1] – سەلام، دیوانی سەلام، چ١، چاپخانەی تەمەدون، بەغدا، ١٩٥٨، ل٢٣
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦

قسەکانیشی ئاماژەی بۆ چەند شاعیرێک کردووە و شیعرەکانیانی وەک نمونەی ئەو شیعرە نوێخواز و تازە بابەتانە هێناوەتەوە، کە هەم پابەندی کێش و سەروان و هەمیش ئاوازێکی تازەیان بەرجەستەکردووە، وەک دەڵێ: ((بۆ ئەمەش ئەگەر تەماشای شیعرەکانی (محمد مهدی الجواهری) و (بدر شاکر السیاب) لە دیوانی (ازهار ذابلة) و (هەردی) لە دیوانی (ڕازی تەنیایی) و هەندێ لە شیعرەکانی (دیلان) بکەین، ئەبینین ئەم شاعیرە مەزنانە وەستاییێکی گەلێ بەرزیان بەکارهێناوە بۆ داڕشتنی شیعرەکانیان، وە شیعرەکانیان بە ترازووی عەرووز و پەنجە – مقطع – کێشاوە، وە گەلێ سرنجیان داوەتە قافیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا گومان لەوەدا نییە کە شیعرەکانیان شیعری تازە بابەتن، وە ئەو شیعرانەیان بە بیری تازە و مۆسیقای تازە لە شیعری کۆن جیا ئەکرێتەوە، نەک بە وەزن و قافیە))[١]

بەشیوەیەکی گشتی نووسەر کۆمەڵێک بۆچوونی گرنگی دەربارەی ئاوازی شیعر و کێش و سەروا دەربڕیوە، بەتایبەتی، کە ئاماژەی بۆ ئاوازی ناوەوەی شیعر کردووە، ئەگەرچی کێش و سەروا بەشێکن لە ئاوازی شیعر، بەڵام هەموو ئاوازی شیعرەکە نین، نووسەر ئاماژە بۆ خاڵێکی جەوهەریش دەکات، ئەویش ئەوەیە شیعر دەکرێت پابەندی کێش و سەروا نەبێت و مۆسیقاشی هەبێت، کەواتە شیعر دەکرێت خاوەنی ئاواز بێت، بەبێ ئەوەی پەیڕەوی کێش و سەروا بکات، بەمجۆرە ئەگەر شیعرێک کێش و سەروای نەبێت، بەڵام ئاوازی هەبێت بە شیعر دادەنرێت، کە بەبڕوای ئێمە بۆچوونێکی زۆر تەواوە.

(**محەمەد سالح دیلان**) لەگوتارێکدا بەناوی (چۆن ئەدەبی کوردی دراسە بکەین)[٢] باس لەوە دەکات تا ئێستا توێژینەوەیەکی زانستی لە بارەی ئەدەبی کوردیی بەتایبەتی لەبارەی شیعری کوردییەوە نەنووسراوە، ئەگەرچی شتی زۆری لەسەر نووسراوە و هەندێک دەڵێن دواکەوتووە و هەندێکی تریش دەڵێن پێشکەوتووە، بەڵام بە بڕوای نووسەر ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە ئێمە بە چ پێوەرێک توێژینەوە لە شیعری کوردی بکەین، چونکە نووسەر بڕوای وایە پێویستە دەستبەرداری پێوەرەکانی شیعری عەرەبی بین، چونکە ئەم پێوەرانەی شیعری بێگانە ناتوانن ئەو ئامانجە بدەنە دەستمانەوە کە مەبەستمانە، وەک دەڵێ: ((ئایا خصائص و ممیزاتی شیعر و زمانی عەرەبی بکەین بە

---

[١] – سەلام، دیوانی سەلام، ل٢٦-٢٧

[٢] – محەمەد سالح دیلان، بارانی سلێمانی، ئا: ئومێد ئاشنا، بەشی دووەم، ١٩٩٦، ل١٩ هەروەها بڕوانە ڕۆژنامەی ژین ، ژمارەکانی( ١٦٨٣ – ١٦٨٤ – ١٦٨٥ – ١٦٨٦ – ١٦٨٧ – ١٦٨٨)

معیاری شیعر و زمانی کوردی؟ مەسەلا کە پارچە شیعرێکی شاعیری هەرە گەورەی کورد مەولەویمان هێنا سەر دەسگای شیکردنەوە، هەموو دراسەکەمان بریتی بێ لەوەی ئەم شیعرە نەزاکەتێکی تێدایە، ئەوی تریان فەنی بەدیهی تیا بەکارهاتووە، ئەوەیان بەلاغەیە، ئەمی تریان مورەتەبە، ئەوە فەنی بەیانە، دەی دەی تا هەموو شیعرەکان ئەبێ بە نەشرەیەکی دەنگ و باسی تەرجەمەکراو بە نسبەت معیاری خصائص و ممیزاتی شیعری کوردییەوە))[1] نووسەر بەتوندی دژی ئەوەیە کە بەپێی پێوەرەکانی کێشی عەرووزی عەرەبی شیعری کوردی هەڵسەنگێنین، وەک دەڵێ: (( کە هاتو هاتینە سەر کێش و قافیە لە دەرگای ڕەخنەگرتنا بڵێی ئەم شیعرەیان بە مفاعل فعلات و ..... ئەوی تریان بە مفاعل مفاعل فعلات .. کورت دێنێ لەنگە، خوارە، ....))[2] چونکە نووسەر بڕوای وایە کێشی عەرووز لەگەڵ بنەماکانی زمانی کوردیدا ناگونجێت. زمانی کوردی و زمانی عەرەبی دوو زمانی جیاوازن و تایبەتمەندییەکانیان جیاوازن، نووسەر دەڵێ: ((مامۆستا گۆران لە پێشەکی کۆمەڵە شیعرەکەیدا (بەهەشت و یادگار) ئەڵێ: تا بۆ دواجار وازم لە عروض هێنا و هیجا-شێوەی پەنجەم کرد بە کێش بۆ داڕشتنی هەڵبەست، چونکە ئەم جۆرە لەگەڵ خصائص و ممیزاتی کوردیدا باشتر ڕێک ئەکەوێ. گۆران بۆچی ئەڵێ: تا بۆ دواجار وازم لە عروض هێنا، چونکی زمانی کوردی کە شیعری کوردی پێ ئەوترێ جیاوازە و جیایە لەگەڵ ئەو خصائصانەدا کە زمانە دراوسێکان هەیانە، بیئەی کوردستان کە جوانی سروشتی باش تێدا ئەبینرێ مەڵبەندی ئیحایە بۆ ڕۆمانتیک))[3]

بەبڕوای ئێمە قسەکانی نووسەر لەجێگەی خۆیدان، چونکە لە بنەڕەتدا بنەماکانی عەرووز لەگەڵ تایبەتمەندی زمانی کوردیدا ناگونجێت، سەبارەت بە (گۆران)یش، پاش ئەوەی دەستبەرداری کێشی عەرووز و یەکێتی سەروا بوو، گەڕایەوە سەر کێشی پەنجەی خۆماڵی و بە سوود وەرگرتن لە ئەدەبی نەتەوەکانی تر توانی ئەدەبێکی نوێی جیاواز لە ئەدەبی کلاسیک دابهێنێت، کە بووە یەکێک لە شاعیرە دیارەکانی تازەگەری لە ئەدەبی کوردیدا و سەرمەشق بۆ شاعیرانی دوای خۆی، بۆ ئەوەی لەسەر هەمان ڕێوشوێن بەردەوام بن لە تازەگەری لە شیعردا.

---

١ - محەمەد ساڵح دیلان، بارانی سلێمانی، ل١٩-٢٠

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠

٣ - سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠

**مەعروف بەرزنجی** لە ژمارە (١٠)ی بەرگی (١)ی گۆڤاری (شەفەق)دا گوتارێکی بەناوی (کون و تازە لە شیعرا) نووسیوە و تێیدا بیروڕای خۆی دەربارەی شیعری کۆن و تازە دەربڕیوە، نووسەر سەرەتا هەوڵ دەدات لە پێناسەی شیعرەوە بچێتە ناو باسەکەوە، هەربۆیە چەند پیناسەیەکی شیعر دەکات و تاکە خاڵی هاوبەشی نێوان پێناسەکان (ئاواز)ە، پێناسەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە شیعر دەربڕینێکی خاوەن ئاوازە و سەرەتا لە گۆرانییەوە وەرگیراوە، وەک دەڵێ: ((شیعر چییە؟ شیعر گورانییە، گورانی بی شیعر نابی و شیعریش ئەگەر لەگەل گورانیدا ریک نەکەوی بە شیعر ناژمیرری))[1] نووسەر بۆ پاڵپشتی قسەکانی نموونەی بە وتەی چەند نووسەرێک هێناوەتەوە، کە هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە شیعر و گۆرانی دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و ئاوازیش بنەمایەکی سەرەکی شیعرە، وەک دەڵێ: ((ماموستا مەعروف رەسافی ئەلی: شیعر لە گورانی بوە و پیکەوە نوساون، لەبەرئەوە پیویستە لەگەل ئاواز و نەغمەی گورانیدا ریک بی ئەوەش بەریکی وەزن ئەبی لە بەینیانا. ماموستا محمود عقاد ئەلی: کاتی ئادەمیزاد پیشکەوت لە ژیانیا ئاخاوتنی خستە ناو گورانییەوە، بو بە شیعر، هەمیشە شیعر لەگەل نەغمە "ایقاع"دا جوت بوە))[2] بۆیە هەر دەربڕینێک لەگەڵ ئاوازی گۆرانیدا ڕێک نەکەوێت شیعر نییە و ئەو ئاوازەش، کە لە شیعردا هەیە لەڕێگەی (کێش و سەروا)وە بەرجەستە دەبێت، وەک دەڵێ: ((ریک و جوتی شیعر لەگەل نەغمەدا چون پیک دی؟ عقاد ئەلی: یا بە یەکیتی وەزن "کیش" یا بە قافیە کە بریتییە لە دوبارە کردنەوەی وشەییک، یا بە بەکارهینانی وەزن و قافیە پیکەوە))[3] پاشان پوختەی بیرەکە بەوە دەخاتەڕوو، کە شیعر دەبێ کێشی هەبێت، ئاوازی هەبێت، بڕواشی وایە بە پلەی یەکەم کێش ئاوازی شیعر پێک دەهێنێت.

نووسەر بڕوای وایە ئەوەی وا دەکات شیعر گۆڕانی بەسەردا بێت واقعی ژیانی کۆمەڵایەتییە، کە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ بووە (کلاسیکی و ڕۆمانتیکی و واقعی)، پاشان بە پوختی باسی هەر یەک لەم قۆناغانە دەکات، ئەوەش دەخاتەڕوو، کە شیعری کوردی ئێستا لە قۆناغی واقعیدایە و شاعیرانی کورد بنەماو پێوەری کێشی کۆنیان تێکشکاندووە و سەرواش بە شێوازێکی جیاواز بەکاردەهێنن، بەڵام پێویستە هەمیشە ئاواز بەرجەستە بکەن و دەستبەرداری کێشی شیعر نەبن، وەک دەڵێ: ((شاعیر و

---

[1] – مەعروف بەرزنجی، کون و تازە لە شیعرا، گ. شەفەق، ژ١٠،ب ١، ساڵی ١، کەرکوک،١٩٥٨، ل٦

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٦

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٦

بویژانی ئەم سەدەی بیستەمە کوت و زنجیری کونیان شکاند و قالبیکی تریان دروست کرد، وازیان لە قافیە هینا، وەزنیان بە چەشنیکی کە هەلسوراند. جاران وەزن لەسەر کەرتە شیعر دائەمەزرا ئیمرو لەسەر تەفعیلە دائەمەزری، گوی نادریتە کورت و دریژی کەرتەکانی شیعر، بەلام موسیقا ئەپاریزری ئەویش بە لانەدان لە وەزن))[1] هەربۆیە شیعرەکانی (بت و بتەوان، شۆڕشگێر)ی گۆران و (ڕێگەی خەبات)ی دیلان بە نموونەی سەرکەوتووی شیعری نوێی سەردەم دادەنێت، کە کێشی برگەییان تێدا بەرجەستە کراوە و یەکێتی واتایان هەیە و بەشێوازێکی هونەری جوان نووسراون، کە بەبڕوای ( دڵشاد عەلی) ئەم بۆچوونەی (مەعروف بەرزنجی) ڕەنگدانەوەی بنەمای چەمکی شیعری سەربەستە لە ئەدەبی عەرەبیدا کە (نازک الملائکە) بەکاری هێناوە، وەک دەڵێ: ((بەگشتی ئەو بۆچوونەی مارف بەرزنجی بۆخۆی هەمان دەستنیشانکردنی چەمکی هۆنراوەی سەربەستە لە ئەدەبی عەرەبیدا، تەنها تێبینییەکیش کە لێرەدا دەبێ بخرێتەڕوو ئەوەیە کە یەکێتی هەڵبەست پێوەندی بەهۆنراوەی سەربەستەوە نییە بەو مانایەی کە مارف بەرزنجی بۆی چووە، چونکە ئەم چەشنە هۆنراوەیە زیاتر مامەڵە کردنێکی نوێیە لەگەڵ ئاوازی هۆنراوەدا))[2]

نووسەر بەشێوەیەکی گشتی کێش و سەروای لە شیعری کوردیدا ڕوونکردووەتەوە، جەختی لەسەر دەستبەرداربوونی کێشی عەرووز و یەکێتی سەروا کردووەتەوە و ستایشی بەکارهێنانی کێشی پەنجە و سەروای هەمەڕەنگی لای شاعیران کردووە، بەڵام ناوهێنانی بنەما هونەرییەکانی شیعری کلاسیکی بە کۆت و پێوەند لەجێگەی خۆیدا نییە، چونکە بنەماکانی ئیستاتیکای شیعری کلاسیکی کوردین. هەروەها نووسەر لەوەدا کەوتووەتە هەڵەوە کە ئاوازی شیعری بەستووەتەوە بە کێشەوە و بڕوای وایە ناکرێت شیعر بێ کێش بێت، چونکە وەکو پێشتر باسمان کرد چەند ڕەگەزێک بەشداری لە پێکهێنانی ئاوازی شیعردا دەکەن، کە کێش یەکێکە لەو ڕەگەزانە، نەک تاکە ڕەگەزی پێکهێنەری مۆسیقای شیعر.

**محەمەد سدیق عارف** لەکتێبی (کامەران و هۆنراوەی نوێ)ی لەساڵی(١٩٥٨) گرنگییەکی زۆری بە ئاوازی شیعر بەتایبەتی (کێش و سەروا) داوە و بڕوای وایە ئاواز بنەمایەکی بنەڕەتی شیعرە و شیعر بەرهەمی ئاواز و جوڵەی مرۆڤی سەردەمە

---

[1] – مەعروف بەرزنجی، کون و تازە لە شیعرا، ل٩

[2] – دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل ١٥٢

کۆنەکانە و لە گۆرانییەکانی ئەم مرۆڤانەوە شیعر لەدایک بووە. نووسەر بڕواشی وایە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی گواستنەوەی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا لە کۆنەوە بۆ نویٚ دەستبەرداربوونە لە کۆت و زنجیری ئەو ئاواز (کێش و سەروا)یەی کە لەشیعری کلاسیکی کوردیدا بەکارهاتووە بۆ ئاوازێکی نویٚ، کە لەگەڵ گیانی سەردەم و قۆناغە ئەدەبییە نوێیەکەدا بگونجێت، کەواتە ((خۆڕزگارکردن لە کۆت و زنجیری وەزن و قافیەی کۆن یەکێکە لە ئامانجەکانی هۆنراوەی نویٚ))[1]

نووسەر سەرەتا تاووتوێی کێشی شیعر دەکات و بە ڕەگەزێکی سەرەکی شیعری داناوە، بەڵام لەبەرئەوەی بارۆدۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی گۆڕاوە، پێویستە کێشی شیعریش گۆڕانی بەسەردا بێت، چونکە یەک ڕەنگی کێشی شیعری کلاسیکی کوردی بووەتە هۆی ئەوەی شیعرەکەش سەرنجڕاکێش و چێژبەخش نەبێت، لەکاتێکدا لەشیعری نوێدا شاعیر گرنگی بەسەرجەم لایەنەکانی شیعرەکە دەدات و ئاوازی شیعرەکەی تەنها لەکێشەکەیدا کۆنەکراوەتەوە، بەڵکو لە دەربڕین و هارمۆنییەتی نێوان وشە و داڕشتنەکەیدا و ئەو واتایەیە کە دەیبەخشێت، هەر بۆیە شاعیر بە ئارەزووی خۆی دەتوانێت گۆڕانکاری لەکێشی شیعرەکەیدا بکات، وەک دەڵێت: ((ئاوازی هۆنراوەی کۆن لە یەکپارچەییی وەزنەکەیدا بوو، لەبەر ئەمەئەو ئاوازە رووکەشی و بیٚ تام دەردەچوو، لەکاتێکدا ئاوازی هۆنراوەی نویٚ، بەر لە وەزن و قافیە لەمانای هۆنراوەکە خۆیایەتی. لەسەرنجی قووڵ و دەربڕینی "تعبیر" بەهێز و گونجاندنی وشەکانی و داڕشتنیاندایە. کەوابیٚ، ئیتر پێوستی بە وەزنی یەکپارچەیی نییە. یانی شاعیر یاری بەو وەزنە بکا و بەئارەزووی خۆی هەڵی سووڕێنیٚ وە لەئەنجامدا ڕزگاری دەبیٚ لەو کۆت و زنجیرەی هۆنراوەی پیٚ بەسترابووەوە))[2]

لێرەدا بیروڕای نووسەر لەجێگەی خۆیدا نییە سەبارەت بە ئاوازی شیعری کلاسیک کە بە (ڕووکەش و بیٚ تام) ناوی بردووە، شیعر چونکە شیعری کلاسیک نموونەی شیعری جوان و چێژ بەخشن، هەروەها شیعری کلاسیک گرنگی بەلایەنەکانی دەربڕین و وشەکاری داوە و شیعری کلاسیکمان نموونەی شیعری بەرزی سەردەمی خۆیانن. هەروەها هەمان ئەو ڕەخنەیەشی لیٚ دەگیرێت، کە بنەما ئیستاتیکییەکانی شیعری کلاسیکی بە کۆت و زنجیر ناوبردووە.

---

[1] – حسێن عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، ل٣٣٩

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٩

نووسەر سەبارەت بە سەرواش بیروڕای تایبەتی خۆی هەیە و بڕوای وایە تەواوی شیعری نوێ لە خزمەتی ئەو واتایە دایە، کە شاعیر دەیەوێت بیگەیەنێتە خوێنەر، هەربۆیە پێویست ناکات شاعیر خۆی بە سەرواوە ماندوو بکات و لەهەر شوێنێکیشدا لەگەڵ واتادا بەرامبەر بوون، ئەوا شاعیر لەپێناوی واتادا دەتوانێت دەستبەرداری سەروا بێت ، وەک دەڵێ: ((وە هەروەها بۆ قافیە، ئێمە وتمان: ئاوازی هۆنراوەی نوێ بەستراوە بە چۆنیەتیی ئیشکردن و هێنانە بەرهەم "الانتاج" وە چۆنیەتیی ئەو کارەساتەی شاعیر لەسەری دەنووسێ. جا لەبەرئەوەی کە ئەمیش "یانی قافیە" هەر بۆ ئەوەیە دەنگ و ئاوازێکی کاریگەر بدا بە هۆنراوەکە، کەوابوو دەبێ بگۆڕدرێ و وەها بێ نەبێتە بەرهەڵست لە دەربڕینی مانای هۆنراوەکەدا. ئیتر سا یا جووت بگیرێ و یا بەیناوبەین، وە ئەگەر هەر ناچاری بوو ئەو قافیەیە بکرێ بە قوربانی ماناکە و وازی لێ بهێنرێ، یانی هیچ پێویست ناکا شاعیر لایەکی بیرکردنەوەی تەرخان بکا بۆ هێنانەوەی قافیە))[1]

سەروا بەشێکی گرنگی پێکهێنانی ئیستاتیکای شیعرە، بەڵام پێویستە هاوسەنگی هەبێت لەنێوان ڕەگەزەکانی شیعردا و هەر ڕەگەزێک شوێنی خۆی بگرێت لە دەقی شیعریدا، لەبەرئەوەی لە شیعری نوێدا واتا گرنگی و ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە، هەربۆیە نووسەر جەختی لەسەر دەکاتەوە و داوا دەکات لە سەروا زیاتر گرنگی پێبدرێت.

محەمەد سدیق عارف بڕوای وایە هێشتا شیعری نوێ لەدایک نەبووە، بەڵکو شیعری کوردی لە قۆناغی گوێزانەوەدایە و دابەشیدەکات بۆ سێ قۆناغ. شیعری کوردی لە قۆناغی سێیەمدایە و لە لوتکەی گوێزانەوەکەیە، لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا ناتوانین پێی بڵێین شیعری نوێ، چونکە شیعری کوردی هێشتا پەیڕەوی کێش و سەروا دەکات و نەیتوانیوە خۆی لە کۆت و بەندی کێش و سەروا ڕزگار بکات، بۆ نموونە: شیعری کوردی هێشتا نەیتوانیوە بەتەواوی خۆی لە یەکێتی کێش ڕزگار بکات، هەروەها نەیتوانیوە خۆی لە سەروا ڕزگار بکات و شاعیران یان یەکێتی سەروا پەیڕەو دەکەن یان سەروای کۆپلە بەکاردەهێنن. ، ئەم دوو هۆکارەش وایانکردووە شیعری کوردی یەکێتی واتاشی تێدا نەبێت. لێرەدا بڕیارەکەی نووسەر زۆر توندە، چونکە ئەوکات شیعری نوێ لەدایک بووە و لە گەشەکردندابووە و بەردەوامیش بەرەو پێش چووە. بەکارهێنانی سەروای کۆپلە خۆی بەرهەمی شیعری نوێیە و شاعیران لەو کاتەدا

[1] – حسێن عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، ل٣٤٠

پەیڕەوی کێشی جۆراوجۆر و سەروای کۆپلەیان کردووە، بەتایبەتی پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران.

نووسەر بڕوای وایە کامەران لە چەند شیعرێکدا ئەم کۆت و بەندەی کێش و سەروای تێکشکاندووە و خۆی بە ڕێکخستنی سەرواوە خەریک نەکردووە و بە ئارەزووی خۆی بەکاری هێناوە، ئەگەرچی کەموکوڕیشی هەیە، بەڵام ئەم شیعرانەی مژدەی لەدایکبوونی شیعری نوێی کوردین، وەک دەڵێ: ((جێگەی شانازییە کە کامەران لە چەند پارچەیەکیدا ئەو کۆت و زنجیرەی شکاندووە، بەڕاستی ئەم چەند پارچەیە "ئەگەرچی بەدەریش نین لە کەموکووڕی" مژدەی لەدایکبوونی ئەو هۆنراوانەی نوێیەمان دەدەنێ کە ئێمە مەبەستمانە و لێی دواین ... هەر لەو چەند هۆنراوە ناوبراوانەی کامەراندا، مەبەستەکەی ئێمە دێتەدی، بەوەی شاعیر پێویستە خۆی زۆر بە قافیەوە خەریک نەکات و جڵەوی بۆ شل کات، وە بەئارەزووی خۆی هەڵی سووڕێنێ))[1] هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە (کامل ژیر) و (وەشتی)یش هەوڵیان داوە شیعری تازە بنووسن و خۆیان لە کۆت و بەندی کێش و سەروا ڕزگار بکەن، بەڵام تا ئێستا سەرکەوتوو نەبوونە، وەک دەڵێ: ((هەروا چەند شاعیرێکی گەنجی تریشمان وەک "وەشتی" و "کامل ژیر" هەوڵی وتنی هۆنراوەی نوێیان داوە، بەڵام داخی گرانم تێیدا سەرنەکەوتوون، چونکە لام وایە باش تێی نەگەیشتوون، وەیاخۆ چەواشەبوون لەو تێگەیشتنەدا ))[2]

لێرەدا (دڵشاد عەلی) سەبارەت بەبیروڕای ئەم دوو نووسەرە (مەعروف بەرزنجی و محەمەد سدیق عارف) تێبینییەکی گرنگ دەخاتەڕوو سەبارەت بە شیعری سەربەست و ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە مەبەست لە شیعری سەربەست دەستبەرداربوونی تەواوەتی نییە لەکێش و سەروا، بەڵکو خۆڕزگارکردنە لە سنووری دێڕەشیعری کلاسیکی و یەکێتی سەروا، وەک دەڵێ: ((بەگشتی ئەو هەڵبەستانەی کە بەلای ئەو دوو نووسەرەوە بە هۆنراوەی سەربەست دانراون بۆ خۆیان لەسەر بنەمای گرنگی دان بەپێی هەڵبەست و دەرچوون لەسنووری دوو دێڕی بنیات نراون، لەهەمان کاتیشدا دەست بەرداری قافیە نەبوون، بۆیە کە باس لەخۆ ڕزگارکردن لە قافیە دەکرێ

---

[1] – حسێن عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، ل٣٤٣

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٣

دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە مەبەست لەو خۆڕزگار کردنە خۆ بەند نەکردنە بە چەمکی قافیەی یەکگرتووەوە))[1]

محەمەد سدیق عارف بڕوای وایە گەورەترین جیاوازی نێوان شیعری کۆن و نوێ یەکێتی واتایە، کە ئەمەیش بەهۆی کێش و سەرواوە دروست دەبێت، لە شیعری کۆندا بەهۆی پابەندبوون بەیەکێتی کێش و سەرواوە یەکێتی واتا بوونی نییە، پچڕپچڕی لەواتادا هەیە، واتای شیعر تەنها لە چوارچێوەیەکی گشتیدا پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، لەکاتێکدا لە شیعری نوێدا بەهۆی ڕزگاربوون لە یەکێتی کێش و سەروا، شیعر خاوەنی یەکێتی واتایە و شیعری نوێ لە سەرەتاوە تا کۆتایی واتای یەکتر تەواو دەکەن. نووسەر دەڵێ: ((گەورەترین ناکۆکی لەبەینی هۆنراوەی کۆن و نوێدا، یەکێتی مانایە لە هۆنراوەی کۆندا کۆت و زنجیری وەزن و قافیە دەبنە هۆی کورت و کوێری و پچڕپچڕی ئەو مانایەی شاعیر مەبەستییەتی، لەبەرئەوە یەکێتییان تێدا نییە، بگرە بڕێتین لە زۆر وێنە و دیمەنی رازاوەی جوان کە تەنیا چوارچێوەیەکی گشتی نەبێ هیچی تر پێکیانەوە نابەستێ. لە کاتێکدا لە هۆنراوەی نوێدا لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەدوای یەکدا دێن و یەک یەکتر تەواو دەکەن، ئەمەش بەهۆی ڕزگاربوونییەوە لە کۆت و زنجیری وەزن و قافیە وگوێدانی بەمانا زیاتر لە شێوە))[2] هەروەها مەبەست لە خۆڕزگارکردن لە یەکێتی کێش و سەروا بە واتای دەست بەرداربوونی تەواوەتی نییە لە کێش و سەروا، تەنانەت بەواتای دەستبەرداربوونیش لە کێشی عەرووزی عەرەبیش نایەت، بەڵکو بە واتای تێکشکاندنی یەکێتی کێش و سەروا و یاریکردن بەکێش و سەروا دێت بە ئارەزووی شاعیر، کە هەندێک نووسەری کورد بە هەڵە لە خۆڕزگارکردن لە کێش و سەروا تێگەیشتوون، وەک دەڵێ: ((تا ئێستاش زۆر لەوانەی دوورەوپەرێز وەستاون لە هۆنراوەی نوێ، وا دەزانن مەبەست لە خۆرزگار کردن لە کۆت و زنجیری وەزن و قافیە، وازلێ هێنانیانە بەتەواوی!! بێگومان بە هەڵەچوون، چونکە لەبارەی وەزنەوە هۆنراوەی نوێش هەر لەسەر ئەو بەحرانە دەوترێت، کە هۆنراوەی کۆنی لەسەر دادەڕێژرێت، بەڵام تەنیا هێندە هەیە شاعیری نوێ بە ئارەزووی خۆی یاری بەو بەحرانە دەکات و هەڵیان دەسوڕێنێ))[3]

---

١ – دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل ١٥٢-١٥٣

[2] – حسێن عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، ل٣٦٦

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٦

نووسەر تاووتوێی شیعری "ئەی کچە شوان"ی کامەران دەکات و بڕوای وایە یەکێکە لە شیعرە سەرکەوتووەکانی شاعیر، چونکە شاعیر توانیویەتی کۆت و بەندی کێش و سەروا تێکبشکێنێت و یەکێتی واتا بەرجەستە بکات، ئەگەرچی شاعیر لە شیعرەکەیدا کێشی (هەزەج)ی بەکارهێناوە، کە یەکێکە لە دەریاکانی کێشی عەرووزی عەرەبی، بەڵام وەکو شاعیرانی کلاسیک کێشەکەی وەکو خۆی بەکارنەهێناوە و پەیڕەوی هاوسەنگی تەفعیلەکان لەدێڕەکاندا ناکات، بەڵکو شاعیر کێشە عەرووزییەکەی تێکشکاندووە و بە ویستی خۆی تەفعیلەکانی بەکارهێناوە و بەمەش ئاوازێکی نوێی بە شیعرەکە بەخشیوە، وەک دەڵێ: ((لە هۆنراوەی "ئەی کچە شوان"دا کە پارچەیەکە لە هۆنراوەی ڕزگارکراو لە کۆت و زنجیری وەزن و قافیە، لەسەر بەحری هەزەج دانراوە، بەڵام لەباتیی ئەوەی خۆی ببەستێتەوە بەو کۆتەی کە ژمارەی "مفاعیلن" وە لێدانی "الایقاع" لە هەموو دێڕەکانیدا هەر دەبێ بە قەدەر یەک بن، هێناویەتی دێڕی یەکەمی بەیەک تەفعیلە وە دووەمی بە یەکێک و سێیەمی بە دووان و چوارەمی بە یەکێک و .. هتد، هێناوەتەوە لە کاتێکدا لە سنووری ئەو بەحرەش نەچووەتە دەرەوە))[1] هەروەها لەڕووی سەرواشەوە شیعرەکە بەتەواوی دەستبەرداری سەروا نەبووە، بەڵکو خۆی لە کۆت و بەندی ئەو یەکێتی سەروایە ڕزگارکردووە، کە لە شیعری کلاسیکیدا هەیە و یەکپارچەیە، شاعیر بە ویستی خۆی و بەپێی پێویستی شیعرەکە سەروای بەکارهێناوە، کە ئەمەش وای لەشاعیر کردووە لەپێناوی سەروادا یەکێتی واتا لە دەست نەدات، وەک دەڵێ: ((وە هەروەها هۆنراوەی نوێ خۆی لەو کۆتەش ڕزگار دەکا کە لەسەرەتاوە تا کۆتایی هەر بەیەک قافیە بێتەوە، وە یا خۆ تێهەڵکێش وەیا جووت جووت بگیرێ، بگرە شاعیر بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی ئاڵوگۆڕی "تنوع" بە قافیە بکات، هەروەکو کامەران لە "ئەی کچە شوان"دا بەکاری هێناوە، ئەمەش بێگومان هەر بۆ ئەو مەبەستەی پێشووە کە باسمان کرد ، یانی ماوەدان بە شاعیر بۆ دەربڕینی ئەو مانایەی مەبەستییەتی بێ کەموکووڕی و بە یەکگرتوویی))[2]

پاشان نووسەر لەبابەت یەکێتی واتاوە بەشێوەیەکی گشتی لە شیعرەکانی کامەران دەدوێت و بڕوای وایە شیعرەکانی شاعیر هێشتا ناتەواوی زۆریان تێدایە، تەنانەت هەندێکیان هەر یەکێتی واتایان تێدا نییە، بۆ نموونەش چەند شیعرێکی شاعیری هێناوە و خوێندنەوەی بۆ کردوون و ئەوەی سەلماندووە، کە شاعیر بەهۆی خۆ

---

[1] – حسێن عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، ل٣٦٦

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٦-٣٦٧

ڕزگارنەکردن لە کۆت و بەندی یەکێتی کێش و سەروا نەیتوانیوە یەکێتی واتا بەرجەستە بکات، هەروەک دەڵێ: ((کۆت و زنجیری وەزن و قافیە تەنگیان بە کامەران هەڵچنیوە و بووەتە هۆی ئەوەی نەتوانێ یەکێتی بدات بە مانای هۆنراوەکانی و بە پچڕپچڕی وە یا کورت و کوێری لە دایک دەبن))[1]

بەبڕوای ئێمە نووسەر بەرهەمێکی بەسوودی بۆ ئەو سەردەمە نووسیوە، بە وردی باسی کێش و سەروای کردووە و داوای ئەوە دەکات شاعیران گۆڕانکاری لە کێش و سەروادا بکەن، بەڵام داوای دەستبەرداربوونی یەکجاری لە کێش و سەروا ناکات، بەڵکو داوا دەکات بەشێوازێکی جیاواز بەکاربهێنرێت، بەشێوەیەکی گشتی کێش و سەروا دەبەستێتەوە بە واتاوە و بڕوای وایە هەر شیعرێک پەیڕەوی یەکێتی کێش و سەروای کرد؛ ئەوا یەکێتی واتای تێدا بەرجەستە نابێت، هەر شاعیرێکیش بیەوێت لە شیعرەکانیدا پەیڕەوی یەکێتی واتا بکات، ئەوا دەبێت سەرەتا دەستبەرداری یەکێتی کێش و سەروا بێت. هەروەها ئەو بۆچوونەشی لەجێگەی خۆیدا نییە، کە بنەما کێش و سەروای بە کۆت و زنجیر ناوبردووە، چونکە کێش و سەروا بنەمای ئیستاتیکی شیعرن.

**ناکام** لەساڵی (١٩٥٩) نامیلکەیەکی بەناوی (هۆنراوەی نوێ لی کولینەوەییکی ویژەیی) بڵاوکردووەتەوە و تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەم نامیلکەیە وەڵامدانەوەی بۆچوونەکانی کتێبی (کامەران و هۆنراوەی نوێ)یە، کە لەلایەن (محەمەد سدیق عارف)ەوە نووسراوە. نووسەر تێیدا خوێندنەوە بۆ ئەم کتێبە دەکات و گفتوگۆی سەرجەم بیروڕاکانی ناو کتێبەکە دەکات و تێڕوانینی خۆی دەربارەیان دەخاتەڕوو، هەروەها هەوڵدەدات لە ڕێگای خوێندنەوەی ئەم کتێبەوە بیروبۆچوونەکانی خۆی دەربارەی شیعری تازە و بنەماکانی و تایبەتمەندییەکانی بخاتەڕوو، ئەوەی لێرەدا ئێمە دەمانەوێت لەسەری ڕابوەستین، سەرنجەکانی نووسەرە دەربارەی لایەنی ئاوازی شیعری. نووسەر دژی ئەو بیروباوەڕەیە، کە پێی وایە یەکێتی کێش دەبێتە هۆی ئەوەی شاعیر ئەوەی لەمێشکیدایە نەتوانێ بەتەواوی دەریان ببڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش داوای بەراورد لەنێوان شاعیری نوێخوازی عەرەب (حسێن مەردان ١٩٢٧-١٩٧٢) و شاعیری کلاسیکی عەرەب (جەواهیری ١٨٩٩- ١٩٩٧)دا دەکات و بڕوای وایە شیعرەکانی (جەواهیری) زیاتر واقعیترن و مرۆڤ دەتوانێت بۆ ژیان سوودیان لێ ببینێت، وەک لە

[1] - حسێن عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، ل٣٦٩

شیعرەکانی (حسێن مەردان)، وەک دەڵێ: ((بو وەلامی دانەر کە ئەلی وەزنی کون ئامانجەکانی میشکی شاعیری بەسەزمان ژەنگاوی ئەکات و ئەیان خنکینی، وا چاکە خوی چاویک بە هەلبەستەکانی عەرەبی "حسین مەردان"ی هونەری نویی زور نوی دا بخشینی و لەگەل شیعرەکانی جەواهیری شاعیری شیوە کونا بەراوەردیان بکا و بزانی کامیان ئەمرو کەلکی ژیانن و کامیان پەیمانی زورانبازیی ئادەمیزاد و ژیانیان گرتوتە ئەستو؟))[1] هەروەها دووبارە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەوە یەکێتی کێش و سەروا نییە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم شاعیردا بۆ ئەوەی ئەوەی مەبەستێتی دەری ببڕێت، چونکە شاعیر دەتوانێت بەو کێش و سەروایەی لە شیعری کلاسیکدا هەیە مەبەست و بابەتی نوێ دەربببڕێت، بۆ بەڵگەی قسەکانیش بەراورد لەنێوان شیعرێکی (هەژار موکریانی) و شیعرێکی (سالم)دا دەکات، کە بڕوای وایە ئەو شیعرەی هەژار لەسەر ڕێوشوێنی شیعرەکەی سالم نووسراوە، لە هەمان کاتدا مەبەستێکی نوێ و بابەتێکی تازەی خستووەتەڕوو، وەک دەڵێ: ((کەواتە بەجی هینانی فرمانی ژیان بەرامبەر بە خاک و گەل لەلایەن شاعیرەوە، وەنەبی تەنها کیش و قافیە ریگای لی بگری یا پیشی بەرەللا بکا. ئەو شاعیرە بەرزەی بە ئەلماسەکانی تاجی پاشا ئەلی "فرمیسکی دانە دانەی هەتیوە هەلوەریوە" لە وەزن و شیوەدا شوین "یارم لە پەردە دەرهات جامی شەرابی هینا" کەوتوە کە کون و تازەیی لە بابەتەکانیانایە، ئەگینا شیوە و کیشیان یەکە ))[2] هەروەها ئەوەش ڕوون دەکاتەوە، کە حاجی قادری کۆیی لەسەر هەمان ڕێوشوێنی کلاسیک ڕۆیشتووە، شیعرەکانی پابەندی بنەماکانی شیعری کلاسیکین، بەڵام ناوەرۆکی تازەی پێ دەربڕیون، ((جاری ئەبی ئەوە بزانین کە حاجی قادر شیوەییکی تازەی ئەوتوی بو شیعری کوردی دروست نەکردوە کە باری هەلبەستی نیشتمانی و کومەلایەتی ئاسان تر کردبی. ئەویش بی کەم و زیاد هەر لەسەر پیودانی شاعیرانی پیش خوی رویشتوە، تەنها ئەوەندە هەیە بابەتی هەلبەستەکانی حاجی قادر جیایە لەگەل ئەوانی پیش ئەوا. هیچ شیعریکی حاجی قادر نیە هاوکیشی لە دیوانی شاعیرەکانی پیشووترا نەبی، واتا حاجی قادر مەبەستیکی تازە بابەتی بەشیوەی کون وتووە ))[3]

[1] – ناکام، هونراوەی نوێ، چ١، چاپخانەی کامەران،سلێمانی، ١٩٥٩، ل١٥-١٦
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٦
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢١

ئەگەرچی نووسەر پرسیاری ئەوە دەکات، کە شیعری نوێ بۆچی ئەوەندە دژی کێش و سەروا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ بیروڕای (محەمەد سدیق عارف) دایە دەربارەی شیعری نوێ، بەتایبەتی لە جەخت کردنەوە لە واتای شیعرەکە، بەڵام ئەم بڕوای وایە ناکرێت شیعری نوێ بێ ئاواز بێت، ئەگەر هەندێکجار پابەندی جۆرە کێش و سەروایەکیش نەبێت ئاساییە، بەڵام نابێت شیعرەکەی بێ ئاواز بێت، وەک دەڵێ: ((بوچی ئەبی شیعری نوی ئەوەندە دوژمن بە وەزن و قافیە بی؟ بەلی ئەبی هەلبەستی نوی چەشنە دارشتن و لەرە و موسیقاییکی تایبەتی ببی، ئەبی هونەری ئەمرو کە هاتە سەر نوسینی شیعر هەمو هوش و هەستی بخاتە سەر ئەو ئامانجەی خوی بو ئامادە کردوە و ئیتر بەبی خەفەت قافیە لەپیناوی مانادا بشیلی و تەنانەت هەندی جار بوی هەیە قیروسیا لە کیشیش بکات، بەلام هەرگیز ریگەی ئەوەی نادریتی نوسینەکەی موسیقای نەمینی))[1] نووسەر لێرەدا ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگ دەکات، کە هاوشێوەی بیروبۆچوونەکەی (مارف خەزنەدارە) ئەویش ئەوەیە: شیعر دەکرێت خاوەنی ئاواز بێت و پابەندی کێش و سەرواش نەبێت. کە بەبۆچوونی ئێمەش بۆچوونێکی زۆر تەواوە، چونکە چیتر شاعیر پێویستی بە کێش و سەروا نەبوو بۆ دانانی شیعر، بەڵکو پشتی دەبەست بە ئاوازی ناوەوە و ئاهەنگی وشەکان بۆ دانانی شیعر.

هەروەها وەڵامی (محەمەد سدیق عارف) دەداتەوە و ڕەخنەی ئەوەی لێدەگرێت، کە شیعرەکانی (پیرەمێرد و ئەحمەد موختار و زێوەر) لەڕووی کێشەوە هاوشێوەی شیعری کلاسیکین و نموونەیان لە فارسی و عەرەبیشدا هەیە، چونکە پەیڕەوی دەریاکانی عەرووزی عەرەبییان کردووە، وەک دەڵێ: ((دانەر بەچی بوی دەرکەوتوە کە پیرەمیرد و ئەحمەد موختار و زیوەر، لە رومانتیکی دوور کەوتونەتەوە و هونراوەکانیان بەشیوەی فارسی و عەرەبی نیە؟ کام شیعری پیرەمیرد و ئەحمەد موختار و ئەوانی ترئەو ئەیان ژمیری، لە کیشی تەفعیلە و دەریاکانی عروز چونەتە دەری؟ یا وینەیان لە دیوانەکانی فارسی و عەرەبیدا نیە؟))[2] لێرەدا نووسەر بۆچوونەکانی تەواو نین، چونکە پیرەمێرد چەندین شیعری هەیە بە کێشی پەنجەی خۆماڵی نووسراون و نمونەیان لە شیعری فارسی و عەرەبیدا نییە.

[1] – ناکام، هونراوەی نوێ، ل٢٤-٢٥

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢١

بەگشتی بۆچوونەکانی نووسەر زیاتر بەرگری کردنە لە یەک ڕەنگی کێش و یەکێتی سەروا، هەروەها دەیەویت ئەوە بسەلمێنێت، کە شاعیر دەتوانێت بەم کێش و سەروایە واتای نوێ بگەیەنێت و بەشێک لە شاعیرانیش ئەم کارەیان کردووە. لێرەدا نووسەر بۆچوونەکانی گونجاو نین، چونکە شیعری نوێ پێویستی بە ئاوازێکی نوێ هەبوو، تا لەگەڵ گیانی سەردەمدا بگونجێت، بەڵام ئەو بۆچوونەی زۆر لەجێگەی خۆیدایە، کە مۆسیقای شیعر و کێش و سەروا لە یەکتری جیاکردووەتەوە و بڕوای وایە دەکرێ شیعر ئاوازی هەبێت بەبێ پەیڕەوکردنی کێش و سەروا.

**هەژار موکریانی** لە گۆڤاری (روناهی)دا گوتارێکی ڕەخنەیی بەناوی (ئەدەبی کوردی سەر بەرەو ژیرو دەروا)ی لەسەر شیعری نوێی کوردی نووسیوە و تیایدا بەشێوەیەکی تەنزئامێز ڕەخنە لە شیعری نوێی کوردی دەگرێت و نووسینەکەی بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەش کردووە و هەر تەوەرێک ناوێکی لێ ناوە. لە تەوەری (لاسایی منالانەش)دا لەسەر ئاوازی شیعری نوێ ڕاوەستاوە و دژایەتی خۆی بۆ ئەو شیعرانە دەردەبڕێت، کە بە لاساییکردنەوەی ڕۆژئاوا دادەنرێت و (کێش و سەروا)ی نییە، بەو بیانووەی ڕۆژئاواییەکان ژیانی خۆیان گۆڕیوە و ئێستا زۆر پێشکەوتوون، ئێمەش خۆ ئەگەر نەتوانین وەک ئەوان پێش بکەوین خۆ دەتوانین ئەدەبەکەمان وەک ئەدەبی ڕۆژئاواییەکان لێبکەین، وەک دەڵێ: ((دەسا ئەوی دەتوانین با ئەوە بکەین: ئەدەبەکەی خومان وەک هی ئەوان لی بکەین، ئەگەر نەمانتوانی معنا و نیازی وەک ئەوانیش بینین قەی ناکا هەر کەسم و بیچمەکە حەسایە، دەوەرن بروانن باوکم: کوا ئەوان لەسەر رەوتی فەعولن فەعول دەرون؟ شیعری ئوروپایی نە قافیەی هەیە و نە وەزن، ئیمەش با لەسەر رەوتی ئەوان بروین و زوریش هاسانە))[1] پاشان وەک نموونە بۆ قسەکانی چەند دێڕێک ڕیز دەکات لەسەر شێوەی شیعر، کە کێش و سەروای نییە، پاشان ئەوە دەخاتەڕوو، کە ڕۆژئاواییەکان سەرەڕای ئەو هەموو پێشکەوتن و شارشتانییەتەش هێشتا هەر لەسەر ڕەوتی شیعری هەزار ساڵ لەمەو پێش دەڕۆن، چونکە شیعر دەبێت گوزارشت لە ژیان و گوزەران و چێژی باوی کۆمەڵ بکات، وەک دەڵێ: ((بریا کەسیک بوایە ئەم تازە کورانەی دابسرکاندایە و بیگوتایە کاکە! ئەو کونەی تو دەستت پیداکردووە جی ماوە چویلەکەی تیدانیە!! روژئاواییەکان کە باری ژیانی خویان گوریوە، کەریان گوریوە بە فروک، بەلام رەوت و هەوای شیعریان هەر هی هەزار سال لەمەوبەرە. شیعر ئەوەیە گەل بە گورانی دەیلی و گەلەکانی روژئاوا گورانیەکانیان

---

١ – هەژار، ئەدەبی کوردی سەر بەرەوژیرو دەروا، گ. روناهی، ژ ١، ساڵی ١، بەغدا، ١٩٦٠، ل ٦٣

شیعری ئاوای دەوی باوی ژیانیان گوراوە، بەلام زەوقی گورانیان نەگوراوە، هاتوون لەسەر کونەکەی خویان زیادیان کردوە و ریک و پیکیان خستوە و لە گورانی ساکارەوە خستویانەتە ناو موسیقاوە و لەسەر کاغەز دایان کوتاوە کە گوم نەبی))[1]

نووسەر داوای دەستبەرداربوون لە ئاوازی بێگانە و گەڕانەوە بۆ ئاوازی خۆماڵی دەکات و هاوڕایە لەگەڵ ئەو کەسانەی، کە داوای دەستبەرداربوون لە مۆسیقای عەرەبی (کێشی عەرووز) دەکەن و ئەم داواکارییە بە شتێکی پەسەند دەزانێت، وەک دەڵێ: ((تو کە خەیالی نوسینی تازەت هەیە و دەتەوی وەک خوداپیداوان بکەی؟ زور بیریکی پەسەندە منیش لەگەلتم کە دەست لە فەعولون فەعول و مەفاعیلن فەعولات بەربدەی کە ئەمە میراتیکی کون و دوابراوی عەرەبانە و لە بن عەبا و عەگالەوە بە سواری حوشتر بومان هاتوە و بە سەتان سالە بە ملمانەوە چەسپیوە))[2]
نووسەر جەخت لەسەر دەست بەرداربوون لە کێشی عەرووز دەکاتەوە بەلاَم دژی ئەوەیە بە یەکجاری دەستبەرداری کێش و سەروا بین بەناوی شوێنکەوتنی ئەدەبی ئەورووپیەوە، نووسەر ڕەخنە لەوانە دەگرێت دەیانەوێت لاسایی ئەدەبی ئەورووپایی بکەنەوە، چونکە ئەم گۆڕینەوەیە سوودێکی وای نییە و ناتوانێ پێویستییە چەشەییەکانی تاکی کوردی پڕبکاتەوە، چونکە لە کۆتاییدا دەست بەرداری هەندێ بنەمای هونەری ئەدەبی بێگانە بوویت، لەهەمانکاتدا کەوتیتە لاساییکردنەوەی ئەدەبێکی تری بێگانە، کە ئەمەش بە زیانی ئەدەبەکەمان دەشکێتەوە، وەک دەڵێ: ((دەست لە کلکی هەوای شیعری عەرەب هەلگرە چونکە پیم وایە لە زەوقی کوردی گورانی بیژ و گویگر دورە، تو کە ئەوەم بو بەهەوای ئوروپایی بگوریەوە؟؟ بەسەد هەزار گوریسیش بە زەوقی هیچ کوردیکەوە نانوسی))[3]

نووسەر داوای ئەوە دەکات، کە شاعیرانی کورد بگەڕێنەوە بۆ ئاوازی خۆماڵی (کێش و سەروای خۆماڵی) و بیکەنە بنەمای تازەگەری و نوێبوونەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی گۆرانی کۆنی کوردی بە هەزاران ئاوازی جیاوازی تێدایە و ئەم ئاوازانەش لەگەڵ هەست و هۆشی میللەتدا ڕێک دەکەوێت و شاعیرێش دەتوانێت شیعرەکانی خۆی پێ نوێ بکاتەوە، نووسەر (مەولەوی تاوەگۆزی) بە شاعیرێکی نوێگەر دادەنێت، لەبەر ئەوەی پەیڕەوی ئاوازی ڕەسەنی کوردی کردووە و شیعرەکانیشی لەگەڵ چێژی

---

١ - هەژار، ئەدەبی کوردی سەر بەرەوژیرو دەروا، ل ٦٣
٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥
٣ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥

گشتیدا دەگونجێت، هەروەها داوا دەکات شاعیران بگەڕێنەوە بۆ ئاوازەکانی لاوک و حەیران و هونەرەکانی تری گۆرانی کوردی، نووسەر دەڵێ: ((من بە مەولەوی تاوەگوزی دەلیم تازە کە شیعرەکانی بو گورانی هەمو گورانیبیژیکی کورد دەست ئەدا و لەگەل پتر لە پەنجا هەوادا ریک دەکەوی. دەتەوی تازەبیەوە بچو شیعری بە مەعنای تازە بەهەوای بەیتەکانی کوردی لەسەر رەوتی حەیران و لاوک و لەشکربو خەزال بلی چی لە دلت دایە بیخە ناو هەوایەکی، کە کورد بە گورانی دەیلین تا بیبیسن و بچیتە دلیانەوە و بەم هویەوە باری ژیانی ناخوشیان پی بگورە))[١]

نووسەر ئەوە دەخاتەڕوو، کە (گۆران) شاعیرێکی نوێگەرە و خاوەن قوتابخانەیەکی نوێیە لە ئەدەبی کوردیدا، لەگەڵ ئەوەشدا پابەندی کێش و سەروا بووە، چونکە (گۆران) شاعیرێکی لێزان بووە و دەستبەرداری کێشی عەرووزی عەرەبی بووە و بە کێش و سەروای خۆماڵی واتای تازەی پێشکەش کردووە، کە هەر ئەمەش نهێنی سەرکەوتنی شاعیر و بەرەو پێشچوونی بووە، وەک دەڵێ: ((من تا ئیستا شیعریکی گورانم نەدیوە کە وەزن و قافیەی نەبی. وە باوەریشم وایە کە گوران خاوەن مەدرەسەیەکی تازەیە بەلام فیلەکەی دوزیوەتەوەدەستی لە کلکی حوشترەکە بەرداوە و مەعنای تازەی خستونە ناو بەندوباوی کوردانەی خومانەوە))[٢]

نووسەر لە گوتارەکەیدا داوای نوێبوونەوەی شیعری کوردی و دەستبەرداربوون لە بنەمای کێش و سەروای شیعری عەرەبی دەکات، بەڵام دژی ئەوەیشە کە بەیەکجاری دەستبەرداری کێش و سەروا ببین بەناوی لاساییکردنەوەی شیعری ئەوروپییەوە، نووسەر بڕوای وایە باشترین ڕێگا بۆ نوێکردنەوەی شیعری کوردی گەڕانەوەیە بۆ کێش و سەروای خۆماڵی و نوێکردنەوەی شیعرە بەم بنەما هونەرییانەی شیعری خۆماڵی کوردی، وەک (گۆران) ئەم کارەی کردووە. بەبۆچوونی ئێمەش قسەکانی نووسەر لەجێگەی خۆیدان، بەتایبەتی کاتێک داوا دەکات بە پشت بەستن بە ئاوازی شیعری خۆماڵی شیعری کوردی نوێ بکرێتەوە، پیرەمێرد و گۆران دوو شاعیری گەورەی کوردن و شیعرەکانیان نموونەی شیعری جوان و داهێنەرانەن. بەڵام ئەو بۆچوونەی، کە بڕوای وایە شوێنکەوتنی ئەدەبی ئەوروپی بێسوودە و پێویستییە چەشەییەکانی تاکی کوردی پڕناکاتەوە تەواو نییە، چونکە هەروەک سوود

١ – هەژار، ئەدەبی کوردی سەر بەرەوژیرو دەروا، ل ٦٥-٦٦

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦

وەرگرتن لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی ئەدەبێکی بەرزی پڕ لە ئیستاتیکای بۆمان هێنایە ئاراوە، بە هەمان شێوە سوود وەرگرتن لە ئەدەبی ئەوروپیش لەو سەردەمەدا ڕۆڵی خۆی هەبووە لە هێنانە ئارای ئەدەبێکی بەرزی پڕ ئیستاتیکی، کەواتە گەر بمانەوێت ئەدەبێکی کاڵا بەقەد باڵامان هەبێ، دەبێ لەسەر ئاواز (کێش و سەروا)ی خۆماڵی بێت، نەک بێگانە.

(**مارف خەزنەدار**) لە ساڵی (١٩٦٢) لە (ئەکادیمییەی زانستی سۆڤیەت لە لینینگراد) گوتارێکی دەربارەی کێش و سەروا بەناوی (کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا)[١] نووسیوە و هەر هەمان ساڵ بەشێوەی کتێب لە (عێراق) بڵاوی کردووەتەوە. ئەم گوتارە توێژینەوەیەکی زانستییە دەربارەی کێش و سەروای شیعری کوردی. نووسەر لە بەشی یەکەمی گوتارەکەیدا بەشێوەیەکی گشتی باسی کێشی شیعر و جۆرەکانی و مێژووی کێشی شیعر و ئەو کێشانەی لە شیعری کوردیدا بەکارهاتوون دەکات، کە بریتین لە کێشی عەرووز و کێشی بڕگەی خۆماڵی. نووسەر سەرەتا پێناسەی کێشی شیعری دەکات، پاشان باسی بنەڕەتی کێش دەکات، کە بڕگەیە و ئەوە دەخاتەڕوو، کە هەر دێڕە شیعرێک لە چەند بڕگەیەک پێکدێت، هەروەها باس لە بڕگەی کورت و درێژ و چۆنیەتی پێکهاتنیان دەکات. دواتر باسی مێژووی کێشی شیعری زمانە هیندۆ-ئەوروپییەکان دەکات، هەر لە کتێبی ئاینی ڤیداوە تا دەگاتە زمانی سانسکریتی و یۆنانی کۆن و لاتینی و لە زمانی پەهلەویشدا، پاشان بەوردی باسی کێش لە کتێبی ئاینی ئاڤێستادا دەکات و کێشی سەرجەم بەشەکانی ئەم کتێبە ئایینییە دیاری دەکات و دەیانبەستێتەوە بە کێشی شیعری کوردییەوە، وەک دەڵێ: ((لە پاش ئەم پیشان دانە، وە روون کردنەوەی هەندی راستی لە بابەت کیش و جوری هیجا و ژمارەکانی هیجا و دیرە شیعرەکانی ئاویستا و هەندی لە زمانە کونەکانی هیندو-ئەورووپایی کە دوور و نزیک زمانی کوردی پەیوەندی پییانەوە هەیە))[٢] هەروەها دەڵێ: ((ئەم پیشان دانە شتیکی بە کەلکە بو دوزینەوەی بناغەی کیشی شیعری کوردی، بناغەییکی خومالی، بەلام وانەبی شیعری کوردیش، ئەوەی لە بەردەستمان دایە، هەر لەسەر ئەم بناغە خومالیە دامەزرابی، بەلکو کیشیکی بیگانەشی کە عەرووزی عەرەبیە تەئسیری تی

[١]- مارف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی ئەلوەفاء، بەغدا، ١٩٦٢
[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤

کردووه، وه بو ماوەییکی زور دەوریکی گرنگی بووه له شیعری کلاسیکی کوردیدا، وه ئەم دەوره تا ئیستاش هەرماوەتەوه لەلای هەندی له شاعیرانی کورد))[1]

نووسەر له تەوەرێکی تری گوتارەکەیدا باسی کێشی شیعری عەرەبی و مێژووی دۆزینەوەی ئەم کێشه و بنەڕەته سەرەکییەکانی و دەریاکانی ئەو زەحافانه دەکات بەسەر ئەم کێشەدا دێن و بڕوایشی وایه ئەم کێشه لەگەڵ بنەڕەتەکانی زمانی کوردیدا ناگونجێت، وەک دەڵێ: ((ئەتوانین لیرەدا بگەینه ئەنجامیک ئەویش ئەوەیەو که کیشی عەرووز ئەگەرچی بو زمانی عەرەبی دەست ئەدا، بەلام کەلکیکی ئەوتوی بو زمانی کوردی و فارسی نییه، بویه ئەبینین هەر لەکونەوه عەجەمەکان بەحری تازه و زحافی تازەیان داهیناوه، چونکه هەرچەند کردویانه هەر زمانەکەیان بەسەر ئەم دەستوورانەدا زال بووه، جگه له دەست کاری له دەنگی تیپەکاندا کراوه لەو کاتەی شیعرەکانیان خویندوتەوه، بو ئەوەی لەگەل بەحریک له بەحرەکانی عەرووز لەتای ترازوودا بوەستی))[2] هەروەها نووسەر باسی کێشی پەنجه و بنەماکانی دروستبوونی و هیجای کورت و درێژ دەکات. پاشان دێته سەر کێشی شیعری کوردی و بەوردی باس لەو کێشانه دەکات، که لەشیعری کوردیدا بەکارهاتوون، که بریتین لەکێشی عەرووزی عەرەبی و کێشی پینجەی خۆماڵی، لەکێشی عەرووزیدا دەڵێت: ((ئیمه ئەگەر به زور بمانەوی کیشی عەرووز بو کیشی شیعری تازەش بەکاربهینین ئەتوانین به زور بیسەپینه سەری، وەکو کراسیکی تەسک لەبەر پیاویکی قەلەو بکەین، یا به پیچەوانه، هەروەها ئەتوانین شیعری که ناومان ناون عەرووزی لەرووی کیشەوه بەهیجای خومالی بکیشین ))[3] هەروەها کێشی پەنجه دەبەستێتەوه بەکێشی فۆلکلۆری کوردییەوه و نموونەی گۆرانی و بەیت و لاوک و حەیران و نموونه لەکتێبی ئاینی یەزیدییەکان دەهێنێتەوه بەمەبەستی سەلماندنی ڕەسەنی ئەم کێشه و گونجانی لەگەڵ زمانی کوردیدا.

خەزنەدار له تەوەرێکی تری گوتارەکەیدا باسی شیعری نووسراوی کوردی دەکات که به (شیعری هونەری تازه) ناوی دەبات و کێشی ئەم جۆره شیعره بۆ دوو جۆر دابەشدەکات: ((شیعری یەک کیشی، وەک کیشی گورانی و هەندی له بەیتەکات، دووەمیان شیعری کیشی خومالی رەنگاورەنگ وەکو لاوک و حەیران و هەندی له

---

[1]- مارف خەزنەدار، کێش و قافیه له شیعری کوردیدا، ل ١٥

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩

بەیتەکان))[1] ئەوەی جێگای سەرنجە نووسەر لە شیعری یەک کێشی خومالی هەوڵ دەدات شیعری شاعیرانی کلاسیک بەپێی بنەماکانی کێشی پەنجەی خۆماڵی لێکبداتەوە، نووسەر شیعری (ساقی لە پەردە دەرهات جامێ شەرابی هینا)ی (سالم) و شیعری (دەریایی حوسن و نازی مەوج و حوبابی هێنا)ی (حەمدی) هێناوە و دەربارەیان دەڵێ: ((ئەم شیعرانە بە ترازووی عەرووز ئەکیشرین، بەلام گەلی بە کەلکە هەندیکی تریش لییان ورد ببینەوە بلیین هەردیرە شیعریک لەم قەسیدەیەدا "١٤" هیجایە، وەستان لە ناوەراست دایە وەکو بەشی چوارەمی گاتەی ئاویستا، کە هەر شیعریکی "١٤" هیجایە وە وەستان لە ناوەراست دایە "٧+٧" ئەمە لەلاییک، لە لاییکی ترەوە ئەتوانین هەر دیرە شیعریکی ئەم قەسیدەیە بکەین بە دوو دیرە شیعر، ئەو کاتە هەر دیرە شیعریک ئەبیتە "٧" هیجا، واتە کیشی "٧" هیجایی کە لە پەهلەویدا هەیە، یاخود کیشی گورانی کوردی))[2] هەروەها نووسەر شیعری (لی عەندەلیب و بلبلین – روژ هاتە بورجا سونبولین)ی مەلای جزیری و شیعری (تکانی ئابرووی چەمەن/ بەرووی ئابدارەوە)ی زێوەریشی بەهەمان میکانیزمی شیعرەکەی (سالم) و (حەمدی) لێکداوەتەوە. بەڵام بەبڕوای ئێمە کێشانی ئەم شیعرانە بە کێشی پەنجەی خۆماڵی لە جێگەی خۆیدا نییە، چونکە ئەم لێکدانەوانە بۆ شیعری کلاسیکی هەر وەک ئەو کراسە تەسکە وایە، کە بیکەیتە بەر کەسێکی قەڵەو، چونکە بەهەر کێشێک جگە لە کێشی عەرووزی عەرەبی ئەم شیعرانە بکێشین لەنگ دەبێت و تەواو دەرناچێت.

نووسەر لە کێشی ڕەنگاو ڕەنگی خۆماڵیدا نموونەی شیعری شاعیرانی نوێی کوردی هێناوە، کە لە یەک شیعردا چەند کێشێکی جیاوازیان بەکارهێناوە و بڕوای وایە بەکارهێنانی ئەم شێوازەی بەکارهێنانی کێش ڕەگوڕیشەیەکی کۆنی هەیە و لە لاوک و حەیران و هەندێ بەیتەکاندا بەکارهاتووە.

خەزنەدار لەتەوەری سەروادا، سەرەتا پێناسەی سەروا دەکات و بڕوای وایە سەروا بنەڕەتێکی سەرەکی پێکهێنانی ئاوازی شیعری کوردییە، وەک دەڵێت: ((قافیە مەرجیکی گرنگ و پیویستە بو شیعری کوردی، شیعری کوردی ئەوەی لەژێر دەستمان دایە، هیچ یەکیکی ئەم مەرجەی فەراموش نەکردووە، جا ئایا قافیە هەر لە بنجدا مەرج

[1] - مارف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، ل ٤٤
[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤-٤٥

بووە بو شیعری کوردی؟ یا رووداوە؟))[1] نووسەر بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە باسی زۆربەی زمانە کۆنە جیهانییەکانی، وەک (هیندۆ-ئەوروپی، سانسکریتی، یۆنانی، لاتینی، هیندۆ-ئێرانی، ئینگلیزی کۆن و شیعری فۆلکلۆری ڕووسی) کردووە، کە شیعر لە هەموویاندا بێ سەروا بووە و قسەیەکی (خواجە نەسیری توس)یش دێنێتەوە کە قافیە بە موڵکی عەرەب دادەنێت و نەتەوەکانی تر لە عەرەبیان وەرگرتووە، پاشان دەڵێ: (( بو وەرام دانەوەی پرسیاری بوون و نەبوونی قافیە لە شیعری کوردیدا، دیارە کاریکی گەلیک قورسە، چونکە ئەو شیعرە کوردییەی لەژیر دەستمان دایە هەمووی قافیەی هەیەو وەهیچ شیعری کونی کوردی ئەوتوشمان لەژیر دەستدا نییە کە قافیەی نەبی، بەلام لەگەل ئەوەشدا ئەتوانین بلیین: ئەگەر لە زمانە کونەکانی هیندو-ئەورووپایی و هیندو-ئیرانیدا قافیە نەبووبی، وە ئیستا کە ئەوەی ئەم زمانانە قافیەییکی تایبەتییان هەیە، کە لە قافیە خومالییەکەی کوردی ئەکا، لەوانەیە لە کوردیشدا نەبووبی! وەکو شیعری ئەو زمانانە گورابی و پیش کەوتبی تا هاتبیتە سەر ئەو قافیە خومالییەی کە ئیستاکە هەیەتی))[2] ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە ناکرێت بە گومان و لەوانەیە بڕیار لەسەر بنەمایەکی گرنگی شیعری کوردی وەک (سەروا) بدرێت، لەکاتێکدا هیچ بەڵگەیەک نییە لەسەر بێ سەروایی شیعری کوردی لە کۆندا، هەروەها نووسەر دەیەوێت ئەو شیعرانەی بە کێشی عەرووز نووسراون بەکێشی پەنجە لێکبداتەوە و بەڵگەی بۆ دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت ئەم کێشانە خۆماڵین، کەچی لەلایەکی ترەوە کار لەسەر ئەوە دەکات گومان لەسەر سەروای شیعری کوردی دروست بکات و بڵێت لە بێگانەوە وەرمانگرتووە!.

نووسەر سەروای شیعری کوردی دابەش دەکات بۆ (یەکێتی سەروا) و (سەروای ڕەنگاوڕەنگ)، کە ئەمیش لە دوو جۆر پێکدێت (جووت سەروا) و (سەروای خۆماڵی) نموونەی شیعرییان بۆ دەهێنێتەوە و هەروەها باسی پاش سەروا و چۆنییەتی پێکهێنانی لەشیعری کوردیدا دەکات.

ئەم گوتارە زانستییەی مارف خەزنەدار، کە بۆ(ئەکادیمییەی زانستی سوفیەت)ی نووسیوە، یەکێکە لە گوتارە بەنرخەکان و لە سەردەمی خۆیدا سوودێکی باشی هەبووە، چونکە بەشێوەیەکی زانستی قسەی لە کێش و سەروا کردووە و شیکردووەتەوە و

[1] - مارف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، ل ٥٦
[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧

نموونەی شیعری لە ئەدەبی کوردی بۆیان هێناوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدەر نییە لە کەموکوڕی، چونکە دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە دەتوانین شیعری کلاسیکی کوردی بەکێشی پەنجەی خۆماڵی لێکبدەینەوە، کە ئەمەش کارێکی نەگونجاوە، هەروەها لەباسی سەرواشدا بێگومان دەیەوێت بڵێت: کە شیعری کوردی لە کۆندا سەروای نەبووە و لە شیعری عەرەبییەوە وەری گرتووە.

نووسەرێک بەناوی (**هیوا**) لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا گوتارێکی بەناوی (بەسەرهات و شوینەواری ماموستا گوران) بڵاوکردووەتەوە و تیایدا تیشکی خستووەتە سەر لایەنی ئاوازی شیعرەکانی گۆران و لێی دوواوە و ڕوونی کردووەتەوە، بۆ ئەم کارەشی پشتی بە چەند سەرچاوەیەک بەستووە. نووسەر لە سەرەتادا لەسەر شیعری کوردی بەگشتی ڕاوەستاوە و ئەوەی خستووەتەڕوو، کە ئەم جۆرە شیعرە بە کێشێکی ڕەوان نووسراون و دوورن لە کێشی(عەرووز)ی عەرەبی، کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی شیعر، هەروەها ئەوەی خستووەتەڕوو، کە شیعری نەتەوەکانی هاوسێی کورد بەهۆی بەکارهێنانی کێشی عەرووزەوە شیعریان لاوازن و وەک شیعری کوردی بەهێز نین، ئەمەش لەبەرئەوەی شیعری کوردی کێشی خۆماڵی بەکاردەهێنن، وەک دەڵێ: (( قواعیدی عەروضی شیعری عەرەبی و فارسی وەک دیل لە بەنددا دەست پێچ کردوە، کورد نەتەوەیەکە کە عاشقی ئەفسانە، پیاوەتی و سەربەستییە، لەسەر ئەوەشرا زمانەکەیان هێزیکی طبیعی هەیە بۆ بەیان کردن. ئەو نەتەوەیە، هەڵبەست و هۆنراوێکی زۆری دەرخستوە، وە دەتوانین بڵێین کە هەمیشە خاوەنی هەڵبەست و گۆرانی بوە کە بەشی زۆریان ئێجگار بەنرخن، قەواعیدی ئالوز و شێوازی (علم عروض) کە شیعری فارسی و عەرەبی و ترکی بێ هێز و بێ نوکتە کردوە، لە کوردیدا تەئسیری نەبووە))[1] ئەم بۆچوونەی نووسەر تەواو نییە و کەوتووەتە دوو هەڵەوە، یەکەم ئەگەر کێشی عەرووز ، کەهی زمان و ئەدەبی عەرەبییە، بۆ کوردی شیاو نەبێت بە بەراورد بەکێشی خۆماڵی، کێشی خۆماڵی پڕ بەپێستی ئەدەبی کوردی بێت، ئەوا بەهەمان تەرز کێشی عەرووز پڕ بەپێستی زمان و ئەدەبی عەرەبییە، لەبەرئەوەی لەگەڵ تایبەتمەندی زمانی ئەواندا دەگونجێت. دووەم ئەگەرچی کێشی عەرووز بۆ زمانی فارسی و تورکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاعیرانیان توانیویایە شاکاری شیعری پێ بەرهەم بهێنن کە لە ئاست ئەدەبە بەرزەکانی جیهاندان.

١ – هیوا، بەسەرهات و شوینەواری ماموستا گوران، ڕ. کوردستان، ژ.١٩٧، ١٩٦٣، ل٢

نووسەر ئەوە دەخاتەڕوو، کە شیعری کوردی بنەمایەکی کێشی جێگیری نییە، کە پێوەی پابەندبێ وەکو (عەرووز)، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم زمانە سروشتێکی شاعیرانەی هەیە و شیعری کوردی سەربەستە و هەر شیعرێک پابەندی ئەو ڕێوشوێنە دەبێت، کە شیعرەکە پێویستی پێیەتی، وەک دەڵێ: ((زمانی کوردی لە بناغەدا شاعیرانەیە؛ وە گەلی کورد، زۆرترینیان شاعیرن. شیعری کوردی تەواو طبیعیە شتی مصنوعی ناتوانی جێی تیدا بکاتەوە. هۆنەر دەتوانێ هەر کاتێ ویستی ڕێ و شوینیکی تازە دروست بکا. شیعری کوردی قاعیدێکی ثابتی نیە کە شیعر دەربەستی بێ، هۆنەری کورد دەیەوێ بیری خۆی دەربڕێ، ئامانجی تەنیا ئەوەیە کە ئەو بیرە بە باشی و ڕوونی بەدی بێنێ. هەر شیعرێک و هەر گۆرانێک، شێوە و ڕێ و ڕەوشتی تایبەتی خۆی هەیە))[١] بەمجۆرە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئاوازی شیعر و گۆرانی کوردی ئاوازێکی ڕەوانە و بە ئاسانی دادەنرێت و بۆ دانانی هیچ پێویستت بە زۆر لەخۆکردن نییە، بەپێچەوانەی مۆسیقای (عەرووز)ەوە کە دەبێت بۆ دانانی ماوەیەکی زۆر تەرخان بکەیت و بە دوای وشە هاوئاوازەکاندا بگەڕێت بۆ ئەوەی بتوانیت شیعرێکی بێ کەموکوڕی دابنێیت.

نووسەر بڕوای وایە (گۆران) سروشتی شیعری کوردی لە شیعرەکانیدا پاراستووە بە گەڕانەوەی بۆ کێشی پەنجەی خۆماڵی، کە تایبەتمەندی زمانی کوردییە و خەڵک پێی ئاشنایە، بۆ بەڵگەی قسەکانیشی پشتی بە نووسینێکی (گۆران) بەستووە لە سەر بەکارهێنانی ئاوازی خۆماڵی، وەک دەڵێ: ((مامۆستا گۆران باشتر لە گشت شاعرانی کورد توانی طبیعتی شیعری کوردی لە هەڵبەستەکانیدا بپارێزێ ... بەراستی شیعری مامۆستا گۆران مۆسیقای تیدایە، مۆسیقای تیدایە کە خوینەری شیعرەکانی لە کاتی خوێندنەوەدا گوێی لێ دەبێ و ئیحساسی دەکا ))[٢] ئەمەش لەبەرئەوەی (گۆران) لە شیعرەکانیدا ئاوازی خۆماڵی بەکارهێناوە و دەستبەرداری مۆسیقای بێگانە بووە، هەر بۆیە هەموو خەڵک دەتوانن هەست بە ئاوازی شیعرەکانی بکەن و چێژی لێ وەربگرن. هەروەها لەسەر ئەو بیروڕایە بەردەوام دەبێت، کە سەرکەوتنی (گۆران) بەهۆی ئەوەوە بووە دەستبەرداری ئاوازی بێگانە بووە و گەڕاوەتەوە بۆ ئەو ئاوازە خۆماڵییەی کوردی، کە لە شیعر و گۆرانی فۆلکلۆریدا هەیە، وەک دەڵێ: ((لە بەیت و چریکەی کوردیدا نثر و هەلبەست و مۆسیقا تێکەلن، بەیت بێژ لە بەیتێکدا ئەوی هەلبەستی دەنێ

١ - هیوا، بەسەرهات و شوینەواری ماموستا گوران، ل٢
٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٢

به ئاهەنگ بیخوێنێ و دەنگی لێ هەڵبێنێ، هەر هەڵبەستەش هەوای خۆی هەیە، هۆنراوەکانی مامۆستا گۆران دەلێی بەشیکە لەو هەلبەستانە کە لە چریکەیەک هینراوەتە دەرێ وە عنوانێکی لەسەردانراوە))[1] بەمجۆرە نووسەر بڕوای وایە گۆران لەڕووی شێوازەوە بەتەواوی شیعرەکانی هاوشێوەی شیعری فۆلکلۆری کوردین و دەڵێی بەشێکن لەو فۆلکلۆرە. نووسەر بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم بیروڕایەی هاتووە بەراوردی شیعرێکی فۆلکلۆری کوردی و شیعرێکی (گۆران)ی کردووە کە لەڕووی ئاواز و شێوازەوە هاوشێوەیەی یەکن بەڵام لە ڕووی واتاوە جیاوازن، وەک دەڵێ: ((لێرەدا وینەیەک لە هەلبەستی دو چریکەی بەناوبانگی کوردی (خەج و سیامەند) و (مەم و زین) دەبینین کە بەدوای واندا هەلبەستێکی گۆران دێ، ئەو هەڵبەستانە ئی زۆر کۆنن. شەباهەتی شێوەی شیعری گۆران (نەک شەباهەتی مەعنا) لەگەل شێوەی ئەو هەلبەستانە کەلە بیرێکی ساکار و ژیری کوردی سەرچاوەی گرتووە، دەردەکەوێ))[2]

نووسەر بۆچوونەکانی تەواون، کاتێک ئەوە دەخاتەڕوو ئاوازی خۆماڵی ئاوازێکی ڕەوان و ئاسانە بەپێچەوانەی عەرووزەوە، کە ئاوازێکی قورسە و دانانی گرانە، هەروەها نهێنی سەرکەوتنی گۆران لە شیعر نووسیندا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە شاعیر دەستبەرداری ئاوازی بێگانە (کێشی عەرووز) بووە و گەڕاوەتەوە بۆ ئاوازی خۆماڵی، چونکە خەڵکی کوردستان ئاشنای ئەم ئاوازەن و چێژی لێ وەردەگرن، بەپێچەوانەی (کێشی عەرووز)ەوە، کە کێشێکی بێگانەیە و دانانی گرانە و لەگەڵ چێژی گشتی تاکی کورددا یەکناگرێتەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی نوێدا.

نووسەرێکی تر بەناوی (**ئارێز**) هەر لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا گوتارێکی بەناوی (ناخی سروشت سەرچاوەی هەستی گۆران) بڵاوکردووەتەوە و تێیدا بەشێوەیەکی گشتی قسە لەسەر شیعرەکانی گۆران و ئەو جوانی و ڕازاوەییە دەکات، کە شاعیر لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردووە، هەروەها ئەوە دەخاتەڕوو، کە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئیستاتیکای شیعری گۆران ئاوازی شیعرەکانیەتی، شاعیر لەڕێگەی ئاوازەوە جوانییەکی تایبەتی بە شیعرەکانی بەخشیوە، کە دەبێتە ڕێ نیشاندەری خوێنەر بۆ چێژ وەرگرتن و تێگەیشتن لە شیعرەکانی شاعیر، بۆیە دەڵێ: ((گوران ئەگەر ویستویە جوانیەک بەیان بکات وە وشەی وەهای دەس نەکەوتوە کە

---

١ - هیوا، بەسەرهات و شوینەواری ماموستا گوران، ل٢

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٢

ئەو جوانیەی پێ بناسێنێ لە مۆسیقا یارمەتی وەرگرتوە و ئاهەنگێکی بە شیعرەکەی داوە کە خوینەر بەهۆی ئەو ئاهەنگەوە مەبەستی گۆران هەست ئەکا. لە وشەی شیعرەکانی گۆراندا تۆنێکی تایبەتی هەیە کە ئەگەر باسی شتێک بکا ئەوە بەیانی زۆرتری پیویست بێ مەبەستەکەی دەرئەخا گۆران بەراستی مەیل و تاسەی کوردی بۆ شیعر پاراوکرد))[١] بەدڵنیاییەوە ئاوازی شیعرەکانی گۆران جوان و ئیستاتیکین، ئاوازی شیعرەکانی چێژێکی تایبەتیان بە شیعرەکانی شاعیر بەخشیووە.

**محەمەد ڕەسوڵ هاوار** لە (ڕۆژنامەی برایی)دا بە چەند ئەڵقەیەک گوتارێکی ڕەخنەیی بەناوی ( شیعر و شاعیرەکانمان) بڵاوکردووەتەوە. نووسەر بڕوای وایە کێشی شیعرەکانی (ئاڤێستا) کێشێکی ڕەسەنی خۆماڵی کوردین، ئەم جۆرە کێشە لە شیعری فۆلکلۆری کوردی و لای شاعیرانی میللی و شاعیرانی شێوەزاری گۆران و شاعیرانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەبینرێت، وەک دەڵێ: ((وەزنی شیعرەکانی ئاویستا وەزنێکی تایبەتی کوردەواری بووە و لەسەر وەزنی ئەڵلاوەیسی و قەتار، داری جەنگەکە، کە زنجیرە هەڵبەستێکی ئایینی عەلی یەڵلاییەکانە پاشەبەرەی ئاوێستایە... بەشی زۆری شیعرەکانی وەلی دێوانە و مەولەوی و بێسارانی و هەندێکی پیرەمێرد ئەو هەڵبەستانەن کە گۆرانیەکانی کۆنی کوردی پێ ئەوترێت وەکوو بەشی گاتاکەی ئاوێستا))[٢]

نووسەر بڕوای وایە ئەدەبی کوردی بۆ ماوەیەکی درێژ لەژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکیدا بووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو نەتەوانە لەڕووی سیاسییەوە لە کوردستان باڵا دەست بوونە، هەربۆیە شاعیرانی کوردیش لاسایی شیعری ئەم نەتەوانەیان کردووەتەوە و بنەما تیۆرییەکانی وەک (عەرووز و ڕەوانبێژی و ...) لە شیعرەکانیاندا بەرجەستە کردووە، بۆیە دەڵێ: ((ماوەیەکی دوورودرێژ لە تەمەنی گەلی کورد، هەر بەرهەمێکی ئەدەبی کوردی بووبێت، بریتی بووە لە لاساییکردنەوەی شاعیرانی عەرەب و فارس و تورک، کە ئەمانە بەرودوا هێزی دەسەڵاتداری ئیسلام بوون لە ناوچەی کوردستاندا. تەماشا ئەکەین زۆربەی شیعرەکانی نالی و مەحوی بەئاشکرا نیشانەی لاساییکردنەوەی شیعری عەرەبی و

---

١ - هیوا، ناخی سروشت سەرچاوەی هەستی گوران، ڕ. کوردستان، ژ.١٩٧، ١٩٦٣، ل٦

٢- محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شیعر و شاعیرەکانمان، ڕۆژنامەی برایی، ١٩٦٨، ژ ٣٢١، ل٨ (سەرجەمی بەرهەم، بەرگی چوار، ١٩٦٨، ل١٢٢ )

فارسی و توركییان تیا دەرئەكەوێت))[1] هەربۆیە نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە شاعیرانی كورد خۆیان گیرۆدەی كێشی عەرووزی عەرەبی و هونەرەكانی ڕەوانبێژی عەرەبی كردووە و بە زۆر لەخۆكردنەوە لە شیعرەكانیاندا بەرجەستەیان كردووە، كە لە بنەڕەتدا لەگەڵ زمانی كوردی و بنەما مۆسیقییەكانی زمانی كوردیدا ناگونجێن، وەک دەڵێ: (( وە دەری ئەخەن كە چۆن شاعیری كوردی ئەوسا خۆی گیرۆدەی عیلمی عەرووض و موحەسەناتی لەفظی و بەلاغەی عەرەبی كردووە. شێوەی شیعری بێگانە بە هەموو قورسی و پارسەنگییەوە سەپاندوویانە بەسەر زمانی كوردیدا، كە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ سروشت و ئاواز و مۆسیقای وشەكانیا ڕێک ناكەوێت))[2] هەروەها بەردەوام دەبێت و ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە ((شیعری كوردییان بە مت و موورووی بێگانە ڕازاندووەتەوە و خۆیان پێ ماندوو كردووە و بۆ وشەیەک یاخود بۆ قافیە بە چرای ڕۆن گەرچەكەوە كون و قوژبن گەڕاون تا گەیشتوونەتە مەرامی خۆیان))[3] . قسەكانی نووسەر تەواون، لەبەرئەوەی شاعیرانی كورد پەیڕەوی بنەماكانی شیعری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییان كردووە، كە لە بنەڕەتدا لەگەڵ بنەڕەتەكانی زمانی كوردیدا ناگونجێت؛ بەتایبەتی (كێشی عەرووز)، هەروەها زمانێكی تێكەڵ بە وشەی بێگانەیان بەكارهێناوە بۆ گونجاندنی لەگەڵ كێشەكەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵێک شیعری بەرزیان بۆ بەجێ هێشتووین، كە لە ئاستی ئەدەبە بەرزەكانی ناوچەكە و جیهان دان.

هاوار حاجی قادری كۆیی دەكاتە سەرمەشقی دەستبەرداربوون لە كێشی عەرووزی عەرەبی و بڕوای وایە شاعیر لەبەرئەوەی هەستی بەوە كردبوو، كە ناتوانێت بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی پشت بە عەرووزی عەرەبی ببەستێت، بۆیە هەوڵی داوە دەستبەرداری ئەم هونەرە بێت، چونكە ئەگەر بەتەواوی پابەندی ئەم جۆرە كێشە بێت، ئەوا ناتوانێت شیعر بەو زمانە بڵێت، كە خەڵكی لێی تێدەگات و بەمجۆرەش پەیامەكەی ناگاتە جێی خۆی. هەربۆیە دەڵێ: ((حاجی قادری كۆیی لە شیعرەكانیا پەتی كلاسیكی ئەپچڕێنێت و وەكوو شاعیرەكانی بەر لەخۆی و دەوروپشتی خۆی هەوڵی ئەوە نادات شیعری ئاڵۆزكاو و قورس و وشەی توێكڵدار بەكار بهێنێت، زۆر بایەخ بە مانا و ناوەرۆک ئەدات نەک شێوە، وەكو خۆی لە شیعرەكانیا ئەڵێت: لێم مەگرن ئەگەر

[1] – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شیعر و شاعیرەكانمان، ل١٢٣
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣

شیعرەکانم کەچ و خوار بن، چونکە من نیازم لەمانەیە و ئەمەوێ لەدوای عیلمی عەرووض و شیعری کۆن خۆم ڕزگار بکەم))[1] لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە حاجی قادری کۆیی لەو دێڕە شیعرەدا (بەیتەکان عەیبی مەکەن خوار و کەچن – مەقسەدم لەم بەیت و باوە دەربچن) مەبەستی دەستبەرداربوون نییە لە کێشی عەرووز و بنەماکانی شیعری کۆن، بەڵکو مەبەستی ڕزگاربوونە لە بەند و باوی نادادگەرانەی دەسەڵاتی بێگانە و خۆخۆری کوردە، کە دەشڵێ: عەیبی مەکەن، واتە دان بەوەدا دەنێت کە ئەگەر شیعرەکانی لەڕووی کێش و سەرواوە لەنگن، ئەم لەگەڵ کێش و سەروای دروست و تەواودایە، بەلام شاعیر دەیەوێت بڵێ: بۆ من ڕێک ناکەوێت مەبەستەکانمی پێ دەرببڕم، هەر بۆیە لەپێناو دەربڕینی مەبەستەکانێتی؛ کە شیعرەکانی لەڕووی کێش و سەرواوە لەنگن و خۆیشی دانی پێدا دەنێت.

هەروەها نووسەر جەخت لەوەش دەکاتەوە، کە لەدوای حاجی قادری کۆییەوە چەند شاعیرێکی تر دەستبەرداری کێشی عەرووز دەبن و کێشی پەنجەی خۆماڵی بەکاردەهێنن، وەک دەڵێ: ((قەڵەم بە دەستی ئەوسا ئەکەونە سەر سەودای کێش و وەزن و جۆرە بابەتێکی نوێ لە شیعر و نووسیندا، وەکوو لە شیعرەکانی پیرەمێرد و لە هەنێکی زێوەردا دەرئەکەوت، لەپاش ئەوانیش عەبدولواحید نووری و نووری شێخ صالح کە ئەمانەی دوایی لەوانی پێشوو تازەتر و مێشک و بیروباوەڕ فەریکتر بوون ))[2]

بەدڵنیاییەوە لەدوای حاجی قادری کۆییەوە کۆمەڵێک شاعیری تر پەیدادەبن، کە زیاتر لە کێشی عەرووزی عەرەبی دوور دەکەونەوە و شیعرەکانیان بە کێشی پەنجەی خۆماڵی دادەنێن، ئەمەش لەبەرئەوەی بارودۆخی ژیان و گوزەران و لایەنی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و ژیاری لە گۆڕاندابوو، هەستی نەتەوایەتی و خزمەتکردن بە نەتەوەی کورد لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی نەتەوە بووە بنەمای کارکردنی ئەم شاعیرانە، هەربۆیە شاعیران لە ژێرکاریگەری ئەدەبی تورکیدا گەڕانەوە بۆ کێشی پەنجەی خۆماڵی.

هاوار بڕوای وایە هەڵبەستی کۆنی شێوەزاری گۆران (هەورامی) لە ڕووی ئاوازەوە لەگەڵ هەست و نەستی تاکی کوردیدا دەگونجێت و زیاتر چێژی لێ وەردەگرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی دێڕەکانی ئەم جۆرە شیعرە لە چاو شیعری

[1] – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شیعر و شاعیرەکانمان، ل١٢٤
[2] – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شیعر و شاعیرەکانمان، ل١٢٤

عەرووزیدا کورتترن و ڕیتمیشیان خێراترە، وەک دەڵێ: ((لای من هەڵبەستی کوردی بەشێوەی هەورامی پڕە لە هەست و هۆشی کۆنی کوردەواری وە لەگەڵ هەڵبەستەکانی گاتەدا یەک ئەکەوێت، کە لە کۆندا مووغەکان لەناو ئەشکەوتەکاندا وتوویانە. شێوەی هەڵبەستی هەورامی بەهەموو گۆرانی و بەرهەمەکانی ئەو ناوچەیە ئەوترێت دێڕی هەڵبەستەکانیان کورت و تیژڕەوە، وە بەشێکی زۆری دە بڕگەییە، وەکوو ئەو هەڵبەستانەی کە لە شیعرەکانی بێسارانی و وەلی دێوانە و مەولەوی و صەیدی هەورامی و گەلێ شاعیری ترا ))[1]

نووسەر لە گوتارەکەیدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە شیعری کوردی بۆ ماوەیەکی درێژ لاساییکردنەوەی شیعری بێگانە بووە و شاعیران بە زۆرلەخۆکردن بنەماکانی شیعری بێگانەیان لە شیعری کوردیدا بەرجەستەکردووە، تا (حاجی قادری کۆیی) دەستی کرد بەلادان لە بنەماکانی شیعری بێگانە، بەتایبەتی (کێشی عەرووز) پاشان پیرەمێرد و زێوەر و عەبدولواحید نووری و شێخ نووری شێخ ساڵح لەسەر ڕێچکەکەی حاجی بەردەوام بوون و دەستبەرداری کێشی عەرووز بوون و پابەند بوون بەکێشی پەنجەی خۆماڵییەوە، کە لەشیعرەکانی (ئاڤێستا)دا و لەشیعری شێوەزاری گۆراندا پەیڕەو کرابوو.

**عەلائەدین سەجادی** لە ساڵی (١٩٦٨) لە کتێبی (ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی )دا گرنگی بە ئاوازی شیعر؛ بەتایبەتی کێش و سەروا داوە و بە بنەمای سەرەکی پێکهێنانی ئیستاتیکای شیعری داناوە. نووسەر بڕوای وایە کێش و سەروا بنەمای سەرەکی شیعرە و هەر شیعرێکیش کێش و سەروای تێدا نەبێت، ئەوا شیعرییەتی خۆی لە دەست دەدات و بە شیعر دانانرێت، وەک دەڵێ: ((ئەگەر هۆنراوێک خاڵی بێ لەو پەردە رواڵەتییە کە عەرووزە بۆ هەندێ هۆنراو، وەیا ژمارەی پەنجە و سەروایە بۆ هەندێکی تر، ئەوە لە هۆنراویی دەرچوو))[2] بەمجۆرە نووسەر لە چارەکی سێیەمی سەدەی بیستەم هێشتا ئاوازی شیعری دەبەستێتەوە بە کێش و سەرواوە، کە پێویستە شیعر کێش و سەروای هەبێت، لە کاتێکدا لەو سەردەمەدا بۆچوونی نوێ هاتبوونە ئاراوە دەربارەی ئاوازی شیعریی، کە پێویست بوو نووسەر سوودی لێ وەگرتبان و گرنگی پێیان بدایە.

---

[1] – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، بێسارانی (١٦٤١–١٧٢٠ی)، ڕۆژنامەی برایی، ژ ٣٥٧، ١٩٦٨، ل٢ (سەرجەمی بەرهەم، بەرگی چوار، ل١٣٥)

[2] – عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ل ٣٢٩

نووسەر لە باسی (حاجی قادری کۆیی)دا لێکدانەوە بۆ شیعری (تا یک نەکەون قەبیلی ئەکراد) دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەم شیعرە لەڕووی کێشەوە، ئەگەرچی عەرووزی عەرەبییە، بەڵام لە هەندێ شوێندا لەم کێشە لایداوە، چونکە شاعیر زیاتر مەبەستی گەیاندنی پەیامەکەیەتی، وەک دەڵێ: ((ئەگەر سەیری عەرووز بکرێ ئەم پارچە هۆنراوەیە لەگەلێ شوێنا پێچەوانەی ئەو زانیارییەی تێدا هەیە، بەڵام هۆنەر ویستوویە نیازی خۆی دەربرێ، وە نیازی بەم هۆنراوانەشی دەربررینی بیروباوەرریەتی نەوەک دروستکردنی هۆنراو؛ واتە بیروباوەرر بە هۆنراو دەربررێ – کە نوختەی کرۆکی بیروباوەررەکەیە- هۆنراو بڵێ بۆ هۆنراو و دەربررینی باوەرر لە پایەی دووەما بێ بەچاو هۆنراوەکەوە!))[1] هەروەها لە بابەت سەرواشەوە، ئەوە دەخاتەڕوو، کە شیعرەکە بە تەواوی پابەندی بنەماکانی سەروا نەبووە، ئەمەش هەر لەبەرئەوەی گەیاندنی بیرەکەی بەلاوە گرنگ بووە، نەک پابەندبوون بە سەرواوە، وەک دەلێ: ((هەروەها مەبەستی نەبووە سەروا تەواو بێ یا تەواو نەبێ، وەکوو ئەمە بەتایبەتی لە هۆنراوەی پێنجەم و سیانزەهەمدا دەرئەکەوێ؛ لە هۆنراوەی پێنجەمدا دوو ووشەی – مەردن و کردن – کە کردوونی بە سەروا بە سەروا بۆ دوایی هاتنی هەردوو نیوە هۆنراوەکە، ئەمە بەچاو سەرواوە تەواو نییە، چونکە لە – میم و کاف – ەکەدا بزووتن گۆررا! ئەمە بۆ سەروا زیانی هەیە. وە یا لە هۆنراوەی سیانزەهەمدا دوو ووشەی – نەیانکرد و هەموو مرد – پێچەوانەی یاسای سەروایە!))[2] نووسەر بۆچوونەکانی تەواون دەربارەی شیعرەکەی حاجی، چونکە شاعیر نە بەتەواوی پابەندی بنەماکانی کێشی عەرووز بووە، نە پابەندی بنەماکانی سەرواش بووە.

سەجادی لە باسی (شێخ نوری شێخ ساڵح)دا شیکردنەوە بۆ شیعری (لەناو شەپۆلی غەما سەر نگون و بێ ئارام) کردووە و ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە شاعیر گرنگی زیاتری بە واتا داوە وەک لە بنەما هونەرییەکانی شیعر و هەر ئەمەش وایکردووە گرنگی بە ڕێکخستنی وشە نەدات بۆ بەرجەستەکردنی سەروا، وەک دەڵێ: ((شێوەکەی لە پلەیەک دایە کە گوزارەی پێش ووشە خستووە؛ واتە ئەو ڕێختەی کە هۆنەرانی تر لە ریزکردنی ووشەدا بەکاریان ئەهێنا بۆ هێنانەوەی سەروا ئەم ئەوەی نەکردووە))[3] هەروەها ئەم گرنگی نەدانەی شاعیری بە سەروا بە کارێکی نوێ و باش داناوە،

[1] – عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ل٢٩٨
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٨
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٧

بەتایبەتی؛ کە کاری نەکردووەتە سەر لایەنی ئیستاتیکی شیعرەکە و شیعرەکە جوانییەکەی لەدەست نەداوە، وەک دەڵێ: ((لەمەش زیاتر ئەو هۆنراوانە کە تا ئەم سەردەمە هەبوون زۆر بەسترابوون بە سەرواوە، ئەم خۆی لەو بەستنەوەیە رزگار کردووە و هۆنراوەکەشی تێک نەچووە))[1] هەروەها نووسەر جەخت لەوەش دەکاتەوە، کە شاعیر جگە لەوەی خۆی نەبەستووەتەوە بە بنەماکانی کێش و سەرواوە، لە هەمان کاتدا خۆی نەبەستووەتەوە بە هیچ قاڵبێکی شیعری کلاسیکەوە، بۆیە دەڵێ: ((لە دارڕشتنی هۆنراوەکانا بەرانبەر بە زانیاری عەرووز و سەروا ئەتوانین بڵێین ئەم پارچەیە هیچ یەک لەو ڕێگایانەی نەگرتووە کە زانایانی هۆنراو لەبارەی ترۆمەوە دایان ناوە، بەڵکو ئەمانە هەرچەند لە رواڵەتا وەکوو تەرجیع بەندێکی پێنج خشتەکی و شەش خشتەکی وانە، بەڵام لەو یاسایەش لای داوە، چونکە سەرواکان لەسەر ئەو دەستوورە کە ئەویستریێ نەهێنراونەتەوە))[2] پاشان ئەم بۆچوونەی ڕوونتر دەکاتەوە و دەڵێ: ((تەماشا ئەکەی لە پارچەی یەکەم دا سەروای نیوە هۆنراوەی یەکەم و پێنجەم لێک نزیکن، لەهی دووهەمدا ئەگۆڕرێ؛ هی دووەم و پێنجەمی کرد بەیەک، لەهی سێهەم دا دیسان گەڕرایەوە بۆ یەکەم و پێنجەم، لەهی چوارەم دا بۆ دووەم و شەشەم))[3] کەواتە ناکرێت بگوترێت کە شێخ نوری وازی لەسەروا هێناوە، بەڵکو لە جۆر و شێوازی تایبەتمەندییە نەریتییەکانی سەروا لایداوە. لەکۆتاییدا نووسەر ئەم شیعرەی شاعیر بە نموونەیەکی شیعری نوێ و داهێنەرانە دادەنێت لە ئەدەبی کوردیدا و پێی وایە یەکەم کەسە لە ئەدەبی کوردیدا ئەم تازە گەرییەی خوڵقاندووە، بەناڕاستەوخۆش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لەم کارەیدا سوودی لە تۆفیق فیکرەت وەرگرتووە، وەک دەڵێ: ((گرتنی ئەم جۆرە ڕێگایە بۆ هۆنراوەی کوردی لە رۆژهەڵات دا تا ئەو پەرری تازەیی تازەیە، مەگەر تۆفیق فیکرەت ئەم رچەیەی شکاندبێ))[4] بەبڕوای ئێمە شاعیر لەم شیعرەدا داهێنانی ئەنجام داوە و کێش و سەروای بە شێوازێکی جیاواز بەکارهێناوە و پابەند نەبووە بە یەک قاڵبی شیعری کلاسیکەوە، هەربۆیە بۆ سەردەمی خۆی تەواو تازەبوو. ئەگەرچی (ئەحمەد تاقانە) لە کتێبی (تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد)دا ئەوەی سەلماندووە، کە بەشێکی ئەم شیعرە وەرگێرانی ڕاستەوخۆی شیعری

[1] – عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ل٣١٧

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨

[4] – سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨

(یاشادقچه) تۆفیق فیکرەتە.[1] بەڵام هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، کە ئەم شیعرە وەرچەرخانێکی دیارە لە شیعری کوردی ئەو سەردەمەدا و هەوڵێکە بۆ گۆڕینی سەروای نەریتی و قۆناغەکە وەک قۆناغێکی گواستنەوەی شیعری وایخواستووە، کە دواتر سەروای خۆماڵی و هەمەڕەنگ جێگای گرتەوە.

سەجادی لەباسی (گۆران)یشدا شیعری (ئافرەت و جوانی)ی شاعیری وەک نمونەی جوانی و ئیستاتیکا هێناوەتەوە، نووسەر ئەوە دەخاتەڕوو، کە شیعرەکانی گۆران تازەن، بەڵام تازەیی شیعرەکانی گۆران بەهۆی دەستبەرداربوونی لە کێش و سەروا نییە، چونکە ئەم شیعرە هەم پابەندی کێشە، هەم پابەندی سەرواشە، لەگەڵ ئەوەشدا لە شیعرە تازە و جوانەکانی شاعیرە، وەک دەڵێ: ((ئەگەر یەکێ بڵێ: هۆنراوەکانی گۆران تازەیە چونکە خۆی لە کۆت و زنجیری عەرووز و سەروا رزگار کردووە. ئەم قسەیە بۆ ئەو کەسە ناچێتە سەر، چونکە ئەمە یەکێکە لە پارچە هۆنراوەکانی گۆران کەچی بە گوزارەی تێکرایی هەم عەرووزی تێدایە هەم سەروا. ئەوەندە هەیە ئەوەی کە بە سەرزارەکی بە عەرووزی ناو ئەبەین لە راستی دا ژمارەی پەنجەیە، سەرواشی بێ شکە تێدایە))[2] پاشان دەیەوێت ئەو بیرە بخاتەڕوو، کە دەشێت شیعر تازەبێت و پابەندی کێش و سەرواش بێت، بۆیە دەڵێ: ((کەوابوو تازەبوونی هۆنراوێک ئەوە نییە کە عەرووز و سەرا، وەیا ژمارەی پەنجە و سەروای تێدا نەبێ، بەڵکو ئەوەیە لە رێچکەدا، لە بیردا، لە ئەندێشەدا لە نیازدا، لە زنجیرەکەدا تازە بێ. ئەم هۆنراوانەی گۆران ئەمانەی هەموو تێدا هەیە لەگەڵ ژمارەی پەنجە و سەرواش دا))[3] ئێمەش دەتوانین بڵێین: ئەم شیعرەی گۆران یەکێکە لە شیعرە جوان و بەرزەکانی شاعیر، کە نموونەیە بۆ تازەگەری لە سەردەمی خۆیدا، لەهەمان کاتدا پابەندی کێش و سەرواش بووە.

بۆچوونەکانی عەلائەدین سەجادی بەشێوەیەکی گشتی ئاوازی شیعر دەبەستێتەوە بە کێش و سەرواوە، هەوڵیشی داوە بە هێنانەوەی نموونەی شیعری شاعیرانی کورد ئەم بۆچوونەی بسەلمێنێت، بەڵام بە بڕوای ئێمە ئەم بۆچوونەی لە

---

[1] – بروانە: ئەحمەد تاقانە، تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٢٩–٣٣

[2] – عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ل٣٢٩

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٩

جێگای خۆیدا نەبووە، چونکە ئاوازی ناوەوەی شیعریش ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهێنانی مۆسیقای شیعرە، کە نووسەر نەگرنگی پێداوە و نە باسی کردووە.

ئاوازی شیعر ڕەگەزێکی بنەڕەتی پێکهێنانی ئیستاتیکای شیعرە. نووسەرانی کورد گرنگییەکی زۆریان پێداوە و بەشێک لە گوتارەکانیان بۆ تەرخانکردووە. زۆربەی نووسەرانی کورد ئاوازی شیعریان بەستووەتەوە بە کێش و سەراوە و لەو بڕوایەدا بوونە، کە پێویستە شیعر پابەندی کێش و سەروا بێت بۆ بەرجەستەکردنی ئاواز و هەر شیعرێک پابەندی کێش و سەوا نەبێت لە شیعر دەردەچێت، ئەوەیان ڕوونکردووەتەوە، کە ئاساییە شاعیر دەستکاری کێش و سەروا بکات و چۆنی بوێت لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی بکات، بەڵام نابێت بە یەکجاری دەستبەرداریان بێت. لەهەمان کاتدا بەشێک لە نووسەرانیش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بۆ ئاوازی ناوەوەی شیعر کردووە، کە کێش و سەروایان لە مۆسیقای شیعر جیاکردووەتەوە یان بە بەشێک لە ئاوازی شیعریان داناوە، کە شاعیر دەتوانێت دەستبەرداریان بێت و شیعری جوانیش بنووسێت، بەو مەرجەی مۆسیقای شیعرەکە بپارێزێت.

## تەوەری سێیەم: هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا

هونەرەکانی ڕەوانبێژی لایەنێکی گرنگ و بنەمایەکی سەرەکی بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای شیعرن، بە درێژایی مێژوو ئەم هونەرانە ڕۆڵێکی گەورەیان بینیووە لە جوان کردن و ڕازانەوەی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی. لە ئەدەبی کوردیشدا؛ بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بنەمایەکی بنەڕەتی پێکهێنانی ئیستاتیکای دەقی شیعریی و پێکهێنانی وێنەی شیعرین، پێویست بووە شاعیر بە وردی شارەزای ئەم هونەرانە بێت و لە شیعرەکانیدا بەکاریان بهێنێت. هەربۆیە بایەخدان بە هونەرەکانی ڕەوانبیژی خۆی لەخۆیدا گرنگیدان بووە بە وێنەی شیعری. نووسەرانی کورد گرنگیان بەم هونەرانە داوە و لە گوتارەکانیاندا ئاوڕیان لەم لایەنەش داوەتەوە. لە شیعری نوێشدا ئەگەرچی گۆڕانێکی جۆریی بەسەر بنەما ئیستاتیکییەکانی شیعردا هات و ڕۆڵی هونەرەکانی ڕەوانبێژی کەمتر بووەوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە یەکجاری ڕۆڵی خۆی لە دەست نەدا و بەشێوازی نوێ بەشداری لە پێکهێنانی ئیستاتیکای شیعریدا کرد، چونکە زۆربەی نووسەر و ڕەخنەگران هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە بنەمای سەرەکی پێکهێنانی وێنەی شیعری دادەنێن، بەتایبەتی لێکچواندن و خواستن و خوازە، بەتایبەتی ((خوازە لەهەموویان زیاتر بۆتە جێگای گرنگی پێدان و لە هەردوو ڕەخنەی ئەورووپی و عەرەبیدا بەردەوام کراوەتە بنەمایەکی سەرەکی و لە پێناسەکردنی وێنەی شیعریدا هێمای بۆ کراوە، تەنانەت لە ڕەخنەی عەرەبیدا و لای هەندێ لە ڕەوانبێژە عەرەبەکان هونەری خوازە هێندە فراوان کراوە کە هەموو هونەرەکانی ڕوونبێژی (البیان)ی گرتۆتەوە))[1] بەدرێژایی مێژوو نووسەران و ڕەخنەگران بیروڕای خۆیان دەربارەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەربڕیووە و بنەما و تایبەتمەندی و پێوەرەکانیان دیاری کردووە. بەشێک لە نووسەرانی کوردیش گرنگیان بەم هونەرانە داوە و وەک بنەمایەکی ئیستاتیکی دەقی شیعری مامەڵەیان لەگەڵ کردووە و کردوویانە بەپێوەری جوانی شیعرەکان.

**بەشیر موشیر** لە ساڵی (١٩٣٩)دا کتێبی (دیوانی شاعری بەناوبانگ مصباح الدیوان)ی بڵاوکردووەتەوە و پێشەکییەکی بۆ نووسیوە، کەتێیدا بەشێوەیەکی گشتی باسی ئەو ئیستاتیکا بەرزە دەکات، کە شاعیرانی کلاسیکی کورد بەهۆی هونەرەکانی

١ - دڵشاد عەلی محەمەد، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٧٠

ڕەوانبێژییـەوە لـە شـیعرەکانیاندا بەرجەسـتەیان کـردووە. نووسـەر لـە باسـی نـالی و کوردیدا دەڵێ: ((کام شاعر لە دەشتی بلاغت، تشبیە و ئیستعارەدا ئەتوانی لە مەیدانی نـالی دا بوەسـتی، شـعری کـام شـاعر بەقـەد شـعرەکانی مصـطفی بـەگی کـوردی سـهلی ممتنع و بە قەد ئەو سـوزی هەیـە))[1] هـەروەها بـڕوای وایـە مەولـەوی پادشـای داهێنـانی جوانییـە لەڕێگـەی هونـەرەکانی ڕەوانبێژییـەوە و دەڵـێ: ((ئەگـەر لـە دەشـتی ئەدەبیاتـدا تـەختیکی بلاغت دابنرایـە لام وایـە مولـوی – مـلا عبدالرحیم تـاوەگوزی – بـەبی پـرس لەناو کومـەلی ئودەبادا وەک شاهەنشـاە لەسـەری دائەنیشت))[2] هـەروەها بڕوای وایـە شـیعرەکانی شـێخ ڕەزای تاڵـەبانی ئەگـەرچی شـیعری هـەجوون، بـەڵام بەیارمـەتی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەشێوازێکی زۆر ئیستاتیکی دایڕشتوون، وەک دەڵێ: ((خو شیخ رضا ئەو جوینە تالانەی کە لەدەمی ئەو دەرهـاتوە بە رەنگی بە شـیلەی ئەدەبدا تیک هەلشیلینراوە ئەگەر لەسەر خوانی بلاغت دابنری لە کەللەی شەکر شیرینترە))[3]

بیرِوای نووسەر دەربارەی ئەم شاعیرانەی کلاسیکی کوردی لەجێگەی خۆیدایە، چونکە ئەم شاعیرانە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا دەستێکی باڵایـان هـەبووە و توانیویانـە بە یارمەتی هونەرەکانی ڕەوانبێژی ئیستاتیکایەکی بەرز لـە شـیعرەکانیاندا بـەدی بهێنن، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە نووسـەر هـیچ نموونەیـەکی شـیعری بـۆ سـەلماندنی بۆچوونـەکانی نەهێناوەتـەوە، کـە ئەگـەر ئـەم کـارەی بکردایـە بەدڵنیاییـەوە گوتارەکـەی زانستی تر دەبوو.

**ڕەفیق حلمی** لە کتێبی (شعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا یـەکێک لـەو لایەنانـەی وەک بنەمایەکی ڕەخنەیی گرنگی پێداوە لایەنی ( ڕەوانبێژی)ە، نووسەر لـە قسـەکردن لەسـەر بنەما ئیستاتیکییەکانی شیعری شاعیرانی کلاسیک باسـی لایـەنی ڕەوانبێژی و چۆنیـەتی بەرجەستەکردنی کردووە و هەندێکجار بوونی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و سەرکەوتن لـە دروستکردنیدا کردووە بە بنـەمای جوانی و بـەرزی دەق. نووسـەر لە باسـی (بێخـود)دا گرنگی بەلایـەنی ڕوانبێژی داوە و لـە شـیعری (ئـەم کرکوکـە جیی راوە)دا لەسـەر ئـەو لێکچواندنانە ڕادەوەستێت، کە شاعیر لەم شیعرەدا بەرجەستەی کردوون و بە نموونەی بەرزی ئیستاتیکی دایاندەنێت، وەک دەڵێ: ((لەم غزلەدا ئەوی کـە صـنعتی شـعری تیـابی

[1] - بەشیر موشیر، دیوان شاعری بەناوبانگ مصباح الدیوان، چ١، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٣٩، ل٧

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل٧

[3] - سەرچاوەی پێشوو، ل٧ -٨

و زور جوان بی، ڕەشی پرچی محبوبە؛ بە فجری کاذبی ظلمت ئەفشان و سپیەتی گردنی بە صبحی صادق و پرتو ئەنداز تشبیە کردنە و تعبیرەکانی "فجری کاذب"و"صبحی صادق" لە وصفی رەشی زلف و سپیەتی گردنا و لە بیتیکدا یک خستنە))[1] ئەم لێکچواندنانەی نووسەر ئاماژەیان پێدەکات، دوو لێکچواندنی زۆر جوانن و وێنەیەکی شیعری جوانیان پێکهێناوە. نووسەر سەبارەت بەدێڕە شیعرێکی دیکەی شیعرەکە دیسانەوە لەسەر ئەو جوانییە بەرزە ڕادەوەستێت، کە شاعیر لەڕێگەی لێچواندنەوە دروستی کردووە وەک دەڵێ: ((دیسانەوە "دل بە دوراج تشبیە کردن و لە تاقە شعریکدا، خاوەنی دورراج، وشیارکردنەوە بو درنەخستنی ئەو دورراجە و پاراستنی لەو شەهین و واشە و بازە کە بە فکری شاعر لە کرکوک زورە و ئەو شارە جیگەراوی ئەم نەوعە طیرە راوکەرانەیە" صنعتیکی جوانی شعر و ئەدەبە و مەبەسی ئەمەیە کە لە کرکوک ئەوەندە جوانی دل رفین زورە ئەگر بیتو لە مال بیتە دەرەوە بە داوی عشقی یەکیکیان هر گرفتار ئەبی و دلی ئەفرینن))[2] بێگومان ئەم هونەری لێکچواندنانە ئاستی جوانی شیعرەکەیان بەرزکردووەتەوە، چونکە بوونەتە هۆی پێکهێنانی وێنەی هونەری ئاست بەرز.

حلمی کاتێک باسی (حەریق)ی شاعیر دەکات لەو بڕوایەدایە، شاعیر توانیویەتی شیعری زۆر جوان بهۆنێتەوە، کە پڕن لە ئیستاتیکا و صنعەتی ئەدەب، پاشان نموویەک لە غەزەلەکانی شاعیر دەهێنێتەوە و لەو وشەکارییانە دەدوێت شاعیر لەم شیعرەدا بەرجەستەی کردووە و بوونەتە مایەی جوانی و بەرزی شیعرەکانی، کە نیشانەی توانای شاعیرێتی شاعیر نیشان دەدەن، وەک دەڵێ: ((لەم شعرانەی سەرەوەدا شاعر "خەتەن و خەتا"، وولاتی چین و چینی پەرچەم و توزیک کە بە معنای کەمیل و یا توزوغوباریک هاتوە و دردی درد کە بەمعنای دەردوخلطە دیت و سورەی یوسف و خەراجی مصری قلب و حسنی یوسف و لقمەی لقمان و کلکی بگری و کەلکی ناگری"ی هەموو بە وەستایەتییکی شاعرانە دامەزراندوە و صنعتیکی جوانی ئەدەبی وای تیا صرف کردوە، کە هەر ئەوانەی شاعرن و لە صنعتی ئەدەب شارەزان دەتوانن تیی بگەن و بەهای بو دابنین))[3]

[1] – ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب١، ل٥٨
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦-١٢٧

ڕەفیق حلمی لە بەرگی دووەمی (شعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا زیاتر گرنگی بە هونەری ڕەوانبێژی لای شاعیران دەدات و لە شیکردنەوەی شیعری سالم

دلم شادە لە بەندی سیلسیلەی گیسوویی دل بەردا

لە شانە خەوف ناکە دەفعەیی لەم داوە دلبەردا

تەحەممول کە زەمانی کوشتنی من سورعەتی ناوی

لە دلمایە بگێررم خوم بە دەوری دەست و خەنجەردا

لەسەر چەند هونەرێکی ڕەوانبێژی ڕادەوەستێت، کە جوانییەکی بێ وێنەیان دروستکردووە، یەکەمیان هونەری ڕەگەزدۆزییە و دووەمیشیان تەعلیل و عوزر هێنانەوەیە، نووسەر دەڵێ: ((چاوتان لەم جناسە بی کە لە وشەکانی "دلبەر و دلبەردان" بەکاری هیناوە، نازانم کە ئایا زمانی شیرینی کوردی بو سەنعەتی جناس ئەوەندە دەس ئەدا، وەیا شاعرەکانی کورد بەهوی سەلیقەی ئەدەبی و زەوقی شاعرانەی خویانەوە کە لەم سەنعەتی ئەدەبەدا ئەوەندە بەدەسەلات بوون؟ ئەی ئەم بەلاغەتە ئەفکرن کەلەم تەعلیل و عوزرهینانەوەیە وە لەم خەیالە وورد و شاعرانەیەدایە کە خراوەتە میسرەعی دووەمی ئەم بەیتەوە؟! تەحەممول کە زەمانی کوشتنی من سورعەتی ناوی، لە دلمایە بگیررم خوم بە دەوری دەست و خەنجەردا ))[1]

نووسەر لە قسەکردن لەسەر شیعری (حیکایەت خوانە طووطی دڵ بە دەوری (دام)ی گیسوودا – مەظەننە عەکسی خۆی دیوە لەناو ئاوێنەیی روودا) لەسەر هونەرە ڕەوانبێژییەکانی ناو شیعرەکە ڕووندەکاتەوە و بەشێوەیەکی گشتی پەسنیان دەکات، وەک دەڵێ: ((ئەو تەشبیهە جوانانەی کەلەم شعرانەی سەرەوەدایە لەلایەنی ئەدەبەوە زۆر شیرین و بەلیغن... ئینجا لەم تەشبیە و ئیستعارەیە برروانن کە لە نیوەشعری خوارەوەدایە: "لەب"ت بو "داروو"یی جی نیشی ماری زولفەکەت نەت دا، بە راستی شاعرانەیە))[2] بەدڵنیاییەوەئەم هونەرانەی ڕەوانبێژی شیعرەکانی شاعیری لەلایەنی ئیستاتیکا و جوانییەوە گەیاندووتە لوتکە.

---

[1] – ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب٢، ل٦٩

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ، ل٨٣

حلمی له باسی عەلی باپیر ئاغا (کەمالی)دا گرنگییەکی زۆری بەو هونەرانەی ڕەوانبێژی داوە کە شاعیر لە شیعرەکانیدا بەکار هێناون. نووسەر لە باسی شیعرێکی (کەمالی)دا کە دەڵێ:

بە مردوو روح ئەبەخشێ پێکەنینی لێوی شیرینت

لەسەر کام دینی گیانە؟ پێم بڵێ با بێمە سەر دینت

لەلام وەک شەککر و نوقڵ و نەبات و قەند و هەنگوینە

جنێو و قەهر و لێ دان و بیانو گرتن و قینت

بەجارێ ڕۆژی عاشق ڕەش مەکە ئەی شۆخی بێ مروەت

لەسەر روو لادە نەختێ پەرچەمی پڕ پێچی موشکینت

هونەرەکانی ڕەوانبێژی ڕووندەکاتەوە و سەرەتا لەسەر هونەری (پێچان و کرانەوە)ی ناو دێڕێکی شیعرەکە ڕادەوەستێ و دەڵێ :((لەم شعرانەدا کە لەسەر شیوە و ئسلوبی کون دانراون، هەندی سەنعەت بەکارهینراوە، وەکوو: "لەف و نەشر"ی بەیتی دووەم کە "جنیو و قار و لیدان و بیانووگرتن و قین"ە بو خوی بە "شەکر و نوقل و نەبات و قەند و هەنگوین" داناوە))[1] نووسەر ڕەخنە لەم هونەری پێچان و کرانەوە دەگرێت و بەشتێکی نەگونجاوی دادەنێت و بڕوای وایە مرۆڤ چێژ لە تێکەڵەی ئەو شیرینییانە وەرناگرێت، تەنانەت هەندێ مرۆڤ بەبینینی ئەو هەموو شیرینییە بەیەکەوە دڵی تێکدەچێ نەک دڵخۆش بێت، وەک دەڵێ: ((وابزانم کەمالی خوشی ئینکاری ناکا کە هیچ تەییباتیکی وا بەبیرانایەت چەشکە لە تیکەلاو کردنی شەکر و نوقل و نەبات و قەند و هەنگوین وەربگری و بەلکوو نابی بەسەیر بزانریت کە هی وا هەبی لەم هەموو شیرینییە دلیشی تیکەل بی))[2] پاشان نووسەر زیاتر جەخت لەسەر نەگونجاوی پێکهێنانی ئەم هونەرە دەکاتەوە لە شیعرەکەدا وبڕوای وایە هیچ بەهایەکی هونەری نییە، وەک دەڵێ: ((بەتایبەتی لە رووی تی فکرینی ئەدەبی ئەم چەرخەوە، لە نوقل و

[1] – ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب٢، ل١٢٣-١٢٤

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤

نەبات و قەند و هەنگوینا شیرینی نایەت بە خەیالا و ئەم جوورە شعرەش بەهایەکی نیە))[1]

نووسەر هەر لەهەمان شیعردا باسی ئەو هونەری لێکچواندنە دەکات کەلە دێڕی سێیەمی شیعرەکەدایە و تەنها ڕوونی دەکاتەوە بەبێ ئەوەی لەسەر جوانی و ناشیرنی یاخود گونجاوی و نەگونجاوی لێکچواندنەکە بدوێت، وەک دەڵێ: ((لە بەیتی ٣یەما پەرچەمی لەسەر رووی شوخیکا بەو هەورە داناوە کە بەری روژی گرتبی و بووبی بەهوی داهاتنی تاریکی، لەبەر ئەمە تکا لە یار ئەکا کە هەوری پەرچەمی لەسەر رووی لادا تاوەکوو روخساری وەکوو روژی دەرکەوی و ئەو تاریکییە کەلیی داهاتووە نەمینی و روژی رەشی بەسەرچی ))[2]

نووسەر لەسەر ئەو لێکچواندنە ڕووندەکاتەوە کە شاعیر لە دێڕە شیعری (بە ئیما گفتوگۆی دائیم لەگەڵ ئەهلی دڵە ئەبرۆت – عەجیبە کەی بووە خاسیەتی تەلسز لە شمشێرا ) بەرجەستەی کردووە و بریتییە لە لێکچواندنی برۆی یار لەگەڵ شمشێردا و ئەو شمشێرە ئامادەیە بۆ کوشتنی شاعیر و دڵیشی لەم مەبەستەی برۆی یار تێدەگات، لەبەر ئەوەی سیفەتی بێتەلی هەیە، وەک دەڵێت: ((کەمالی لەم بەیتەدا "برو–ئەبرو"ی خوشەویستەکەی بە شمشیری دائەنی کە رووی کردبیتە دلی، وە بە زمانی حال واتە بە ئیشارەت تیی ئەگەیینی کە ئامادەیە بو کوشتنی، ئینجا بەلایەوە سەیرە کە دلی لە مەبەسی شمشیری برو چون تی ئەگا کە ئەگەر ئەم شمشیرە خاسیەتی تەلسزی تیا نەبی))[3]

نووسەر لە شیکردنەوەی شیعری (بەشەو گوێ بگرە ناڵە و گرپەگرپی دڵ بە مەحزونی – لەسۆزی عەشقی جانانە عەجەب شوڕ و قەتارێکە)ی شاعردا لەسەر هونەرە ڕەوانبێژییەکانی ناو دەقەکە ڕادەوەستێت و دێڕبەدێڕ ئەو هونەرە ڕەوانبێژییانە دەخاتەڕوو، کە ئیستاتیکای شیعرەکانیان پێکهێناوە. نووسەر لە دێڕی یەکەمەوە دەست دەکات بە شیکردنەوەی شیعرەکە و باسی ئەو لێکچواندنە دەکات کە تێیدایە و بڕوای وایە سنعەتێکی بەرزە و نموونەیەکی هونەری و ئیستاتیکییە، وەک دەڵێ: ((لەم شعرانەی سەرەوە بە نیگایەکی ئەدەبی ووردبینەوە، ببینن کە لە بەیتی یەکەما بالای

[1] – ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب٢، ل١٢٤
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤– ١٢٥
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠

مەحبووبەکەی بە داری سەرو شوبهاندوە وە لەگەل جوییاردا بە سەنعەت لەم بەیتەدا یەکی خستوون))[1] پاشان ئەو هونەرکاریی و سنعەتە شیدەکاتەوە شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا بەرجەستەی کردووە، کە بە نموونەیەکی جوانی هونەری ڕەوانبێژی داناوە، وەک دەڵێ: (( سەنعەتەکەش لەوەدایە کە بالای یاری لەچاو خویا بە سەرو داناوە، چاو کە بە عەرەبی پیی ئەلین "عین" بە سەرچاوەش ئەوتری کە بە کوردی و فارسی جویبارە، ئینجا چاو و یا عین و جویبار و بالا و سەرو ئەمانە لەم شعرەدا بەم مەبەسانە کو کراونەتەوە و سەنعەتەکانی "تشبیه و استعارە"ی لی دروست کراوە... جگە لەمانە تەنیا لە "عەینی جویبار"دا دوو سەنعەتی ئەدەبی هەیە کە پییان ئەلین "تشبیه و جناس"))[2] پاشان دێڕی دووەم و سێیەمی شیعرەکە شیدەکاتەوە و لەسەر هونەرە ڕەوانبێژییەکان ڕادەوەستێ و دەڵێ: ((بەم تەرحە گوشەنشینی خزی لە مەیخانەدا ئەباتەوە سەر بیانووی عەشقی چاوە مەست و بە خومارەکانی مەحبووبە، ئینجا ئەمە سەنعەتی تەعلیلی تیایە ))[3] ئینجا لە دێڕی چوارەمدا باسی ئەو هونەری لێکچواندنە دەکات کە تێیدایە و لە دێڕی پێنجەمیشدا پاش شیکردنەوەنەی دێڕە شیعرەکە، هونەرەنە ڕەوانبێژییەکان دەخاتەڕوو کە بریتین لە لێکچواندن و تەعلیل و خواستن . لەدێڕی حەوتەمدا باسی ئەو لێکچواندنە دەکات کە لەنێوان چاوەپڕ فرمێسکەکانی و ئاوەکانی بەکرەجۆ و سەرچناردا و ئەگریجەی یارەکەی و ماردا کراوە، پاشان دەڵێ: ((لە بەیتی نوهەما کە تەعلیلی شیرینی و ڕەنگینی شعرەکانی خوی بەوە ئەکا کە ئەو شعرانەی بەهوی شەوقی لیوی ئال و شەکرباری خوشەویستەکەیەوە ووتوە، کە هەمووی کەموزور لە سەنعەتی ئەدەب ئەژمیرری، وە لەبەر ئەمەیە کە ئەم غەزەلەی کەمالی لە غەزەلە نایاب و مومتازەکانە لەسەر شیوەی کون))[4]

پاشان نووسەر بەتوندی ڕەخنە لە کەمالی دەگرێت ، کە بۆچی دوای لاساییکردنەوەی کلاسیکەکان کەوتووە؟!، لەکاتێکدا توانایەکی بەرزی شاعیرانەی هەیە و مرۆڤێکی بەهرەمەندیشە و دەتوانێت لەسەر شێوازی نوێ شیعر دابنێت و پێویستی بەم لاساییکردنەوەیە نییە، وەک دەڵێ: ((کەمالی نازانم لە پەیرەوی هەندی شاعرانی پیشوودا بوچی ئەمەندە زیاد رویشتوە؟ جیی شک نیە کە تەوانای شاعری ئەو لەوانەیە

[1] – ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب٢، ل١٣٨
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩–١٤٠
[4] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١

ئاتاجی چاولیکەری و لاسایی کردنەوە نەبی و بەبی رەنجیکی ئەوتو بتوانی لەسەر ئسلوبی تازە و شیوەیەکی بەرزی تایبەتی شعر دابنی))[١] ئەگەرچی شاعیر لە بەرجەستە کردنی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا دەستێکی باڵای هەبووە و شیعری جوان و بەرزی نووسیوە، بەڵام بۆچوونەکەی نووسەر لەجێگەی خۆیدایە، چونکە ئەو سەردەمە، سەردەمی شیعری نوێ بوو، کە نووسینی شیعر بەو شێوازە کۆنە لەلایەن خوێنەرانەوە پێشوازی لێ نەدەکرا.

ڕەفیق حلمی بەشێوەیەکی گشتی هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەک بنەمای ئیستاتیکی دەقی شیعری داناوە، کە ڕۆڵ دەبینن لە دروستکردنی وێنەی هونەری و ڕازاندنەوەی شیعر و زیاتر چێژ بەخشین بە تایبەتی لە شیعری کلاسیکدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوا لە شاعیران دەکات کەوا دەستبەرداری ئەر شێوازی شیعر نووسینە بن، چونکە لەگەڵ گیانی سەردەمدا ناگونجێن. بە بڕوای ئێمەش قسەکەی لە جێگەی خۆیدایە، چونکە سەردەم و بارودۆخی ژیان گۆڕاوە و ئەدەبی نوێش سەری هەڵداوە و لە گەشەسەندندایە، بۆیە پێویستە ئیتر شاعیران دەستبەرداری ئەو شێوازەی شیعر بن کە لەگەڵ گیانی سەردەمدا ناگونجێن.

(**عەلائەدین سەجادی**) لەکتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) گرنگییەکی زۆری بەلایەنی ڕەوانبێژی شیعری شاعیران داوە و وەکو بنەمایەکی سەرەکی ئیستاتیکای شیعرەکان دایناوە، هەر شاعیرێک لە بەرجەستەکردنی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا سەرکەوتووبووبێت، بەوردی تیشکی خستووتەسەری و ئەو لایەنە ڕەوانبێژییەی ڕوون کردووەتەوە، کە شاعیر سەرکەوتووانە لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە و ستایشی شیعرەکە و شاعیریشی کردووە. نووسەر ستایشێکی لەڕادەبەدەری مەلای جزیری دەکات، لەبەرئەوەی لە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا نەک هەر سەرکەوتوو بووە، بەڵکو زانایەکی ئەو بوارە بووە و توانیویەتی بەشێوەیەکی وەستایانە و لەشوێنی خۆیدا ئەم هونەرانە بەکاربهێنێت بەجۆرێک، کە دەبێت زانایانی ئەم بوارە وانە لە مەلای جزیری وەربگرن، وەک دەڵێ: ((گویا علمای بەلاغە ئەو عیلمەیان هەر بۆ مەلا داناوە، وەیا مەلا دەستی علمای بەدیع و بەیان و مەعانی راکیشاوە بو سەر زەوقی خوی و دەرزی داداون کە ئەبی جیناس، تەلمیح، بەدیع، تەشبیە، ئیستیعارە، مەجاز و کینایە، اطناب و ئیجاز لەو وەربگرن و نابی کەسی تر دەست بو ئاسمانی خەیال و خەیمەگای

[١] – ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب٢،ل١٣٠

غـەرام دریـژ بکـا تـەنیا ئـەو نـەبی!!))[1] هـەروەها لەباسـی شـیعرێکی شـاعیردا، کـە بـۆ باسکردنی یارەکـەی نووسـیوە ئـەوە دەخاتـەڕوو، کـە شـیعرەکە سـەرتاپای نـاوازەیی و ڕەوانبێژیی و پاراوی و جوانییە، وەک دەڵێ: ((مەلا دینی بە باسکردنیک کە سەرتاپای اعجـاز و بەلاغـەت بـی باسـی ئـەو یـارە خوشەویسـتەی ئـەکا کـە سـەرچاوەی ئـەم ئیلهامەیەتی و ئەیکا بە پەردەیەکی ئاوریشم و بە تانوپۆی خەیالی خوی ئەیتەنیتەوە))[2] بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە نووسەر تەنها ئاماژەی بە هونەرە ڕەوانبێژییەکانی شاعیر داوە و نەهاتووە ئەو هونەرە ڕەوانبێژییانەی، کە شاعیر لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون ڕوون بکاتەوە شێوازی پێکهێنان و هونەرکاری و ناوازەیی و جوانییەکانیان بخاتەڕوو.

سـەجادی لەباسـی (مـەم وزینـی ئەحمـەدی خـانی) لەسـەر چەنـد هونـەرێکی لێکچوانـدن ڕادەوەسـتێ، کـە بـڕوای وایـە وەسـتایی لێزانییـەکی زۆری تێدایـە و تـەنیا لەدەست شـاعیرێکی وەک ئەحمـەدی خـانی دێت لێکچواندنی لـەو شـێوەیە بکـات، وەک دەڵێ: ((بەم جوره باسی ئەم شایی و دیوەخانی شایی و بانگیشتنی زەماوەندە ئەکا کە قەلەم لە باسیا کولە و مەگەر هەر شاعریکی وەکو ئەحمەدی خانی بتوانی کورەی مانگ و روژ تهشبیە بکا بە خرری نان و دەوری وبایەی زیرر و زیو بکا و خواردنیان تیابی و سەریان داپوشرابی و بیانکا بە سندوقچەی بچکولەی کچان کە عەتری تی ئەخەن و سەری دائەخەن! مەگەر هەر ئەو بتوانی جەدی و حەمەل _ کە دوو بورجن_ و ناوی کارژولە و بەرخیشـن بیانکـا بـە کـەباب و بوریـانی ئـەم زەماوەنـدە و گـلاس و تونگـەی بلورین بگیرریت و ئاوی سافیان تیا بدرەوشێتەوە و هەمو جوره میوەیەک ئامادە بکا و بە هەمو جوره بون خوشیەک دیواخان گولاوپاشی بکا))[3]

سەجادی لە باسی (نالی)دا تیشک دەخاتە سەر لایەنی ڕەوانبێژی و بڕوای وایە نالی وەستای مەیدانی ڕەوانبێژی و وردەکارییە و لەم بوارەدا ناوبانگی دەرکردووە ، ئەگەر لەگەڵ (ئەبو تەمام)ی شاعیری عەرەبدا کە لە(هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا) بەناوبانگ بووە و بەسەرچاوەی خواستن و جیناس و مانای ورد ناسراوە بەراورد بکرێن، ئەوا نالی گەلێ لەو بەرزترە و بەتواناترە لە نەخشاندنی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا، وەک دەڵێ: ((بەلی ئەلین لە شاعرەکانی عەرەب ئەبوتمام لە شعردا لانکەی دروستکردنی ئیستعارە

[1] – عەلائەدین سەجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، ل١٧١
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١

و پەیداکردنی مەعنای ورد و جیناس و پیکهینانی صفەت بوە، بەلام ئەگەر لەگەل نالی ئیمەدا بخرینە دو تاکی ترازووەوە بی گومان شایەن بەلای نالیدا گەلی ئەرروا!))[1]

نووسەر لە لێکدانەوەی چەند شیعرێکی شاعیردا؛ بە وردی ئەو ئیستاتیکا ناوازەیە دەخاتەڕوو، کە بەهۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە بەرجەستەی کردووە، نووسەر شیعری (لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان)ی شاعیری هێناوەتەوە و ئەو ڕەوانبێژی و هونەرکاری و وردەکارییانە دەخاتەڕوو لەم شیعرەدا بەرجەستەی کردووە، نووسەر بڕوای وایە ئەم بەکارهێنانە وردەی ڕەوانبێژی بووەتە هۆی ئەوەی شاعیر ناوبانگ دەربکات، هەروەک دەڵێ: ((بەراستی لیرەدا نالی ئاوازی وەستایەتی لە مەیدانی بەلاغەت و وردەکاری شعردا دەنگی داوەتەوە... ئەو دو پەشیویە کە نالی هیناونی و کردونی بە بەرامبەری یەک زور سەیرن؛ یکیکیان لە ئەو پەرری تاریکیدایە کە پەشیوی زولفە؛ زولف کە پەرش و بلاو بوەوە زور جوانە، یکیکیان پەشیوی دلە کە پەشیوی دلیش لە هەمو شت ناخوشتر و ناشرینترە))[2]

هەروەها لە باسی شیعری (ئەو سلسلە ئەو مشکی خوتەن نێوی براوە - پڕ پێچ و شکەن خەم بە خەم و حەڵقە کراوە)ی (نالی)دا ئەوە دەخاتەڕوو کە تەنها نالی توانای ئەوەی هەبووە بە هێنانەوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و ڕەگەزدۆزی و وردەکاری وەسفی زوڵفی یار بکات، وەک دەڵێ: ((مەگەر هەر نالی توانیبیتی بەو جیناس و وردەکاریە باسی ئەو زولفە بکا کە ئەلی: ئەو زنجیرەیە کە لە رەشی و بون خوشیدا ناونراوەتە میسکی خوتەن و پیچ پیچ و لول و کلافە کراوە و بەسەر یەکا کەوتوە ئەوە ئایا زولفە؟ یا لاولاوە کە لەوبەری رومەتەوە کەوتوتە ئەم بەرەوە؛ چونکە لاولاو هەلئەچی و خوی ئەئالینی بە نەماما. واتە بالای ئەمیش نەمامیکە لاولاوی زولفی بەم بەر و بەوبەرا خوی تی ئالاندوە!. یا یاسەمەنیکی تازەیەکە لە رومەتی وەکو روژیا رواوە و بەسەریا پەخش بوەتەوە))[3] هەروەها لەسەر بەشێک لەو هونەرە ڕوانبێژییانە ڕادەوەستێت کە شاعیر لە شیعرێکی تردا بەرجەستەی کردووە بەتایبەتی هونەرەکانی لێکچواندن و ڕەگەزدۆزی و پێچان و کرانەوە بڕوای وایە کە تەنها مەگەر نالی بتوانێ بەوجۆرە ئەو هونەرانە بەو شێوە سەرکەوتووانە لە شیعرێکدا بەرجەستە بکات، وەک دەڵێ: ((نالی لەباری تشبیە و جناس و لف و نشردا کەم کەس توانیویەتی دەستی ئەوی

[1] - عەلائەدین سەجادی، میژوی ئەدەبی کوردی، ل٢٢٤
[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢١-٢٢٢
[3] - سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٢

ببی. لەو بررە شعرەیدا کە سەرەتاکەی ئەلی: عاشقی بی دل دەنالی مەیلی گریانی هەیە بی شکە هەورە تریشقە تاوی بارانی هەیە، دلی عاشقی کردوە بە هەور؛ چون پەیدابونی هەور لە هەلمی ئاوەوەیە بەهوی گەرمایی روژەوە عەشقیش لە شورشیکی لەشەوە ئەبی بەهوی گەرماییکی مەعنەوی مەعشوقەوە، هەورەکەکە تونتر بو ئەگرمینی و باران هەلئەرریژی، عەشقەکەی ئەمیش کە تونتر بو بارانی فرمیسک هەلئەرریژی بە گرمەگرمی سوزەوە!))[1]

سەجادی لە شیکردنەوەی شیعری (ئاسمانی حوسنی مەحبوبەم لە ئەبرۆ و زوڵف و ڕووو – دو هلال و دو شەو و دو ماهی تابانی هەیە)ی شاعیردا لەسەر هونەری (لێکچواندن)ی ناو شیعرەکە ڕادەوەستێ و دەڵێ: ((لیررەدا لەسەر قاعدەی بەلاغە دو هلالەکەی بو دو بروەکە، دو شەوەکە بو دو زولفەکەی ئەم لاو ئەولای، دوماهی تابانەکەشی بو دو گوناکەی بردوتەوە، مەبەستی بە رو دو گونایەتی نەوەک رومەتی))[2]

نووسەر ئەم داهێنانانەی کە شاعیر لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردوون بە شۆڕشێکی ئەدەبی ناوی دەبات و کە پڕن لە ئیستاتیکای بەرز و ناوازە، وەک دەڵێ: ((نالی بەم جورە لە ولاتی سولەیمانیدا شورشیکی تازەی خستەناو ئەدەبیاتی کوردیەوە و دەروازەیەکی گەورەی خستە سەر گازی پشت بو ئەو کەسانە کە شەیدا و تینوی ئەدەبیاتی کوردی و عباراتی رەنگینی کوردین... بەراستی سوز و ئەدەبیات و جوانی عبارەتی دەربرریوە؛ هیناویە بالای نەونەمامی یاری عیشوەداری کردوە بە داریک کە گولی گرتبی و لە گوپکەی سەرسنگیەوە خونچەی دەرکردبی – کە گوپکەی مەمکیە – جا ئەلی: غونچەی وا تام و بون خوش قامیشی شەکر نەیگرتوە، خونچەی قامیشی شەکر شیرینیەکی تیدایە کە نەشئەکەی هەر سەرزارەکیە، بەلام غونچەی مەمکی تو هەم جوانی دیمەنەکەی، هەم شیرینی شیرەکەی هیزیکە بو چاو و خواردنەوەیەکی روحییە بو هەمو شعوریکی ئادەمیزاد))[3] بەدڵنیاییەوە نالی یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی کورد، کە دەستێکی باڵای هەبووە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا و لەم بوارەدا داهێنانی کردووە و شیعرەکانی پڕن لە هونەرکاری و ڕەوانبێژی.

---

[1] – عەلائەدین سەجادی، میژوی ئەدەبی کوردی، ل٢٢٢–٢٢٣

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٣

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٣

سەجادی لە باسی (سالم)دا ئەوە دەخاتەڕوو، کە شاعیر لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا دەستێکی باڵای هەبووە و سەرکەوتووبووە لە بەرجەستەکردنیاندا لە شیعرەکانیدا و زۆریش حەزی لە ڕەگەزدۆزی و لێکچواندن کردووە، نووسەر پاش شیکردنەوەی شیعری (ساقی لە پەردە دەرهات جامێ شەرابی هێنا – دل خیرەما لە حیرەت مەه ئافتابی هێنا)دا ئەو هونەرکارییە دەخاتەڕوو کە شاعیر بەهۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە دروستی کردووە، وەک دەڵێ: ((سالم لەم شعرەدا وردەکاریەکی سەیری نواندوە؛ لەلایەکەوە لەسەر رەوشتی شاعرەکان هیناویە رومەتی ئەو دلخوازەی کردوە بە مانگی چواردە لەکاتیکا کە لە کەل سەر دینیتە دەر، لەلایەکی ترەوە ئەلی ئەو رومەتە تەنیا بو ئەوە بتوانری تەماشای بکری مانگە ئەگینا روژە، کە دەرکەوت دیمەنی کورەی روژی هینا بو ئەوە ئەو ناوە روناک کاتەوە))[1] پاش ئەوەش سەرجەم دێڕە شیعرەکان شیدەکاتەوە و هونەرکارییەکانی ڕووندەکاتەوە دەڵێ: ((بەراستی لیرەدا سالم لە بەلاغەت و فەلسەفە و تشبیە و غەرامیاتدا توپی هونەری لەو مەیدانانەدا بە گورجی و چالاکی فرراندوە))[2]

نووسەر لەباسی شیعرێکی دیکەی شاعیردا (زەورەقە دڵ دیدەیە دەریا و مەردووم ناخودا – جۆشی خاتر وەک شەپۆل و غەم نەهەنگ لەنگەر جەفا) لەسەر هونەرەکانی لێکچواندن لە شیعرەکەدا ڕادەوەستێت و ئەو جوانی و ئیستاتیکایە دەخاتەڕوو کە شاعیر بەهۆی ئەم هونەرەوە دروستی کردووە و دەڵێ: ((تشبیە و وردەکاریەکی زور بالای بەپی دلی پەژارەی کردوە؛ هیناویە شتومەکی دەریایی هەمو ئامادەکردوە بو ئەوە لی بپەرریتەوە و رزگاری بی لە دەرد و ئەندوهی ئەو ژیانە کە تیدایە لەگەل ئەم هەمو تەقەلایەش هەر رزگاری نەبووە))[3] پاشان بەوردی ئەو هونەری لێکچواندنانە ڕووندەکاتەوە کە لەشیعرەدا هاتوون وەک چواندنی (چاو بە دەریا، دڵ بە گەمیە، غەم بە نەهەنگ، جەفا بە لەنگەر، ئاهو هەناسەی پڕ ئێش و دەرد بە بازرگان، لەش بە چیت و کوتاڵ، گیان بە کاروانچی) دواتر ئەوە ڕووندەکاتەوە کە تەنها مەگەر سالم توانیبێتی بەم هەموو لێکچواندنانە ئەم جیهانە پڕ لە جوانی و خەیاڵەی دروست کردبێت و دەڵێ: ((لەوانەیە هەر سالم توانیبیتی بەم هەمو تشبیهانە کاروانیکی خەیالی و

---

[1] – عەلائەدین سەجادی، میژوی ئەدەبی کوردی، ل٢٣٨

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٩–٢٤٠

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٢

دەریایکی خـەیالی دروست بکـا و بـەوجورە بیـەوی لـی بپەرریتـەوە))[1] بـەبڕوای ئێمـەش سالم شاعیرێکی بەتوانایە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا و زۆر سەرکەوتووانە توانیویـەتی لەڕێگەی ئەم هونەرانەوە ئیستاتیکایەکی بەرز لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکات.

سـەجادی لەباسـی (مەولـەوی)دا پـاش ئـەوەی شـیکردنەوە بـۆ شـیعری (چـون چهرەی خـەیال روخسـارەکەی وێـش – نـە پـەردەی دڵـەی مەعـدومی دڵـڕێش) دەکـات پاشـان لەسـەر ئـەو لێکچواندنـە ڕادەوەسـتێت کـە بنـەمای جوانی و ئیسـتاتیکای دەقەکـە پێکدەهێنێت و بەشـێوەیەکی هونەرییانـەی بـەرز دروسـتکراوە، وەک دەڵـێ: ((مەولـەوی لیرەدا بە پیچەوانەی هەمو عالمەکانی بەلاغە – کە ئەمە مەگەر هەر لە دەست ئەو هاتبی – بە دوجار تشبیە باسی یاری خویت بو بکا؛ جاریکیان یاری ئەکا بـە پەیکـەری خـەیال لە نازکیدا، جاریکیشیان خەیالەکە کە "مشبەبە"یە تشبیهی ئەکا بە مانگ و لەگـەل ئـەم کردەوەیەدا باسیکی دەرهاتنی مانگیشت بو ئەکا))[2] هـەروەها نووسـەر لەباسـی شـیعری (گول چون روی ئازیز)دا لەسەر ئەو لێکچواندنە ئاوەژووە ڕادەوەستێ کە شـاعیر لـەم شیعرەدا بەرجەستەی کردووە وبە نموونەیەکی بـەرزی جوانی و ئیسـتاتیکای شـیعریی دادەنێت و دەڵێ: ((ئایا بیجگە لە مەولەوی کی تر بی بتوانی ئەم جورە تشبیە ریک خـاو بلی ئەو جوانی و نەزاکەتە کە لەروی گولدایە ئەوە وەکو هی روی ئازیزم وایـە، بـەفری کویستانان کە ئەتویتەوە ئەوە لە لافاوی فرمیسکی خوشەویستی من ئـەچی! مەولـەوی تـەنها بـەم شـعرەی بـەجاری ئـەدەبی کوردی هەلگیررایـەوە، زور حەیفـە تـا ئـەم شـعرە وەسـتابی ئـەهلی بیلاغـە و بـەیان بلـین: ابـو حنیفـە کـابی یوسـف))[3] ئـەم هونەرانـەی ڕەوانبێژی لە ئاسـتێکی بـەرزی هونەریدان و ئیسـتاتیکایەکی جوانیشـیان بـە شـیعرەکان بەخشیوە.

سەجادی لەباسی (سەی یاقو)دا پاش ئـەوەی لێکدانـەوە بـۆ شـیعری (شـوری وە سەرم گوتگە لـەی مەسـتی چاوە – هـیچ جێگـە نەنیشـم مەگـەر ئـەی جـێ کـە شـراوە)ی شـاعیر دەکـات، لەسـەر ئـەو هونـەرە ڕەوانبێژییانـە ڕادەوەسـتێت، کـە شـاعیر دروسـتی کردوون، نووسەر بڕوای وایە ئەم شیعرانە لە ئاستێکی بـەرزی هونـەری و ئیسـتاتیکیدا نـین، ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی ئـەو لێکچواندنانـەی شـاعیر دروسـتی کـردوون لەجێگـەی خۆیانـدا نـین و لەگـەڵ لۆژیکدا یـەک ناگرنـەوە، وەک دەڵـێ: ((ئیمـە نـاتوانین بلـین ئـەم

---

[1] – عەلائەدین سەجادی، میژوی ئەدەبی کوردی، ل٢٤٢-٢٤٣
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٣
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١

شعرانه لەو پەرری بەرزیەوەن، چونکه رەخنەیان لی ئەگیریت، تەماشا ئەکەی له شعری دوهەما که ئەلیت: گونات وەکو مانگ، گونا ناشوبهینری به مانگ، گونایەک که سور بی و مانگیک که سپی بی با هەردوکیشیان جوان بن لەگەل ئەوەش ناتوانری وەکو یەکیان لی بکری.))[1] نووسەر بەردەوام دەبێت لە ڕەخنەکانی لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی لێکچواندنەکان و ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەو لێکچواندنانەی شاعیر لەم شیعرانەدا دروستی کردوون نارێکن و لەگەڵ واقع و لۆژیکدا ناگونجێن و وێنەی هونەری جوان و ئیستاتیکییان لێ پێک نەهاتووە، وەک دەڵێ: ((دیسان له شعری چوارەما ئایا مەبەستی به خال و خەت چیه؟ ئەگەر مەبەستی رومەت و زولفیەتی بەلی هەمو تەشبیهی شعرەکە دروسته بەلام ئەمەش نەبیسراوەکه خال و خەت رومەت و زولف بیت، ئەوا خال خاله خەت چیه؟! ئەگەر بلین خەت رومەته ئەم رومەته له شعرەدا بو به کورەی روژ و بو به هەتاو بو ئەوە خال که شەوە یا هەوری رەشە داپپوشی! دەی ئەو خالە ئەبی چه خالیک بی که هەمو رومەتی داپوشی؟! ئەگەر خالیک ئەمەبی که هەمو رومەت داپوشی ئەمە نابی ناو بنریتە خال، بەلکو ئەبی بلین ساجیکی رەشی خستوته سەر رومەتی و هەموی داپهوشیوە! ئەگەر بلین نەء، با خەت زولف بی و خال رومەت بی، دیارە ئەمە بەولاترەوە خابتر و نارریکترە. ئەوەشمان لەبیر نەچی کە لە شیعری هەشتەمیشدا خەتی کردوە به بروا!))[2] لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە (سەی یاقو) شاعیرێکی بەتوانایە و شیعری بەرز و جوانی زۆرە، بەڵام نووسەر ئەو شیعرەی هێناوە کە شاعیر نەیتوانیوە بە جوانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەرجەستە نەکردووە.

سەجادی لەباسی (مەجدی) شاعیردا ئەو جوانیی و ئیستاتیکایە دەخاتەڕوو، کە شاعیر بەهۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە لە شیعری (لەدولا زولفی لاولاوە، لەسەر رووی قامەت ئالاوە - خەم و پێچی هەمووو داوە، چە لەم لاوە، چە لەو لاوە)دا پێکیهێناوە، کە بڕوای وایە بەس ئەم شیعرە بەسە بۆ ئەوەی پلەوپایەی بەرزی ئەم شاعیرەمان بۆ دەربخات، وەک دەڵێ: ((ئایا جیناس و تشبیه لەمە جوانتر ئەبی کە مەجدی کردویەتی؟ ئایا نابینی بە چە جورە وردەکارییەک هیناویە بالای دلخوازی کردوه به نەمام و زولفی به لاولاو؟ ئاشنایەتی له بەینی نەمام و بالا و لاولاو و زولفدا راستی و پیا ئالان بی؛ لاولاو چون بە شولا ئەئالیت، زولفی ئەمیش بەو جورە بە نەمامی بالایا ئالاوە. دیسان ئاشنایەتی لەبەین وشەی "لاولاو" کە لاولاوە لەگەل

[1] - عەلائەدین سەجادی، میژوی ئەدەبی کوردی، ل٢٩٢

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٢-٢٩٣

"لـەولاوە" کـە ئـەولای رومەتیـەتی چـونی ریـک خسـتوە؟ پـەیکان کـە تیـرە پیکـان کـە ئەنگاوتنە. بیگانە کە بیجگە لە خزمە هەموی هەر یەکە بە مەعنای خوی هونیویەتـەوە))[1] پاشان نووسەر یـەک یـەک جوانییـەکانی هونـەرە ڕەوانبێژییـەکانی دێرە شـیعرەکانی تر دەخاتـەڕوو، لـە کۆتاییـدا دەڵـێ: ((ئـەم بـررە شـیعرەی مەجدی نمونەیەکـە بـو هـەزاران شـعری تـری لـە کوردیـدا وە تـەنها بـەم شـعرانەی ئـەتوانین پایـەی ئـەم شـاعرەمان لـە مەیدانی ئـەدەبیاتی کوردیـدا بینینـە بەردەسـت))[2] بـەبڕوای ئێمـەش شـیعرەکە لەوپـەڕی ئیسـتاتیکادایە و شـاعیر بـە جـوانی هونـەرەکانی ڕەوانبێـژی خسـتووەتە خزمـەت ئیستاتیکای شیعرەکەوە.

سەجادی لە باسی (حەریق)دا لە چەند شوێنێکدا باسی ئەو جوانییانە دەکات، کە شاعیر بەهۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە دروستی کردووە، نووسەر پاش لێکدانـەوەی شیعری (هەوری خەفەتە بەفری غەمی داوە بە سەرما – یا سەر سەری نورینە کە لێی کردمە سەرما) لەسەر ئەو هونەرە ڕەوانبێژییانە ڕادەوەستێت، کە شاعیر لە شیعرەکەدا پێکیهێناوە و بڕوای وایە کە شاعیر لە دروستکردنی هونـەرەکانی ڕەوانبێژیدا دەستێکی بـاڵای هەیـە، وەک دەڵـێ:((بەراسـتی حـەریق لەبابـەت جینـاس و عیبـارەت رەنگینـی و هەلسـەررانی وشـەی سـەرما و گـەرما بەچەنـد مەعنایـەک چالاکانـە و ئەدیبانـە هاتوتـە مەیدانەوە، ئەمەی کردوە دیسان هەر بەپی ئەم شعرانەی وادەرکەوتوە  کە ویستویەتی ژیانیکی خەفەتباری خوی باس بکا))[3] بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشدا ڕەخنـەی ئـەوە لـە شـاعیر دەگرێت کە لەم شعرەدا نەیتوانیوە سەرکەوتوانە هونـەری لێکچواندن دروست بکات و لەڕووی لۆژیکییەوە لێکچواندکەی نەگونجاوە، وەک دەڵێ: ((باشە! ئەوا خەفەتی کرد بە هەور و وتمان خەفەت بو بە هـەور. ئایا چون غـەم ئەکا بە بەفر؟!بەفری کە سپیە و غەمی کە رەشە ئەم تەشبیە چون سەر ئەگریت؟ لە کوردیدا لە هەرلایە شتیک شوبهینرا بە بەفر، ئاشنایەتی لـە بەینیانا یا سپیەتیە یا ساردیەتی، لیرەدا ئـەو ئاشنایەتیە نیـە؟ دیسان لەشعری دوهەمدا کە ئەلی: "گاهی بە شەرارەی... هتد"شـەرارە کە بو ئاگرە، بو غـەم بـەکاری بینـی شـوینی خویـەتی، چونکـە ئـاگر ئینسـان ئەسـوتینی غـەمیش ئینسـان

[1] – عەلائەدین سەجادی، میژوی ئەدەبی کوردی، ل٣٨٤
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٤
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٦

ئەتوینیتەوە، ئەم ئاشنایەتیە هەیە لە کوردیدا بەلام ئەو لە پیشا غەمی کرد بە بەفر و ئیستە بە ئاگر، ئەمە لەیەک زور دورن!))[1]

سەجادی لە باسی (ئەدەب)دا قسە لەسەر چەند شیعر و چەند هونەرێکی ڕەوانبێژی دەکات کە شاعیر دروستی کردوون و بە بڕوای نووسەر لە لوتکەی جوانی و هونەریدان بەتایبەتی ئەو لێکچواندنەی لەنێوان مەمک و میوەکانی وەک (نارنج، شەمامە، بەهیَ و سێو)دا کردوویەتی، بۆیە دەڵێ: ((نابی تا ئیستە هیچ شاعریکی کورد توانیبیتی بەم جورە ستایشی مەمکی کردبی و خستبیتیە قالب و تەشبیهیکی واوە کە نەوەک پیاو، بەلکو خاوەن مەمکیش بخاتە شکەوە کە ئایا مەمکی ئەو ئاوایە کە ئەدەب باسی کردوە؟؟))[2] هەروەها لە لێکدانەوەی چەند شیعرێکی تردا باسی هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەکات، کە لە لوتکەی جوانیدان، وەک دەڵێ: ((ئەگەر چاوی بەم لەف و نشری شعری ئەدەبەدا بگیرری لەکاتیکدا ئەلی: بە زولف وئەبرو موژگان، ... ئایا ناکەویتە سەر ئەو باوەرەوە کە بلیت: ئەم شعرانەی ئەم یەکیکە لەو شعرە بەرزانەی زمانی کوردی کەلەباسی بەلاغە و تشبیە و لف و نشردا وتراوە؟ ))[3] بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە نووسەر ئەم هونەرانەی ڕەوانبێژی ڕوون نەکردووەتەوە و جوانییەکانیانی نەخستووەتەڕوو، کە ئەگەر نووسەر ئەم کارەی کردبا، ئەو کات دەبوونە بەڵگەی سەلمێنەری قسەکانی نووسەر.

سەجادی لەباسی (حەمدی)دا و لەچەند شوێنێکدا تاووتوێی چۆنیەتی دروستکردن و پێکهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەکات، نووسەر لە لێکدانەوەی ئەم شیعرەیدا کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| خەیالی عیشقی روتە وا لە سەرما | بەروتی بویە نیمە باکی سەرما |
| لە سکما لەرزی سەردی تویە گەرما | بە من ناگا و نەگەیوە باسی گەرما |
| دلی ئاگر بەئاهی من ئەسوتی | کەچی نالەم لە دلتا بی ئەسەرما |
| دەمیکە دل گومە نامەرد بزانن | لەلای ئەو شوخەیە ، یا دەربەدەرما |

[1] – عەلائەدین سەجادی، میژوی ئەدەبی کوردی، ل٣٩٦
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٦
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٦

ئەوە دەخاتەڕوو، کە شاعیر بە ڕەگەزدۆزییەکی جوان باسی ساردی یارەکەی دەکات لەگەڵیدا و هونەرکارییەکی جوانی نواندووە لەنێوان "سەرما" و " سەرما-سەری من"دا، هەروەها دژیەکێکی ناوازەیشی لەنێوان گەرما و لەرز"سەرما"دا دروستکردووە، وەک دەڵێ: ((دو سەرما لە شعری یەکەمدا کە جیناسە، یەکەمیان واتە: سەری من دوهەمیان سەرما.. لە شعری دوەما ئەلی: جا ئەگەر گەرماییک لە سکما بی ئەو لەرزەیە، خو دیارە لەرز و گەرمایش پیچەوانەی یەکن، کەوا بو من هەر نازانم گەرمایی چیە! هەمویشی لەبەر ئەوەیە کە تو لە گەلما ساردیت))[1]

پاشان لە قسەکردن لەسەر شیعرێکی تری شاعیر باس لەو لێکچواندنە جوان و ناوازەیە دەکات کە شاعیر لەنێوان "برۆ" و "هوما"دا کردوویەتی و بە لێکچواندنێکی داهێنراوی دادەنێت، وەک دەڵێ: ((لیرەدا هەتا بلیت فیکرەکەی نازکە و بەهەمو مەعنایەک حەقی داوە بە برو. کەم شاعر توانیویانە بەم جورە باسی برو بکەن و بیکەن بە هومایيک کە شابالی بەسەر جوانیدا بلاو بکاتەوە و بگاتە پایەییک کە پی لەسەرچاو بیت، ئەمە مەگەر هەر لەدەست حەمدی هاتبیت ))[2] بەڵام پاشان ڕەخنەی ئەوە لە شاعیر دەگرێت کە لە شیعری دواتردا گەڕاوەتەوە سەر لێکچواندنە تەقلیدییەکان و "برۆ" بە "شیر و تیر" دەچوێنێت، کە ئەمەش شیعرەکەی ناشرین کردووە و لەپایەی جوانی و هونەرییەکەی کەمکردووەتەوە، وەک دەڵێ: ((بەلام خیرا لە شعری دواییدا ... ئەگەرریتەوە سەر ئەو جورە ستایشانە کە شاعرەکانی تر کردویانە و برو ئەکەن بە شیروتیر!. ئەگەر هەر لەشعری یەکەمدا خوی بگرتایەتەوە، بە تەنها ئەو شعرەی پایەکی بەرزی لە شعری غەرامیاتدا لە ئەدەبی کوردی بو خوی تەرخان ئەکرد))[3] بە بروای ئێمەش ڕەخنەکانی نووسەر دەربارەی ئەم لێکچواندنە زۆر لەجێگەی خۆیدایە، چونکە ئەم جۆرە لێکچواندنانە سواون و بەهای ئیستاتیکی خۆیان لەدەستداوە.

سەجادی لەباسی (ناری)دا و لەلێکدانەوەی شیعری (چاوەکەم من بۆیە دایم کار و پیشەم زارییە - حاکمی چاوت لەگەڵ من مائیلی غەدارییە) قسە لەو هونەرە ڕەوانبێژییانە دەکات کە شاعیر شیعرەکەی پێ ڕازاندووەتەوە، هەر بۆیە بڕوای وایە لە شاعیر لە پێکهێنانی هونەری ڕەوانبێژیدا سەرکەوتوو بووە بەتایبەتی لە هونەرەکانی (ڕەگەزدۆزی و تەلمیح و لێکچواندن) وەک دەڵێ: ((ناری لەم شعرەدا جیناس و

[1] - عەلائەدین سەجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، ل٤٤٩
[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٠
[3] - سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٠

تـەلمیحیکی زور جـوانی نوانـدوە لەگـەل دەربررینـی مـەعنا غەرامیەکـەدا، ئـەوەش بـەم جورە: قاضی کتیبیکە لە حکمەتدا هی حسینی مەیبەدیە. هدایە مـەتنی ئەو کتیبەیە هی ئەثیرالـدینی ئەبەهریـە. "لاری"یـش حاشـیەیەکە بەسـەر کتیبەکەوەیـە لار لـە لارسـتانی خوراسانە. جا ئـەلی:خـالی روخسـاری تو حکمەتیکە پیویسـتە شـەرح بکری: ئـەو خالـە مەتنیکـە، کـە "هدایـە"یـە. بلاوبونـەوەی زولفـەکانت شـەرحی ئـەو مەتنـە ئـەکا کـە کتیبی "قاضی"یە. ئەگریجەکانیشت وەکو حاشیەی "لاری" هەم نـاوی خـاوەن حاشـیەکەیە، هـەم ئیشارەیە بو چەوت بونەوەی ئەگریجەکە، چونکە حاشیە بە چەوتی نوسراوە))[1]

پاشان لەو لێکچواندنانە دەدوێت کە لە دێڕە شیعرێکی تردا پێکیهێناون و بـریتین لە لێکچواندنی (ڕووو بە ئاگر، برژاگ بە شیش، برۆ بـە قیمـەکێش، زوڵـف بـە باوەشـێن و جەرگی خۆیشی بە کەباب)و وێنەیەکی هونەری جوانی لێ دروسـتکردوون، وەک دەڵـێ: ((لە ئاخر شعرا رو ئەکاتـە دوسـتی و بـە تەشـبیهیکی تر پی ئـەلی: رومـەتت لـەوەدا کـە پررتـەوی گەرماییەکـەی عاشـق ئەسـوتینی وەکـو مەقەلیـەکی ئـاگر وایـە، برژانگـەکانت شیشـی کەبابـە و بروەکانیشـت قیمەکیشـە. زولفەکەشـت باوەشـینی ئـەو ئاگرەیـە. ئەمـە دوکانیکی کەبابچیتی لەم لاوە بو دانا! جا ئەلی: گوشتی کەبابی ئەم کەبابخانەیە جەرگی پارەپـارە کـراوی "نـاری"یـە بـە دەسـت دوریتـەوە))[2] بەدڵنیاییـەوە شـاعیر لـەم شـیعرانەدا بەشـێوەیەکی زۆر جـوان هونـەرەکانی ڕەوانبێژی پێکهێنـاوە، بەتایبـەتی "لێکچواندنـەکان" کە لە لوتکەی ئیستاتیکا و جوانیدان

سـەجادی لەباسـی (تاهیر بەگی جاف)دا  هونـەرێکی لێکچواندن ڕووندەکاتەوە کـە شاعیر پێکی هێنـاوە و بەنمونـەی جـوانی و ڕازاوەیـی دادەنێت و بـڕوای وایـە تـەنها لـە دەسـەڵاتی ئەم شاعیرەمان دایە بتوانێت هونـەرکاری لـەم جـۆرە بکـات، وەک دەڵـێ: ((لـە غەرامیاتدا کەس نـەیتوانیوە ئـەم فیکرە دەربـرری وەکـو تـاهر دەری برریـوە و خـوی و دوستی کردوە بە پەلکەزیرینەیەک پیکا هەلچوین، بەلام بەجوریکی وەها کـە رەنگـی ئـال و سـەوز بو سوخمەی دوسـتی دابنـی وە رەنگـی زەردیش بـو رومـەتی خـوی کـە لـەتاو دەردی عەشقی ئەو وای لی هاتوە. ئەم بەیتەی شابەیتیکە کە لە غەرامیاتدا وترابی))[3]

[1] – عەلائەدین سەجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، ل٤٦٠-٤٦١

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦١

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٠

هەروەها لەباسی (زێوەر)یشدا ئەو داهێنان و جوانی و هونەرکارییە دەخاتەڕوو کە شاعیر بەهۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە دروستی کردووە،کاتێک ڕەگەزدۆزییەکی لەنێوان (لەو لانەبێ و لەولانە بێ) و (یەکتانەبی و یەک تانەبی)دا کردووە و نووسەر بە چەنـد جۆرێـک ئـەم ڕەگەزدۆزییانـەی ڕوونکردووەتـەوە و بـڕوای وایـە لـە بەرجەستەکردنی ئەم جوانی و هونەرکارییانەدا گەیشتووەتە ئاستی (نالی) وەک دەڵێ: ((بەراستی زیوەر لەم باسی جناسکاریەدا گوی هونەری دەرکردوە و بەلاغەتی زمانی کوردی دەرخستوە وە بگرە تاکی ترازوی لەگەل "نالی"دا راست کردوتەوە))[1] ئەمەش کاتێک شاعیر دوو ڕەگەزدۆزی لەنێوان (لەو لانەبێ و لەولانە بێ) و (یەکتانەبی و یەک تانەبی)دا کردووە و نووسەر بە چەند جۆرێک ئەم ڕەگەزدۆزییانەی ڕوونکردووەتەوە و جوانی و ڕوازاوەییەکانی خستووەتەڕوو، وەک دەڵێ:(( ئیمە هەر ئەوەندە لە شعرەکانی ئەدوین کە مەعنای جناسەکە دەرکەوی، ئەلی: یار! با نەچیتە لای رەقیب و لە مالەوە دانیشی، چونکە ئەو ئاسکە - کەیارە- پیویستە لەولا، نەبی –کەلای رەقیبە- بەلکو لە هیلانەکەی خوی بی – کە مالەکەیەتی – ئەمە پیچەوانەکەشی بگرە!. چاو کە توی لەلانەبی وای پی خوشە کە بو بینینی لەعل و دورری بی هاوتا، نەبی باشە، یا تانەیەکی بە سەرەوەبی. بەپیچەوانەی ئەمەش.. یاخود بو چاو پی کەوتنی لەعل و دورر یکیکیان نەبی، یکیکیشان تانەی بە سەرەوەبی. پیچەوانەی ئەمەش ))[2] ئەم هونەرانەی ڕەوانبێژی شیعرەکەی شاعیریان گەیاندووەتە لوتکەی جوانی و ڕازاوەیی.

**عەلائەدین سەجادی** لە ساڵی (١٩٦٨) لە کتێبی (ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی )دا باسی هونەرەکانی ڕەوانبێژی کردووە و بە بنەمایەکی ئیستاتیکی دەقی ئەدەبی بە تایبەتی شیعری داناوە و جەختی لەوە کردووەتەوە، کە ئەم هونەرانە ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە پێکهێنانی جوانی و رازاوەیی لە شیعردا، ئەمە نەک تەنها لە شیعری کۆندا، بەڵکو لە شیعری نوێشدا هەمان ڕۆڵیان هەیە. وەک دەڵێ: ((ئەدەب، هەر جۆرە ئەدەبێک بێت پێویستە ئەو هونەرە قسەییانە بزانرێن، چونکە ئەگەر ئەمانە نەزانرێن گەوهەری ئەدەبەکە نازانرێ و دەرناکەوێ، ئەم هونەرانەش وە نەبێ تایبەتی بن بە ئەدەبێکی کۆنەوە وەیا بڵێن بە ئەدەبی کۆنەوە؛ ئەدەب کۆن بێ یا تازە ئەم هونەرانەی هەر تێدا هەیە))[3] هەر ئەمەش وای لە نووسەر کردووە بەشێک لە کتێبەکەی

---

[1] – عەلائەدین سەجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، ل٤٩٨

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٨

[3] – عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ل٨٢

بۆ هونەرەکانی ڕەوانبێژی تەرخان بکات بە ناوی (هونەرە قسەییە ئاشکراکان – فنون بەیانییە) و تیایدا چەند هونەرێکی ڕەوانبێژی هێناوە، سەرەتا بەکورتی باسی هونەرەکە و تایبەتمەندییەکەیی و جۆرەکانی کردووە و پاشان نموونەی شیعریی بۆیان هێناوەتەوە و بە وردی هونەرە ڕەوانبێژییەکەی شیکردووەتەوە و لە هەندێکیاندا ئەو جوانی و ئیستاتیکایەی خستووەتەڕوو کە لە شیعرەکاندا دروستییان کردووە، بۆ نموونە دەربارەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری (خەتات فەرموو، کە خۆشە چین و ماچین) دەڵێ: ((جوانیش کە لەتافەتەکەیە لە نیوە هۆنراوەکەی نالی دا دەرئەکەوێ لە کاتێکا کە ئەڵێ:کە ناچین لێرە خۆشە چینی ماچین. لە " خۆشە چینی ماچین " ئەم جوانییە دروست بووە))[1] هەروەها دەربارەی شیعری (قبوڵ نابێ بەهیچ بابێ کە کورر دابێ لەجێ بابێ)ی خاکی دەڵێ: ((بەڵێ ئەم هۆنراوانە لە بارەی رەگەزدۆزییەوە بەرزتر پایەیان هەیە،... ئەگەر بێت و لەم شوێنەدا رەگەزدۆزییەکە و گرێ لێ دراوەکە بەرانبەری پێ بکرێن جوانی رەگەزدۆزییەکە هیچ رەخنەیەک نایەڵێتەوە بۆ گرێ لێدراو))[2]

پاشان نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم هونەرانە جوانی دەقی شیعری پێک دەهێنن و هەر شیعرێک خۆی ببوێرێت لەم هونەرانە جوانییەکانی لەدەست دەدات و هیچ بەهایەکی هونەری نامێنێت، وەک دەڵێ: ((یەکێک ئەگەر هات و بەباوەرری خۆی پارچەیەکی داناو ووتی: وەکو چۆن من خۆمم لە کۆت و زنجیری سەروا و سەروادار رزگار کردووە، هەر بەو جۆرەش خۆمم لە هونەرە قسەییەکان رزگار کردووە و ئەکەم، وە بە باوەرری خۆی پەرچەکەشی ئەدەبە! ئەوە ئەو کەسە بێگومان پارچەکەی ئەبێ بە شتێکی هیچ))[3]

سەجادی وەک بنەمایەکی ئیستاتیکی مامەڵەی لەگەڵ هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری شاعیراندا کردووە، جوانی ئەم هونەرانەی لە شیعرەکاندا ڕوونکردووەتەوە، لە هەندێک شوێنیشدا تەنها ئاماژەی پێکردوون و لە هەندێ شوێنیشدا ڕەخنەی لە شاعیرەکان گرتووە لەبەر نەگونجاوی و سەرنەکاوتن لە دروستکردنی هونەرە ڕەوانبێژییەکەدا. کە بڕوای ئێمە کارەکەی نووسەر کارێکی باش بووە لەو کاتەدا،

[1] – عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ل٨٥
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦– ٩٧
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩

چـونکه بـووەتە هەوڵێکـی بـاش بـۆ ئەوەی خەڵـک ئەو جـوانی و ڕازاوەیـیە ببیـنن کە لەشیعری کلاسیکدا هەیە.

**مستەفا ساڵح کەریم** لە پێشەکی دیوانی (ئازار و ئاوات)ی (أ.ب. هـەوری) باسـی هونـەرەکانی ڕەوانبێـژی کـردووە؛ وەک لایـەنێکی پێکهێنـەری ئیسـتاتیکای شـیعرەکانی شـاعیر. نووسـەر دوو دێـڕ شـیعری شـاعیری هێنـاوە باسـی ئیسـتاتیکای ئـەو وێنـە هونەرییـە دەکات کەشـاعیر لەڕێگـەی هونـەرەکانی ڕەوانبێژییـەوە لـەم شـیعرانەدا پێکـی هێناون، وەک دەڵێ: ((بروانە ئەم هونراوە جوانەی کە بە گفتیکی چەند شـیرین و جـوان باسی ئەو کیژە کوردە جوانەت بو ئەکات چون لـەکاتی روشـتنا جارجارە لـەژیرەوە بـە تیلایی چاو ئەروانیتە ریبوار وە چە کاریک ئەکاتە سـەر دلی ریبوار و نازی ئەو نازدارە وەک داس ئەکەوێتە دروینەی ژین))[1]هـەروەها دەربـارەی شـیعرێکی تـری شـاعیر دەڵێ: ((بەراستی بەلاغەت و دل تـەری هـەوری لـە غـەراما ئەگاتـە پلەیـەکی بـەرزی نایـاب لـەم وینە هونراوەی تریا گوی شـل کـە بوی کە ئـەچریکینی رووبـەرووی ژیـان: بـەناز هـەر بەناز هەر بەناز دەم بکەرەوە - گرەو لە زولیخا و شیرین بەرەوە - بینـە چـەن ماچیـک لەسـەر خالەکـەت – نوبـەرەی بـەری کولمـە ئالەکـەت))[2] وێنـە هونەرییـەکانی شـاعیر ئاسـتێکی بـەرزی ئیسـتاتیکییان هەیـە، کـە هـۆی هونـەرەکانی ڕەوانبێژییـەوە دروسـت کراون.

**محەمەد ڕەسوڵ هاوار** لە ڕۆژنامەی (ژین) گوتارێکی بەناوی (مەحوی و بەهار) بڵاوکردووەتـەوە، کـە تێیـدا لێکدانـەوە بـۆ دوو دێڕەشـیعری شـاعیر دەکـات و جـەخت لەسەر هونەرەکانی ڕەوانبێژی شیعرەکان و ئەوئیسـتاتیکا بـەرزە دەکاتـەوە کە بـەهۆی ئـەم هونەرانـەوە بەرجەسـتەی کردوون. سـەرەتا باسـی ئـەوە دەکـات، کـە شـاعیر زۆر بەتوانایە لەهونـەری وەسـف و لێکچواندندا، وەک دەڵێ: ((مـەحوی یەکێکە لـەو شـاعیرە بەرزانەی کە لە وەصف و تەشبیها دەستێکی باڵای بووە، هـەموو شـیعرەکانی مـەحوی پێویستی بە لێکۆڵینـەوە و لێکدانەوەیـەکی تـەواو هەیـە، بۆ ئـەوەی پیـاو بـە تـەواوی لێی تێبگا و بۆی روون بێتەوە، کە ئەمە شێوەی هەڵبەستی هـەموو شـاعیرە کۆنـەکان بـووە. ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی مەحوی یەکێکە لەو وەصف و تەشبیهە بەرزانـەی کـە پیـاو

[1] - ا .ب. هەوری، ئازار و ئاوات، ل١١

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل١١

تێـری لــێ نــاخوا و هەمیشـــە دڵ بــۆی تامەزرۆیـــە))[1] پاشـــان دەسـت دەکـــات بەڕوونکردنـەوەی ئـەو وەسـف و لێکچواندنانـەی، کـە لـە شـیعرەکەدا هـەن و وێنەیـەکی شیعری ڕازاوەیان دروست کردووە، لەباسی دێڕی (چەمەن هـەر سـەرو و نەسـرینە لـە طەرزی خوابگەی شیرین)دا دەڵێ: ((سەیری دێری دووهەمی بکە کە ئەڵێ سـەیر بکـەن چۆن دەشـت و دەر هـەمووی بـە سـەروو و نەسـرین ڕازاوەتـەوە، لەشـێوەی ئـەو جێ نووستنە رازاوە گوڵ گوڵیە جوانەی کە ئامادە کراوە بۆ شیرین، هەروەها سـەری کێوە سەرکەشەکان هەموو گوڵی ڕەنگاورەنگی جوانیان گرتۆتە باوەش، وەکوو چۆن فـەرهاد شــیرینی شــۆخ و شــەنگی گرتبــوە بــاوەش))[2] بێگومــان شــاعیر دەســتێکی بــاڵای لــە هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا هەبووە و لەڕێگەی ئـەم هونەرانـەوە ئیسـتاتیکایەکی بـەرزی لـە شیعرەکانیدا پێکهێناوە، ئەو وەسف و لێکچواندنەش، کە نووسەر لەم شیعرەدا ئامـاژەی پێکردووە، لە ئاستێکی بەرزی هونەریدان و وێنەیەکی شیعری جوانیان دروستکردووە.

بێگومـان هونەرەکـانی ڕەوانبێـژی بنەمـایەکی سـەرەکی پێکهێنـانی ئیسـتاتیکای شـیعری کلاسـیک بـوون، شـاعیرانی کلاسیک بە پشت بەسـتن بەم هـونەرانە توانیویـانە دەقێکـی بەرزی پـڕ جوانیمـان پێشـکەش بـکەن. ئەگەرچـی لە ئەدەبـی نوێـدا بنەمـا و تایبەتمەندی و شێوازی دارشتنی شیعر گۆڕانی بەسەردا هات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا بە یەکجـاری دەسـتبەرداری ئەم هـونەرانە نەبـووە و ئەم هـونەرانە بە شـێوازێک لەگەڵ شیعری نوێدا بگونجێت هەر مانەوە و ڕۆڵیـان لە بەرجەسـتەکردنی ئیسـتاتیکای شـیعردا بینیوە.

لەبەرئەوەی کێشــەی تــازەبوونەوەی شــیعریی کــوردی لەلایەنــی ئیســتاتیکاوە بەشـێوەیەکی سـەرەکی بریتـی بـوو لە زمـانی شـیعری و کـێش و سـەروا، هەربـۆیە ئەو گوتـارە ڕەخنەییـانەی باسـیان لە هونەرەکـانی ڕەوانبێـژی کـردووە ڕێژەیـان کەمتـرە و نووسـەران کەمتر گرنگیان بەم لایەنە داوە. بەشێوەیەکی گشـتی ئەو گوتـارانەی باسـیان لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی کردووە، جەختیـان لەسـەر ئەوە کـردووەتەوە، کە شـاعیران بەهۆی ئەم هونەرانەوە ئیستاتیکایەکی بەرزیان بەرجەستەکردووە.

---

[1] – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، مەحوی و بەهار، ر. ژین، ژ.١٥١٨، سلێمانی، ١٩٦٠، ل١١

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل١١

# بەشی سێیەم

## گوتاری ڕەخنەی واقعی لە ئەدەبی کوردیدا

### تەوەری یەکەم: ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا

### تەوەری دووەم: ڕەهەندی نێونەتەوەیی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا

### تەوەری سێیەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا

## تەوەری یەکەم ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا

میللەتی کورد یەکیکە لەو میللەتانەی زۆرترین کارەسات و نەهامەتی بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دووبارە دارِشتنەوەی سنووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دابەشکردنی بەسەر چوار دەوڵەتی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریادا، هەروەها لەناوبردنی شۆڕشەکانی کورد و مامەڵەکردنی ئەو دەوڵەتانە بەشێوازی توندوتیژی لەگەڵ میللەتی کورد و چەوساندنەوە و پێشێلکردنی مافە نەتەوایەتییەکان و تەنانەت لە هەندێک وڵات سڕینەوەی سیمای نەتەوەیی و نەهێشتنی قسەکردن و نوسین و خویندن بە کوردی... کە هەموو ئەمانەش بوونە هۆی سەرهەڵدانی چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین، کە ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی بیروباوەڕی نەتەوەیی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئەدەبی هەبووە، هەربۆیە (( بارودۆخی سیاسی ئەو ساڵانە بەگشتی و ساڵانی دوای جەنگی جیهانی دووەم بەتایبەتی ئەدەبی کوردییان بەرەو قۆناغێکی نوێتر برد و هەنگاوێکی گەورەیان پێهەڵهێنا و سیمایەکی جەماوەری و شۆڕشگێڕی ئەوتۆیان پێپۆشی کە پیرۆزترین و شیاوترین قەڵەم لەو قۆناغەدا بۆ لاوێکی خوێن گەرم و خەباتکەر بشیایە تا بەهرە شیعرییەکەی پێبەرجەستە بکات، قەڵەمی شیعری بەرگری کردن و تێکۆشان بووە... شاعیری ڕاستەقینە لە وڵاتێکی داگیرکراودا ناتوانێ دوورە پەرێز بێت و گۆرانی شۆڕشگێڕی نەچڕێ، چونکە ئەگەر وانەکات ئەوا کەسێتییەکەی وەک شاعیر ون دەکات و دژایەتی پەیامی شیعر و پەیامی ژیان دەکات ))[١]

ئەو ڕووداو و کارەساتانەی بەسەر میللەتی کورددا هاتن وایکرد بەتێپەڕبوونی کات بیری نەتەوەیی لای ئەم میللەتە بەهێزتر بێت و زیاتر لە مێشک و دڵ و دەروونی تاکی کورددا بچەسپێ لەو سەردەمەدا و بووە یەکەمین ئاراستەکەری ڕۆشنبیریی و بەرنامە و بەرهەمەکانی تاکەکانی ئەم میللەتە، چونکە ((نەتەوەی کورد لەپێناو گەیشتن بە ترۆپکی ئازادی و لادانی ستەمی لەمێژینەی نەتەوەیی لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانەوە گەلێک هەوراز و نشێوی بەرخودان و ڕێگا ئەستەمەکانی بڕیوە، لە شەڕی چاڵدێرانەوە (١٥١٤) زایینی هەتا دەگاتە ئەمڕۆکە ئەم خەباتە خوێناوییە بە ئامانجی دامەزراندنی کیانێکی سیاسی هەر بەردەوام بووە لەهەر قۆناغێکدا گەیشتبێتە ترۆپکی سەرکەوتن لەلایەن نەیارانەوە دژایەتی کراوە تا توشی نسکۆیان کردووە و

١ - دڵشاد عەلی محەمەد، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، ل٥٩

دووباره سەریهەڵداوەتەوە))[1] ئەم وێنە نەتەوەییە بووە بنەمای ڕۆشنبیری تاکی کورد و دیاریکردنی یاساکانی داهێنانی ئەدەبی و هونەری، بەمجۆرە بەشێوەیەکی گشتی کاری لەپێشینەی ڕۆشنبیران و ئەدیبانی کورد بەرجەستەکردن و بانگەشەکردن بوو بۆ ئەم بیرە و بیری نەتەوەیی بووە چەقی کارکردن و سروشپیدەری هەموو شتێک. ڕەخنەگرانیش لەم گۆشەنیگایەوە کاریان لەسەر دەقی ئەدەبی دەکرد و ئەم بیرەیان دەکردە پێوەری هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی و داوایان لە شاعیران و ئەدیبان دەکرد زیاتر گرنگی بە بیری نەتەوەیی بدەن و هەوڵی سەرخستنی بدەن.

بەشێک لە نووسەرانی کورد لە بەرهەمەکانیاندا زۆر بەتوندی دژی ئەو بەرهەمە شیعرییانە دەوەستانەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی (خودی) بوون و شاعیران تەنها کەفوکوڵی دەروونیان هەڵدەڕشت و باسی ژیانی تایبەتی خۆیان و ژیان لەگەڵ یار و پیاهەڵدانی یار و ڕۆچوون لەناو ژیانی خودی خۆیاندا بەبێ ئەوەی گرنگی بەژیان و گوزەرانی هاونیشتمانیان و بارودۆخی نەتەوە بدەن و ستایشی ئەو بەرهەمانەشیان دەکرد، کە گیانی نەتەوەپەروەری و خزمەتکردنی نەتەوە و هۆشیارکردنەوەی خەڵک و هاندانی لاوانی تێدا بوو، هەروەها هەوڵیان دەدا بە بەرهەمەکانیان هانی شاعیران و نووسەران بدەن لە بەرهەمەکانیاندا گیانی نەتەوەیی بەرجەستە بکەن و خزمەتی نەتەوە و خەڵک بکەن و بەرهەمەکانیان گوزارشت لە واقعی ژیان و بارودۆخی خراپی نەتەوە دەکات و بەرهەمە شیعرییەکانیان بکەنە مینبەری هۆشیارکردنەوەی خەڵک.

یەکەمین نووسەری کورد کە لەگوتارەکەیدا جەختی لە هەستی نەتەوەیی و واقعی ژیانی نەتەوە کردووەتەوە (**سیاپۆشە**). سیاپۆش لە نووسینە ڕەخنەییەکەیدا بەناونیشانی (شاعیرەکانمان)[2] کە لە (ڕۆژنامەی ژیان) لەساڵی (١٩٣٢) بڵاوکراوەتەوە و تێیدا هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی زانستی چەمک و بنەماکانی شیعر لێک بداتەوە و لەژێر تیشکی ئەو لێکدانەوانەدا، کە بۆ شیعری دەکات شیعری کوردی هەڵبسەنگێنێت، کە هەوڵدەدات بەپێی بنەما و چەمکە ڕەخنەییەکان لێکۆڵینەوەی شیعر و جیاکردنەوەی شیعری باش و خراپ و چەمکی کۆن و نوێ و لاساییکردنەوە لە شیعردا بکات.

---

١ - ئازاد گوڵەدین، ناسیۆنالیزم و هەستی نەتەوایەتی لای مەولانا خالیدی نەقشبەندی، چ١، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٣٠

٢ - سیاپۆش، شاعیرەکانمان، ڕۆژنامەی ژیان، ژ٣٣٥ و ٣٣٦، ئاغستۆس و ئەیلول، سلێمانی، ١٩٣٢ هەروەها لە یادگاری لاوان، لاپەڕە( ٣٣-٤٤) لە ساڵی ١٩٣٣ دووبارە بەهەمان ناونیشان بڵاوکراوەتەوە

سیاپۆش لە گوتارە ڕەخنەییەکەیدا مژدەی ڕەخنەیەکی زانستیمان پێ دەدات و ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئیتر بەهۆی ئەم جۆرە ڕەخنەیەوە شاعیری باش لە شاعیری خراپ جیادەکرێتەوە، چونکە بەبڕوای سیاپۆش لەبەر ئەوەی ئێمە ڕەخنەیەکی لەم جۆرەمان نەبووە، ئەوەی هەبووە تەنها پیاهەڵدانبووە، بۆیە شاعیری باشیشمان نەبووە ((بەلی، هەتا ایستا بی لیکدانەوە هەلمان کیشاون لەمەشدا بیانومان هەیە چونکە پیاو لە تاریکیدا جوان و ناشیرینی لا وەک یەکە، بەلام لەمەودوا ئەو دەورە رویشت کە بەزەرد بوتری زیر، و بە سەدەف بلری مرواری لەمەودوا روشنایی زانین بەرچاومان روناک ئەکاتەوە، هەموشتی وەکو خوی ئەبینین و پیویستە هەر شتە بەپیی بەرزی و نزمی خوی ریز بکەین و بەپیی چاکی و خراپی ناوی لی بنین بەبیبون نەلین نیرگس و بە نیرگس نەلین بیبون))[1] هەروەها شاعیرانی کورد بە لاساییکەرەوە و دز دادەنێ، کە تەنها ڕووکەشی شتەکانیان دزیوە و ناوەڕۆک و کاکڵەیان پشتگوێ خستووە، کە ئەمەش لە ئەنجامی هەستێکی نەتەواوەتییەوە ئەم بیروڕایەی هەبووە و بیروڕاکەیشی لەم بارەیەوە تەواو نییە و نالۆژیکییە، چونکە شاعیرانی کورد لە ئەنجامی بەرجەستەکردنی بنەماکانی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییەوە؛ توانیان ئەدەبێکی بەرز دابهێنن کە لە ئاستی ئەدەبە بەرزەکانی ناوچەکە و جیهاندا بێت.

نووسەر بەتوندی دژی شاعیرانی کورد دەوەستێتەوە و بڕوای وایە میللەتی کورد شاعیری نییە یان زۆر کەمی هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەی شاعیرانی کورد (خۆپەرست و بێباکن) و شیعرەکانیان تەنها بۆ خۆیان و ژیانی تایبەتی خۆیان تەرخانکردووە و هیچ گرنگییان بە میللەت و بارودۆخ و ژیانی گەل نەداوە، وەک دەڵێ: ((زوری شاعرەکانمان ئەگەر لەبەر ئێوە نەلیم هەمویان دلداریکی خوپەرست و بی باکن وەکو یەکیکیان ئەلی: "من و یارم لە کونجی دابنیشین – چە باکم عالمی ژیروزەبەربی" بە زور و بەخوایش ئەگرین و ئەقیژین لە باسی چاوی کال و لیوی ئال و رووی رۆژی و پرچی شەوی و بالای سەروی بەوەلا چیکە نازانن، بەلام کاشکی ئەمەشیان چاک بزانیایە ... لە ولاتی هەژارندا، لەنیو خوینی رژاوی جواناندا، بەسەر میشکی پژاوی منالاندا چە کەرریک هەیە گویی نەکریتەوە، چە لالیک هەیە زبانی نەپژی... بینینی هەزاران ژنی سک سوتاو، مندالی بی باوان و بەندی بی تاوان و چاوپیکەوتنی ئەو هەمو شیوە دلگیر و گریەنەرانە تاکەی لە دلی شاعیرەکانماندا هەر یادی ئەسکەندەر و ئاوی بقا، تختی کەی و جامی جەم و بەختی زحاک زندو ئەکاتەوە؟ تا کەی لە ماهی

---

[1] - سیاپۆش، شاعیرەکانمان، یادگاری لاوان، چاپخانەی کەرخ، بەغداد، ١٩٣٣، ل ٣٣

کنعان و عزیزی مسر وازناهینین))[1] لێرەدا سیاپۆش وای دەبنێت کە شاعیرانی کورد تەنها لە دەوری بەژن و باڵای یار خولاونەتەوە، گۆشەنیگای بینینیان تەنها جوانییەکانی یار بووە، هەر بۆیە فەرهەنگیشیان تەنها چونیەتی ڕازی کردنی یاربووە، کامل حەسەن بەسیر دەڵێ: ((لێرەدا زۆربەی سامانی نەتەوایەتیمان لە هۆنراوەی دێرین و هاوچەرخ پووچەڵکراوەتەوە و بەتوندی بەرپەرچدراوەتەوە و ئەم بارەش هەڵبەت لەبەر دوو هۆ بەرپابووە: یەکەم ئەوەیە کە شێوازی هۆنراوەی کوردی بەلای نووسەرەکەمانەوە دەستکرد و لاساییکەرەوەیە و ڕازاوەیە و لە کلێشەی دووبارەکراو و لەیەکچواندن و خوازە و خواستن و درکەی سواو بەولاوە هیچ دەربڕینێکی نوێخواز و داهێنراوی تێدا بەرچاوناکەوێ. دووەم ئەوەیە کە هەستیارەکانمان لە واقیع و سروشتی وڵاتەکەیان پچڕاون و سەرنج لە جوانیی دیاردەکانی ئاووهەوا و زەوی و زارەکەی نادەن))[2]

سەبارەت بە گوتارەکەی سیاپۆش دەتوانین بڵێین: ئەدەبی بەستووەتەوە بە کۆمەڵەوە و گوتارەکەی بۆ ئەو کاتە گوتارێکی باش بووە بەتایبەتی بۆ هۆشیارکردنەوەی شاعیرانی کورد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە تێڕوانینەکانی سیاپۆش زۆر توندن، چونکە شاعیرانی کورد بەرهەمی بەرزی ئەدەبییان هەیە، هەروەها هەر لە ئەحمەدی خانییەوە تا دەگاتە حاجی قادری کۆیی چەندین دەقی شیعرییان بۆ گەل و نیشتمان و نەتەوەکەیان وتووە، هەوڵی هۆشیارکردنەوەی گەلیان داوە، یان لانی کەم خەمیان بۆ ئازارەکانی میللەتەکەیان خواردووە، لەگەڵ ئازارو نەهامەتییەکانی گەلەکەیاندا ژیاون و بە شیعرەکانیان چەندین ڕووداوی مێژوویيان بۆ تۆمارکردووین و بارودۆخی ژیانی گەلیان خستووەتەڕوو، لەوانەش: ئەحمەدی خانی، نالی، سالم، کوردی، حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد. بەڵام لەو ئاستەدا نەبووە کە ڕەخنەگرەکەمان ویستوویەتی، هەر بۆیە زۆر بەتوندی هێرشی کردووەتە سەریان.

نوسەرێک بەناوی (**نەورۆز**) لە ژمارە (٢٤)ی گۆڤاری (زاری کرمانجی)ی ساڵی (١٩٣٢ز)دا گوتارێکی ڕەخنەیی نووسیوە بەناوی (زمان) و تیایدا داوا دەکات ئەدیبانی کورد گرنگی بە واقعی ژیانی نەتەوە و زمان وەک کۆڵەکەی سەرەکی پێکهاتنی نەتەوە بدەن و زیندووی بکەنەوە، چونکە بڕوای وایە ئەدەبیات کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی لەسەر زیندووکردنەوەی زمان و پاراستنی هەیە ((لە عصرێکی وا نازک وە حیاتی دا، لە وەختی هەول و تەقەلادا کە بیەوی پی بگا و سەرکەوی هەمو "ئەدەبیات"ی ملیەی

---

١ - سیاپۆش، شاعیرەکانمان، ل ٣٨-٣٩ - ٤٠

٢ - کامل حەسەن بەسیر، مێژووی ڕەخنەسازی، ٢٠١٥، ل٤٢٦

هەر شتی بی سود وە بی غایەبی! چ ملتیکی تر هەیە لە عصری فن و علم دا، لە زەمانی عرفان و صنعت دا شاعرە پر هۆشەکانی، لەپاش هەمو رابواردنیک، لە شعردا باسی مژگان و چاوی کال وە لیوی ئال و ... بکەن؟ تاکەی وا گالتە بەم زمانە شیرینە ئەکەن، هەتا کەی بەزەیتان بە کوردی وە کورد دا نایێتەوە؟ بروا بفرمون حەزم نەئەکرد ئیتر شتی وا لە جنابتان ببینم وە بە هەمو هیزی دلەوە چاوەروانی شیعری گەلی لەوە علوی ترمان ئەکردی))[1] نوسەر جەخت لەسەر بوژاندنەوەی زمانی نەتەیی دەکاتەوە و داوادەکات ئەدیبان و بەتایەتی شاعیری دیاریکراو واز لە شیعری خودی و ڕابواردن و پیاهەڵدان بە یار و جوانییەکانی یار بهێنن و شیعری بەرزی نەتەوەیی بڵین، چونکە ئێستا سەردەم گۆڕاوە و میللەت و زمانی نەتەوە چاوەڕوانی کەسە ڕۆشنبیرەکانییەتی، تا لەڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە خزمەتی نەتەوە و زمانی نەتەوە بکەن. بێگومان فاکتەرێکی سەرەکی پاراستنی زمان بەتایبەتی زمانی نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو ئەدەبی نەتەوەیی کورد بووە، تەنانەت ئەو زمانە نیمچە ستانداردەی هەشمانە بەرهەمی شاعیرانی ناوچەی سلێمانی بەتایبەتی (نالی و سالم و کوردی) بووە، بۆیە نووسەر بە هۆشیارییەوە ڕەخنەی لە بەرهەمی شاعیران و بەتایبەتی شاعیری ڕەخنەئاراستەکراو کردووە و داوای لێکردووە کە شیعرەکانی بخاتە خزمەتی نەتەوە و زمانی نەتەوەییەوە.

لەم گوتارانەی (سیاپۆش و نەورۆز)دا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە پێویستە شاعیران بە ئاگا بێنەوە و واز لە شیعری خودی و خولانەوە بە دەوری یاردا بهێنن و شیعری واقعی پەیامدار بنووسن، کە گوزارشت لە بارودۆخی ژیان و گوزەران و ئازار و مەینەتییەکانی نەتەوە و ئامانجەکانی بکات.

**ڕەفیق حلمی** لە کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا، یەکێک لەو لایەنانەی قسەی لەبارەوە کردووە لایەنی نەتەوەییە، لای نووسەر گرنگیدان بە نەتەوە و هەستی نیشتمان پەروەری پەسەند کراوە،

نووسەر لەباسی (ئەحمەد موختار بەگی جاف)دا، پاش ئەوەی شیعری (لەخەو هەستن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە) هێناوەتەوە؛ لەڕوانگەیەکی نەتەوەییەوە خوێندنەوەی بۆ دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو، کە شاعیر نیشتمانی زۆر خۆشویستووە و ئەم شیعرەش بەرهەمی ئەو خۆشەویستییەیە، وەک دەڵێ: ((ئەم شعرانەی سەرەوەی ئەحمەد مختاربگ نیشتمان خوشەویستی و غەم خواری ملتی پیشان ئەدا و بەرامبەر بە

---

١ - نەورۆز، زمان، گۆڤاری زاری کرمانجی. ژمارە ٢٤ ، ١٩٣٢، ل١١

زانستی خویندن پایەی مەیل و قەدرزانی خویمان تی ئەگەیینی. بە راستیش ئەحمەد بگ دلی بە وطن (نیشتمان) و زانستەوە بو))[1]

حلمـی لـە باسـی (بێخـود)دا، پـاش خسـتنەڕووی جوانییـەکانی شـیعرەکانی خستنەڕووی لایەنە هونەرییەکانی شیعرەکانی، ڕووی ڕەخنەی تێدەکات و داوای ئەوەی لێدەکات تـەنها شـیعری دڵداری و شـیننامە و نـەعتی پێغەمبـەر (د.خ) نەنووسـێت، بـەڵکو شـیعری پەیامـدار، کـە لەگـەڵ گیـانی سـەردەمدا بگونجێـت بنووسـێت و بابـەتی نـوێ هـەڵبژێرێت و شـیعری نیشـتمانپەروەری بنووسـێت، بـۆ ئـەوەی هـانی خـەڵک بـدات بـۆ خزمـەتی نیشـتمان و کـاری چاکە. وەک دەڵێ: (( هیوامـان واپییـەتی کـە مـاوەی عمـری خوی، صـەرفی دیوانیکی عصری و تازەبابەت بکا و بە شعری بەرز و رنگینی نیشـتمان پرورانـە. روحیکـی نـوی بکـا بـە بـەری لاوەکاندا و بیانخاتـە سـەر ریگـەی چاکـە و پیـک هینـانی کـار و کـردەوەی بـەپیز و بـەم رەنگـە دنیاشـی لیـک بداتـەوە و لـەگل روژی ئاخرەتی؛ ملت و نیشتمانیشی بەیادکا و لە خزمەتی ئەوانیشدا گرەو بباتەوە))[2]

نووسەر بێکەس بە شاعیرێکی نەتەوەیی دادەنێت، کە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی نەتەوەیین، وەک دەڵێ: ((بیکەس لەناو شاعرە قەومییە تازەکانی کوردا ئەژمیریت و ئەمەیش راست و بەجییە، بیتو دیوانەکەی بیکەس بخویننەوە دەبینن بەشی زوری عبارەتە لە شعری نیشتمانی و قەومی))[3] بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە نووسەر هیچ شعرێکی بەرزی نەتەوەیی شاعیری نەهێناوە، تا قسەی لەسەر بکات و ئەم لایەنەی ڕوونبکاتەوە، بە بیانووی ئەوەی شیعرەکانی شاعیر لەناو خەڵکدا زانراوە و زۆربەی خەڵک لەبەریانە.

حلمی لەباسی حاجی قادری کۆییدا ئاماژە بۆ گیانی نیشتمان پەروەری شاعیر دەکات و بڕوای وایە شیعرەکانی حاجی سەراپا نیشتمان پەروەرین و لە نیشتمان پەروەریدا بەراوردی دەکات بە (نامق کەمال) شاعیری نشتمان پەروەری تورک. نووسەر لەباسی شیعری (گەر سەحرا ملا نەمردایە)ی شاعیردا ئەوە دەخاتەڕوو، کە شاعیر شارەزای بارودۆخی جیهان و ناوچەکە بووە، بۆیە شیعرەکانی کردووەتە وێستگەی هۆشیارکردنەوەی میللەتەکەی، وەک دەڵێ: ((حاجی وەکو خوی دەفەرموی غەم خواریکی بەراستی ملت بوە و زور باش لە سیاستی ئەو دەورە و هەوال و باسی

١ - ڕەفیق حلمی ، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب١، ل١٦

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨-٥٩

٣ - سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣

کوردان شارەزابوە و تیی گەیشتوە. گەلیک داخ و خەفەتی خواردوە بو قەومەکەی و بە هەمو لەونیک هەولی داوە بو وریاکردنەوەیان))[1] هەروەها جەخت لەوەش دەکاتەوە کە حاجی لەگەڵ ئەوەی نیشتمان پەروەرێکی گەورە بووە، خاوەن ئامانجێکی نەتەوەیی گەورەش بووە، هەوڵی داوە ڕێگەی سەرکەوتن پیشانی نەتەوەکەی بدات، کە خوێندن و فێربوون و نووسینی کوردییە[2]

نووسەر لەگەڵ ئەوەی حاجی بە شاعیرێکی بەرزی نەتەوەیی دادەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگرێت کە لەبەر گەیاندنی پەیامەکەی ئاستی هونەری شیعرەکانی دابەزیوە، وەک دەڵێ: ((ئەگەر لەبەر ئەهمیەتی گیان (روح) مادەی ئیهمال نەکردایە و بەتەنگ رازاندنەوەی ئەو شعرانەوە ببوایە، زور بەئاسانی ئەمەی بو دەچوەسەر و ئەیتوانی کە بیخاتە وینەیکی جوانتر و بەرزتری ئەدەبییەوە))[3]

ئێمەش لەگەڵ بۆچوونەکانی نووسەر داین و حاجی شاعیرێکی نیشتمان پەروەری گەورەی ئەدەبی کوردییە، کە شیعرەکانی بۆ خزمەتی نەتەوە و نیشتمان تەرخان کردووە. هەر ئەمەش وایکردووە بەشێکی زۆری شیعرە نەتەوەییەکانی لەڕووی هونەرییەوە ئاستیان نزم بێت.

حلمی لەباسی (دڵدار)دا چەند شیعرێکی شاعیری هێناوە و لێکدانەوەی بۆ شیعرەکان کردووە و چەند بۆچوونێکی ڕەخنەیی دەربارەیان دەربڕیوە، کە شاعیر بە شوێنکەوتەی حاجی قادر دادەنێ لە نیشتمان پەروەریدا، ئەمەش پاش ئەوەی شیعرێکی شاعیر بە نموونە دەهێنێتەوە، شاعیر وەکو نیشتمانپەروەرێک وێنا دەکات، کە ئەرکی خزمەتکردنی نیشتمان و تێکۆشان لەپێناوی نیشتماندایە، بۆیە دەڵێ: ((ئەم شیعرانە کە باسی هەندێ دەردی کۆمەلایەتی و نیشتمانیمان ئەکا و چارەسازی ئەمانەمان پیشان ئەدا))[4] هەروەها لە قسەکردن لەسەر شیعرێکی تری شاعیر باسی لایەنی نەتەوەیی شاعیر دەکات و شاعیر بە خاوەن هەستێکی نەتەوەیی و هاندەر بۆ هەستی نەتەوەیی دادەنێت و دەڵێ: ((دڵدار بەتایبەتی لە پەند و مەوعزەی ملیدا دەسێکی درێژی هەیە و بە گەلێ ووتاری بەهادار و شعری جوان ڕێگەی ژیان و سەرکەوتنی پیشانی لاوانی دوارۆژ داوە، ئەم شعرانەی خوارەوەی یەکێکە لەوانە و بەلای ئێمەوە شاشیعرێکە کە

---

[1] – رەفیق حلمی ، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب١، ل١٠٣

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤

٣ – سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤

[4] - رەفیق حلمی، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب٢، ل١٣

لـەم بابەتـەوە ووترابـێ))[1] هـەروەها لـە کۆتـایی شیعرەکەشـدا دەڵـێ: ((بەڕاسـتی پەنـد و نەسیحەتێکی بەرز و بەنرخە و شعرەکانیشی ئاودار و ڕەنگینە. خۆزگـە هـەموو لاوێکـی کورد لەسەر ئەم پێوشوێنە بڕۆیشتنایە ئەوساکە دەرئەکەوت کە ئـەم ملەتـە چـۆن دەس لە مل هیوا ئـەکا و ئـەگا بـە ئامـانجی پیرۆزی))[2] بیروڕاکـانی نووسـەر دەربـارەی دڵـدار تەواون، چونکە دڵدار شاعیرێکی واقعی و نەتەوەییە، کە لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە هـانی هۆشـیارکردنەوەی لاوانـی نەتەوەکـەی داوە، بـۆ ئـەوەی ڕێگـای ڕزگـاری بگرنەبـەر و هیوایان بە داهاتوو و گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوە هەبێت

حلمـی کاتێـک باسـی ڕەمـزی دەکـات لەسـەر لایـەنی نەتـەوەیی لـە شـیعرەکانی شـاعیردا ڕادەوەسـتێت و بـڕوای وایـە شـاعیر ئێسـتاش بەشـێوازی شـیعری کلاسـیکی باسـی نەتـەوەییمان بـۆ بکـات، وەک دەڵـێ: ((کـاک ڕەمـزی لـە شـعری نیشـتمانیدا بـە سـەلیقەی کـون چـووە بـەریوە وە لەسـەر شـیوەی کـون، بـە قەسـیدە هەسـتی خـۆی بـو دەرخسـتوین، واتـە نـەیتوانیوە یـا نەیویسـتوە پـەیرەوی بـویژە تازەکـان بکـا))[3] پاشـان نووسـەر بـۆ سـەلماندنی بۆچوونەکـەی دێـڕی یەکـەمی شـیعری نیشـتمانی (ئـەی وطـن توخوا لەبەرچی هیندە دل غەمگینی تو)ی شـاعیری هێنـاوە و پاشـان بەتونـدی ڕەخنـەی لێ دەگرێت، کە چۆن دەکرێت بەو شێوازە کۆنە بابەتێکی تازە و گرنگی وەک نەتـەوەیی باس بکرێت، نووسەر ڕەخنەکانی لە شاعیر دەکاتە پەیامێک بۆ شاعیرانی دیکەی کورد، کە بەو شێوازە کۆنە باسی نەتەوە نەکەن و هەرئەمەش وای لێدەکات واز لـە شـیعرەکە بهێنێت و زیاتر قسەی لەسەر نەکات، وەک دەڵێ: ((ئینجا ئیمە لەبەرئەوەی کە ئەمانەوی لـە شـعری نیشـتمانیدا ئـەم چەشـنە شـیوەیە بگـورین و بـەهیوای ئـەوەین کـە بویژەکـانی کورد لـەم چـەرخی بیسـتەمی شارسـتانیەتیەدا بەشـیوەیەکی وا سـارد و بەسـەرچوو لـە نیشـتمان نـەدوین، وازمـان لـە نووسـینی ئـەو دوای قەسـیدەکە هینـا، چونکـە شـعری نیشـتمانی، ئیمـرو ئسـلووبی تایبـەتی خـوی هەیـە))[4] بۆچوونەکـەی نووسـەر لەجێگـەی خۆیدایە، چونکە ئەو شێوازەی شاعیر لـەم شیعرەدا بـەکاری هێنـاوە زیاتر بـۆ شـیعری غەرامی دەگونجێت و لەگەڵ گیانی سەردەمیشدا نایەتەوە.

---

[1] - ڕەفیق حلمی، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب٢، ل١٨
[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل٢١
[3] - سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠
[4] - سەرچاوەی پێشوو، ل٣١

حلمی لەباسی (سالم)دا ئەو شیعرانەی هەست وسۆزیان بۆ نیشتمان تێدایە، دەبەستێتەوە بە گیانی نیشتمان پەروەرییەوە. نووسەر لە لێکدانەوەی شیعری (لەگەل دل شەرتە سالم گەر نەجاتم بوو لە تارانا)ی دەڵێ: ((من وا زان ئەکەم کە سالم لەرووی نیشتمان پەرستی و هەوای سەربەخویی وولاتی خویەوە لە ئیران نەحەساوەتەوە، ئەگینا ئەگەر لە سالمدا تەواناى بیگانە پەرستی وە خزمەتی غەیری نیشتمانی خوی ببوایە، بەهوی زرنگی و زیرەکی لەو زەمانەدا بو یەکیکی وەکو ئەو ژیانیکی باش و ئاسوودە شتیکی ئەوتو نەبوە))[1]

نووسەر ئەو شیعرانەی شاعیر شیدەکاتەوە، کە باسی شاری سلێمانی و بارودۆخی ژیانی خەڵکەکەی دەکەن لەدوای داگیرکرانی شارەکە لەلایەن تورکەوە وئەو نەهامەتی و ناسۆرەی توشیان بووە، دەبەستێتەوە هەستی نیشتمان پەروەری شاعیرەوە.

بەشێوەیەکی گشتی ڕەفیق حلمی گرنگی بە ڕەهەندی نەتەوەیی داوە، تیشکی خستووەتە سەر ئەو شیعرانەی شاعیران، کە ناوەرۆکێکی نەتەوەییان هەیە، ستایشی کردوون، هانی داون بۆ نووسینی شیعری نەتەوەیی. هەروەها بڕوای وایە ناکرێت بەشێوازی شیعریی کۆن ناوەرۆکی نەتەوەیی دەرببڕدرێت، بەڵکو پێویستە بەشێوازێکی تازە و سەردەمییانە بگوترێت. بەبڕوای ئێمەش بۆچوونەکانی تەواون، چونکە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەدەب گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی و هۆشیار کردنەوەی خەڵکە، هەروەها پێویستە بەپێی گۆڕانی بارودۆخ و ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەدەبیش خۆی نوێ بکاتەوە و لەگەڵ گیانی سەردەمدا بگونجێت.

**مستەفا ساڵح کەریم** لەساڵی (١٩٥٦) لەناميلكە شیعری (ئازار و ئاوات)ی (أ.ب. هەوری)دا شاعیر بە مرۆڤێکی نەتەوەیی وێنا دەکات، کە بەهۆی ئەو بارودۆخە خراپەی کوردستان و ئەو هەموو ناخۆشی و نەهامەتییانەی بەسەر نەتەوەکەیدا هاتووە، شاعیر توشی ڕەشبینی و دڵتەنگی بووە و بیروباوەڕی دەربارەی نەتەوەکەی و ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕاوە، وەک دەڵێ: ((کاتیک کە هەوری چاوی کرایەوە ... چاوی بەچی کەوت؟ گرانیو برسیتی هەژارانو لی قەوماوانو هەزارەها خانەی ویران "چونکە سەردەمی پاش شەری گەورەی یەکەمبو" ئیتر هەر لەو کاتەوەدل شکستی وە "يأسی" پەیاکردو بەتايبەتی پاش ئەوەی کە دەستی بەخویندنەوەی هونراوی شاعیرە

[1] - ڕەفیق حلمی، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب٢، ل٥٥

کونـەکان کـرد وە بیروبـاوەریکی تایبـەتی ئـەوتوی پەیـداکرد کـە بیـر لـە بەسـەرهاتی گەلەکـەی بکاتـەوە، بویـە بەتـەواوی هەسـت بـە پـەژارە و شکسـتەی دلـی ئەکـەی لـە هونراوەکانیـا تـەنانـەت ئـەو لـە جەژنیشـا هەسـتی بـە شـادمانی نـەکردووە))[1] نووسـەر ئەگـەرچی شـیعری شـاعیرانی کۆنی خوێندووەتـەوە و سـوودی لـێ وەرگرتـووە، بـەڵام بەهـەمان ڕێگـای ئەوانـدا نەڕۆیشـتووە، بـەڵکو ڕێگـەی نیشـتمانپەروەری گرتـووە و بـۆ نەتەوەکـەی تێکۆشـاوە و لـەم ڕێگەیەشـدا ئامـادەی هـەموو قوربانییـەک بـووە، ئـەم شـاعیرەمان لـەجیاتی ئـەوەی وەک شـاعیرانی کلاسـیک هـەموو ژیـانی بـۆ تاقـە یارێـک تـەرخان بکـات؛ ژیـانی بـۆ خزمـەتی خـەڵک و بـۆ ڕزگـاری نەتەوەکـەی تـەرخانکردووە و ئاواتی ئەوە بووە دەوڵەتی کوردی ببینێ و ئامادەش بووە لەم پێنـاوەدا خـۆی بەکوشـت بـدات. نووسـەر لـە لێکدانـەوەی چەنـد دێـڕە شـیعرێکی شـاعیردا دەڵـێ: ((گـەر بیتـو سـەرنجیکی بـە انصـافانە بدریتـە ئـەم شـیعرانەی ئـەبینین کـەوا بـە راسـتی هـەوری لـەم مەیانـەدا بـاش تـی هـەلچوە نـەک تاقە یاریک کـە شـاعیرانی کـون تلاوتلیـان بـو داوە بـە دریژایی شـەو بەلکو صـەد هەزاری وا چاو بەخومار ئەکات بە فیدای سـاتیکی شـادمانی خاکی وولات. واز لە خوشیو شەونخونی شەوان ئەهینی بو ئەوەی هەمو ئاواتیکی هـەر پی گەیشـتن بـە وەصـلی خـاکی کوردبی جگە لەمـەش لەچەند شـیعریکی تریـا پـەیمانی چوونە ژیر خاک ئەدا لە پیناوی نیشتمانو گەشانەوەی خونچەی هیوادا))[2]

قسـەکانی نووسـەر لەجێگـەی خۆیـدان، چونکـە شـاعیر هەسـتی بەژێردەسـتەیی نەتەوەکەی کردووە و بەشێک لـە شـیعرەکانی بـۆ نەتەوەکـەی و ڕزگـاری نیشـتمانەکەی تەرخانکردووە، هەروەها وەک ڕۆشـنبیرێک هەسـتی بـە ئـازار و نەهامـەتی و ناڕەحـەتی ڕۆڵـەکانی نەتەوەکـەی کـردووە، هەربۆیـە بێئومێدی و خـەمخۆری بووەتـە ناونیشـانی بەشێک لەشیعرەکانی شاعیر.

**محەمەد سالح دیلان** لە گوتارێکدا لـە ڕۆژنامـەی (ژیـن)دا بـە نـاوی (ئەحمـەدی خـانی) گفتوگـۆی (مـەم وزیـن)ەکـەی شـاعیر دەکـات، بـڕوای وایـە (خـانی) لـە داسـتانە شیعرییەکەیدا گیانی نیشتمانپەروەری برەو پێداوە و باسـی ئـەو گرفت و کەموکوڕییانـە دەکات، کە بوونەتە هـۆی ئـەوەی کـورد خـاوەنی دەوڵـەتی خـۆی نـەبێت، هـەروەها قسـە لەسـەر ئـەوە دەکـات، کـە خـانی شـاعیرێکی گـەورەیـە و دامەزرێنـەری قوتابخانـەی

١ - ا. ب. هەوری، ئازار و ئاوات، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بەغدا، ١٩٥٦، ل ٨

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤

نیشتمانپەروەرییە و لەمەشدا پێش ئەوروپا کەوتووە، چونکە لەوکاتەدا هێشتا بیری نەتەوەیی لە ئەوروپاش سەری هەڵنەدابوو، لە لێکدانەوەی چەند دێڕێکی داستانەکەدا دەڵێ: ((لێرەدا لە لێ وردبوونەوە، ئەم شیعرە ڕێکوپێکو ورد و پڕ لە گیانی نەتەوەپەرستی و "ملحمەی مەم و زین" گیانی ئاڕاستەکردنی ئەدەبی کوردمان نیشان ئەدات. لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی دا لەکاتێکا ئەو دەمەی ئەو تیایدا ژیاوە ئەوروپای ڕۆژئاوا تازە خەریکی ڕوخاندنی قەڵاکانی دەرەبەگ بوونوو خەریکی دروست کردنی ڕژێمی سەرمایەداری بوون کە "نەتەوە"ی لەژێر سایەدا دروست بووە، وە پاش دروست بوونی نەتەوەکانی ئەدەبی ئاڕاستەکردنی شاعیرەکانی نەتەوە ژێردەستەکان کەوتە مەیدانەوە کەچی ئەحمەدی خانی لە چیرۆکێکی دڵداری قوتابخانەیەکی دروست کردوە ))[1] ئێمەش لەگەڵ ئەم بۆچوونەی نووسەرداین دەربارەی ئەحمەدی خانی، چونکە ئەحمەدی خانی یەکەمین شاعیری ڕۆژهەڵاتە، کە بیری نەتەوەیی لە شیعرەکانیدا بەرجەستەکردووە، شاعیر لە بیروڕا نەتەوەییەکانیدا پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە لەمەشدا لە (دانتی) شاعیری ئیتالی خاوەنی (کۆمیدیای یەزدانی) دەچێت.

**دیلان** لە گوتارێکی تردا لەهەمان گۆڤار بەناوی (سالم) تیشک دەخاتە سەر گیانی نیشتمانپەروەری شاعیر و بە یەکێک لە پێشڕەوەکانی نیشتمانپەروەری لە ئەدەبی کوردیدا دایدەنێت، نووسەر لە قسەکردن لەسەر چەند دێڕە شیعرێکی شاعیر دەڵێ: ((شاعیرێکە هەستی نیشتمان پەروەری گەیشتۆتە ڕادەی کزە لە جەرگ هەڵسان))[2] نووسەر بڕوای وایە شاعیر لە گوزارشتکردن لە بیروڕا نیشتمانپەروەرییەکانی پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە بەتایبەتی لەناوچەی سلێمانی، چونکە تا ئەوکاتە بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری نەتەوەیی دروست نەبووبوو، هەر ئەمەش شاعیر دەکاتە ڕائیدی نیشتمانپەروەری لە ئەدەبی کوردیدا، چونکە سالم (( لەسەردەمێکا ژیاوە دەستەی ڕۆشنبیر نەهاتۆتە گۆڕێ لە کوردستاندا، یانی سەرمایە نەنێرراوە بۆ جێگاکانی کەپاش ئەم کەین و بەینە دەستەی ڕەوشن بیر دروست ئەبێ و باری بزووتنەوەی گیانی سەربەخۆیی نەتەوایەتیمان ئەکەوێتە کەللە، یانی هێشتا داگیرکەر بە "مەفهومێکی عیلمی" نەکەوتبووە ئەم پەڕ و ئەوپەڕی کوردستانەوە ... کەوا بوو سالم یەکێکە لە ڕائیدەکانی بیرکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی))[3] نووسەر لێرەدا بۆچوونەکانی

---

١ - دیلان، ئەحمەدی خانی، ڕۆژنامەی ژین، ژ ١٣٣٦، سلێمانی، ١٩٥٧، ل٨

٢ - دیلان، سالم، ڕۆژنامەی ژین، ژ ١٣٤٠، سلێمانی،١٩٥٧، ل١

٣ - سەرچاوەی پێشوو، ل٧

ناواقعین، چونکە لەو سەردەمەدا چەندین ڕۆشنبیری ناودارمان هەیە، کە (سالم) خۆی یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانە.

نووسەر شیکردنەوەیەکی نەتەوەییانە بۆ ئەو چامەیەی (سالم) دەکات کە لە وەڵامی چامەکەی (نالی)دا نووسیویەتی، بەبڕوای نووسەر چامەکە هەمووی باسی ئەو ئازار و نەهامەتی و ناڕەحەتییانە دەکات، کە بەهۆی هێرشی دەوڵەتی عوسمانییەوە بەسەر شاری سلێمانیدا هاتووە و شارەکە بووە بە وێرانە و خەڵکەکەشی ژێردەستەی داگیرکەربوونە و بنەماڵەی بابانەکان دیلکراون و بە دیلی نێردراون بۆ ئەستەنبوڵ و ئاڵای دەوڵەتی عوسمانی لە جیاتی ئاڵای بابانەکان هەڵکراوە، کە ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی دەنگی هونەرمەندان و ئەدیبان خامۆش بێت، ئەم چامەیەی بە پارچە شیعرێکی (مارسیلیز) دەبەستێتەوە و بە هاوشێوەیان دادەنێت، هەروەها نووسەر لە لێکدانەوەی کۆتا دێڕی چامەکەدا دەڵێ: ((توخوا ئەی شەماڵی بەیانیان بڵێ بە نالی دەخیلی بم بەم ڕەنگە هەرگیز بە سولەیمانیا نەڕوات. با وەکو سالم بێ کەس و بێ دەرەتان و شەکەت نەبێ. من وام کرد و خۆم دا بەدەم ئەم گێژاوی ژێر دەستییەوە، دەخیلی بم، ئەو لە دەرد و خەما خۆی نەدۆڕێنێ))[1]

نووسەر دەربارەی لایەنی نیشتمان پەروەری سالم زیادەڕەوی کردووە، بێگومان سالم یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە شیعرەکانیدا هەست بە هەندێک سۆز بۆ نیشتمان دەکەین، بەڵام شاعیر وەک نیشتمانپەروەرێک نەهاتووەتە مەیدان و شیعری نیشتمانپەروەریشی نەنووسیوە، وەک ئەوەی خانی لە مەموزیندا کردوویەتی.

**دیلان** لە ژمارە (١٣٤٤)ی گۆڤاری (ژین)دا گوتارێکی بەناونیشانی (پیرەمێرد – شاعیری بزووتنەوەی نیشتمانی کوردە) بڵاوکردووەتەوە، تێیدا دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە پیرەمێرد شاعیرێکی نیشتمانپەروەری کوردە و بە شیعرەکانی خزمەتی ئەم ئامانجەی کردووە، نووسەر بڕوای وایە پیرەمێرد هەر لەسەرەتای شیعر نووسینییەوە تا کۆتایی تەمەنی نیشتمانپەروەرێکی هۆشیاربووە و بە هۆشیارییەوە ئەم ئامانجەی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە، هەربۆیە لە لێکدانەوەی دێڕەشیعری (کورد نابڕێتەوە خەیاڵی خاوە – بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە)دا باس لەوە دەکات، کە پێویستە وەک پیرەمێرد نرخی گەل بزانین، چونکە نەتەوەی کورد ئەگەرچی خاوەنی دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی نەبووە لەگەڵ ئەوەشدا وەکو نەتەوەکانی

١ - دیلان، سالم، ل٨

(ئەتروسک و غالیین و زط و قرمط ئاشووری و کلدانی) لەناونەچووە و هەرماوەتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە، کە ئەم نەتەوەی کوردە بەراتی ڕزگاربوونی بە خوێنی ڕۆڵەکانی گەل نووسیوەتەوە و هەر دەبێ ڕزگاری بێت لە ژێر دەستی و دیلی و ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی.[1] هەروەها لە شیکردنەوەی چەند دێڕە شیعرێکی تردا بەردەوام دەبێ لەسەر ئەم بۆچوونە نەتەوەییانەی شاعیر و ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئەم نەتەوەی کوردە هەر دەبێ ڕزگاری بێ لە ژێر دەستی، ئەمەش لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد ئامادەن لەپێناوی ئازادیدا قوربانی بدەن و ڕۆڵەکانی خۆیان بکەنە قوربانی لەپێناو نیشتمانەکەیاندا، وەک دەڵێ: ((قوربانی ئێمە ئەسڵە، هی ئێمە ڕاستییە، چونکی ئێمە قوربانیەکانمان کچ و کوڕەکانمانن. ئێمە کچ و کوڕەکانمان بەخت ئەکەین بۆ ئازادکردنی گەلەکەمان بۆ بەختیاری و کامەرانی دوارۆژی نەتەوەکەمان. ئەگەر قوربانی حاجیەکان تەنها مەڕە، ئێمە خۆمانین، کورد، کە خۆی بەخت ئەکات بۆ ڕزگاربوونی))[2]

هەروەها نووسەر لە یادی حەوت ساڵەی کۆچی دوایی پیرەمێرددا؛ پیرەمێرد بە ((تێکۆشەرێکی کوردایەتی، شاعیرێکی شۆڕشگێڕ، زیندووکەرەوەیەکی جەژنی نەتەوەی کورد))[3] ناو دەبات و بڕوای وایە پیرەمێرد هەموو تەمەنی بۆ خزمەتی نەتەوەکەی تەرخانکردووە و باس لە کارەکانی شاعیر دەکات، کە مایەی شانازین بۆ خۆی و گەلەکەی، هەروەها شاعیر لەپاش مردنیشی هەر بەردەوام دەبێ لە خزمەتی نیشتمان و هەوڵدان بۆ ئازادی نەتەوەکەی، چونکە دەروونی ئاگرێکی وەهای تێدایە دوای مردنی دەبێتە مەشخەڵ بۆ لاوانی نەتەوەکەی بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات لەژێر دەستی، کاتێک دەڵێ: ((دوێنێ نۆزدەی حوزەیران ڕۆژی تێپەڕینی حەوت ساڵ بەسەر کۆچی دوایی "پیرەمێرد" کە گومانی تێدانییە ئەبێ ببێتە ڕۆژێکی مێژوویی لەلاپەڕەی گەلی کوردا چونکە سۆز و نیشتمان پەروەری بیرەوەری پیرەمێرد گەیشتۆتە سنووری ئەڵێ: ئەو ئاگرەی لە دڵمەوە بەردەبێتە کفنەکەم – تا دوژمنم نەکا بە خەڵووز شەرتە پف نەکەم، ئەو جۆشی کوردایەتییەی لەناو گۆڕیشا پاش سووتانی جەستەم بەرئەبێتە کفنەکەم، تا نەیەتە دەرێ گەلەکەم نەبینێ نەیکا بە مەشخەڵ ڕێ ڕوناک نەکاتەوە وهێرشی پێ نەباتە سەر دوژمن نەیکا بە سووتوو پەیمان بێ فووی لێ نەکەم و نەی کوژێنمەوە))[4]

---

١ – دیلان، پیرەمێرد، ڕۆژنامەی ژین، ژ ١٣٤٤، سلێمانی، ١٩٥٧، ل١

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل٨

٣ – دیلان، پیرەمێرد، بەشی دووەم، ڕۆژنامەی ژین، ژ ١٣٤٩، سلێمانی، ١٩٥٧، ل١

٤ – سەرچاوەی پێشوو، ل٢

ئێمەش هەمان بیروڕای دیلانمان هەیە دەربارەی پیرەمێرد، چونکە پیرەمێرد هەموو ژیانی تەرخانکردبوو بۆ خزمەتی گەلەکەی و هۆشیارکردنەوەیان و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و گیانی نیشتمانپەروەری و زیندووکردنەوەی بۆنە نەتەوەییەکان، بەتایبەتی جەژنی نەورۆز. پیرەمێرد ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ بووە و هەمیشە هەوڵی ئازادی و هۆشیاری گەلەکەی داوە و لەو پێناوەدا هەموو هەوڵێکی داوە، لەپاش مردنیشی شیعرەکانی بوونەتە مەشخەڵی ئازادی بە دەست لاوانی نەتەوەکەیەوە.

شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ گۆڕانێکی گەورەی لە عێراقدا دروستکرد و وڵات بۆ چەند ساڵێک ئازادی نووسین و ڕۆژنامەوانی بە ڕووی گەلانی عێراقدا کرایەوە و نووسەرانی گەلی کورد بەتایبەتی هەستییان بەو بۆشاییە گەورەیەی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ کرد، هەربۆیە باسوخواسی نەتەوەیی و خزمەتکردنی نەتەوە لەسەرجەم بوارەکانی ژیان بەگشتی و ئەدەب بەتایبەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا برەوی سەند و کار لەسەر ئەوە دەکرا هانی ئەدیبان و نووسەران بدرێت، کە ئەرکی یەکەمیان خزمەتکردنی نەتەوە و کێشە نەتەوەییەکان بێت و هەر ئەمەش دەرگای بەڕووی گوتاری ڕەخنەی نەتەوەییدا کردەوە و گوتارە نەتەوەیەکانی ئەو ماوەیە جێگەیەکی باشی لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا بۆ خۆیدا داگیر کرد.

**دڵزار** لە ساڵی (١٩٥٨) کۆمەڵە شیعری (ئاوازی ئاشتی و ئازادی)ی بڵاوکردووەتەوە، کە ( محەمەد تۆفیق وردی) پێشەکی بۆ نووسیوە. وردی شاعیر بە کوردێکی نیشتمانپەروەر دادەنیت، کە شیعرێکی زۆری بۆ ئازادی نەتەوەکەی و بۆ کوردستان داناوە، لەم پێناوەشدا تووشی گرفت و ناڕەحەتی و گرتن و بەندکردن بووەتەوە، بەڵام شاعیر کۆڵی نەداوە و زیاتر سووربووە لەسەر خزمەتکردنی ئامانجەکانی، کە ڕزگاری کوردستانەکەی بووە لەژێر دەستی بێگانە. شاعیر بەهۆی ئەوەی ئینگلیزەکان درۆیان لەگەڵ کردووە، هەروەها چەندین وڵاتی دنیا گەڕاوە چاوی کراوەتەوە و هەستی نیشتمان پەروەری لە ناخیدا سەری هەڵداوە، وەک دەڵێ: ((دلزار لە شەرری دنیایی دوەم عەسکەر بوو ئینگلیزەکان وادەیان پی دابوو بیکەنە ئەفسەر کەچی تەنیا دوو خەتیان دایە بەو چەشنە بوی دەرکەوت کە ئینگلیزەکان بو هەمو نەتەوەیەک فیشال و درو نەبی چیکەیان نیە. لە غەریبی گەلی شعری داناوە. چوتە فلستین و قبرس و سوریە و لبنان، بەم وینە دلزار چاوی کرایەوە و روژ بە روژ

هەستی نیشتمان پەروەری لە دلیا بەهیز تر ئەبوو... حکومەتی پیشو سی سال حەپسی کردوە و نزیکەی چوار سالیش هەلاتوو بوە. برسیەتی و رووتی و دەربەدەری زور دیوە نزیکەی دە سال ئەبیت هەمیشە خاینان پەلپیان پیی گرتوە و بەفیشال لە بەندی توندیان کردوە))[1]

بەبڕوای نووسەر دلزار شاعیرێکی نیشتمان پەروەرە و نیشتمانەکەی خۆی، کە کوردستانە زۆری خۆشدەوێت، چونکە ڕۆڵەی ئەم نیشتمانەیە و ویستوویەتی بەوەفا بێت بەرامبەر بە کورد و کوردستانەکەی، هەربۆیە چەندین شیعری بە باڵای سروشت و جوانییەکان و خەڵکی کوردستاندا گوتووە ((دلزار کوردستانی زور خوش ئەویت ئەو کوردستانەکەی کە لە ناویا ژیاوە بە ئاوەکەی ژیاوە. گەلی هەلبەستی جوانی داناوە کە هەموی پیا هەل ووتنی کوردستانی خۆشەویستە ))[2]

**حەمەڕەش** لە گۆڤاری (بلێسە)دا گوتارێکی لەژێر ناوی (حاجی قادری کۆی)دا بڵاوکرووەتەوە و تیایدا گفتوگۆ لە بارەی شیعرەکانی شاعیرەوە دەکات و شیعرەکانی دەکاتە ئاوێنەی ژیان و بیروباوەڕی و بە شاعیرێکی نیشتمانپەروەری دادەنێ، کە هەمیشە ئێش و ئازارەکانی گەلەکەی لەبەرچاوبووە و هەوڵی داوە گەلەکەی لە نەزانی و دواکەوتوویی و ژێردەستەیی ڕزگاربکات، کاتێک دەڵێ: ((ئەگەر شیعرەکانی بخوێنینەوە تێ ئەگەین کە حاجی لە هەموو ئێش و ئازاری گەلی کورد دوواوە، گیانی نیشتمانپەروەری لە تێ بینی یە ووردەکانی خۆی هاتوتەکایەوە، کە ئەی بینی شێخەکان چۆن بە تەڵەکەبازی چینی هەژاریان دوای خویان خستووە، کاربەدەستەکانی حکومەتی عثمانی چون زۆرداری و ناڕەوایی لە "گەل" ئەگەن، بەبونەی گەشتی حاجی قادر بو شارەکانی ئێران، زۆرداری و ستەمکاری ئێرانیەکانیش بەرامبەر بە گەلی کورد باش تی گەییبوو))[3] نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە شاعیر گرنگییەکی زۆری بە زمانی کوردی داوە و هانی خوێندەوارانی داوە بە زمانی کوردی بنووسن، چونکە بڕوای وابووە زمانەکە زۆر دواکەوتووە و خوێندەوارەکان گرنگی بە زمانی کوردی نادەن و بە زمانەکانی بێگانە دەخوێنن و دەنووسن و زمانی دایکیان لا سووکە. لەم بارەیەوە دەڵێ: ((حاجی هانی خوێندەواری میللەتی کورد ئەدا کە بە کوردی بنوسن، بوئەوە زمانەکەمان نەفەوتی، سەیرکردوە زمانی کوردی زور دواکەوتووە و هیچی پێی

١ – دلزار، ئاوازی ئاشتی و ئازادی، چاپخانەی دارالسلام، بەغدا، ١٩٥٨، ل ٣-٤

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل٤

٣ – حەمەڕەش، حاجی قادری کویی، گ. بلێسە، ژ٣، ساڵی یەکەم، سلێمانی،١٩٥٩، ل٦٥

نەنوسراوە، مطبوعاتی کوردی نییە، هەموو مەلاباشەکان و خوێندەوارەکان لە زمانی فارسی و عەرەبی تورکی لە خاوەن زمانەکان باشترن کەچی زمانی کوردی کە زمانی باووباپیریەتی خراوەتە پشت گوێ، لەسەر هێرشێک دێنێتە سەر مەلاکان کە خوێندەواری – لەپێش پەیدابوونی قوتابخانە بەشێوەی تازە لە کوردستانا لە دەست ئەواندا بووە))[١]

نووسەر زۆر سەرکەوتووانە لەسەر ئەو وێستگانەی شیعری شاعیر ڕاوەستاوە، کە بەڕوونی گیانی نیشتمان پەروەری شاعیر دەردەخات، چونکە حاجی قادری کۆیی شاعیرێکی نیشتمان پەروەر بووە و بەشێکی زۆری شیعرەکانی بۆ خزمەتی نەتەوە و بەرزکردنەوەی گیانی نیشتمان پەروەری و هۆشیارکردنەوەی خەڵک و هاندانیان بۆ خزمەتکردن و بەرگری کردن لە نەتەوە تەرخان کردووە، هەروەها شاعیر گرنگییەکی زۆری بە زمانی کوردی داوە، کە ئەمەش لە هەستی نەتەوایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە زمانی کوردی ڕەمزی سەرەکی نەتەوەی کوردە و ئەوەی وایکردووە کە کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بمێنێتەوە زمانەکەی بووە، کە پاراستوویەتی و نەیهێشتووە لە ناوبچێت.

هەروەها (**کاکە شوان**)یش لە ژمارە (١١)ی گۆڤاری (بلێسە)دا گوتارێکی بەناوی (یادی پیرەمێرد شاعیری نەمری کوردپەروەری) بڵاوکردووەتەوە و تیایدا باسی لایەنی نیشتمان پەروەری شاعیر و هەوڵەکانی دەکات بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی و چۆن شاعیر شیعرەکانی کردووەتە وێستگەی خزمەتکردنی نەتەوە و هۆشیارکردنەوەی گەلەکەی و هاندانیان بۆ شۆڕشکردن دژی بێگانە و ڕزگارکردنی نەتەوەکەی لەژێر دەستی و دیلی. نووسەر سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی باسی نەتەوەکەی دەکات، کە چۆن لاواز و پارچەپارچە و ژێردەستەیە و تووشی هەرەس بووە، بە دەستی بێگانەوە تووشی دەیان نەهامەتی بووە. لەم کاتەدا پیرەمێرد وەک ڕۆشنبیرێکی نیشتمان پەروەر دەردەکەوێت، وەک دەڵێ: ((لەکاتیکا پەردەی شەوەزەنگی تار ئاسمانی کوردستانی خوشەویستی گرتبوەوە. هیوا لە دڵ و دەروونی هەزارانا کەوتبوە باری ئاوابوون، برسێتی و هەژاری، کوشتن و بڕین، جەردەیی و زور و ستەمی ژەندرمە خوێن مژەکانی پیرە دەوڵەتەکەی عوسمانی نەتەوەی کوردی پێ شێل کردبوو کەوتبوە قەلاچوکردنی. زۆربەی میللەت برسی و لاواز بوو ئیتر ئاوڕ لەچی باتەوە لەکاتیکا مەرگ ڕۆژی سەد

---

١ – حەمەڕەش، حاجی قادری کویی، ل٦٩

کـەڕەت خـۆی لــە شــانی ئەســوو.. ئالــەم کاتــەدا ئەســتێرەی پیرەمێــرد لــە ئاســمانی کوردەواریدا پرشنگی کوردپەروەری ڕژانـە دڵ و دەرونـی نەتەوەکەمانـەوە))[1] هـەروەها نووسەر لە لێکدانەوەی شیعری (شینی شەهیدان)دا باس لە خەبات و قوربانیدانی گەلی کورد دەکات لەپێناو ڕزگاریدا، کە هەمیشە لەو پێناوەدا خوێنی ڕۆڵـەکانی نەتـەوە ڕژاوە و شیعرەکەی پیرەمێردیش بەشێوەیەکی فەلسەفی قووڵ ئەم بابەتـەی خسـتووەتەڕوو، کـە سەربەسـتی نەتــەوە بــەبێ قوربانیــدان و خــوێن ڕشــتن نایەتــەدی، وەک دەڵــێ: ((پیرەمێـرد بـە سـەرنجێکی فەلسـەفەی و دەسـت پـی کردنێکـی مەنگـەوە، مـەنگ لـە لیکدانەوەدا. قووڵ لە دەربرین و هونینـەوەدا ئـەوە دەرئـەخات کـە ڕەوڕەوەی چـەرخ یـا فەلەک ئەوەستێ و ژەنگ هەڵ ئـەهێنێ ئەگـەر بـەخوێن دانەپۆشرێ و پاک نەکرێتـەوە... پیرەمێـرد هــەر لــەم هەڵبەســتەدا هــەر لەســەر بــێ وەفــایی چــەرخ ئــەروات وە ئــەوە دەرئەخات کە چون هەر لە ئەزەلەوە وەک "دێوجامەیەک" بە خوێنی ئادەمیزاد ڕەنگینە بـە دیمـەن و ڕووالـەت خـەڵک هـەڵ خەڵەتێنـەرە بـووە و نـەرم و نیـان وەک "قـاقوم"))[2] نووسـەر لەسـەر دێڕە شـیعرێکی تـری شـیعرەکە ڕادەوەسـتێ و هـاوڕای شـاعیرە، کـە ڕەخنـە لـە شارسـتانییەتی سـەردەمەکەی دەگرێ، کـە بـەناوی شارسـتانییەتەوە خـوێنی نەتـەوەی کـوردی حـەڵاڵ کـردووە، ئـەم شارسـتانییەتە بـە سـاختە دادەنـێ و ئـاواتی لەناوچوونی دەخوازێ بە دووڕوو ناوی دەبات، لەبەرئەوەی لەسەرەوە باسی ئاشتی و ئـازادی و سەربەسـتی دەکـات، لەکاتێکدا نەتـەوەی کوردیـان لـە مافـە سـەرەتاییەکانی خۆشی و شادی بێبەشکردووە، وەک دەڵێ: ((تەماشای چ تەوسێک ئەگرێتە مەدەنیەت و شارستانیەتی ئەم سەردەمە شارستانیەتێک کە خوێنی نەتەوەیەکی بەش خوراوی وەک نەتەوەی کوردی خستوتە کاسەوە و حەڵالی کردووە کەچی هێشتاوەکو لاف و گـەزافی ئاشتی و ئازادی و جیهانی سەربەستمان بەسەردا لێ ئـەدات؟! دەک خوا ڕەوای نـەبینی لەم مەدەنیەنە ساختەیە و لەم گورگە خوێن ڕێژانـەی بـەرگی مـەڕیان کردوە بە بـەردا. من بەچاوی خۆم نەتەوەکەم ببینم بی بەش لە شادی و ژین. گوێم چون کـەڕ نابێت لـە ئاستی زوڕناو دەهۆلی ئەم نەتەوە خوازانەی ئاشتی و ئازادی لەسەر لێویانە و چنوکی و چڵێسی و بەدنەواییش لە دڵ و دەروونیانا ڕەش دائەیرسێ!))[3]

---

١ - کاکە شوان، یادی پیرەمێرد شاعیری نەمری کوردپەروەری، گ. بڵێسە، ژ١١، ساڵی یەکەم، سلێمانی، ١٩٦٠، ل٢٨- ٢٩

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠- ٣١

٣ - سەرچاوەی پێشوو، ل٣١- ٣٢

نووسەر لەسەر گرنگیدانی شاعیر بە زمانی نەتەوەیی ڕادەوەستێ و باسی ڕۆڵی شاعیر دەکا لە خزمەتکردنی زمانی کوردی و بژارکردن و پاککردنەوە و گەشەسەندن و بەرەو پێش بردنی زمانەکە، کە برِبرِەی پشتی نەتەوەی کوردە. ((پیرەمێرد بەهرە و توانای لێ خستەکارەوە زمانی کوردی- گرنگترین برِبرِەی پشت و سەلگەری پاراستنی نەتەوایەتیمان - وەک خاکی کوردستان و میللەتی کورد بەرگی کەمتەرخەمی و خامۆشی پوشیبوو نیشانەی داگیرکەران و خوین مژەکانی کورد و پەلەی شوێن دەستیانی تیا بەدی ئەکرا، پیرەمێرد شۆڕەسواری لێ هاتوی ئەدەبی کوردەواری چاکی مەردانەی خوی لێ کرد بەلادا و دەوری خوی نوان لە بژارکردن و پاک کردنەوەی زمانی کوردی دا کە سەر لە نوێ نیشانەی گەشەسەندنی تیا درەوشایەوە))[1]

بەدڵنیاییەوە پیرەمێرد یەکێکە لە شاعیرە نیشتمانپەروەرەکانی کورد و ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە بەرزکردنەوەی گیانی نیشتمانپەروەری و هاندانی لاوان بۆ گیانبەخت کردن لەپێناو گەل و نەتەوەدا و هاندانیان بۆ خۆ پێگەیاندن و خۆ ڕۆشنبیرکردن، هەروەها شاعیر ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە خزمەتکردنی زمانی کوردی و شیعرەکانی کردووەتە وێستگەیەک بۆ بەرەو پێشبردنی زمان و پاککردنەوەی لە وشەی بێگانە و گەڕانەوەی بەها و سەنگ بۆ زمانی کوردی، کە تا ئەو کاتەش هەندێک کەس بە سووکی سەیری زمانی کوردییان کردووە.

**هەژار موکریانی** لە ساڵی (١٩٦٠) دا (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی) بەشێوەی موکریانی بڵاوکردەوە، پێشەکییەکەی لەلایەن (حەسەنی قزڵجی)یەوە نووسراوە و تیایدا بەشێوەیەکی گشتی باسی مەم و زین دەکات و وەک شاکارێک، کە لە ئاستی شاکارە ناوچەیی و جیهانییەکانە دەیناسێنێت، هەروەها باس لەگیانی نیشتمانپەروەری خانی دەکات، کە خانی ئەم داستانەشیعرەی بۆ دەربڕینی بیروباوەڕ نەتەوەییەکانی و ئازارەکانی نەتەوەکەی بووە، بەهۆی نەبوونی دەوڵەت و ژێردەستەبوونی نەتەوەکەی و ئازار و نەهامەتییەکانی گەلەکەی بووە، وەک لە شەرحی دێرەشیعری (دەردی دلی خوم بی لەم ووتانە - زین و مەم، ئەدی چین ؟ بەهانە)دا دەڵێ: ((مەبەستی راستی خانی دەردی دل بوە، خانی لەو هەلکەوتوانە بوە کە زور زو هەستی بە ایش و اوفی نەتەوەکەی خوی کردوە، أوات و أرەزوی میللەتەکەی خوی بە گویچکەی دل بیستوە،

---

١ - کاکە شوان، یادی پیرەمێرد شاعیری نەمری کوردپەروەری، ل٢٩

کوتو پچری و دیلی و کەنەفتی کورد و کوردەواری بەووردی سەرنج داوە و گلەیی لە بەختی رەشی کورد ئەکات))[1]

هەروەها نووسەر لێکدانەوە بۆ چەند دێڕەشیعرێکی تری خانی دەکات و تیایدا ئەو هەستە نەتەوایەتییەی خانی دەخاتەڕوو، کە لەو سەردەمەدا هەیبووە و هەستی پێکردووە، کە خانی خەون بەوەوە دەبینێت نەتەوەی کوردیش وەک گەلانی دنیا بە ئازادی بژین و پادشایەکی هەبێ یەکیان بخات و دەوڵەتیان بۆ دروست بکات و لە ستەمی داگیرکەران ڕزگاریان بکات، کە ئەمەش بە ئازایەتی و مەردایەتی و بەخشندەیی دێتەدی، هەروەها پەنجەی خستووەتە سەر ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی دواکەوتووی و ژێردەستەیی نەتەوەکەی، کە بریتین لە لە ناکۆکی و دووبەرەکی و خۆبەگەورەزانین و حساب نەکردن بۆ بەرامبەر، کە ئەمەش نیشانەی بلیمەتی خانی نیشان دەدات، کاتێک دەڵێ: ((مەغز و میشکی خانی لەو روژگارەدا رەمەکی نەبوە، بیری ئەم پیاوە لەچاو زەمانی خۆی سەمەرەیە، خانی بلیمەتیکە لەو زەمانەدا ))[2]

نووسەر زۆر وردبینانە بیروڕا نەتەوەییەکانی  خانی خستووەتەڕوو، چونکە خانی لە سەردەمێکدا هەستی بە پێویستی بوونی پاشا و دەوڵەت بۆ کورد کردووە، کە کەس هەر بیری لێ نەکردووەتەوە، هەروەها پەنجەی خستووەتە سەر ئەو هۆکارانەی کە وایکردووە کورد ژێردەستەی بێگانە بێت، بێگومان ئەمەش نیشانەی بیرمەندی و بلیمەتی خانی دەردەخات، کە پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە.

هەروەها نووسەر هەر لەهەمان پێشەکیدا باس لە (هەژار)ی وەرگێڕی داستانە شیعرییەکە دەکات و بە شاعیرێکی نیشتمانپەروەری دادەنێ، کە هەمیشە لەگەڵ ئازارەکانی نەتەوەکەیدا ژیاوە و هەمیشە هەوڵی بۆ سەربەخۆیی گەلەکەی داوە و لەوپێناوەشدا هەرچی لە دەست هاتبێ درێغی نەکردووە، نووسەر دەربارەی شیعرەکانی هەژار دەڵێ: ((گرنگترین لایەنی شیعرەکانی هەژار ئەمەیە کە بە زمانی ساکار و بی گری و قورتی گەلە، ژیانی گەل نیشان ئەدات، أوات و أرەزوی گەل دەرئەبری، دەردی گەل ئەناسی و دەرمانی بو ئەدوزیتەوە))[3] نووسەر بڕوای وایە هەژار تەنهاو تەنها شاعیری نەتەوەیە، عاشقی نەتەوەیە، هەموو شتێکی تەنها لەپێناو

١ - هەژار موکریانی، مەم و زینی خانی، چ١، چاپخانەی نەجاح، بەغدا، ١٩٦٠، ل ج
٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل چ
٣ - سەرچاوەی پێشوو، ل خ - د

نەتەوەکەیدا کردووە و لەم پێناوەدا ناڕەحەتی زۆری بینیوە، وەک دەڵێ: ((هەژار شاعیریکی دلداری نیە، عاشقی چاوی کەژال و گەردنی پر خال نیە، عاشقی کیو و کەژ و بەندەن و چیا و شیو و دولی کوردستانە، لە پیناوی کورد و کوردستاندا گیرە و کیشە و چەرمەسەریی زور و زەوەند و بی ئەژماری دیوە، بەلام شاعیریکی أزا و دل قایمە، سەری بو هیچ تەنگو چەلەمەییک دانەنەواندوە، بەهیزی بیروباوەری خوی لە بەرامبەر هەمو تالی و سەیری و سارد و گەرمی روژگاردا راویستاوە، هەرگیز لە شیعرەکانی دا هاواری خوی ناکات، هەمیشە بە پەروشی گەلەوەیە))[1]

نووسەر لەسەر بڕیاردان لەسەر هەژار موکریانی؛ بەوەی شاعیرێکی نەتەوەییە و زۆربەی شیعرەکانی نەتەوەیین، بڕیارێکی دروستی داوە، چونکە ئەگەر سەیری شیعرەکانی هەژار موکریانی بکەین زۆربەیان بۆ نەتەوەکەی و ئازار و نەهامەتییەکانی نەتەوەکەی نووسیویەتی، هەمیشەش ئاواتی ئازادی و سەربەستی کوردستان بووە و وەکو شاعیرێک لە زۆربەی شۆڕشەکانی کورددا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە.

لەپاش پێشەکییەکەی (حەسەن قزڵجی) هەژاریش بەرکولێک دەربارەی (مەموزین) دەنووسێ و تیایدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لەبەر خاتری نەتەوە و گیانی نیشتمانپەروەری ئەم بەرهەمەی لە کرمانجییەوە کردووە بە موکری، هەروەها باس لەوە دەکات، کە گرنگی ئەم بەرهەمەی خانی لەوەدا نییە، کە داستانە شیعرە، بەڵکو گرنگییەکەی لەوەدایە، کە خانی هەستی بە نەهامەتی و ناسۆرەکانی کۆمەڵگاکەی کردووە و بیری نیشتمانپەروەری داهێناوە، لەمانەش گرنگتر لایەنی دەربڕینەکەیەتی، کە لە ئاستێکی باڵادایە و شان لە شانی بەرهەمەکانی نیزامی گونجەوی و جامی داوە، وەک دەڵێ: ((مەم و زینی خانی گرینگیەکەی نەلەوەدایە کە چیروکیکی ئەویندارییە و هونراوەتەوە، چونکە چیروکەکە بەر لە خانیش بەصەتان سال هەربوە، پایەبەرزی خانی نەتەنها هەر لەوەدایە کە پیش هەمو کوردیک هەستی بە دەردی کومەل کردوە و نیشتمان پەروەری هیناوەتەرو، بەبیری من شتی زور گرینگ لەو وردەکاری و بنوس لهوسی و بویژیەی دایە کەشانی لە شانی نیظامی گەنجەیی و أورەحمانی جامی داوە، تەنانەت دەتوانم بلیم بەجیشی هیشتون ))[2]

---

١ – هەژار موکریانی، مەم و زینی خانی، ل د

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل ز

هەروەها خانی بە داهێنەری بیری نیشتمانپەروەریی دادەنێت، نەک تەنها لە کوردستان، بەڵکو لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا، کاتێک دەڵێ: ((خانی سێصەد سال لەمەوبەر بیری ئازادبوونی خستوتە بیرمانەوە، خانی داهینەری نیشتمان پەرستیە لە روژهەلاتی ناوەراستدا. خانی کە بە کوردی شتیکی وابەنرخ و گەورەی بو بەجی هیشتوین کە بە زور شانازیەوە خوی پیوەرانیین و بەسەربەرزی بلیین: ئیمە خانیمان هەیە و گەلیکی کە خاوەنی خانی بی هەرگیز نامری ))[1]

بێگومان خانی داهێنەری بیری نیشتمانپەروەرییە، لەکاتێکدا کە لە ڕۆژهەڵات هیچ کەس ئەم بیرەی نەبووە، خانی لەڕێگەی مەموزینەکەیەوە بیرە نەتەوەییەکانی خۆی خستووەتەڕوو، ئەوکاتە خەمی نەبوونی دەوڵەتی خواردووە و باسی ئەو نەهامەتی و دواکەوتوویی و کێشە و گرفتانەی کردووە، کە بەهۆی نەبوونی دەوڵەتەوە توشی نەتەوەکەی بووە.

**مەدهۆش** لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)دا گوتارێکی بەناوی (حەمدی و شێخ مەحموودی نەمر) بڵاوکردووەتەوە و تیایدا باس لە لایەنی نیشتمانپەروەری شاعیر و ئەو شیعرانەی دەکات کە بۆ سەرکردەی نەتەوەیی کورد (شێخ مەحموود)ی داناوە. نووسەر سەرەتا باس لە ئەرکی شاعیر دەکات کە بریتییە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی نەتەوە و پیشاندانی لایەنە جوان و ڕازاوەکانی نەتەوەکەی بۆ ئەوەی نەتەوەکەی خۆی و بێگانەی پێ ئاشنا بکات، بەتایبەتی شاعیرانی کورد پێویستە بەوردی ئەم کارە ئەنجام بدەن، ئەمەش لەبەرئەوەی کورد نەتەوەیەکی بێکەسە و دەبێت خۆی ئەم کارە بکات، وەک دەڵێ: ((بی گومانە کە ئەبی شاعیر وینەگری گەل بی، وینەگری رووداوەکانی نەتەوەکەی بی، لەبەرئەوە پیویستە دیوانەکەی وەک ئەلبومیکی رازاوە وابیت پرری بی لە وینەی ئەو بەسەرهاتانەی نەتەوەکەی وە وینەی جوانی نیشتمانە نازدارەکەی، تا هونراوەکانی ببن بە سەرچاوەیەکی رووناک بو دەرخستنی شارەزایی وە بو زانیاری دان بە خو و بیگانە، وە ئەگەر شاعیریک یان هونەرمەندیک ویستی وەک شارەزایەک هەندیک رووداوی جیهان پیشان بدا دیارە ئەمە پەسەندە، بەلام پیشاندانی رووداوەکانی ئەم گەلی کوردە هەژارە هەرە گرنگی سەرشانی شاعیر و هونەرمەندەکانمانە، چونکە کورد بیکەسە وە هەر خوی مشوورخوری خویەتی))[2]

---

١ - هەژار موکریانی، مەم و زینی خانی، ل س

٢ - مەدهۆش، حەمدی و شێخ مەحموودی نەمر، گ. ڕۆژی نوێ، ژ ٧، ساڵی ١، سلێمانی، ١٩٦٠، ل٣٠

پاشـان نووسـەر دێتـە سەرباسـی (حەمـدی) شـاعیر و دیوانەکـەی بـە تۆمـارێکی ڕووداوە کاریگەرەکانی نەتەوەی کورد دادەنێت، کە هەموو ئەو ڕووداو و کارەساتانەی بەسـەر نەتەوەکەیـدا هـاتوون لەلایـەن عوسـمانییەکان و ئینگلیزەکانـەوە تۆمـارکردووە، تەنانەت باسی ڕووداوە سروشتییەکانیشی کردووە. بەڵام ئەوەی زیاتر شـاعیر گرنگی پێداوە شێخ مەحمود و شۆڕشەکانی و داستانەکانی بووە. شاعیر شـێخ مـەحمودی زۆر خۆشویستووە و ئاواتی ئەوە بووە سەرکەوتووبێت، دژی دوژمنانی شێخ مەحمود بووە و لە شیعرەکانیدا هێرشی کردووەتە سەریان. نووسەر دەڵێ: ((لە هەموو بەسـەرهات و ڕووداویک زیاتر کە کاری کردبیتـە سـەر هەسـتی ناسکی حەمدی شوررشـەکانی شـیخ مەحموودی نەمرە، وە هوی ئەمەش ئەوەیە کە شیخ مـەحموود گـەورەترین هەلکـەوتوو دەرکەوتووی کورد بوە لەو چەرخەدا کە حەمدی تیا ژیاوە، لەبەر ئەمە حەمدی هـەموو ئاواتیکی سەرکەوتنی ئەم قارەمانە گەورەیەی کورد بووە، بویە لـە زورلـە هونراوەکانیا باسی ئەکا، تا تەنانەت لە هونراوەی دلدارشدا هەر ناوی شیخ مەحموود دینیت ))[1]

هـــەروەها نووســـەر ئـــەوە دەخاتـــەڕوو، کـــە شـــاعیر لەگـــەڵ ئـــەم هـــەموو خۆشەویستییەشیدا بۆ شـێخ مـەحمود، کـە یـەکێک بـووە لـە دڵسـۆزانی، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێکجار ڕەخنـەی لـێ گرتـووە، چونکـە شـاعیر زانیویـەتی ڕەخنـەگرتن هـەوێنی سەرکەوتن و پێشکەوتنە، هـەروەها ئامۆژگـاری شـێخ مـەحمودی کـردووە، بـەوەی کـە خـەڵکانی دڵسـۆز و نیشـتمان پـەروەر لـە دەوری خـۆی کۆبکاتـەوە و بێگانەپـەرسـتان و بەرژەوەندیخوازەکان لەخۆی دووربخاتەوە، وەک دەڵێ: ((وەنەبی حەمدی هەر خەریکی ئـەوە بـووبی هـونراوە بەسـەر شـیخدا هـەل بدات بـەلکو رەخنەشـی لـی گرتـووە، وە بـی گومان رەخنە بەلگەی دلسۆزی و خۆشەویستییە، چونکە رەخنـە هـەوینی پیشکەوتنە ... گەلیک جاریش کەوتوتە ئاموژگـاری کردنـی شـیخ وە تکـای لـی کـردووە دەورووو پشـتی خـوی لـە خوپەرسـتان و ئەوانـەی خزمـەتی بیگانـە دەکـەن پـاک بکاتـەوە))[2] هـەروەها نووسـەر باسـی قارەمـانێتی و ئازایـەتی شـێخ مـەحمودی کـردووە لـە شـەڕەکانی دژی داگیرکەرانـدا و هـەروەها داخـدارە بـۆ ئـەو نیشـتمان فرۆشـانەی بوونـە داردەسـت و چاوساغی داگیرکەران و بوونە هۆی ئەوەی شێخ مەحموود بە دیل بگیرێت. وەک دەڵێ: ((حەمدی ئنجا لە باسی ئازایەتیی شیخدا دەربارەی ئەو شـەررانەی بازیـان و ئاوباریک و کەناروی، کە شیخ مەحموود بە دوژمنیشی ئەسـەلمان کە قارەمانیکی گەورەیە ... ئنجا

١ - مەدهۆش، حەمدی و شێخ مەحموودی نەمر، ل٣٠- ٣١
٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٣١ -٣٢

حەمدی داخ لە دەست ئەو خیلانە ئەخوا کە بەهوی چەند نیشتمان فروشیکەوە ئیستعمار ئەیکردن بە داردەستی خوی))[1] نووسەر زۆر بەوردی لە گوتارەکەیدا لەسەر شیعرە نەتەوەییەکانی حەمدی ڕاوەستاوە، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی بۆ شێخ مەحموود و ڕووداو و بەسەرهاتەکان و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود نووسیویەتی لەگەڵ ئەو ڕەخنانەی لێی گرتووە و ئەو ئامۆژگارییانەشی کردوویەتی ، هەروەها باسکردنی نیشتمان فرۆشان، کە بوونەتە چاوساغی داگیرکەران و هۆی بەدیلگرتنی شێخ مەحمود.

(**جەمال شاڵی**) گوتارێکی ڕەخنەیی بەناوی (سەلام) نووسیوە و تیایدا هەوڵ دەدات لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە شیعرەکانی لێکبداتەوە. نووسەر سەرەتا بە قسەکردن لە سەر ژیانی شاعیر، ئەوە دەخاتە ڕوو کە شاعیر لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لە تەمەنی لاوێتیدا بووە و کارەساتەکانی ئەو جەنگە و ئەو نەهامەتییانەی بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە لە سەردەمی (شێخ مەحمود) دا هەمووی بینیوە و کاریگەرییان لە سەر ژیان و شیعرەکانی هەبووە و بڕوای وایە شاعیری هانداوە بۆ ئەوەی ئامادەبێت لە پێناوی کوردستاندا گیانی خۆی ببەخشێت.

نووسەر سەرەتا بەچەند پرسیارێک دەست پێ دەکات دەربارەی نیشتمانپەروەری شاعیر، پاشان چەند شیعرێک دەکاتە وەڵامی پرسیارەکانی، سەرەتا لە لێکدانەوەی شیعری (دەمەتەقێ لەگەڵ ملەکەوەدا) باسی ئەوە دەکات، کە ئەو کاتەی کورد خۆی خاوەنی خۆی بووە لە کوردستاندا، ئەم خاکە بە پیت و بەرەکەت بووە و خەڵکەکەشی بەسەربەرزی ژیاون، بەڵام کە کوردستان داگیرکراوە و کەوتووەتە دەست بێگانە، وڵات ئێستا بووەتە کەلاوە و دابەشکراوە و خەڵک ژیانیان ناخۆش و تاڵ بووە، وەک دەڵێ: ((شاعر لەو چەند دیرەی دواییدا وەسفی کوردستان ئەکات کاتی کە نیشتمانەکەمان خوی خاوەنی خوی بوە، وە دەری ئەخات کە چەند بەپیت و بەرەکەت بوە، وە لەو ڕوژانەدا خەلکی کوردستان بەسەربەرزی ژیاون ... بەلام بیگومان چیای سەربەرزی ملەکەوە لە جیاتی باز کوندەبەبوو لەسەری خویندووە ... زور بەئاسانی شاعیر تەسویری وەزعی گەلی کورد ئەکات وە بومان دەرئەخات کە چەند ناخوشە ولاتمان داگیرکراو بیت، وە بی خاوەن بیت وە پارچە پارچە بیت ))[2] . نووسەر بەردەوام دەبێت لە لێکدانەوەی شیعرە نەتەوایەتییەکانی (سەلام) و شیعری (کورد)ی

---

١ – مەدهۆش، حەمدی و شێخ مەحموودی نەمر، ل٣٣

٢ – جەمال شاڵی، سەلام، گ. ڕۆژی نوێ، ژ ٢،ساڵی ٢، سلێمانی، ١٩٦١، ل ٢٤-٢٥

وەرگرتووە، کە نووسەر ئەم شیعرە وەک بنەمای ڕەخنەگرتن لە (کۆمەڵی نەتەوەکان) دادەنێت، لەبەرئەوەی هیچ بەزەییان بە نەتەوەی کورددا نەهاتووەتەوە، سەرەڕای ئەو هەموو قوربانییەی، کە کورد بۆ سەربەستی کوردستان دایان ، کەچی دەستی هاوکارییان بۆی ڕانەکێشا و تەنانەت سیاسەتی دەوڵەتە ئیستعمارییەکانیان بەتایبەتی (بەریتانیا)یان جێبەجێ کرد، کە فەرامۆش کردنی مافی نەتەوەی کورد بوو، وەک دەڵێ: ((بەلی کومەلی ئەقوام مافی گەلی کوردی خستە ژێر پیوە. وە لەبەر خاتری دەولەتە گەورەکان وازی لە مافی گەلە بچوکەکان هانی، وە هەر لەسەر ئەو سیاسەتە پەیمانی "سیڤەر"ی گورری بە پەیمانی "لوزان" وە گەلی کورد دابەشکرا ))[1]

نووسەر لە قسەکردن لەسەر شیعری (ئیلی بەگیەوە) باسی ئەو دەوڵەمەندانە دەکات، کە بوونە بە پیاوی بێگانە و خۆیان فرۆشتووە بە ماڵ و سامان و هەر خەریکی کۆکردنەوەی پارەن، ئەمانە دژی کورد و کوردستان و نیشتمان پەروەرانن و هەمیشە لە سەنگەردان بۆیان، ئەمانە بێگانە پەرستن و بەردەوام خەریکی فروفێڵ و تەڵەکەبازی و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک و بەرتیل دانن بە بێگانە و کار و پیشەیان تەنیا دژایەتی کردنی هەژارانە، لەکاتێکدا دوارۆژ تەنها بۆ هەژارانە و ئەمانە ڕۆژێک دێت هەر لەناو دەچن[2] . لێرەدا نووسەر زیاتر لە ڕوانگە چینایەتییەکەوە لە خەباتی نەتەوایەتی دواوە کە هەمیشە هەژاران داینەمۆی شۆڕشی نەتەوەیی و پشتوپەنای شۆڕش بوونە، لەکاتێکدا دەوڵەمەندەکان دوژمنی شۆڕشی نەتەوەیی و بەکرێگیراوی بێگانە بوونە، کەئەمەش زیاتر کاریگەری بیری مارکسیزمی پێوە دیارە و مەرج نییە هەموو دەوڵەمەندان بەو جۆرە بن کە نووسەر باسیان دەکات.

**باوکی زەردەشت** لە ساڵی (١٩٦١) لە گۆڤاری (شەفەق)دا گوتارێکی بەناوی (پایەی پیرەمێرد لە شیعری شۆڕشگێڕیا)ی بڵاوکردووەتەوە، کە تێیدا باسی گیانی شۆڕشگێڕی شاعیر و هەستە نیشتمان پەروەرییەکەی دەکات، کە لە ڕووخسار و ناوەرۆکدا شۆڕشی لە شیعری کوردیدا بەرپاکردووە، وەک دەڵێ: ((سەرەرای ئەوەی کە پیرەمیرد شورشیکی لە شیوەی شعری کوردیا بەرپاکرد، خۆشی شورەسواریکی شیعری شورشگیری بوو، زوربەی شعرەکانی تەرخان کردبوو بو پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی، بو وریاکردنەوەی نەتەوەی کورد، بو دەست دانە چەک و بەگژا چوونی

١ - جەمال شاڵی، سەلام، ل ٢٦

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩

داگیرکـەرانی کوردسـتان، بـو خـوش کردنـی ئـاگری گیـانی شورشـگیری لـە خـەڵکی کوردستاندا))[1]

نووسـەر لەسـەر ئـەم بۆچوونـەی بـەردەوام دەبێـت و چەنـد نموونەیـەک لـە شیعرەکانی شاعیر دەهێنێتەوە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی و لە شیکردنەوەی شیعری (کچانمان لەژێر بەیداغی ڕەشا) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە شاعیر دەیەوێت هانمان بدات بۆ خەبات کردن لەپێناو ڕزگاری کوردستان و سـەندنی مامەفەکانی کورد، وەک دەڵێ: ((پیرەمێرد گـەلی هـان ئـەدا بـو کـوری خـەبات، بـو چوونـە مـەیانی سـەندنەوەی مـافی زەوتکـراوی کـورد، بـو خوبـەخت کـردن لـە پینـاوی رزگـاری کوردسـتانا))[2] پیرەمێـرد شـاعیرێکی نەتـەوەیی بـووە، ئـاواتی ئـازادی و سەربەسـتی کوردسـتان بـووە و بەشیعرەکانی خـەڵکی هۆشـیار کردووەتـەوە و هـانی داون بـۆ خۆخـەباتکردن لـەپێناوی نەتەوەکەیاندا.

کەریم شارەزا لە گۆڤاری (هیوا)دا گوتارێکی لەسەر شـاعیرانی کۆیـە نووسـیوە بەناوی (کۆیە و شاعرانی) تیایدا باس لە شاعیرانی کۆیە و شیعرەکانیان دەکات و کۆیە وەکـو مەڵبەنـدێکی ڕۆشـنیری دادەنێـت و بـڕوای وایـە شـاعیرانی کۆیـە لـە بـواری خزمـەتکردنی بیـری نەتەوایەتیـدا ڕۆڵیـان هـەبووە و بـە بەرهەمـەکانیان گیـانی نەتـەوەخوازی و هەسـتی نەتەوەپـەروەرییان جۆشـداوە و دەڵـێ: ((وە لـە مەیـدانی بیروباوەری نەتەوایەتیدا حاجی قادری کویی و مەلای گەورە و دلدار عاطیفە و هەستی نەتەوایەتییان جۆشاوە، وە لەم مەیدانە پیروزە فراوانەدا ئەسپی شیعریان لینگ داوە و دەنگیان لە هەموو کوردستان بیستراوە و خەلک بە شانازییەوە بانگیان ستاندووەتەوە، وا نموونەی شیعری نەتەوایـەتیی ئـەو سـەدەیە پیشکەش ئەکـەین کە شـیعریکی حـاجی قادرە))[3] هەروەها دەڵێ: (( شیعری نەتەوایەتی پی بە پی پیشکەوت تا بە شیوەیەکی پر جوش و ئاگرین خوی نواند لە هەلبەستە بەرزە ناودارەکەی یونس رئوف دلدار "ئـەی رەقیب" کە ئیستا بووە بە "مارسیلیزی کوردی" و ویردی زمـانی هـەموو لاویکی خـوین گەرم لە کوردسـتانا ))[4] بۆچوونـەکانی نووسـەر دەربـارەی نەتەوەپـەروەری شـاعیرانی کۆیە لەجێی خۆیدایە و ئەو شاعیرانەی نووسەر باسی کردوون بەشێکی شیعرەکانیان

---

١ - باوکی زەردەشت، پایەی پیرەمێرد لە شعری شۆرشگێڕیا، گ. شەفەق، ژ٢،ساڵی ٤، ١٩٦١، ل٣

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٤

٣- کەریم شارەزا، کۆیە و شاعرانی، گ.هیوا، ژ٣٢، ساڵی٤، ١٩٦١، ل٢٦

٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧

بۆ نەتەوە و نەتەوەپەروەری تەرخانکردووە، هەروەها ڕۆڵێکی گەورە و گرنگیان گێڕاوە لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و هاندانیان بۆ یەکڕیزی و خزمەتکردن و بەرگری کردن لە کوردستان و شۆڕش لەپێناوی ئازادی کوردستاندا.

گیوی موکریانی لە ساڵی ١٩٦٩ بۆ جاری سێیەم (دیوانی حاجی قادری کۆیی) چاپکردووەتەوە، کە (کوردستان موکریانی) بەشێکی پێشەکی دیوانەکەی نووسیوە و تیایدا باسی گیانی نیشتمانپەروەری شاعیر دەکات و بڕوای وایە، کە بارودۆخی خراپی ئەو سەردەمەی نەتەوەی کورد و لەناوچوونی میرنشینەکانی کورد و چوونی بۆ ئەستەنبوڵ سەرەکیترین ئەو هۆکارانەن، کە بوونەتە هۆی دروستبوونی گیانی نیشتمانپەروەری شاعیر، وەک دەڵێ: ((ئەو سەردەمە هەمان سەردەم بوو کە ئەمارەتە سەربەخۆیەکانی کوردستان لەناوچوون و کەوتنە ژێر دەستی حوکمڕانی عوسمانیەکانەوە. ناوچەکەی شاری ئەستەمبووڵ بوو بەمەڵبەندی خڕبوونەوەی ئەو لاوە جگەرسۆز و خوێنگەرمانە کە بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی خۆیان لەژێر دەستی عوسمانیەکان دا تێ دەکۆشان. شووێنی ڕەوشەن بیری بووە، بە دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار و دەنگوباسی پێشکەوتنی گەلانی دەنووواند و هەواڵی وێژەی نوێی بڵاودەکردەوە. حاجی بەو بۆنەیەوە کە شارەزای زمانی (کوردی، فارسی، عەرەبی و تورکی) بوو ئاگاداری زۆرترینی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بوو، ژیانی لە ئەستەمبووڵ بوو بەهۆی نزیک بونەوەی لە بەدرخانیەکان وەشارەزابوونی بەسەر هۆنراوە ئاسمانیەکانی خانی نەمر، دووری نیشتمان و ئاوارەیەتی بوونە هۆی هەڵگیرساندنی سۆزی نەتەوایەتی و بێداری و نەنوستی))[1] کەواتە ئەوەی وایکردووە کە شاعیر هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی تیایدا گەورەبێت ئەوەیە کە لە سەردەمی لەناوچوونی میرنشینە کوردییەکاندا ژیاوە، هەروەها لە ئەستەنبوڵ ژیاوە و زمانی بێگانەی زانیوە و ئاگاداری هەواڵەکانی دنیا بووە و شیعرە نیشتمان پەروەرییەکانی خانیشی بینیوە، کە هەموو ئەمانە گیانی نیشتمانپەروەری شاعیریان جۆشداوە و هۆشیاری نەتەوەیی شاعیریان بەرزکردووەتەوە. حاجی خەونی بە دەوڵەتی کوردییەوە بینیوە و بەخەیاڵ سنووری ئەم دەوڵەتەی کێشاوە، نووسەر نموونەی شیعرێکی شاعیر دەهێنێ، کە تیایدا باس لە سنووری کوردستان و ئەو ناوچانە دەکات، کە دەکەونە سنووری کوردستانەوە، بڕوای وایە لە داهاتوودا دەوڵەتی کوردی لەم سنوورەدا

١ - حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ئا: گیوی موکریانی، چ٣، چاپخانەی هەولێر، هەولێر، ١٩٦٩، ل ١٠-١١

دروست دەبێ و خاوەنی سەرکردەی خۆی دەبێ، وەک دەڵێ: ((حاجی وەنەبی ئەندێشەی هەر بۆ بینینی پاشەڕۆژ بەرەڵلا کردبێ بەڵکوو دەبینین کە ئەندێشەی ئازادی ئازاد کردووە لەنێو جیهانی بێ سنوردا تا گەیشتۆتە ئەو سەردەمەی کە کوردستان خاوەندی فەرمانڕەواییێکی سەربەست و سەربەخۆ بووە، لەنێو دڵێکی هەڵقرچاوەوە هەناسەیەکی ئاگرینی هەڵکێشاوە بۆ ئەمڕۆژانە))[1]

حاجی لەو شاعیرە هۆشیارانەیە، کە شیعرەکانی کردووەتە مینبەری هۆشیارکردنەوەی لاوانی نەتەوەکەی و هاندانیان بۆ سەربەستی و سەربەخۆیی و کارکردن بۆ دەوڵەتی کوردستان و دیاریکردنی سنووری ئەم دەوڵەتە. حاجی بەشیعرەکانی شۆڕشێکی بەرپاکردووە کە بووتە سەرمەشقی شاعیرانی دوای خۆی بۆ ئەوەی لەسەر هەمان ڕێگای ئەو بڕۆن و هەوڵ بۆ سەربەخۆی و ئازادی نەتەوەکەیان بدەن.

نووسەرانی کورد گرنگیان بەڕەهەندی نەتەوەیی داوە، ئەمەش لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد بێبەشکراوە لەوەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەبێت و بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکراوە و لەو وڵاتانەش چەوسێندراوەتەوە و ستەمی لێکراوە و تەنانەت زمان و کولتووری خۆیشی لێ قەدەغەکراوە. هەروەها شۆڕشی چواردەی تەمووزی (١٩٥٨ز) بووە هۆی ئەوەی ئازادی نووسین لە کوردستانی باشوور زیاتر بێت و گوتاری نەتەوەیی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان زیاتر بێت بەبەراورد بە ساڵانی پێش شۆڕشەکە.

نووسەرانی کورد لە گوتارەکانیاندا لەسەر بنەمای نەتەوەیی تاووتوێی دەقی شیعری شاعیرانیان کردووە و پەسنی ئەو شاعیرانەیان کردووە کە گرنگی بەم لایەنە داوە و ڕەخنەشیان لەو شاعیرانە گرتووە، کە گرنگیان بە مەسەلەی نەتەوایەتی نەداوە یاخود ئەم ڕەهەندەیان فەرامۆش کردووە. هەروەها هەوڵیان داوە هانی شاعیرانی کورد بدەن بۆ ئەوەی شیعری نەتەوەیی بنووسن و لەم ڕێگەیەوە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی گەلەکەیان بدەن، هەر ئەمەش وایکردووە کە زۆربەی نووسەرەکان تەنها ئەو جۆرە شیعرە پەسەند بکەن، کە واقعین و لەپێناوی نەتەوە نووسراون و باس لە کێشەوگرفتەکانی نەتەوە دەکەن و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن.

---

١ - حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ١٢

## تەوەری دووەم: ڕەهەندی نێونەتەوەیی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا

نێونەتەوەییی بوون یەکێکە لە بنەماکانی شۆڕشەکانی سەردەمی نوێی گەلانی دنیا لە پێناو ڕزگاری و سەربەستی سەرجەم مرۆڤایەتیدا و کارکردن بۆ نەهێشتنی ستەم و بەرپاکردنی دادگەری و یەکسانی بۆ هەموو جیهان، کە ئەمەش یەکێک بوو لە بنەما سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، کە یەکێتی سۆڤێتی پێشوو پێشەوایەتی دەکرد، بەمەبەستی دژایەتی کردنی ئیمپریالیزمی جیهانی (ئیستیعمار) و ڕزگارکردنی گەلانی دنیا لەژێر دەستی ئەم ڕژێمە. ئەم بیروباوەڕە بەخێرایی لەناو نەتەوەکانی جیهاندا بڵاوبووەوە و ئەدیب و نووسەرانیش کەوتنە پەیڕەوکردنی بەتایبەتی نەتەوە ژێردەستە و داگیرکراوەکان.

نەتەوەی کوردیش وەک یەکێک لە نەتەوە ژێردەست و ستەملێکراوەکان مایەوە، خاکەکەی لەنێوان چوار دەوڵەتی (عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا) دابەشکرا و مافە بنەڕەتییەکانی ژیانی لی قەدەغەکرا، بەشێک شاعیر و ئەدیبانی کورد بەرهەمەکانیان کردە وێستگەی خەبات و شۆڕش بۆ ڕزگاری و سەربەستی نەتەوەکەیان و سەرجەم نەتەوە داگیرکراوەکانی دنیا و مرۆڤایەتی و بەها باڵا مرۆڤایەتییەکان بوونە دروشمی سەرەکی لای ئەم شاعیر و ئەدیب و نووسەرانەی کورد و زۆربەی گەلانی دنیا، چونکە بارودۆخێکی سیاسی و ئەدەبیی وا هاتە ئاراوە کە وایکرد کۆمەڵێک نووسەر و شاعیری کورد لە ناوچەییەوە بەرەو نێونەتەوەیی بچن و ئامانجە هاوبەشەکانیان لە تێکۆشان دژی ستەمکاری ئیمپریالیزمی جیهانی بەرجەستە بکەن.[١]

**دیلان** لە ژمارە (١٣٤٤)ی گۆڤاری (ژین)دا لە گوتاری (پیرەمێرد – شاعیری بزووتنەوەی نیشتمانی کوردە) ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئەم نەتەوەی کوردە هەر دەبێ ڕزگاری بێ لە ژێر دەستی و ببێتە سەرمەشقیش بۆ نەتەوەکانی تر بۆ ئەوەی سوود لە قوربانیدانی نەتەوەی کورد وەرگرن و ئەوانیش هەوڵی خۆڕزگارکردن بدەن لە ژێر دەستی داگیرکەر، چونکە شۆڕشی گەلان لەپێناو ئازادی و سەربەستیدا وەکو زنجیرەیەک وایە و شۆڕشی هەر نەتەوەیەکیش وەکو ئەڵقەیەک وایە و بەیەکەوە بەستراون و پێویستە سوود لە یەکتری وەربگرن و ببنە پشگیری و مژدەپێدەری ڕزگاری بۆ یەکتر، وەک لەشیکردنەوەی دێڕە شیعری (ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد – مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد)دا دەڵێ: ((ئەو

١ – دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، ل٦٢

ڕەنگە سوورە بوو ئەو خوێنە ڕژاوەی کە تێکەڵ بوو بە ئاسۆی دەم چیا بەرزەکانی کوردستان و شەوقی خستە ناو دنیای هەموو گەلانەوە. ئەو گەلانەی کە وەک نەتەوەی کوردن و پێی وتن هەستن لەخەو، ڕاپەڕن، بەیانە، وا ڕۆژهەڵات، وا کاتی فرمان هات، بەسە بێ داری و سستی چاوقوچاندن. هەستن ئێوەش وەکو ئێمە ئەنجامی ئەو ئەرک و تەقەلایەی کە ئێمە بەخوێن لەئێوەی ئەگەیەنین ئاشکرایە. بزووتنەوەی گەلان بریتییە لە زنجیرەیەک کە ئەم ئەڵقەی بەو ئەڵقەوە نووساوە، کەوابوو خەباتی کورد پشگیری و مژدەیەکە بۆ گەلێکی تر دوور بێ یا نزیک. عەرەب بێ یا ئەندەنووسی پشتگیری و موژدەیەکە بۆ خەبات و ڕزگاری میللەتی کورد))[1] بەمجۆرە نووسەر شۆڕشی هەموو گەلانی دنیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەر شۆڕشێکی نەتەوەیی بە ئەڵقەیەکی زنجیری شۆڕشی گەلانی جیهان دادەنێت لەپێناو ئازادیدا، کوردیش بەو پێیەی سەردەمانێکە شۆڕش لەپێناوی ئازادیدا دەکات، دەبێتە سەرمەشق و پشتیوانی گەلانی دنیا بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و ڕزگاربوون لە ژێردەستی.

**کامل حەسەن بەسیر** لە گوتارێکی ڕەخنەییدا بە ناوی (مروڤایەتی لە شعری کوردیا گوران – هەژار – کامەران) کە لە ژمارەکانی ( ٨-٩ )ی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)دا بڵاو کراوەتەوە، تیشکی خستۆتە سەر لایەنی مرۆڤایەتی و نێونەتەوەیی بوونی چەند شیعرێکی ئەم شاعیرانە. سەرەتا باس لە گرنگی ڕەخنە دەکات و ئەم کارەشی وەک دەسپێک لە قەڵەم دەدات، چونکە بڕوای وایە ڕەخنە دەبێتە هۆی ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەی ئەدیبان بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکی سەرشانیان بەجێ بهێنن و بە ئەدەبەکەیان خزمەتی گەلەکانیان بکەن. نووسەر بەپێویستی دەزانێ پۆزش بۆ ئەو شاعیرانە بهێنێتەوە، کە ڕەنگە بەهۆی گوتارەکەی ئەمەوە توشی ئازار ببن، بەڵام نووسەر بڕوای وایە بەرپرسیارێتی ئەوەی لەسەر شانە، کە بەم نووسینە ڕەخنەییە خزمەت بە ئەدەبی کوردی بکات، کاتێک دەڵێ: ((پوزشم لەوە بەولاوە نیە کەمن ئەم ووتارە ئەنووسم هەست بە مەسئولیەتیک ئەکەم لەبەردەمی ئەدەبی کوردیدا. کەوا هەرئەبیت هەستیتە سەرپی لەناو مەیدانی ئەو جەنگە سەختەدا کەوا سەرئەنجامی مەسەلەی کورد و دیموکراسی لە هەموو خورهەلاتی ناوەراست دا دیاری ئەکا))[2] لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە نووسەر بڕوای وایە ئەدەبەکەمان دوواکەوتووە، بەتایبەتی لە

---

١ – دیلان، سالم، ڕۆژنامەی ژین، ژ ١٣٤٤، سلێمانی، ١٩٥٧، ل٨

٢ – کامل حەسەن بەسیر، مروڤایەتی لە شعری کوردیا: گوران – هەژار – کامەران، گ. ڕۆژی نوێ، ژ٨، سلێمانی، ١٩٦٠، ل١٠٠

گرنگیدان بە لایەنی مرۆڤایەتی و ئەرکی مرۆڤی کورد لەلایەنی مرۆڤایەتییەوە و یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانیش بۆ پێشکەوتنی ئەدەبەکەمان و بەرجەستەکردنی لایەنی مرۆڤایەتی نووسینی گوتاری ڕەخنەییە، چونکە ئەوەی ئەدەبی گەلانی بەرەوپێش بردووە ڕەخنەیە، بۆیە ئەمیش دەیەوێت لە ڕێگەی ڕەخنەوە خزمەتی ئەدەبی نەتەوەکەی بکات؛ ئەگەر ببێتە هۆی ئازاردانی ئەدیبانیش، چونکە ڕەخنە دەبێتە هۆی ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای بەرەو پێش چوونی ئەدەبی گەلان.

نووسەر هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێنێتەوە بۆ گرنگی و هەنووکەیی بابەتەکە، هەروەها شاعیرە گەورەکانی کورد ئەم بیروباوەڕەیان لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەکردووە، بەڵام بەشێوەیەکی هەڵەیە، کە پێویستی بەڕاستکردنەوە هەیە و شاعیرە لاوەکانیشمان لەم بابەتەدا لاساییان دەکەنەوە، وەک دەڵێ: ((شاعرە گەورەکانمان بیروباوەری مروڤایەتیان گرتوتە باوەش وە بیروباوەری مروڤایەتی ریچکەی بەستووە بو ناو میشکی زوربەی کومەلانی خەلکی کوردستان و مفکرەکانمان بە جوریکی چەوت و چیلە کە ئەمە پیویستی بە راست کردنەوە هەیە، لە هەموو گرنگتر شاعرە لاوەکانمان دەستیان داوەتە پینووس لەم رووەوە، خەریکن لاسایی شاعرە گەورەکانمان ئەکەنەوە، وە هەر لەسەر ئەو بیروباوەرە چەوتە مروڤایەتیە ئەرون کە بەو جورە تیی گەیشتوون))[1] نووسەر بڕوای وایە شاعیرەکانمان لە بەرجەستەکردنی بیروباوەڕی مرۆڤایەتیدا کەوتوونەتە هەڵەوە و ئەرکی ئەمە بە ئاگایان بهێنێتەوە و لەم هەڵە و کەموکوڕییە ڕزگاریان بکات. ((کەواتە باسی مروڤایەتی لە شعرا زەرورەتیکی ئەوتویە کە بروای بەهیزمان بە مروڤایەتی و هەستانمان بە مەسئولیەت ئەی چەسپینی بە سەرمانا، کە ئەبیت ئەو چەوتی و هەلانەی کە پییەوە لکاوە، وە کە سەر دلی شاعیرەکانمانی گرتووە و دووریان ئەخاتەوە لە ریگەی خەباتی راستەقینە لە ژیر پەردەی مروڤایەتیدا روونی بکەینەوە))[2]

نووسەر بڕوای وایە خەباتی نێونەتەوەیی لە پێناوی مرۆڤایەتیدا قۆناغێکی سیاسی و ڕۆشنبیری نوێیە و دەرهاویشتەی ئەوبارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە نوێیەیە، کە لە جیهاندا سەری هەڵداوە، هەربۆیە بڕوای وایە ئەگەر فەیلەسوف و سیاسییەکان پێشتر باسی ئەم بابەتەشیان کردبێت، ئەوا تەنها قسەیەکی

---

١ - کامل حەسەن بەسیر، مروڤایەتی لە شعری کوردیا: گوران – هەژار – کامەران، ل١٠٠

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠ - ١٠١

بێ بنەما و درۆ بووە و مەبەست لێی هەڵخەڵەتاندنی خەڵک بووە، بەڵام لە ئێستادا خەباتێکی واقعیی هاوبەشی گەلانە لەپێناو ڕزگاری گەلانی ژێر دەستدا. وەک دەڵێ: ((زور لە فەیلەسووفەکان و سیاسیەکان ئەم مەفهومە ئەگرنە باوەش بەلام تەنیا بە قسە، کاتیکیش بمانەوی قسەکانیان بە ترازوویەکی واقعی بکیشین ئەبینین کە قسەیەکی رووت و هەلبەست و درویە، نیازی یەکەم و دواییان ئەوەیە کە خەلک گومرا بکەن)) [1]

دەوڵەتە سەرمایەدارەکان چەمکی (کوسموپولیتی)یان بەکارهێناوە بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و چەوساندنەوە و ژێردەستکردنی گەلانی دواکەوتوو نەک خزمەتکردنی مرۆڤایەتی ((بیروباوەری کوسموپولیتی کە ئابوورییە سەرمایەدارەکان گرتبویانە باوەش ئەیان ویست خەلک بخەلەتینن و بەرگیکی مرۆڤایەتی بکەنەبەر بەلام لە راستی و جەوهەریا هەولیکی بی سوود بوو نیازیان ئەوە بوو کە سنوور لەنیو گەلاندا لابەرن و چەپەری گمرکی لەناو بەرن بۆ سوودی سەرمایەدارەکان)) [2]

نووسەر بڕوای وایە نەتەوە داگیرکراوەکان تەنها بەشێوەیەکی تیۆری دەتوانن بیروباوەڕی مرۆڤایەتی بەرجەستە بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم نەتەوە ژێردەستانە ناتوانن بڕوا بەوە بهێنن کە گەلانی وڵاتانی داگیرکەر بڕوایان بە مرۆڤایەتی هەیە و کاتێک دەبینن ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان لەلایەن لەشکری وڵاتەکانیانەوە دەچەوسێنرێنەوە و مافیان زەوت دەکرێت. بەمجۆرە تا ئیمپریالیزم مابێ چەمکی مرۆڤایەتی تەنها چەمکێکی تیۆری و عەقڵی ڕووت دەبێت، هەر ئەمەش وادەکات ببێتە بنەمای نووسینی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، چونکە پێویستی بە بەڵگەی عەقڵی ڕووت هەیە و دەبێت بچەسپێنرێت. وەک دەڵێ: ((مفهومی مروڤایەتی مسەلەیەکی نظری و عقلی رووتە لەم چەرخەمان دا وە نابیت بە راستیەکی هەست کراوی رووداو تا ئیمپریالیزم نەفەوتی و چەوساننەوە نەسرریتەوە کەواتە لیرەدا بیروباوەری مروڤایەتی ئەبیتە مەوزوعیک کە بو بلاوکردنەوە بشیت کە قسەی عەقلە، کەواتە ریگەی بەلگە و اسپات کردنی فراوانتر ئەبیت، یان ئەبیتە مەوزوعیک بو شعر و شعری گورانی خویی کەوا دل قسەی بۆ ئەکات و لە عاطفەوە هەل ئەقوولی) [3] نووسەر بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەدا نییە بابەتی مرۆڤایەتی، کە بابەتێکی نێونەتەوەییە ببێتە کەرەستەی شیعر، بەڵام ئەگەر شاعیر توانی بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش بەکاری بهێنێت و بتوانێت هەست و سۆزی

١ - کامل حەسەن بەسیر، مروڤایەتی لە شعری کوردیا: گوران – هەژار – کامەران، ل١٠١

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١- ١٠٢

٣ - سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣

سۆزی خەڵکی بۆ ڕابکێشێت ئەوە شیعرێکی بەرزی نووسیوە، ئەگەر وەک بابەتێکی عەقڵی ڕووت وەری گرت و کردییە بنەمای ناوەڕۆکی شیعرەکەی ئەوا وەکو نووسەرێکی سیاسی یان فەلسەفی و شیعرەکەی سەرکەوتوو نابێت و ئاستی نزم دەبێت، وەک دەڵێ: ((ئەبیت شاعر لەسەر ئەوە بروات کە بوی ئەنووسی و ئەبی ریگەیەکی دانراو بگریتەبەر و ئسلوبیکی ئەوتو بەکاربهینن کە تەلی عاتفەی کومەلانی خەلک ببزوینی و مفاهیمی خوی برژینیتە دلیانەوە. بەلام ئەگەر شاعر ئەم مەوزوعەی وەرگرت بە عەقلی نظری وەکو بلاوکەریکی – ناشر- سیاسی یان وەکو نوسەریکی فەلسەفی، من ئەم شاعرە هیچ بە سەرکەوتوو نازانم)) [1] بەدڵنیاییەوە پێویستە شیعر لەگەڵ گەیاندنی پەیامە مرۆڤایەتییەکەدا هەست و سۆزی پەیامەرگر بجوڵێنێت و چێژی پێ ببەخشێت، بەڵام ئەگەر شیعر تەنها ئامانجی گەیاندنی بیرەکە بێت، بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنە هونەرییەکان، ئەو کاتە شیعرەکە ئاستی نزم دەبێت.

ئێمەش بڕوامان وایە ئەم بۆچوونەی نووسەر زۆر تەواوە، چونکە شیعریش وەک بەرهەمێکی هونەری ڕۆڵی هەیە لە هۆشیارکردنەوەی گەلان و گەیاندنی پەیامی مرۆڤایەتی. دەربڕینی هاوخەمی و گوزارشتکردن لە ئازار و نەهامەتییەکانی گەلان نیشانەی ڕۆشنبیری شاعیرە و بۆ وشیارکردنەوەی گەلەکەی خۆیەتی بۆ ئەوەی بەگژ ئەم دیاردەیەدا بچنەوە، کە ئەمە لایەنێکی بەهێزی شیعرەکەیە، بەتایبەتی لە سەردەمی نوێدا. بەڵام ئەگەر شاعیر لەپێناوی گەیاندنی پەیامەکەیدا دەستبەرداری لایەنە هونەرییەکانی شیعر بێت و نەتوانێت هەست و سۆزی خەڵک بوروژێنێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئاستی شیعرەکەی نزم دەبێت.

نووسەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا شیعری (لاوکی سوور بو کوریای ئازا)ی (گۆران)ی وەرگرتووە و شیکردنەوەی بۆ کردووە و بڕوای وایە گۆران توانیوێتی ئەو نەهامەتی و ئازار و ناڕەحەتییانە لە شیعرەکەیدا بەرجەستە بکات، کە بەسەر گەلانی کۆریادا هاتووە، وەک دەڵێ: ((شاعریک پیی ناوتری شاعر ئەگەر دەنگ و باس ریک بخات و بیکاتە هونراوە، بەلکو کاتیک ئەبیت بە شاعر کە لەناو ئەو رووداو و دەنگ و باسانەدا بژی و تالیکەی بچیژی، ئەگینا چون ماموستا گوران ئەتوانیت کە لەگەل ئەو کارەسات و ناسورانەدا بژی کە کوریای نەدیبی و هاوبەشی تیا نەکردبی، بەلی راستیشە کە مەرج نییە شاعر خوی لەگەل ئەو رووداوانەدا بژی و تالیکەی بچیژی تا بتوانی هەستی

---

١ – کامل حەسەن بەسیر، مروڤایەتی لە شعری کوردیا: گوران – هەژار – کامەران، ل١٠٣

دەربـڕی و هـونراوەیەکی هـوونەری ڕیـک بخـات بەلام مەرج ئەوەیە کە ئەو ڕوداوانە پەیوەنـدیکی توونـدی هەبیت بەو ڕوداوانەی کە شـاعر تییـدا ژیـاوە لە ولاتەکەی خـوی دا))[1] لێرەدا نووسـەر ئەوەمـان پـێ دەڵێت کە ئەوبـارودۆخە هاوبەشـە نێـونەتەوەییەی جیهـانی گرتـووەتەوە وای کـردووە شـاعیر بتوانێـت لە شـیعرەکەیدا سـەرکەوتووانە گوزارشـت لە ئازارەکـانی گەلـی کۆریـا تێبگـات، چـونکە شـاعیر خۆشـی بەهەمـان ئەو بارودۆخەدا تێپەڕ بووە و ئازار و نەهامەتی زۆری چەشتووە بەدەست داگیرکەرەوە.

بەبڕوای ئێمەش بۆچوونەکەی نووسەر لەجێگەی خۆیدایە، چونکە هیچ گەلێکی دنیا هێندەی گەلی کورد تووشی داگیرکاری و کارەسات و چەوساندنەوە و کوشت و کوشتار نەبووەتەوە، هەر بۆیە شاعیریش، کە تاکێکە لەم گەلە چەوساوەیە؛ توانیویەتی بە تەواوی لە ئازارەکـانی گەلـی کۆریـا بگـات و بە وردی لە شـیعرەکەیدا بەرجەسـتەی بکات.

گۆڤاری هیوا یەکێکە لەو گۆڤارانەی بەشێک لـە گوتـارە ئەدەبییـەکانی بۆ بـواری نێونەتەوەیی تەرخانکردووە. هەربۆیە لەسەر وتاری ژمارە (٢)ی ساڵی دووەمدا، کـە بـە نـاوی (ئـەدەبی کـوردی لـە شۆڕشـدا)یـە لـە گۆشـەنیگای نێونەتەوەییـەوە باسـی ئـەدەبی کوردی دەکات لەو سەردەمەدا، بڕوای وایە کە هێشتا ئەم ئەدەبە لـە ئاسـتی پێویسـتییە نێونەتەوەییەکاندا نییە و ئەدیبان هێشـتا هـەر بـە ترسـەوە دەنووسـن و بـە ڕەمـز باسـی ڕووداوەکان دەکەن، کاتێک دەڵێ: ((ئەدەبی کوردی تاکو ئیستاش ماویتی کە بە تـەواوی بچیتە ناوجەرگەی ڕوداوی ئاشکرا و بەسەرهاتی راست و بی پیچوپەنا "واقع"ەوە. تاکو ئیستاش لە رومانسیتی پاک نەبوتەوە. لـەم روژەدا کە پینووسـەکانمان ئازادە و بومـان هەیـە بـە ئـارەزووی مەبەسـت هەلیسـوورینین، کـەچی هیشـتا هەیـە "بـۆ ئیمپریـالیزم – کونوپەپو، بو زور و ستەم – رەشەبا، بو بەندیخانە – قەفەس، و لە جیاتی گەل - بلبل" دائەنی و بەکارئەهینیت))[2] لێرەدا نووسەر زیاتر لە ڕوانگەی نێونەتەوەییەوە ئـەم بیـرەی دەربڕیوە و لە بەکارهێنانی ڕەمز لە دەقی ئەدەبیدا نـەیپێکاوە، چونکە مـەرج نییـە ڕەمـز تـەنها بـۆ شـاردنەوەی ڕاسـتییەکان بێـت، بـەڵکو زۆربـەی جـار بـەکارهێنانی ڕەمـز بـە مەبەستی ئیستاتیکییە و جوانی بە دەق دەبەخشێت و دەق لە کرچوکاڵی دەپارێزێت.

---

١ - کامل حەسەن بەسیر، مروڤایەتی لە شعری کوردیا: گوران – هەژار – کامەران، ل١٠٥
٢ - .........، ئەدەبی کوردی لە شۆڕشدا، گ. هیوا، ژ٢، ساڵی ٢، ١٩٥٨، ل ١

هەروەها نووسەر داوا لە ئەدیبان دەکات  واز لە ڕۆمانسییەت و خەیاڵبازی بهێنن و بەرهەمی واقعی بنووسن، ئەمەش لەبەر ئەوەی گەلەکەمان لە کاتی شۆڕشدایە و پێویستە بەرهەمە ئەدەبییەکانیشمان خزمەت بەو بارودۆخە بکەن و بەرجەستەی بکەن، تەنانەت بڕوای وایە پێویستە دەقی ئەدەبی بەتەواوی واقعی بێ و دووربێت لە خەیاڵەوە، چونکە هێشتا ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی دواییان نەهاتووە و دەبێت تا بەتەواوی لەناو دەچن ئەدەب دژیان بوەستێتەوە. نووسەر لە کۆتایی گوتارەکەیدا دەڵێ: ((کەواتە لە ئیستەوە تا هەلکەندنی دوا رەگی ئیمپریالیزم لەناو نیشتمانەکەمان و هەمو جیهاندا، پویستە گەلی لە جاران وریاتر و ئامادەتر بین، هەروەها پیویستە ئەدەبەکەمان تەرخان بکەین بو سوودی شورش و ئازادکردنی کوردستانی تورکیا و ئیران و یەکخستنی ئەم پارچانە لەژیر ئالایەکی یەکگرتوودا، ئاسایشی گیتی و دامەزراندنی رژیمیکی یەکسانی لە هەموو جیهاندا))[1]

**ئەحمەد حامد** لە گوتارێکدا لە گۆڤاری هیوادا بەناوی (ئایا ئەشێ بوێژ لایەنگری لایەکی تایبەتی نەبێ؟؟) باس لەوە دەکات، کە پێویستە ئەدیب لە نووسینە ئەدەبییەکانیدا لایەنگری حەق بێت و پشگیری لێ بکات و دژی ئەوانە دەوەستێتەوە، کە بڕوایان وایە نابێت ئەدیب لایەنگری بکات و دەبێت لە نووسینەکانیدا بێلایەن بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی نووسەر بڕوای وایە ((کە هەق شتیک نیە بە هەوادا هەلواسرابی و پەیوەندی بە ئادەمیزاد و ژیانی ئادەمیزادەوە نەبی، کەوابو لە کومەلیکا کە پەیرەوی چینایەتی تیابی ئەبی "هەق" بەلای چینیک یان چەن چینیک لە چینەکانی ئەو کومەلەوە بیت. کەواتە هەقیش خوی تەرەفداری لایەکی تایبەتییە))[2] بەمجۆرە نووسەر بڕوای وایە هەقیش بێلایەن نییە، ئیتر چۆن دەبێت ئەدیب بێلایەن بێت. پاشان چەند پرسیارێک دەوروژێنێت دەربارەی بابەتی سەرەکی نووسینەکەی و دەڵێ: ((ئایا ئەشێ ئەدیب لایەنگیری مروڤایەتی نەکات بو بەربەرەکانی کردنی کردەوەی دررندانە؟ ئایا ئەکری ئەدیب لایەنگیری تیکوشانی گەلان نەکات، روبەروی ئیستعمار و لەپیناوی سەربەخوییدا؟! وە ئەگەر هاتو ئەدیب یا نوسەر تەرەفداری لایەکی تایبەتی بو ئەوە ریگەی لی ئەگری کە ببیتە ئەدیب و نوسەر؟ وە ئاخو ئەدیب خوی ئەندامی یەکی لە چینەکانی کومەل نیە؟ وە ئایا هەول نادات بو هینانەدی و پاراستنی قازانجی چینەکەی؟ ئایا بەگویرەی بیروباوەر

[1] - ........، ئەدەبی کوردی لە شۆڕشدا، ل ٢

[2] - ئەحمەد حامد، ئایا ئەشێ بوێژ لایەنگری لایەکی تایبەتی نەبێ؟؟ ، گ. هیوا، ژ١،س٢، بەغدا، ١٩٥٩، ل٦

و تـی بینـین (نظریـه)ی چینەکـەی نـاچی بـەریوە؟))[1] نووسـەر لەڕێگـەی وروژانـدنی ئـەم پرسیارانەوە دەیەوێت ئەو ڕاستییەمان پێبڵێت، کە پێویستە ئـەدیب لایـەنگری مرۆڤایـەتی بکات و پشگیری شۆڕشی گـەلان بکات دژی داگیرکـەران لـەپێناوی سـەربەخۆییدا، هـەر ئەمەش نا بەڵکو دەبێت بە ئەدەب شۆڕشێک دژی ستەمی چینایەتی بەرپابکات کە مـاف و ئازادییـەکانی چینـە کۆمەڵایەتییـەکان بپارێزێـت، کـە خـۆی یەکێکـە لـەوان، چونکـە لەسـەردەمی نوێـدا ئـەدەب هەمیشـە یـەکێک بـووە لـە چەکـە کاریگـەرەکانی هۆشـیارکردنەوەی گـەلان و هانـدانیان بـۆ شـۆڕش دژی ژێردەسـتەیی و سـتەمکاری و بەدەسـت هێنـانی سەربەسـتی و مـاف و ئازادییـەکان، ئـەدیب هەمیشـە بـە ئەدەبەکـەی خزمەتی گەلانی دنیا دەکات بەتایبەتیش گەلەکەی خۆی. چونکە ((ئەگـەر بیتو ئـەدیب یا نوسەر لایەنگیری بیروباوەری نەکات، وە تیبینیکی تایبەتی نـەبی بـو خـوی بەرامبـەر بـە ژیـان و پیشـکەوتنی مروڤایـەتی چـون ئـەتوانی ئـالای ئـەدەب و نوسـین و روشـنبیری هەلبگری و ببیتە رابەری گەل))[2]

حامد شاعیران و نووسەران بەشێوەیەکی گشـتی بۆ سێ چین دابـەش دەکات: ئەوانەی لایەنگیری مافەکانی گەلان و مرۆڤایەتی دەکەن، ئەوانـەی لایـەنگیری داگیرکـەر (ئیسـتیعمار) دەکـەن، هـەروەها ئەوانـەی بێلایـەنن و لایـەنگیری هـیچ یـەکێک لـەو دووانـە ناکـەن. نووسـەر زۆر بەتونـدی دژی چینـی سـێیەم دەوەسـتێتەوە و دەڵـێ: (( دەسـتەی سیهەم یا مەسلەحەتی تایبەتی وەختی خویان پالی پیوە ناون و دوری خستونەتەوە، یا لە تیکوشانی چینایەتیا بەزیون و رایان کردوە وەک کەفی دەم تاڤگە سەر ئاو کەوتوون و کەوتونەتـە گیـژاوەوە، بـەلام ئـاخیری لافـاو هـەر رایـان ئـەفرینی، یـان لـە دواییـا ئـەبی بچنەوە سەر دو بەشەکەی پیشو))[3] ئەوەی لێرەدا جێگـەی ڕامانـە ئەوەیـە نووسـەر هـیچ دژایەتییـەک بـۆ ئەوانـە دەرنابڕێـت، کـە لایـەنگری ئیسـتعمارن و خـۆی گوتـەنی (گـەل دەچەوسـێننەوە)، بـەڵکو وەکـو چینێکـی ئاسـایی ئـەدیبان و نووسـەران باسـیان دەکـات لەکاتێکــدا زۆر بەتونـــدی دژی ئەوانـــە دەوەســـتێتەوە کەبێلایـــەنن و بـــە بـــەزیو و بەرژەوەندیخواز ناویان دەبات، کە دەبێت لە کۆتاییدا هەر بگەڕێنـەوە بـۆ نـاو یـەکێک لـە دوو چینەکەی پێشوو بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ هیچیان بکات.

---

١ – ئەحمەد حامد، ئایا ئەشێ بویژ لایەنگری لایەکی تایبەتی نەبی؟؟ ، ل٦- ٧

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل٧

٣ – سەرچاوەی پێشوو، ل٧-٨

بۆچوونەکانی نووسەر لەجێگەی خۆیدان، چونکە پیویستە ئەدیب بۆ ئەوەی ببێتە سەرمەشق و ڕێنیشاندەری کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێویستە لەپێناو مرۆڤدا بنووسێت و خزمەت بە ئامانجەکانی مرۆڤایەتی بکات و کێشە و گرفتەکانی مرۆڤ تەوەری سەرەکی بەرهەمەکانی بن، ئەوکات دەتوانێ ببێتە ئەدیبێکی گەورە و بەرهەمەکانی بە زیندوویی بمێننەوە. هەروەها پێویستە ئەدیب لایەنگری مرۆڤایەتی بێت و لەپێناوی خواست و ئامانجەکانی گەلەکەیدا بنووسێت، و پشگیری ئەو چینە کۆمەلایەتییەش بکات کە خۆی یەکێکە لەوان، کە ئەم لایەنانە بنەماکانی ئەدەبی پێشکەوتنخوازن و ئەدیب پێویستە پەیڕەویان بکات، بەلام ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە نووسەر هیچ دژایەتییەک بۆ ئەو چینە دەرنابڕێت کە لایەنگری داگیرکەرن، کە پێویست بوو زۆر بە توندی دژیان بوەستێتەوە داوایان لێ بکات دەستبەرداری کارەکەیان بن، لە کاتێکدا زۆر بەتوندی دژی ئەوانە دەوەستێتەوە کە بێلایەنن.

**محەمەدی مەلا کەریم** لە هەمان ژمارەی گۆڤاری هیوادا گوتارێکی بەناوی (ئەرکەکانی سەرشانی ئەدەبی ئەمرومان) بلاوکردووەتەوە و باس لەو کارانە دەکات کە پێویستە ئەدەب بۆ خزمەتی گەل ئەنجامیان بدات و بڕوای وایە سەرجەم هاولاتییان و چینەکانی کۆمەڵ هەر یەکەیان بە ڕێگای تایبەتی خۆیان کار بۆ ئەم ئامانجە بکەن بەتایبەتی شاعیران و ئەدیبان،کاتێک دەڵێ: ((نوسەر و شاعیرەکانمان ئەبی بە راستی بە ئەرکی سەرشانی خویان هەستن، ئەبی بە راستی ئەندازیاری گیانی ئادەمیزاد بن و وینەی راستی کومەل بکرن و بە باشی بتوانن چاری دەردی بکەن و ریگای سەرکەوتنی یەکجاری بو رون بکەنەوە))[١] نووسەر بڕوای وایە ئەو ئەدیبانەی لەسەر ڕێچکەی ئیستاتیکا و هونەر بۆ هونەر دەنووسن هیچ خزمەتێک بە گەل و دۆزەکانی گەل ناکەن، بەپێچەوانەوە خزمەت بە ئیمپریالیزم دەکەن، و بەرهەمەکانیان ناچێتە ناو خانەی ئەدەبی گەلەوە، وەک دەڵێ: ((ئەو کەسانەی کە بیانەوی ئەمرو لەسەری و شوینی "هونەر بو هونەر" برون بەریدا بیانەوی و نەیانەوی خزمەتی چینی تیک شکاو ئەکەن، وە سودیان بۆ ئیمپریالیست و کونەپەرست ئەگەریتەوە. هەروا ئەمرو روژی ئەدەبی رەمزی نەماوە و بە شان و بالی سروشت و جوانیدا هەلدان بە ئەدەبی گەل ناناسریت))[٢] نووسەر بەهۆی هەستە نێونەتەوایەتییەکەیەوە و ئەو بارودۆخەی گەلەکەی تێدایە، تەنها ئەو ئەدەبە پەسەند دەکات کە باس لە واقعی گەل دەکات و کار

١ – محەمەد مەلا کەریم، ئەرکەکانی سەرشانی ئەدەبی ئەمرومان، گ.هیوا، ژ٢، ساڵی٢، ١٩٥٨، ل٣٠
٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠

بـۆ بـەدیهێنانی ئامانجـەکانی گـەل دەکـات و ئـەدەبی ئیسـتاتیکی (هونـەر بـۆ هونـەر) ڕەتدەکاتـەوە، ئەمـەش زیـادە ڕەوییـەکی تێدایـە، چونکـە هـەموو بەرهـەمێکی ئـەدەبی چ واقعی بێت یان ئیستاتیکی لە کۆتاییدا خزمەت بە ئەدەبی گەل دەکات و ئەدەبەکە بەرەو پێشەوە دەبات.

نووسەر لە کۆتایی گوتارەکەیدا ئەدەبی کۆن بە داردەستی ئیمپریالیزم دادەنێت و دەڵێ: ((ئەو ئەدیبەی کە نوسینی خوی تەرخان نەکا بو گەل و خوی نەبەستیتەوە بە داخوازییەکانیـەوە، لـە ریـزی نوسـەرانی گـەل بـەدەرە و لـە نوینـەرانی چینـی چـەرخ بەسـەرچوە. ئـەدەب هـیچ روژی لـە ژیان جوی نـەبوە، ئـەدەبی چینی پیشـو داردەسـتی چینی رەنج خور و ئیمپریالیستەکانی ئاغایان بو. ئـەدەبی میللـەتیش چ لەمـەوپیش و چ ئەمرو بەپیی توانا و هەلسوران خزمەتی ئامانجەکانی گەلی کردوە و ئەیکا، بەلام ئەمرو کە زروفی ژیانی گەل گوراوە و گەورەترین کوسپیک کە لـەریی ئازادی نوسـین و وتـن دابو هەلگیرا، ئەبی شیوەی ئەدەبیشمان بگوری و وای لی بی کە بو ئەمرومان دەس بدا و رەنگی ژیانی ئیستا و پاشـەروژمان بو بریـژی. ئیمـە ئـەدەبیکی وامـان ئـەوی و تـەنها ئەدەبیکی وا بە ئەدەبی خومان ئەزانین ))[1] نووسـەر دیسـانەوە بـە هەڵـەدا چووە کاتێک ئەدەبی کۆنی کوردی بە داردەستی ئیمپریالیزم دانـاوە، لەکاتێکدا ئـەو ئەدەبـە ئـەدەبێکی بـەرزی نەتەوەییـە و لـە ئاسـتی ئەدەبـە بـەرزەکانی ناوچـەکە و جیهاندایـە و بـەبێ پشـت بەستن بەو ئەدەبە ناتوانین ئەدەبێکی نێونەتەوەیی و ئاست بەرز بەدی بهێنین.

هەروەها گۆڤاری هیوا سەروتاری ژمارە (٩-١٠) ساڵی دووەمیش، کە بـە نـاوی (هیوا لە کورری ئەدەبا)یە تەرخان دەکات بۆ بیروبـاوەڕی نێونەتـەوەیی و دیسـانەوە لـە گۆشـەنیگای نێونەتەوەییـەوە باسـی ئـەدەب دەکـات. ئـەدەب بـە شـێوازێک لـە شـێوازە کاریگـەرەکانی خـەباتی مـەدەنی بـۆ بـەدیهێنانی مافـەکانی گـەل دادەنێـت، کـە پێویسـتە ڕۆڵێکـی سـەرەکی هـەبێت لـە سەرخسـتنی دۆزی گەلانـدا و تیایـدا هـاتووە ((ئـەدەب و ئـەدیب بەشـیکن لەگـەل و لـە زوران بـازی چینـەکانی گـەل، بەرامبـەر بەیـەک و خـەباتی هاوکاری چینە نیشتمانیەکان بەرامبەر بە ئیستعمار. ئەبی ئـەو ئەدەبـە بـو گـەل بیت، وە هەست و ئازاری و ئاواتی گەل دەرخات و بچیتە ناو جەرگەی گەلەوە، وە بەشیک بیت لـە تیکرایـی خـەباتی بـەلکو پیشـەنگیک بیت ریگـەی بـۆ رون بکاتـەوە))[2] لێرەدا بـەوردی

١- محەمەد مەلا کەریم، ئەرکەکانی سەرشانی ئەدەبی ئەمرومان، ل٣١
٢ - دەستەی نووسەران، هیوا لە کورری ئەدەبا، گ. هیوا، ژ٩-١٠، ساڵی ٢، ١٩٥٩، ل ٢

ڕۆڵی ئەدەب خراوەتە ڕوو، کە پێویستە هەمیشە پێشەنگی خزمەتکردن بێت بە گەل، چونکە ئەدەب یەکێکە لە چەکە کاریگەرەکانی خەباتی مرۆڤایەتی دژ بە چەوساندنەوە و ستەم و زۆرداری، بە بڕوای ئێمەش ئەم بۆچوونە زۆر پەسەندە، لەبەرئەوەی بەدرێژایی مێژوو بەشێک لە ئەدەب و ئەدیبەکان بەم ڕۆڵە کاریگەرەی خۆیان هەستاون و بە ئەدەبەکەیان ڕێڕەوی مێژوویان گۆڕیوە و چەندین گەل و نەتەوەیان لەژێر دەستی ڕزگارکردووە و لە خەباتی چینایەتیشدا بوونە بە پاڵپشتی چینی چەوساوە.

هەر لەم گوتارەدا باسی ئەوەکراوە کە نابێت بەتەنها ئەدەب بریتی بێت لە بەرجەستەکردنی واقعی گەل و لایەنی ئیستاتیکی دەق فەرامۆش بکرێت، بەڵکو دەبێت دەقی ئەدەبی گرنگی بە هەردوو لایەنی واقعی و ئیستاتیکی بدات، چونکە ئەوکات دەتوانێت دەقێک پێشکەش بکات کە کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەبێت ((کە ئەڵێین ئەدەب ئەبی چیتە ناوجەرگەی گەلەوە دیارە ئەوە ناگەیینی کە ئەدەب خۆی لەبیر بچیت و رادە و سنور و دیمەنی خوی لەیاد بکات کە ئەوبەشی بەرهەمی بیرە کە بە جوانی و رەنگینیەکەی هەست ئەجولینیت و دەرون ئەهینە جوڵە و هوشمەندی گەل بەرەوژوور ئەبات، بەرەو پلەیەکی بەرز. یانی ئەبی هەموو کات ئەدەب هاوبەش خەباتی گەل و رادەی جوانی دیمەن و ناواخنی خۆی تیکەل بکات و بە جوریکی تەوتو بروات کەلە سەرخۆ گەل بگەیینیتە رادەی چەشتنی بەرزترین جوری ئەدەب ))[1] بەبڕوای ئێمە ئەم شرۆڤەکردنەی ئەدەب کە لەم سەروتارەدا کراوە، یەکێکە لە باشترین شرۆڤەکردنەکان بۆ ئەدەبی واقعی، چونکە ئەدەب دەبێت گوزارشت لە ئازارەکانی گەل بکات و لەهەمانکاتدا بەشێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش بابەتەکان بیخاتەڕوو بۆ ئەوەی چێژبەخش بێت و زۆرترین کاریگەری لەسەر خەڵک هەبێت.

**محەمەدی مەلاکەریم** لە گوتارێکی تردا بەناوی (( ئەدیب و هونەرمەندەکانمان و پیویستی یەکانی ئەمروی سەرشانیان )) لەسەر هەمان ڕێچکەی گوتاری پێشووی دەڕوا و جەخت لەسەر ئەو بیروڕایانە دەکاتەوە، کە پێشتر خستوویەتەڕوو. نووسەر لەم گوتارەدا باس لەڕۆڵی ئەدەب دەکات لەپێش شۆڕشی چواردەی تەمموز، کە چۆن بوونە هەوێنی هەڵگیرساندنی شۆڕش و هاندەری خەڵک بۆ شۆڕش دژی داگیرکەر، وەک دەڵێ: (( نوسەر و شاعیر و هەمو هونەرمەندەکانی ترمان بەشیک بون لەو هەموەی کەبە خەباتی سەخت بە ئەمرویان گەیاندین. هەمو لە یادمانە کە لەدەوری کونا

---

١ - دەستەی نووسەران، هیوا لە کورری ئەدەبا، ل ٢

شـيعرەكانی جـەواهیری و سـەماوی و گـوران و گـورانی یـەكانی دیـلان و وینـەكانی سـەركارتەكانی گـەنجان و ئاشـتی خـوازان و نوسـینەكانی نوسـەرە ئازادەكانمـان چـە كاریكیان ئەكردە سەر دل و دەرونی گەلەكەمان و بلیسەی ئاگری خەباتی شورشگیری مانیـان بـەرز ئـەكردەوە ))[1] هـەروەها نووسـەر بـڕوای وایـە، كـە ئـەدیب و هونەرمەندەكانمان چۆن پێش شۆڕش بە ئەركی نێونەتەوەییانەی خۆیان هەستاون بەهـەمان شـێوە دوای شۆڕشـیش بـەم ئەركـە هەسـتاون و هەوڵیانـداوە پێویسـتییە نێونەتەوەییەكانی گەل پڕبكەنەوە، كە ئەویش پاراستنی دەسكەوتەكانی شۆڕش بووە. كاتێك دەڵێ: (( ئەدەبی كورد لەو روژەدا دیسان توانی تارادەیەكی باش ئەو پیویستی یـەی سەرشـانی خـوی جـی بـەجی بكـا. هەلبەسـتە بـەرزەكانی شـاعیری بلیمـەت و هەلكەوتوی كورد ماموستا گوران لە "بت – بتەوان"ەوە بیگرە تا "لەزیندانا چهواردەی تەموز"، تا "شورشگیر"، تا "بو سەربازی جومهوریمـان"، هـەروا شیعرەكانی كامـەران و دیلان و ئەوانی تر و ئەو وتارانـەی كە لـە روژنامـە و گوڤارەكانمانا نوسران، وە ئەو ئاوازە جوانانـەی كە هونەرمەندەكانمان دایان ناو ئەو سرودانەی كە بو روژی نوی ژیانی نویمانیان هەلبەست دەوریكی كاریگـەریان گیرا ))[2] بـەڵام نووسـەر ئەو بەرهەمـە ئەدەبی و هونەرییانەی كە هەن، هێشتا بەكەم دەزانێت و داوا دەكات بەرهـەمی ئـەدەبی و هونەری زیاتر بنووسرێن بۆ ئەوەی گەلانی عێراق زیاتر هۆشیار بكرێتـەوە و لاوان هان بدرێت بۆ بەرگری كردن لە گەل و نابێت هیچ شتێك ببێتـە كۆسـپ لەبـەردەم ئـەم ئامانجـەدا، وەك دەڵێ: (( هـەمو ئـەوە ئـەزانین كـە هونەرمەنـدەكانمان گیـرودەی دەس كورتی و هەلسوراندنی كاروباری ژیان و پیویستی تری سەرشانیانن، بـەلام ئـەبی زور باش ئەوەش بزانین كە خەباتی هونەرمەند ئەبی بەر لە هەمو ریگایەك بەریگای هونـەرا تی بپەری. هـەمو كـەس نـاتوانی هەلبەستیكی گوران ئاسـایی دانی، یا وەكو دیلان بـە گورانی بو میللەتی بلی، یا وەكو شەمال ئاوازەی بودانی، بەلام زور كەس هەندی ئیشی تری پی ئەكری كە ئەوانە خەریكینی ))[3] لێرەدا نووسـەر داوا لـە ئـەدیب و هونەرمەندان دەكات كـە بـارودۆخی سـەختی ژیـان نەبێتـە ڕێگر لەبـەردەم داهێنـانی بەرهـەمی نوێ، چونكـە تـەنها ئـەوان دەتـوانن بەرهـەمی بـەرز و كاریگـەر پێشـكەش بكـەن و پێویسـتە خۆیان لە كاری لاوەكی بپارێزن.

---

١- محەمەد مەلا كەریم، ئەدیب و هونەرمەندەكانمان و پیویستی یەكانی ئەمروی سەرشانیان، گ.هیوا، ژ٩-١٠، سالی٢، ١٩٥٩، ل٤٠

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٤١

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣

بەگشتی گوتارەکانی نووسەر ئەو کاریگەرییە گەورە و گرنگانە دەخەنە ڕوو کە ئەدەب و هونەر لە ڕێڕەوی بەرەوپێش چوونی گەلان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک و هاندانی لاوان بۆ شۆڕش و سەرخستنی شۆڕشەکان دەیبینێت، کە ئەمەش لە مێژوودا ڕووی داوە و نووسەر لەم لایەنەوە توانیویەتی زۆر بەوردی ئەو ڕۆڵە گرنگەی ئەدەب و هونەر بخاتەڕوو کەلە واقعی ژیانی نەتەوە و گەلەکانی دنیادا دەیبینێت.

**مستەفا سالّح کەریم** لە گۆڤاری (بلێسە)دا بەناوی (لەمامۆستا نەمرەکانمان – فائق بیکەس) گوتارێکی دەربارەی ژیان و شیعرەکانی شاعیر نووسیوە و تییدا زیاتر تیشکی خستووەتە سەر لایەنی نێونەتەوەیی شاعیر و بڕوای وایە بێکەس ژیانی بۆ خزمەتی گەلەکەی تەرخان کردبوو، هەروەها کەسێکی شۆڕشگێڕ بووە و بڕوای وابووە کە ئازادی و سەربەخۆیی تەنها بە شۆڕشگێڕی و قوربانیدان بەدی دێت، کاتێک دەڵێ: ((فائق بیکەس مرد، ئەو بیکەسەی کە بڕوای بەسەربەستی و دیموکراتی و ئاشتی هەبوو، ئەو بیکەسەی بیروباوەر و ژیانی بەخشیبوو بو خزمەتی نەتەوەی کوردی ئازادیخواز ... ئەو ماموستا خوێن گەرمەی کە وەک هەمو شورشگیرییەکی نەبەز لە عیراقا ئیمانی بەوە بوو کە بە شورش نەبێت ئازادیمان چنگ ناکەوێ، وە سەربەخویی بەخوبەخت کردن و تیکوشانی بی ووچان نەبێ مایەی پووچە))[1]

هەروەها نووسەر شاعیر بە خزمەتکاری گەلەکەی دادەنێ، کە لەڕێگەی شیعرەکانییەوە هەوڵی داوە گەلەکەی هۆشیار بکاتەوە و شۆڕشکردن بۆ ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی. قوتابخایەکی کردووەتەوە بۆ خوێندن و ڕزگاربوون لە نەزانی و دواکەوتوویی. ((بو ئەوەی زیاتر بتوانێ خزمەتی گەلەکەی بکات و نەمامە ساواکانی بۆ پیبگەیەنێ و لە دەردی نەزانین رزگاریان بکات قوتابخانەیەکی تایبەتی کردەوە لە سلیمانی چەند سالێک بەردەوام بوو لە بەریوەبردنی، لەگەڵ ئەوەشا قولی لی هەلکربوو، چاکی لی کردبوو بەلادا، بە شیعری ئاگرین میللەتی هان ئەدا بو رزگاربوون لە تەوقی بەندایەتی و خەباتکردن بو شکاندنی کوت و زنجیری دیلی))[2] نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە شاعیر شۆڕشگێڕێکی ئازا و بەجەرگ بووە و یەکێک لەو شیعرانەی کە ڕەمزی ئەم شۆڕشگێڕی و ئازایەتییەی شاعیرە شیعری (٢٧ ساڵە)یە کە بەرامبەر بە نوێنەری ئینگلیز وتوویەتی. ((بیکەسی نەمر لەگەڵ شاعیریتییە

---

١ – مستەفا سالّح کەریم، لەمامۆستا نەمرەکانمان – فائق بیکەس، گ. بلێسە، ژ٢، ساڵی ١، سلێمانی، ١٩٥٩، ل٣٢

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥

بلیمەتیەکەشیا و لەگەڵ ئەوەشا کە بەدڵ و گیان نیشتمان پەروەر بوو، لەگەڵ ئەمانەشا ئازا و بە جەرگ بوو وە بە راستی ماموستاش بوو، ماموستایەکی ئەوتو کە هەستی بە دیلیتی نەتەوەکەی کردبو، وە بەو ئازایەتییەی خوی رووبەرووی نوێنەرانی ئیستعمار چریکاندی: بیستو حەوت ساڵە من رەنجبەری توم...))[1]

ئێمەش دەتوانین بڵێین: نووسەر زۆر بابەتییانە هەسەنگاندنی بۆ شیعرەکانی شاعیر کردووە، چونکە بێکەس یەکێکە لەو شاعیرە مرۆڤپەروەرانەی، کە هەمیشە خەم و ئازار و نەهامەتییەکانی گەلەکەی بینیوە و هەوڵی هۆشیارکردنەوەی گەلەکەی داوە و هانی داون بۆ شۆڕشکردن و خۆڕزگارکردن لە ژێردەستەیی و بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ نیشتمان.

**عەبدلڕەزاق محەمەد** لە گوتارێکدا دەربارەی کۆمەڵە شیعری (خەبات و ژیان)ی ئەحمەد دڵزار، کۆمەڵێک بیروبۆچوونی ڕەخنەیی دەربارەی شیعرەکانی شاعیر دەربڕیوە لە چەندین لایەنەوە هەوڵی داوە ڕەخنە لە شیعرەکانی بگرێت، کە یەکێک لەو لایەنانە لایەنی نێونەتەوەییە. نووسەر سەرەتا لەو پێشەکییەوە دەست پێ دەکات کە (عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) نووسیویەتی و دەڵێ: ((نوسەری پیشەکی ماموستا عزالدین مستەفا نوسیویەتی ئەلی: ئەبی شاعیرەکانمان بەو ریگەیەی دلزاردا پەلی خویندەواران بگرن روەو بەرزکردنەوەی رادەی لە هونەر گەیشتنیان، تا بە تەواوی بەرزی ناوەروک و روخسار یەک بگریت و بەتەواوی بەرهەمیان بو گەل بیت.. هەر بەم جورە خوشیان ببن بە شاعیری گەل))[2] لێرەدا نووسەر بڕوای وایە بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێکی لەم جۆرە، پێویستە لەسەرجەم شیعرەکانی شاعیر بکۆڵینەوە، هەروەها نووسەر شیعرەکانی شاعیرمان بۆ دابەش دەکات بەسەر دوو قۆناغدا: پێش ساڵی (١٩٤٨ ) و دوای ساڵی (١٩٤٨)، کە شیعرەکانی پێش ساڵی( ١٩٤٨) ئاستیان نزمە و شاعیر هێشتا لە دڵەڕاوکێی (بەردەوام بوون) بووە لەسەر پێڕەوی شیعری کلاسیکی یان شوێنکەوتنی شیعری نوێ، ((چونکە لەبەینی هەستی شاعر و کردەوەی ئەدەبی و کردەوەی سیاسی دابرریک "فاصل"هەبوو))[3]. نووسەر بڕوای وایە ساڵی( ١٩٤٩) ساڵی وەرچەرخانبووە لە ژیانی سیاسی و ئەدەبی شاعیردا، پاش ئەوەی زیندانی دەکرێت ئینجا هەستی نێونەتەوایەتی و شۆڕشگێڕانە لە بەرهەمەکانیدا بەرجەستە دەبێت و

١ - مستەفا ساڵح کەریم، لەماموستا نەمرەکانمان – فائق بیکەس، ل٣٦- ٣٧
٢- عەبدلڕەزاق محەمەد، خەبات و ژیان، گ.هیوا، ژ٤، ساڵی٣، ١٩٦٠، ل٧٩
٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٨١

دەست دەکات بە نووسینی شیعری شۆڕشگێڕانە، بەڵام نووسەر بڕوای وایە کە شاعیر نەیتوانیوە بەتەواوی گیانی شۆڕشگێڕی و مرۆڤایەتی تێکەڵی شیعرەکانی بکات و دەڵێ: ((ئەگەر شاعر بەچاویکی دووربین و هونەرخوازیەوە ئەم ئەنجامە گرنگەی ژیانی سەیر بکردایە، ئیمرو دلزار، نازم حیکمەتیک بوو.. وە یەکیک بوو لە شاعرە واقعیەکانی نەک روژهەلات و بەس، بەلکو هەمو جهان))[1] لەگەڵ ئەمەشدا شاعیر لە مەیدانی شیعری شۆڕشگێڕیدا دەستێکی باڵای هەبووە و جێ دەستی دیارە و کۆمەڵە شیعرێکی باشی نێونەتەوەیی و شۆڕشگێڕی نووسیوە کە ((هەر یەکەیان لە کوری خەباتی گەلدا چەکێک بوە و تینیکی تازەی داوەتەوە بە گیانی نەبەزیتی گەل وە جیگەی شانازی و مایەداریە بو شاعیر))[2]

بەدڵنیاییەوە نووسەر لەم بۆچوونەیدا جوان پێکاویەتی، چونکە شیعرە نێونەتەوەیی و شۆڕشگێڕییەکانی شاعیر لەو کاتەدا توانیویانە کەلێنێک لە شیعری گەلدا پڕبکەنەوە، کە گەل لەهەموو کات زیاتر پێویستە بەمجۆرە شیعرە بوو. لەگەڵ ئەمەشدا نووسەر لەسەر داوای شاعیر خۆی ڕەخنە لەو شیعرانە دەگرێت کە بۆ گەل و شۆڕشگێڕی نووسیونی، بەوەی کە بابەتەکانیان بابەتی نزم و ئاساییین و تاموچێژیان تێدا نییە و ناوەرۆکێکی لاوازیان هەیە و زیاتر شیعرەکانی لاوازن و بەرجەستەکردنی واقعن بەبێ هەستوسۆز و ئەزموونی شیعر، نووسەر دەڵێ: ((ئەم هەلبەستانەی کەلە واقعی ژیانی میللەت و حزبەوەی وەرگرتون، یەکسەر ئەم بیروباوەرە ئەساییانەی لەسەر زاری خویندەوارەکان و لاپەرەی روژنامەکاندایە خستویەتیە ناو چوارچیوەی شیعرەوە، وە گەلی جار ناو ئاخنی کردوە بە ناوی کاربەدەستان و شاران و پیلان و مصطلحاتی سیاسی))[3] نووسەر بۆ سەلماندنی بیروبۆچوونەکانی هەستاوە بە بەراوردکردنی شیعری (پرتسبورگی ۹۱۷ی نازم حیکمەت) و (یادی ئوکتوبەری دلزار) کە ئەمەش ئەوەندەی تر بابەخی لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکی بەهێزتر کردووە. کە لێرەدا دەتوانین بڵێین هەرئەوەی شاعیر داوای لە نووسەر کردووە بەشێوەیەکی بابەتیانە ڕەخنە لە شیعرەکانی بگرێت نیشانەی ئاستبەرزی فکری و ڕۆشنبیری و دنییابینی دڵزاری شاعیرە، هەروەها کاتێک نووسەریش بەشێوەیەکی بابەتیانە ڕەخنەی لە

١- عەبدلڕەزاق محەمەد، خەبات و ژیان، ل٨١

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤

شـيعرەکانی شـاعیر گرتـووە نیشـانەی ئەوەیـە کـە لـە بنـەماکانی ڕەخنـەی زانسـتی و سوودەکانی و دەرهاویشتەکانی تێگەیشتووە.

**مـارف خەزنـەدار** لـە گوتارێکـدا بـەناوی (دیـوانی قالیچیچـەک) کـە بەرهـەمی (حەسـەن چیچـەک)ە، هـەوڵی داوە بەشـێوەیەکی گشـتی ئـەم دیوانـە بخاتـەڕوو و تـوێژینەوەی لەبـارەوە بکـات. نووسـەر ئـەوە دەخاتـەڕوو کـە مرۆڤایـەتی خاسـیەتێکی بنەڕەتی و گشتی ئەم دیوانەیە و شاعیر مرۆڤپەروەرێکی دڵسۆزە، کە ئەمـەش هـەر لـە ناونیشانی بەشەکانی دیوانەکەوە ڕووندەبێتەوە کە ناونیشـانی بەشـی یەکـەم "وەتـەن دا ئەز حەیران"ە و بەشی دووەمیش بەناوی "حوب و ئەڤینا دلی مـن"ە ((شـاعیر لـە بەشـی یەکەم دا خۆشەویستی راستەقینەی خوی دەرئەبری بەرامبـەر نیشـتمانی خـوی، چونکـە ئەم نیشتمانە هی هـەموو کەسیکە، وە لـەریزی یەکـەم دا ئـەم رژیمـە تازەیـە سـوودیکی زوری بووە بو نەتەوە دواکەوتووەکەی ئەو، کە کوردە، بـەلام لـە بەشـی دووەمـیش دا، دیسانەوە ئەم خوشەویستەی کچی کورد تیکەل ئـەکا، چونکـە ئـەم کچـە کـوردە تازەیـە سیمای لـە سـیمای رژیمـی تـازە و نیشـتمانی تـازە وەرگرتـووە))[1] شـاعیر لەڕێگـەی ئـەم مرۆڤپەروەرییەشـەوە بـەرەو نێونەتـەوەیی ڕۆیشـتووە و هـەوڵی داوە کێشـەو ئـازار و خۆشییەکانی گەلەکەی تێکـەڵ کێشـەو ئـازار و خۆشـییەکانی گـەلانی تـر بکـات. نووسـەر دەڵێ: ((چاو پی خشانیک بەناوی شیعرەکان، فراوانی بیروباوەری شاعیری سوڤیەتیمان بـو دەرئەکـەوی، کـە هـەرگیز وولاتـە بچووکەکـەی خـوی، کـە ناوچـەی کوردەکانـە بـە ئەرمەنسـتان و هـەموو سـوڤیەت گـری ئـەدا، ئەمـەش بەهـەموو جیهـان گـری ئـەدا، لـەم باسانە ئەدوی: وەتەن را ئەز حەیران، پارتیا من، شـاعیر، دەرد و برینـی دەرمـان کـری، دل زاڤودی، یەکی مایی، دوورخـەن دەسـتید خـو ژ وەلاتیـد عـەرەبا، ئـەنجازیا، گولنـاز و کەلەش، وە گەلی شیعری تریش ))[2]

بەشێک لە نووسـەرانی کـورد گوتارەکانیـان تەرخـانکردووە بۆ ئەو بەرهەمـانەی ڕەهەنـدێکی نێونەتەوەییـان هەیە و لەم گۆشـەنیگایەوە ڕاڤەیـان کـردوون، ستایشـی ئەو بەرهەمانەیان کردووە، کە ئەم ناوەرۆکـەیان هەیـە و هەندێکجاریش ڕەخنەی توندیان لەو بەرهەمانە گرتووە، کە خزمەتی خەبـاتی نێونەتەوەییـان نەکردووە، هەروەهـا هـانی

---

١- معروف خزنەدار، دیوانی قالیچیچەک، گ.هیوا، ژ٣٦، ١٩٦٢، ل ٨ - ٩

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٩

نووسەرانیشـیان داوە گرنگـی بە خەبـاتی نێـونەتەوەیی بـدەن و بەرهەمەکانیـان بـخەنە خزمەت ئەم بیرەوە.

## تەوەری سێیەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە گوتاری ڕەخنەی شیعریدا

میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە میتۆدە ڕەخنەییە گرنگەکان، ئەم میتۆدە هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەدەب و کۆمەڵگا بەیەکەوە پەیوەست بکات و ئەوە بخاتە ڕوو ئەدەب ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بەگشتی و نووسەر بەتایبەتییە، بۆیە لەو پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە، کە ئەدەب بە کۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە و هەوڵی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیان دەدات و سەرئەنجام ئەدەب بە زادەی کۆمەڵگا و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنێت کە وابەستەی کۆمەڵگایە، هەروەها پێشکەوتنی ئەدەب بە پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە دەبەستێتەوە و بەپێچەوانەشەوە دواکەوتنی ئەدەب بە دواکەوتنی کۆمەڵگەوە دەبەستێتەوە، نووسەرانی سەر بەم میتۆدە بڕوایان وایە بە هەموو شێوەیەک ئەدەب لەژێر کاریگەری کۆمەڵگادایە. میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ((لەدیدێکی کۆمەڵاتییەوە لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە. بەپێی هەرسێ بنەماکەی ئەدەب کە بریتین لە: نووسەر لەڕووی پیشە و سیمای کەسایەتییەکەی، دەقی ئەدەبی لەڕووی ئەو بابەتانەوە کە وەک چارەسەر دەیانخاتەڕوو، جەماوەریش لەڕووی چۆنییەتی وەرگرتنی کارە ئەدەبییەکانەوە. توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی لێرەدا بریتییە لە زنجیرەیەکی پێکەوەبەستراو، بۆیە بەشداری هەرسێ لایەنە سەرەکییەکە "نووسەر – دەق – خوێنەر" لە کردەی ئەدەبیدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ناکرێت ئەم سێ لایەنە لە پرۆسەی ڕەخنەییدا لێکداببڕین))[1] بەمجۆرە دەردەکەوێت کە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی هەوڵی ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ دەدات و دەقی ئەدەبی لە نووسەرەکەی دانابڕێت و لەهەمان کاتیشدا دەیبەستێتەوە بە خوێنەریشەوە، ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی گرنگی ئەم میتۆدە ڕەخنەییە.

پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگا و ئەدەب مێژوویەکی کۆنی هەیە، هەر لەو کاتەی دەقی ئەدەبی بەرهەمهێنراوە کۆمەڵگاش کاریگەری لەسەر هەبووە، تەنانەت دەقی ئەدەبی گوزارشت بووە لە خۆشی ناخۆشی و ئازار و ناڕەحەتییەکانی مرۆڤ، هەربۆیە ((ئەوانەی لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە لە ئەدەب دەکۆڵنەوە، تەنیا باسی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگا لەناو ئەدەبدا ناکەن، بەڵکو هەوڵی لێکۆڵینەوە لە ژینگەی ئەدیبیش دەدەن، تا ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی لە ژینگەی ئەدیبەکەدا هەیە دیاری بکەن و کاریگەری ئەو دیاردانەش لەسەر ئەدەبەکەی "بەرهەمەکانی" ڕوون بکەنەوە، هەروەها ئەمانە

---

[1]- ئاوارە کەمال ساڵح، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٤

دەیانەوێت بزانن ئەدیبەکە سەر بە چینێکی کۆمەڵایەتییە و لە چ دۆخێکی ئابووریدا ژیاوە و لە ئەدەبەکەشیدا ڕەنگی داوەتەوە))[1] ئەدەب ڕۆڵی هەیە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و هاندانیان بۆ کاری چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە و دەستنیشانکردنی دیاردە چەوت و خراپەکانی ناو کۆمەڵگە و هاندانی خەڵک بۆ دوورکەوتنەوە لێیان و ڕەخنەی کۆمەڵایەتیش ((لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی ناوەڕۆکی کارە ئەدەبییەکانەوە دەیەوێت هۆشیاری دەستە و چین و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دیاری بکات. جیهانبینی ئەم گرووپانە لە تێڕوانینیان بۆ کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگا پیشان بدات. لەلایەکی ترەوە جەخت لەسەر ڕۆڵی ئەدەب لە کۆمەڵگادا دەکات، بەو ئەندازەیەی کە ئەرکێکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و چاکسازی لە کۆمەڵدا بگێڕێت بە مەبەستی ئامادەکردن و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ))[2]

میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی وەکو بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵایەتی لە دەقی ئەدەبی دەڕوانێت و لە لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبیدا دەیەوێت مۆرکە کۆمەڵاتییەکەی دەق دەربخات و ڕوونی بکاتەوە، هەربۆیە ئەم میتۆدە لە مێژووی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونیدا سوودێکی زۆری لە تیۆری فەلسەفەی مارکسیزم وەرگرتووە، لەبەرئەوەی ئەم فەلسەفەیە بڕوای وایە ئەدەب بەشێکە لەسەرخانی کۆمەڵگا و بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ژێرخانی کۆمەڵگاوە دەگۆڕێت و بەپێشکەوتنی ژێرخانی کۆمەڵگە سەرخان (کە ئەدەب بەشێکە لێی) پێشدەکەوێت و بە دواکەوتنیشی (ئەدەب) دوادەکەوێت. چونکە ئەو کەسەی ((ڕەهەندێکی میتۆدیی و قووڵییەکی هزریی بە تیۆری کۆمەڵایەتی بەخشی، بیرمەندی ماتریالی کارل مارکس (K. Marx) بوو، چونکە تیۆری کۆمەڵایەتی لەسەر دەستی ئەم بووە تیۆرێکی تەواو و ڕوانینێکی فەلسەفی بۆ ئەدەب و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی))[3]

پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا پەیوەندییەکی دوولایەنەی ڕاستەوانەیە، هەروەک چۆن کۆمەڵگا کاریگەری لەسەر ئەدەب هەیە، بەهەمان شێوە ئەدەبیش کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەیە و هەندێک جار ئەدەب لە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی

---

١- ڕێبین خەلیل قادر، میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا، گ.ڕامان، ژ. ١٦٧، هەولێر، ٢٠١١، ل٦٤

[٢]- ئاوارە کەمال ساڵح، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، ٢٠١٢، ل٧

٣ - بەسام قەتوس، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و: د.محەمەد تاتانی، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل ٧٨-٧٩

ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵ دەبینێت و ئاراستەیان دەکات، چونکە ئەدەب دەتوانێت زۆرترین کاریگەری لەسەر خەڵک بەجێ بهێڵێت و بەرەو ئەو ئامانجەیان ئاراستە بکات کە ئەدیب مەبەستییەتی، ئەفلاتۆن هەستی بەم کاریگەرییە گەورەیەی ئەدەب کردبوو لەسەر خەڵک، هەربۆیە شاعیرانی لە کۆمارە نموویەییەکەیدا شاربەدەر کردبوو ((ئەفلاتون یەکەمین ڕەخنەگرە بایەخ بە لایەنی کۆمەڵایەتی دەدات، ئەفلاتون شاعیرانی لە کۆمارە یۆتۆپییەکەی وەدەرناوە چونکە ئەخلاق تێکدەدەن، بەڵام ئەوانەی شیعر بۆ بەرزکردنەوەی ورەی جەنگاوەران دەهۆننەوە شایستەی هەموو ڕێزێکن))[١] گرنگیدان بە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی یەکێک بووە لە بنەماکانی کارکردنی نووسەران و ئەدیبان و ڕەخنەگران، نووسەران هەوڵیان داوە لە ڕێگەی ئەم جۆرە ڕەخنەیەوە هانی ئەدیبان بدەن گرنگی بەم لایەنە بدەن لە دەقە ئەدەبییەکانیاندا. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە دەقی ئەدەبیدا و بەتایبەتی لە شیعردا بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ڕەنگدانەوەیەکی فراوانی هەبووە. دەقی ئەدەبی بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە خزمەتی کۆمەڵدا بووە. لە ئەدەبی کوردیدا هەمیشە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە شیعردا و بەتایبەتی لەو ماوەیەی ئێمە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین ڕەنگدانەوەی هەبووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای کوردی لەو ماوەیەدا لە سەروبەندی گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووریدا بووە و خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش هەوڵیان دەدا خۆیان لە دەست دەرەبەگ و ئاغاکان ڕزگار بکەن و قوتابخانەکان کرانەوە و خەڵک خوێندەواری پەیداکرد و کوردستان بەسەر ڕووداوەکانی ناوچەکە و جیهاندا کرایەوە و ئەدیبان کاریان بۆ ئەوە کرد سوود لەو شەپۆلە ڕۆشنبیرییە وەربگرن کە ناوچەکەی گرتەوە. نووسەران و ڕۆشنبیران و ڕەخنەگران تەواوی هەوڵی خۆیان خستەگڕ بۆ ئەوەی لەڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە هۆشیاری کۆمەڵایەتی بڵاوبکەنەوە.

نووسەران داوایان لە ئەدیبان بە گشتی و شاعیران بەتایبەتی دەکرد، کە بەرهەمەکان بخەنە خزمەت لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردییەوە، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعرەکانیاندا بخەنەڕوو و چارەسەریشیان بۆ بدۆزنەوە، لەبەرئەوەی شیعر گرنگترین و بەربڵاوترین جۆری دەق بووە لەو کاتەدا و زۆرترین کاریگەری لەسەر خەڵک هەبووە، بۆیە نووسەران زیاتر گرنگییان پێدەدا، بەتایبەتی شیعری ئەو شاعیرانە، کە لایەنی کۆمەڵایەتییان لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەکردووە و

---

١ - نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٢٦

ستایشیان کردوون، بۆ ئەوەی هانی شاعیرانی تریش بدەن گرنگی بەم لایەنە بدەن و خوێندەوارانیش زیاتر ئاشنا بکەن بەم دیاردانە و چارەسەرەکانیان.

**سیاپۆش** لە گوتارەکەیدا بەناونیشانی (شاعیرەکانمان)، بەشێکی لەڕوانگەیەکی واقعیی کۆمەڵایەتییەوە لە شیعری شاعیران دەدوێت. سەرەتا چەند پێناسەیەکی شیعر دەکات و دەڵێ: ((شعر چرایەکە تاریکی ریی ژیانمان بو روشن ئەکاتەوە، یارمەتیمان ئەدات لە دوزینەوەی راستیدا... شعر ژیانە: بی دەنگ و سەنگ، هاوارکەر و قیژینەر، رووخوش و مون، چاوبەگریان، دەم بە پیکەنین، پر لە دلداری دیت و ئەچی. شیعر وەکو شیلی (Shelley) ئەلی: وێنەیەکی ژیانە لە ڕاستی ئەزەلییەوە وەرگیراوە))[1] ئەگەر بەوردی سەیری ئەم بیروبۆچوونەی نووسەر بکەین زۆر بەڕوونی هەست بەوە دەکەین، کە نووسەر دەیەوێت پێمان بڵێ کە پێویستە شیعر گوزارشت بێ لە واقع و ژیانی کۆمەڵایەتی و خۆشی و ناخۆشییەکانی مرۆڤ، شیعر دەبێت ئەرکی هەبێت و ئەرکەکەشی دەرخستنی واقعی ژیانی کۆمەڵگە و هۆشیارکردنەوەی خەڵک و ڕێنیشاندەری ڕێگەی ڕاستی ژیان بێت و لەم ڕێگەیەوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە بدات. (کامل حەسەن بەسیر) بڕوای وایە ئەم گوتارە ڕەخنەییە سێ لایەنی سەرەکی بۆ چەمکی شیعر دەستنیشان دەکات وەکو ((لایەنی بابەت و ناوەرۆکی هۆنراوە، کە هەموو وێنەکانی ژیان دەگرێتە خۆی و زەمینەیەکی بەربڵاو لەبەردەستی هەستیاراندا ئامادە دەکات. لایەنی ڕوخسار و شێوەی هۆنراوەیە کە دەبێت دڵگیر و هونەری بێت. لایەنی ئامانج و ئەرکی هۆنراوەیە کە دەبێت کەسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و چێژ و چەشەیی بێت))[2]

نووسەر لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە شاعیران ئاوێنەی کۆمەڵن و دەبێت شیعرەکانیان گوزارشت لە کۆمەڵ و کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکان بکات، شاعیران دەبێت پێشڕەوی کۆمەڵ بن و خەڵک هۆشیار بکەنەوە و بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان ئاراستەیان بکەن، بەڵام شاعیرانی کورد (بەتایبەتی کلاسیک) بەهۆی لاساییکردنەوەی ئەدەبی بێگانەوە نەیانتوانیوە ئەم کارە بکەن و لە جیاتی ئاوێنە بوونە بە ئاوێکی لێڵ کە تەنها تارمایی بێگانەی تیا دیارە، وەک دەڵێ: ((شاعران ئاوینەی ژیانی کومەلن، پیش رەویانن لە ژیاندا، بەلام ئەمانەی ئیمە

١ - سیاپۆش، شاعیرەکانمان، ڕ. ژیان، ژ٣٣٥، سلێمانی، ١٩٣٢، ل ٢

٢ - کامل حەسەن بەسیر، مێژووی ڕەخنەسازی، ل٤٢٢

ئاویکی لیلن تارمایی بیگانەیان تیا دیارە))[1] نووسەر بەتوندی دژی شاعیرانی کلاسیک دەوەستێتەوە، تەنانەت شاعیرانی میللی بە باشتر و گەورەتر دادەنێت لە شاعیرانی کلاسیک، ئەمەش لەبەرئەوەی شاعیرانی میللی بەپێچەوانەی شاعیرانی کلاسیک دیمەنەکانی سروشت و رووداو و بەسەرهاتەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتیان لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەکردووە و بەزمانێکی سادە بۆ خەڵکیان گوتووە، لەکاتێکدا شاعیرانی کلاسیک هێندەی بەدوای وشەی بەتوێکڵ و تەواوکردنی قاڵبە شیعرییەکان و دانانی سەروای جۆراوجۆرە بوون بۆ دەرخستنی توانای شیعری خۆیان هێندە بیریان لە خەڵک نەکردووەتەوە، نووسەر دەڵێ: ((لەبابەت وینەگرتنی ژیانەوە ئەتوانم بلیم کە گورانی بیژە نەخویندەوارەکانمان گەلی لە شاعرە بەناوبانگە - بلاغت أرا-کان لە پیشترن ... چونکە ئەویان سەیری دەوروپشتی خوی کردووە، روانیویەتە دلی خوی چی بینیبی بە چەند واتەیەکی سادە ریکی خستوە بی ئەرک و ئازار، بەلام ئەمانی تر ویستویانە شعر دانین، ویستویانە دیوانەکەیان چە قافیەیەکی کەم نەبی، ویستویانە بتی دروست کەن بو بت پەرستان تاکو نرخی هەمو بتیکی پی بشکینن بە نەفامی، ویستویانە وا تەرکیز بکەن کەسی تی نەگات، شعر بلین معنای لە سکی خویاندا بمینیتەوە))[2]

سیاپۆش تاووتوێی شیعرە دڵدارییەکانی شاعیرانی کلاسیک دەکات و بەتوندی ڕەخنەیان لێ دەگرێت، لەبەرئەوەی شاعیرانی کلاسیک نەیانتوانیوە وێنەی ڕاستەقینەی ئافرەتی کورد لە شیعرەکانیاندا بنەخشێنن، بەڵکو لەمەشدا لاسایی بێگانەیان کردووە و بە بەرجەستەکردنی چەند لێکچواندن و چەند وێنەیەکی خواستراو؛ دواجار وێنەی جوانی ئافرەتی کوردیان شێواندووە، وەک دەڵێ: ((وەرە شعریکی دلداری شاعرەکانمان بخوینەرەوە - کە ئەمە بەشی هەرە زوری خەرمانی شعریانە – ئەگەر شیوەی ژنیکت هاتە یادەوە پیم بلی چە ژنیکە؟ چینی؟ هیندی؟ ئەفغانییە؟ نازانم هەرچی ببی ژنیکی کورد نیە، بەلی ناهەقیان نیە ژنی کوردیان نەدیوە ))[3] کامل حەسەن بەسیر دەربارەی گوتارەکەی (سیاپۆش) دەڵێ: ((بەڕاستی نووسەرەکەمان لەم حوکمەدا شارەزایانە هۆنراوەی دڵداری دێرینی کوردی هەڵسەنگاندووە، چونکە ئەم هۆنراوەیە وێنەی ئافرەتی کوردی تێکداوە و بە دەربڕینی دەستکرد بگرە لە سروشتی ئادەمیزادانە

١ - سیاپۆش، شاعیرەکانمان، گ.یادگاری لاوان، ل٤١

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢

٣ - سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠

دەرییەڕاندووە و وەکو ئامێرێکی کوشندە نواندوویەتی. پرسیاریش لێرەدا دەپرسیٚ بۆچی هەستیارە کوردەکان وایان کردووە؟ نووسەرەکەمان وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێ: با بەس تەفرەی خۆمان بدەین ، با ڕاست بڕۆین ئەگەرچی بۆ خۆشمان خراپ بیٚ، با ئاو لە دنگا بکوتین پیٚ بە جەرگی خۆمانا بنێین و بڵێین: شاعیرەکانمان دزن، لاساییکەرەوەن، دزن بەلام تویکل ئەدزن و ناوەرۆک بەرئەدەن، لاساییکەرەون، بەلام رییان لی ون ئەبی، دوش دائەمینن))[1]

نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا زۆر بەوردی تیشکی خستووەتە سەر چەند لایەنی کۆمەلایەتی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری کوردیدا، کە شاعیرانی کلاسیک بەهۆی پەیڕەوکردنی بنەماکانی شیعری ڕۆژهەلاتی ئیسلامی دوور کەوتبوونەوە لە کۆمەڵ و کێشە و گرفت و دیاردە کۆمەلایەتییەکان، بەلام تێڕوانینەکانی دەربارەی شاعیرانی کلاسیک لە جێی خۆیدا نین، لەبەرئەوەی ئەدەبی کلاسیکمان لە ئاستێکی بەرزی هونەریدان و شاعیرانمان لە وێنەکێشان و وێنەگرتنی ئافرەتی کوردیش بە توانا بوون.

**ڕەفیق حلمی** لە کتێبی (شعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا، یەکێک لەو لایەنانەی ئاوڕی لێداوەتەوە و بیروبۆچوونی خۆی لەبارەیەوە دەربڕیوە؛ لایەنی کۆمەلایەتییە، نووسەر کاتێک باس لە مەم و زینی پیرەمێرد دەکات و چەند کۆپلەیەک لە شیعرەکە شیدەکاتەوە، ئەوە دەخاتەڕوو کە خستنەڕووی ئەم سەرگوزشتەیە مەبەستێکی کۆمەلایەتیشی لە پشتەوەیە کە کچ بەزۆر بە شوودانە و پیرەمێرد مەبەستێتی کە خەڵک هۆشیار بکاتەوە و بۆ ئەوەی کچەکانیان بە ویست و ئارەزووی خۆیان بەشووبدەن نەک بەزۆر بە شوویان بدەن، وەک دەڵێ: ((هەر لەم لاوانەیەدا پیرەمێرد دوای مەبەستێکی تری کۆمەلایەتیش کەوتووە و تانووتێکی لە چەشنی کچ بەشوودانی ولاتی خوی گرتوە و ویستویەتی لەم کارە گەورەیەدا کە بناغەی ژینیکی تازەی پی دائەمەزری هیچ نەبی نرخیکی زور بچوک بە کچ بدریت و بیر و دلخوازی ئەویش تاقی بکریتەوە))[2] پاشان نووسەر بەردەوام دەبێ و لە شیکردنەوەی چەند دێڕێک شیعری تر و ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە شاعیر لەسەر زمانی (زین)ەوە دەیەوێت جەخت لەسەر ئەم دیاردە کۆمەلایەتییە بکاتەوە و بە دیاردەیەکی چەوتی کۆمەلایەتی دادەنێت و ئاواتەخوازە کە یەکێک پەیدا بێت و خەڵک هۆشیاربکاتەوە لەم دیاردەیە وەک دەڵێ: ((بەڵی زین تەنیا معشوقەیکی عاشق نیە، بەلکو کچە کوردیکی ملیت پروری وایە کە

١ - کامل حەسەن بەسیر، مێژووی ڕەخنەسازی، ل٤٢٧

٢ - ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ١، ل٨٧

لەباتی "تلقین" حەسرەت بو دەنگ خوشیکی وا ئەخوا کە بە کوردی لە ژوور سەری بخوینی و وایشی ئەوی کە "تلقین"ەکەی وتاریکی کومەڵایەتی بی و بی سودی و چەوتی ئەو ریگەیە لەو دایک و باوکانە بگەیینی کە لە دلخوازی کچەکانیان ناروانن و بو مەبەسی خویان کچ بەشووئەدەن ))[١]

نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پیرەمێرد لە بەشێک شیعرەکانیدا تابلۆیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواری بۆ کێشاوین، کە مەبەستی شاعیر ئەوەیە خەڵک بە ئاگایی و وریاییەوە لێی بڕوانن و پەند و ئامۆژگاری لێوەربگرن و لە ژیانی خۆیاندا پەرەی پێبدەن، وەک دەڵێ: ((پیرەمیرد لە دوای ئەوە کە لوحەییکمان لە ژیانی کومەلایەتی پیشو بەم وردەکاریە بو رەسم ئەکا و چاوی عبرت و ئینتباهمانی پی ئەکاتەوە... و بەم رەنگە لەم وینەگەرییە نەک هەر وینەگەری مەبەس بووبی بەلکو پند و نصیحتی قەومەکەی خویشی لیکداوەتەوە وەباشی و بە کەلکی خویندنی خستونە بەرچاو))[٢]

نووسەر لە شیکردنەوەی شیعرێکی تری شاعیردا ئەوە دەخاتەڕوو، کە شیعرەکە فەلسەفە و بیرێکی وردی جوانی تێدایە و شاعیر ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە شوێنکەوتنی خۆشییەکانی ژیان بایەخێکی ئەوتۆی نییە و مرۆڤ نابێ پشت بەوانە ببەستێت، کە لەکاتی و خۆشی و هەبوونیدا لە دەوری کۆدەبنەوە، بەڵکو پێویستە مرۆڤ بەهۆش بێت و بەدوای هاوڕێی تەنگانەدا بگەڕێت نەک هاوڕێی سەرسفرە و نیوەڕێ ، وەک دەڵێ: ((خوشەویستی زەمانە بایەخی نیە و ئەوی هوشی ببی لازمە پشت بەوانە نەبەستی کە لە روژی خوشی و دەمی سعادت و کەلکداریدا لە دەوری کوئەبنەوە، و بو ئینسانی بەهوش و گوش ئەوە پیویستە کە بو پیاوی بەوەفا و دوستی روژی رەش بگەری و بیدوزیتەوە ))[٣]

نووسەر ئەوەی بۆ خستووینەتە ڕوو، کە پیرەمێرد یەکێکە لەو شاعیرانەی کە گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتی ژیانی کوردەواری داوە و هەوڵی داوە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بخاتەڕوو و لایەنی باشە و کەموکوڕی و خراپەیان دیاری بکات، کە

١ - ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ١،ل٨٨
٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣
٣ - سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥

ئەمەشی بە مەبەستی بە ئاگاهێنانەوەی خەڵک بووە بۆ ئەوەی پەند و ئامۆژگاری لێوەربگرن.

حلمی لەباسی (سەلام)ی شاعیردا باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەم شاعیرەمان لە بەشێک لە شیعرەکانیدا باسی کۆمەڵ و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و بە شێوەیەکی گاڵتەئامێزانە لایەنە کەموکوڕییەکانیان دەردەخات، بەتایبەتی کەموکوڕی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندەکان، کە مەبەستی لەم کارەی ئەوەیە دڵی هەژارانی وڵاتەکەی خۆش بکات، چونکە بڕوای وایە ئەم چینەی کۆمەڵ دەستیان لەو نەهامەتی و نەبوونییەدا هەیە، کە هەژارانی تێدان، وەک لە ڕاڤەی شیعرێکی شاعیردا دەڵێت: ((دل ئەیویست هەمووی بنووسین تاوەکو بزانن کە "سەلام" چەن بەووردی سرنجی داوەتە چونییەتی کومەلایەتی و ئەو "دوو مەل"انە کەلە "کون و قوژبن"ی تاریکی ناو دلی ئەواندایە کە چارەرەشی لە هەموو خوشی و تام و لەزەتیکی ژیان بیبەری کردوون، وە چون هەستی بەوەش کردووە کە "رغنەی گالتەوگەپاوی = ئینتیقادی فکاهی" لە خوا پیداوەکان، توانج تیگرتنیان ئەبی بە دارووی شیفا بو بەدبەختەکان و سیاچارەکان، بەتایبەتی ئەگەر بیتوو ئەو خواپیداوانە لە پولی بەفیز و لووتبەرز و خوانەناسەکان بن، وەیا بەهەر هو پیکەوە ئەبی ببی، کەم وزور لە هەژاری و لیقەوماوی سیاچارەکانا دەسیکیان هەبی ))[1]

نووسەر لە باسی شیعرێکی تری شاعیردا ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە شاعیر زۆر بەوردی و بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز ڕەخنەی لە دەسەڵاتداران گرتووە و مەبەستەکانیانی ڕوونکردووەتەوە، کە هەمیشە هەوڵیان داوە خەڵکی لە نەفامی و نەزانی و نەخوێندەواری و هەژاریدا بهێڵنەوە بۆ ئەوەی هەمیشە ژێردەستەی خۆیان بن و لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بیانهێڵنەوە، ئەگەر چی لەڕواڵەتدا خۆیان بە دڵسۆزی کۆمەڵ دادەنێن، بەڵام لە بنەڕەتدا تەنها خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن، وەک دەڵێ: ((لیرە بەو لاوە سەلام بە ١٥ بەیت باسی تەکبیر و رای کومەلی سەرەک و پیاو ماقوولەکان ئەکا کە چون بیریان لە حالی ولات کردووەتەوە بو پیشکەوتنی ئەم مەکتەبە "قوتابخانە" وە بو پیگەیاندنی پیاوانی باش و تیگەیشتووی خاوەن زانستی و خویندەواری بەرز و ئاشنای فەن و پیشەسازی کەوتوونە گفتوگو و لیکدانەوە و لەوە دوواون کە ئاتاجن بەو جوورە کریکار و وەستا و فەنیار و پیشەسازانە  کە شارەزای

---

١ - ڕەفیق حلمی، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ٢، ل١٠٧- ١٠٨

لیخـورین و موتوکـار و کـولاره بـن، وه بتـوانن بیسـیم و چـەکی تـازه بـەکاربینن وه کارخانـەکانی چـەک و دەرمـان و والا و شـتی تـر بگیـرن و ببـەن بـەریوه))١ پاشـان نووسـەر چەند بـەیتێکی تـری شـیعرەکه شـیدەکاتەوه و ئـەوه دەخاتـەڕوو، کـه شـاعیر بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز باسی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەوکاتەی کوردستان دەکات، کـه کۆمەڵێک دیاردەی دزێوی وەک نەزانی و خراپەکاری و ستەمکاری و نەبوونی ئازادی و سەربەستی لـه کوردسـتاندا بـاوبووه، وەک دەڵێ: ((ئیتربـەم تەرحـه سـەلام ناوەکانی رزگاری، ئازادی، عەدالەت، نەخوشی، زانستی بەدەم مودیری قوتابخانەوه ئەخوینیتەوه، وه لە دەم هەر یەکە لـەم قوتابیانـەوه بـەجیا کـه لـه مانـای ناوەکان بوەشـیتەوه وەلامـی مـودیر ئەداتـەوه ... لەمـەیش جوانتر ئەوەیـه کـه هـەول ئـەدا نـاکوکی بخاتـه بـەینی دوو قوتابییەوه کە ناوی یەکیکیان جەهل وه هی ئەویتریان عیلمە))٢ هەروەها نووسەر زیاتر لەسەر ئەم دەقەی شاعیر دەدوێت و ئـەوە بـاس دەکـات کـه هەمیشـه دەسـەڵاتداران بـه حوکمە عەشایرییەکانی سەردەم چۆنیان مەبەست بێت ئـاوا حـوکم دەکـەن، وەک دەڵێ: ((بەراستی سەلام لیرەدا مادەی مرووری زەمانی جوان دامەزراندووه وه لـەجیی خویـا بەکاری هیناوه، وه بەم رەنگە توانجیکی باشی گرتوەتە ئەوانـەی ئـەم مادەیـه ئەکـەن بـه کوتـەکی دەسـیان و بیدەسـەلاتەکانی پـی ئەفـەوتینن))٣ بێگومـان لـەم جـۆره کۆمـەڵگا دواکەوتووانەدا هەمیشه نـەزانی بەسـەر زانینـدا سـەردەکەوێت، چونکـه لـه بەرژەوەنـدی دەسەڵاتدارانداية کە خەڵک له نەزانی و نەفامیدا بژین و هۆشیارنەبن بەرامبـەر مـاف و ئەرکـەکانیان، هەربۆیـه بڕیـار لەسـەر ئـەوه دەدرێ زانسـت زینـدان بکرێـت و شـاربەدەر بکرێت بۆ ئەوەی نەزانی هەر باڵادەست بیت، وەک دەڵێ: (( لـه پاشـا سـەلام باسـی ئـەو حوکمە ئەکا کە ئەدری بەسەر عیلمی فەقیرا کـه شـەرتیکیشی ئەوەیـه دوای تـەواوبوونی حوکمەکەی ئەبی عیلم بنیرریتـەوه دەرەوەی سنووری ولات))٤ نووسـەر زۆر بـەجوانی ئـەوەی ڕوونکردووەتـەوه، کـه یـەکێک لـه کاریگـەرترین ژانرەکـان بـۆ ئـەوەی شـاعیر بتوانیـت ڕەخنـه لـه دیـارده دزێوەکـانی کۆمـەڵ بگرێـت شـیعری گاڵتەوگـەپ (شـیعری کۆمیـدی)ە، چونکـه لـەم ڕێگەیـەوه باشـتر دەتوانرێـت خـەڵک هۆشـیار بکرێتـەوه و کاریگەری لەسەر بەجێ بهێڵرێت، کە (سەلام)ی شـاعیریش ئـەم ڕێگەیـەی هـەڵبژاردووه بۆ هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری.

١ - ڕەفیق حلمی، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ٢، ل١٠٩
٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢-١١٤
٣ - سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥
٤ - سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥-١١٦

حلمی سەبارەت بە (گۆران) بڕوای وایە، گۆران شاعیرێکی واقیعییە، بەشێک لە شیعرەکانی لە واقعی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە وەرگرتووە و بەشێوەیەکی جوان و ڕازاوە بەرجەستەی کردووە، وەک دەڵێ: ((گوران شاعریکی فەننان و واقعییە "Realist" بی ئەوەی باکمان ببی لە رەغنەیی یاخو لە واتەکەی خومان بە گومان بین، ئەلیین گوران بەراستی بویژیکی واقعی و فەننانە. بویژیکە کە مادەی شعرەکانی لە کانگای ژیان، واتە لە ژیانی کومەلایەتی کورد هەلینجاوە وە کردوویە بە "بوودەقە"ی ئودەبا، ئینجا لەم وینە سیحراوی و دل فرینەدا کە پیی ئەلین شعر بوی هیناوینەتە دەری. بەلی گوران بویژیکی فەننان و واقعییە، چونکە لاسایی کردنەوەی بویژە کونەکانی نەکردووە بە پیشە))١

نووسەرکاتێک گفتوگۆی شیعرەکانی گۆران دەکات جەخت لەوە دەکاتەوە کە گۆران واقعی سروشت و کۆمەڵایەتیی گەلەکەی لەگەڵ خەیاڵدا تێکەڵ کردووە و وێنەیەکی هونەری ژیانی کوردەواری بۆمان وێناکردووە، وەک دەڵێ: ((گوران زیاتر لە واقع دواوە وە گەلی لەوحەی کومەلایەتی لە ژیانی کوردەواری بو کیشاوین، بەلام ئەم لەوحانە کە واقعی قەومەکەمان پیشان ئەدا وە راستە، لە خەیالیش بەشی وەرگرتوە، ئەوەندە هەیە ئەم بەشە لە رادەیک نەچوەتە دەرەوە کە پیویستی فەن نەبی))٢ پاشان نووسەر بۆ بەڵگەی قسەکانی شیعری (گوڵی خوێنین)ی (گۆران)ی وەرگرتووە و چەن کۆپلەیەکی لە شیعرەکە شیکردووەتەوە، سەرەتا لە زمانی شیعرەکە دوواوە و دواترگوزارشتەکانی ڕوونکردووەتەوە، ئەوە دەخاتەڕوو کە هەموویان کوردی پەتین، پاشان دەڵێ: ((لاپەررەیک لە ژیانی کومەلایەتی کورد ئەگیرریتەوە کە هەموومان دیومانە وەیا بیستوومانە. هەندیکمان خوی تیا بووە. ئەزانی کە ئەوی بومان ئەگیرریتەوە راستە وە تەواوە، واتە لەوحەییکە لە ژیانی واقعی کورد ))٣ هەروەها نووسەر بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم بۆچوونەی لەبارەی (گۆران)ەوە چەند نموونەیەکی تری لەشیعرەکانی شاعیر هێناوە وەک شیعری (لەدرزی پەچەوە) و (گەشتی هەورامان). بەمجۆرە نووسەر بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە توانیویەتی لایەنی واقعی ژینگەی سروشتی و ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواری لای شاعیر بخاتەڕوو، کە بەشێکی زۆری شیعرەکانی پێکهێناوە، ئەگەرچی ئەوەی نەخستووتەڕوو کە ئامانجی شاعیر لەم

١ – ڕەفیق حلمی، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ٢، ل ١٧٢– ١٧٣
٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩– ١٧٠
٣ – سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢

بەرجەستەکردنی ئەم واقعە تەنها جوانی نەبووە، بەڵکوهۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەش بووە.

**ساڵح حەیدەری** لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا گوتارێکی ڕەخنەیی بەناوی (ئەدەبیاتی زندو) بڵاوکردووەتەوە و بنەمای کۆمەڵایەتی بوون و هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و دیاریکردنی ڕێگەچارەی دەربازبوون لێیان لە دەقی ئەدەبیدا بە بناغەی سەرەکی ئەدەبی زیندوو دادەنێت. نووسەر بڕوای وایە ئەدەبی زیندوو ((ئەو ئەدەبیاتەیە کە بە دریژایی سالان ئەژی و قەت نامری وە کاری خوی ئەبەخشیتە سەر بیروباوەری نیشتمانی و ریگایەکی ریک و پیک بەرچاوی ملت ئەخات و هەمیشە هەول و تەقەلا ئەدات زوتر بگاتە ئامانجی ملی))[1] نووسەر لە گوتارەکەیدا ئەدەب دابەش دەکات بۆ دووجۆر، یەکەمیان ئەو ئەدەبەیە لەپێناوی ئەدەبدا دەنووسرێ و دووەمیشیان ئەو ئەدەبە کە کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵ دیاری دەکا و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئەم کێشە و گرفتانە دەدات و کۆمەڵ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئاراستە دەکات، کە هەر ئەمەیشە وادەکات ئەم جۆرەی ئەدەب بە نەمری بمێنێتەوە، چونکە ئەدیب بەم بەرهەمەی دەبێتە بەرهەمهێنەری ڕێگاچارەی تازە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کۆمەڵگەکەی و ئەگەر کۆمەڵگەش ڕێگاچارەکەی ئەمیان بەدڵ بووئەوا هەموویان بەیەک دڵ وەری دەگرن و دەیکەنە ئامانجی خۆیان و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی گەیشتن بە ئامانج و ڕزگاربوون لەم گرفتانە، ((بەلی! ئەدیبی ملی لە وینەی شعرا"هەلبەست" وەیا نثرا – لە وینەی چیروک وەیا نثری اعتیادی – پارچەییک لە ژیانی ملت ئەهینیتە بەرچاو و دەرد و هیوای ملت بەدەر ئەخا. بەلام وظیفەی ئەدیب لەم حدە راناوەستی بەلکو پیویستە زیاتر بچی و هەول بدات بو ریگا دوزینەوە بو تیمارکردنی ئەم دەردانە وە چون دەگاتە هیوای ئەم ملتە پر ایش و ئازارە. بەم جورە کە ئەدیب ریی تازەی بلاوکردەوە و لەلای گەلیک کەس لە ملت ئەم ریگایە پەسند بوو جا بەیەک دل ملت هەول ئەدات بۆ یەک ئامانج کە لەم حالە گەیشتن بە ئامانج بی گومان ئەبیت))[2] هەروەها بڕوای وایە یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی زیندوو ئەوەیە، کە تەنها لە یەک گۆشەنیگاوە سەیری ژیان ناکات، یاخود تەنها گوزارشت لە یەک لایەنی ژیانی مرۆڤایەتی ناکات، بەڵکو دەبێت تێڕوانینێکی هەمەلایەن بێت بۆ کۆمەڵگە و سەرجەم کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ژیارییەکان لە

١ – ساڵح حەیدەری، ئەدەبیاتی زندو، گ. گەلاوێژ، ژ١٢، ساڵی٥ ، سلێمانی، ١٩٤٤، ل٤٧
٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩

خۆ بگرێت و ڕێگەچارەی دەربازبوون بخاتە پێش چاو، کە بڕوای وایە لە ئەدەبی کوردیدا (ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و فایەق بێکەس) ئەم ڕێچکەیەی ئەدەبیان گرتووە، بۆیە دەربارەیان دەڵێ: ((بیگومان لەلای هەمومان معلومە کە چون شاعری نیشتمان پەروەری کورد ئەحمدی خانی و حاجی قادری کویی کە ئازاری ملتیان دیت هەولیان دا بو دەرخستنی دەردی گرانی ملت و پەیداکردنی دەرمان بو تیماری ئەم دەردانە... هەروا بەجوشەوە دیتە بیرم کە چەند شعری زندوی شاعرەکانمان کەوتوە کەجی أفتخارە. لەوانەش: چەند شعریکی "ف.بیکەس" دیتەبیر کە بە پەروشەوە چەند نەخوشیەک لە کومەلایەتیمان بەدەر ئەخا و تیماری ئەکات))[1] بەبۆچوونی نووسەر شیعری ئەم شاعیرانە نەمرن، ئەمەش لەبەر ئەوەی شیعرەکانیان کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵیان خستۆتە ڕوو و هەوڵی چارەسەریان کردووە و ڕێگا چارەی چارەسەرکردنیشیان خستووەتەڕوو. هەروەها نووسەر ڕەخنە لەو جۆرە ئەدەبەش دەگرێ کە لەپێناوی ئەدەبدا دەنووسرێ، لەبەرئەوەی گوێ بە کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگە نادەن و خۆیان بەشتی لاوەکییەوە خەریک کردووە و وازیان لە شتە سەرەکییەکان هێناوە. نووسەر دەڵێ: ((بەکورتی إنتقادیشمان بو بەشی یەکەم ئەوەیە: کە ئەم جورە ئەدیبانە دورن لە ملت، و بە مجادلاتی بی کەلک لە دیواخانان خویان مشغول ئەکەن. کە میلت ئەم جورە شتانە تیناگەن چون ملت وصفی گول و شەو ومانگەشەو تی بگات کەچی بی بەشە لە زەروریات. وە ئەم تەرزە ئەدیبانە "گول و مانگەشەو" چە سودیکی هەیە بو ملت بیست و چوار سعاتی روژ مشغولی أزاری إیشە. أزاری نەخوشیە... لی وورbon جی نیە))[2] نووسەر لە گۆشەنیگای کۆمەڵایەتییەوە سەیری ئەدەب دەکات و بڕوای وایە پێویستە ئەدەب لە خزمەتی کۆمەڵگەدا بێت و کێشە و ئازار و دەردە کۆمەڵایەتییەکان بخاتەڕوو و چارەسەریشیان بۆ بدۆزێتەوە. بەڵام لەبەرئەوەی لە گۆشەنیگای کۆمەڵایەتییەوە سەیری ئەدەب دەکات بیروبۆچوونەکانی دەربارەی ئەو ئەدەبەی لەپێناوی ئەدەبدا دەنووسرێ تەواو نییە، چونکە ئەو ئەدەبانەی لەپێناوی ئەدەب (جوانی)دا دەنووسرێت بە (مجادلاتی بی کەلک لە دیواخانان) دادەنێ، لە کاتێکا دەشێت ئەو جۆرە ئەدەبەیش لە ڕووی ئیستاتیکییەوە لە ئاستێکی بەرزی هونەری و ئەدەبیدا بن و شیعری نەمر بن و ئەو شاعیرانەی ئەو جۆرە ئەدەبەشیان نووسیوە لە ئەدەبیاتی جیهانی و نەتەوەییدا شاعیری زیندوون و

---

١ - سالّح حەیدەری، ئەدەبیاتی زندو، ل٤٩

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩-٥٠

شیعرەکانیشـیان زینـدوون و لـە مێـژووی ئـەدەبی نەتەوەییـدا ناویـان بـە زینـدوویی تۆمارکراوه.

(**ق.نەبەرد**) لە (گۆڤاری گەلاوێژ)دا بە دوو ئەڵقە گوتارێکی بەناوی (نامەیەک بۆ ئەدیبـەکانمان) بڵاوکردووەتـەوە. نووسـەر بـڕوای وایـە گوزارشـتکردن لـە کۆمـەڵ و دەستنیشـاننکردنی دەردە کۆمەڵایەتییـەکان دیـاریکردنی هۆکارەکـان و دۆزینـەوەی چارەسـەر بۆیـان ئـەرکی سـەرەکی ئەدیبـە. نووسـەر بەچەنـد پرسـیارێک دەسـت بـە گوتارەکەی دەکات و دەڵێ: ((ئایا ئەدیبەکانمان بو خویان ئەنوسن یان بو گەلی کورد؟ ئایا نوسینەکانی ئیستای ئەدیبەکانمان هیچ سودیکی هەیە بو گەلی کورد؟ ئایا ئەدیبی راسـت کییـە و چـون ئـەبی بنوسـی؟))[1] پاشـان بـەدرێژایی نووسـینەکەی هـەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەدات و نووسـەر بەگشتی ئەدیبان بۆ دوو جۆر دابەش دەکات، کە جۆرێکیـان بـە (ئـەدەبی ڕووت) یـان (کۆنەپەرست) نـاو دەبـات، ئـەم ئەدیبانـە بڕوایان بەسەربەستی کاری ئەدەبی هەیە، کە خەیاڵی ڕەها بەڕێوەی دەبات و ئەدیب بە ئارەزووی خۆی چۆنی بوێت ئاوا بەرهەمـە ئەدەبییـەکانی پێشکەش دەکات، هـەروەها بڕوایان وایە ئەدەب بەپێی کات وشوێن دەگۆڕێت، ئەم ئەدیبانە ((ئەلین ئـەدەب پیویسـتە وەکو هـەمو فەنـەکانی – موسیقا و رەسم- بـە ئـارەزووی ئـەو کەسـانە بیت کـە پیکی ئەهینن یاخود هەلی ئەسوررینن، هەروەها ئەشلین ئـەدەب جیگـەی تایبـەتی خـوی هەیـە یەعنی بەپیی ئەو جیگایانە ئەگورری کە ئەو ئەدیبەی تیدایە، هەروەها خەیال و وەحیکی تایبـەتی ئـەیبات بـەریوە))[2] ئـەم ئەدیبانـە دوورەپـەرێزن و کۆمـەڵ چـۆن دەبینن ئـاوا لـە ئەدەبەکەیانـدا دەیخەنـە ڕوو، نـەک وەک ئـەوەی پێویسـتە هـەبێت. ئەمانـە بڕوایـان وایـە ئامـانجی ئـەدەب تـەنها بەرجەسـتەکردنی ئیسـتاتیکایە و ئـەم ئەدیبانـە دەڵـێن هـەموو هـەوڵێکیان بەرجەسـتەکردنی جـوانی و خۆشـی و بـە وتـەی خۆیـان خسـتنەڕووی ڕاستییەکانە بـەبێ ئـەوەی سنور و ئامـانج و چۆنیـەتی ئـەو  شتانەمان بۆ بخەنـەڕوو، نووسەر ئەم ئەدیبانە بەو کەسانە دادەنێت کەلەسەر تەلارێکی بـەرزەوە سـەیری خـەڵک دەکەن و هـیچ ئاگایـان لـە ئێش و ئـازاری کۆمەڵگـە نییـە و تـەنها بـۆ خۆیـان دەنووسـن، چونکە ((ئەو چەشنە ئەدیبانە پیشـەیان ئەوەیە دورەوپـەریز بوەسـتن بی ئـەوەی خویـان فری بدەنە ناو بزوتنەوەی گەلەوە و ئامانجی گەل لە گشت بگەیـەنن بـەلکو تـا رادەیـەک هەست بەو حەقیقەتە ناکەن کەوا هەر یەکەیان مرویکن لە کومەل تـالی وشـیرینی، دیلـی

١ – ق. نەبەرد، نامەیەک بۆ ئەدیبەکانمان، گ. گەلاوێژ، ژ ٨، ساڵی ٨، سلێمانی، ١٩٤٧، ل٤١
٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل٤١

و ئـازادی کومـەل؛ تـالی و شـیرینی و دیلـی و ئـازادی ئـەو ئەدیبەیـە ئـەمـیش هـەموی لەبەرئەوەیە ئەم چەشنە ئەدیبانە لە تەلاریکی بەرزەوە، دور لە کومەل ئەنوسن چونکی لەزەت لە نوسین ئەبینن، ئەم چەشنە ئەدیبە بەسەزمانانە هیشتا نەیان توانیوە دوشمنی راستی گەلیان بەدی بکەن))[1] هەربۆیە ئـەو ئەدیبانـەی لـەناو کێشـەو گرفتـەکانی کۆمەڵدا ناژین بە "بەستەزمان" ناویان دەبات، چونکە دوژمنانی گەلەکەیان ناناسن و لەگەڵ ئازار و نەهامەتییەکانی گەلەکەیاندا ناژین. هەروەها ئەم ئەدیبانە ئەدەبەکەیان وەک وێنەیـەکی فۆتـۆگرافی وایـە و تـەنها دیمـەن و ڕووداو و کارەسـاتەکان دەگوازنـەوە، بـەبێ ئـەوەی هۆکار و چارەسەرەکانمان بۆ بخەنـەڕوو، نووسـەر دژی ئـەم جۆرە ئەدیبانەیـە، چونکە بـڕوای وایـە جـوانی کاتێک دێتـە بەرهـەم، کـە نووسـەر زۆر بـەوردی لـە کێشـەوگرفتە کۆمەڵایەتییـەکان بخاتـەڕوو و هۆکارەکـانی ڕوونبکاتـەوە و ڕێگاکـانی چارەسـەرەکانی تێگەیشـتبێت و لـە بەرهەمەکانیانـدا بیخاتـەڕوو، چونکـە ئـەدیبی ڕاسـتەقینە ئەوانـەن، کـە وەک (ئەندازیار)ن، چۆن ئەندازیار کەموکوڕییەکانی زەویمـان بـۆ دەدۆزێتـەوە و پاشـان چارەسەریشـی دەکـات بـۆ ئـەوەی باڵەخانەیـەکی پتـەوی لەسـەر بینـا بکرێـت، بەهـەمان شێوە ئـەدیبی ڕاسـتەقینەش دەبێ وابێت و هـەم کێشـەو گرفت و چەوتییـەکانی کۆمـەڵ دیـاری بکـات و لـە هەمانکاتیشـدا هـەوڵی دۆزینـەوەی چارەسـەریش بـدات، وەک دەڵێت: ((ئەدیب هەروەکو یـەکی لـە ماموسـتا گـەورەکان ئـەلیت وەکو موهەندیس وایـە چـونکی هـەر وەک چـون مهندسیک بـەرزی و چـالی و چولـە زەویـەک ریک ئـەخا یـاخود بومـان دەرئەخا کە ئەو بینایەی دروست ئـەکریت ئـەبیت چـون بیت، کـەوابیت ئـەدیبی ئەوانـەن نـەک هـەر چـەوتی و خـوار و خیچی ژیانی کومەلایـەتیمان بـو دەرئەخـەن بـەلکو پیویسـتە لەگەل ئەوەشا پیشانمان بدەن، بومان دەرخەن: ئەم ژیانە بوچ وا ناخوشە؟ چـون وە لـە چە ریگەیەکەوە چاک ئـەبیت))[2] بـە بـڕوای نووسـەر زۆربـەی ئـەدیبانی کـورد لـە جـۆری یەکـەمن و هـیچ سـوود و کـەڵکێکیان بـۆ کۆمـەڵگای کـوردی نـەبووە، ((ئەدیبـەکانی ئیمـە ئەگەر نەلیم هەمویان بەشی هەرە زوریان لـەو چەشـنە ئەدیبانـەن کـە لـەم پلەیـەدا، لـەم ژیانی نیشتمان پەروەریەمانا هیچ کەلکیان لی وەرناگیری بو نیشتمانەکەمان))[3]

نووسـەر لـە بەشـی دووەمـی گوتارەکەیدا سـەرەتا جـەخت لـەوە دەکاتـەوە کـە نووسـین لـەپێناوی جوانیدا کـات بەفیڕۆدانـە و پاشـان بـاس لـەو بنەمایانـە دەکـات کـە

١ – ق. نەبەرد، نامەیەک بۆ ئەدیبەکانمان، ل٤٢

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣–٤٤

٣ – سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥

پێویستە لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا هەبێت بۆ ئەوەی ببێت بە بەرهەمێکی ئەدەبی بەرز و دووربێت لـە کـەموکوڕی، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش سـێ خـاڵی دیـاریکردووە، کـە لـە یەکەمیاندا دەڵێت: ((پیویسـتە لەسـەر ئەدیبـەکانمان بـو ئـەوەی نوسـینەکانیان کـەلکیکی تـەواو ببەخشـی؛ لـەناو جـەرگی ژیـانی کومەلایەتیمانـەوە وەرگیرابـی))[1] ئـەدیب کاتێـک دەتوانێت بەرهەمێکی ئەدەبی بەنرخ پێشکەش بە گەلەکەی بکات، کە ناوەرۆکی دەقەکەی لە ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە وەرگرتبیت، چونکە هـەموو کات و سـەردەم و ژینگەیەک پێویستی بەجۆرە ئەدەبێک هەیە بۆ ئەوەی گوزارشتی لێ بکات و بارودۆخی هـیچ گـەلێکیش لـە گـەلێکی دیکـە ناچێت، بۆیـە لاسـاییکردنەوەی ئـەدەبی گـەلانی تـر سوودێکی ئەوتۆی نییە، هەربۆیە دەبێت ئـەدیب بەرهەمەکـەی لەناوجەرگـەی کۆمەڵـەوە هەڵبژێرێت. نووسـەر لـەخاڵی دووەمـدا دەڵێت: ((ئـەدیب نابیت هـەر بـو ئـەدیب بنوسـیت، ئەدیب نابیت وادابنی کە ئەدەبەکەی فەنە و هەر فەننانیش تیی ئەگات، ئـەدیب نابیت بـو چەند کەسیکی تایبەتی بنوسیت، ئەدیبی راست بو میللەت ئەنوسیت، لەبەرئەوە پیویسـتە نوسـینەکانی بـەجوریک بیت گشـت تیـی بگـات، یـەعنی لەسـەر ئـەدیب پیویسـتە تـاکو لەتوانایدایـە نوسـینیکی راسـت و رەوا و سـوک بنوسـیت))[2] ئـەدەب لـەپێناوی ئەدەبدا لـە فەرهـەنگی نووسـەردا جێـی نابێتـەوە و ئـەم جـۆرە ئەدەبـە هـەر بـە ئـەدەب دانانێـت، هـەروەها بەرهـەمی ئـەدەبی دەبێت بۆ هـەموو میللـەت بێت و گوزارشـتیان لـێ بکات و زمانەکەشی دەبێت لە زمانی خەڵکەوە نزیک بێت و شێوازەکەشـی سـادە وئاسـان بێت، بۆ ئەوەی هەموو کەسـێک تێی بگات و نابێت هـیچ شـتێک بکرێتـە هۆکـاری ئـەوەی کـە بەرهەمی ئەدەبی گوزارشت لـە میللـەت و دیـاردە کۆمەڵایەتییـەکان نـەکات و بـۆ میللـەت نەنووسریت.

نووسـەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویسـتە بەرهـەمی ئـەدەبی پـەیامێکی هەبێت و بەبێ پەیامداری هیچ دەقێکی ئەدەبی بە ئەدەب دانانێت، وەک لـەخاڵی سـێیەمدا دەڵێت: ((نەنوسینیکی واقعی وە نەنوسینیکی سوک و رەوان ئەو سودە نابەخشی ئەگەر تەوجیهیک نەبیت لەو نوسینەدا، چـونکی هـەر وەک و لـە نامـەی پیشـومانا باسـمان کـرد ئەدەبیکی بی تەوجیە وەک وینەیـەک وایـە، کەواتـە ئـەوەی نوسـینی ئـەدیبیکی راسـت لـە یـەکیکی تـر جـوی ئەکاتـەوە تەوجیهـە، ئـەدەب بـەبی تەوجیـە بـە ئـەدەب نـاژمیرری))[3]

---

١ - ق. نەبەرد، نامەیەک بۆ ئەدیبەکانمان، ل٧٠-٧١

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢

٣ - ق. نەبەرد، نامەیەک بۆ ئەدیبەکانمان، ل٧٢

هەربۆیە پێویستە هەموو دەقێک ئامانجێکی هەبێت و هەوڵی بەدیهێنانی بدات، ئەدیب دەبێت خەڵک هۆشیاربکاتەوە و بەرهەکەمەکەی بکاتە چرایەک بۆ ئەوەی ڕێگای میللەتەکەی ڕۆشن بکاتەوە و چارەسەری دەردەکانی میللەتەکەی بکات و هانی خەڵک بدات بۆ جێبەجێ کردنی پێویستییەکانی سەرشانیان، بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لەو نەهامەتی و ناخۆشییانەی کە تێیدان.

نووسەر بڕوای وایە پێویستە کاتێک ئەدیبەکانمان باسی جوانییەکانی سروشت و ژینگەی کوردستان دەکەن، یاخود کە باسی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان هەر بابەتێکی تر دەکەن، تەنها لایەنە جوان و ڕازاوە و خۆشەکەی نەخەنە ڕوو، بەڵکو ئەو ڕاستییە تاڵانەش بخەنەڕوو کە زۆربەی جار کۆتاییی ئەم بابەتانە بە ناخۆشی و نەهامەتی کۆتایی دێت، هەربۆیە ڕەخنە لە (گۆران)ی شاعیر دەگرێت کە کاتێک باسی جوانی و ڕازاوەیی سروشتی کوردستان دەکات، نەهاتووە باسی ژیان و بار و گوزەرانی کۆمەڵایەتی خەڵکەکەی بکات کە لە چی نەهامەتییەک دان، وەک دەڵێ: ((لیرەدا، بونمونە ئەلیین من بەکاک گوران نالیم باسی چەم و دول و شاخ و چیای کوردوستانمان بونەکا، بەلام من لیرەدا ئەلیم توخوا ئەگەر ئەو نوسینانەی کاک گوران کەوتە بەرچاوی ئەدیبیکی بیگانە چەند حەسرەت هەل ئەکیشن بو ولاتەکەمان وە بو ئەو کەسانەی کە تییدا ئەژین. ئەی توخوا شعرەکانی کاک گوران چەند جوان ئەبو ئەگەر هەر بەوەندە وازی نەهینایە، بەلکو دەری خستایە کە ئەو میللەتەی لەم ولاتە خوشەدایە لەسەدا نەوەت و حەوتی لەژیر باری هەژاریدا ئەتلیتەوە وە هیچ خوشیەک لە جوانی ولاتەکەیان نابینن))[1]

نووسەر لە گوتارەکەیدا باسی (ئەدەب لەپێناوی ئەدەب)دا دەکات و دژی دەوەستێتەوە و بڕوای وایە نووسین لە پێناوی جوانیدا کات بەفیڕۆدانە، لەکاتێکدا پشگیری خۆی بۆ ئەو ئەدەبە دەردەبڕێ کە گوزارشت لە ژیانی کۆمەڵایەتی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و هۆکارەکانی دروستبوونی و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی دیاریدەکات و بڕوای وایە ئەدیبانی کورد نەیانتوانیوە بە ئەدەبەکەیان خزمەتی کۆمەڵی کوردی بکەن. بەبڕوای ئێمە بیروڕاکانی نووسەر تەواو و بێ کەموکوڕی نین، چونکە نووسین لەپێناوی جوانیدا کات بەفیڕۆدان نییە و بەجۆرێک لە جۆرەکان خزمەتکردنە بە خەڵک، هەروەها سەرجەم شاعیرانی کورد بە بەرهەمەکانیان خزمەتی ئەدەب و زمانی

١ - سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣

نەتـەوەیی و کۆمـەڵگای کوردییـان کـردووە و جـێ دەستیشـیان لـە مێـژووی ئـەدەبی کوردیدا دیار و ئاشکرایە.

**بەکر عومەر یەحیا** گوتارێکی بەناوی (ئەدەب) لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا بڵاوکردووەتـەوە و تیایـدا بـاس لـە گرنگـی پایـەی کۆمەڵایـەتی ئـەدەب و ئـەو بایەخـە گەورەیـە و ئـەو گۆڕانـە مەزنانـە دەکات کـە ئـەدەب لـە ئـەنجامی گرنگیدان بـە کێشـە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان بە دەستی دەهێنێت. نووسـەر بڕوای وایـە هـەر دەقێکی ئـەدەبی گوزارشت لە کۆمەڵ و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان نەکات ئەو دەقە هـەر ئـەدەب نییـە، هـەر بۆیـە ئـەو نووسـینانە بـە ئـەدەب نـازانێ کـە لـەو سـەردەمەدا بـە نـاوی ئەدەبـەوە دەنووسرێن، لەبەرئـەوەی پەیوەسـت نین بـە کۆمەڵـەوە، وەک دەڵێ: ((دەمیکـە مـەیدانی نووسینمان بو کراوەتەوە و گەلی کەس خوی خەریک کردووە بە نووسـینەوە، شـعر یـا پەخشان، وتار یا چیروک، لەژیر ناوی ئەدەبیاتدا بلاودەکریتەوە. بەلی: ئەدەبیاتە، چونکە بەتـەنیا هـەر بـەریی زمـانی کوردیـە، بـەلام بەراسـتی بەمـە نـاگوتری ئـەدەبیات و بـە نووسـەرەکانی ناگوتری ئـەدیب، چونکـە نـە ئـەو، وە نـە ئـەم هـیچ پەیوەنـدی ییکیـان بـە کومەلەوە نیە و ژیانی کومەلایەتی نابووژیننەوە. وە ئەو ئەدیبەی جگە لەوە کە خوی لە تاکانی تر بەرزتر دەزانی، نازانی کومـەل چیـە و تووشـی چی نەخۆشـییک بـوە و چـون چارەی دەکری، ناوەروکی باری کومەل لە چی پایەییکدایە و راستیەکەشـی دەبـی چـون بی))[1]

نووسـەر پێیوایە ئەو جۆرە ئەدەبانەی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵ نین تەنانەت شـایەنی ئەوەش نین لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوبکرێنەوە و ئەم جۆرە نووسینانە بە (شـەت و پەتی و زەرە ئەدەب) ناو دەبات و بڕوای وایە ئەو جۆرە ئەدەبە بەسـەر چـووە و ئێسـتا سـەردەمی ئەو جۆرە ئەدەبەیـە کـە پەیوەسـت بێت بـە کۆمەڵـەوە و سـوودی بـۆ کۆمـەڵ هـەبێت و دیـاردە کۆمەڵایەتییـەکانی بەشـێوەیەکی کـارەکی و ڕاسـت تیـادا بەرجەسـتە کرابێت. چونکە ئەدەب کاریگەرییەکی گەورەی لەسـەر کۆمـەڵ هەیـە و گـەلێگ شۆڕشـی کۆمەڵایەتی و هزری و لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەرهەمی ئـەدەبن و بـە بـڕوای نووسـەر ئەدیبی ڕاستەقینە ((ئەوەیە کە خوی تیکەل ژیانی کومەل بکا و سەرنج بداتـە کاروبـاری کومەلەکـە و بـەراووردیکی بکـا، ایـا لەگـەل چـی هنگـاویکی گوریـندا جووتـە؟ ئەمانـە

---

١ – بەکر عومەر یەحیا، ئەدەب، گ. دەنگی گێتی تازە، ژ١، ب٤، ١٩٤٥، ل٦٧

هەمووی بیری ئەدەبین کە بە پێی نوارەکانی زانستیی کومەل دەبی لابەلایی بکا ))[1]
هەروەها نووسەر ئەدەبی کۆمەڵایەتی بە داینەمۆی شۆڕش و ڕاپەڕینە گەورەکان دادەنێ و نموونە بە شۆڕشی فەڕەنسی دەهێنێتەوە، کە بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکانی نووسەرە گەورەکان هێنایانەتە بەرهەم. تا لە کۆتاییدا داوا لە ئەدیبان و نووسەران دەکات بەرهەمەکانیان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵ بێت بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەبێت و دەڵێ: (( لەکانی دلمەوە پیتان ئەلیم: ئەی ئەدیبینە، تاکو ایوە لە کومەل نزیک ببنەوە و نووسینەکانتان لەگەل کومەلدا پەیوەندییکی هەبی، کومەل بو پیشەوە دەروا، ئەگەرنا کومەل زیانبار دەبی و ایوەش گوناهبار دەبن ))[2]

نووسەر لە گوتارەکەیدا زیاد لەپێویست ئەدەب بە کۆمەڵەوە دەبەستێتەوە و هەموو دەقێکی ئەدەبی یەکسان دەکات بە دەقێکی کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش یەکێکە لە کەموکوڕییەکانی گوتارە ڕەخنەییەکە، هەروەها بڕوای وایە دەقی ئەدەبی سەرکەوتوو ئەو دەقەیە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی بە کرداری تێدا بەرجەستە دەکرێت، کە ئەمەش بۆچوونێکی تەواونییە، ئەگەرچی گوزارشت کردن لە کۆمەڵ و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەدەب، بەڵام هەموو ئەدەب نییە و هەندێکجار ئەدەب گەورەیی خۆی لەوەوە بەدەست دەهێنێ، کە ئەدەبە بەبێ ئەوەی گوزارشت لە شتی تر بکات.

**شێخ محەمەدی خاڵ** لە گۆڤاری (هیوا)دا گوتارێکی ڕەخنەیی بەناوی (وێژە) بە دوو بەش بڵاوکردووەتەوە و تیایدا بەشێوەیەکی گشتی باسی ئەدەب و بەشێوەیەکی تایبەتیش باسی ئەدەبی کوردی دەکات. نووسەر بڕوای وایە کە ئەدەبی هەر نەتەوەیەک وەک کاڵایەک بۆ نەتەوەکە و هەر نەتەوەیەکیش جۆرە ئەدەبێکی هەیە، نەتەوەی وا هەیە ئەدەبەکەی کاڵایەکی تەواوە و تەواوی پێداویستییەکانی نەتەوەی دابینکردووە و ئەدەبی هەندێ نەتەوەی تریش کەمو کورتییەکی کەمی هەیە و ئەدەبی نەتەوەش هەیە زۆر دواکەوتوو و پڕ کەموکوڕییە و ئەدەبی نەتەوەی واش هەیە کە ئەگەر بەشی بێگانەی لێدەربکەی هیچی وای نامێنێتەوە. نووسەر ئەدەب بە جلوبەرگێک دەچوێنێت کە هەیە زۆر تەواوە و هەیشە کەموکوڕییەکی کەمی هەیە و هەیشە کەموکوڕییەکی زۆری هەیە و هەیشە کەموکوڕییەکی گەلی زۆری هەیە و تەنها ناوی جلوبەرگە، وەک دەڵێ:

---

١ - بەکر عومەر یەحیا، ئەدەب، ل ٦٨

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩

((ئینجا بەم پییە کە تەماشا ئەکەین لەناو ویژەدا ویژەی واهەیە وەک کالایەکی بالاپوش وایە لەبەر گەلەکەیا ... وەک ویژەی فەرەنسزی و ئنگلیزی و رووسی و گەلی ویژەی تر... وەیا لە ئەژنویایەتی، وە نییوەی لەشی بەدەرەوەیە وەک گەلی ویژەی تر یەکیکیان ویژەی عەرەبییە. وەیا لەسەر سنگیتی وەک سوخمە، قولانجیک نەبی لە لەشی کە دای ئەپوشی، ئیتر هەموو گیانی بەدەرەوە، وەک ویژەی فارسی و کوردی. یا وەک پەتیک وایە لە ملی گەلەکەیا کە هیچ داناپوشی لە لەشی ... وەک ویژەی تورکی، کە ئەگەر ووتەی بیگانەی لی دەربینیت هیچی نامینیتەوە))[1]

نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەدەبی هەموو نەتەوەیەک بە گۆڕانی ئەدیبان و ژیان و بارودۆخ و خوێندەواری و ئاستی ڕۆشنبیری و بیروباوەڕ و ئارەزووی ئەدیبان دەگۆڕێت، هەروەها بەپێی ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و دابونەریت و کولتووری نەتەوەیی دەگۆڕێت، وەک دەڵێ: ((ویژەی هەموو گەلیک ئەگورری بەپیی گورڕانی ویژەر – أدیب – ەکانیان، وە بەپیی خویندەوارییان و ئارەزوویان و پەی دەستەییان لەگەل ئەو بیروباوەرەی کەهەیانە، هەروەک ئەگورری بەپیی ناوچەیان، ئنجا ئەم ناوچەیە ناوچەی کومەلایەتی بی لە سیاسەت و ئایین و باوی ناوخۆیان، یا ناوچەی سروشتی – طبیعی - بی))[2] هەروەها باس لەوە دەکات کە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان نەتەوە و ئەدەبدا هەیە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە و بە گۆڕان و پێشکەوتنی نەتەوە ئەدەبیش پێش دەکەوێت، هەروەها بەخوێندنەوەی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک دەتوانی شارەزای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕەوشت و دابونەریت و کولتوور و ئاینی ئەو نەتەوەیە بیت، ((هەموو ویژەیەک ئەگورری بە گورڕانی گەل، وە لەگەل ئەوا ئاویتە ئەبی، وە هەردوولا کار لەیەک تریی ئەکەن، بیگومان لەهەر دەمیکا ووردبیتەوە لە ویژەی هەر گەلیک ... ئەتوانی تی بگەیت لە چونیتی ئەو گەلە لەو ماوەیەدا، لەبابەت کومەلایەتی و ئایین و سیاسەت و دەستوور و باوو هەموو شتیکی تریانەوە. کەوابوو هەموو گەلیک ئەبی ویژەکەی لەگەل خویا هەنگاو بە هەنگاو پیش کەوی، وە بەو پلەیەی کە ئەو گەلە پیا سەرکەوتوە ویژەکەشی پیا سەرکەوی))[3]

---

١ – شێخ محەمەدی خاڵ، وێژە، گۆڤاری هیوا، ژ٧، ساڵی ١، بەغداد، ١٩٥٨، ل١١– ١٢

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل٧

٣ – شێخ محەمەدی خاڵ، وێژە، ل٧

پاشـان نووسـەر ئـەدەبێکی گشـتگیر کـە گرنگـی بەسـەرجەم لایەنـەکانی ژیـانی کۆمەڵایەتی و بەرجەستەکردنی کێشە و گرفتەکان و خۆشی و ناخۆشییەکانی کۆمەڵ و گرنگیدان بـە هـەموو چینـە کۆمەڵایەتییـەکان و گرنگیـدان بـە ژن و پیـاو و قۆناغـەکانی تەمەنی مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە تا دەگاتە پیری و بوونی سەرجەم ژانرە ئەدەبییـەکان بە ئەدەبێکی باش دادەنێ، وەک دەڵێ: ((ویژەی هەموو گەلیک کاتیک پیی ئەلین باش کـە وەک ئاوینـەی بالاپیاو وابی بو گەلەکەی، وە لـەهیچ رووپەررەیـەک لـە رووپـەررەکانی ژیانـا کـەموکووری نـەبی، نەلەبەشـی منالانـا، نەلەبەشـی پیـاوان و ژنانـا، نەلەبەشـی خۆشـیدا، نەلەبەشـی ناخوشـییدا، نەلەبەشـی کومەلایەتیـدا، نـە لەبەشـی بازرگانیـدا، نەلەبەشـی کشـتوکالا، نەلەبەشـی پاشـەکەوتی و ئابووریـدا، نەلەبەشـی پیشەسـازیدا، نەلەبەشی ئایینیدا، نەلەناو مالا، نەلەدەرەوە، نەلە مزگەوتا، نەلـە قوتابخانـە و زانسـتگادا، نەلە سیینەما و سەرشانودا، نەلە تەمسییل و لاسـایکەدا ))[١] پاشـان نووسـەر دێتـە سـەر ئـەدەبی کوردی و بـەم بنەمایانـەی کـە کردوویەتییـە پێـوەر بـۆ ئـەدەبی بـاش؛ ئـەدەبی کوردی هەڵسەنگاندووە، کەپێی وایە ئەدەبی کوردی ئەدەبێکی دواکەوتووە، چونکـە ئـەم ئەدەبە ناتوانێت پێداویستییەکانی نەتەوەی کورد پڕبکاتەوە، کەموکوڕی لە بابەت و ژانر و دیاردە کۆمەڵایەتی و ئاینی و ڕەنگدانـەوەی ژیـانی خەڵکدا هەیـە، هـەروەها لـە بـواری نووسین و بەرهەمی نووسراوی ئەدەبیدا کەموکوڕی هەیە وەک دەڵێ: ((ئەمە ئاشکرا و نومایانە کە ویژەی کوردی – وەک زورترینی ویـژەی روژهـەلاتی ناوەراسـت – بەشـی خوراک و پی بژییوی ئیمرومان ناکات، وەپی ویستانی ژیانمان پررناکاتەوە))[٢]

نووسـەر ئـەم کەموکوڕییانـەی ئـەدەبی کـوردی بـەدەردێکی کوشـندە ناودەبـات، بۆیـە کۆمـەڵێک پێشـنیاز دەخاتـەڕوو بەمەبەسـتی چارەسـەرکردنی کەموکوڕییـەکان و پێشخستنی ئەدەبەکە، ئەویش بە نووسینی بابەت و بڵاوکردنەوەی، نووسەر داوادەکات ئەوەی توانای نووسینی هەیە لەهەر بواریکدا بێت، پێویستە بینووسێت، گرنگ نییە بـاش بێت یان خراپ، جوان یـان ناشـیرین بێـت ، گرنـگ ئەوەیـە ئێمـە بەرهـەمی نووسـراومان زۆر بێت، چونکە لە داهاتوودا باش و جوانـەکان دەمێننـەوە و خراپـەکانیش لـەناودەچن، وەک دەڵـێ: ((چـاک ترینـی دەرمـان بـو ئـەم دەردە کوشـندەیە ئەمەیـە هـەرچی ئـەزانی بنووسـی دەسـت بکـا بـە نووسـینی، وە هـەر کەسـە لەچیدا بـەهرەی هەیـە بیخاتـە سـەر کاغەز، تا لە ماوەیەکی کەما تفاق و کەرەسە و کەلەپوریکی زور بەجی بیلیین بو دوای

١ – سەرچاوەی پێشوو، ل١٢

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل١٢

خومان، ئینجا له پاشەڕوژا ئەم نووسراوانه له بیژنگ ئەدرین، هەرچی باش و بە کەلک بی ئەمینیتەوه، وه هەرچی خراپیش بی ئەرروا و ئەچیتەوه پەردەی نەبوون))[1] هەروەها نووسـەر بـەردەوام دەبێت لەسـەر پێشـنیارەکانی و داوا لـە ئـەدیبان دەکـات لەهـەر گۆشەیەکی ئـەدەبی کوردیدا کـەموکوڕی و ناتـەواوی هەیـه هـەوڵی پڕکردنـەوەی بدەن، هـەروەها داوا دەکـات ژیاننامـەی پیـاوە گـەورەکان و لێکۆڵینـەوه و شـیکردنەوەی کەسایەتییان بکرێت و نووسینی جوان و نامیلکەی جوان بڵاوبکرێنەوه و شیعری جوان دەربارەی خووڕەوشت و بەها باڵاکان و ئاین بنووسـرێن و چیرۆک و داسـتان لەسـەر ڕابرددی نەتەوە بنووسرێت بە جۆرێک که کەموکوڕییه کۆمەڵایەتییەکانمان بخانەڕوو و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوه.[2]

نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیەیدا بەشێوەیەکی گشتی له دیدێکی کۆمەڵایەتییانـەوە لـه ئەدەبی ڕوانیوه. نووسـەر چەند پێوەرێکی بۆ دەوڵەمەندی و هـەژاری ئـەدەب دانـاوه کـه بـەهیچ شـێوەیەک نابنـه بنـەما بـۆ ئـەم کـاره و ئـەدەبیش هـەرگیز بـەم شـێوەیه پـۆلێن ناکرێـت. پاشـان ئـەدەب دەبەسـتێت بـه گـەل و نووسـەرانی گەلـەوه و بـڕوای وایـه بەپێشـکەوتنی گـەل ئـەدەب پێشـدەکەوێت و بـه گـۆڕانی بـارودۆخی ڕۆشـنبیری نووسەرانیش ئەدەب گۆڕانی بەسـەردا دێت، کـه ئـەم بۆچوونـەیان بۆچـونێکی تـەواوه و لەگـەڵ بنـەما زانستییەکانی میتۆدی کۆمەڵایەتیـدا دەگونجێت. سـەبارەت بـه نووسـینی بابـەتی ئـەدەبی و بڵاوکردنـەوەی بۆچوونەکـەی دروسـته، چونکـه بـەدرێژایی مێـژوو بەرهەمه بەرز و نەمرەکان دەمێننـەوه و بەرهەمـه ئاست نزمـەکانیش دەبنـه بەشـێک لـه مێژوو.

(**م.م** ) لـه گوتـارێکی ڕەخنەییـدا بـەناوی (لیکولینەوەیـەک لـه ووتـاری "ویـژه"ی ماموستا خال) کەله گۆڤـاری (هیـوا) ژمـاره (۹) ی سـاڵی یەکەمدا بڵاوکراوەتـەوه، تیایدا گفتوگۆی بیروڕاکانی (مامۆستا خاڵ) دەکات، کـه لـه دوو ژمـارەی پێشـووی گۆڤارەکـەدا بابـەتێکی بـەناوی (وێـژه) بڵاوکردبـووەوە. نووسـەر سـەرەتا داوا لـه (مامۆسـتا خـاڵ) دەکات بەچاوی  لێکۆڵینەوەکەی زانسـتی لـه لێکۆڵینەوەکەی بڕوانێت، چونکه مەبەسـتی خزمەتکردنه به خوێندەوارانی کورد و نووسینەکەی ڕەخنەیەکی بنیادنـەره و ڕێگەیـەکی ڕاستیشه بۆ ڕوونکردنەوەی بیره دەربڕاوەکـان . نووسـەر دژی ئـەو دابەشـکردنەیه کـه

---

١ - شێخ محەمەدی خاڵ، وێژه، ل١٤

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٨

(مامۆستا خاڵ) ئەدەبی پێ دابەشکردووە،* و ڕەتی دەکاتەوە و بە دابەشکردنێکی نەگونجاوی دەزانێت، بڕوای وایە بڕیارێکی لەو جۆرە لە توانای (مامۆستا خاڵ)دا نییە، چونکە ئەو شارەزاییەکی تەواوی دەربارەی ئەدەبی نەتەوەکانی جیهان نییە و ئەو زمانانەش نازانێت، کە ئەو ئەدەبانەیان پێ نووسراوەتەوە، بۆیە دەڵێ: ((نازانم ماموستا چون هاتوە ئەم ویژە عالەمییانەی بەم شیوە دابەش کردووە؟ من بەش بەحالی خوم ئەزانم حوکمی وا ئەبی کەسی بیدا کە شارەزایی ییکی باشی لە هەمو سەریکی ویژەکانی جیهان هەبی وە ئەو زوبانانە بزانی کە ئەو ویژانەیان پی نوسراوە))[1] هەروەها دەڵێ: (( وەک بزانم ویژە بەم چەشنە دابەش ناکریت، بەلی گەلی وا هەیە ویژەی دەولەمەندە و گەلی واش هەیە ویژەی هەژارە، بەلام گەلی وا نیە ویژەی وەک کراسی دەرەودامانی یاخود وەک کراسی تا ئەژنو گەشتو یاخود وەک سوخمە، یا پەنکیک بی لە ملدا، واتە ویژەی یا سەروزیادی بی، یاخود بە ئیندازەیەکی وی جوی، بەشی پیویستی ئەو گەلە نەکا))[2] بەڵکو نووسەر بڕوای وایە ئەدەب بەپێی یاسای گەشەسەندن گەشەدەکات و ئەگەر نەتەوە دواکەوتوو بوو ئەوا ئەدەبەکەشی دواکەوتوو دەبێت و ئەگەر نەتەوە پێشکەوتوو بوو ئەوا ئەدەبەکەشی پێشکەوتوو دەبێت، چونکە هەموو ئەدەبێک ڕەنگدانەوەی باردۆخی نەتەوەکەیە و بەپێی گۆڕانی سەردەم و باروودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژیاری گۆڕان لە ئەدەبەکەشدا دێتە ئاراوە، کە دەشێت ئەدەبێکی نەتەوەیی لە سەردەمێکی دیاریکراودا دواکەوتوو بێت و لە سەردەمێکی دیاریکراوی تردا پێشکەوتوو بێت، یاخود بەپێچەوانەوە، وەک نووسەر دەڵێ: ((ویژە وەک هەموو بوویەکی زیندوو – کائن حی – سەری شورە بو یاسای کوران – قانون التطور –، وە لەهەر قوناغی لە قوناغەکانی ژیانا ویژەی هەر گەلی بەشی جوری ژیانی کومەلایەتی و ئابوری و سیاسی ئەو گەلە ئەکاو وە لەگەل گورانی ئەو جۆری ژیانەدا ئەمیش بەپیی پیویست ئەگوری))[3]

نووسەر بڕوای وایە کە (مامۆستا خاڵ) دوو بنەمای کردووەتە پێوەر بۆ بڕیارەکانی دەربارەی دابەشکردنی ئەدەبەکانی جیهان بەو جۆرە، کە بریتین لە ((یەکەم: ئەوەتە ئەو زوبانە تا چ رادەیەک پاکە لە وشەی بیگانە؟ دووهەم: ئەوەتە تا چ رادەیەک

* بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ(١٩٥٨)، وێژە، گۆڤاری هیوا، ژ٧

١ – م.م، لیکولینەوەیەک لە ووتاری ویژەی ماموستا خال، گ، هیوا، ژ٩، ساڵی١، بەغدا، ١٩٥٨، ل٦٧–٦٨

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦

٣ – م.م، لیکولینەوەیەک لە ووتاری ویژەی ماموستا خال، ل٦٦

له هـەمو باسیکا نوسـراو و دانراوی هەیـە))[1] ئـەوەی جێگـای تێڕامانـە ئـەوە ئەوەیـە کـە خـاڵی یەکـەم ئەگـەرچی نووسـەر چەنـدین بەڵگـەی هێناوەتـەوە لەسـەر ئـەوەی کـە بنەمایـەکی هەڵەیـە و ناکرێـت بکرێتـە پێـوەر لـە دیـاریکردنی پێشـکەوتن و دواکـەوتنی ئەدەبدا، کەچی لە وتارەکەی (مامۆستا خاڵ)دا بەهیچ شێوەیەک باسی شتی وا نـەکراوە و نووسەر لە ئەنجامی هەڵە تێگەیشتنەوە ئەم خاڵـەی هێناوەتـەوە و گفتوگۆی کـردووە. سەبارەت بەخاڵی دووەمیش نووسەر بڕوای وایە بەهیچ جۆرێک ناکرێت زۆر و کـەمی بەرهـەمی ئـەدەبی نووسـراو بکرێتـە بنـەمای دەوڵەمەنـدی و هـەژاری ئـەدەب، بـەڵکو پەیوەندی بە پێشکەوتن و دواکەوتنی ئەدەبەوە هەیە.

نووسەر بڕوای وایە هۆکاری سـەرەکی بـۆ ئـەوەی بەرهـەمی ئـەدەبیمان زۆرتـر بێت و لەهەموو بوارەکانی ئەدەبدا نووسراومان هەبێت و ئەدەب بەرەو پێشـەوە بچێت، بوونی ئازادیی نووسینە، چونکە هەرکاتێک کەشێکی لەبار و گونجاو و بێ سانسۆر بێتە ئـاراوە، ئەوکاتـە نووسـینی ئـەدەبی زیـاتر دەبێت و کەموکوڕییـەکی بـواری ئـەدەبیمان کەمدەبێتـەوە، وەک دەڵـێ: (( بـەر لـە هـەمو شـتی پیویسـتمان بـە ئـازادی نوسـین و بلاوکردنەوە هەیە، تا نوسەرانی کورد بتوانن زادەی بیر و میشکیان بخەنە سەر قاقـەز، وە زوتر نەتەوەکـەمان لـە تـاریکی شـەوی نـەزانی و نەخویندەوارییـەوە بکەونـە رونـاکی پیشکەوتن))[2]

نووسـەر لە خوێندنەوەی بۆ گوتارەکەی مامۆستا خاڵ تـا ڕادەیـەک سـەرکەوتوو بووە بەتایبەت دەربارەی ئەو پۆلێنکردنەی بۆ ئـەدەبی کردبوو، کـە ئـەدەبی بـۆ ئـەدەبی دەوڵەمەنـد و هـەژار و هـەژارتر پـۆلێن کردبـوو، نووسـەر ئـەم پـۆلێن کردنـەی ڕەتکردووەتـەوە و دەیسـەلمێنێت، کـە ئـەم پۆلێنکردنـە هـیچ بنەمایـەکی زانسـتی نییـە، هـەروەها بـڕوای وایـە ئـازادی نووسـین دەبێتـە هـۆی بـەرەو پێشـچوونی ئـەدەب کـە بەدڵنیاییەوە هەر کاتێک ئازادی نووسین بەرجەستەبوو ئەو کاتـە بەرهەمـە ئەدەبییـەکان زۆر دەبن و ئەدەبیش بەرەو پێشەوە دەچێت.

**کـاک سـلاح** لـە گۆڤـاری (هـەتاو)دا گوتـارێکی بـەناوی (ژیـان و وێـژە) بڵاوکردووەتەوە. نووسەر بڕوای وایە لەنێوان ژیان و ئەدەبدا پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە و ئەدەب و ژیان تەواوکەری یەکترن و زۆر پێویستییان بە یەکترە، چونکە ئـەدەب

---

١ – سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل٧١

دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ئاسوودەیی و پێشکەوتنی نەتەوە و پێشکەوتنی نەتەوەش دەبێتە هۆی پێشکەوتنی ئەدەب، وەک دەڵێ: ((بۆمان ئاشکرایە وێژە دەستێکی درێژی هەیە لە پێشکەوتن و سەرکەوتن و بەختیاریتی نەتەوەدا، نەتەوە هەرچەندێکی پێشکەوتووتر بێت وێژەش ئەوەندە بە ئاسمانی بەرزی و پێشکەوتنا ئەدرەوشێتەوە))[1]

ئەدەب یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵ و بەشداری دەکات لە ڕەوڕەوەی پێشکەوتن و شارستانییەتدا، هەروەک بەشداری چارەسەری کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و دەبێتە هۆی نەهێشتنی نەزانی و نەخوێندەواری و بڵاوبوونەوەی زانست و زانیاری لەناو کۆمەڵدا. ئەدەب بەشدارییەکی کاریگەری هەیە لە پێشکەوتنی کۆمەڵ و هۆشیارکردنەوەی خەڵک و ڕێبەری کردنی خەڵک بەرەو ئامانجە گشتییەکانیان و بەدەستهێنانی مافەکانیان، ئەمەش گرنگی ئەدەب و ڕۆڵی لە خزمەتکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵدا دەردەخات، هەربۆیە ((ئەگەر سەرنج لە مێژووی وێژەی وڵاتە پێشکەوتوەکانا بدەین زۆرباش بۆمان روون ئەبێتەوە کە لە هەموو سەردەمێکی پێشکەوتندا وێژە بەشدار بوە جا چ لەرووی کۆمەڵایەتیەوە و یا چ لە رووی زانیاریەوە بووبیت دیسانەوە وێژە تیماری ئەو نەخۆشی و بۆشاییانە ئەکات کە لەناو نەتەوەدا رەگیان داکوتاوە))[2] بە بڕوای نووسەر هەر قۆناغێکی مرۆڤایەتیش پێویستی بە جۆرە ئەدەبێک هەیە، کە لەگەڵ ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ژیارییەدا بگونجێت کە ئەو کۆمەڵەی تێدایە ((ئەگەر بە وردی سەیرێکی قۆناخەکانی مرۆڤایەتی بکەین ئەبینین کە هەرگیز چۆڵ نەبووە لە وێژە، بەڵام وەکو بۆمان دەرکەوتووە هەموو قۆناخێک وێژەیەکی تایبەتی خۆی هەیە کە لەگەل زوبان و ژیانیدا بگونجی))[3]

نووسەر بڕوای وایە کە نەتەوە پێشکەوتووەکان خاوەنی ئەدەبێکی پێشکەوتوون و گەلانی دواکەوتووش خاوەنی ئەدەبی دواکەوتوون، ئەدەبی کوردیش ئەدەبێکی دواکەوتووە، لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی دواکەوتووە و هەتا ئاواش لە دواکەوتوویيدا بمێنێتەوە ئەدەبەکەشی هەر بە دواکەوتوویی دەمێنێتەوە، ((زۆرچاک ئەزانین کە نەتەوەی کورد لە گەلی رووی ژیانەوە دوواکەوتووە، کەواتە لەرێی

١ - کاک سلاح، ژیان و ویژە، گ. هەتاو، ژ١٤٣ ، ساڵ ٥ ، ١٩٥٨، ل١٨

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٢١

٣ - کاک سلاح، ژیان و ویژە، ل٢١

وێژەشــەوە دیـارە لــە دوواکـەوتنا هــەر ئـەبیت، چونکـە ویـژەش لەگـەڵ پێشـکەوتن و دوواکەوتنی نەتەوەدا ئەگۆڕی))[1]

نووســەر بەئـەرکی سەرشـانی ڕۆشـنبیرانی دەزانێـت کـە هــەوڵ بـدەن ئـەدەبی کـوردی لــە دواکــەوتوویی ڕزگاربکــەن و بــەرەو پێشــی ببــەن و بــۆ ئــەم مەبەسـتەش پێویستە ڕۆشنبیران خۆیان بەدوور بگرن لە خۆبەگەورەزانین و خزمـەتکردنی ئـەدەبی بێگانە و پێویستیشە ئـەو ئەدەبـەی دەینووسـن و بـڵاوی دەکەنـەوە خزمـەت بـە زمـان و بـارودۆخی کۆمەڵایـەتی و ژیـاری و ببێتـە هـۆی پێشکەوتن و لەگـەڵ گیـانی سـەردەمدا بگونجێ و ببێتە ڕێنیشاندەری خەڵک و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵ. وەک دەڵێ: ((پێویستە خوێندەوارە بەرزەکانی نەتەوەی کورد هەمیشـە ئاگاداری ئـەو جـوورە نووسینانە بن کە ئەخرینە بەرچاو بۆ ئەوەی دووربن لە خۆپەسەندی و خزمەتی ئەم و ئەو. لەسەرێکی تریشەوە نەتەوەی کورد ئیمڕۆ پیویستی بە وێژەیەک هەیە کە خزمەتی زوبان و ژیانی نەتەوەکەی بکات، دیسانەوە وێژەیـەک پێویسـتە کـە هـەڵگری مەشـخەلی ڕێگای ڕووناکی و پیشکەوتن بیت وە وێژەیەک بی لەگـەل ژیانی ئیمروماندا بگونجی و فیری بیرکردنەوە و ئیش کردنمان بکات، وێژەیەک کە نەتەوە بخاتە سەر چـەقی ڕێگای ڕووناکی و حەسانەوە، وێژەیەک کە لە کەم و کوری و بۆشایی نەتەوەدا بدوێت))[2]

نووسەر لە گوتارەکەیدا بەوردی باسـی پەیوەنـدی کۆمـەڵ و ئـەدەبی کـردووە و ئەوەی خستووەتەڕوو، کە گەلانی پێشکەوتوو خـاوەنی ئـەدەبی پێشـکەوتوون و گـەلانی دواکەوتووش ئەدەبەکەیان دواکـەوتووە، هـەروەها ئـەدەب ڕۆڵێکـی گـەورە و کاریگـەری هەیــە لــە پێشــکەوتنی کۆمــەڵ و چارەســەرکردنی کێشــەو گرفتــەکانی کۆمــەڵ و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵ. هەروەها نووسـەر ئەرکی سـەرشانی ئـەدیبانی دیاریکردووە کە هەوڵدانە بۆ بەرجەستەکردنی ئەدەبێک کە لە خزمـەت کۆمـەڵی کـوردی و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیدا بێت.

**عەبدولڕەزاق محەمەد** لە گۆڤاری (هەتاو)دا گوتـارێکی ڕەخنـەیی بـەناوی (بـانگی جــــەمهوری شــــیوەیەک لــــە شــــیعری گــــەل) بڵاوکردووەتــــەوە و لــــە گۆشــــەنیگای کۆمەڵایەتییەوە لەم شیعرانەی کۆڵیوەتەوە. سەرەتا پێناسەیەکی ئەو شیعرانە دەکات، کە بە شیعری میللی ناویان دەبات و لـەلای نووسـەر شـیعری میللـی ئـەو جـۆرە شـیعرەیە

١ – سەرچاوەی پێشوو، ل٢١

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل٢١–٢٢

لەناو جەرگەی کۆمەڵەوە بەرهەم دێت. وەک دەڵێ: ((بانگی جەمهوری لەو شیعرانەیە ئەگەر بتوانین پییان بلێین شیوەیەک لە شیعری ناو کۆمەڵ یان شیعری شعبی. و ئەدەبی کۆمەڵ بە روویەکی گشتیەوە هونەرێکی پەتی و کاکلی گەلە وە لە گیانی گەل هەلقولیوە و بە نزیکترین رێ ئەچێتەوە سەر گیانی گەل و هەستی زوربەی میللەت بە کرێکار و جوتیار و دوکاندار و رۆلەی شەقام ئەخاتە ناو چوارچیوەیەکی ساکار و جوان))[1]

نووسەر بڕوای وایە ئەم شیعرانە گوزارشت لە سەرجەم چینەکانی کۆمەڵ دەکەن و ئازار و خەم و خۆشی و ناخۆشییەکانی خەڵک دەردەبڕن. شاعیر لەم شیعرانەیدا ڕووداوەکانی شۆڕشی چواردەی تەمموزی بەشێوەی داستان بەرجەستەکردووە و پاڵەوانەکانی لە کەسایەتییەکانی ئەم شۆڕشە وەرگرتووە، کە بەبڕوای نووسەر شاعیر زۆر سەرکەوتووانە توانیویەتی ئەم ڕووداوانە لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکات و ((ویستویەتی رووداوەکانی شۆرشی مەزنی عراق بەشیوەی ملحمەیێک نیشان بدات، لەم باوەرەدا زۆر سەرکەوتوە، چونکە بۆ ناو کۆمەڵ رووداوی شۆرش بەشێوەی چیرۆکێکی بەسەروبەر و بەسۆز و زۆرجی گرترە لە گەلی هەلبەستی هونەرمەندانە و ووتاری پر لە زانیاری. زۆر چاکی کردووە کە شۆرشی عراقی کردوە بەباسی چیرۆکێک کە قارەمانانی چیرۆکەکەی لەم کەسانە هەڵبژاردووە: شەیتان، نوری سعید، عبدالکریم قاسم، سوپا، میللەت و هەندێکی تر))[2] بەڵام نووسەر لەگەڵ ئەم پەسنەی بۆ ئەم شیعرانەی کردووە، هەندێ کەموکوڕی دەقەکەشی خستووەتەڕوو، کە بریتین لە پشوو کورتی لە بەرجەستە کردن و خستنەڕووی ڕووداوەکانی چیرۆکە و لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر نەیتوانیووە بەشێوەیەکی باش و سەرکەوتووانە گوزارشت لە بیروباوەڕەکانی بکات، وەک دەڵێ: ((ئەگەر بێت و بە چاوێکی رەخنەگرانەش سەیرێکی ئەم نامیلکەیە بکەین بی گومان نابی چاو لە نەختی کەم و کورتی بپۆشین: یەکەم پێویست بوو بە پشوویەکی درێژتر چیرۆکەکە بنووسێتەوە و گەلی بیروباوەری لەناو بۆتەی هەڵبەستەکانیدا نەئەبوو ئەوەندە بە پەلە

---

١ – عەبدلرەزاق محەمەد، بانگی جەمهوری شیوەیەک لە شیعری گەل ، گ. هەتاو ، ژ١٤٥، هەولێر، ١٩٥٨، ل٢٢

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣

بیت، چونکە ئێستا زۆر تاکە  هەلبەستی بە پاڵەپەستو مەبەس و بیری شاعری لەناو ئاخنراوە))[1]

نووسەر لەم گوتارەیدا بەشێوەیەکی بابەتییانە ڕەخنەی لەم دەقە شیعرییانە گرتووە و دیدە کۆمەڵایەتییەکەی شیعرەکانی بە جوانی ڕوونکردووەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا چاوی لەلایەنە کەموکوڕییەکانی شیعرەکان نەپۆشیوە و بەشیوەیەکی زانستی و لە کۆتایی گوتارەکەیدا ئەوانیشی خستووەتەڕوو.

**محەمەد ساڵح دیلان** لەگوتارێکدا بەناوی (چۆن ئەدەبی کوردی دراسە بکەین) بڕوای وایە کۆمەڵایەتی بوونی شیعری کوردی یەکێکە لەو بنەمایانەی کە ئەدەبی کوردی لە ئەدەبێکی ناوچەییەوە دەگوازێتەوە بۆ ئەدەبێکی جیهانی. نووسەر  چوار بنەمای داناوە بۆ بە جیهانی کردنی شیعری کوردی، کە پێویستە لەژێر ڕۆشنایی ئەم بنەمایانەدا لێکۆڵینەوەی شیعری کوردی بکەین، کە لە چوارەمیاندا دەڵێ: ((بی سەلمێنین کە لە بارەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیەوە بەو ئیعتیبارەی کە شیعر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە هاوهەنگاوی قۆناغەکانی کۆمەڵایەتی کوردی کردوە وەکو نەتەوەکانی تری جیهان))[2] کەواتە بە بڕوای نووسەر سەلماندنی کۆمەڵایەتی بوونی شیعری کوردی بنەمایەکی سەرەکی بە جیهانی کردنی شیعری کوردییە، ئەمەش لەبەر ئەوەی چوونە ناو کۆمەڵ و گوزارشت کردن لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و خۆشی و ناخۆشییەکانی خەڵک نیشانەی زیندوویی ئەو ئەدەبە دەگەیەنێت.

نووسەر بڕوای وایە هەر کۆمەڵگەیەک پێکهاتبوو لە چەند چینێکی کۆمەڵایەتی و هەر چینێک ئیش وکاری خۆی هەبوو، بە تێپەڕبوونی کات ماوەی نێوان ئەم چینانە زیاد دەبێت و ناکۆکی چینایەتی دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە بابەت بۆ شیعر و هەر ئەم دیاردەیە بووتە هۆی سەرهەڵدانی (شیعری دراماتیک) لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەم جیاوازی چینایەتییە بەئاشکرا هەبووە، هەربۆیە لە ئەدەبی کوردیشدا (شیعری دراماتیک) پەیدا بووە، کە شیعری (بوکێکی ناکام)ی (گۆران) بە نمونەی ئەم جۆرە شیعرە لە ئەدەبی کوردیدا دادەنێت. نووسەر چەند دێڕێکی لە شیعری (بوکێکی ناکام) وەرگرتووە و لێکدانەوەیەکی چینایەتی کۆمەڵایەتییانەی بۆ کردووە، کە لەو کاتەدا ستەم لە کچان کراوە و بەزۆر بەشوویان داون بە دەوڵەمەند و ئاغاکان، وەک

---

١ - عەبدلڕەزاق محەمەد، بانگی جەمهوری شیوەیەک لە شیعری گەل ، ل٢٤

٢ - محەمەد ساڵح دیلان، بارانی سلێمانی، ئا: ئومێد ئاشنا، بەشی دووەم، ل٢٠

دەڵێ: ((ئەشێ کیژێکی جوان بەبێ ئەوەی بە ئارەزووو ئاواتی خۆی خرابێتە ژێر تارای سورمەچن لە چاوگەیەکی بە تەیمان تەنراوەوە ڕووەو کۆشکێ خرابێتە ڕێ، کام کچ؟ ... ئەو کچەی بە پێچەوانەی ئەو جێگا و ڕێگا و ناز و نیعمەتەی کە ئێستێ بۆی ئەبرێ لە زووەوە لەگەڵ کوڕی شواندا پەیمانی خۆشەویستیان بەستبوو))[1]

نووسەر بڕوای وایە ((لێرەدا گۆران چەوساندنەوەی چینایەتی زۆر باش دەرخستووە،))[2] چونکە کوڕە شوانە، کە ڕۆژ تا ئێوارە بەو کێوو دەر و دەشتانەوەیەوە و زەحمەتی زۆری کێشاوە، لەگەڵ کچە هەژارێکدا پەیمانی دڵداری دەبەستێ و بەدڵ یەکتریان خۆش دەوێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئاغازادەیەک کە دەوڵەمەندە حەز لە کچە دەکات و بەزۆر کچەی دەدەنێ و کوڕە شوانیش بێ هیوا دەکرێت و ئەم خۆشەویستییە دەگۆڕێت بۆ کارەسات. ((بەڵام ئەنجام چۆن بوو؟ کارەسات چۆن گۆڕا، تا کوێ دڵدارییەکە بڕی کرد؟ ئەبێ ئەو دڵە لە لێدان بوەستێ چونکە – تفاعلە اجتماعیە – کە – عاملە طبقیە – ئەوە هەڵ ئەگرێ))[3] بەمجۆرە نووسەر بەجیهانی بوونی ئەدەبی کوردی دەبەستێتەوە بەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە لەناو زۆربەی گەلانی دنیادا هەیە. هەروەها سەبارەت بە گۆرانیش بۆچوونەکانی تەواون، لەبەرئەوەی گۆران شاعیری خەڵک بووە و ئاگاداری بارودۆخی کۆمەڵگا بووە، بەتایبەتی جیاوازی چینایەتی و لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردوون.

**شێخ محەمەدی خاڵ** لە گۆڤاری (هەتاو)دا گوتارێکی بەناوی (پیویستی ویژەر) بڵاوکردووەتەوە و لەگوتارەکەیدا جەخت لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و گرنگی ئەم لایەنە دەکاتەوە لە دەقی ئەدەبیدا. نووسەر ڕەخنە لە شیعری شاعیرانی پێشوو دەگرێت و بڕوای وایە ئەو بابەتانەی لە شیعری کۆندا هەیە بریتین لەبابەتی خودی و هەست و ئارەزووە خودییەکان و گرنگیدان بە بەرژەوەندییەکانی تاک، کە ئەمانەش هەمووی دەبێتەهۆی دوور کەوتنەوە لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵ، هەربۆیە شیعرەکانیان بە خۆخەریک کردن بە شتی هیچ و پووچەوە دادەنێت، وەک دەڵێ: ((جاران هونراوە و پەخشانمان هەمووی هەر لە خزمەتی یەکە یەکەی کومەلەدا بووە، وە بە دەوری ئەمو ئەوا هاتووە، چونکە ئەوەی کە نوسراوە یا مەدح و پیاهەلدان بووە یا زەم و پیاهەلخوێندن یا غەزەل و دلداری بووە، یا شین و واوەیلا، یل گلە و خوتە، یا جنیو

١ – محەمەد سالّح دیلان، بارانی سلێمانی، ل٣٤
٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤
٣ – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥

وەپلار، یا مەتەلوکە و شتی پیچراوە یا گەلێ شتی تری هیچ و پووچی وابووە))[1]لا نووسەر بڕوای وایە تا ئەو سەردەمەش دەقی ئەدەبی هەر لە دەوری ئەو بابەتانە خودییانە دەخولێتەوە، کە شاعیرانی کۆن لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەیان کردووە، هەربۆیە بەبڕوای نووسەر پێویستە ئیتر لە دەقی ئەدەبیدا کۆتایی بەم جۆرە بابەتانە بهێنین و دەق بگەڕێیننەوە بۆ ناو جەرگەی کۆمەڵ و گوزارشت لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بکات و پەنجە بخاتە سەر کەموکوڕییەکانی کۆمەڵ، وەک دەڵێ: ((لەمەولا پیویستە لەسەر وێژەر و شاعیر ئاوڕێک بدەنەوە بەلای کۆمەلە و گەلا وە بەگیانێکی بەرزی کۆمەڵایەتییەوە بنووسن))[2] چونکە نوسەر بڕوای وایە کۆمەڵگەی کوردی دەیان گرفت و کێشە و کەموکوڕی هەیە و ئاماژە بۆ بەشێکیان دەکات وەکو: هەژاری و دەرد و نەخۆشی و برسێتی و ستەمکاری و فروفێڵ و چاوبەست و ئیخفالات و کێشەکانی ژن و منداڵانی بێباوک و نەخوێندەواری و کەسانی بێکەس و دزی، کی ئەمانە دەبنە هۆی لەناو بردنی بەهرە و زیرەکی تاکەکانی کۆمەڵ.

نووسەر بە پێویستی سەرشانی شاعیران و ئەدیبانی دادەنێت کە بەوردی گوزارشت لەم دیاردانەی کۆمەڵ بکەن و هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم دیاردانە و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە وەک دەڵێ: ((ئەبێ وێژەران و شاعیران بچنە بنج و بناوانی ئەم دەردانەوە، وە مایەکەی بدوزنەوە و راڤە (شرح)ی بکەن بو کومەلە و گەل، وە دەرمانی بو دابنێن بەو شیعرانەی کە ئەیان لێن ...))[3] هەروەها نووسەر سێ مەرجی داناوە بۆ ئەوەی شاعیران بتوانن گوزارشت لە لە ئازار و دەردەکانی کۆمەڵ بکەن و هۆکارەکانی دەستنیشان بکەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە کە بریتین لە:((١- لە گوشەگیری دەست هەڵ گرن وە تێکەڵی کومەڵە و گەل ببن بە هەموو چیینەکانیەوە. ٢- ئەبێ زۆر خوێندەوار و ئاگاداربن وە زانیارییەکی زۆر بەرز و تێکڕاییان ببێ بەجۆرێک کە پێشوەخت لە هەموو شت بگەن. ٣- شیعر و وێژەیان چونکە بو تێگەیاندنی گەل، وە پیش رەوی دەنگی گشتییە - ئەبێ بە زمانی گشتی بێ واتە وەک ئاوی رەوان وابێ وە هەمو یەکەیەکەی گەل بە ئاسانی تێی بگا)) [4]

---

١- شێخ محەمەدی خاڵ، پیویستی ویژەر، گ.بلێسە، ژ٢، ساڵی١، سلێمانی، ١٩٥٩، ل٦

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٦

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٧

٤- شێخ محەمەدی خاڵ، پیویستی ویژەر، ل٧-٨

نووســەر ئـاوات دەخوازێت، کـە شـاعیران و ئـەدیبانی گەلەکـەی ئـەویش وەک گـەلانی پێشـکەوتوو دەقـەکانیان گوزارشـتکردن بێت لـە کێشـە و گرفتـەکانی کۆمـەڵ و ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵ و لە خزمەتی کۆمەڵدا بێت، وەک دەڵێ: ((دەمێکە ئاواتـەخوازم کە ئێمەش لە وێژەی کوردیدا نمونەی (بەردناردشو) لە وێژەی ئینگلیزی وە (تولستوی) لە وێژەی رووسی و (ئەناتول فرانس)مان ببێ لە وێژەی فەرەنسیدا، کە وێژەی خۆیـان تەرخان کردووە هەر بو خزمەتی کومەڵە و گەلی خویان ))[1]

نووسەر لە گوتارەکەیدا ئـەرکی شاعیران و ئـەدیبانی دیـاری کـردووە، کـە وەک پێویســتییەکی هەنووکـــەیی ســـەردەمەکە باســـی لـــە بەرجەســـتەکردنی دیـــاردە کۆمەڵایەتییەکان و دیاریکردنی هۆکار و چارەسەرەکان بۆیان لەدەقی ئەدەبیدا کردووە.

(**حەمەڕەش**) لە گۆڤاری (بڵێسە)دا و لە گوتارەکەیدا لەژێر ناوی (حاجی قـادری کۆی)دا باس لەلایەنی کۆمەڵایەتی دەکات لە شیعرەکانی حاجیدا، شاعیر لە شـیعرەکانیدا گرنگییـەکی زۆری بـە نووسـین بـە زمـانی کـوردی و فێربـوونی خوێنـدەواری داوە و لەمەشـدا بـڕوای وایـە کـە ژن و پیـاو جیاوازییـان نییـە و پێویسـتە هـەردووکیان فێـری نووسین و خوێندنەوە بن، حاجی بێزارە لـەو بارودۆخـەی کـە زمـانی کـوردی تێدایـە و لەوەش کە زۆربەی خەڵکی نەخوێندەوارن و گرنگی بە خوێندن نادەن و لە گـەلانی دنیـا دواکـەوتووترن و ئـەم بـارودۆزەخ زەحمەتـە چـاک بێـت و هـەتا دنیـا هەیـە گۆڕانکـاری بەسـەردا بێت. وەک دەڵـی: ((حـاجی کـە میللەتەکـەی هـان ئـەدا بـو نووسـین بـە زمـانی کوردی، لە عەینی وەقت هانیشـی ئـەدا بـو خوێندەواری و پێشـکەوتن بۆ ژن و پیـاو لـە هــەر ســەرچاوەیەک بێــت... حــاجی لــەلاییکی تریشــەوە بێــزاری نیشــان ئــەدا، هــیچ تروسکەیەکی روناکی بو کورد و زمانی کوردی و خوێندنی کوردی شک نابا)) [2]

شاعیر زۆر بەتوندی دژی بێکاری و تەمبەڵی وەستاوەتەوە و هانی خەڵکی داوە بۆ کارکردن، چونکە بەهۆی کارکردنەوە خەڵک دەتوانن سوود لە خێروبێری کوردستان وەربگــرن، وەک دەڵــێ: ((حــاجی زۆر هــانی گــەلی کــورد ئــەدا بــو ئــیش کــردن و سودوەرگرتن لە خێر و بەرەکەتی کوردستان، زۆر هێرش دەباتـە سـەر تەمبـەڵی و بێ ئیشی))[3] هەروەها شاعیر هانی خـەڵک دەدات بۆ کشـتوکاڵ کردن و سـوودوەرگرتن لـە

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٨

٢ - حەمەڕەش، حاجی قادری کویی، گ. بڵێسە، ژ٣، ساڵی یەکەم، سلێمانی، ١٩٥٩، ل٧٠

٣ - حەمەڕەش، حاجی قادری کویی، ل٧٠

زەوی و زاری کوردستان و هەوڵ بدەن گۆڕانکاری لە چاندن و کشتیاریدا بکەن و هەر ئەوە دووبارە نەکەنەوە کە لە پێشوونانەوە فێری بوونە، نووسەر دەڵێ: ((لەلایەکی ترەوەش هانی زوراعەکان و باخەوانەکان ئەدا توزیک فیکر لە کشتوکاڵ بکەنەوە، گۆڕانیکی بەسەرا بێنن، هەر ئەوەندە نەبێ کە لە باوک و باپیریان فێربوون ))[1] حاجی بەم داواکارییەی هەوڵ دەکات جوتیارانی کوردستان بیروهزریان بخەنەکار و هەوڵبدەن داهێنان لەبواری کشتوکاڵدا بکەن، کە شادەماری ئابووری ئەو کاتەی خەڵکی کوردستان بووە.

نووسەر ئەوە دەخاتەڕوو، کە شاعیر زۆر بەوردی ئاماژەی بۆ ئەو کەرەستە خاوانە کردووە کە لە خاکی کوردستاندا هەیە و ئەگەر خەڵکی کوردستان بتوانن ئەم سەرچاوە سروشتییانە بەکاربهێنن، ئەوا دەتوانن گۆڕانکاری گەورە لە بواری ئابووری خەڵکدا بکەن و هەژاری و نەهامەتی کەمبکەنەوە، وەک دەڵێ: ((ئینجا حاجی لەبابەت بونی معدەنەوە لە کوردستانا ئاگاداری قەومەکەی ئەکات، کە وڵاتی کوردستان پڕە لە نەوت و خوێ و گوگرد و خەلوزی مەعدەنی، بەڵام موهیم ئەوەیە ئەو باسی نەوت ئەکات پێش ئەوەی لە عراق بدۆزرێتەوە))[2]

نووسەر ئەوە دەخاتەڕوو، کە شاعیر هەوڵی داوە میللەتەکەی هۆشیار بکاتەوە لە سیاسەت و حوکمڕانی تورکەکان کاربەدەست و دەستوپێوەندەکانیان و بەسەرچاوەی دەرد و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانەی ناو میللەتەکەی دایاندەنێت، چونکە دوژمن هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدا کە لەناو میللەتانی ژێردەستیدا ستەم و بەدڕەوشتی و خراپەکاری کوشتن و بڕین دزی و بەرتیل بڵاوببنەوە، لەم بارەیەوە دەڵێ: ((حاجی قادر لەلایەکی تر قەومەکەی ئاگادار ئەکات لە سیاسەتی کونەپەرستی و خراپەی مأمورەکان و سیاسەتی بەرەڵلایی لە هەموو ڕویەکەوەلە زووربەی میللەت ئەگەیەنێ، کە سیاسەتی پێویستی تورک لەناو گەلدا ئەوەیە کە فەساد و بی ڕەوشتی و دزی و ڕیشوەت و لایەنگیری و زولم و کوشتن و تی هەلدان لە ناوا بێت))[3]

لەم گوتارەی نووسەردا بۆمان دەردەکەوێت، کە نووسەر هەوڵی داوە لایەنی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و بیروردی شاعیرمان بۆ دەربخات، بە تایبەتی لە نوسین و

---

١ - سەرچاوەی پێشوو، ل٧١

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٧١ -٧٢

٣ - حەمەڕەش، حاجی قادری کویی، ل٧٢

خوێندنی ژنان و پیاوان، هەروەها پێشبینییەکانی شاعیر بۆ چارەسەرکردنی لایەنی ئابووری خەڵکی، بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵ و سوود وەرگرتن لە کانزاکانی کوردستان، کە ئەمانە دەبنە هۆی نەهێشتنی هەژاری، لەبەرئەوەی هەژاری دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ دووربێت لە خوێندەواری و دەست بداتە خراپەکاری، هەروەها هۆشیارکردنەوەی میللەتەکەی لە سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی تورک کە تەنها بڵاوکردنەوەی خراپەکارییە، کە داگیرکەر تەنها چاوەڕێی خراپەکاری لێدەکرێت.

**محەمەد ڕەسوڵ هاوار** لە ڕۆژنامەی (ژین)دا گوتارێکی بەناوی (ئەدەبی کوردی لە چ مەینەتێکدایە) بڵاوکردەتەوە و لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە لە ئەدەبی کوردی دەڕوانێ و بڕوای وایە ئەدەبی کوردی لە قەیراندایە و ئەدەبێکی دواکەوتووە، کە کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی، و دووبەرەکی و پەرتەوازەیی و یەکنەبوونی میللەت بوونەتەهۆی دواکەوتنی ئەدەبەکەمان، لەگەڵ ئەوەشدا داگیرکەران و کۆنەپەرستانیش بە توندی بەربەرەکانی ئەدەبی کوردییان کردووە و هەوڵیان داوە دەرگاکانی پێشکەوتنی بە ڕوودا دابخەن[1]

نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەدیبانی کورد لەبەر ئەوەی لە کێشەو گرفت و دەردەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە دوورن، هەربۆیە لە بەرهەمەکانیاندا ناتوانن گوزارشت لە دیاردە کۆمەڵایەتییانە بکەن وئەم دیاردانە بخەنەڕوو و خەڵکی هۆشیاربکەنەوە و ڕێگەچارەی گونجاو بۆ ئەم دیاردانە پێشنیار بکەن و ببن بە ئاوێنەی کۆمەڵگەی کوردی، وەک دەڵێ: ((داخی گرانم هەندێ لە ئەدیبەکانمان هێشتا بە ڕادەیەک لە کۆمەڵ دوورن، وەکوو ئەوەی تفەنگ هاوێژێک لە یەکتر دوورن، کە دێنە سەر نووسین و هەڵبەست لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆیان ئەگوشن و هەوڵێکی زۆریش ئەدەن، بەڵام لەبیروباوەڕی خۆیان بەولاوە لە هیچی تر نادوێن وە ناتوانن ببنە ئاوێنەیەکی ڕاستی ژیانی کۆمەڵایەتیمان))[2]

نووسەر بڕوای وایە کە ئیتر سەردەمی ئەدەب لەپێناوی ئەدەبدا بەسەرچووە و ئەو جۆرە ئەدەبەی کە کاری تەنها ئەوەیە بەشان و باڵی ئەم و ئەودا هەڵبڵێت و بەرهەمی خودی بەدڵی ئاغا و دەرەبەگەکان بڵێت و کاری تەنها باسکردنی زوڵف و

---

١ - محەمەد ڕەسوڵ هاوار، ئەدەبی کوردی لە چ مەینەتێکدایە، ڕ. ژین، ژ ١٤٨٩، ساڵی ٣٤، سلێمانی، ١٩٥٩ (سەرجەمی بەرهەم، بەرگی چوار، لاپەڕە ٥٦)

٢ - محەمەد ڕەسوڵ هاوار، ئەدەبی کوردی لە چ مەینەتێکدایە، ل٥٦

چاو و دەست و پەنجەی یار و جوانییەکانی بێت، ئیتر کاتی ئەوە نەماوە ئەدیبان خۆیان لە خەڵک بە گەورەتر بزانن و بەچاوێکی سووکەوە سەیری کۆمەڵگە بکەن و پێیان وابێت دەبێت لەجیاتی ئەوەی خزمەتی کۆمەڵ بکەن، کۆمەڵ خزمەتی ئەوان بکات، وەک دەڵێ: ((وابزانم ئەوە بەسەر چوو ئەدیبەکان ئەبوایە بچوونایە ناو بورجی عاجییەوە وە لە شوێنێکی بەرزەوە بە چاوێکی کەچبین بیاننواڕیایە ئەو ڕەش و ڕووتانەی کە لە دەوروپشتی ئەو بورجەدا وەکوو مێرووله جووڵەیان ئەهات، هەروەها ئەوەش تێپەڕی کە ئیتر ئەدیب ئاوات بۆ ئەوە بخوازێ کە وەکو ئەدیبە بۆرجوازییەکانی جاران لەناو سالۆنی مادامەکانی پاریسدا بگەوزێن و لەژێر لاله و لەسەر قەنەفەی ئیسفنج و بە دەم پیالەی دەست و پەنجە نەخشینەکانەوە هەڵبەست بخوێنێتەوە. ئیمڕۆ ئەدیب ئەوەیە هەست بە کەموکوڕی و ناتەواویی گەل بکات، لەگەڵ ئازاری گەلا بناڵێنێ، لەگەڵ چەوساوە و بەشخوراوەکانا خەبات بکا و تەقەلای ڕزگاربوونیان بدا لە چەوساندنەوە و کوێرەوەری))[1]

نووسەر بڕوای وایە سەردەمی ئەو جۆرە ئەدەبە بەسەرچووە، کە لەپێناو ئەدەبدایە و پێویستە ئەدەب لەپێناوی کۆمەڵدا بێت، چونکە خەڵک جۆرە ئەدەبێکی دەوێت کە لە گەڵیدا بژیت و گوزارشت لە کێشە و گرفتەکانی بکات و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، نەک ئەدەبێک تەنها گوزارشت لە خودی ئەدیبەکەی بکات و هیچ شوێنەوارێکی کۆمەڵی پێوەدیار نەبێت، چونکە گەل ئیتر ئەو جۆرە ئەدەبەی ناوێت و ڕەتی دەکاتەوە، وەک دەڵێ: ((بەڵێ داخی بەجەرگم، هەندێ لە ئەدیبەکانمان هێشتا هەر لەو بیروباوەڕەدان کە ئەبێ ئەدەب هەر بۆ ئەدەب بێ، نابێ هیچ جۆرە گۆڕینێکی تیابێ، بەڵام گەل وەرامی ئەوانە ئەداتەوە: ئەی میری ئەدەب ئەنووسی بۆخۆت بینووسە، چونکە من گوێم کەڕە لە عاستت. یا هەر لە دڵی خۆتا پەنگی پێ بخۆرەوە، چونکە منی تینوو، منی برسی منی تازە پێگرتوو، شتێکی کەسێکم ئەوێ کە چارەسەری دەردم بکا، برینم سارێژبکا، ڕێگەی تاریکم بۆ ڕۆشن بکاتەوە، کەپێم گەیشت دەست بخاتە ناو دەستم لە دەستە قڵیشاوەکانم نەسڵەمێتەوە، لە چڵکنی و نەشارەزایی و ڕەش و ڕووتیم گورێز نەکا. بەشی منیش هەر ئەوە ئەبێ کە هەیە، بەشی منیش پەیدا بکا، بە ئارەزووی منیش شتێک بڵێ))[2]

---

١ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧

٢ - محەمەد ڕەسوڵ هاوار، ئەدەبی کوردی لە چ مەینەتێکدایە، ل ٥٧ - ٥٨

ئەم دیدەی نووسەر بۆ ئەدەب دیدێکی تا ڕادەیەک دروستە و پێویستە ئەدیب بۆ ئەوەی ئەدەبەکەی بەرەو پێش بەرێت پێویستە ئاگای لە کۆمەڵگەکەیی و کێشە و گرفت و دەردە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە لایەنی ئیستاتیکی و چەشەیی ئەدەب فەرامۆش بکات" بەڵکو ئەدیب بە کۆکردنەوەی سەرجەم توخمە واقیعی و ئیستاتیکییەکان دەتوانێت بەرهەمێکی زیندوو پێشکەش بکات.

**ئەحمەد حامد دڵنیا** لە گۆڤاری (هیوا)دا گوتارێکی بەناوی (ئەدەب بۆ کێ ئەنووسرێ) بڵاوکردووەتەوە و تیایدا دوو جۆر ئەدەبمان بۆ دەستنیشان دەکات  کە بریتین لە (ئەدەب لە پێناوی ئەدەبدا) و (ئەدەب لە پێناوی کۆمەڵدا). نووسەر بڕوای وایە (ئەدەب لە پێناوی ئەدەبدا) بەرهەمی ئەو جۆرە نووسەرانەیە کە بڕوایان بە میتافیزیک هەیە و هەموو شتێک دەگەڕێننەوە بۆ عەقڵ و هەست و هۆشی مرۆڤ، بەم پێیە ئەدەب بەرهەمی هەست وهۆش و عەقڵی مرۆڤە و هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵ و سەردەم و ژینگەی مرۆڤایەتییەوە نییە، ئەم جۆرە ئەدەبە لەناو خەیاڵدا تواوەتەوە و لە خزمەت خەڵکدا نییە، وەک دەڵێ: ((بەلای ئەمانەوە ئەدەب بەرهەمی بیروهەستی ئینسان خۆیەتی وە هیچ پەیوەندی بە ژیانەوە نیە یانی پەیوەندی بە هیچ شتیکەوە نیە کە لەو ئینسانە بەدەربێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەو ئەدەبە تەنها بو ئەدەب نوسراوە و پەیوەندی بە کومەل و ژیانەوە نیە. لەم حالەدا ئەو ئەدەبە لە گیروگرفتی گەل نادوێ و نابیتە ئاوینەی ئاوات و خواستی گەل یان یەکی لە چینەکانی گەل، وە ئەو جورە ئەدیبانە خۆیان و نوسینەکانیان زور دورن لە کومەل و ژیان وە لە دەریای خەیالی بی پەیدا بی سەر و شوێن مەلە ئەکات ))[1] نووسەر لەگەڵ ئەم جۆرە ئەدەبەدا نییە، چونکە ئەم جۆرە ئەدەبە ناتوانێ گوزارشت لە خواست و ئارەزوو و ئاواتی تاکەکانی کۆمەڵ بکات، ئەم جۆرە ئەدەبە لەبەرئەوەی ناتوانێت کێشە و گرفتەکان کۆمەڵ دیاری بکات و چارەسەریان بۆ پێشنیار بکات، بۆ بەردەوام لە پوکانەوە و نەماندایە، وەک دەڵێ: ((ژیان خۆی سەلماندی کە ئەم جورە ئەدەبە بەرەو مردن ئەروا وە لە زور ولاتاندا تۆوی نەماوە وە بەتایبەتی لە ولاتە هاوبەشەکاندا))[2]

هەروەها نووسەر سەبارەت بە جۆری دووەمی ئەدەب (ئەدەب لە پێناوی کۆمەڵدا) بڕوای وایە ئەو ئەدیبانەی بڕوایان بە فەلسەفەی ماتریالیزم هەیە خاوەنی ئەم

١ - ئەحمەد حامد دلنیا، ئەدەب بو کێ ئەنوسرێ، گ. هیوا، ژ١١-١٢،س٢، بەغدا، ١٩٥٩، ل٢٩

٢ - ئەحمەد حامد دلنیا، ئەدەب بو کێ ئەنوسرێ، ل٣٠

جۆرە ئەدەبەن و بەشێوەیەکی لۆژیکییانە سەیری سەرجەم ڕووداوەکانی کۆمەڵ دەکەن لەسەردەمە جیاوازەکاندا و لای ئەمان هەست و هۆش و خەیاڵ زۆر بەتوندی پەیوەستن بە ژیانی مرۆڤەوە و لێی جیانابنەوە، ((ئەمەش وا ئەگەیەنی کە ئەدەب لە هەستی ئینسان و هوشیاری کومەلایەتی و شارەزایی ئەو ئینسانە پەیدا ئەبی کە لە ژیانەوە وەری گرتووە، یانی وینەیەکی ئەو ژیانە، ئەو کومەلەیە، یا ئەو چینەیە کە لەوەختیکی تایبەتیدا ئەو ئەدیبەی تیا ژیاوە، یا تیا ئەژی))[1] بەجۆرە نووسەر جەخت لەسەر کۆمەڵایەتی بوونی ئەدەب دەکاتەوە و کۆمەڵ بەسەرچاوەی ئەدەب دادەنێت، هەربۆیە ئەدەب گوزارشت لە کێشە و گرفت و بارودۆخی ژیانی مرۆڤ دەکات و دەبێتە ئاوێنەی کۆمەڵ لە سەردەمێکی دیاریکراودا و لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا پێشدەکەوێت و ئەگەر کۆمەڵیش دواکەوتووبوو، ئەوا ئەدەبیش دوا کەوتوو دەبێت، بەمجۆرە ئەدەب بەشداری دەکات لە خەبات و قوربانیدانی گەل لە پێناو پێشکەوتنی کۆمەڵدا، چونکە ئەدەب ((کردەوەکی زیندوە و بەستراوەتەوە بە قانونی پیش کەوتنی مروڤایەتیەوە، وە ئەدەب وێنەیەکی راستەقینەی هەستوهۆشو بیروباوەر و شێوەی ژیانی و پەیرەوی کومەلیک یان چینێک ئەنوێنێ لە قۆناغیکی تایبەتیدا. بەمەدا بومان دەرئەکەوی کە ئەدەب بو گەل، بو هیزی بەرەو پیشکەوتن لە گەلدا، بو چینی شورشگیر ئەنوسری، وە ئەبی هۆیەک بێ بو ئاراستەکردنی ئەو هیزە وە دەرخستنی ئاوات و خواستەکانی وە ریگەی پیشان بدات بو رۆیشتن بەرەو پێشەوە بەرەو ژیانیکی پڕ کامەرانی و خیروخۆشی و ئاشتی ))[2]

نووسەر لە گوتارەکەیدا دژایەتی خۆی بۆ ئەو جۆرە ئەدەبە دەردەبڕێ کە لە پێناوی ئەدەبدا دەنووسرێ و پێی وایە کە ئەم جۆرە ئەدەبە گوزارشت لە حەز و خولیا و هەست و هۆش و عەقڵی تاکی نووسەر دەکات، نەک کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵ و لەبەر ئەم هۆیەش ئەم جۆرە ئەدەبەش بەرەو لەناو چوون دەچێت. هەروەها لایەنگری خۆشی بۆ ئەدەب لەپێناوی کۆمەڵدا دەردەبڕێ و بڕوای وایە ڕۆڵی هەیە لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی کۆمەڵ و پێشکەوتنی کۆمەڵ و بەرجەستەکردنی ژیانێکی ئاسوودەیی بۆ تاکەکانی کۆمەڵ.

---

١ – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠

(**دەرسیم**) لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)دا لە گوتاری (مەلا محمدی کویی)دا بەوردی تیشکی خستووتە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی ئافرەت و ماف و ئەرک و پێویستییەکانی ئافرەت لە شیعرەکانی (مەلای گەورە) و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شاعیر زۆر ڕێزی لە ئافرەت گرتووە و گرنگی بە مافی ئافرەت داوە و سەرەتاش لە خۆیەوە دەستی پێکردووە و مافی ژن و کچەکانی خۆی داوە و خستویانەتییە بەر خوێندن و زۆر بەتوندی بەربەرەکانی ئەوانە دەکات کە بەچاوی سووک سەیری ئافرەت دەکەن و مافی ئافرەت پێشێل دەکەن و خراپە بەرامبەر بە ژن و کچانیان دەکەن، وەک دەڵێ: ((ماموستا مەلا محەمەد بیروباوەریکی روشن و راستی هەبووە بەرامبەر بە مافی ژن، وە بە چاوێکی بەرز و بەریزەوە سەیری کردوون و داوای مافی کردوون لە کومەلدا، وە هەمیشە بەربەرەکانی ئەوانەی کردووەکە بەرامبەر بە ژنەکان و خیزانیان خراپن))[1]

لای شاعیر یەکێک لە بنەماکانی ڕێزگرتن لە ئافرەت و ماف پێدانی ئەوەیە کە بەخۆڕایی ژن تەڵاق نەدرێت و سەرگەردان نەکرێت، چونکە لە کۆمەڵگای کوردیدا ئافرەتی تەڵاقدراو ژیانێکی تاڵی هەیە و ژن تەڵاقدان بەبێ هۆکار دەچێتە خانەی بێڕێزی کردن بەرامبەر بە ئافرەتان، زۆر بەتوندی دژی ئەوانە دەوەستێتەوە کە ژن بۆ ئارەزووی کاتی یان جوانی یان ماڵ و سامان دەهێنن و دوای نەمانی ئەمانە ژنەکە تەڵاق دەدەن، کە هەندێک جار ئەم ژنە خاوەن منداڵە و منداڵەکانیشی سەرگەردان دەبن، وەک نووسەر دەڵێ: ((وە زور دژی ئەو کەسانە بووە، کە تەنها بو ئارەزووی دەروون یان بە تەماعی سامان و جوانی ژن ئەهینن و پاش ماوەیەک ژنەکانیان تەلاق ئەدەن، بی کەس و بی چارە بەرەلایان ئەکەن، وە زوریان هەر خویان نین بەلکو بە منالەوە دەرئەکرین، پاشەروژ و سەرگەردانی ئەو دایک و منالانەی هەمیشە لە پیش چاو بووە، وە ئەمەی بە کرداریکی ئیجگار ناشرین و چەوت زانیوە، بویە داوای ریزگرتن و مافی ئافرەتی کردووە، وەپیی ووتن کە مروڤ ژن نەهینی یا کە هینای لەسەر هیچ و خورایی تەلاقی نەدا و دەربەدەری نەکات))[2]

نووسەر سەرکەوتووانە گرفتەکانی ئافرەتی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانی (مەلای گەورە)دا خستووەتەڕوو کە لەو ڕۆژگارەدا ئافرەت هەمیشە قوربانی دەسەڵاتی پیاوسالاری و دابونەریتە خراپەکانی کۆمەڵگە بووە و شاعیریش

١ - دەرسیم، مەلا محمدی کویی، گ. ڕۆژی نوێ، ژ ٧، ساڵی ١، سلێمانی، ١٩٦٠، ل٨٠

٢ - دەرسیم، مەلا محمدی کویی، ل٨٠

هـەوڵی داوە لەڕێگـەی شـیعرەکانییەوە خـەڵک هۆشـیاربکاتەوە بـۆ ئـەوەی چیتـر وەک مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا بکەن و مافی پێشێل نەکەن

**محەمەد ڕەسوڵ هاوار** لە ڕۆژنامەی (ژین)دا گوتارێکی بەناوی (یادی پیرەمێرد) بڵاوکردەتەوە و لەبەشێکی لێکۆڵینەوەکەیدا لـە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییـەوە لـە شـیعرەکانی کۆڵیوەتەوە و بڕوای وایە شاعیر خاوەن بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخواز بـووە و بەشـێک لە شیعرەکانی بۆ دژایەتی کردنی دیـاردە چەوتـەکانی کۆمـەڵ و دۆزینـەوەی چارەسـەر بۆیـان و هۆشـیارکردنەوەی خـەڵک بـۆ واز هێنـان لـەو دیـاردە چەوتانـە تـەرخانکردووە، بەتایبەتی سـەربەستی ئافرەتـان و هاتنـە نـاو کۆمـەڵ و ڕۆڵ بینـین لـە بـەرەو پێشـبردنی کۆمەڵدا، کە ئەمەش سـەرەتا بە فێربوون و خوێندن و ڕۆشنبیرکردنی ئافرەتـان دەسـت پێـدەکات، هەربۆیــە شــاعیر ((هەمیشــە دژی گۆشــەگیری و کۆنەپەرســتی و وشــکی وەسـتاوە، هەمیشـە داوای سـەربەسـتی کـردووە بـۆ ئافرەتـان و هـانی داون کـە پەچـە و ڕووپۆش فڕێ بدەن و شان بەشانی پیاوان بچنە کۆڕی خەباتەوەبۆ ڕزگارکردنی گـەلی کورد! لەو ڕۆژانەدا کی هێشتا خوێندەواری لە کچان قەدەغە کرابوو، بـاوک و دایکـەکان پڕۆپاگەنـدەی پڕوپـووچ کـاری تـێ کردبـوون. دەربـارەی خوێنـدنی کـچ پیرەمێـرد لـەو ڕۆژانــەدا نــووکی پێنووســەکەی خســتبووە کــار و لەلاپــەڕەکانی ڕۆژنامەکـەیـدا داوای سـەربەستی ئەکرد بۆ ئافرەت))[1]

نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پیرەمێرد هەمیشە لەگەڵ خۆشی و ناخۆشی و ئازار و ناڕەحەتی و نەهامەتییـەکانی گەلەکەیدا ژیـاوە، شـارەزای بـارودۆخی ژیانیـان بـووە، زانیویـەتی کـە خـەڵکی هـەژار و لێقـەوماو بـە چ ژیـانێکی کولەمـەرگی و ناخۆشـی دەژیـن، وەک دەڵـێ:((پیرەمێـرد بەتـەواوی چووبـووە نـاو جەرگـەی میللەتـەوە، ژیـانی کوردەواری شـارەزابووبوو، دەرد و مەینەتی هـەژاران و لێقـەوماوانی ئـەزانی وە لەگـەڵ هەست و نەستیانا بوو))[2]

نووسەر لە قسەکردن لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی لای شاعیر سـەرکەوتوو بـووە، ئەگەرچی زۆر بە کورتی ئاوڕی لێداوەتـەوە، بـەڵام توانیویـەتی پـەنجـە بخاتـە سـەر ئـەو لایەنە کۆمەڵایەتییانەی کە پیرەمێرد زۆر بەجددی کاری لەسەرکردووە و گرنگی پێداوە

---

١ – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، یادی پیرەمێرد، ڕ. ژین، ژ ١٦٢٠، ساڵی ٣٦، سلێمانی، ١٩٦١ (سەرجەمی بەرهەم، بەرگی چوار، لاپەڕە ١١٣)

٢ – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، یادی پیرەمێرد، ل ١١٤

بەتایبەتی سەربەستی و خوێندەواری ئافرەت، کەلای شاعیر بابەتێکی زۆر گرنگ بووە و چەندین شیعری بۆ داناوە.

(**عەبدولڕەزاق محەمەد**) لە گوتارێکدا بەناوی (لەگەڵ شێخ رەزای تالەبانی)دا کەلە (گۆڤاری هیوا)دا بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە دەکات کە ئەم شاعیرە بەشێوەیەکی گشتی شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی شاعیرە، و زۆربەی شیعرەکانی بەڕوونی ئەم لایەنەیان پێوەدیارە. مردنی باوکی شاعیر یەکێکە لەو کارەساتانەی کە کاریگەری تەواوی لەسەر شاعیر هەبووە و وانەیەکی کاریگەری فێرکردووە و گۆڕانێکی گەورەی لە ژیانیدا درست کردووە، بەجۆرێک کە تەواوی ژیانی گۆڕیوە، وەک دەڵێ: (( ئەم کارەساتە کاریکی قوولی کردە سەر ژیانی شاعیر و لەناکاو جلەوی پی راکیشایەوە و هینایە مەیدانیکی ترەوە .. لیرەدا رووبەرووی واقیعی ژیان وەستا و تی گەیشت کە ژیانی ئەو و هی تر پرە لە ئاخ و هەنیسک و فرمیسک .. فەلەک و دەهر بە پیچەوانەی ئارەزووی پیاوە هوشیارەکان ئەسوورینەوە ))[1] لێرەدا نووسەر باس لەوە دەکات، کە مردنی باوکی شاعیر دەرگای نەهامەتی و ناڕەحەتی بەڕووی شاعیردا کردەوە و ئیتر ژیانی پڕ بوو لە ئازار و سەختی و ناخۆشی. نووسەر بەردەوام دەبێت لەسەر ئەم بیروڕایەی و دەڵێ: (( پتر لە شەش مانگی لەکەرکوک بەسەربرد پاش باوک مردنی بە ژیانیک هەر روژە دەرسیکی سەخت و بەئازار بیت لە دەرسەکانی فەلسەفەی ژیان کە هەر خوی لە پارچە شیعرەکەیا "گەر جاریکی تر بچمەوە کەرکوک" بە تانیادهی بە جەوری برا، لومەی خەلک و رابواردن بە فەقیری، مەغدوری، مەزلوومی جەفا – دیدەیی، ئەم پارچە شیعرەی کە روونترین ئاوینەی دەروون و وینەیەکی "ذات"ە کە لەناو بەند و وشەکانیا هەست بە پەستی و شورشی دەروونی شاعیر و دادی لە دەس جەوری زەمانە ئەکەیت، هەست بەبی ناز کەوتن و دل شکاویی رەزای "شیرین وتار و خوش طەبع و رەزا سوک" ئەکەیت))[2] نووسەر شیعری "گەر جاریکی تر بچمەوە کەرکوک" بە ئاوێنەیەکی ساف و بێگەردی دەروونی شاعیر دادەنێت کە لە دوای مردنی باوکی ژیانی بەتەواوی لە خۆشی و کامەرانییەوە گۆڕاوە بۆ نەهامەتی و ناخۆشی، لەبەرئەوەی ئەوەی شێخ ڕەزا بە مردنی باوکی ئیتر پەناگەیەکی ڕاستەقینەی نەما و بێنازکەوت و شوێنێکی وەکو چەقی پەیوەست بوون بۆ نەما و هەر ڕۆژە و لە

---

١- عبدالرزاق محمد، لەگەل شیخ رەزای تالەبانی، گ. هیوا، ژ٣١، ساڵی ٤ ، بەغدا، ١٩٦١، ل٦٦

٢- عبدالرزاق محمد، لەگەل شیخ رەزای تالەبانی، ل٦٦

شوێنێک و لای کەسێک بووە، بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە جێگەی باوکی بۆ بگرنەوە، بۆیە هەمیشە هەر ئاوارە و دەربەدەر بووە.

نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە یاسا کۆمەڵایەتی و دابونەریت و عورف لەگەڵ بیروبۆچوون و ڕەفتار و گوتاری شاعیردا یەکیان نەگرتووەتەوە و هەمیشە ئەم یاسا کۆمەڵایەتی و دابونەریت و عورفانە بوونەتە بەربەست لەبەردەم خواستەکانی شاعیردا، کە ئەمەش شاعیری توشی ئازار و نارەحەتی کردووە و شاعیریش بە پێکەنین و قسەی خۆش و گاڵتەوگەپ وەڵامی ئەم ئازارانەی داوەتەوە، کە ئەمە تەنها بەیەکێکی وەکو شێخ ڕەزا نەبێت بەکەس ناکرێت، وەک دەربارەی شیعری "ئەو روژە کە تورام و لە کەرکوک سەفەرم کرد"دا دەڵێ: (( ئیتر ئەم سکالا گەرمەی هەلرشتووە و ئاوریکیشی بو دەوروبەری خوی و یاسای کومەلایەتی و نەریت و عورفی ئەم وەختە داوەتەوە... کە چاو ئەگیری، ئەبینی: ئەو ویستی بوو ئەم دنیایە بگری، ئەمەش لەگەل گیانی ئەو ئیتر ریک ناکەوی ئیتر وەکو بلیی: ویستی بو دنیا بگری بەلام پیکەنی، هەرچەند گریان و پیکەنین ناتوانن لەیەک پلەیان دانیین بەلام هەردووکیان نوختەی بزووتنەوەن بو بریاردانی هەلویستیک و کاریک. بەتایبەتی ئەم کەسەی لەجیاتیی گریان پیکەنین ئەریتە دەس خوی لەبەرامبەر ناگزووری و ستەمی چەرخا، ئەمە خاوەن سەرنجیکی قوول و سنگیکی فراوانە ))[1]

بەبڕوای ئێمە نووسەر لە خستنەڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی شاعیر سەرکەوتووبووە، چونکە ژیانی واقعی کۆمەڵایەتی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بەشێوەیەکی وا لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە کە هەموو ڕووداوە گەورە و بچووکەکانی ژیانی شاعیر بوونەتە هەوێنی شیعرەکانی و هەر ئەمەش خاڵی وەرچەرخان و بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنی شاعیربووە، کە ئەمەش گوزارشتە لەژیانی کۆمەڵایەتی ئەوانەی کە باوکیان کۆچی دوایی کردووە، هەروەها خاڵی گرنگی سەرکەوتنی شاعیر ئەوەیە کە وەڵامی باری ناخۆشی ژیانی بە (شیعری هەجوو) و پێکەنین و گاڵتەوگەپ داوەتەوە و بووتە شاعیری هەرەدیاری کورد لە بواری هەجوودا.

**کەریم شارەزا** لە گوتاری (کۆیە و شاعرانی) بڕوای وایە شیعر بە گشتی و شیعری فۆلکلۆری بەتایبەتی ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتین و شیعر بەهۆی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانی بەسەردا دێت : (( هونەری شیعر لە هەموو شوینێک نەک

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦

هەر لە کویەدا بەپیی دەور و باری ژیانی کومەلایەتی و ئابووریی کومەل دەگورری))[1] هەروەها بڕوای وایە شیعر گوزارشت لە ژیان و گوزەران و باردۆخ و خۆشی و ناخۆشییەکانی کۆمەڵگە دەکات، کاتێک شاعیر ڕاستگۆیانە هەستی خۆی بەرانبەر بە دیاردەکانی ژیان دەردەبڕێت، گوزارشت لە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی ناوچەکانیان دەکەن. وەک دەڵێ: ((وە هەروەک ئاوینەیەکی ساف و بی گەردی باری ژیانی ئەو کومەلە ئەنوینی کە شاعیر لەناویا ئەژی، بویە دەبینین ئەو شاعیرانەی کە "فولکلور"ی ئەم ناوچەیان داناوە، بەشیوەیەکی سادە و راست و رەوان شعوری خویان دەربریوە ))[2] بەمجۆرە نووسەر بڕوای وایە نەک شیعر تەنها گوزارشت لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکات بەڵکو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر شیعر هەیە و بەپێی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە شیعریش گۆڕانی بەسەردا دێت، کە ئەمەش بۆچوونێکی دروستە.

**جەمال شاڵی** لە گوتارە ڕەخنەییەکەیدا بەناوی (سەلام)، ئاوڕی لەلایەنی کۆمەڵایەتی شیعرەکانی (سەلام) دەداتەوە و بڕوای وایە ئەم شاعیرەمان گرنگی بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی گەلەکەی داوە و ئەو دەرد و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانەی خستووتەڕوو کە لەو سەردەمەدا لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا باو بووە، وەک دەڵێ: (( وە ئیستا توزیک لە رووی کومەلایەتی شیعرەکانیوە ئەدوین لە هونراوەی "قوتابخانەی کوردستان" بە چاکی بومان روون ئەبیتەوە، کە بویژی نیشتمان پەروەر چون وەستایانە وەزعی میللەتی کوردی لەو روژەدا نیشان داوە))[3]

نووسەر لەسەر ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانە ڕادەوەستێت کە شاعیر لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردووە کە بریتین لە درۆ و دووبەرکی و دووڕوویی، کە ئەمانەش هەمووی لە ئەنجامی نەخوێندەواری و هەژاری و ژێردەستەیی گەلەوەیە، چونکە داگیرکەر کاری لەسەر ئەوە کردووە کە نەخوێندەواری و هەژاری بڵاوبکاتەوە و دووبەری و دووڕوویی لەناو گەلی کوردا بڵاوبکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی بەسەریاندا زاڵ بێت، وەک دەڵێت: (( نیفاق تەشەنەی سەندوە، وە درو و دەلەسە بالیی رەشیی بەسەر کومەلانی خەلکیدا کشانوە وە یەکیەتی و راست گویی تیدا ون بوەو وە بیگومان ئەنجامی ئەم حالەش نەخویندەواری و هەژاری و نەخۆشی و دیلی گەلەکەیە

١- کەریم شارەزا، کۆیە و شاعرانی، گ. هیوا، ژ٣٢، ساڵی٤، بەغدا، ١٩٦١، ل٢٤
٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤
٣ - جەمال شاڵی، سەلام، گ. ڕۆژی نویَ، ژ ٢، ساڵی ٢، سلێمانی، ١٩٦١، ل ٣٠

بـەهوی ئـەوەی کـە چەنـدەها سـاڵە کوردسـتان لـەژێر دەسـتی داگیرکەرانـدا بـوە وە ئەوانەش دیاریکانیتی ))[1]

نووسـەر زۆر وردبینانە ئەو دیاردەکۆمەڵایەتییانەی لای شاعیر بەرجەستەبوونە خستووە ڕوو، هەروەها ئەو هۆکارانەی کە بوونەتـە هـۆی دروسـتبوونی ئـەم دیاردانـە، بەتایبەتی داگیرکەر، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردانە، چونکە لـەم ڕێگەیـەوە زیـاتر دەتوانێت دەست بەسـەر گەلاندا بگرێت و زیـاتر بیانچەوسێنێتەوە.

**محەمەد سدیق عارف** لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بەناوی (کامەران و هۆنراوەی نـوێ)* بەشێوەیەکی گشتی بڕوای وایە شیعر پێویستییەکی کۆمەڵایەتی مرۆڤە و پەیوەندییـەکی جەبری و ڕاستەوانە لەنێوان شیعر و کۆمەڵگەدا هەیە و شـیعر ڕەنگدانـەوەی کۆمەڵـە و لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵدا، شیعریش گۆڕانی بەسەردا دێت و بەرەو پێش دەڕوات، وەک دەڵـێ:(( هـۆنراوە لـە بناغـەوە، ئـەنجامی پێویسـتییەکی کۆمەڵایـەتیی ئـادەمیزاد بـوو. ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ کـە لەهـەر دەمەیەکدا، شـێوەی کۆمەڵەکـەی (المجتمع) وەردەگرێ. جا بەم پێیە، ئەگەر هـاتو ئـەو کۆمەڵـە گۆڕا و چـووە پلەیـەکی لـە پێشترەوە مانای ئەوەیە هۆنراوەش دەبێ لەگەڵیدا بگۆڕێ و شـێوەی ئـەو دەمـە تازەیـە وەربگرێ))[2]

نووسـەر شیعرەکانی (کامەران موکری) خسـتووەتەوە ژێر تیشکی لێکۆڵینـەوە و بەشـێوەیەکی هەمەلایـەن لـە شـیعرەکانی کۆڵیوەتـەوە و یـەکێک لـەو لایەنـەی تیشـکی خسـتووەتە سـەری لایـەنی کۆمەڵایەتییـە. نووسـەر سـەرەتا چەنـد وتەیـەک لـە پێشـەکی دیوانەکەی (کامەران) وەردەگرێت بۆ قسەکردن لەسەر بیروباوەری شاعیر، کـە ئەمـەش دەبێتە بناغەیەکی باشی ئـەم بەشـەی لێکۆڵینەوەکـەی، وەک دەڵێ: ((کامـەران لەپێشـەکی دیوانەکەیدا دەڵێ: ئەو نووسینە لە (ئایدۆلۆجیی)ەکـەوە هەڵنـەقولاٚبێ وشـکە بـێ سـوودە.

١ - جەمال شاڵی، سەلام، ل ٣٠

* - محەمەد سدیق عارف، کامەران و هۆنراوەی نوێ، ١٩٥٨، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (حسەین عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا)

٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٩

وه له شوێنێکی تریشدا دەڵێ: نووسەر پێویستە هێزێک پاڵی پێوەبنێ بۆ (نووسین) ئەو هێزەش لەناوجەرگەی کۆمەڵا بێت))[1]

نووسەر بڕوای وایە شاعیر مرۆڤێکی ئازادیخوازە و خاوەن بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخواز بووە، دژی ستەمکاران بووە، لەگەڵ ئازاری گەلەکەیدا ژیاوە، ئاواتی ئاسوودەکردنی گەلەکەی بووە، گۆرانی لەپێناوی گەلدا و بۆ گەل گوتووە. شاعیر بڕیاری داوە هەرگیز لایەنگری ستەمکاران نەبێت بەردەوام دژیان ڕابوەستێت و هەرگیز نەبێتە پشتیوانی ستەمکاران بۆ ستەمکردن. شاعیر هەمیشە خۆی بەپاڵپشت و خەمخۆری ستەملێکراوان و هەژاران زانیوە و لەگەڵ خەم و ئازارەکانیاندا ژیاوە و هەوڵی داوە ئاسوودەیان بکات، هەوڵدەدات گۆرانی بۆ ئەم ستەملێکراوانە بڵێت و خۆشحاڵیان بکات. نووسەر لە لێکدنەوەی چەند دێڕە شیعرێکی شاعیردا دەڵێ: ((کامەران لە چوار دێری یەکەمدا بیروباوەڕی خۆیمان بۆ دەردەخا کە هەرگیز نابێتە قامچی دەستی زۆردار و کسپەی پێ هەڵسێنێ لە جەرگی ئەو سزادراوانەی دڵسۆزە بۆیان، یانی لێرەدا خۆی لە لایەن گرتنی زۆرداران بێ بەری کرد. بەڵام لە چواردێڕی دووەمدا" تەنیا هەربەوەوە ناوەستێ بەڵێن بدا نەبێتە قامچی دەستی زۆردار بگرە ئەو بەڵێنەش دەدا کە پڕ گەرووی هەستی" بەستەیەکی ئێجگار گەرم خۆش بڵێ بۆ ئەو سزادراوە زۆر لێکراوانە و بەختیار و شادمانیان بکات بێ ئەوەی سڵ لەو دەردیسەری و چەرمەسەرییە بکاتەوە کە لە ئەنجامی وتنی ئەم بەستە گەرم و خۆشەدا دێتە ڕێی))[2]

نووسەر باسی ئەوە دەکات، کە شاعیر لە شیعرەکانیدا هەم دیاردە ناشرین و چەوتەکانی کۆمەڵ و هەم دیاردە جوان و باشەکانی کۆمەڵی خستووەتە ڕوو، باسی ستەمکاری و بێویژدانی ئاغا و دەرەبەگەکانمان بۆ دەکات، کە چۆن ستەمکارانە مامەڵەیان لەگەڵ ژێردەستە و خزمەتکارەکانیاندا کردووە و تا توانایان هەبووە بەکاریان هێناون و کاریان پێیان کردووە وئازاریان داون و دەستدرێژییان کردووەتە سەریان، پاشانیش بەشێوەیەکی نامرۆڤانە لەماڵەوە دەریان کردوون، وەک دەڵێ: ((لە هۆنراوەی (ڕەهێڵە)دا باسی کارەکەرێکی جوانی وەک گوڵمان بۆ دەکات کە کوڕی کۆشک و تەلار دەسی بڕی و دوای ئەنجام لەشەوێکی ڕەهێڵەدا دەریان کرد، ئەویش لەگەڵناوەخت ڕێی گرتەبەر و پێچایەوە جادەی شار، بێ ئەوەی شوێنێکی مەبەست بێت

١ - حسەین عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا ل٣٤٨
٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٩

و بۆی بچێ، تا ئێرەی لەگەڵ ئەو کارەکەرە بەم بەدبەختی و چارەڕەشییە هێنا و وێنەیەک لە ڕووی بۆگەنی و خراپی کۆمەڵەکەمانی خستە پێش چاو))[1] لێرەدا نووسەر ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئەم دەوڵەمەندانە ئەوەندە ستەمکارن تا ئەو ڕادەیەی کە کوڕیان دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەر کارەکەرەکەیان، کەچی لە جیاتی ئەوەی سەرزەنشتی کوڕەکەیان بکەن و قەرەبووی لایەنی دەروونی و جەستەیی خزمەتکارەکە بکەنەوە، لە جیاتی ئەوەی ڕێزی بگرن و هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن، کەچی بەبێ هیچ سۆز و بەزەییەک و بەشێوەیەکی نامرۆڤانە لە شەوێکی سارد و سەرمادا لەماڵ دەری دەکەن.

نووسەر لەدرێژەی لێکۆڵینەوەکەیدا ئەوە دەخاتەڕوو کە شاعیر پاشئەوەی ئەو وێنە ناشرینەی کۆمەڵگەی خستەڕوو، وێنەیەکی جوانی کۆمەڵگەشمان بۆ دەخاتە ڕوو کە لایەنی مرۆڤایەتی و هەست و سۆز و بەزەییەکی زۆرە، کە هەزاران پاڵەوانی ڕاستەقینەی ئەم وێنە جوانانەن، کە بریتییە لە هاوکاری کردن و دەستی یارمەتی درێژکردن بۆ ئەم مرۆڤە ستەملێکراو و بێ دەرەتانە و دووبارە کردنەوەی دەرگای ژیان بە ڕوویدا و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی، کە ئەمەش نیشانەی سەرکەوتنی مرۆڤایەتییە بەسەر نا مرۆڤایەتیدا، نووسەر پاش ئەوەی نموونەیەک لە شیعری شاعیر دەخاتەڕوو، پاشان دەڵێ: ((ئەمەشیان وێنەیەکی ڕووناک و پاکی کۆمەڵەکەمانە و دەیخاتەپێش چاومان کە گیانێکی مرۆڤایەتیی بالای تێدا دەردەکەوێ، بەلام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە زاڵبوونی ئەو وێنە ڕووناکەیە بەسەر ئەو خراپەدا لە ئەنجامدا، سەرکەوتنی مرۆڤایەتی بەسەر پیاوخراپی و داوێنپیسیدا. زاڵبوونی ئەو کارەکە دەست بڕاوەیە بەستەزمانە، بەسەر ئەو کۆسپەدا کە – پیاوخراپێکی لە خراپ بوو– هێنایە گۆڕێ))[2]

نووسەر لێرەدا دوو وێنەی لە شیعری شاعیر هێناوە بۆ ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی گەلەکەمان و ئەو دیاردە دزێو و جوانانە بخاتەڕوو، کە لە کۆمەڵگەدا هەیە، کە لە کۆتاییدا هەمیشە وێنە جوانەکە دەمێنێتەوە. هەروەها ئەوەش ڕووندەکاتەوە مرۆڤە گەورەکان ئەوانە نین، کە خاوەنی دەسەلات و پارە و ماڵ و سامانی زۆرن، بەڵکو ئەوانەی کە خاوەن دڵێکی میهرەبان و پڕ لە سۆز و بەزەیی و مرۆڤایەتیین.

---

١ – حسەین عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا ل٣٥١

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٢

ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بە درێژایی مێژوو لایەنێکی گرنگی گوتارە ئەدەبی و نووسینە ڕەخنەییەکان بووە، بە تایبەتی ڕەخنەی شیعر. نووسەرانی کورد لە گوتارەکانیاندا گرنگیان بەڕەهەندی کۆمەڵایەتی داوە بەتایبەتی لێکۆڵینەوەی دەقی شیعریدا. نووسەران مەبەستییان بووە بەم کارە هانی شاعیران بدەن، کە ئاوڕ لەم لایەنە بدەنەوە و بیکەنە مەبەستی سەرەکی دەقە شیعرییەکانیان. هەربۆیە داوا دەکەن کە لەگەڵ خستنەڕووی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا هۆکارەکانی دیاردەکان ڕوونبکرێتەوە و چارەسەرەکانیشی بۆ دیاری بکرێت. نووسەران داوای شیعری پەیامداری کۆمەڵایەتی دەکەن کە مەبەست لێی هۆشیارکردنەوەی خەڵک بێت.

## ئەنجامەکان

لە توێژینەوەکەماندا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١ -ئیستاتیکا ڕەگەزێکی سەرەکی دەقی ئەدەبییە، هەربۆیە ڕەخنەی ئەدەبیش هەر لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە گرنگی پێداوە و هەوڵی داوە لەم گۆشەنیگایەوە ڕەخنە لە دەقی ئەدەبی بگرێت و ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانی دیاری بکات و بیکاتە بنەمای دیاریکردنی ئاستی هونەری دەقەکان.

٢ -ڕەخنەی ئەدەبی ئیسلامی عەرەبیش گرنگییەکی زۆری بە بنەما ئیستاتیکییەکانی دەق داوە و نووسەران و ڕەخنەگرانی عەرەب چەندین بنەما و تایبەتمەندی دەقی ئەدەبی بەرزیان دیاریکردووە، هەروەها چەندین دەستوور و پێوانەی ئیستاتیکییان دیاری کردووە بۆ جیاکردنەوەی دەقی بەرز لە دەقی نزم.

٣ -واقیع ڕەگەزێکی سەرەکی دەقی ئەدەبییە هەر سەرەتای دەستپێکردنی ئەدەبەوە تا ئەمڕۆ، ئەدیبان بەشێوەی جۆراوجۆر واقعیان لە دەقەکانیاندا بەرجەستەکردووە، تا لەسەدەی نۆزدە ڕێبازی ڕیالیزم سەری هەڵدا و واقعی کردە بنەما و دەستوور و پێوانەی ئاستی هونەری دەقەکان.

٤ -ڕەخنەگران هەر لەکۆنەوە تاووتوێی بنەما واقعییەکانی دەقیان کردووە و لەگۆشەنیگای خۆیانەوە خستوویانەتەڕوو، لەسەدەی نۆزدە بەدواوە گوزارشت کردن لە واقع و بەرجەستەکردنی لە دەقدا لای بەشێکی زۆری ڕەخنەگران کراوەتە بنەمای سەرەکی هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی، کە هەندێکجار ڕادەی سەرکەوتنی دەق بەستراوەتەوە بە ڕادەی سەرکەوتنی نووسەرەوە لە بەرجەستەکردنی واقعدا بەشێوەیەکی هونەری.

٥ -زمانی شیعریی بنەمایەکی سەرەکی پێکهێنانی ئیستاتیکای دەقی شیعرییە، نووسەرانی کورد لە گوتارەکانیاندا تاووتوێی شیعریان کردووە لەم لایەنەوە و کردوویانە بە بنەمای جیاکردنەوەی دەقی بەرز لە دەقی نزم.

٦ -نووسەرانی کورد لە گوتارەکانیاندا داوایان کردووە شاعیران دەستبەرداری ئەو زمانە تێکەڵ بە وشە و زاراوەی بێگانەیە بن کە لە شیعری کلاسیکدا نزیکەی هەزار ساڵ باڵی بەسەر شیعری کوردیدا کێشابوو. هەروەها بەشێکیان ڕادەی بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی و وشە ڕەسەنەکانی زمانی کوردییان کردووەتە پێوەر بۆ ئاستی هونەری دەقی ئەدەبی، لەهەمانکاتدا گونجاوی وشە و واتاش، وەک بنەمایەکی ڕەخنەیی ئیستاتیکی لەلایەن بەشێک لە نووسەرانی کوردەوە دەقی شیعری پێ هەڵسەنگێندراوە.

٧ -ئاوازی شیعر ڕەگەزێکی پێکهێنەری ئیستاتیکای شیعرە، نووسەرانی کورد لە گوتارەکانیاندا گرنگییەکی زۆریان پێداوە و ئەم لایەنە زۆرترین مشتومڕی لەنێوان نووسەراندا دروست کردووە.

٨ -بەشێک لە نووسەران داوای دەستبەرداربوونی ئاوازی شیعری کلاسیکی کوردییان کردووە و بڕوایان وایە لەگەڵ چێژی ڕۆحی کورددا ناگونجێت، داوای

گەڕانەوە بۆ ئاوازی خۆماڵی کوردییان کردووە، کە ئاوازی شیعری فۆلکلۆری کوردییە، هەربۆیە لەسەر ئەم بنەمایە شیعری بەرز و نزمیان جیاکردووەتەوە، هەروەها بەشێک لە نووسەران بەکارهێنانی جیاوازی کێش و سەروایان کردووە بە بنەمای ئیستاتیکی دەقی شیعری و داوای بەکارهێنانی ئەم جۆرە ئاوازەیان کردووە لە شیعردا.

٩ -بەشێک لەنووسەران لەگەڵ کێش و سەروادا وشەی ئاوازداریشیان وەک بنەمای ئیستاتیکی ئاوازی شیعری داناوە، کە ئەمەش ناڕاستەوخۆ ئاماژە کردنە بۆ ئاوازی ناوەوەی شیعر. سەرجەم نووسەرانی کورد لەسەر ئەو باوەڕن، کە شیعر نابێت بێ ئاواز بێت، دەکرێت شیعر دەستبەرداری کێش و سەروابێت، بەڵام نابێت بێ ئاواز بێت (ئاوازی ناوەوەی شیعر)، کە ئەمەش وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە ڕەخنەی شیعردا بە ئاراستەی نوێگەری و بەرەو جیهانی بوونی شیعری کوردی .

١٠ -هونەرەکانی ڕوانبێژی بنەمای پێکهێنانی ئیستاتیکای وێنەی شیعرین، بۆیە بەشێک لە نووسەرانی کورد وەک بنەمای ئیستاتیکی شیعر مامەڵەیان لەگەڵ کردووە و بەشێک لە جوانی ئیستاتیکای شیعرەکانیان گەڕاندووەتەوە بۆ بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی ئەم هونەرانە.

١١ -ڕەهەندی نەتەوەیی بایەخێکی تایبەتی لای نووسەرانی کورد هەبووە، و لەم ڕوانگەیەوە شیکردنەوەیان بۆ شیعری شاعیران کردووە و کردوویانە بە بنەما بۆ بەرزی و نزمی دەقی شیعری شاعیران و زۆر بەتوندی دژی ئەو شیعرانە وەستاونەتەوە، کە خودین و گوزارشت لە ئازار و نەهامەتییەکانی گەلەکەیان ناکەن. هەروەها ستایشی ئەو شاعیرانەیان کردووە، کە گرنگییان بەهەستی نەتەوەیی داوە.

١٢ -بەشێک لە نووسەرەکان لەکاتی ڕاڤەکردنی شیعری شاعیراندا هەستی نەتەوەییان کردووەتە بنەمای بەرزی و نزمی شیعر و تەنها ئەو جۆرە شیعرە پەسەند دەکەن کە گرنگییان بە واقعی نەتەوەیی کورد داوە و بارودۆخی کوردیان خستووتەڕوو و شیعرەکانیان پەیامی هۆشیارکردنەوەی خەڵکە.

١٣ -بەشێک لە نووسەران بەهۆی کاریگەری فەلسەفەی مارکسیزم و بیرە نێونەتەوەییەکەی، لەم ڕوانگەیەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ بەشێک لە شیعری شاعیران کردووە، هەوڵیان داوە بنەما مرۆڤایەتییە هاوبەشەکانی دەقە شیعرییەکان بکەنە بنەمای سەرکەوتن و ئاستی بەرزی دەقەکە. نووسەریش هەیە دژی ئەوەیە ئەم بابەتە وەک بیرێکی ڕووت و بێگیان بکرێتە بابەتی شیعر، چونکە بەو شێوەیە ئاستی هونەری شیعرەکە دادەبەزێت، بەڵکو پێویستە لەگەڵ بیرەکەشدا لایەنە هونەرییەکانی شیعر فەرامۆش نەکرێن.

١٤ -نووسەرانی کورد زۆر گرنگیان بەلایەنی کۆمەڵایەتی و بەرجەستەکردنی لە دەقی شیعریدا داوە و بە بنەمای دیاریکردنی ئاستی هونەری شیعریان داناوە، چونکە خستنەڕووی واقعی بارودۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک و گیروگرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە ئەرکی سەرەکی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی دادەنێن.

# سەرچاوەکان

**کتێب**


١ ﺑ.ب. هەوری، ئازار و ئاوات، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بەغدا، ١٩٥٦

٢ -ئازاد عبدالواحد کەریم، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ٢، چاپخانەی ئاڤێستا، کەرکوک، ٢٠١٣

٣ -ئازاد عەبدولواحید کەریم، تیۆری ئەدەب، چ١، چاپخانەی ئاراپخا، کەرکوک، ٢٠٠٧

٤ -ئازاد گوڵەدین، ناسیۆنالیزم و هەستی نەتەوایەتی لای مەولانا خالیدی نەقشبەندی، چ١، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠١٦

٥ -ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩

٦ -ئاوارە کەمال ساڵح، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢

٧ -ئەحمەد تاقانە، تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١

٨ -ئەدۆنیس، دەقی قورئان و ئاسۆکانی نووسین، و: ئومێد عوسمان، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨

٩ -بابەک ئەحمەدی (٢٠٠٨)، هەقیقەت و جوانی، و: مەسعوود بابایی، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨

١٠ -بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، ب١، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤

١١ -بەسام قەتوس، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و: د.محەمەد تاتانی،چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی

١٢ -بەشیر موشیر، دیوان شاعری بەناوبانگ مصباح الدیوان، چ١، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٣٩

١٣ -بورهان محەمەد ئەمین، تەفسیری ئاسان، چ٣، چاپخانەی (اسوة)، قوم، ٢٠٠٢

١٤ -پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦

١٥ -جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق(١٩٥٠ - ١٩٧٠)، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨
١٦ -حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ئا: گیوی موکریانی، چ٣، چاپخانەی هەولێر، هەولێر، ١٩٦٩
١٧ -حسێن عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا،چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١
١٨ -حەمەسەعید حەسەن، سەبارەت بەشیعری هاوچەرخی کوردی و چەند مەسەلەیەکی دیکە، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧
١٩ -حەمەکەریم عارف، ناودارانی ئەدەب، چ١،چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩
٢٠ -حەمەنوری حەمەکاکی، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨
٢١ -دڵزار ، ئاوازی ئاشتی و ئازادی، چاپخانەی دارالسلام، بەغدا، ١٩٥٨
٢٢ -دڵشاد عەلی محەمەد، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ١٩٩٨
٢٣ -دڵشاد عەلی محەمەد، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧
٢٤ -ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم،چ١، بەغدا، ١٩٤١
٢٥ -ڕەفیق حلمی ، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم،چ١، بەغدا، ١٩٥٦
٢٦ -ڕێبوار سیوەیلی، نەتەوە و حەکایەت، ب١، چ٢، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨
٢٧ -ساجد ئاوارە، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کورد، چ١، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٧
٢٨ -سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی ١٩٧٥-١٩٩٥، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩
٢٩ -سیروس پرهام، و:حەمەکەریم عارف، ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣
٣٠ -سەلام، دیوانی سەلام، چ١، چاپخانەی تەمەدون، بەغدا، ١٩٥٨
٣١ -شێرزاد خەسەن(و)، لەستایشی ئەدەبدا،چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١
٣٢ -شێرکۆ بێکەس، ئەزموون (١٩٨٥ - ٢٠٠٠)، ئا: یاسین عومەر،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١

٣٣ -عەلائەدین سەجادی، میژوی ئەدەبی کوردی،چ١، چاپخانەی معارف، بەغدا، ١٩٥٢
٣٤ -عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چ١، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٦٨
٣٥ -عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ڕیالیزمی نوێ و ئەدەبیاتی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٨
٣٦ -عەباس محەمەد قادر، ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (١٩٤٦-١٩٧٠)، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠
٣٧ -فازیل مەجید مەحمود، سروشت لە شیعری گۆراندا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨
٣٨ -کامل حەسەن بەسیر، مێژووی ڕەخنەسازی، چ١، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠١٥
٣٩ -کەریم دەشتی، ئەدەب و فەلسەفە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤
٤٠ -کەمال مەزهەر، ڕێنیسانس، و: فوئاد مەجید میسری، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤
٤١ -کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، چ٢، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٥
٤٢ -گۆران، دیوانی گۆران، ئا: محەمەدی مەلا کەریم، چ١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٠
٤٣ -مارف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی ئەلوەفاء، بەغدا، ١٩٦٢
٤٤ -محەمەد ئەمین دلێر محەمەد، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا،چ١، سلێمانی، ٢٠٠٤
٤٥ -محەمەد سالّح دیلان، بارانی سلێمانی، ئا: ئومێد ئاشنا، بەشی دووەم، ١٩٩٦
٤٦ -محەمەد ڕەسوڵ هاوار، سەرجەمی بەرهەم ـ وتارە کوردییەکان، ئا: ڕەفیق سالّح، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨
٤٧ -مقداد حەمە سالّح، سەرنجێک لەسەر ئیستاتیکا، چ١،چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٣
٤٨ -موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، ب١، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥

٤٩ –ناكام، هونراوەی نوێ، چ١، چاپخانەی کامەران،سلێمانی، ١٩٥٩
٥٠ –نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١١
٥١ –هەژار موکریانی، مەم و زینی خانی، چ١، چاپخانەی نەجاح، بەغدا، ١٩٦٠
٥٢ –هۆراس، هونەری شیعر،و: حەمید عەزیز، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥
٥٣ –هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨

**<u>گۆڤار و ڕۆژنامەکان</u>**

٥٤ –أ.ح.هەردی، مدهوش و شعر ، گ. گەلاوێژ، ژ٩، ساڵی ٤، سلێمانی، ١٩٤٣
٥٥ –ئامانج عوسمان حەمەد، لێکدانەوەی سایکۆلۆژی بۆ ئیستاتیکا، گ ڕامان، ژ٣٩، هەولێر، ١٩٩٩
٥٦ –ئەحمەد حامد دلنیا، ئەدەب بو کێ ئەنوسرێ ، گ. هیوا، ژ١١-١٢،س٢، بەغدا، ١٩٥٩
٥٧ –ئەحمەد حامد، ئایا ئەشێ بوێژ لایەنگری لایەکی تایبەتی نەبی؟؟ ، گ. هیوا، ژ١،س٢، بەغدا، ١٩٥٩
٥٨ –ئیدریس عەبدوڵلا، پوختەیەک لەبارەی ئەدەبی بەراوردکاری و قوتابخانەی سلاڤی لە ئەدەبی بەراوردکاریدا، گ. ڕامان، ژ١٣٨، هەولێر، ٢٠٠٨
٥٩ –بەختیار سەجادی، وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیوریکەکان، گ. ڕامان، هەولێر، ٢٠١٢
٦٠ –بەکر عومەر یەحیا، ئەدەب، گ. دەنگی گێتی تازە، ژ١، ب٤، ١٩٤٥
٦١ –بەهرام میقدادی، جوانیناسی، و: بابەک سەحرانەوەرد، گۆڤاری ڕامان، ژ١٨٦، هەولێر، ٢٠١٢
٦٢ –پیرەمیرد، شیعری پوشیدە، گ .گەلاوێژ،ژ١٠، ساڵی ٤، سلێمانی، ١٩٤٣
٦٣ –تاهیر هاشمی، بیسارانی ، گ .گەلاوێژ،ژ٢، ساڵی٤، سلێمانی، ١٩٤٣
٦٤ –تەها ئەحمەد ڕەسوڵ، ئیستاتیکا و فەلسەفەی هونەر، گۆڤاری ڕامان، ژ١٧٩، هەولێر، ٢٠١٢

٦٥ -ج.ب. روژبەیانی، محمدامین بەگی جاف و تەرازوی شعر، گ. گەلاویژ،ژ٣،ساڵی ٥ سلێمانی، ١٩٤٤
٦٦ -جەمال شاڵی، سەلام، گ. ڕۆژی نوێ، ژ ٢، ساڵی ٢، سلێمانی، ١٩٦١
٦٧ -چنور نامیق حەسەن، شیعری جوان – شیعری کاڵ، گ. ڕامان، ژ١٢٣،هەولێر، ٢٠٠٧
٦٨ -حەمەڕەش، حاجی قادری کویی، گۆڤاری بڵێسە، ژ٣، ساڵی یەکەم، سلێمانی، ١٩٥٩
٦٩ -حوزنی موکریانی، نیانی و ئاشکرایی هەلبەست، گ. دەنگی گیتیی تازە، ژ ٣٠، ساڵی ٣، هەولێر، ١٩٤٦
٧٠ -دەرسیم، مەلا محمدی کویی، گ. ڕۆژی نوێ، ژ ٧، ساڵی ١، سلێمانی، ١٩٦٠
٧١ -دەستەی نووسەران، هیوا لە کورری ئەدەبا، گ. هیوا، ژ٩-١٠، ساڵی ٢، بەغدا، ١٩٥٩
٧٢ -دیلان، ئەحمەدی خانی، ڕۆژنامەی ژین، ژ ١٣٣٦، سلێمانی، ١٩٥٧
٧٣ -دیلان، سالم، ڕۆژنامەی ژین، ژ ١٣٤٠، سلێمانی، ١٩٥٧
٧٤ -دیلان ، سالم، ڕۆژنامەی ژین، ژ ١٣٤٤، سلێمانی، ١٩٥٧
٧٥ -دیلان ، پیرەمێرد، بەشی دووەم، ڕۆژنامەی ژین، ژ ١٣٤٩، سلێمانی، ١٩٥٧
٧٦ -ڕەفیق حلمی، دلدار(یونس رؤف)، گ. گەلاوێژ، ژ ، سلێمانی
٧٧ -ڕێبین خەلیل قادر، میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا، گ.ڕامان، ژ. ١٦٧، هەولێر، ٢٠١١
٧٨ -ساڵح حەیدەری، ئەدەبیاتی زندو، گ. گەلاوێژ، ژ١٢، ساڵی٥ ، سلێمانی، ١٩٤٤
٧٩ -سیاپۆش، شاعیرەکانمان، ڕۆژنامەی ژیان، ژ٣٣٥ و ٣٣٦، ئاغستۆس و ئەیلول، سلێمانی، ١٩٣٢
٨٠ -سیاپۆش، شاعیرەکانمان، یادگاری لاوان، چاپخانەی کەرخ، بەغداد، ١٩٣٣
٨١ -شێخ محەمەدی خاڵ، ویژە، گۆڤاری هیوا، ژ٧، ساڵی ١، بەغدا، ١٩٥٨
٨٢ -شێخ محەمەدی خاڵ، پیویستی ویژەر، گ.بڵێسە، ژ٢، ساڵی١، سلێمانی، ١٩٥٩
٨٣ -شێخ نوری شێخ ساڵح، ئەدەبیات، ڕ. ژیان، ژ٢٢ – ٢٧- ٣٢، سلێمانی، ١٩٢٦
٨٤ -عادل گەرمیانی، چەند واتایەکی ڕەخنەیی، گۆڤاری کاروان، ژ٢٢٦، هەولێر
٨٥ -عەبدلڕەزاق محەمەد، بانگی جەمهوری شیوەیەک لە شیعری گەل ، گ. هەتاو ، ژ١٤٥، هەولێر، ١٩٥٨

٨٦ -عەبدلڕەزاق محەمەد، خەبات و ژیان، گ.هیوا، ژ٤، ساڵی٣، بەغدا، ١٩٦٠
٨٧ -عەبدولڕەزاق محەمەد، لەگەل شیخ رەزای تالەبانی لە دیوانەکەی ، ژ٣٠، ساڵی ٤، گ. هیوا، بەغدا، ١٩٦٠
٨٨ -عەبدلرەزاق محمد، لەگەل شیخ رەزای تالەبانی، گ. هیوا، ژ٣١، ساڵی ٤، بەغدا، ١٩٦١
٨٩ -عومەر ڕەسوڵ، مرۆڤی نیاندەرتاڵ و گوڵ، گۆڤاری هەزارمێرد، ژ٢٣، هەولێر، ٢٠٠٣
٩٠ -فایەق بێکەس، م.کاردوخی لە تای تەرازوی شعردا، گ.گەلاوێژ،ژ٩، ساڵی ٤، سلێمانی، ١٩٤٣
٩١ -فایەق بێکەس، پیشکەشی ماموستا أ.ب.هەوری ، گ. گەلاوێژ،ژ٥،ساڵی ٥، سلێمانی، ١٩٤٤
٩٢ -فایەق بێکەس، سەرنجدانی لە ئەدەبیاتی مەنگوڕی، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ٧، ساڵی ٥، سلێمانی، ١٩٤٤
٩٣ -فوئاد ڕەشید، چێژ و بەهای دەقی شیعری لەنێوان پەیامگر و خوێندنەوەدا، گۆڤاری ڕامان، ژ١١٣،هەولێر، ٢٠٠٦
٩٤ -ق. نەبەرد، نامەیەک بۆ ئەدیبەکانمان، گ. گەلاوێژ، ژ ٨، ساڵی ٨، سلێمانی، ١٩٤٧
٩٥ -کاک سلاح، ژیان و ویژە، گ. هەتاو، ژ١٤٣ ، ساڵ ٥، ١٩٥٨
٩٦ -کاکە شوان، یادی پیرەمێرد شاعیری نەمری کوردپەروەری، گۆڤاری بلێسە، ژ١١، ساڵی یەکەم، سلێمانی، ١٩٦٠
٩٧ -کامل حەسەن بەسیر، مروڤایەتی لە شعری کوردیا: گوران – هەژار – کامەران، گ. ڕۆژی نوێ، ژ٨، سلێمانی، ١٩٦٠
٩٨ -کامەران تاهیر، ڕەگەزە ئیستێتیکییەکان لە هونەری تەلارسازیدا، گۆڤاری ڕامان، ژ ١٥٠، هەولێر، ٢٠٠٩
٩٩ -کەریم شارەزا ، کۆیە و شاعرانی، گ.هیوا، ژ٣٢، ساڵی٤، بەغدا، ١٩٦١
١٠٠ - کەریم شارەزا (٢٠٠٨)، جوانی لە هونەر و ئەدەبدا، گۆڤاری ڕامان، ژ١٣٢، هەولێر، ٢٠٠٨
١٠١ - گۆران، کۆنی و تازەیی لە هەلبەستا، ژ٣١، ساڵی ٤، گ هیوا، بەغدا، ١٩٦١

١٠٢ – م.ع.مدهوش، وەلامی مدهوش و شعر ، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ١٠، ساڵی ٤، سلێمانی، ١٩٤٣
١٠٣ – م.م ، لیکولینەوەیەک لە ووتاری ویژەی ماموستا خال، گ، هیوا، ژ٩، ساڵی١، بەغدا، ١٩٥٨
١٠٤ – مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب١، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١،
١٠٥ – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، ئەدەبی کوردی لە چ مەینەتێکدایە، ڕ. ژین، ژ ١٤٨٩، ساڵی ٣٤، سلێمانی، ١٩٥٩
١٠٦ – محەمەد ڕەسوڵ هاوار، مەحوی و بەهار، ڕ. ژین، ژ.١٥١٨، سلێمانی، ١٩٦٠
١٠٧ –محەمەد ڕەسوڵ هاوار، یادی پیرەمێرد، ڕ. ژین، ژ ١٦٢٠، ساڵی ٣٦، سلێمانی، ١٩٦١
١٠٨ –محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شیعر و شاعیرەکانمان، ڕۆژنامەی برایی، ژ ٣٢١، ١٩٦٨
١٠٩ –محەمەد ڕەسوڵ هاوار، بێسارانی(١٧٢٠-١٦٤١) ی، ڕۆژنامەی برایی، ژ ٣٥٧، ١٩٦٨
١١٠ –محەمەد مەلا کەریم، ئەرکەکانی سەرشانی ئەدەبی ئەمرومان، گ.هیوا، ژ٢، ساڵی٢، ل٣٠، بەغدا، ١٩٥٨
١١١ –محەمەد مەلا کەریم، ئەدیب و هونەرمەندەکانمان و پیویستی یەکانی ئەمروی سەرشانیان ، گ.هیوا، ژ٩-١٠، ساڵی٢، بەغدا، ١٩٥٩
١١٢ –محەمەد ئەمین کاردۆخی، وەلامی لیکولینەوە ، گ. گەلاوێژ،ژ١١، ساڵی ٤، سلێمانی، ١٩٤٣
١١٣ –مستەفا ساڵح کەریم، لەمامۆستا نەمرەکانمان – فائق بیکەس، گ. بلێسە، ژ٢، ساڵی ١، سلێمانی، ١٩٥٩
١١٤ –معروف خزنەدار، دیوانی قالیچیچەک، گ.هیوا، ژ٣٦، بەغدا، ١٩٦٢
١١٥ –مەدهۆش، حەمدی و شێخ مەحموودی نەمر، گ. ڕۆژی نوێ، ژ ٧، ساڵی ١، سلێمانی، ١٩٦٠
١١٦ –مەعروف بەرزنجی، کون و تازە لە شیعرا، گ. شەفەق، ژ١٠،ب ١، ساڵی ١، کەرکوک، ١٩٥٨

١١٧ –موسعەب ئەدهەم:و، قوتابخانە ئەدەبییەکان، گ. ڕامان، ژ: ١٨٥، هەولێر، ٢٠١٢
١١٨ –میرزا مارف، بو ماموستای زور گەورە جەنابی پیرەمیرد، گ. گەلاوێژ، ژ١١، ساڵی٤ ، سلێمانی، ١٩٤٣
١١٩ –ناکام ، هونراوە، ژ١، ساڵی ٢، گ هیوا، بەغداد، ١٩٥٨
١٢٠ –نەورۆز، زمان، گۆڤاری زاری کرمانجی. ژمارە ٢٤ ، ڕەواندز، ١٩٣٢
١٢١ –هەژار، ئەدەبی کوردی سەر بەرەوژیرو دەروا ، گ. رووناهی، ژ ١، ساڵی ١، بەغدا، ١٩٦٠
١٢٢ –هیوا ، بەسەرهات و شوینەواری ماموستا گوران، ڕ. کوردستان، ژ.١٩٧، تاران، ١٩٦٣
١٢٣ –هیوا، ناخی سروشت سەرچاوەی هەستی گوران، ڕ. کوردستان، ژ.١٩٧، تاران، ١٩٦٣
١٢٤ –ویل دیورانت، جوانی چییە، و: ئازاد ڕەحمانی، گۆڤاری ڕامان، ژ٤٢، هەولێر، ١٩٩٩
١٢٥ –..............، ئەدەبی کوردی لە شۆڕشدا، گ. هیوا، ژ٢، ساڵی ٢، بەغدا، ١٩٥٨
١٢٦ –......... ، دوو هەلبەستە بەناوبانگەکەی جووتە بویژانی کورد – نالی و سالم، گ.ڕۆژی نوێ، ژ. ٦، ساڵی ٢، سلێمانی، ١٩٦١

<u>**سایتی ئینتەرنێت**</u>

١٢٧ – http://brwaaladdin.blogspot.com/٢٠١١/٠٤/aesthetic.html
١٢٨ – https://www.alukah.net/literature_language/٠/٣٣٨٥٥/
١٢٩ –https://asowahab.blogspot.com/٢٠١١/١٢/blog-post.html
١٣٠ –https://ckb.wikipedia.org/wiki ١

## سەرچاوە عەرەبییەکان

### الكتب

القران الكريم

١٣١ -ابن الأثير الجزري، جامع الأصول في أحاديث الرسول، ج ١٠، مطبعة الملاح، ١٩٧٢

١٣٢ -امال حليم الصراف، موجز فى علم الجمال

١٣٣ -أبى عثمان عمرو بن بحر الجاحظ، رسائل الجاحظ، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، ج٢، ط٢، مكتبة الخانجي، القاهرة، ١٩٦٤

١٣٤ -أميرة حلمي مطر، فلسفة الجمال، دار القلم، القاهرة، ١٩٦٢

١٣٥ -جميل صليبا ، المعجم الفلسفى، ج١، دار الكتب اللبنانى، بيروت، ١٩٧٨

١٣٦ -جورج سانتيانا، الأحساس بالجمال، ت: د.محمد مصطفى بدوى، مكتبة الأسره، ٢٠٠١

١٣٧ -سيسل دى لويس، الصورة الشعرية، ت: احمد نصيف النابى و مالک میری و سلمان حسن ابراهيم، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٢

١٣٨ -صلاح فضل، منهج الواقعية فى الابداع الادبى، ط٢، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٠

١٣٩ -عباس محجوب، الأدب الأسلامي-_ قضاياه المفاهيمية و النقدية، ط١، عالم الكتب و الحديث للنشر و التوزيع، إربد، ٢٠٠٦

١٤٠ -عبدالحسن حسن خلف، القيم الجمالية في الشعر العربي قبل الأسلام، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، ١٩٨٣

١٤١ -عبدالواحد لؤلؤة (١٩٨٣)، موسوعة المصطلح النقدي، م.٣، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، ١٩٨٣

١٤٢ -عزالدين اسماعيل، الاسس الجمالية فى النقد العربى، ط٣، دار الفكر العربى، ١٩٧٤

١٤٣ -عصام محمد الشنطى، الجمالية و الواقعية فى نقدنا الأدبى الحديث، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٧٩

١٤٤ -عقيل مهدى يوسف، الجمالية بين الذوق و الفكر، ط١، مطبعة سلمى الفنية الحديثة، بغداد، ١٩٨٨

١٤٥ -على جواد الطاهر، الخلاصة فى مذاهب الادب الغربى، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣
١٤٦ -على يونس، النقد الادبى و قضايا الشكل الموسيقى فى الشعر الجديد، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر، ١٩٨٥
١٤٧ -فائق مصطفى و عبد عبدالرضا على، فى النقد الادبى، ط١، دار الكتب للطباعة و النشر، موصل، ١٩٨٩
١٤٨ -فرانكلين د. روجرز، الشعر و الرسم، ت: مي مظفر، ط١، دار المأمون للترجمة و النشر، بغداد، ١٩٩٠
١٤٩ -م.اوفسيانيكوف و ز.سميرنوفا، موجز تاريخ النظريات الجمالية، ت: باسم السقا، ط٢،دار الفارابي، بيروت، ١٩٧٩
١٥٠ -محمد بن سلام الجمحى، طبقات الشعراء، دار الكتب العلمية،بيروت، ٢٠٠١
١٥١ -محمد سعد حسان و خلود بدر غيث و معتصم عزمي الكرابلية، مقدمة في علم الجمال، ط ١، مكتبة المجتمع العربي للنشر، عمان، ٢٠٠٥
١٥٢ -محمد غنيمى هلال، النقد الادبى الحديث، دار النهضة مصر للطبع و النشر، القاهرة، ١٩٧٧
١٥٣ -محمد مندور، الادب و مذاهبه، نهضة مصر للطباعة و النشر و التوزيع، مصر
١٥٤ -محمود عبدالله الخوالدة و محمد عوض الترتوري، التربية الجمالية علم النفس الجمال، ط ١ ، دار الشروق للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٦
١٥٥ -مصطفى ناصف، دراسة الآدب العربى، دار القومية للطباعة و النشر، القاهرة
١٥٦ -هديل زكارنة، علم الجمال، ط ١، مركز الكتاب الأكاديمي، عمان، ٢٠٠٣
١٥٧ -هيغل، المدخل الى علم الجمال، ت: جمال طرابيشى، ط١، دار الطايعة، بيروت، ١٩٧٨

## <u>الجرائد و المجلات</u>

١٥٨ -غياث الدين محمد رشيد ابراهيم، تاثير الفن العربي الاسلامي على فن التصوير الاوروبي جماليا، مجلة جامعة بابل، العلوم الانسانية، المجلد٢٢، العدد١، ٢٠١٤
١٥٩ -مختار قطش، مفهوم الجمال عند الجاحظ، مجلة العلوم الانسانية، عدد١٨: ، جامعة قسنطينة١، ديسمبر، ٢٠٠٢
١٦٠ -مجله الفكر المعاصر

## ملخص البحث

بحثنا المرسوم ب(مذاهب خطاب النقد الشعري في الأدب الكوردي – كرمانج جنوب ١٩٢٠-١٩٧٠) تبحث عن خطابات النقد الشعري التي نشرت في تلك الفترة و يتناول أسس و خصائص و دور و هدف الشعر. اعتمادا على المنهج النقد الإستاطيقي و منهج النقد الواقعي. تسلط الضوء عليها و تفسرها بدقة تامة، لأن تلك المرحلة هي المرحلة البدائية لنقد الأدب الكوردي، ومعظم الخطابات تركز على الجانب الإستاطيقي للشعر أو الجانب الواقعي للشعر في الأدب الكوردي.

يتكون بحثنا من ثلاثة أقسام، القسم الأول: مذاهب الخطاب النقد الشعري في الأدب العالمي) يتكون من محورين: المحور الأول: (مذهب الخطاب النقد الإستاطيقي) حيث ذكر فيه: (الإستاطيقا) تم عرض تعريفه و أسسه و خصائصه. و عرف (مفهوم الجمال) فيه وتم عرض الأفكار التي قيلت حول الجمال. (تأريخ الإستاطيقا) تم عرض تأريخ الإستاطيقا منذ عهد أفلاطون حتى العهد الجديد. (تأريخ إستاطيقا العربي الإسلامي) ذكرفيه ذلك التأريخ وتم تسليط الضوء على فكر كتاب العرب حول الجمال و أسسه فى الشعر. وفى المحورالثانى: (مذهب خطاب النقد الواقعي) ذكر(مفهوم الواقعى) وتم عرض هذا المفهوم، فما المقصود منه و كيف يتم تجسيده في الأدب. (مذهب الواقعية) تم الحديث عن مذهب الواقعية و أسباب ظهوره و خصائصه، وتم الحديث عن مذاهب الواقعية النقدية و الواقعية الأشتراكية و الواقعية التصويرية أيضا. (تأريخ الواقعى) ذكر الكتاب الذين تحدثوا عن أهمية تحسيد الواقعي فى الأدب و كانوا لهم دور فى ظهور و تطور مذهب الواقعي.

القسم الثانى:(مذهب خطاب النقد الإسطاتيقي في الأدب الكوردي) في هذا القسم ذكر الخطابات النقدية حسب أسس النقد الإسطاتيقي، ويتكون من ثلاثة محاور. المحور الأول :( البعد اللغة الشعرية في خطاب النقد الشعري) تم بحث خطاب نقد شعر الكوردي

في الأبعاد اللغة الشعرية، لأن الجانب اللغوي في تلك الفترة التي نحن بحثنا فيها إحدى المواضع الساخنة و المهمة للنقد الشعري. المحور الثاني: (البعد الموسيقى الشعرية في خطاب النقد الشعري) الموسيقى الشعرية خاصة الوزن و القافية تم تناولها كأساس فى خطاب نقد شعر الكوردي. المحور الثالث: (الفنون البلاغية فى خطاب النقد الشعري) فى هذا المحور يناقش خطابات النقد الشعري التى بحثت في النصوص الشعرية من منطلق الفنون البلاغية.

القسم الثالث:(مذهب خطاب النقد الواقعي فى الأدب الكوردي) يتكون من ثلاثة محاور، المحور الأول: (أبعاد الواقعي القومي في خطاب النقد الشعري) يتحدث عن الخطابات النقدية التى ناقشت الشعر من منطلق الواقع القومى، لأن في تلك الفترة الصوت الطاغي في الخطابات النقدية هو الصوت القومي. المحورالثاني: (أبعاد الواقعى الدولي في خطاب النقد الشعري) تبحث فى الخطابات النقدية التى ناقشت الشعر من منطلق الواقع الدولي. وفي المحور الثالث: (أبعاد الاجتماعية في خطاب النقد الشعري) تحلل خطابات النقد الشعري التي بحثت في الشعر من منطلق الواقع الاجتماعي.

أهداف البحث: تم عرضها في خاتمة البحث بالنقاط.


## Abstract

Our paper under the title of (The discourse ways of poetical criticism in the kurdish literature, southren Kurmanji 1920_1970). It will study those discourses that critic the poetry which had been published in that time and it describes the principle, characteristic, role and aim of poetry, according to the methods of aesthetic criticism and reality criticism, it focuses and analysis in detail. Because that period is the begging period of criticism in kurdish literature and most of the

discourses emphasis of poetry aesthetic or the reality of poetry in kurdish literature.

Our paper consists of 3chapters: first chapter: (The discourse ways of poetical criticism in the world literature) that is two points. The first point (the discourse ways of aesthetic criticism) that describe (aesthetic), so, it shows the definition, principle and characteristic of aesthetic. The concept of aesthetic described and those ideas described that is about aesthetic. The history of aesthetic described from Eflaton to the modern period. So, the history of Islamic Arabic aesthetic is described. It focuses on the ideas of the Arab writers about aesthetic and the principle of aesthetic in poetry. In the second point, (the discourse ways of reality criticism), the concept of reality is described that shows the purpose of this concept and how can be practiced in the literature. Realism method, it describes the method of realism and the factors of emerges and it characteristics. So, the ways of critical realism, socialistic realism and photography realism. The history of reality, those writers have been described that describe the practice of reality in literature, and they have role of the emerge and develop of realism method.

Second chapter: (the discourse ways of critical aesthetic in kurdish literature) in this part, the basis of critical aesthetic that describe critical discourse is described. It constits of three points, the first point(language dimension in the discourse of poetical criticism), it described the discourse of criticism in kurdish poetry in term of language, because language dimension in the preios time that we have studied is one of the controvertioal topic of critical poetry. Second point, ( music dimension in the discourse of critical poetry). Music especially rhyme as a main bais in the discourse of critical poetry is described. Third point ( the arta of rhetoric in the discourse of critical poetry), in this point, discusses those discourses of critical poetry that study poetical texts in the view of rhetoric arts.

Part three ( the discourse of critical reality in kurdish literature), it consists of three points, first point (the dimension of nationalist reality in the discourse of critical poetry), it describes of those critical discourse in

the view of nationalist reality that have described the conversational poetry, because in that period, the dominant voice in the critical discourse wa nationalism. Second point, ( international reality dimension in the discourse of critical poetry) it studies of those critical discourses that in the view of international reality discussed the poetry. In the third point (social dimension in the discourse of critical poetry), it analysis those critical poetry that studied the poetey in the view of reality of society.

The result of the research illustrated in points at the end.